موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

بەشی دووەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

بەشی دووەم

وەرگێڕانی:

ئیسماعیل بەرزنجی

ناوی کتێب: وێستگەکانی ژیانم – بەشی دووەم
دانانی: موحسین دزەیی
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیسماعیل بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٢٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥١٤ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# ناوەڕۆک


پێـشکێش ........ 9
پێشەکیی بەشی یەکەم ........ 11
پێشەکیی بەشی دووەم ........ 17
بارودۆخی کوردستان بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ ........ 21
کودێتای "٨"ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ ........ 25
جێهێشتنی هەولێر و پێوەندیکردنم بە شۆڕشی کوردەوە ........ 30
رۆژانێک لە کۆیە ........ 35
دەستپێکردنەوەی شەڕ ........ 39
داگیرکردنی کۆیە ........ 43
شەڕەکانی چیای هەیبەت سوڵتان ........ 45
سەفەری بێتواتە ........ 48
بەرەو نادیاری ........ 52
کشانەوەی سوپا لە رانیە و سەفەری قەڵادزێ ........ 56
وەرگرتنی یەکەم کاری فەرمی لە شۆڕشی کورددا ........ 59
چوونم بۆ ماوەت ........ 61
لە ماوەت دا ........ 63
سەرەتاکانی جودابوونەوە ........ 68
دوارۆژە ناخۆشەکانی ئیبراهیم تائی ........ 70
چۆنیەتی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکم ........ 74
دەست پێکردنی مفاوەزات و ئاگربەست ........ 76
ماوەی ئاگربەست ........ 82
سەفەری بەغدا ........ 88

شەشەم کۆنگرەی حزب ..... 90
بەشی دادوەری ..... 93
ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد ..... 94
دەست پێکردنی گیروگرفت لە هەولێر ..... 101
هەڵمەتی کۆکردنەوەی پیتاک ..... 103
ساڵوەگەڕی ئاگربەست و رووداوەکەی عەریف عەلی مەولود ..... 106
دەستپێکردنی گەڕێکی دیکەی شەڕ ..... 111
بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ ..... 113
داگیرکردنی قەڵادزێ ..... 117
گەلیی بەدران ..... 120
لەناوچوونی سەرۆک عەبدولسەلام عارف ..... 124
شەڕی بەناوبانگی هندرێن ..... 127
سەفەر بۆ تاران ..... 133
بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران یان پڕۆژەی بەزاز ..... 137
عارف عەبدوڕەزاق و هەردوو کودێتا سەرنەکەوتووەکەی ..... 145
لیژنەی باڵای ئاشتی ..... 149
عەبدوڕەحمان عارف سەردانی بارزانی دەکات ..... 151
دیدار لەگەڵ باڵوێزی تورکیا لە بەغدا ..... 156
حەوتەم کۆنگرەی حزب ..... 158
سەردانی ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا ..... 160
سەردانی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا ..... 162
نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧ ..... 165
کۆبوونەوەی کۆشکی کۆماری ..... 171
کۆدێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ و سەربردەی بە وەزیربوونم ..... 174
کودێتای ٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ ..... 185
سەردانی نوێنەری سەرۆک دیگۆل بۆ کوردستان ..... 194

پرۆسەی رزگارکردنی سەید مەهدی حەکیم ........ 201
گەرمبوونی شەڕەکان ........ 207
سەردانی کەسانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ کوردستان ........ 209
رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ........ 213
دامەزراندنم بە باڵوێزی عێراق لە پراگ ........ 230
هەشتەم کۆنگرەی حزب ........ 232
سەفەرم بۆ پراگ وەک باڵوێزی تازەی عێراق ........ 235
وەک باڵوێزێک لە پراگ ........ 238
پیلان بۆ سەر ژیانی بارزانی ........ 250
پوختەی پیلانەکە ........ 253
چاوپێکەوتنی سەدام حوسێن ........ 257
کارکردنم لە پراگ ........ 260
کۆنگرەی خوێندکارانی کورد ........ 262
خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی نەوت ........ 264
سەفەر بەرەو بەغدا ........ 268
عێراق چەک و تەقەمەنی لە یۆگسلاڤیا دەکڕێت ........ 272
پێش ئەوەی بچمە کەنەدا لە بەغدا بووم ........ 274
چوونم بۆ کەنەدا ........ 284
گەشتێک بۆ جەمسەری باکور ........ 287
بینینی حەدیسی لە نیویۆرک ........ 289
شەڕی ئۆکتوبەری ١٩٧٣ ........ 293
لە وەزارەتی "ئیشغال و ئیسکان"دا ........ 296
نرخی نەوت زۆر بەرز دەبێتەوە ........ 298
پێوەندیم لەگەڵ سەدام حوسێن بەرەو خراپی چوو ........ 299
گەڕانەوە بۆ کوردستان ........ 305
شاندی کوردی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ........ 306

جارێکی تر گەڕانەوە بۆ کوردستان ........ 307
سەفەر بۆ سعودییە ........ 320
دووەم سەردان بۆ چادرگەی پەنابەران ........ 324
سەفەر بۆ ئوردن ........ 328
رێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ........ 331
دیداری شای ئێران ........ 339
دوارۆژەکان لە کوردستاندا ........ 342

# پێشکێش

بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە کە چەند پەنجەرەیەکی داخراو لەبەر دیدی خوێنەران دەکاتەوە و بریتییە لە ژیاننامەی کەسایەتییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستانی عێراقدا کە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد شانازیی پێوە دەکات و منیش وەک برا و هەڤاڵێک شانازیی پێوە دەکەم.

ئەم بەشە، باس لە رۆژانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و ئەو رووداوانە دەکات کە لەو قۆناغانەدا قەوماون، هەروەها قۆناغی کارکردنی وەک پارێزەرێک و ئینجا کاروباری بازرگانی تا هاتنی بۆ ناو شۆڕشی کورد لە ساڵی (١٩٦٣) کە ئەو کاتە تەمەنی (٣١) ساڵ بوو و سیاسەت بوو بە قەدەری ئەو و چەندان بەرپرسیاریەتیی سەرکردایەتیی لە ناو شۆڕشدا بە ئەستۆوە گرت.

داوا لەو برایانە دەکەم کە پێوەندییان بە رووداوەکانی ناو ئەم کتێبەی مامۆستا موحسین دزەییەوە هەیە، بە تێبینی و سەرنج زیاتر دەوڵەمەندی بکەن تا بەهەردوو بەشەکەیەوە ببێتە مادەیەکی دەوڵەمەند، بەتایبەتی لە بەشی دووەمدا کە باس لە تێکۆشانی ئەم میللەتە لەپێناو ئازادیدا دەکات.

مەسعوود بارزانی

٢٠٠١/٤/٢٩

تكمن أهمية هذا الكتاب فيما يفتحه من النوافذ المغلقة أمام أنظار القراء، فهو عبارة عن سيرة حياة شخصية وطنية وقومية من كوردستان العراق، تعتز به الحركة القومية الكردية، وأنا شخصياً أعتز به كأخ وصديق.

يغطي هذا الجزء أيام طفولته ومراحل دراسته ثم الاحداث التي وقعت في تلك المراحل وكذلك مرحلة مزاولته المحاماة والتجارة والاحداث السياسية التي جرت خلال تلك الفترة من حياته وحتى التحاقه بالثورة الكردية عام ١٩٦٢، حيث وجد نفسه وهو في الحادية والثلاثين من عمره في خضم السياسة التي أصبحت قدره، وتولى مسؤوليات قيادية هامة في الثورة.

آمل من الأخوان الذين لهم علاقة أو إطلاع على الأحداث المدرجة في هذا الجزء من كتاب الاستاذ حسن دزه يي المبادرة لتصحيح أو إضافة ما يكمن في صدورهم من معلومات ليصبح الكتاب بجزئيه مادة دسمة ضمن الأبحاث والاحداث التي تتناول تاريخ الكورد عن هذه الفترة الزمنية، لاسيما الجزء الثاني منه باعتبار أن صاحب الحوار سيتناول من خلاله حقبة فريدة من حياة كفاح هذا الشعب في سبيل حريته.

مسعود بارزاني

٢٠٠٦/٤/٢٩

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

# پێشەکیی بەشی یەکەم

رۆژێک لە رۆژان، ئەوەم بەبیردا نەهاتووە کە یاداشتەکانم تۆمار بکەم و بەشێوەی کتێب بڵاوی بکەمەوە، چەندان دۆست و ناسیاو و پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ ئەم مەبەستە روویان لێ نام.

چەندان رووداوی جیاجیا، لە ماوەی جیاجیادا قەوماون و چاوەدێریی هەندێکیانم کردووە و لە هەندێکیشیاندا راستەوخۆ بەشداریم کردووە بەتایبەتی رووداوەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولیساڵی (١٩٦١) و پاشان هاتنم بۆ ناو شۆڕش لە ساڵی (١٩٦٣) کە لە سەرکردایەتیی شۆڕش زۆر نزیک بوومەوە و چەندان ئەرکی گەورەم پێ سپێردرا، ساڵی (١٩٧٦) هاوسەفەری سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی بووم کە بەمەبەستی چارەسەری چووە ئەمەریکا تا رۆژی کۆچی دوایی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩)، ئەو ماوەیە لێواو لێوە لە رووداو و پەرەسەندنی سیاسی.

زۆر نووسەر و رۆژنامەنووسی بیانی هەوڵیان لەگەڵ بارزانیی نەمر دا تا یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، وەرامی بارزانی ئەوە بوو کە ئەو ئەرکەی کەوتووەتە سەرشانی تا ئێستا جێبەجێ نەبووە و بەشێکی کەم لە ئامانجەکانی بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد هاتوونەتە دی بۆیە پێویست ناکات یادەوەرییەکان بنووسێتەوە.

بارزانی پیاوێکی بێ فیزبوو، حەزی لە خۆدەرخستن نەبوو، لەو بڕوایەدا

دابوو کە خەبات و ماندووبوونی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی ئەرکی ئەو نییە تۆماریان بکات، بگرە ئەمە کاری مێژوونووسان و نووسەرانە خەبات و تێکۆشانەکەی هەڵبسەنگێنن و حوکمی لەسەر بدەن، وەک وتم بۆ ئەم مەبەستە زۆر کەس هەوڵیان دا، بەڵام بێ سوود بوو لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کردن، کە هیوابڕاو بوون روویان لە من نا تا تێبینی و کارەکان تۆمار بکەم، بەڵام منیش رازی نەبووم چونکە بێ پرس و رای بارزانی ئەو کارەم نەدەکرد.

پاش کۆچی دوایی بارزانی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) ئەم هەوڵانە دەستیان پێ کردەوە بەتایبەتی دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، وام بەباش زانی لە بۆنەکاندا هەندێک وتار بنووسم، وا بوو لە رۆژنامەکانی ناو کوردستان و دەرەوەدا هەندێکیانم بڵاو کردەوە.

ساڵێک پێش ئێستا، نووسەر و رۆژنامەنووس بەڕێز تاریق ئیبراهیم شەریف لە هەولێر ئەم بابەتەی وروژاند و داوای دیدارێکی فراوانی کرد، من داوای پرسیارەکانم لێ کرد و وردە وردە بەگوێرەی کات وەرامم دەدانەوە، دوای ماوەیەکی بڕیارمان دا ئەو پرسیارو وەرامانە ببنە کتێب و بەدوو بەش بڵاو ببنەوە.

دەمەوێت بەخوێنەری ئازیز بڵێم کە ئەمانە هەموو رووداو و سەربردەکان نین بەڵکو ئەوەی یادەوەریم یارمەتیی دابم تۆمارم کردووە، هیچ بەڵگەنامەی دەفتەرێکی تێبینم لە بەردەستدا نەبوو، تەنانەت ئەو وێنانەی کە پاراستبووم لە ئەنجامی گۆزەگۆز و تاڵان و بڕۆی ماڵەکەمدا فەوتان، خۆشبەختانە هەندێکیانم لای برادەران دەس کەوتەوە، زۆر سوپاسیان دەکەم.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، باس لە یادەوەری رۆژانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و رووداوەکانی ئەو کاتە دەکات، هەروەها قۆناغی کارکردنم وەک پارێزەرێک و کاری بازرگانی و رووداوەکانی ئەو ماوەیە تا پێوەندیکردنم بە شۆڕش لە ساڵی (١٩٦٣)، هەرچەندە هەندێک لەو رووداوانە سادە و شەخسین، بەڵام بەپێویستم زانی تۆماریان بکەم، چونکە پێوەستن بە

یادەوەریم و تەعبیر لە قۆناغەکانی ژیانم دەکەن.

خوێنەری بەڕێز تێبینیی ئەوە دەکات کە هەندێک جار بەتایبەتی لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بەڕۆڵی برای کۆچکردووم ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و کاریگەریی بەسەر خۆمەوە دەدەم، لە راستیدا ئەو خاوەنی فەزڵە و من و براکانمی فێرە ئەلفبای کوردایەتی کرد و خۆشەویستیی نەتەوەی لە دڵدا چاندین، بەرێگەی کاک ئەحمەدەوە بارزانیی نەمرم ناسی و چەندان ساڵ لە ژێر سەرکردایەتیی ئەودا کارم کرد و راستگۆیانە خۆشم ویست.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە، رووداوەکانی شۆڕشی کورد دەگرێتە خۆ کە ساڵی (١٩٦٣) پێوەندیم کرد و تیایدا ژیام و لەو ماوانەشدا شۆڕش تووشی نسکۆ هات، لەگەڵ هاتنم بۆ ریزییەوە، قۆناغێکی تازە لە ژیانم دەست پێ کرد کە جیاواز بوو لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو و جۆری ژیانم، دەستم بە خۆگونجاندن کرد لەگەڵ ئەو ژیانەی کە پڕ بوو لە مەترسی و ماندووبوون، تا بووە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانم و مەحاڵ بوو لێی جیاببمەوە و بگەڕێمەوە ناو ژیانی پێشوو، شانازیم بەو ژیانە تازەیە کرد و گوێم نەدەدایە ترس و ئەنجامەکانی، قەناعەتێکی تەواوم بەعەدالەتی کێشەی کورد لەلا دروست بوو و باوەڕی تەواوم هەبوو کە بەئامانج دەگات، ئەو کات تەمەنم سی و یەک ساڵ بوو، لە هەڕەتی لاویدا بووم، پێشتر پاشایانە دەژیام، لەپڕ کەوتمە ناو ژیانی برسییەتی و ماندووبوون، زۆر بە ئاسانی خۆم گونجاند کە بووە مایەی سەرسامیی زۆران لەوانەی دەیانناسیم.

ئێستاش، دوای بەناو ساڵدا کەوتنم و تێپەڕبوونی زیاتر لە (٤٠) ساڵ، هەر لەگەڵ ئەو شۆڕشە بەردەوامم و بەکێشەی خۆمی دەزانم و بایەخ بەهیچ لایەنێکی تری ژیان نادەم.

گەنجی و گوڵی لاویی خۆم لەپێناوی ئەم شۆڕشەدا هەڵوەراند، بەهەموو دڵسۆزی و دەستپاکییەکەوە بەردەوام بووم، بێ ئەوەی بایەخ بە بەرژەوەندیی کەسی و خێزانی بدەم و لەو پێناوەدا ئەوەی هەمبوو دامنا، بەرژەوەندیی باڵای

گەلم خستووەتە سەرووی سامان و هۆز و خێزانەوە، لەسەر ئەم رێگا راستە بەردەوام بووم، باوەڕی تەواوم بە سەرکردایەتیی شۆڕش و کەسایەتیی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی هێنا، ئەمەم بۆ پاداشت و سوپاس نەبوو بگرە بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانمم زانی، دوای کۆچکردنی ئەو سەرکردە مەزنە لەسەر هەمان رێباز بەردەوامم و لە کەسایەتیی سەرۆک مەسعوود بارزانیدا ئەوە دەبینم کە هەر ئەو شایستەی ئەو پەیامە پیرۆزەیە.

لەگەڵ هەر هەڵکشان و داکشانێکدا، پشتی شۆڕشم بەرنەداوە، هەر کاتێک شۆڕش لە بەرزی و هەڵکشاندا بووبێت خۆم لەبەر چاوان دوورخستووەتەوە، بەپێچەوانەی کەسانی هەلپەرست و پانکەرەوەش لەکاتی تەنگانەدا لە سەرکردایەتی نزیک بوومەتەوە.

ئێستا، کە تەمەنم (٧٠) ساڵە، دەتوانم بڵێم ویژدانم ئاسوودەیە و لەمە تەواو دڵنیام بەهەموو دەستپاکییەکەوە کارەکانم ئەنجام داوە و رۆژێک لە رۆژان لە بەرپرسیاریەتی رام نەکردووە و لە هیچ شتێک پاشگەزنیم و بگرە بەمایەی شانازی خۆمی دەزانم، خوا شایەدە لەسەر قسەکانم، لێرەدا دەبێت پۆزش بۆ خاو و خێزان و منداڵەکانم بهێنمەوە کە سالآنێک فەرامۆشم کردن و هەموو کاتی خۆمم بۆ شۆڕش تەرخان کرد بێ ئەوەی بیر لە پاشەرۆژیان بکەمەوە، لەمەش دڵنیام کە دەمبوورن و ئێستا و پاشەڕۆژیش شانازی بەمەوە دەکەن.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت بۆ خوێنەری بەرێزی روون بکەمەوە کە من مێژوونووس و ئەدیب و نووسەر نیم، رووداوەکانم بەڕاستی گێڕاونەتەوە، ئەوەندەی یادەوەریم فریام کەوتووە بەشێوەیەکی سادە دام رشتووە تا خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات.

پشت بەخوا یادەوەرییەکانم دەگێڕمەوە.

موحسین دزەیی
سەلاحەددین- کوردستانی عێراق
٢٠٠١/٤/٣

## سوپاس و پێزانین

لە کاتێکدا بەشی دووەمی کتێبەکەم دەخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز دەمەوێت لە کانگەی دڵەوە سوپاس و پێزانینی زۆر ئاراستەی برای بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتیمان بکەم سەبارەت بەو پێشکێشەی کە بۆ کتێبەکەی نووسی و بەتایبەتیش ئاماژەی بۆ ئەم بەشە و کەسایەتیی من کرد، لە خوا داواکارم هەر سەرکەوتوو بێت و بۆ خزمەتی گەلە زوڵم لێکراوەکەمان تەمەنی درێژ بێت، هیواداریشم هەردەم جێگەی بڕوا و نیازپاکی بەڕێزیان بم.

موحسین دزەیی

سەلاحەدین- کوردستانی عێراق

٢٠٠٢/٨/١

# پێشەکیی بەشی دووەم

نزیکەی ساڵێک بە سەر بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا تێ پەڕیوە و ئەمڕۆش وا بەشی دووەمی دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز، جیاوازیی ئەم بەشە لەگەڵ بەشی یەکەمدا ئەوەیە کە بەشێوەی پرسیار و گفتوگۆ نەکراوە بەڵکو گێڕانەوەیەکی واقیعییە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە کە شۆڕشی کوردی تێدا هەڵگیرسا تا چوونم بۆ ریزی شۆڕش لە ساڵی (١٩٦٣) و تاوەکو رێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان شا و سەدام لە ئاداری ساڵی (١٩٧٥) کە شۆڕش تووشی نسکۆ هات، هەموو ڕووداوەکانی ناو شۆڕش و ئەوانەی پێوەندیشیان بە شۆڕشەوە هەبووە باس کراون، ئەو ڕووداوانەش هەندێکیان راستەوخۆ و هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆ بەشداریم تیادا کردوون.

لە بەشی یەکەمدا باسی ئەو بارودۆخە دژوار و ناخۆشانەم کرد کە هاووڵاتیانی تێدا دەژیان، لەم بەشەدا ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە ئەو بارودۆخانە لە ئەنجامدا بوونە هۆکاری ئەوەی بێمە ریزی شۆڕشی کوردەوە، بەشێکی گرینگی ژیانمی لە پێناودا تەرخان بکەم بۆ خزمەتی گەلەکەم و کێشە رەوایەکەی، ڕووداوەکان بەڕیزبەندی و بەگوێرەی قەومانیان و زەمانیان و بەشێوەی بابەتی جیاجیا یان یادەوەری باسیان لێوە کراوە ئەگەرچی هەندێک جار پەلیان هاویشتووە بۆ ڕووداوی دیکە کە لە زەمانی دیکەدا قەوماون ئەمەش بەهۆی پەیوەندبوونی بابەتەکانە بەیەکەوە. لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پشتم بە یادەوەری خۆم بەستووە، چونکە زۆربەی بەڵگەنامە و دەفتەری تێبینییەکانم بزر بوون بۆیە هەندێک سەهو و لە بیرچوون لە مێژووی ڕووداوەکان و ناوەکاندا بەدی دەکرێن، داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم.

لەم بەشـــەدا، هـەندێک ڕووداو و کـاروباری گـرنـگ دەخـوێننـەوە کـە لەلای خوێنەر پێشتر دیار نەبوون، بەگوێرەی توانا هەوڵم داوە هۆکارەکانی نسکۆی شـۆڕش و ئەو گۆنگەرە نێودەوڵەتییـەی کە دژی سـەرکردەکان و شـۆڕش هاتە کایەوە ڕوون بکەمەوە، هەروەها دووربینیی بارزانی و حیکمەتی و قوربانیدانی لەو بارودۆخە ناهەموارەدا ڕوون کراوەتەوە.

دەمـەوێت بەخوێنەرانی ئازیز رابگەیەنم کە خـەریکی ئامـادەکـردنی بەشی سـێـیـەمی ئەم کـتـێـبـەم کـە چەندان ڕووداوی گرنگ بەخـۆوە دەگـرێت، وەک نسکۆی شۆڕش و چوونمان بۆ ئێران وەک پەنابەر و مانەوەم بۆ ماوەی ساڵێک و سـەرپەرشـتـیکردنـی کاروباری پەنابەران و پاشـان لە حـوزەیرانی (١٩٧٦) سەرۆک مستەفا بارزانی بە مـەبەستی چارەسەری نەخۆشی چووە ئەمەریکا و یاوەری بووم تا ڕۆژی داکۆچی لە ١٩٧٩/٣/١

هەروەها لە بەشی سێیەمدا باس لە هەمەجۆر پێوەندییە دەرەکییەکان و ئەو ڕووداوە گرنگانە کراوە کە پێوەندیم پێیانەوە هەبووە یان ئاگاداریان بووم، لە خوا داواکارم بۆ ئەم مەبەستە سەرم بخات و هەر ئەویش پشت و پەنایە.

موحسین دزەیی

سەلاحەدین- کوردستانی عێراق

٢٠٠٢/٨/١

## سوپاس و پێزانین

زۆر بەگەرمی سوپاسی بەڕێزان بەدران ئەحمەد حەبیب بەرپرسی دەزگای ئاراس دەکەم کە هەوڵێکی زۆری لە بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە دا و هەروەها سوپاسی نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق ئیبراهیم شەریف دەکەم کە بەرەشنووسی ئەم بەشەدا چووەوە و سەرپەرشتیی لە چاپدانی کرد، بۆ کاری چاکە خوا هاریکاریان بێت.

موحسین دزەیی

سەلاحەدین- کوردستانی عێراق

٢٠٠٢/٨/١

## بارودۆخی کوردستان

## بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسی ئەوەم کرد کە لە دوای ساڵی (١٩٦٠)ەوە ورده ورده بارودۆخ بەرەو شڵەژان دەچوو و هێوری و ئاسایش لە ئارادا نەبوو و هەراوهۆریا هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، سەرانی رێژیم هەڵەیەکیان دەکرد و بە هەڵەیەکی تر چارەسەریان دەکردەوە، لە دژی چەپڕەوان پشتی راستڕەوانی دەگرت و بەپێچەوانەوەش راستڕەوانی لە چەپڕەوان هان دەدا، ئەم سیاسەتە چەوتە دژ بە نزیکترین هاوپەیمان و برادەرانی عەبدولکەریم قاسم پیادە دەکرا تا لە دواییدا گەیشتە گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی، خەڵکانی دڵڕەش و دوژمنانی کورد ئەم هەلەیان قۆزتەوە و بارودۆخەکەیان خراپتر کرد، بەندیخانە و گرتووخانە تژی کران لە هاوپەیمانان و برادەرانی دوێنێ، سەرکردەکانی کورد یان راپێچی ئەو شوێنانە دەکران یان دەیانبردنە تاراوگە یاخۆ لەلایەن دەسەڵاتەوە راوەدوو دەنران، گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی بەدەست دەرەنجامی ئەم سیاسەتەوە دەیان ناڵاند و لە ئاکامدا رێژیم ڕووەو هەڵدێر دەچوو.

سەرەڕای هەوڵەکانی سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی لەگەڵ سەرانی رێژیمی عەبدولکەریم قاسم و هەوڵەکانی دۆستان بەڵام هەموو رەنجەکان بە با چوون، بەداخەوە قاسم ئامۆژگاریی برادەران و دۆستان و هاوپەیمانە راستەقینەکانی لەگوێ نەگرت کە لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی بوو، بارزانی چاکترین هاوپەیمان و پاڵپشتی قاسم بوو.

لە پایزی ساڵی (١٩٦٠) بارزانی لەگەڵ شاندێکی عێراقی سەردانی

مۆسکۆیان کرد بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە بەرپرسانی یەکێتیی سۆڤیەت بەبۆنەی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، دوای دوو مانگ گەڕایەوە و بارودۆخەکەی زۆر بەخراپی بینی ناچار لە بەهاری ساڵی (١٩٦١) بەغدای جێ هێشت و لەو ساڵەشدا گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەی بەدەست ئەو سیاسەتەوە لە ئازارێکی توونددا بوون، لە کۆتاییدا ڕێژیم هەڵمەتێکی سەربازیی دڕندانەی دژ بەو گەلە ئاشتیخواز و هاوپەیمانە ڕاستەقینەکەی دەست پێ کرد، گەلی کورد و سەرکردایەتییەکەشی بە ناچاری بەرگرییان لە خۆیان و وجودی گەلی کورد کرد، بەم جۆرە لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١) شۆڕش هەڵگیرسا.

بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەلی عێراق بەهەموو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە دەچەوسێندرایەوە، خەڵک بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕان تا لەو تەنگژەیەدا دەربازبن، زۆربەی گەلی عێراق هیوای گۆڕانی ڕێژیمەکەیان دەکرد ئەگەر ئەنجامەکەشی هەرچۆنێک بێت، سەرەڕای ئەمانە کەمینەیەکی خەڵک لەو باوەڕەدا بوون کە دەکرێت ڕێژیم واز لەو سیاسەتە ناڕاستە بهێنێت و ئەگەرچی سەدان نیشتمانپەروەر بە جیاوازیی بیروڕایان لە گرتووخانەکانن و دەیانیشیان حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە بەڵام باییی ئەوەندە نووزەی دیموکراسییەت لە گیانی ڕێژیمدا ماوە، ئەو بۆچوونە تاڕادەیەک دروست بوو چونکە ئەو ڕێژیمانەی دوای کودێتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) خراپتر بوون.

بەهۆی ئەو شەڕەی کە ڕێژیم دژ بە کوردستان هەڵیگیرساند و هەروەها هێرشی دڕندانەی سوپا وایان کرد کە ڕقی گەلی عێراق و گەلی کورد بەتایبەتی دژ بە سەرانی ڕێژیم زیاتر بێت، پیاوانی سوپا و ڕەگەزپەرستەکان ئەم هەلەیان قۆزتەوە و بەهەلێکی گونجاویان زانی تا دوو کێشکە بە بەردێک بکوژن، ڕق و کینە و دژمنداریییان دەرهەق بە کورد پاڵنەریان بوو تا هەموو جۆرە ڕێگەیەکی لەناوبردن بەکاربهێنن لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە لە سەرانی ڕێژیم داغدار بوون بەدوای هەلێکی گونجاودا دەگەڕان تا نەیاران هان بدەن و مەرامەکانیان بێتەدی، لەبەر ئەوە شۆڕشی کورد لە سەرەتای هەڵگیرسانیدا

لەلایەن دەستە و تاخمەکانی گەلی کورد بەگشتی و زۆربەی گەلی عێراقیشەوە هاوسۆزی هەبوو.

بەنیسبەت خۆمەوە، بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕش زیانم پێ گەیشت، سەرەڕای ئەو گێرەشێوێنییەی کە هەموو وڵاتی داگرتبوو بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٥٩) و ونبوونی دەسەڵاتی یاسا و هەروەها سەرەڕای نارازیبوونم لە زۆر کاروباری ئەو کاتە بەڵام هەوڵم دەدا لەگەڵ بارودۆخەکەدا بڕۆم و سوود لە هەندێک ئیجابیاتی وەربگرم، بڕیارم دا خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی خێزانەکەمان بم تا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان بەتایبەتی لە کۆتاییی ساڵی (١٩٦٠) وەک باسم کرد و چەوساندنەوەی گەلی کورد لەلایەن رێژیمەوە و دەستگیرکردنی کاک ئەحمەدی برام بۆ چەند جارێک و نەفیکردنی بەبێ هیچ هۆیەک و هەروەها دەرهەق بەخۆیشم هەمان هەڵسوکەوتیان کرد، ئەمانە بوونە پاڵنەری ئەوەی کە رقم بەرامبەر رێژیم لە دەروونمدا جۆش بسێنێ وەک دەروونی هەموو هاووڵاتیان، ئاگری ئەو سیاسەتە زاڵمانە گەیشتە خۆم و خێزانەکەم و برادەرە نزیکەکانم وەک کاکەزیاد (محەمەد زیاد غەفووری) و زەید ئەحمەد عوسمانی پوورزام و هی تریش، بارودۆخ گەیشتە رادەیەک هەر هەموو هیواخواز بوون ئەو سەردەمە بەسەر بچێت و زمانحاڵی خەڵک وەک ئەو شاعیرە دەیانوت:

أمنت بالله ان الحق منتصر

والظلم مندحر والكفر منهارُ

أمنت بالله ايماناً عرفت به

ان الزمان على الباغين دوارُ

ئەگەرچی ئەمە شیعری یەک لە نەتەوەپەرستەکانە و لە سەردەمی قاسمدا وتراوە، بەڵام لەگەڵ ئەو سەردەمە و سەردەمی پاشانیش دەگونجێت، سەرەڕای بەسەرچوونی ئەو دەور و زەمانەش بەڵام عێراق لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێت.

لە بەشی یەکەمدا باسی (بەدرەدین عەلی) موتەسەڕیفی ئەوسای هەولێرم کرد کە چۆن لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشدا، بوو بە دوژمنی شۆڕشی کورد، هەروەها باسی ئەوەم کرد کە چەندان پیلان دەوریان دابووم و کاک ئەحمەدی براشم بەردەوام دەستگیر دەکرا، لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشە سەربازییەکان بۆ سەر کوردستان ئەو کارە نایاساییانە دەرهەق بەمن ئەنجام دران و ماوەیەک بۆ کەرکووک دوور خرامەوە، دوای گەڕانەوەشم لەلای بەدرەدین عەلی موتەسەڕیف و دەست و پێوەندە هەلپەرستەکانی بەتایبەتی ئەفسەرانی پۆلیس و ئەمن هەردەم جێی گومان بووم و بەبۆنە و بێ بۆنە پەنجەی تۆمەتم بۆ درێژ دەکرا تا وای لێ هات هاتوچۆ و جوولانەوەم سنووردار بێت و هەردەم لە ژێر چاودێریدابم.

## کودێتای "٨"ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣

بارودۆخەکە گەیشتە ڕادەیەک کە لە (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) کودێتا ڕووی دا، سەرەتا وامان زەن کرد کە ئەمە دەرچوونە لە تەنگژەکە و قۆناغێکی تازە بۆ هێمنی و ئاسایش دەست پێ دەکات و چارەسەرییەکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کورد دەدۆزرێتەوە، بەڵام هەر زوو گوڵی خەونەکەمان هەڵوەری، سەرەڕای ئەو بەڵێنە درۆیانەی کە ڕێژیم بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە دابووی بەڵام لە ژێرەوە خۆی بۆ هێرشێکی زۆر توندتر لەوەی پێشوو ساز دەدا.

دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک بەسەر کودێتاکە بەبێ هیچ تۆمەتێک ئەنوەری برام لە بەغدا دەستگیر کرا، ئەنوەر لە بەغدا خەریکی پزیشکی بوو و کەسێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن گیانێکی نەتەوەیی بوو، کوردانی ئەوێ بە تایبەتی فەیلییەکان سەردانی عەیادەکەیان دەکرد و ئەمیش لە یارمەتیدانیان درێغیی نەدەکرد بەتایبەتی بەخۆڕایی پشکنینی بۆ هەژارەکان دەکرد.

بەشێوەیەکی نەشیاو ئازاری ئەنوەریان دا و پاشان محەمەد حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزا و برادەرم کە فەرمانبەر بوو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و پێشتر مەیلی بەلای چەپدا هەبوو و دوایی بوو بە نەتەوەپەروەر، ئەویش دەستگیرکرا.

بۆ سۆراغی ئەنوەر، کاک ئەحمەد چووە بەغدا و بە ڕێگەی پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان کە برادەری ڕۆژنامەنووس قاسم حەمودی (خاوەن ڕۆژنامەی «الحرية»ی بەغدایی بوو و باوکی سەعد و جەعفەری ئەندام لە حزبی بەعس بوو) توانی ئەنوەر بدۆزێتەوە و لە بەندیخانە تۆزێک ئازاردانی لەسەر سووک بکات، خزمەکانی تریشم وەک ئاغای کاک خدر و جەوهەر حوسێن

مەلا (کە ئەو وەختە لە تکریت دادوەر بوو، ئاغا برادەرایەتیی لەمێژینەی لەگەڵ بنەماڵە دەست ڕۆیشتووەکانی ئەوێدا هەبوو) توانییان محەمەد لە گرتووخانەیەک بدۆزنەوە کە زۆریان ئازار دابوو و زۆر بەخراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردبوو.

دوای ئەوەی لە چارەنووسی ئەنوەر دڵنیابوو، کاک ئەحمەدی برام گەڕایەوە هەولێر، ناوی ئەنوەر خرابووە لیستی ئەو ناوانە کە ئەندام و لایەنگری پارتی بوون و بەو تۆمەتە دەستگیرکرابوون، بڕیار درابوو کە ئازاد بکرێن، دوای ماوەیەک بە تۆمەتی پاڵپشتیی شۆڕشی کورد فەرمانی دەستگیرکردنی کاک ئەحمەد درا، بەڵام ئەمجارەیان خۆی بەدەستەوە نەدا و لە ناوچەکانی خۆمان شانبەشانی مەفرەزەکانی پێشمەرگە دەسووڕایەوە و دەزگاکانی ڕێژیم دەستیان نەدەگەیشتێ.

پێش دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی کاک ئەحمەد بە چەند ڕۆژێک بە چاودێریی بەدرەدین عەلی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کۆبوونەوەیەک بۆ سەرانی عەشایەر سازدرا، لەو کۆبوونەوەیەدا ویستیان مەیلی ئەو کەسانە بەلای کودێتاکە رابکێشن، لەسەر ڕێنوێنی بارزانی من و کاک ئەحمەد چووینە ئەو هاوینەهەوارە تا پێوەندی بە سەرانی عەشایرەوە بکەین و هەوڵ بدەین سۆزیان بەلای شۆڕشدا رابکێشین، لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بەوە داوە کە چۆن هەندێکیان بوونە پاڵپشت و یان پێوەندییان بەشۆڕشەوە کرد و هەندێکیشیان گەڕانەوە سەر نەریتەکەی جارانیان کە کرێگرتەیی بوو.

سەرەڕای دەرچوونی بەیاننامەیەک لەلایەن ناونراو بە (ئەنجوومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش) سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای لامەرکەزییەت، بەڵام هەڵسوکەوتی خراپ دەرهەق بە هاووڵاتیانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی ناوچە کوردییەکان بەردەوام بوو و تەنانەت گەیشتە هاووڵاتیانی عێراقیش.

وا ڕێک کەوت لەو کاتەدا کودێتایەکی سەربازیی دیکە بەسەرکردایەتیی

حـزبی بەعـسی عـەرەبی ئیـشـتـیراکی لە سـوریـا لە (٨)ی ئاداری (١٩٦٣)دا قەوما، ئەمـە وای لە ڕێژیمی تازەی عێراق کرد کە زۆر لـە خۆی بایی ببێت و بە باوەڕێکی پتـەو بکەوێتـە ویزەی خـەڵک و لایەنە سـیـاسـیـیەکـان، بەیانـنامـەی لامـەرکـەزییـەت بۆ چارەسـەرکردنی کـێشـەی کـورد لە بنەڕەتدا بۆ خـۆڵکردنە چاوان و بەسـەربـردنی کـات بوو تا ڕێژیم خـۆی بـۆ خـولێکی تازەی هـەڵمـەتی سـەربازی ئامادە بکات.

دوای دەرچوونی فـەرمـانی دەسـتـگیـرکـردنی کـاک ئەحـمـەد، بە مـەبەسـتی سۆراغی ئەنوەری برام و ئەو بەڵێنانـەی کە بۆ ئازادکردنی بە کاک ئەحمەدیان دابوو سـەفـەری بەغدام کـرد و بەهـۆی ئەو کـەسـانەی کـە ناوم بردن و بەهـەوڵی بەرپرسانی پارتی، (فائیزە)ی هاوسـەری ئەنوەر لە بەندیخانە چاوی پێ کەوت، دیسـان دەسـەڵاتداران بەڵێنی ئازادکـردنیـان دا، پێشـتـریش کـاک ئەحـمـەد لە بەندیخانە سەردانی کردبوو.

دوای ئەوەی گەیشتمە بەغدا ناونیشانی گرتووخـانەکەی ئەنوەرم لە فائیزەی هاوسـەری وەرگرت کە لە خانوویەکی شەقامی سەعدووندا بوو، دوای هـەوڵێکی زۆر، بەڵام نەمتوانی چاوم پێی بکەوێت، لە دەرگای دەرەوە چاوەنوارِ بووم لەپڕ تەلال ناجی شـەکـەوت کـە لە ئەندامـە دیار و چالاکـەکانی حـیـزبی بەعس بوو لەوێ پەیدا بـوو، پێشـتـر بەهـۆی دوکتـۆر مـوەفـەق زەهاویی زاوایەوە سـووکـە ناسیاوییەکم لەگەڵ تەلاڵ پەیدا کردبوو کـە لە بەشـی یەکەمی ئەم کتێبەدا ناوی هـاتووە، دوای چاکـوچۆنی بەسـەرسـوڕمـانەوە پرسـی کـە بۆ هـاتوومـەتـە ئێرە، باسـی مــەسـەلەی ئـەنوەرم بۆ کـرد، مـنی بردە شـوێنی چاوەڕوانی و بـەخـۆی چووە نهۆمی سـەرەوە، دوای چەند خولەکێک ئەنوەر هاتە خوارەوە بەبێ ئەوەی پاسەوانێک یاوەری بێت، شـوێنی ئازاردان و هـەڵسوکەوتی خـراپی بەرپرسـانی بەندیخـانە بـە رەنگ و ڕوویەوە دیـاربوو، ئەنـوەر کـە زانی کـەس چاودێریمان ناکـات شـوێنی ئازاردانی قـاچ و پێ و پشـتی پیشـان دام، پێم وت بەهیـوام کە زوو ئازادت بـکەن، وەرامـی دامــەوە کـە خــەبەرەکـەی بیــسـتــووە و ڕێنووێـنی گـەیشـتـووەتە گـرتووخـانەکـە بۆیە هـەڵسـوکـەوتیـان گـۆڕاوە. دوای چەند ڕۆژێک

ئەنوەر ئازادکرا بەڵام محەمەد حوسێن مەلای ئامۆزام پاش چەند مانگێک ئازادکرا دوای ئەوەی جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەیان دا و لە وەزیفەش دەریان کرد.

دوو یان سێ ڕۆژ بەر لە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٦٣) سەردانی شاندی کوردیم کرد کە بۆ وتوێژ لەسەر لامەرکەزییەت لەگەڵ ڕێژیمی تازە هاتبوونە بەغدا، شاندەکە لە هوتێلی سەمیر ئەمیس دابەزیبوون، لەگەڵ ئەنوەری برام چووین بۆ لایان، لەوێ چاوم بە جەلال تاڵەبانی سەرۆکی شاندەکە و ساڵح یووسفی کەوت و لەبارەی بارودۆخە تازەکە بیروڕامان گۆڕییەوە، ئەوان بەوە گەشبین بوون کە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، ئەو دەمە هوتێلی سەمیر ئەمیس تژی بوو لە مێوانانی کورد و وەک پوورەی هەنگ جمەی دەهات و جۆرەها چالاکیی تیادا ئەنجام دەدرا.

لەو ئاهەنگەی کە پاشان بەبۆنەی جەژنی نەورۆز سازدرا ئامادەبووم، زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەو ئاهەنگەی کە ساڵی (١٩٥٩) تیایدا ئامادەبووم و وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسم کردووە، لە ئاهەنگەکەدا گیانی نەتەوەیی کورد زۆر زاڵ بوو و ئاماژەکانی پاڵپشتی شۆڕشی کورد و بارزانی سەرکردەی لەبەر چاوان دیاربوون، ئەو جەماوەرەی کە لە هۆڵەکەدا ئامادەبوون بەم شێوەیە تەعبیریان دەکرد، شاندەکە لەلایەن جەماوەرەوە بە گەرمی پێشوازی کرا و ژمارەیەکی زۆر لە دەستەی دیپلۆماسیان وەک میوان ئامادە بوون.

لەو چەند ڕۆژەی مانگی ئاداردا، لەگەڵ ئەنوەری برام سەردانی فەرمانگە پێوەندیدارەکانمان کرد و توانیمان پاسپۆرت بۆ ئەنوەر وەربگرین، لە سەرەتای نیسان ئەنوەر چووە دەرەوەی عێراق و لە ئەڵمانیا جێنشین بوو، پاش کۆتاییی ساڵی خوێندن فائیزەی هاوسەریشی گەیشتە لای، لەوکاتەوە ئەنوەر چاوی بە عێراق نەکەوتەوە تا مایسی ساڵی (٢٠٠١) گەڕایەوە کوردستان و بەدیداری خزمان و ناسیاوانی شادبووەوە، لە نووسینگەی

خـۆیدا بەڕێز مـەسـعـوود بارزانی سـەرۆکی پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـان و هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی حکوومەتی هـەرێمی کوردسـتان و بەرپرسـانـی تر لە حـزب و حکوومـەت بـەگـەرمـی پێـشـوازییـان لێی کـرد و هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکەیان بەرز نرخاند.

دەگـەڕێمـەوە بۆ سـاڵی (١٩٦٣)، دوای ئەوەی ئـەنوەر سـەفـەری کـرد و دڵنیـابووم، گەڕامـەوە هەولێر، لە مـانگی مـایسی ئەو ساڵەدا دایکم بردە بەغدا تا پیشانی دکتۆری بدەم چونکە لاتەنیشت و دەست و پێی ژانی هەبوو، دکتۆر نەیتوانی نەخـۆشـییـەکەی دەسـتنیشـان بکات و هەندێک دەرمـانی بۆ نووسی، دووباره چوومـەوە سـەردانـی وەفدەی کوردی لە هوتێلی سـەمیر ئـەمیس، لەوێ چاوم بە خـوا لێخـۆشـبوو سـاڵح یووسـفی کەوت و زانیم جـەلال تاڵەبانی لەگەڵ شـاندەکە سـەردانی میسـری کردووە و نەگەڕاوەتەوە، بەپێچەوانەی سـەردانی رابردوو هوتێلەکەم زۆر چۆڵ و هۆل و کەشوهەوایەکەم شڵەژاو هاتە بەرچاو و حکوومـەت دەیویست کـات بەسـەرببـات، پیـاوانـی ئەمن لە دەروازەی هـوتێل چاودێریی ئەو کوردانەیان دەکرد کە دەهاتنە لای شاندەکە، سەرەڕای ئەمـانە سـاڵح یووسفی هەر گـەشبین بوو بەدۆزینەوەی رێگایەکی گونجـاو، لەوێ زانیم کە حـەبیب محەمـەد کەریم یەکێک لە ئەنـدامـانی وەفدەکە توانیویەتی ئەمنەکان هەڵبخەڵەتێنێت و رابکات.

لە کۆتاییی مـانگی مـایسی سـاڵی (١٩٦٣) لەگەڵ دایکم گەڕامـەوە هـەولێر، دوای رۆژێک دایکم گورچیلەی بەژان هـات، لە نەخـۆشخـانەی کۆماری داخـیلم کرد، دوکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغی برادەرمان چاوەدێریی دەکرد و زۆر بایەخی پێ دا.

## جێهێشتنی هەولێر و پێوەندیکردنم بە شۆڕشی کوردەوە

بارودۆخەکە زۆر شێواو بوو و حەرەس قەومی لە ماڵ و کۆڵان و جادەدا ئازاری خەڵکیان دەدا و هەڕەشەیان لێ دەکردن، لە ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتانەدا هەر یەکێک چالاکییەکی هەبوایە یان ئەندامێکی ناسراوی پارتی بوایە دەبوایە هەولێر جێ بهێڵێت و ڕوو لە ناوچەکانی شۆڕش یان ئەو شوێنانە بکات کە دەستی دەسەڵاتی نەدەگەیشتێ.

سەرەڕای ئەو بارە ناهەموارە و ناسکیی بارودۆخەکە و هەڵوێستی خۆم، بەڵام بڕیارم دا لە هەولێر بمێنمەوە، چونکە ئەو دەمە کاک ئەحمەدی برام لە دەرەوەی هەولێر بوو و لەلایەن دەسەڵاتەوە داواکراو بوو، جگە لە خۆم هیچ یەکێک لە خێزانەکەمان لە هەولێر نەبوون تا چاوەدێریی کاروباری بازرگانی و ئابووریمان بکەن، وەرزی دروێنە و خەلە و خەرمانیش بوو کە تاکە پاڵپشتی ئێمە بوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان.

پێوەندیم بە هەندێک لەو برادەرانەوە کرد کە لە دەزگای میری و ئەمنیدا کاریان دەکرد یاخۆ هاوسۆزی کێشەی گەلی کورد بوون و هەڵوێستی شەرەفمەندانەیان هەبوو، ئەوانیش بەڵێنیان پێ دام لە هەر شتێکی کتوپڕ ئاگادارم بکەنەوە، بەپێچەوانەی ڕۆژانی ڕابوردوو تێبینیی ئەوەم دەکرد کە پۆلیسێکی نهێنی و یەکێکی موخابەرات ڕۆژانە بەنۆرە چاودێریی نووسینگەی بازرگانییەکەمیان دەکرد، بەدرێژاییی ڕۆژ لە قاوەخانەی بەرامبەر نووسینگەکەمان دادەنیشتن، جارجار دەچوونە نووسینگەی خوالێخۆشبوو جەلال عەبدۆک موختار کە لە تەنیشت قاوەخانەکەی بەرامبەر نووسینگەکەی ئێمە بوو، جەلال ئەوانی دەناسی و جارجار سوحبەتی لەگەڵ دەکردن و ئاماژەی بۆ نووسینگەکەمان دەکرد و پاشان خەبەری ئەوانی بۆ دەهێنام.

له عەسری (٤)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) چوومە نووسینگەکەم، هەستم کرد بارودۆخەکە شڵەژاوە و جوولانەوەی نائاساییی پیاوانی ئەمن و یەکە چەکدارییەکانم بەدی کرد، تۆزێک لە نووسینگەکە مامەوە و پاشان بە نیگەرانی گەڕامەوە ماڵەوە، شەو تا بەیانی پەنجەم بەیەک دادەدا، بەیانی واتە (٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) چوومە نووسینگە، دەیان بیرۆکە بەمێشکمدا دەهاتن و دەچوون، لەو باوەڕەدا نەبووم کە ئەمە دواجارە ئەو ماڵە ببینمەوە، لە ڕێگام بەرەو نووسینگە ڕەتڵێکی گەورەی زیلی عەسکەریم بینی کە تژی بوون لە سەربازی چەکدار بەجلوبەرگی کوشتارەوە، هەروەها چەندان زرێپۆش کە هەندێکیان تۆپی گەورەیان رادەکێشا، ئەو هێزەم بە لیوایەکی جەحفەل مەزەندە کرد و بینیم بەرەو ڕێگای هەولێر- مەخموور دەڕۆن. چیای قەرەچووغ کە دەشتی قەراج و قەزای مەخموور لە دەشت و ناوچەی کەندێناوە جیا دەکاتەوە بنکەیەکی کاتیی پێشمەرگەی تێدا بوو، ئەو پێشمەرگانەی کە خەڵکی دەشتی هەولێر یان ناوچەکانی دەوروبەری بوون لەو بارەگایەدا بوون، ئەو بارەگایە کاتییە دوای کودێتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) لەکاتی ئاگربەستی نێوان دەسەڵاتدارانی کودێتا و شۆڕشی کورد دامەزرا، کاک ئەحمەدی برام چەند ڕۆژێک بەر لەو مێژووە چووبووە ریزی شۆڕش و لەو بارەگایە بوو.

چیای قەرەچووغ لە نێوان هەردوو زێدا درێژ دەبێتەوە و کۆتاییی‌ـەکەی بە هیچ چیایەکی دیکەدا ناگات و بە تەنیا لەو دەشتە بەپیتەدا سەربەرزانە قیت بووەتەوە و دەشتی بەپیتی کەندێناوە و قەراج لێکتر جیا دەکاتەوە کە پڕن لە سامانی نەوت، لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا سەربردەی داگیرکردنی دەشتی قەراجم لە سەردەمی عوسمانیدا لەلایەن عەشیرەتە عەرەبەکانەوە باس کرد کە چۆن لەلایەن خوالیۆخشبوو ئیبراهیم بایزاغای مامم بەرپەچیان درایەوە، تا ئێستا سیاسەتی تەعریب لەلایەن حکومەتی مەرکەزییەوە بەخراپترین شێوە لەو ناوچانە پیادە دەکرێت، بە پیتترین ناوچەی جیهان لە سامانی نەوت کەوتوونەتە کوردستانەوە، گەورەترین و فراوانترین چاڵە نەوت لە جیهاندا کەوتووەتە ناوچەی کەندێناوە کە ئەمیش چاڵی سارەلوو (دەربەندی سارەلوو)ە

له نزیک لێواری رۆژئاوای زێی گچکە و بەرهەمی رۆژانەی سەد هەزار بەرمیلە لە نەوتی خاو، بۆیە سەیر نییە کە چاوی تەماع هەموو دەم بڕوانێتە ناوچەکە، ئەو هێزەی کە باسم کرد بەرەو ئەو ناوچەیە دەچوو وەک دەستپێکێک بۆ پلانی تەعریب کە بەنیاز بوون لە زۆر شوێنی کوردستاندا جێبەجێی بکەن.

دەگەڕێمەوە سەر دۆخی خۆم، دوای بەسەربردنی ماوەیەکی کورت، یەکێک لە خزمەکانم کە لەلایەن خوالێخۆشبوو عەبدولستار شوکری ئەفسەری پۆلیسەوە نێردرابوو هاتەلام، ئەو ئەفسەرە برادەری لەمێژینەم بوو لەگەڵ کێشەی کوردا هاوسۆز بوو و هەر هەوڵێکی دەسەڵات دژ بەئێمە بدرابا لێی نەدەشاردینەوە، خزمەکەم لە زمانی ئەو ئەفسەرە پێی ڕاگەیاندم کە بەیانی واتە (٦)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) دەسەڵات نیازی دەستگیرکردنمی هەیە، لیستی ناوی دەستگیرکراوان گەیشتووە و ئەوانیش لە (٩)ی حوزەیران دەستگیر دەکرێن. یەکسەر نووسینگەکەم جێ هێشت و چوومەماڵی حەسەن کانەبی دزەیی ئامۆزام لە گەڕەکی تەیراوە، بڕیار وابوو دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە دایکم لە نەخۆشخانە دەربچێت، خۆم نەمتوانی و داوام لە عوسمانی برای حەسەن کانەبی کرد کە دایکم ببات ماڵی کاک ئەحمەدی برام لە گەڕەکی ئازادی و پێی رابگەیەنێت کە من لەبەر چەند هۆیەکی گرنگ ناتوانم بێم بۆ نەخۆشخانە، هەروەها بە عوسمانم وت بە پەلە قاتێک جلی کوردیم بۆ بهێنێت، دوای ئەوەی جلەکانم لەبەر کرد ناردم بە دوای پوورم- دایکی کاکە- (کە دایکی هاوسەرەکەمە) بێتە لام و (شێروان)ی کوڕم کە تەمەنی (٨) ساڵ بوو لەگەڵ (بارزان) کە تەمەنی لەپێنج ساڵ کەمتر بوو لەگەڵ خۆیدا بیانهێنێت و هەروەها ئەو دەمانچەیەش لەگەڵ خۆی بهێنێت کە لەو خانووەدا بوو.

دایکی کاکە گەیشت و هەردوو کوڕەکەشم و دەمانچەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، پێم وت کە بەنیازم بچمە ریزی شۆڕشی کوردەوە، پاڵپشتیی کردم و هانی دام بێ ئەوەی کوڕەکان تێ بگەن، خوالێخۆشبووی پوورم لەلایەنگرانی شۆڕشی کورد بوو، ئەو دەمە باری دارایی زۆر باش بوو، هەردەم یارمەتی و جلوبەرگی بۆ پێشمەرگە دەنارد، هاوینان کە دەچووەوە گوندی پیرداودی

نزیک هەولێر بەنهێنی کادیرانی حزب و پێشمەرگەی داوەت دەکرد بۆیە لە نێوەندەکانی شۆڕش ناسراو بوو، هەندێک پارەم دا بە کوڕەکانم و پێم وتن کە بۆ چەند ڕۆژێک سەفەر دەکەم، ئەوان گەڕانەوە ماڵ.

چاوەڕێی ڕۆژئاوابوونم دەکرد تا لە هەولێر دەربچم لەپڕ یووسف عەزیزی خزمم هاتە لام، یووسف پێوەندی بە بەدرەدین عەلی موتەسەڕیفی هەولێر و هەندێک ئەفسەرەوە هەبوو، ترسێکم لێ نیشت کە منی بە جلوبەرگی کوردییەوە بینی و لە ناکاو پێی وتم (پێوەندی بە یاخیبووانەوە دەکەی؟)، ئینکاریم کرد و وتم دەچمە دووگردکان تا سەرپەرشتیی دروێنە بکەم، یووسف ڕۆیشت و لەترسی ئەوەی نەبادا خەبەرم لێ بدات شوێنەکەم بەجێ هێشت و چوومە ماڵی دکتۆر محەمەد ئەحمەد دزەییی خزممان کە بە دکتۆر سەرسۆر ناسرابوو چونکە پرچی سوور بوو. خەبەرم بۆ ئیبراهیم ڕەحماناغای ئامۆزام نارد، دوای نوێژی عیشا گەیشت و ئۆتۆمۆبیلێکی جێبی تایبتی لەلابوو کە خەسرۆ نورەدین دەیئاژۆت، خەسرۆ لە جاشە بەکرێگیراوەکان بوو و لە بنەماڵەی میرانی شەقڵاوە بوو، پێوەندی خزمایەتی و برادەرایەتی لە مێژینەمان هەبوو، خەسرۆ لاوێک بوو تازە هەڵدەهات و پێنج شەش چەکداری یاوەر بوو، لە ترسی ئەوەی نەوەکو یووسف خەبەری لێ دابم نانی ئێوارەشم نەخوارد و بە پەلەبووم هەولێر جێ بهێڵم، دوایی زانیم ڕۆژی پاشتر یووسف چووەتە ماڵەکە و پێی وتوون کە دڵنیابووە لەوەی من پێوەندی بەیاخیبووانەوە دەکەم (بەڵام چۆن بڕوایان کردووە کە خەبەری لێ دەدەم، مەحاڵە ئەمە بکەم).

سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بووم، لەنێوان چەکدارەکان لەپشتەوە دانیشتم، خەسرۆ دەیئاژۆت، وا بڕیار بوو کە بمگەیەنێتە دەوروبەری شار و دەرەوەی ڕێگای گشتی و لەوێ ئۆتۆمۆبیلێکی دیکە چاوەڕێم دەکات، ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی شوفێری ئۆتۆمۆبیلی کرێ حاجی سلێمان حاجی سادقەوە ڕێک خرابوو بەتایبەتی برایم ڕەحماناغای ئامۆزام مەسەلەکەی پێ وتبوو، خوالێخۆشبوو حاجی سلێمان ئەندامێکی چالاکی پارتی بوو و خەڵکی گوندی سۆربەشی نزیک گوندی ئێمە بوو، ئەو ئۆتۆمۆبیلەی لە ساڵی (١٩٥٥) لە

نووسینگەی ئێمە کڕی، ئێمەی باش دەناسی و برادەرمان بوو.

ئۆتۆمۆبیلەکە گەیشتە ئەو جادەیەی کە گەڕەکی سەیداوە و ناوچەکانی تری هەولێر لێکتر جیا دەکاتەوە، بینیم زرێپۆشێکی سەرباز هەڵگر بەپێشمان کەوت و ئاماژەی کرد کە بووەستین، ئێمە وەستاین و هەندێک سەرباز و حەرەس قەومی دابەزین و لە نێوانیاندا یاسین قەسابم ناسییەوە، (ئەو پۆلیسە خراپەی کە دوای بەشداریکردنم لە خۆپێشاندانەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ بەدوامدا دەگەڕا، وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کردووە)، لە بەخت باشیم یاسین لە ئۆتۆمۆبیلەکەی ئێمە نزیک نەبووەوە و لە دوورەوە تفەنگی بەدەستەوە گرتبوو، یەکێکی تر هات و سەیرێکی ناوەوەی کرد و خاوەنەکەی ناسی، دوای چاک و چۆنی ئیزنی داین، نەفەسمان هاتەوە بەر و بەپەلە شوێنەکەمان بەجێ هێشت، لە یەکەم هەلدا خەسرۆ لە جادەی قیر لای دا و ڕێگەیەکی خۆڵی لە ڕۆژهەڵاتی شار گرتەبەر، دوای چەند دەقیقەیەک بینیمان ئۆتۆمۆبیلێک لە نزمایییەک راوەستاوە کە ئۆتۆمۆبیلی حاجی سلێمانی برادەرمان بوو، بەپێکەنینەوە، پێشوازیی کردم، خواحافیزیم لە خەسرۆ و زەلامەکانی کرد و بۆ ئەو ماندووبوونە سوپاسم کردن، لەگەڵ حاجی سلێمان سەرکەوتم و بەرەو ڕێگای کۆیە چووین، لە ڕێگا زۆر قسەمان کرد، لەبەر خراپیی ڕێگاوبانەکە ئۆتۆمۆبیلی سالۆن نەیدەتوانی پیایدا بڕوات بۆیە حاجی سلێمان ئۆتۆمۆبیلێکی جێبی راسپاردبوو کە لە گوندی حەسارۆک (موڵکیەتی سەر بەئێمە بوو) چاوەڕێم بکات، لەماڵی خوالێخۆشبوو حاجی قادر وەسمانی وەکیلمان لەگوندەکە دابەزین.

دوای پشوویەکی کورت لەماڵی حاجی قادر، ئۆتۆمۆبیلێکی دیکە کە سەر بەیەکێکی حیزبی بوو ئامادەکرا، خواحافیزیم لە حاجی سلێمان کرد و پارەی کرێیەکەی وەرنەگرت، هەروەها خواحافیزیم لە حاجی قادر کرد و رام سپارد کە بچێتە ماڵی ئێمە تا دڵنیابن بە سەلامەتی بەرەو کۆیە دەچم، ڕۆژی دوایی حاجی قادر چووبووە ماڵی ئێمە، بینیبووی سوپا و ئەمن بۆ دەستگیرکردنم دەورەیان داوە، بەزەحمەت خۆی نەجات دابوو.

# ڕۆژانێک لە کۆیە

درەنگی شەو گەیشتمە کۆیە و چوومە ماڵی خوالێخۆشبوو کاکە زیادی (محەمەد زیاداغای غەفووری) برادەر و خزمم، کاکە زیاد لە کەسایەتییە نیشتمانی و نەتەوەییە دیارەکان بوو، لە دامەزراندنی پارتی و لەسەر ڕاسپاردەی دامەزرێنەر و سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی ساڵی (١٩٤٦) پایەی دووەم جێگری سەرۆکی حیزبی وەرگرت، لەماڵی کاکەزیاد چاوم بە عەلی عەبدوڵا و عومەر مستەفا (دەبابە) کەوت کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون و برادەری لەمێژینەم بوون، هەروەها چەند برادەرێکی دیکەم بینی، زۆریان بەخێرهێنام و لە هاتنم سەریان سوڕما، منیش دۆخەکەم بۆ باس کردن و شەوم لەوێ بەسەربرد، ڕۆژی پاشتر عەلی عەبدوڵا گەڕایەوە شوێنی کارەکەی لە ماوەت لە پارێزگای سلێمانی کە بارەگای مەکتەبی سیاسیش لەو ناوچەیە بوو.

ڕۆژی (٦)ی حوزەیرانم لە ماڵی کاکە زیاد بەسەربرد، خەڵکانێکی زۆر بۆ بەخێرهاتن سەردانیان کردم، درەنگە عەسری ئەو ڕۆژە محەمەد عەزیز ناسراو بە (محەمەد بەربەیار) بە ئۆتۆمۆبیلێکی جێب هاتەلام، محەمەد کۆنە برادەرم بوو، بەر لە هاتنی بۆ ناو شۆڕش لەو گەراجە کاری دەکرد کە بەرامبەر نووسینگەکەم بوو و هی خوالێخۆشبوو جەلال عەبدۆک بوو کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، بەربەیار محەمەد مەولودیشی یاوەر بوو، محەمەد مەولود خەڵکی گوندەکەمان بوو و کەسێکی هەرە نزیک و باوەڕپێکراومان بوو، باوکیشی (مەولود هیدایەت) لە یاوەرە هەرە ئازا و کۆنەکانی باوکم بوو، براکەشی خوالێخۆشبوو سلێمان کۆنە ئەفسەری سوپا بوو و برادەری کاک ئەحمەد بوو، لە هەڕەتی لاویدا ساڵی (١٩٤٦) بە نەخۆشی لە لبنان کۆچی

دواییی کرد.

کە پێم وتن بۆچی هاتوون؟ وتیان هێزێکی گەورەی سەربازی هاتووەتە ناوچەکە و دەستی بەهێرش کردووە بۆ سەر بنکەکانی پێشمەرگە لەیەک لە گوندەکانی دامێنی چیای قەرەچووغ (پێشتر ئاماژەم بۆ گوندی دارەخورما کرد)، شەڕێکی خوێناوی رووی داوە و سوپا و بەکرێگیراوان زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە و لاشەیەکی زۆریان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێشتووە، زانیم مەزەندەکەم راست دەرچوو و رۆژی پێشتر ئەو هێزەم بینی کە بۆ ناوچەی مەخموور دەچوو، هەروەها پێیان وتم کە پێشمەرگە کشاونەتەوە و بارەگایان بردووەتە چیای دێدەوان چونکە دوژمن بەنیازە هێزەکانی کۆ بکاتەوە و رۆژی دوایی ئابلوقەی چیایەکە بدات، ئینجا وتیان پێویستییان بە تەقەمەنی و کەلوپەلە، ئەمەم بە هەل زانی و نامەیەکم بۆ کاک ئەحمەد نووسی کە لەو بارەگایە بوو و لەگەڵ پێشمەرگە بەشداریی شەڕەکەی کردبوو، لەو نامەیەدا بارودۆخەکە و هۆکاری چوونم بۆ ناو شۆڕش بۆ کاک ئەحمەد نووسی، میوانەکانیشم دوای ئەوەی پێداویستییەکانیان بۆ دابین کرا گەڕانەوە بنکەکانیان.

عومەر دەبابە کە لەلایەن سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانییەوە دەستنیشان کرابوو تا پێوەندی بە دەسەڵاتدارانەوە بکات برووسکەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتیی فیرقەی دوو و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کرد و تیایدا ناڕەزایی سەبارەت بە هێرشەکانی سوپا بۆ سەر بارەگاکانمان لە قەرەچووغ دەربڕی، دەسەڵاتداران وەرامیان داوە کە هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بە بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا نییە، لە وەرامەکەدا بە روونی دیار بوو کە دەسەڵات دەیویست کات بەلای خۆیدا رابکێشێت تا ساتی سفر دابێت و هێرشی گشتی دەست پێ بکات.

من دەمتوانی لە هەولێر بمێنمەوە و بەرگەی بارودۆخەکە بگرم، چەند مانگێک تەوقیف دەکرام و پاشان وەک ئەوانی تر ئازاد دەکرام، یاخۆ بارودۆخەکە خراپتر دەبوو و ژیانم دەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام لە هەموو

حاڵێکدا بەرگەی ئەو بارودۆخە و هەڕوگیڤی دوژمن و بەکرێگیراوانم نەدەگرت، نەدەکرا ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیە قبووڵ بکەم کە لەبەرچاوم ئەنجام دەدران، کرێگرتە و دڵڕەشەکان قۆڵیان فش دەکردەوە و شەڕیان بە خەڵکی سڤیل دەفرۆشت، مەحاڵ بوو گاڵتە و سووکایەتی پێکردنی هەرچی و پەرچییان قبووڵ بکرێت، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیارم دا بچمە ریزی شۆڕش ئەگەر بەرەنجامەکەی هەرچییەک بێت.

دوای پشکنینی ماڵەکەم، کاتێک نەیانتوانی دەستگیرم بکەن بەڵام سەرجەم خێزانەکەمیان دەستگیرکرد بە دایکی کاکە و منداڵی شیرەخۆرەشەوە، هەروەها کەوتنە راوەدوونانی خێزانی کاک ئەحمەد و دایکیشم، عومەری برا گچکەم کە لە دەرەوەی عێراق دەیخوێند و بە مۆڵەت گەڕابووەوە هەولێر و وریای برازام (کوڕی کاک ئەحمەد) لە ئەنجامی پاڵەپەستۆ و راوەدوونان هاتنە ناو شۆڕش، بەتایبەتی ئەو کاتەی سوپا و بەکرێگیراوان هێرشیان بردەسەر دووگردکان و ئاگریان لە خانوو و مووڵک و ماڵ و بەروبووی کشتوکاڵیمان بەردا.

ئەو چەند رۆژەی کە لە کۆیە بووم بارودۆخ بەرەو خراپی دەچوو و لە لێواری تەقینەوەدا بوو، دیار بوو رێژیمی تازە خۆی بۆ هێرشبردن ئامادە کردووە لە هەر سەعاتێکدا و چاوەڕوانی سەعاتی سفرە و هێزی پێشمەرگەش بۆ هەر رووداوێکی کتوپڕ کەوتبووە ئامادەسازییەوە.

ژیان رێکەوتی سەیر و سەمەرەی تێدایە، ئەو ئیبراهیم تائیەی کە ئەفسەری پۆلیس بوو و لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کردووە ئەو کاتە کرابوو بە بەڕێوەبەری پۆلیس لە کۆیە و هەروەها بەرپرسی پۆلیسی ئەو قەزایە بوو، رۆژێکیان بە شەرمەزاری و چاوێکی پڕ لە تۆبەکردنەوە هاتە لام و داوای کرد لەو تەنگژەیەی کە تێیدایە یارمەتیی بدەم، زۆرم بەخێرهێنا تا هەست بە هیچ شتێک نەکات، بنکەی پۆلیس لەژێر رەحمەتی پێشمەرگەدا بوو، تاکە فەسیلێکی پۆلیسی تێدابوو کە هەموویان کورد بوون و دەکرا لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا و بەبێ بەرگری کۆنترۆڵ بکرێت.

ئەو رۆژانەی کە لە کۆیە بووم تا دەست پێکردنی شەڕ یان لە ماڵی کاکە زیاد یاخۆ مەحمووداغای کوڕی بووم، هەروەها سەردانی ئەو خزم و ناسیاوانەم دەکرد کە لە کۆیە مابوونەوە، بنەماڵەکەمان لەوێ خاوەنی خزم و ناسیاوی زۆر بوون، چەند خێزانێک خزمی دایکم بوون، بۆیە هەستم بە غەریبی نەدەکرد و خۆم بەیەکێک لە رۆڵەکانیان دادەنا، بەهۆی پایەی خێزانەکەمانەوە بەتایبەتی کاک ئەحمەد لەلای هەمووان مایەی رێزبووین، ئەوان دەیانزانی پێشتر لە چ ژیانێکی خۆشدا دەژیام، لەلای نیشتمانپەروەران و خەڵکانی حزبی و ئەوانەی پێوەندیشیان بە شۆڕشەوە هەبوو مایەی رێز بووین، چونکە دەیانزانی لەم پێناوەدا چ قوربانییەکمان داوە، بەم جۆرە وردە وردە سەعاتی سفر نزیک دەبووەوە، هەمووان بەدڵەڕاوکەوە چاوەڕێ بووین، رێژیمی تازە رووی راستەقینە و نیاز خراپی لەبارەی گەلی کورد زۆر بە روونی دیاربوو.

***

## دەستپێکردنەوەی شەڕ

ئێـوارەی (٩)ی حـوزەیرانـی سـاڵی (١٩٦٣) و لە سـەعـات بیـست (هەشـتی ئێوارە) رادیۆی بەغدا بەیاننامەی بەدناوی ناونراو بە (ئەنجومەنی نیشتمانیی سەرکردایەتیی شـۆڕش)ی بڵاوکردەوە کە بریتی بوو لە زمانێکی گاڵتەجارِ بە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی و هەروەها تژی بوو لە فیشاڵ و خۆ بەزل زانین، بەیاننامەکە گەلی کورد و سەرکردایەتیی شـۆڕشی بە (یاخیبووان) ناو دەبرد و لەوە ئاگـاداری دەکـردنەوە کە چەک دابنێن و خـۆیان تەسلیم بکەن ئەگـینا سوپا بە (پیاسـە) دێتە کـوردستـان و ئەو یاخـیبوونە لەناو دەبات، بەکورتی بەیاننامـەکـە بریتی بوو لە رق و کـینە لەبارەی گـەلی کـورد و رەگـەزپەرسـتی رێژیمی تازەی پیشان دەدا.

چەند سەعاتێک دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامە شوومـەکە، رێژیم لە سپێدەی (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) دەستی بەکردە سەربازییەکانی کرد، شەڕ سـەرتـاپای کـوردسـتـانی گـرتەوە، سـەرکردایەتیی شـۆڕشی کـورد ناچار بوو بەرگری لە بوونـی گەلی کورد بکات لەو شـەڕەی کە سەپێندراوەتە سەری و دژ بە دڕندەترین هـەڵمـەتی سـەربازی وەسـتا، بەم جـۆرە قـۆناغـێکی تازە لە ژیانم دەست پێ کرد و چوومـە ریزی شـۆڕش و حـیزب و سـەرکردایەتـییـەکەی و تا ئێسـتاش بەردەوامم. وەک پێشتـر ئاماژەم بۆ کرد، دوای ئـەوەی رادیۆی بەغدا و دەزگا راگـەیـاندنەکانی حکوومـەت بەیاننامـە شـوومـەکەیان بڵاوکـردەوە کـە لەلایەن ناونـراو بە (ئەنجوومـەنی نیشـتـیـمـانیی سـەرکردایەتیی شـۆڕش) لە (٩)ی حـوزەیرانی سـاڵی (١٩٦٣) دەرچووبوو، زۆر بە ئاشـکرایی دیار بوو کـە ئەمە راگەیاندنی شەڕێکی تازەیە دژ بە گـەلی کورد، مەبەستی رێژیمی تازە کە لە کـودێتـای (٨)ی شـوباتی سـاڵی (١٩٦٣)دا هـاتبـووە سـەر حـوکم لە

چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەیەکی ئاشتییانە ئەوەبوو کە کات بۆ بەرژەوەندی خۆی رابکێشێت و ریزەکانی یەک بخات تا ئەو هەڵمەتە دڕندانە ئەنجام بدات کە بەر لە کودێتا نەخشەی بۆ کێشرابوو، هەموو ئەو هەولآنەی کە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی ئاشتییانە دابووی فەشەلیان هێنا، ئەو مانگانەی کە ئاگربڕ و هودنە بوون تەنیا بۆ خۆڵکردنە چاوان و پێویستییەکانی رێژیم بوون.

ئەگەرچی ئەو دەمە زۆر ئاگەداری کاروبارەکان نەبووم، بەڵام لەوە دڵنیا بووم کە سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و بارزانی خۆی باوەڕیان بە بەڵێنەکانی رێژیم و دەسەلآتی تازە نەبوو، بارزانی لای یەقین بوو کە ئەو رێژیمە دان بە مافی نەتەوەییی گەلی کورددا نانێت بەڵام پێشوازی لە هەر هەوڵێکی ئاشتیخوازانە و سەرچاوەکەی دەکرد، هەر بۆیە سەرکردایەتیی حیزب و شۆڕشی کورد پێشوازییان لەو هەولآنە کرد.

دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە، بارزانی وەک سەرکردەی شۆڕشی کورد لە برووسکەیەکدا فەرمانی دا سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە بەرگری لە شوێنەکانیان بکەن و بەڕووی ئەو هەڵمەتە دڕندانەیە بووەستن، من کە لە کۆیە بووم بینیم هێزە بەرگریکارەکان بەسەر ئەو رێگەیە دابەش بوون کە لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە دەهات.

سپێدەی (١٠)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) زوو لەخەو رابووین (بەنیسبەت خۆمەوە ئەمە یەکەم جار بوو)، هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆیە و کادیرانی حیزب لە بارەگای ناوچەی پارتی کۆبوونەوە، عومەر دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئەو ناوچەیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ئامادەبوون، لەگەڵ مەحموود کاکە زیادی خانەخوێم چوومە ریزی ئەو هێزانەوە و بە پێ روومان لە ناوچەیەکی شاخاوی رۆژئاوای شارەکە کرد تا لە هێرشی فڕۆکەکان بەدووربین چونکە لە بەیانییەوە بە ئاسمانی شارەکەدا دەسووڕانەوە و رێگای هەولێر- کۆیەیان بۆردمان دەکرد، بەنیسبەت پێشمەرگەکانی دیکەوە هەر لەشەوەوە فەرمانیان پێ درابوو کە لەرێگاکەدا سەنگەر بگرن.

سپێدەی ئەو ڕۆژە، سوپا لە هەولێرەوە بەرەو کۆیە جوولا، بەدرێژایی ئەو ڕێگایە قیرتاو نەکراوە کە درێژاییی حەفتا کیلۆمەترە شەڕێکی خوێناوی کرا، دوای دوو سێ ڕۆژ شەڕی توونـد کـەوتە دەربەندی گۆمـەسپان و دێگەڵە کە دوو شوێنی عاسێن، شەڕ دوازدە ڕۆژی خایاند، سەرەڕای جیاوازیی نێوان دوژمن و پێشمەرگە لەڕووی چەک و ژمارەوە بەڵام دوژمن زیانێکی زۆری پێ کەوت.

من لەوپەڕی جۆش و خرۆشدا بووم و ئەوپەڕی ئامادەییم تێدابوو کە بەشداری لەو شەڕانەدا بکەم، بۆ من ناخۆش بوو کە لەمەیدانی شەڕ دووربکەومەوە و لە دوورەوە سەیری بکەم، زۆر حەزم دەکرد لە مەیدانی شەڕدا بم، دوای گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان و سەرکردەکانی وەک عومەر دەبابە و ئەفسەری ناودار بەکر عەبدولکەریم ناسراو بە ڕەئیس بەکر (کە لەو ئەفسەرە بەراییانە بوو زوو پێوەندی بە شۆڕشی کوردەوە کرد و ساڵی (١٩٤٥) لە شۆڕشی بارزان بەشداریی کردووە و یاوەری بارزانی بوو لە بەرگریکردن لە کۆماری مەهاباد) بڕیارمان دا بچینە شوێنێکی نزیک لە مەیدانی شەڕەوە و بەچاو شەڕەکەمان دەبینی، لەو ناوچەیەدا بە ئاسانی دەمانتوانی پێوەندی بەهێزەکانمانەوە بکەین و ڕێنوێنییان بکەین و پێداویستییان لە چەک و ئازووقە دابین بکەین.

دوای ڕۆژئاوابوون بەرەو کۆیە دەگەڕاینەوە، بەتایبەتی کە مەیدانی شەڕ هێور دەبووەوە، ئەو دەمە دوژمن بەشەو نەیدەتوانی بجوولێتەوە، فڕۆکەکانیش چونکە ئامێری فڕینی شەوانەیان نەبوو نەیاندەتوانی هەڵفڕن و سوپاش لە بۆسەی پێشمەرگە دەترسا، لەگەڵ مەحموودی کاکە زیاد دەگەڕاینەوە، خێزان و منداڵەکانی چووبوونە ڕانیە، خۆمان نانمان ئامادە دەکرد و خزمەتی خۆمان دەکرد. پێشمەرگە تەنیا خاوەنی هەندێک تفەنگی کۆن و ڕەشاش بوو بەڵام وەک پاڵەوانان بەرگرییان کرد، سروشتی زەوی لە کوردستان و جوگرافیاکەی بەخێر بۆ پێشمەرگە گەڕایەوە کە نەخاوەنی چەکی دژە فڕۆکە و نە هی دژە زرێپۆش بوو.

بنکەی پۆلیسی کۆیە کە ئەفسەر ئیبراهیم تائی بەرپرسی بوو وەک باسم

کـرد لـە ڕۆژی یەکـــەم و دوای بڵاوبوونـەوەی بەیاننامــە شـــوومـــەکـە بـەبێ بەرگـریکردن یەکسـەر تەسلیم بوون، هیچ لایەک دەنگی تەقـەی لێـوە نەهات، تائـی سـەرجـەم چەک و کـەلوپەل و ئامـێـرەکـانی گـەیاندنی تەسلیم کـرد و پۆلیسـەکانیش کە ژمـارەیان (٣٠) کـەس دەبوو و هـەر هـەمـوویان کورد بوون هاتنە ریزی پێشمەرگەوە، یەکێکیان کە لە برا مەسیحییەکان بوو و ناوی تۆما بـوو وتی چـەکـــداریم پـێ ناکـــرێت بـەڵام دەبمە چێـــشت لێنـەرێکی باش بـۆ پێشمەرگەکان.

ئیـبـراهیم تائـی ئـەفسـەر وەک دیلـی جـەنگ حـیسـابی بۆ کـرا و بـەباشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کرد، چەند ڕۆژێک بە ئازادی دەسـووڕایەوە، پاشان لە ترسی بۆردمـانی فـڕۆکە و بۆ سـەلامەتـی گیـانی ڕەوانەی سـەربازگەی دیلەکان کـرا لـە مـاوەت. وەک وتم پاش تێـپـەڕینی (١٠) ڕۆژ سـوپا زیانێکی زۆری لێ کـەوت و توانـی لە کـۆیە نـزیک بێـتـەوە، ئێـوارەی (٢٢)ی حـوزەیران هێـزە داگیرکەرەکە گەیشتە دەوروبەری شار و لە دەوروبەری گردی گردچادر کە (٥) کم لە کۆیەوە دوورە سەنگەریـان گرت، پێشمـەرگەش کشایەوە چیای هـەیبـەت سوڵتان و لەوێ هێڵێکی بەرگریی تازەیان دروست کرد.

لە سـەرەتـای شـەڕەکـەوە، خـەڵکی کـۆیـە شـارەکـەیان چۆڵ کـرد تـەنیـا بەسـاڵاچـووان و هـەندێک لـەو فـەرمـانبـەرانە مـابوونەوە کـە بژێویی ژیانیـان دەیخـواست بمێننەوە، فـڕۆکە ڕێگا دەرەکـییـەکـانی کـۆیە بەتایبـەتـی ڕێگای ڕانیەی بۆردمان دەکرد و دەستی لە خـەڵکی سڤیل و خێزانان نەدەپاراست، لە ئەنجـامی بۆردمـاندا ژمـارەیەکی زۆر لـە پیـر و منداڵ و ئافـرەت بەرکـەوتن تەنانـەت هـەندێک لـە شـوفـێـرانی ئۆتـۆمـۆبیلی کـرێ بریندار بوون کـە لەوانە حـەسـەن مـحـەمـەد جـاسم بوو، حـەسـەنم لە ڕۆژانی خـوێندن لـە کۆلێژی مـاف دەناسـی، شـوفـێـر بوو لەلای یاریدەری بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیس لـیوا سـاڵح عـەبدولوەهـاب کـە پێـشـتـر بەڕێوەبەری پۆلیـسی هـەولێـر بوو و دەمنـاسی، بۆ چارەسـەری، حـەسـەنمان ناردە یەکـێک لە بنکە برین پێـچـەکـانی سـەر بە شۆڕش.

## داگیرکردنی کۆیە

سـپێـدەی (٢٣)ی حوزەیران، کـۆیەمـان بـەجێ هێشـت و روومـان لە بارەگـای پشتەوە کرد لە سوێرەلە، سوێرەلە بریتییە لە دەربەندێکی شاخاوی کەوتووەتە رۆژهـەڵاتی زنجـیرە چیـای هـەیبـەت سـوڵتـان و لـە باکوری رۆژهـەڵاتی کـۆیەوە (١٢) کم دوورە، فرۆکـە بەسـەر سـەرمـان دەسـوڕایەوە و بۆردمـانـی دەکـردین و بەرێکەوت ڕزگـارمان بوو، بەرێگەوە پێشـەنگی هێزە داگیرکـەرەکەمـان دەبینی کە بە دەبابـەوە داخیلی ناو شـار دەبوون و لەگـەڵ گـەیشـتنیـان کـەوتنە ویزەی خەڵکی سقیل، سـەرکردەی ئەو سوپایە ئەفسـەری بەدناو موقەدەمی روکن تەها شەکرچی بوو، خەڵکی مووسڵ بوو و لە نەتەوەپەرستە دڵڕەشـەکان بوو دەرهـەق بە کـورد، فـەرمـانـی دا کـە ژمـارەیەکی زۆر لە خـەڵکی شـارەکـە کـۆبکـرێنەوە تەنانەت ئەوانەی کە لـە پێشوازی هێـزە داگیرکـەرەکەشدا بوون، شـەش کەسـی لەوانە هـەڵبـژارد بێ ئەوەی بزانێت ناو و ناسنامـەیان چییـە، لە عـامـوودی کارەبای سـەرجادەی گشـتی بەسـتانەوە و لە بەرچاوی دانیشـتوانی شـارەکە گوللەبارانی کردن.

وەک باسـم کـرد، دانیـشــتـووانـی کـۆیە روویان لـە گـوندەکـانـی دەوروبەر بەتایبـەتی گـوندە شـاخـاوییـەکان کـردبوو و لەو بڕوایەدا نـەبوون کە سـوپای بگاتێ، لە کـاتی سـوڕانەوەی مـەفـرەزەیەکی سـوپا بـەیەک لە گوندە نزیکەکانی کۆیە خـوالێخـۆشـبـوو عـەبدوڕەحمـان حـاجی ئەسـعـەد بەخـێزان و کـوڕەکانی دەدۆزنەوە، ناوبراو لە کـەسـایەتییـە دیارەکـان بوو و بەر لە داگیـرکـردنی کۆیە باری ئابووری باش بوو، لەبـەر ئەوەی زۆر قەڵەو بـوو زۆر بەزەحمـەت دەیتـوانی بەرێدا بڕوات، مـەفـرەزەکە حـاجی ئەسـعـەد قـۆڵبـەسـت دەکـەن و بەرەو کـۆیەی دەبەن، لـەبەرئەوەی نەیدەتوانی باش بـڕوات کـوڕە گـەنجـەکـەی کـە تەمــەنی

نەگەیشـتبووە (٢٠) سـاڵ ویسـتی یارمـەتیی باوکی بدات کـەچـی مـەفرەزەکە تەقـەی لێ کردن و لە بەرچاوی ئەنـدامانـی خـێزانـەکـەیان هـەردووکیان گیانیـان لەدەسـت دا، هـەڵسـوکـەوتی هـیچ سـوپایەکی داگـیـرکـەری وڵاتێکی بیـانی نەگەیشتووەتە ئەم رادەیە.

# شەڕەکانی چیای هەیبەت سوڵتان

هێزەکانمان لە چیای هەیبەت سوڵتانی باکووری کۆیە کە بەسەر شارەکەدا دەڕوانێت گردبوونەوە و ریزەکانیان یەک خست و سەرکردایەتییەکەی درایە دەست عەبدوڵڵاغای پشدەری کە لە هەمان کاتدا سەرکردایەتیی بەرەی سەفینیشی دەکرد، کە سوپا لە کۆیە جێگیر بوو چەند یەکەیەکی دیکەی سەربازی لە کەرکووکەوە بەڕێگای تەق تەقدا هاتن و لەوێ یەکیان گرت و هێرش بۆ سەرچیای هەیبەت سوڵتان دەستی پێ کرد، دوای چەندان هێرشی یەک بەدوای یەک لەبەر بەرەنگاری و خۆڕاگری پێشمەرگەکان سوپا نەیتوانی پێشڕەوی بکات، لەو کاتەدا هەردوو ئەفسەر نافیز جەلال و نامیق عەبدوڵا کە پلەیان موقەدەم بوو هاتنە بارەگاکەمان لە سوێرەلە، ئەو دوو ئەفسەرە لە خێزانی ناسراوی حەوێزین و دوای کودێتای (٨)ی شوبات پێوەندییان بە ریزەکانی شۆڕشەوە کرد و وتیان بۆ هەر کار و ئەرکێک ئامادەین، عومەر دەبابە داوای لێ کردن کە شوێنەکانی بەرگریمان لە چیای هەیبەت سوڵتان بەسەر بکەنەوە ئاخۆ تا چ رادەیەک بەرامبەر هێرشەکانی سوپا توانای خۆڕاگرییان هەیە! دوای ئەوەی شوێنەکانیان بەسەرکردەوە زۆر لێی رازی بوون.

لە هێرشێکی دیکەی سوپادا کە تێکشکان، سەرکردەی بەرەکەمان عەبدوڵڵا پشدەری بریندار بوو و رەوانەی نەخۆشخانە کرا، هێرشەکان هەفتەیەک بەردەوام بوون، لەو کاتەدا پەلێکی دەشتی هەولێر هاتنە پاڵ هێزەکانمان کە پەلی فارس باوە بوو، فارس باوە بە ئازایەتی ناسرابوو، ئەو پەلە ئازایەتییەکی پاڵەوانانەیان نواند لە بەرگریکردن لە چیای هەیبەت سوڵتان، سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە یەکەم ئەزموونیان بوو لە شەڕی ناو چیادا و زۆربەی پێشمەرگەکانی

ئەو پەلەم دەناسی چونکە خەڵکی دەشتی هەولێر و دزەییاتی بوون.

ئەو بارودۆخە هەفتەیەکی خایاند، دوژمن زیانێکی زۆری لە کوژراو و بریندار لێ کەوت، زیانەکانی ئێمەش چوار شەهید بوون، لە (٣٠)ی مانگی حوزەیران، یەکەیەکی سوپا بە هاوکاری جاش و خۆفرۆشان و بە لا رێگەیەکی شاخدا توانی سەرکەوێتە شوێنەکانمان، ئەمە شڵەژانی خستە هێڵەکانی بەرگریمان، دوای شەڕێکی سەخت توانییان دەست بەسەر ڕاڕەوی سەرەکی و لایەکی چیاکەدا بگرن، هێزەکانمان ناچار لە شوێنەکانی خۆیان بکشێنەوە و هێزەکانی حکوومەت توانیان دەست بەسەر ڕێگای سەرەکی و ئەو ڕاڕەوەی شاخەدا بگرن کە دەیڕوانییە هەردوو لای ئەو ڕێگە سەرەکییەی لە کۆیە و رانیەوە دەهات، دوژمن جورئەتی نەکرد لەوە زیاتر بێتە پێشەوە، بارەگای ئێمەش هەر لەو زنجیرە شاخەدا بوو و لە مەیدانی شەڕەوە نزیک بوو.

دوای چەند رۆژێک، هێزەکانی سوپا بەرەو شاری رانیە لە دەشتی بیتوێن جوولان، هیچ بەرگرییەکی سروشتی لە بەردەم سوپادا نەبوو و شوێنەکەش بۆ بەرگریکردن گونجاو نەبوو بگرە چیای هەیبەت سوڵتان تاکە بەرگرییەکی سروشتییە لە نێوان رانیە و کۆیەدا، رێگایەکی دیکە بە دامێنی شاخدا دەڕوات و لە سەرەتای هەردوو دەشتی لای بەنداوی دوکان و سلێمانی لەگەڵ رێگای یەکەمدا یەکتر دەبڕن، ئەو شوێنی یەکتر بڕینە ناوی بیستانەیە، گوندێکیش لە دامێنی شاخەکەدا ناوی بیستانەیە، لەوێ خانوویەکی لە کا و قوڕ دروستکراو هەبوو وەک چایخانەیەکی میللی بۆ رێبواران و بەتایبەتی ئەوانەی لە نێوان رانیە و کۆیە و دوکاندا هاتوچۆیان دەکرد تێیدا پشوویان دەدا، لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕ ئەو چایخانەیە چۆڵ کرابوو، سوپا دوای ئەوەی لە هەیبەت سوڵتان دابەزین لەو چایخانەیەدا گردبوونەوە، فەرماندەی ئەو سوپایە موقەدەم روکن تەها شەکرچی فەرمانی دا سەرجەم ئەو (ضابط صف)ە کوردانەی کە لەگەڵ هێزەکەیدا بوون و ژمارەیان (١٢) کەس بوو کۆبکرێنەوە، هەموویان بردنە ناو چایخانەکە و ئاگربارانیان کردن و پاشان چایخانەکەیان بەسەردا رووخاندن و تەرمەکانیان کەوتنە ژێر دار و قوڕ و بەرد.

دوای چەند مانگێک و پاش ئەوەی عەبدولسەلام هاوبەشە بەعسییەکانی خۆی لاگیر کرد لە (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) ئاگربەستی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد راگەیاند، خاوەن چایخانەکە ویستی شوێنەکەی چاک بکاتەوە ئینجا تەرمی قوربانییەکان دۆزرانەوە، ئەو کردەوە وەحشیکارانە لە دیدی یاسای نێودەوڵەتیدا بە تاوانی شەڕ دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت، جا نازانم شەکرچی تاوانبار و هاونموونەکانی کەی دەدرێنە دادگای نێودەوڵەتی و بە سزای عادیلانە دەگەن؟

رۆژگار بەسەرچوو، پاش رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) کرام بە باڵوێزی عێراق لە کۆماری میللی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوسا، ساڵی (١٩٧٢) خەبەرم بۆ هات کە تەها شەکرچی (دوایی بوو بە عەمید) کراوە بە مولحەقی سەربازی لە باڵوێزخانەی عێراق، بەدرێژاییی ئەو ماوەیەی لەوێ بووم ئەو تاوانبارەم قبووڵ نەکرد و کۆماری چیکۆسلۆڤاکیاش تا من لەوێ بووم قبووڵی نەکرد، هەر لەم کتێبەدا بەدرێژی لەو بابەتە دەدوێم.

لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و دژواردا لە گوندی سوێرەلە ماینەوە، تاکە کانیاوێکی بچووک لەو ناوەدا هەبوو کە لە دامێنی شاخەکەوە هەڵدەقولا و دەهاتە ناو دۆڵەکەوە، شێوەی تاڤگەیەکی بچووکی وەرگرتبوو و قەبارەی ئاوەکەی هەر چەند ئینجێک دەبوو، بۆ خۆ شوشتن و قاپ و قاچاخ شوشتن بەکارمان دەهێنا، دوای چەند رۆژێک شوێنەکەی بووە شارە مێرووله و بنکەی کرم و مێش و مەگەز، ئێمە کە ژمارەمان لە (١٠٠) کەس زیاتر بوو لەو بارەگایەدا ئەو ئاوەمان بەکار دەهێنا.

***

## سەفەری بێتواتە

لە هەفتـەی یەکـەمی مـانگی تەمـووزی سـاڵی (١٩٦٣) لەگـەڵ عـومـەر دەبابە گـەڕانێکمـان بە ناوچەی دەشـتی کۆیەی باشـووری بارەگـاکـەماندا کـرد، بۆ هێزەکانی سوپا زەحمەت بوو لە شار دووربکەونەوە یان لەو دەشتـە فراوانەدا بڵاو ببنەوە بۆیە بە ئازادی دەسووڕاینەوە و هەر دە پێشـمەرگە یاوەرمان بوون و جەولەکەمان دوو ڕۆژی خایاند، ڕۆژی یەکەممان لەگوندی (خـەرابە)ی عەزیز سـاڵحاغا خزمی کاکەزیاد بەسـەربرد، ڕۆژی دووەمیش میـوانی شێخ جـەنگی تاڵەبانی داک برای جەلال تاڵەبانی بووین لە گوندی قزلووی دامێنی ڕۆژئاوای زێی گچکە و پاشان گەڕاینەوە بارەگا.

دوای دوو سێ ڕۆژ عــومــەر دەبابە بـرووسکەیەکی بەدەست گـەیشت کــە نەمزانی ناوەڕۆکەکەی چییە و سەرچاوەکەی کێیە، هەر ئەوەندەی وت دەبێت ئەو شـەوە بچینە گوندی بێـتواتە لـە ناوچەی ڕانیـە کە لە مـەڵبـەندی قـەزاوە نزیکە و لە شوێنێکی مەحکەمدایە و سوپا بە ئاسانی نایگاتێ و زیل و ئالیاتی سەربازی بەزەحمەت دەگەنە ئەو شوێنە و بەنیسبەت ئەو کاتە شـوێنێکی پتەو بوو.

ئەو گوندە بارەگایەکی سـەرەکیی پێشـمـەرگەی تێـدابوو و شـەهیـد عـەلی شەعبان بەڕێوەی دەبرد، عەلی شەعبان لە پیاوە ئازا و کارگێڕە بە تواناکان بوو، لە ڕێڕۆیشـتنە بەناوبانگەکـەی سـاڵی (١٩٤٧) بۆ یەکیـەتیی سـۆڤیـەت هاوەڵی سەرکردەی نەمر بارزانی بوو.

هێـزەکـانی حکوومـەت لـە ڕانیـە جێگیـر بوون و بەدرێژاییی ڕێگەی نێـوان (ڕانیـە- کۆیە) و (کۆیە- هەولێر) و ڕێگا گشـتییـەکاندا بڵاو بووبوونەوە، بۆیە

بەپێیـان و بەشـەو بـەڕێ کـەوتـین و (١٠-١٢) پێـشـمـەرگـەمـان لـەگـەڵدا بـوو، شـەوەکەی تاریک بوو و ڕێگەکەش هـەڵەت بـوو، ئـێمـە بۆ خـۆلادان لە هێزەکـانـی سوپا ڕێگەیەکی لاچەپمان گرتەبەر، سبەینێ زوو گەیشتینە گوندێکی دەشتی بیتوێن، لە ماڵێک دابەزین خاوەن ماڵەکە ئافرەتێکی بێوەژن بوو و لە ناوەندی تەمـەندا بوو، خێـزانی گـەورەی ئاواییـیـەکە بـوو، کـوڕێکی (١٠-١٢) سـاڵانـی هەبوو، ئەو ئافرەتە وەک پیاو هەڵسوکەوتی دەکرد و زۆر سەخی تەبیات بوو، دوای پشـوودانێکی کـورت و ئەوەی بۆی ئامـادەکـردین خـواردمـان کـە لە خواردنی بارەگاکەمان باشتر بوو، ماڵەکەمان بەجێ هیشت و سوپاسمان کرد و نیوەڕۆ گەیشتینە بێتواتە و میوانی شەهید عەلی شەعبان بووین و زۆری بەخێر هێناین، لە چاو بارەگای ئێمە بێتواتە شارێک بوو، سێبەری داروبار و بێستان و کانیاوی سارد و شوێنی کاری پێشمەرگە وەک فرۆشگە و بەرگدوورین و سەرتاشین و نەخۆشخانەیەکی بچکۆڵەشی تێدا بوو، دوای پشوودان عەلی شەعبان ژەمەخواردنێکی بەتامی لەپێش داناین کە برنج بە ماش بوو، ئێستاش ئەو ژەمە بەلەزەتەم هەر لە بیرە و سەرەڕای ئەوەی کە زۆر سـادەبوو، بەڵام چەند هەفـتـەیەک دەبوو تـامی چێـشـتـێکی لەو جـۆرەمـان نەکردبوو بۆیە لای من بەتامترین و بە لەزەتترین ژەم بوو.

وەبیرم دێت سەربردەی ئەو ژەمەخواردنە بەناوبانگەم بۆ سەرکردەی نەمر مـسـتـەفـا بارزانـی گـێـڕایەوە کـاتێک لە سـاڵی (١٩٧٧) بە مـەبەسـتـی چارەسەرکردن چووە ئەمەریکا و منیش هاوەڵی بووم، بارزانی وتی (مرۆڤ ئەگـەر برسی بێت ئەو ژەمـەی وەبیـردێتـەوە کـە تێـری کـردووە و هەرچەند سادەش بێت بەڵام لای ئەو بەناوبانگترین ژەمە.

کە لە بێتـواتە بووم، ڕۆژێک عـەلی شـەعبان پێی وتم کـە پێشـمـەرگـەیەک پرسـیـارم دەکات و دەڵێت خـزمی ئەوم و ئێـسـتـاش لـە هێـڵـەکـانی پێـشـەوە ئێشکگرە و ئێوارە دەگەڕێتەوە گوند، کە ئێوارە گەڕایەوە بینیم حەیدەر پیرداودی خەڵکی گوندەکەمانە و باوکی یەکێک لە وەکیلە باوەڕپێکراوەکانمان بوو لە گوند، حەیدەر برادەری منداڵیم بوو ئەگەرچی چەند ساڵێکیش لە من

بچووکتر بوو، پێشتر له سوپای عێراقدا عەریف بوو و سەر به بەشی تۆپخانه بوو و ساڵی (١٩٦٢) وەک چەندان سەرباز و پۆلیسی کورد هاته ریزی شۆڕشەوە، کە یەکترمان بینی زۆر دڵشاد بووین و جلوبەرگی بردم تا بیانشوات و سەرتاشی هێنا تا قژم بتاشێت ئەگەرچی نیمچە تەراشێکم کردبوو و بردمی بۆ شوێنی خۆشووشتن، له کاتی سووڕانەوەمدا بەناو گوندەکەدا بەلای شوێنی تایبەتی جلوبەرگ دوورین بۆ پێشمەرگە تێپەڕیم و چاوم بە خوالێخۆشبوو تایەر ئاکرەیی بەرگدروو کەوت کە ئەو شوێنەی بەڕێوە دەبرد، پێشتر دەمناسی و بڕیاری دا لە ماوەی چەند سەعاتێکدا قاتێکی پێشمەرگانەی خاکیم بۆ بدوورێت، هەوڵێکی زۆری دا و له باشترین قوماش قاتێکی نایابی خستە بەردەمم کە چەند ساڵێک لای خۆم پاراستم، هەروەها چاوم بە حوسێن شکاک کەوت کە پێشتر لە هەولێر پۆلیسی هاتوچۆ بوو و ئەندامی پارتیش بوو، ماوەیەک بوو هاتبووە ریزی شۆڕشەوە، دوای چاک و چۆنی داوای لێ کردم تفەنگەکانمان بگۆڕینەوە، تفەنگەکەی ئەو سەمینۆف بوو و هەڵگرتنی سووک بوو بەپێچەوانەی تفەنگەکەی من کە زۆر قورس بوو، زانیم دەیەوێت خزمەتێکم پێشکێش بکات، بە سوپاسەوە تفەنگەکانمان گۆڕییەوە.

دوای دوو رۆژ مانەوە لە بێتواتە چووینە ناوچەی دۆڵەڕەقە کە تۆزێک لە بێتواتەوە نزیکە و ئەو ناوچەیە سەر بە عەشیرەتی ئاکۆن و خوالێخۆشبوو عەباس مامەنداغای سەرۆکی عەشیرەتەکە لەوێ دادەنیشت، ئەو شوێنە زۆر هەڵەت و عاسێیە و سوپای نەدەگەیشتێ و مرۆڤ بە ئاسانی دەیتوانی لە دەست هێرشی فڕۆکە خۆی چەپارە بدات، لای عەباساغا میوان بووین، پیاوێکی بەخشندە و ئازا دیار بوو، زۆر کەڵەگەت بوو و کەلەشی گەورە بوو بێ ئەوەی قەڵەویی پێوە دیاربێت و وەک پەلیک دەجووڵایەوە، ئەو دەمە تەمەنی (٤٥) ساڵ دەبوو، عەباساغا لەو کەسە بەراییانەیە کە زوو پێوەندیی بە شۆڕشی کوردەوە کردووە و تەنانەت بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕش لە حکومەت یاخی بووە، لە هەموو سەردەمەکاندا ماڵ و ناوچەکەی شوێنی داڵدەدانی

نیشتمانپەروەران و ئەو کەسانە بووە کە دەسەڵات راوی دەنان، خاوەنی هەڵوێستی دیار و رۆڵی کاریگەر بووە لە شۆڕشدا و لە بارزانیی سەرکردەوە نزیک بوو، ساڵی (١٩٦٤) کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد دامەزرا کراوە بە ئەندامی ئەنجوومەن، لە کۆتاییی حوزەیران یان سەرەتای تەمووزی (١٩٦٦) بەدەست نەخۆشییەوە لە بەغدا کۆچی دواییی کرد، خوا لێی خۆش بێت.

دوو رۆژ لای عەباساغا ماینەوە، خزمەتێکی زۆری کردین و مرۆڤ لە مەجلیسەکەی بێزار نەدەبوو، لەوێ چاوم بە خوالێخۆشبوو پارێزەر عەونی یووسف کەوت کە لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کردووە، عەونی لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا و لە تەممووزی (١٩٥٩) تا تەمووزی (١٩٦٠) وەزیری ئیسکان بوو، دوای کودێتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) توانی دەرباز ببێت و رووی لە کوردستان کرد و هاتە لای عەباس مامەنداغا کە پێشتر یەکتریان دەناسی، من و عەونی برادەر بووین و بەیەکەوە پارێزەریمان کردووە لە هەولێر، لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە کە ئەو کاتە مێرد منداڵ بووم عەونیم ناسی و لە کۆتاییی دووەم شەڕی جیهانیدا تازە لە بەندیخانە ئازاد کرابوو و برادەری کاک ئەحمەدی براشم بوو، کوردایەتی و هاوسۆزی لەگەڵ شۆڕشی بارزان لە ساڵی (١٩٤٥) بەیەکەوەی کۆ کردبوونەوە.

هەر لەو کاتەدا مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ هاتە ناوچەکە و پێشتر چاوی بە بارزانی کەوتبوو (وەک باسم کرد)، پێشتر مەلا عەولام دەناسی و برادەر بووین و خەڵکی ناوچەکەمان و لە کادیرە چالاک و پێشکەوتووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پەیوەندیمان دەگەڕایەوە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردوو، زوو زوو دەهاتە دووگردکان و برادەری کاک ئەحمەد بوو، دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ خۆی و هەردوو هاوەڵە پێشمەرگەکەی (کە پێشتر پۆلیس بوون و خەڵکی ناوچەی خۆمان بوون و دەمناسین)، خواحافیزییان کرد. دوای دوو رۆژیش عومەر دەبابە و من لەلایەن عەباساغەوە بەوپەڕی رێزەوە بەڕێ کراین و گەڕاینەوە بێتواتە.

## بەرەو نادیاری

پێش رۆژئاوابوون گەیشتینە بارەگای عەلی شەعبان و شەومان لەوێ بەسەربرد، رۆژی دوایی عومەر دەبابە خەبەری دامێ کە دەڕوات تا چاوی بە بارزانی بکەوێت، لێم نەپرسی کە ئاخۆ بەرەو کوێ دەڕوات یان بارزانی لە چ ناوچەیەکە، ئەمیش هیچی دەربارەی ئیشوکارم و چارەنووسم پێ نەوتم، بە تەنیا مامەوە و بە سەرسامی نەمدەزانی چی بکەم و بۆ کوێ بچم.

ئەو رۆژەم لە بێتواتە بەسەربرد، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیارم دا بچمە ناوچەی چیای سەفین و گوندی هیران، داوای رەزامەندیم لە شەهید عەلی شەعبان کرد کە رازی بێت عەریف حەیدەر پیرداود یاوەرم بێت، رازی بوو، هەروەها داوام کرد (چوار پێیەک)م بەکرێ بۆ بگرن، لەبەر چەند هۆیەک ئەو ناوچەیەم هەڵبژارد، یەکەمیان: لەناوچەی خۆمان نزیک بوو، دووەمیان: لە هەولێر نزیک بوو و زوو زوو خەبەرم بۆ دەهات، سێیەمیان: شێخانی هیران (خێزانی کاکی هیران) زۆربەیان ناسیاو و برادەر و خزم بوون.

بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ عەریف حەیدەر بێتواتەمان بەجێ هێشت و بەرەو چارەنووسێکی نیمچە نادیار هەنگاوم نا، بۆ یەکەم جار و لە ماوەی ئەو پێنج شەش هەفتەیەی کە هاتبوومە ریزی شۆڕشەوە، هەستم بەجۆرە بێزارییەک کرد، لەو سەفەرەدا هەندێک هەڤاڵی مامۆستام لەگەڵدا بوو کە بەنیاز بوون بچنە سوێرەلە، لەوانە بەڕێز عەبدولکەریم رەزا کە مامۆستای دواناوەندی بوو، ئەوانە خەڵکی کۆیە بوون، بۆیەش دەچوونە سوێرەلە چونکە لە کۆیەوە نزیک بوو.

نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی (چیوە)، لەماڵی حاجی بەدیعی گەورەی ئاوایی

میوان بووین، لەبەرئەوەی نەخۆش بوو درەنگ هاتەلامان، مەلای گوندی لە جیاتی ئەو هات و لەسەری مەجلیس دانیشت، پێ دەچوو نیمچە نەخوێندەوار بێت، دوای سڵاوکردن وتی: ئاخۆ خوێندنەوە و نووسین دەزانن، وتمان: نەء، تەواو دڵنیابوو و نیشانەی شادی بەڕوویەوە دیار بوو، دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسووناوی کرد گوایە ئەمانە حەدیسی شەریفن و ئایاتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری بەهەڵە لێک دەدایەوە، زۆر بەزەحمەت خۆمان گرت تا پێ نەکەنین، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ حاجی بەدیع هات و زۆری بەخێرهێناین، گوندەکەمان بەجێ هێشت و سوپاسمان کردن و رووەو بارەگای سەرکردایەتیی سەفین و گوندی هیران هەنگاومان نا، لە مەڵبەندی ناحیەی خۆشناو، دوای ڕۆژئاوابوون گەیشتین، بارەگاکە لە باڵەخانەیەکی حکومی بوو کە لام وایە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوو، سەرکردەی ناوچەکە عەبدوڵڵا پشدەری بوو کە سەرکردایەتیی بەرەی هەیبەت سوڵتانیشی دەکرد لەکاتی هێرشی سوپای لەکۆیەوە هاتوو وەک پێشتر باسم کرد، لەیەک لەو هێرشانە بریندار بووبوو و چووبوو بۆ چارەسەری، ئەو بارەگایە ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگە و بەرپرسانی کارگێڕی بارەگا و کارمەندانی نەخۆشخانەی تێدا بوو، بینیم زۆربەی ئەوانە دەناسم کە لە بارەگاکەدا بوون، حەسەن ئیسماعیل بارەگا و نەخۆشخانەی بەڕێوە دەبرد، قوتابی پۆلی پێنجەمی پزیشکی بوو لە بەغدا و پێمان دەوت دکتۆر حەسەن، لە پزیشکی و بەتایبەتی نەشتەرکاری زۆر شارەزا بوو و کوڕێکی خۆش مەعشەر بوو، هەروەها هەندێک لە پێشمەرگەکانی بارەگاکەم دەناسی کە پێشتر پۆلیس بوون و دانیشتووی ناوچەکەمان بوون لەوانە ئەحمەد ئۆمەر و سلێمان مەلا خالید و ئەحمەد کە پێشتر شوفێری ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس بوو، هەروەها زانیم کە مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ) ڕۆژی پێشتر گەیشتووەتە ئەوێ، هەموو بەخێریان هێنام.

دوو مانگ بەسەر هاتنم بۆ هیرانی مەڵبەندی ناحیەی خۆشناو و سەرکردایەتیی بەرەی سەفین تێ پەڕی بێ ئەوەی هیچ کارێک بکەم، لە

ناوەندی تەمووز هاتم و تا نزیکەی ناوەندی ئەیلوول مامەوە، مەلا عەبدوڵاش بەدرێژاییی ئەو ماوەیە لەوێ بوو بێ ئەوەی هیچ کارێک بکات، لام وایە بەرپرسیارێتی لێ وەرگیرابووەوە چونکە بارزانی لە هەڵسوکەوتی مەلا عەبدوڵا لەگەڵ پێشمەرگەو هاووڵاتیان رازی نەبوو، بەڵام بۆ من باشترین برادەر بوو و هەموو هەوڵێکی دەدا تا هەست بە بێزاری نەکەم، لای منیش ئەوپەڕی رێزی هەبوو و هەرچەندە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو و منیش ئەوکاتە هیچ سیفەتێکی رەسمی و حزبیم نەبوو.

دوکتۆر حەسەن و هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون دەرهەق بەمن کەمتەرخەم نەبوون، دکتۆر زۆر قسەخۆش و پڕ نوکتە بوو، بەردەوام سوحبەتمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەوهەر هیرانی دەکرد، جەوهەر کۆنە برادەر و لە پارتییە کۆنەکان بوو و خەڵکی هیران بوو، ئەو کاتە لەبەر هێرشی فڕۆکە و تۆپبارانی بەردەوام کە لە شەقڵاوەوە دەهات هیران چۆڵ کرابوو، هیران هەر بیست کم لە شەقڵاوەوە دوورە و تژییە لە رەزو باخ و هەمەجۆر میوەیەکی تێدایە، کانیاوی سازگاری هەیە و ئاووهەواکەی زۆر لەبارە تا بکرێتە هاوینەهەوارێک لە کوردستان.

ناوبەناو هەندێک لە کادیرانی حیزب بەنهێنی لە شەقڵاوەوە دەهاتنە لامان و هەواڵی ناوەخۆ و پڕوپاگەندە و جوولانەوەکانی سوپا و بارودۆخی گشتییان بۆ دەهێناین، هەر جارێکیش هەندێک فیشەکیان بۆ دەهێناین کە لە جاشەکانەوە بەدەستیان دەکەوت، مەلا ماتۆڕ و بارەگاش لە مەکتەبی سیاسی بەرەکانی ترەوە برووسکەیان بۆ دەهات، بەمە دەمانزانی بارودۆخی بەرەکانی شەڕ و هەڵوێستی سەربازی و سیاسی بەشێوەیەکی گشتی چۆنە.

رۆژێکیان، ئیسماعیل کوێخا ئەحمەد کە ئێمە بە کاکە سمە بانگمان دەکرد هاتە هیران، وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم پێ داوە، کاکە سمە لە چوارچێوەی هێزی دەشتی هەولێر هاتبووە ریزەکانی شۆڕش و بارەگایان کەوتبووە گردەکانی باشووری رێگای هەولێر- کۆیە، کاکە سمە یاوەری کاک ئەحمەدی برام بوو و ئەو بۆ لای من رەوانەی کردبوو کە زانیبووی لە هیرانم و

دەمانچەیەکی جۆری چواردە خۆری (برۆنیک ٩)یشی بۆ ناردبووم کە هی خۆم (قەبارە ٧) بوو، هەروەها نامەیەکی دڵنیاییشی بۆ ناردبووم، کاکە سمە دوو سێ رۆژ مایەوە و پاشان گەڕایەوە بارەگاکەیان.

رۆژێکیان، لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆ لە ناو یەکێ لەو رەزانەی کە بەڕۆژ پەنامان بۆ دەبرد، مەلا ماتۆڕ لەلایەن برادەرێکی پێشمەرگەیەوە نامەیەکی بۆ هات و تیایدا بەبۆنەی شەهیدبوونی حەسەنی برای لە یەکێک لە شەڕەکانی ناوچەی هەولێر سەرەخۆشیی لێ کردبوو، پێش گەیشتنی نامەکە من ئەو خەبەرەم بیستبوو بەڵام حەزم نەکرد بە مەلا ماتۆڕ بڵێم، نامەکەی دایە دەستم و تۆزێک مات بوو، منیش سەرەخۆشیم لێ کرد و وتم: خەبەرەکەم پێ گەیشتبوو بەڵام پێم نەوتی، وتی ئەمە بۆ هەر یەکێکمان شتێکی چاوەڕوانکراوە، دەستی بە نانخواردن کردەوە، منیش خواردنەکەم تەواو کرد وەک بڵێی هیچ شتێک رووی نەدابێت.

بەم جۆرە رۆژەکان بەسەرچوون بێ ئەوەی هیچ شتێکی بەسوود وەدەست بێنم، هەندێک جار بیرم دەکردەوە بچمە دەشتی هەولێر و بچمە ریزی هێزەکانمان لەوێ کە هەردەم رووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە و مەفرەزەکانیان دەچوونە گوندەکانی ناوچەکە دوای ئەوەی گورزی باشیان لە دوژمن دەوەشاند و هەر جارەش هەندێک جاش یان سەربازیان بەدیل دەهێنایەوە جگە لە هەندێک دەسکەوت کە مۆڵکی بەکرێگیراوان و هاوکارانی دوژمن بوون، چەند بیرم دەکردەوە لەوە دڵنیا دەبووم کە کاک ئەحمەد حەز ناکات بچمە ئەوێ لەبەر سەلامەتیم و هەروەها لەو ژیانە ناخۆشە دوورم بخاتەوە کە خۆی و هەڤاڵەکانی زۆر بەخراپی تیایدا دەژیان.

## کشانەوەی سوپا لە رانیە و سەفەری قەڵادزێ

رۆژێکیان خەبەرهات کە هێزەکانی سوپا لە رانیە و دەوروبەری کشاونەتەوە و هیچ بەربەستێک بۆ سەفەری رانیە و قەڵادزێ لە بەردەمدا نییە، خێزانی مەلا ماتۆڕ (دایکی و ژنەکەی) لەو شارە بچووکەدا دەژیان، مەلا منداڵی نەبوو، دوای دڵنیابوون لەو خەبەرە، ئەحمەدی شوفێر ئەو پیکابەی ئامادە کرد کە کاتی خۆی هی هێزەکانی پۆلیسی حکوومەت بوو و لەگەڵ پێوەندیکردنی بە شۆڕشەوە هێنابووی، پیکابەکە لەناو رەزێک بە چرۆ و داروبار داپۆشرابوو، کە زانی ئوتۆمۆبیلەکە کار دەکات عەسر بەڕێ کەوتین و لە ترسی ئەو فڕۆکانەی کە بە ناوچەکەدا دەسووڕانەوە پێش رۆژئاوابوون گەیشتینە گوندی کانی ماران لە دەشتی بیتوێن، بەپەلە نانی ئێوارەمان لەماڵی ئەحمەد کە برازای پارێزەر عەبدوڵا کانی مارانی (نەوەی مەلا عەلی کانی مارانی) خوارد، هەندێک سووتەمەنیمان دەس کەوت و چووینە رانیە و پاشانیش قەڵادزێ، بەنیسبەت شار و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد قەڵادزێ لە هەمووان گەورەتر و قەرەباڵغتر بوو، بەنیسبەت ئێمەشەوە زۆر خۆش بوو، یەکەم جار بوو دوای هاتنە ریزی شۆڕشەوە شارێک ببینین کە چایخانەو چێشتخانەی بچووک و کەبابی تێدابێت.

شەوی یەکەمم لە ماڵی مەلا ماتۆڕ بەسەربرد، لەوێ چاوم بە خوالێخۆشبوو عەریف عەلی حوسێن ناسراو بە عەلی شەوباش کەوت کە فەرماندەی ئینزیباتی شۆڕش بوو لە شارەکە، پێشتر یەکترمان نەدەناسی، بەڵام ئامادەیی خۆی بۆ هەر خزمەتگوزارییەکم پیشان دا، کەسێکی بە خزمەت و حزبییەکی چالاک بوو، پاشان بوو بە یاوەرم و هەروەها بووە بەرپرسی کارگێڕی بارەگاکانمان لە هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزیی پارتی

دیموکراتی کوردستان.

ڕۆژی دوایی زانیم کە عومەر دەبابەش هاتووەتە قەڵادزێ، لەگەڵ عەلی شەوباش چوومە ماڵی بەڕێز تاهیر مستەفا کە برای عومەر دەبابە بوو و وەزیفەی حکومەتی بەجێ هێشتبوو و لە ناوچە ڕزگارکراوەکان دادەنیشت، تاهیر مستەفا پیاوێکی زۆر چاک بوو و لە سەرەتای پەنجاکانەوە دەمناسی.

لەلای عومەر دەبابە، کەسێکم بەجلوبەرگی کوردییەوە بینی کە پێشتر بینیبووم، بەڵام بەبیرم نەدەهاتەوە، دوای قسەکردن لە شێوەزارەکەی زانیم کە کوردی ئێرانە، دوای وردبوونەوە وەبیرم هاتەوە کە ئەو پیاوەم پێش شەش مانگ لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە بەغدا بە جلوبەرگی فەرەنجییەوە بینیوە کە لەگەڵ داوەتکراوەکان ئامادە بووبوو و ئەو کاتە وتیان ئەمە مولحەقی عەسکەری ئێرانە و پاشان زانیم ناوی موقەدەم (عیسا پژمان)ە، نانی نیوەڕۆمان بەیەکەوە خوارد، عومەر دەبابە و ناوبراو ڕۆیشتن، عومەر وتی دەچمە لای بارزانی، پرسیاری ناسنامەی کابرا کە بە سەید حەسەن بانگیان دەکرد و چی ترم لە عومەر نەکرد، دوای ڕۆیشتنیان چاوم بە هەندێک جۆرە چەکی دژ بە زرێپۆش لە جۆری (بازوکا) کەوت کە لەلایەن پێشمەرگەوە مەشقی لەسەر دەکرا، پاشان زانیمەوە کە عومەر دەبابە لەگەڵ ئەو میوانە چووەتە ئێران و تا ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ عەبدولسەلام عارف نەگەڕایەوە لە (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤)، ئەمە دواجار بوو کە عومەر دەبابە ببینم و تاکۆتاییی ساڵی (١٩٧٣) و چەند ساڵێک دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار چاوم پێی نەکەوتەوە.

بە کۆششی عەلی شەوباش، خانوویەکی بچووکی حکومی و پێداویستی نووستن و ئاتاجی ترم دەس کەوت، لەگەڵ حەیدەر چەند ڕۆژێکمان بەسەربرد، دوای بەسەربردنی هەفتەیەک لە قەڵادزێ، بەهەمان ئۆتۆمۆبیل لەگەڵ مەلاماتۆڕ چووینە ناوچەی هێزی هەولێر کە بارەگای سەرەکییان لە چیای پیرەری نێوان هەولێر و کۆیە بوو، لەوێ بۆ یەکەم جار و دوای شەش مانگ چاوم بە کاک ئەحمەدی برام و ئامۆزاکانم بورهان عەزیزاغا و عومەر عەلی

خورشید و تەڵعەت موشیری برایماغا و وریای برازام و هەندێک لە خەڵکانی گوندەکەمان وەک کاکە سمە و حاجی فەقێ عەولاو قادر مامە کەوت، بەڵام کەمال ڕەشیدی ئامۆزام کە لە تەمەنی خۆم بوو و گەنج بوو پێش ئەو کاتە شەهید بووبوو و زۆر سوێم لێ بووەوە، عومەری برا گچکەشم چووبووە ماوەت تا لە وێستگەی ئەو رادیۆیەدا کاربکات کە خەریکی دامەزراندنی بوون.

دوای پشوودانێک لە بارەگای سەرەکی، چوومە بارەگای بورهاناغای ئامۆزام کە لەوێ نزیک بوو، بورهان سەرپەل بوو، زۆری بەخێرهێنام و کاورێکی قەڵەوی بۆ سەربڕیم کە لەگەڵ هەندێک مەڕدا لە جاشەکانیان سەندبوو.

ڕۆژی دوایی چوومە گوندی رەسووڵ بسکۆل کە کەوتبووە ناوچەیەکی زوورگاویی عاسێ لەنێوان هەولێرو کۆیە و هی هەردوو خاڵۆزایانم شێخ جەبار و شێخ ئەنوەر بوو کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسم کردوون.

چەند ڕۆژێک لە گوندی ناوبراو مامەوە، هەندێک لە دانیشتووەکانیم دەناسی چونکە رۆژگاری منداڵیم دەهاتنە دووگردکان، هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەم بەنهێنی و بەڕێگەی حزبەوە هاتنەلام بێ ئەوەی دەسەڵاتدارانی حکوومەت بزانن، پاشان گەڕامەوە بارەگای هێزەکانمان و ئینجا چوومەوە قەلادزێ، ئەمە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٣)دا بوو، هەروەها کاک ئەحمەدی براشم هاتە قەلادزێ و پلەیەکی سەربازی لە هێزەکانی ناوچەکەدا پێ دراو کرا بە یاریدەری فەرماندەیی هێزی کاوە کە ئاوکوفی لیوایەکی سەربازییە.

## وەرگرتنی یەکەم کاری فەرمی لە شۆڕشی کورددا

سـەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بوو کە گەڕامەوە قەڵادزێ و کاک ئەحمەدی برام کرا بە یاریدەری فەرماندەی هێز و موقەدەم نافیز جەلالیش بە وەکالەت لە شوێنی عومەر دەبابە کرا بە فەرماندەی هێز، وەک وتم دەبابە لە سەفەر نەگەڕابووەوە، چەند بەرپرسێکی دیکە لە شارەکە دامەزران بێئەوەی ناوی من لە هیچ شوێنێک بێت، دوای دوو ڕۆژ مەکتەبی سیاسی برووسکەیەکی بۆ بارەگای هێز کرد کە چۆن هیچ لێپرسراوییەکیان نەداومەتێ و نووسیبوویان کە لە قەڵادزێ بکرێم بە دادوەر، نازانم ئەو کەمتەرخەمییە سەرەتا لە مەکتەبی سیاسییەوە بوو یان بەرپرسانی ناوچەکە لە سەرووی هەموویانەوە عومەر دەبابە جورئەتیان نەبوو ناوی من بێنن تا بۆ وەزیفەیەک دەستنیشانم بکەن، لەوە یەقین بووم کە برووسکەی دوایی بە کاریگەری عەلی عەبدوڵا و نووری شاوەیس نێردرابوو.

وەک دادوەرێک، لە باڵەخانەی دادگا دەستبەکار بووم بۆ چارەسەری کێشە و سولح، دوو کەسم لەگەڵدا بوو، مەلا حەسەن نووسەری دادگا و پیاوێکی پیریش کە ناوی مام ڕەزا بوو، دوو پیاوی زۆر باش بوون و خۆشم دەویستن، سەرەتا هەوڵم دا کارەکانی دادگا ئسوولی بن و بەشێوەی دادگایەکی نیزامی و بەگوێرەی یاسای پەیڕەوکراو بەڕێوە بچن، لەبەر ئەوەی ناوچەکە عەشایەری بوو و زۆربەی کێشەکانیش لە نێوان خاوەن زەوی و جووتیارەکاندا بوو بارودۆخی شۆڕشیش وای دەویست چاودێری هەردوولا بکرێت بۆیە زەحمەت بوو لە هەموو کێشەیەکدا یاسا بچەسپێت، چەندی دەمویست یاسا بچەسپێنم ڕووبەڕووی موڵکدار و سەرۆک عەشیرەتەکان دەبوومەوە، موڵکدارەکان دەیانویست هەڵسوکەوتی جیایان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام من دەمویست یاسا

سەروەر بێت و دادوەری باڵ بەسەر هەردوو لایەنی کێشەداردا بکێشێت جا ناسنامەیان هەر چییەک بێت.

ئەو ماوە کورتەی کە لە دادگا بووم توانیم کارەکانی وا ڕێک بخەم کە هەیبەت و شەوکەتی یاسایان پێوە دیاربێت، ئەمە هانی هاووڵاتیانی دا کە روو لە دادگا بکەن و دووبارە متمانەی پێ بدەنەوە، دوای سێ هەفتە برووسکەیەک لە مەکتەبی سیاسییەوە هات و تیایدا دەڵێت بچمە شارۆچکەی ماوەت وەک ئەندامی دادگای باڵا (ئاوکوفی دادگای تەمییز) بوو کە تازە دامەزرابوو و دادگای قەڵادزێش تەسلیم بە مافناس بابەکر مەحموود پشدەری بکەم کە برادەریشم بوو، سەرەتا وام زەن کرد کە ئەم گواستنەوەیەم بۆ رازیکردنی سەرانی عەشایەرە لە پشدەر و ویستوویانە دادوەرەکە لە خۆیان بێت بەڵام دوایی زانیمەوە کە سەرۆکی دادگای باڵا خوالێخۆشبوو عومەر حەبیب ئەمەی پێشنیاز کردووە، چونکە لەو سێ مافناسە کۆنە بووم کە هاتبووینە ریزی شۆڕشی کوردەوە، لەو باوەڕەدام بەمە مەکتەبی سیاسی دوو ئامانجی پێکا.

# چوونم بۆ ماوەت

هەر ئەو رۆژەی کە برووسکەم بەدەست گەیشت، بەخێرایی دادگام تەسلیم بە دادوەر بابەکر مەحموود پشدەری کرد، دوای دوو رۆژ خۆم بەگەڵ ئەو کاروانە دا کە دەچوو لە ماوەت لە مەکتەبی سیاسی پێداویستی بۆ هێزەکانی ناوچەی قەڵادزێ بهێنێت، سەرقافڵەچی ئەو کاروانە خوالێخۆشبوو میرزا باپیری یاریدەری فەرماندەی هێز بوو بۆ کاروباری کارگێڕی، حەیدەر بڕیاری دا دوای ئەوەی هەندێک پێداویستی دەستەبەر بکات ئینجا پێوەندیم پێوە بکات، لە سەرەتای تشرینی یەکەم سبەینەیەک قەڵادزێمان بەجێ هێشت و دوو سەعات بەر لە رۆژئاوابوون گەیشتینە چیایەکی نێوان کاروانەکە و ناوچەی مەکتەبی سیاسی، میرزا باپیر پێی وتم ئاخۆ دەتوانم بە پێ بەسەر ئەو چیایە بکەوم چونکە لەو ناوە هیچ رێگایەک نییە کە وڵاخی پێدا بڕوات، هەروەها پێشنیازی کرد کە یان چەند سەعاتێکی تر لەگەڵ کاروانەکەدا بڕۆم و لە گوندێک بحەسێینەوە یاخۆ بەسەر چیایەکە بکەوین، وتم با سەرکەوین، بەکەمتر لە سەعاتێک گەیشتینە لووتکەی چیایەکەو رەزێکمان بینی، دوای پشوودان دارمێوێکمان دۆزییەوە و هەندێک (هێشووە ترێ)مان لێ کردەوە، میرزا باپیر نانی لەلا بوو و ژەمێکی بە لەزەتمان خوارد، ئەو دیوی چیایەکە لێژاییەکی تیژبوو و تژی بوو لە وردە چەوی نەرم کە لە ئەنجامی هەرەسی بەفردا گردبووبووەوە، بەخێرایی دابەزین و گەیشتینە دامێنی چیایەکە، بەرێگەیەکی نیمچە دەشتاییدا رۆیشتین، لە رێگە کادرێکی حزبیمان بینی کە پیاوێکی بەساڵاچووی بەپێشە خۆی دابوو وتی گومانی لێ دەکەم و دەیبەمە ماوەت.

گەیشتینە گوندی عیساوی کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەوێ بوو، ئەو شەوەمان لە بارەگای تایبەتی کەلوپەل و ئازووقەدا بەسەربرد، سبەینێ، دوای

چێشت خواردن ڕوومان لە مەکتەبی سیاسی کرد کە هەر نیو سەعات دوور بوو، لەوێ چاوم بە خوالێخۆشبوو نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەوت کە لە برادەرە کۆنەکانم بوون، هەروەها ئیسماعیل سەرهەنگ کە پێشتر مامۆستا بوو و بەرپرسی برووسکە جفرەدارەکانی حکومەت بوو و زۆر شارەزا بوو لەو بوارەدا، هەموویان بەخێریان هێنام و بەیەکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد کە ژەمێکی سادە بوو، ئینجا نامەی پێویستیان بۆ نووسیم تا بچم لە ماوەت دەستبەکاربم.

***

## له ماوەت دا

له (عیساوی) بەرەو ماوەت بەڕێ کەوتم، وەک وتم بارەگای مەکتەبی سیاسی لەو گوندە بوو، عیساوی گوندێکە نزیک سنووری عێراق- ئێرانە، فڕۆکە عێراقییەکان لەبەر دوو هۆی سەرەکی نەیاندەتوانی بۆردمانی بکەن، یەکەمیان: لەسەر نەخشەی سەربازیدا ناوی نەبوو و دوای تۆمارکردن و رەسمکردنی نەخشەکان دۆزرایەوە و سەرەتا هەر یەک دوو ماڵ بوو، دووەمیان: ئەو شوێنە نزیک سنووری ئێران بوو، دەبووایە فڕۆکەکان بە ئاسمانی ئێراندا تێپەڕیبان کە عێراق خۆی لەمە بەدوور دەگرت، هەروەها خانوو و بارەگاکان لێکتر دوور بوون و بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابەش بووبوون کە فڕۆکە بەزەحمەت بەدی دەکردن. شارۆچکەی ماوەت بە پێ دوو سەعات لە بارەگای مەکتەبی سیاسییەوە دووربوو، مەکتەبی سیاسی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانم ولاغێکیان بۆ دابین کردم، کەلوپەلەکانم لەگەڵ کاروانی ئازووقە گەیشتبووە ماوەت وەک پێشتر باسم کرد کە بریتی بوون لە پێخەفی نووستن و جانتایەکی سەفەری بۆ جل وبەرگ کە کێشەکەی هەر چەند کیلۆیەک دەبوو.

عەسرێکی سەرەتای تشرینی دووەم گەیشتمە ماوەت و چوومە باڵەخانەی دادگا کە خانوویەکی حکومی بوو و بریتی بوو لە چوار ژوور و ساڵۆنێک و هەندێک جێگای دی، لام وایە پێشتر ماڵی بەڕێوەبەری ناحیە بوو، ماوەت شارۆچکەیەکی بچووک بوو، ژمارەی دانیشتوانی دوو تا سێ هەزار کەس دەبوو و (٣٠٠-٤٠٠) ماڵیش دەبوو، جادەیەک دەیکرد بە دوو بەشەوە کە بەناویدا تێ دەپەڕی، ئەو جادەیە ڕێگای سلێمانی- ماوەت-ی تەواو دەکرد، باڵەخانەیەکی گەورەی لە بەرد و چیمەنتۆ دروستکراوی تێدابوو کە دیوارەکەی بەرزبوو و لە سووچەکانی خاڵی چاودێری دانرابوو کە وەک قەلایەکی پتەو

دیاربوو، هەروەها چەندان هۆڵ و ژووری تێدابوو، لام وایە پێشتر بارەگای بەڕێوەبەری ناحیە و پۆلیس و هەندێک فەرمانگەی حکومەت بووە، لە نێوان ژوورەکانیشدا گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو، بەرپرسانی شۆڕشی کورد ئەو قەڵایەیان کردبووە گرتووخانە بۆ دیل و بەندییەکان جگە لە شوێنی حەوانەوە بۆ کارمەندانی گرتووخانە. باڵەخانەی دادگا دوو ژوور بوو، ساڵۆن و دوو ژوورەکەی تریش شوێنی حەوانەوەی دادوەران و کارمەندانی دادگا بوو، کە گەیشتمە ئەوێ خوالێخۆشبوو عومەر حەبیبم بینی کە پێشتر لە دادگاکانی حکومەت دادوەر بوو و ئەندامی کۆنی پارتیش بوو و کرابوو بە سەرۆکی دادگای باڵا لە کوردستان، هەروەها خوالێخۆشبوو حەسەن سەید ئەحمەدم بینی کە پێشتر لە دادگاکان و فەرمانگەکانی تەسویەی زەوی کاری دەکرد، پێشتر هەردووکیان برادەرم بوون، لە سەرەتای پەنجاکانەوە عومەر حەبیبم دەناسی ئەو کاتەی کە پارێزەر بوو، لەگەڵ زۆربەی خانەوادەکانی کۆیە پێوەندیی خزمایەتی و برادەرایەتیمان هەبوو و زۆربەشیان برادەر و هەڤاڵی حیزبی کاک ئەحمەدی برام بوون، لە ساڵی (١٩٥٤)ەوەش حەسەن سەید ئەحمەدم ناسی کە وەک فەرمانبەری فەرمانگەی تەسویە لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر گواسترایەوە و لە دادگای باڵادا ئەندام بوو، ئەندامێکی دیکە ڕۆبیتان جاف بوو کە لە خانووێکی دەرەوەی دادگەدا دەژیا و لە ترسی بۆردمانی فڕۆکە هەردەم لە ئامادەباشی و دڵەڕاوکەدا بوو، فەرهاد عەونی لاوێک بوو و برازای سەرۆکی دادگا عومەر حەبیب بوو و وەک نووسەری زەبتیش لە دادگا کاری دەکرد (فەرهاد ئێستا نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە)، هەموویان بەبینینم دڵشاد بوون و بەخێرهاتنیان کردم، بینیم ئەو هۆڵەی کە لە نێوان ژوورەکاندایە کراوە بە ژووری سەرەکی نووستن و حاکم عومەر و فەرهاد نوێنی خۆیان لێ ڕاخستبوو، حەسەن سەید ئەحمەدیش نوێنەکانی لە ژوورێکی بچووک ڕاخستبوو کە وەک گەرماو بەکاردەهات و قەرەوێڵەیەکی ئاسنی لێ دانابوو کە بە عاستەم جێی دەبووەوە.

دوای پشوودانێکی کورت و چایەخواردنەوە، نوێنەکانم لەتەک نوێنی عومەر

حەبیب و فەرهاد راخست و حاكم عومەر باسی پێكهاتەی دادگاكەی بۆ كردم، دادگای باڵای شۆڕش (كە ئاكۆفی دادگای تەمییز بوو) باڵاترین دەسەڵاتی قەزایی بوو بە سەرۆكایەتیی دادوەر عومەر حەبیب و ئەندامێتیی هەریەک لە مافناسان رۆبیتان جاف و من، لەكێشەی شەرعیشدا راوێژ بە مەلا جەمیل رۆژبەیانی دەكرا، سەرۆكایەتیی دادگای باڵای جەزا بەوەكالەت درا بەمن و حەسەن سەید ئەحمەد و مافناس كەمال حاجی مستەفا كە لە شوێنێكی دیكە دادوەر بوو و بۆ ماوەت گواسترابووەوە تیایدا ئەندام بوون، دادوەری لێكۆڵینەوەش بەشێوەیەكی كاتی درابوو بەمن و هەروەها بەرپرسیارێتیی سەرپەرشتیكردنی قەزایی گرتووخانە و بەندیخانەش لە ئەستۆی من بوو، دوو ئەفسەری پۆلیسیش بەپلەی نەقیب وەک دوو داواكاری گشتی كاریان دەكرد، یەكەمیان نەقیبی پۆلیس كەمال ئەحمەد بەرقی بوو كە داواكاری گشتی مەدەنی بوو، كەمال تۆماری تایبەت بەناوی بەندییەكان و جۆری تاوانەكانیان و هەروەها ناوی حوكمدراوەكان و ماوەی حوكمەكانیانی دروست كردبوو، دووەمیشیان شەهید نەقیبی پۆلیس تاهیر ساڵح ناسراو بە (تاهیر نایلۆن) بوو كە داواكاری گشتیی سەربازی بوو، هەردووكیان پیاوی بەرەوشت و بەلوتف بوون. بۆ رۆژی دوایی وەک دادوەری لێكۆڵینەوە دەستبەكار بووم، دوای وردبینی تۆمار و ئەوراقەكان بینیم كە وردنین و هەندێک لە حوكمەكان بەبێ بەڵگەی تەواو دراون و تەنانەت هەندێک بەندكرا و بە ئیعدام حوكمدراو هیچ ئەوراقیان نییە و بێ بەڵگەن، كادیرێک یان یەكێک لە بەرپرسەكانی ناوچەكە گومانی لە یەكێ كردووە یان لە هەڵسوكەوتی رازی نەبووە یەكسەر بە سیخوڕ و خاین تۆمەتباری كردووە، سەرلەنوێ دەستم بە لێكۆڵینەوە كردەوە، هەر رۆژی ژمارەیەک تۆمەتبارم بانگ دەكرد و سەرلەنوێ لێكۆڵینەوەم لەگەڵدا دەكردن، لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو هەندێكم ئازاد دەكردن و هەندێكیانم دەناردنە دادگای تایبەتمەند تا سەرلەنوێ دادگایی بكرێنەوە، ئەوەی كە گومانیشم لێ بكردایە و بەزەحمەت بەڵگەم دەست بكەوتایە دادگاییەكەم دوادەخست، زۆربەشیان ئازاد دەكران ئەو كەشوهەوایەی كە

تیایدا بووین وەک خێزانێک بەیەکەوە دەژیاین، کاتی بێ ئیشیمان بەقسە خۆشەکانی حەسەن سەید ئەحمەد بە سەردەبرد و هەستمان بە بێزاری نەدەکرد، حەیدەر پیرداودی هاوەڵم گەیشت و هەروەها بەکر حاجی فەرەجی پێشمەرگە بۆ دادگاکەمان گواسترایەوە (بەکر ئێستا فەرماندەی فەوجی پاراستنی دکتۆر رۆژ نوری شاوەیسی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە)، حەیدەر و بەکر لە ژوورەکەی تەنیشتمان جێگەی خۆیان کردەوە.

رۆژێکیان وردبینی تۆماری تایبەت بەگیراوەکانم دەکرد ناوی (رەحمانە شەل)م بەرچاوکەوت کە یەکێک بوو لە کادیرە چالاکەکانی جووتیارانی حیزبی شیوعی عێراق لە هەولێر، پیاوێکی بە تەمەن بوو خەڵکی ناوچەکەمان بوو، دوژمنانی شیوعیەت پێیان دەوت (رەگاعی هەولێر) و بە(حەسەن رەگاع)ی یەک لە کادیرەکانی حیزبی شیوعی لە باشوور دەیانشوبهاند.

رەحمانە شەل پیاوێکی دیاری کۆمەڵەی جووتیارانی سەر بە حیزبی شیوعی بوو، سەرەڕای هەموو قسەو قسەلۆکەکان پیاوێکی سادە و بەڕەوشت بوو، هیچ هەڵسوکەوتێکی ناشایستەی نەکردبوو هەر ئەوەندە نەبێت لە بەرامبەر جووتیارە سادەکان وا خۆی پیشان دەدا کە برادەری عەبدولکەریم قاسمە و زەوییان بەسەر دابەش دەکات، هیچ تۆمەتێکم نەدۆزییەوە کە ئاراستەی کرابێت تەنیا ئەوەندە نەبێت کە شیوعییەکی چالاک بوو و لە فایلەکەشیدا نووسرابوو کە دژی پارتییە.

ناردم بە دوایداو هێنایان، لە بارودۆخێکی خراپدا بوو و کەشوهەواش زۆر سارد بوو، دوای چاک و چۆنی پێم وت لەسەر کورسییەک دابنیشێت، لەوکاتەدا رۆبیتان جاف هاتە ژوورەوە و چرپاندی بەگوێمدا ئاخۆ ئەو گیراوە دەناسم یان نا، وتم: بەڵێ دەزانم کێیە بۆیە مۆڵەتم پێ دا دابنیشێت، رۆبیتان چووە دەرەوە و لە رەحمانم پرسی کە بۆ هێناویانەتە ئێرە؟ وتی: لە کاتێکدا چوومە لای هێزی دەشتی هەولێر بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەک گرتمیان، هەندێک جلوبەرگی بنەوە و بڕێک پارەم دایە، ناردم لە گەرماوی گوندەکە خۆی شووشت و دوای نانخواردن پێم وت کە سەردانم بکات تا لە بابەتەکەی

بکۆڵمەوە و لەگەڵ لێپرسراوان قسە بکەم، داوای بەتانییەکی کرد، هەر ئێوارەیە لە کۆگا بەتانییەکم بۆ وەرگرت و بە حەیدەردا بۆم نارد.

دوای دوو ڕۆژ چوومە پشکنینی بەندیخانە، دووبارە چاوم بە ڕەحمانە شەل کەوتەوە، گلەییی لێ کردم کە بەتانییەکەم بۆ نەناردووە، لەمە سەرم سوڕما، دوایی بۆم بەدیارکەوت لێپرسراوی هۆڵی گیراوەکان کە شیوعیش بوو بەتانییەکەی وەرگرتووە و نەیداوە بە ڕەحمان و بۆ خۆی گل داوەتەوە، تۆزێک سەرزەنشتی ئەو لێپرسراوەم کرد کە لاوێک بوو و ئێوارە بەتانییەکی ترم بۆ ڕەحمان نارد، دوای هەوڵدانێکی زۆر لەلای مەکتەبی سیاسی بڕیاری ئازادکردنی ڕەحمانە شەل کەمێک بەر لە دەست پێکردنی ئاگربەست لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و حکوومەتی عەبدولسەلام عارف درا.

هەر لەو سەردانەمدا بۆ بەندیخانە، لە ژوورێکی تر چاوم بە ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم تائی کەوت کە لێپرسراوی پۆلیسی کۆیە بوو وەک باسم کرد، زۆر قسەم لەگەڵ کرد و هەندێک پێداویستیم بۆ دابین کرد و ناردم لە چێشتخانەی شارۆچکەکە خواردنیان بۆ ئەم و گیراوەکانی ناو ژوورەکە هێنا، هەر لەو ژوورەدا چاوم بەکەسێکی هێمن و سەنگین کەوت کە جلوبەرگێکی نووستنی زۆر قەشەنگی لەبەردابوو، یەکترمان نەناسی و دیارکەوت کە رائیدی پۆلیس حەمید قازییە و پێشتر بەڕێوەبەری ئەمنی سلێمانی بوو، خەڵکی سلێمانی مەدحیان دەکرد و هەڵسوکەوتی باش بوو، ناوبراوم لە سەرەتای حەفتاکان و دوای ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) دیتەوە کە بەڕێوەبەری گشتی گومرک بوو و بەدەسپاکی و هەڵسوکەوتی جوان ناسرابوو.

هەر لەو ژوورەدا، غەفوورێک لەوێ بوو کە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە، لە مەخموور مامۆستا بوو و حەرەس قەومیش بوو، هەروەها ئەفسەری سوپا (ئەویە)م بینی کە ئاشووری بوو و لەگەڵ فەسیلەکەی بەدیل گیرابوو، چەند جارێکی تر سەردانی بەندیخانەم کردەوە و هەموو ئەوانەم دەبینی و لە بارودۆخیانم دەپێچایەوە و پێداویستیم بۆ دابین دەکردن.

## سەرەتاكانی جودابوونەوە

دوای ئەوەی چوومە ریزی شۆڕش و لە رۆژانی بەرایی و لە كاتی سوورانەوەم بە ناوچەكانی بێتواتە و سەفین و قەڵادزێ و پاشان ماوەت تێبینیی سەرەتای دەركەوتنی كەرتبوون و جیاوازیم لەنێوان سەركردەی شۆڕش و سەرۆكی حیزب (بارزانی) و هەندێك لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی كە هەندێك كادیری حیزب پشتگیریان بوون دەكرد، سەرەڕای ئەوەی كە من مانگەكانی بەراییم لەو شوێنانەدا بەسەربرد كە مەكتەبی سیاسی و لایەنگرانیان بەسەریدا زاڵ بوون، بەڵام گوێم لەلایەنی بارزانی و بۆچوونەكانی نەدەبوو چونكە لە شوێنێكی تری كوردستان بوو و تا ئیمزاكردنی رێككەوتننامەی ئاگربەستی شوباتی (١٩٦٤) چاوم پێی نەكەوت، كەچی تێبینیی ئەو جیاوازییەم دەكرد و زۆر ئازاری دەدام و هەردەم بیرم لەوە دەكردەوە كە شۆڕشی كورد پێویستی بەسەركردایەتی و ژیری و شارەزایی و پایەی جەماوەریی بارزانی هەیە، هەروەها بیرم لە رێكخستنی حزبی دەكردەوە كە پاڵپشتی شۆڕشەو هەر شۆڕشێك (بەتایبەتی شۆڕشی كورد) ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر حیزب و رێكخستنەكانی لەناو شۆڕش و شارەكانی كوردستاندا پاڵپشتیی نەكەن، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی كە بارزانی و پارتی تەواوكەری یەكترن و وەك جمكە ناتوانین لە یەكیان جیا بكەینەوە.

كە گەیشتمە ماوەت ئەو جیاوازییەم لەلا روون بوو و یەكەم هەڵوێستەكانی جیاوازیی نێوان بارزانی نەمرو مەكتەبی سیاسیم بینی، دوای سەركەوتنی كودێتای (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣) و گرتن و راوەدوونان و لەسێدارەدانی شیوعییەكان ژمارەیەكی زۆر لە سەركردایەتی و ئەندامیان لە بەغدا و شارەكانی تر رایان كرد و گەیشتنە ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی شۆڕشی كورد،

بارزانی باوەشی بۆ کردنەوە و پێشوازیکردن و لە جەور و ستەمی رێژیمی تازە پاراستنی، بەهەموو ئازادییەک دەسووڕانەوە و کاری حزبییان ئەنجام دەدا، بەڵام ئەوانەی کە چوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی تووشی راوەدوونان و گرتن و بەندیخانە هاتن، لە بەندیخانەی ماوەت هۆڵێکم بینی تژی بوو لە شیوعییەکان، ئەگەرچی هەندێک لە ئەندامەکانیان، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پارتی ناشیرین بوو و لەلای هەندێکیان بڵاوکراوەی وا دۆزرایەوە کە دژی پارتی بوو و هانی قووڵکردنەوەی جیاوازیی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسییان دەدا، بەڵام دەکرا بە سیاسەتێکی نەرم و نیان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت و سوود لەو ژمارە کەمەی چەکدارەکانیان وەربگیرێت و بخرێنە ریزی پێشمەرگەوە.

ئەو سیاسەتەی دژ بە حزبی شیوعی لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتییەوە ناڕەزاییی لێ کەوتەوە، پیاو بۆ خوا بڵێت برووسکەیەکی جەلال تاڵەبانیم بینی کە ئاراستەی ئەندامانی مەکتەب سیاسیی کردبوو لە ماوەت تیایدا داوای ئازادکردنی شیوعییەکان و راوەستانی هەموو کارێکی دژ بەوانی کردبوو.

ئەمە سەرەتای جیاوازییەکانی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی بوو کە لە دواییدا ئەو کەرتبوونەی ریزەکانی حزب و شۆڕشی لێ کەوتەوە و بەسلبی کاری لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد کرد و تا ئێستاش کاریگەری و ئاسەواری هەر ماوە.

***

## دوارۆژە ناخۆشەکانی ئیبراهیم تائی

لە نیـوەی مـانگی تشـرینی دووەم، لە رادیۆی عـێـراق گـوێمـان لە هـەواڵی جـیـاوازی سـەرجـەم باڵە جـیـاوازەکـانی حـزبی بەعس دەبوو لە کـۆنگرەی هەرێمـایەتی کـە لە بەغـدادا بەسـترا، چوومـە بەنـدیخـانـە و لەگەڵ ئەفسـەرە گیـراوەکان سـوحبـەتمان دەکرد و دەربارەی ئەو هـەواڵانەی بەغدا قسـەمان دەکرد، لە کۆتاییدا عەبدولسەلام هاوبەشـەکانی خۆی لادا و تاکڕەوانە حوکمی گرتەدەست، بینیم برایم تائی و غەفووری برادەری زۆر بەمە کەیف خۆشن و بەدیارکەوت کە لە نەتەوەپەروەرەکانن و لایەنگری سەرۆک کۆمار عەبدولسەلام محەمەد عارفن.

دوای چەند رۆژێک، نامەیەکم برد بۆ مەکتەبی سیاسی و تێیدا هەڵوێستی ئیبراهیم تائیم روون کردەوە کە چۆن بنکەی پۆلیسی کۆیەی بەبێ بەرەنگاری تەسلیم کرد، داوام کـردبوو ئازادی بکەن و لە مـاوەت بخـرێتە ژێر ئیـقامـەی جەبری و لە ژێر چاودێریی ئێمەدا بێت، هەر ئەو رۆژە سەرۆکی ئەمەریکا جۆن کنێـدی کـوژرا، ئەو شـەوەم لەوێ بەسـەربرد و خـەممان بۆ کـوشـتنی کنێـدی خوارد، مەلا ماتۆڕیش لە مەکتەبی سیاسی بوو و لە هەموان زیاتر بۆ کنێدی بەپەرۆش بوو، دوای گفتوگۆیەکی زۆر توانیم مەکتەبی سیاسی رازی بکەم، رۆژی دوایی نامەی رەزامەندی مەکتەب سیاسیم وەرگرت و گەڕامەوە.

نیو سەعات دوای مەغریب گەیشتمەوە ماوەت، نیازم وابوو بچمە بەندیخانە و هەواڵەکە بە برایم تائی رابگەیەنم، لەپڕ یاریدەری بەڕێوەبەری بەندیخانە هەواڵی راکردنی تائی و غەفووری پێ ڕاگەیاندم، چوومە بەندیخانە و فرمانم دا لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکەن، دوای چەند دەقیقەیەک برایم تائیم بینی خۆی بەدیوارەوە گرتبوو و قاچێکی بەدوای خۆیدا رادەکێشا و داوای

یارمەتیی دەکرد، دوایی بەدیارکەوت کە لەسەر باڵەخانەکەوە خۆی هەڵداوەتە پشتەوە و شوێنەکە چەند مەترێک بەرزبووە و لەبەر گرانی لەشی قاچێکی شکاوە و گەڕاوەتەوە، بەڵام غەفوور دەرباز بووبوو.

بە ئیبراهیم تائیم وت کە ڕەزامەندیم بۆ ئازادکردنی وەرگرتبوو، زۆر لەو کارەی پەشیمان بووەوە، برینەکەی برایم کاریگەر بوو، ئێسکی قاچی لە پێستی دەرچووبوو، چونکە لەشی گران بوو و قەڵەو بوو لە بەرزاییەوەش خۆی هەڵدابوو بۆیە برینەکەی سەخت بوو، بەڵام غەفوور لەبەرئەوەی لاواز بوو بە ئاسانی دەربازبووبوو، ناردم بەدوای تاکە دکتۆری شارۆچکەکە- حیکمەت حەکیم- تا چارەسەری ئیبراهیم تائی بکات، حیکمەت پزیشکی سەربازی بوو، دوای کودێتای (٨)ی شوبات دەستگیر کرابوو، لە کاتێکدا لە ناو ئۆتۆمۆبیل دەبێت و پاسەوانییەکی توندی بەسەرەوە دەبێت بۆ دادگاییکردن دەیبەنە بەغدا چونکە دژ بە بەشداربووانی جوولانەوە سەرنەکەوتووەکەی شەواف لە ئاداری (١٩٥٩) شایەدیی دابوو، ئەو ڕۆژە دووەم ڕۆژی کودێتا و پێش ڕاگەیاندنی ئاگربەست بوو، ڕێکەوت تووشی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەبن و مەفرەزەکە ئەو هێزە بەدیل دەگرن کە دوکتۆر حیکمەتیان دەگواستەوە و لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری دەکەن، دوکتۆر چونکە ڕقی لە ڕێژیمی تازە بوو بۆیە لە چارەسەرکردنی ئیبراهیم دوودڵ بوو، بەڵام من داوام لێ کرد و ڕازی بوو، لەبەر نەبوونی پێداویستی پزیشکی تەواو چارەسەرییەکە زۆر باش نەبوو، ئیبراهیم تووشی گانگرین بوو و پاشان مرد، ڕۆژێک بەر لە مردنی سەردانم کرد، زمانی نەمابوو و بەدەست هێمای کرد، بەمردنی داخم خوارد هەروەها مەکتەبی سیاسیش خەمبار بوون.

بەنیسبەت غەفوورەوە، مەفرەزەیەکمان بەدوایدا نارد، بەڵام هیچ شوێن پێیەکی دیار نەبوو، خەبەرمان بۆ گوندەکانی دەوروبەر و سەر سنوور نارد، بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژی سێیەم شوانێک خەبەری داینێ کە لە ئەشکەوتێکی بچکۆڵەی چیایەکی ماوەت تەرمێکی دۆزیوەتەوە، دوای ئەوەی لێکۆڵەوە و مەفرەزەیەکمان لەگەڵ ولاغێک بۆ هێنانەوەی تەرمەکە نارد، کە گەڕانەوە،

دیارکـــەوت تەرمـی غــەفـــووره و پیـــشـــانی گـــیـــراوەکـــانمـان دا، دوای جل لەبـەرداکـەندنی ئاسـەواری هـیچ گـوللەیـەک بە لـەشـیـــەوە دیارنـەبوو، دوای لێکۆڵینەوە و قسەکانی ئەو شایەدەی کە دۆزیبوویەوە بەدیارکەوت دوای ئەوەی بەسـەر چیـایەکـە کـەوتووە لـەڕۆیشتن پەکی کـەوتووە جـا یان لە ترسـان یان نەیزانیوە روو لە کوێ بکات، لە چاڵێکی بچووکی ناو چیایەکە دانیشتووە و لە سەرمان بەستاویەتی و گیانی لەدەست داوە، ئەمە بوو چارەنووسی ئازاراویی هەریەک لە ئەفسەری پۆلیس ئیبراهیم تائی کە لە خێزانێکی هەژار بوو لەگەڵ غەفوور ناوەکە، بەڵام حەمید قازی و ئەفسەرەکانی دیکە دوای ئاگربەستی (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) ئازادکران.

کەشوهەوا رووی لە ساردی کرد، زستانێکی زۆر تووش بوو، ناوچەکە سپی هەڵگەڕابوو و چەند ساڵێک دەبوو بەفری ئەوهای لێ نەکەوتبوو، جگە لەمەش مەڕومالات نەخۆشیی تێ کەوت و زۆر بەزەحمەت گۆشتی خاوێنمان دەست دەکەوت، لقێکی سەرەکی زێی گچکە بە باشووری ماوەتدا تێ دەپەڕی، جگە لە چەند سەعاتێک بەڕۆژ هەموو کاتەکانی تر زێیەکە بەستابووی و شەختەبوو، رۆژێکیان خەبەرم بۆ هات کە یەکێک پەیکەرێکی کۆنی لە لێواری زێیەکە دۆزیوەتەوە و ئێستا کادیرێکی حزبی لە ناوچەکە لای خۆی شاردوویەتییەوە، دوای لێکۆڵینەوە پێیان لەوەنا کە پەیکەرەکەیان لەلایە، کە هێنایان بریتی بوو لە سەلکە (گـا)یەکی لە زێڕ دروستکراو و کێشەکەی لە کیلۆیەک زیاتر بوو، کۆتایی سەلکەکەی لەلای گەردەنییەوە بەڕێگایەکی پێچاوپێچ بە لەشییەوە بەسترابووەوە، ئەوکاتە نەمانزانی ئەوەی کە پەیکەرەکەی دۆزیوەتەوە ئاخۆ هەر هەمووی دۆزیوەتەوە یان سەلکی لە لەشی جیاکردووەتەوە یاخۆ هەر تەنیا سەلکەکەیە، بەشێکی گچکەی یەک لە گوێیەکانی (گا)کە لێ کرابووەوە، لە لێکۆڵینەوەدا بەدیارکەوت کە کادیرەکە لێی کردووەتەوە و رەوانەی سلێمانی کردووە تا بزانێت زێڕی سافە یان نا، پەیکەرەکەمان پیشانی فاتیح زێڕینگر دا کە خەڵکی کەرکووک بوو و هاتبووە ریزی شۆڕشەوە، وتی زێڕێکی سافە.

لەبەر بەهای کەلەپووری ئەو پەیکەرە، خەبەری مەکتەب سیاسیمان دا،

ئەوانیش وتیان یەکسەر بینێرن، پەیکەرەکەمان ناردە ئەوێ، بەڵام نازانم چارەنووسی بەچی گەیشت، ئەو پەیکەرە شتێکی دەگمەن بوو، ئەگەر پیشانی خەڵکانی شارەزا بدرایە دەتوانرا لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەروەها دەتوانرا لە ناوچەکە شتی دیکە بدۆزرێتەوە.

رۆژێکیان عومەری برام کە لە ئێزگەی شۆڕش لە نزیک ماوەت کاری دەکرد هاتەلام، کوڕێکی لاوی لەگەڵدا بوو، پێی ناساندم و وتی ئەمە (ئەندازیار سامی)یە و خەڵکی ژەنگارە، بەیەک رۆژ مۆڵەت بۆ خۆشخووشتن هاتوونەتە ماوەت، حەیدەر لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ تاکە حەمامی شارۆچکەکە و ژەمە خواردنێکی گونجاویشیان بۆ ئامادەکرا، کە گەڕانەوە وتیان درەنگ نان دەخۆین، وتمان لەبەر چی، وتیان لە ڕێگە چێشتخانەیەکی بچکۆڵەی کەبابمان بینی، خۆمان بۆ نەگیرا و چەند کەبابێکمان خوارد.

لە موتبەقەکەدا بەندکراوێکی ئێزدی کە سەر بەیەکێک لە بەکرێگیراوان بوو کاری دەکرد، لەگەڵ سامی هەندێک قسەیان کرد، دیارکەوت کە خەڵکی ژەنگارە، سامی وتی: دەمناسیت؟ وتی: بەڵێ تۆ محەمەدی، بەم جۆرە سامی ناسنامەی خۆی کەشف کرد، راستتر بڵێم ئێزدییەکە درکاندی، دیارکەوت کە ئەندازیار محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمانە و تا ئەمڕۆش برادەرایەتیمان هەر بەردەوامە سەرەڕای ئەوەی هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە و جارجار بیروڕا و ئاراستەمان جیاواز بووە.

## چۆنیەتی بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی دایکم

لە کـۆتاییی کـانوونی دووەمـی سـاڵی (١٩٦٣) مـۆڵەتم بە عـەریف حـەیدەر پیرداودی یاوەرم دا کـە بچێتـە ناوچـەی هـەولێر و بۆ دیدەنیی کـەسوکاری و بەنهێنی بچێتەوە دووگردکان، گەیشتن بەو ناوچەیە چەند رۆژێکی دەخایاند، لە هـەفتەی دووەمی مـانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٤) حەیدەر گەڕایەوە و ماتییەکی پێوە دیار بوو وەک بڵێی شتێکم لێ بشارێتەوە و منیش بایەخم بە مـەسەلەکە نەدا، ئەو کاتە رەمەزان بوو و وەک عادەتی هەمیشـەییم لەو مـانگە پیرۆزەدا بەڕۆژوو بووم، ئێوارەیەک بۆ رۆژووشکاندن چوومە ئەو چێشـتخـانە بچکۆڵەیەی کە فاتیح زێڕینگری کەرکووکی وەک پێشتر باسم کرد بەڕێوەبەری بوو، ناوبراو فتارێکی سادەی بۆ چاکردبووم، کاتێک خەریکی نانخواردن بووم دوو لاوی هـەولێری (ئەحمـەد رەشـوانی و ئەمجـەد مسـتـەفا) کە پێشـتـر باش دەمناسین بۆ نانخـواردن وەژوورکـەوتن، دوای سـڵاوکردن و داواکـردنیـان بۆ نانخـواردن، بە بۆنەی کـۆچی دواییی دایکمـەوە سـەرەخـۆشـیـیـان لێ کردم و وتیـان کـاک ئەحـمـەد لە قـەڵادزێ پرسـەی داناوە و تێـیـدا بەشـداربوون، ئەو هەواڵە وەک هەورەتریشـقـە لێی دام و بۆ من شـۆکـێکی گـەورە بوو، چەند وشـەیەکم لەبەرخـۆوە وت کـە بیـرم نایەتەوە، پێش ئەوەی نانەکـە تـەواو بکەم هاتمە دەرەوە و پارەی خۆم و هەردووکیانم دا.

کـە گـەڕامـەوە بینیم حـەیدەر لـە بەر دەرگـە راوەسـتـاوە، پێم وت بۆ ئەو خـەبەرەی لێ شـاردبوومەوە یەکسـەر لە پڕمـەی گریانـی دا، منیش بە چاوی بە فرمێـسکەوە رووم لە ژوورەوە کردو بە لـەدەسـتدانی دایکی ئـازیزم زۆر خـەمم خوارد.

بۆ رۆژی دوایی پرسـە و مـەجلیسی فـاتیحـەم بۆ دانا، ناردم عـومـەری برام

هات، عومەر لە بەشی راگەیاندن لە نزیک بارەگای مەکتەبی سیاسی کاری دەکرد، مەکتەبی سیاسی کە هەواڵەکەیان پێ گەیشت پرسەنامە و هەندێک ئازووقەی پێویستییان بۆ پرسەکە نارد، مەلا ماتۆڕیش بە نوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسی هاتە پرسەکە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە هەڤاڵان و برادەران و دانیشتووانی ماوەت بەسوپاسەوە لە پرسەکەدا ئامادەبوون.

***

## دەست پێکردنی مفاوەزات و ئاگربەست

واتەواتێک بڵاو بووەوە کە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و ڕێژیمی عەبدولسەلام محەمەد عارف (دوای ئەوەی بەعسییە هاوپەیمانەکانی لادا) پێوەندییان هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد، لە قەڵادزەوە هەندێک خەبەرمان بۆ دەهات بەڵام بە تەواوی نەماندەزانی چ باسە، بیستمان سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی لە نزیک قەڵادزێ جێنشین بووە و دواییش زانیمان جەلال تاڵەبانی و نووری شاوەیس هاتوونەتە قەڵادزێ تا بەشداری لە مفاوەزاتدا بکەن و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حیزب و عومەر دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی کوردستان بوون.

پێشمەرگە و خەڵکیش بەگشتی زۆر بە شەوقەوە گوێیان لە دەنگوباسی مفاوەزات دەگرت و زۆربەی ئەوانەی لە ناو شۆڕشدا بوون بە جۆش و خرۆشەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە ئاگربەست لەگەڵ ڕێژیمدا بکرێت و ئەو ژیانە ناخۆش و کوڵەمەرگییە (ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت) کۆتایی بێت، لەو باوەڕەدا بووم ئەندامە توندڕەوەکانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی حیزب بە شێوەیەکی گشتی درکیان بەمە نەکردبوو، لە حسێبی خۆیان ئەوەیان دانەنابوو کە پێشمەرگە و ئەو خەڵکەی لەژێر کۆنترۆڵی شۆڕشدابوون پێویستییان بە ماوەیەک پشوودان هەیە، دوای ئەو هەموو ئازارو دەردەی کە چەشتیان، هەر لەبەر ئەو مەزندە غەڵەتەیان لەکاتی کەرت بوونەکەدا ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەیان بەگەڵ کەوت، پاشان بەدیارکەوت کە هەر هەموو پێشوازییان لە پرۆژەیەکی ڕێککەوتن یان ئاگربەستێک دەکرد جا دەرەنجامەکەی هەر چۆنێک بوایە.

بەم جۆرە ڕۆژەکان تێ پەڕین و مفاوەزات ئاراستەی خۆی وەرگرت و

خەبەرمان بۆ دەهات بێئەوەی بزانین ناوەرۆکەکەی چییە، پاشان زانیمان کە بارزانی هاتووەتە مەڵبەندی ناحیەی سەنگەسەر لە نزیک قەڵادزێ و جارجار سەری رانیەو قەڵادزێ دەدات، لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) من و خوالێخۆشبوو عومەر حەبیبی سەرۆکی دادگای باڵای شۆڕش مۆڵەتمان وەرگرت تا چەند رۆژێک لە قەڵادزێ بەسەر ببەین، ماوەتمان بەجێ هێشت و عەسر گەیشتینە گوندی قامیش، بەفر زۆر بە چڕی ناوچەکەی داپۆشیبوو، قامیش گوندێکی دوو سەد ماڵی بوو و لەلایەن دوو کەسەوە بەڕێوەدەچوو کە خزمی یەکتر بوون بەڵام بەربەرەکانێ و کێشە لە نێوانیاندا هەبوو و بەرپرسانی شۆڕش نەیانتوانی بۆ یەکجاری چارەسەری بکەن، حاجی عەزیز و حاجی سەلیم گەورەی ئاوایی بوون و ئێمە مێوانی حاجی عەزیز بووین، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە یەکێکیان لەویتر باشتر بێت بەڵکو رێکەوتەکە وابوو، ماڵی حاجی عەزیز نزیکتر بوو لە رێگەکەمان، زۆر بە سەخاوەت و بەڕێز بوو و میوانداریییەکی باشی کردین و فەرمانی دا بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانمان بۆ رۆژی دوایی وڵاغ ئامادە بکەن جگە لە دانانی چەند یاوەرێک، ئەو شەوە تا بەیانی بەفری لێ هات، کە گوندەکەمان بەجێ هێشت لەبەر بەفر وڵاغەکان نەیاندەتوانی بەڕێگادا بڕۆن، ناچار بە پێ رۆیشتین و وڵاغەکانمان گەڕاندەوە، کۆمەڵێک لە پیاوانی ئاوایی لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشتن، جۆرە پیلاوێکیان لە پێدا بوو کە بە پارچە دارێک بەسترابووەوە تا بە ئاسانی بەسەر بەفردا بڕۆن، ئێمە بە شوێن پێی ئەواندا دەڕۆیشتین و نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی زەروون، نانی نیوەڕۆمان خوارد و زەلامە هاوەڵەکان دوای ئەوەی هەوا خۆشی کرد گەڕانەوە قامیش، زەروونمان بەجێ هێشت و بە دۆڵی (زەروون)دا رەت بووین، رێگاکە بەناو رووبارێکی گچکەدا تێ دەپەڕی کە ئاوەکەی دەگەیشتە چۆکان و هەندێک جار زیاتریش، دۆڵەکە بە جۆرێک تەسک بوو مرۆڤ ناچار دەبوو بەو تەنگە رێگایەدا بڕوات.

دوای نیو سەعات لەو کەشوهەوا ساردەدا، سوپاس بۆ خوا دوڵەکەمان بڕی گەیشتینە شوێنێکی نیمچە دەشت، ئێوارە گەیشتینە ناوچەی (وێسی) لەرۆخ

زێی گچکە، لەو خاڵەدا پیاوێک کە ناوی مارفاغا بوو لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە نێردرابوو تا سەرپەرشتیی دروستکردنی قایەغێک بکات و بە ئاسانی خەڵک لە رووبارەکە بپەڕێنێتەوە و هاتوچۆ لە نێوان ناوچەی قەڵادزێ و ماوەت ئاسان بێت، پێش ئەو کاتە و تا ئێمەش گەیشتینە ئەوێ خەڵک بەو قایەغە سەرەتاییانە دەپەڕینەوە کە لە پێستی بزن دروست کرابوو و پڕ لە هەوا کرابوو و بە لکەدار بەیەکەوە بەسترابوونەوە، ئەو قایەغانە توانای هەڵگرتنی دوو کەسیان هەبوو زەلامێک بەجووتێ سەوڵەوە رای دەدا، بە زستان و بەهار پەڕینەوە بەو قایەغانە زۆر مەترسیی تێدابوو چونکە ئاو هەڵدەستا و ئاو زۆر دەبوو، چەند کەسێک لەوێدا بوونە قوربانی.

چووینە شوێنەکە و مارفاغاش لەوێ بوو، مارف لەوێ شوێنێکی پێشوازیی دروست کردبوو کە لەدوو ژوور پێک هاتبوو، هەروەها چادرێکی هەڵدابوو دەورەکەی بەشێوەیەک گرتبوو کە گەرم بێت و لە ناوەوەش ئاگر و دووی هەبوو، دوای نانخواردنی ئێوارە و پاش پشوودان پیاوێکی ناوچەکە هاتە لامان، باسی راو و شکاری دەکرد و وا خۆی پیشان دەدا نیشانچییە و دەتوانێت بە ئاسانی حەیوانە کێوی بپێکێت، داوای چەند فیشەکێکی بۆ تفەنگەکەی کرد تا کێوییەکی شاخاوی راو بکات، مارف وتی ئەو پیاوە زێدەڕۆیی دەکا و بەم شێوەیە نییە، بەڵام کە کابرا هەر موسیر بوو بە حەیدەرم وت چەند فیشەکێکی بداتێ، شەو کابرا رۆیشت، بەیانی خەریکی چێشت خواردن بووین کابرا پەیدا بووەوە و کەلەشی حەیوانە کێوییەکی بەشان دادابوو و لەبەر قورسایی کەلەشەکە نرکە نرکی بوو، دەست خۆشیمان لێ کرد بۆ ئەو راوە سەرکەوتووە.

سواری قایەغە ترسناکەکان بووین و مەلەوانیشمان نەدەزانی، دوای ئەوەی هەموومان پەڕینەوە حەیدەر بە تەنیا لەناو قایەغێکدا مابووەوە و ئاوەکەش بەڕادەیەک خێرابوو کە بەلەمەوانەکە ماوەیەک کۆنترۆڵی لەدەست دا، قایەغەکە چەند جارێک لە لێوار نزیک دەبووەوە و هێندەی نەمابوو بکەوێتە لێژاییی رووبارەکەوە، بەڵام بەلەمەوان شارەزایی نواندو گەیاندیە لێوارەکە، حەیدەرم

بینی زەردهەڵگەڕابوو و زۆر پەشۆکاو بوو، هەندێک پارەمان دا بە مەڵەوانەکە و ڕۆیشتین، مارفاغا هەندێک پێخۆری بۆ دانابووین بۆیە بۆ نانخواردن لە هیچ شوێنێک لامان نەدا، ئێوارە گەیشتینە گوندی (دەشتێو) کە دوو سەعات کەمتر لە قەڵادزێوە بەپێ دوورە، شەو لامان دایە ماڵێک خاوەنەکەی ناوی حاجی مستەفا بوو و خانەخوێیەکی باش بوو، سبەینێ بەڕێ کەوتین و پێش نیوەڕۆ گەیشتینە قەڵادزێ وەک بڵێی گەیشتبینە شارێکی ئەوروپا، چوومە ئەو ماڵەی کە کاک ئەحمەدی برام و یاوەرە پێشمەرگەکانی تێدا بوون، خانووەکە لە شوێنی کارکردنی وەک یاریدەدەری فەرماندەی هێز (لیوا)وە نزیک بوو، ئەو وەختە، لە دیدی ئێمەوە قەڵادزێ بە بەراورد لەگەڵ ماوەت و هەندێک شوێن ئەوروپا بوو، لەگەڵ کاک ئەحمەد بەبۆنەی کۆچی دایکمەوە سەرەخۆشیمان لێکتر کرد، ئەوەندە لەو سەفەرە ماندوو بووم یەکسەر چوومە ناو جێگە.

لە ماوەت، زانیمان کە مفاوەزات لە گۆڕێیە و دوو ڕۆژ پێش ئەوەی ئێمە بگەینەوە شاندی حکوومەت هاتووەتە رانیە و لەگەڵ سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی و هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەک جەلال تاڵەبانی و نووری شاوەیس کۆبووەتەوە.

دوو سێ ڕۆژمان لە قەڵادزێ بەسەربرد، ئاسەواری شادی و خۆشیمان بە دەموچاوی خەڵک و پێشمەرگەوە بینی ئەمەش بەهۆی خەبەری مفاوەزات و نزیکبوونەوەی راگەیاندنی ئاگربەستەوە بوو، بۆ یەکەم جار، لە مانگی حوزەیرانی رابووردووەوە خەڵک بە ئازادی و ئاسوودەیی هاتوچۆیان دەکرد، بیستمان کە شاندی حکوومەت بۆ مفاوەزات ڕۆژی (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) دێتەوە رانیە، لەگەڵ هەندێک لە لێپرسراوان چوومە رانیە، فڕۆکەیەکی هێلی کۆپتەر نیشتەوە و ئەندامانی شاندەکە دابەزین، شاندی حکوومەت بە سەرۆکایەتیی حاجی عەبدولرەزاق سەید مەحموود پارێزگاری سلێمانی و چەند ئەفسەرێکی سوپاش هاوەڵی بوون، لایەنی کوردیش بە سەرۆکایەتی بارزانی و ئەندامێتی جەلال تاڵەبانی و نووری سەدیق شاوەیس بوو، هەروەها مەسعود محەمەد و کاکەزیاد لە وتووێژەکاندا بەشدارییان کرد،

من لە دەرەوەی ئەو باڵەخانەیە بووم کە وتوێژی تێدا دەکرا، دوای چەند سەعاتێک جەلال تاڵەبانی هاتە دەرەوە، گوێم لێ بوو وتی: رێککەوتنەکە تەواو بوو و ئیمزای لەسەرکرا.

ئەو کاتە نەمزانی ناوەڕۆکی رێککەوتننامەکە چییە و کێ ئیمزای لەسەر کردووە بەڵام پاشان زانیم چی بووە، بەڕای من رێککەوتنەکە بۆ ئەوکاتە زۆر پێویست بوو چونکە هەموو لایەک ماندوو بوون و پێویستییان بە پشوودان بوو، ئەمە دەرەنجامی کۆتایی نەبوو، بەڵکو هەنگاوی قۆناغێک یان (تاکتیک)ێک بوو دەکرا بەشێوەیەکی کاتی لەگەڵیدا بڕۆین و ئەو کەرت بوونە ناخۆشەش رووی نەدابوایە کە کاریگەری خراپی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردییەوە بەجێ هێشت و هەروەها دەکرا هەندێک لە توندڕەوەکانی مەکتەبی سیاسی قەناعەتیان پێ بهێندرێت و ئەو مەترسییە نەقەومابایە.

بارزانی لەوە دوور بوو کە کۆڵ لەسەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بدات و لە داواکارییەکان بێتە خوارەوە، بگرە پیاوێکی دووربین بوو و دەیزانی کە خەڵک پێویستی بە حەسانەوە و ئاسایش هەیە بەتایبەتی دوای ئەو شەڕە توندانەی کە لەو زستانە تووشەدا تەڕ و وشکیان بەیەکەوە سووتاند.

بۆ هەقیقەتیش، دەبێت ئەمە بوترێت نەک هەر کورد پێویستی بە حەسانەوە و ماوەیەکی ئاگربەست بوو بەڵکو لایەنی حکومەتیش پێویستیی بوو، سەرۆک عەبدولسەلام محەمەد عارف دوای کودێتاکەی بەسەر بەعسییەکاندا لە (١٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣) و تاکڕەویکردنی لە فەرمانڕەواییدا و وەدەرنانی برادەرە کۆنەکانی ئەویش پێویستی بە ماوەیەک لە ئاگربەست و حەسانەوە بوو تا ریزی سوپاکەی یەک بخاتەوە کە خەریک بوو ببێت بە دوو لەت، عەبدولسەلام لەوانە نەبوو کە باوەڕی بە مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد هەبێت، بەڵکو پیاوێکی رەگەزپەرست بوو و بەرامبەر کورد هەناوی پڕ رق و کینە بوو، خۆیشی کەسێکی توندڕەو و ملهوڕ بوو، رقی عەبدولسەلام بەرامبەر بە کورد گەیشتبووە رادەیەک کە بڵێت زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان بە ئەسڵ عەرەبن و ناوەکانیان لەناوی عەرەبییەوە هاتووە، بۆیە بەگوێرەی

بیرکردنەوە نەزۆکەکەی لەو بڕوایە دابوو ماوەی ئاگربەست بکاتە پشوودانێک تا خولێکی دیکەی شەڕ دژ بە کورد دەست پێ بکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەی هەڵوێستەکە بەڕوونی دیار نەبوو و بەیاننامەکەش بەشێکی هەرە کەمی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی بەخۆوە نەگرتبوو، بەڵام لەلایەن پێشمەرگە و خەڵکەوە بەگەرمی پێشوازیی لێ کرا، بە تایبەتی ئەو خەڵکەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، ئەو راستییەش کاتێک بەدیارکەوت لە کاتی کەرتبوونەکەدا زۆربەی پێشمەرگە لەگەڵ بارزانیدا بوون.

***

## ماوەی ئاگربەست

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، ئاماژەم بەوە کرد کە دوای دەرچوونی بەیاننامەی ئاگربەست لە (١٠)ی شوباتی ساڵی (١٩٦٤) سەفەری ناوچەی هەولێرم کرد و چۆن چوومەوە دووگردکان و بە سووتاوی و رووخاوی خانوو و دیوەخانی خۆمانم بینی کە هێزەکانی حکوومەت و بەکرێگیراوان وێرانیان کردبوو، هەروەها سەردانی گۆڕی دایکم و هەندێک لە گوندەکانی خۆمان و خزمانمان کرد، ئینجا بەدرەدین عەلی موتەسەڕیفی هەولێر بەرێگەی لیژنەی پێوەندیدارەوە داوای لە بارزانی کرد کە لە ناوچەکە دوورم بخاتەوە، دوای ئەوەی بارزانی فەرمانی دا گەڕامەوە ناوچەی رانیە و قەڵادزێ.

دوای بەسەربردنی چەند رۆژێک لە رانیە و قەڵادزێ، لە مانگی ئاداری ئەو ساڵە بەرێگای سلێمانییەوە گەڕامەوە بۆ شوێنی کارەکەم لە ماوەت، لە سلێمانی خوالێخۆشبوو عەلی فەتاح دزەیی ئامۆزام کە بەڕێوەبەری ناحیەیەک بوو و لە سلێمانی دادەنیشت دوو سێ رۆژ میوانداریی کردم، هەروەها خوالێخۆشبوو بایز عەزیز دزەیی قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی بوو، هەروەها چەند کاتێکم لەلای برادەرانم لەوێ بەسەربرد بەتایبەتی ئەوانەی لە کاتی کارکردنم لە ماوەت ناسیمن، چاوم بە عومەری براشم کەوت کە خۆی بۆ سەفەر ئامادە کردبوو تا بۆ تەواوکردنی خوێندن بگەڕێتەوە فەرەنسا.

لە سلێمانی بووم، شەوێک بیستمان کە هێزەکانی رژێم بە گۆترە خەڵک دەستگیر دەکەن، واتەوات کەوتە ناو خەڵک و ئەوانەی سەر بە شۆڕش بوون شڵەژان، چونکە پێشتر ئەزموونیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا هەبوو، ساڵی پێشتر، عەمید سەدیق مستەفا کە فەرماندەی هێزەکانی سلێمانی بوو، لە

شەوی (٩)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) بە رەمەکی کەوتە دەستگیرکردنی خەڵک و حەفتا کەسی لە رۆشنبیران و مامۆستایان کوشت و تەنانەت هەندێکی زیندەبەچاڵ کرد، لەترسی دووبارەبوونەی کارێکی ئەوها بەشی زۆری دانیشتوان شاریان بەجێ هێشت و بە پێ روویان لەرێگاکانی دەرەوە کرد، دوای ماوەیەک موقەدەم قەرەنی ئەفسەری سوپا کە خەڵکی سلێمانی بوو (برادەری فەریق تاهیر یەحیا بوو و پاشان کرا بە موتەسەڕیفی سلێمانی) خەڵکی هێور کردەوە کە هیچ لە گۆڕێ نییە و ئەمە واتە واتە، درەنگی شەو خەڵک گەڕانەوە شار، من و عومەری براشم لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بووین.

بارودۆخ شڵەژابوو و خەڵک لە دڵەڕاوکەدا دەژیان، ئەمەش لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی دەنگۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لە نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە نزیکبوونەوەی کەرتبوونی لە نێوان ریزەکانی حزبدا رادەگەیاند، ئاسایی دەستم بەکار کردەوە بێ ئەوەی شتێکی گرینگ لە ئارادابێت، زۆربەی ئەندامانی دادگاکان ناوچەی ماوەتیان بەجێ هێشتبوو و گەڕابوونەوە سلێمانی و ناوچەکانی تر، باڵەخانەی بەندیخانە و گرتووخانەی دیلەکان نیمچە چۆل بوو، دیلەکان و زۆربەی تۆمەتبار و گومان لێکراوان بەسیخوڕی و کاری دژە شۆڕش ئازاد کرابوون، ژمارەیەکی کەم لەوانەی کە تاوانی ئاساییان کردبوو مابوونەوە، دوای چەند رۆژێک کاکەزیاد و کاک ئەحمەدی برام و شێخ حوسێنی بۆسکێن کە کەسایەتییەکی ناسراوی ناوچەی رانیەو پشدەر بوو لەگەڵ چەند کەسێکی تر هاتن و داوایان لە ئیبراهیم ئەحمەد کرد کە لەدەرەوە گەڕابووەوە تا لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە لای بارزانی بەڵکو کێشەی نێوان سەرۆکی حزب و مەکتەبی سیاسی چارەسەر بکرێت بەڵام ناوبراو لەگەڵیان نەچوو و ئەوانیش گەڕانەوە، منیش چەند رۆژێکی تر مۆڵەتم وەرگرت و لەگەڵ ئەواندا بەرێگەی سلێمانی گەڕاینەوە قەڵادزێ و کەمێکی مابوو کە ڕۆژ ئاوابێت گەیشتینە بەنداوی دوکان، فەوجێکی سوپا بە فەرماندەیی موقەدەم صعب حەردان لەوێ جێنشین بوو کە ئیزنی نەداین و بۆ ئێوارە داوەتی کردین.

ئەو مـوقـەدەمـە پـیـاوێکی باش و بەدڵ بـوو و شـەو لەلای مـاینەوە، لە مـیـانی قسەکانماندا بەدیارکەوت کە لەو ئەفسەرانەیە باوەڕی بە نیشتمانی عێراق هەیە و هـەروەها باوەڕی بە دیموکـراسـیـیـەت و لیـبـرالیـەت هـەبوو و دژی ئەو هێرشانە بوو کە دەکرایە سەر کورد، ئەو شـەوەمان لە باڵەخانەیەکی تایبەت بەسـەربرد کە وەک هـوتـێلێکی پلە یەک ئاسـوودە بوو، سبـەینێ و دوای چێشت خـواردن هەندێک قـسـەی خـۆشـمـان لەگەڵ مـوقـەدەم صـعـب کـرد و گـەڕاینەوە رانیە.

لە رانیـە، چەند رۆژێکم لە مـاڵی شـێخ حەمـیدی شێخ سـەدرەدین بەسـەربرد کە ئامـۆزای دایکم بوو، پاشـان گـەڕامـەوە مـاوەت وەک لـە بیـرم مـابێت مـانگی نیسـان بوو، پێش ئەوەی بچـمـەوە مـاوەت لە سلێـمـانی شـەوێک لە مـاڵی عـەلی فـەتاح دزەییی ئامـۆزام بووم، دوای بڕینـی چیـای گـۆیژە و پاش ئەو دووڕیانەی کـە بـەرەو پێنجـوێن دەڕوات بینیـم ئۆتۆمـۆبیلێک لە مــاوەتەوە دێت و چـەند پێـشـمـەرگـەیەکی تێـدایە کـە هـەندێکیـانم دەناسـی و هـاوەڵـی هـەندێک لە ئەنـدامـانـی مـەکـتـەبی سـیـاسـی بوون، لەبـەر خـراپـی و تەسکیـی رێگایەکـە ئۆتۆمۆبیلەکە راوەستا لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا هەمان ئەو پیاوەم بینی کە مانگی ئەیلوولی ساڵی رابوردوو لەماڵی عومـەر دەبابەدا بینیم واتە ئەفسـەری ئێرانی عیسا پژمان کە یاریدەدەری مولحەقی سەربازی ئێرانی بوو لە بەغدا، ئەویش کـە منی بینی لە ئۆتۆمـۆبیـلەکە دابـەزی و ناسـیـمـیـیـەوە و یەکەم دیدارمـانی وەبیـرهـاتەوە، دوای چاک و چۆنی و بەخـێـرهێنان وتی بـارودۆخ زۆر باش و سبـەینێ لە ماوەت کۆنفرانسە، خـواحافیـزیمان لێکتر کرد، لێم نەپرسی ئاخۆ دەچێتـەوە ئێران یان بەغدا، لەو باوەڕەدام کە بەڕێگای پێنجوێنەوە بۆ ئێران گەڕایەوە.

کـە گەیشـتـمـەوە مـاوەت کۆنفـرانسی حزب لـەسەر تەواوبوون بوو و زانیم کە بڕیارێکی دوور لە واقیع و ژێری دراوە ئـەمیش دەسـەڵات لـە سـەرۆکی حـیـزب مـسـتـەفـا بارزانی وەرگـیـراوەتەوە، بەڕاسـتی بڕیـارێکی سـەیر بوو و یارمـەتیی چارەسـەرکـردنی کـێشـەکـانی نەدەدا بگرە جـیـاوازیـەکـەی قـووڵـتر

دەكردەوەو جگە لەوەی كە جێبەجێ نەدەكرا، لەو ماوەیەدا بینیم ژمارەیەكی زۆری هێزەكانی پێشمەرگە شوێنەكانیان جێ دەهێڵن و وەك پاڵپشتی و لایەنگری دەچن بۆ لای بارزانی لە قەڵادزێ و رانیە، لێرەدا قسە بەناوبانگەكەی ساڵح شێرەم وەبیرهاتەوە كە دوای كۆتایی هاتنی كۆنفرانس و دەرچوونی بڕیارەكە لە سەرپەرشتیارانی كۆبوونەوەكەی پرسی (ئێمە بڕیارمان دا دەسەڵاتەكان لە بارزانی وەربگرینەوە بەڵام تكاتان لێ دەكەم رێگایەكم پیشان بدەن كە پیایدا بگەڕێمەوە هەولێر)، مەبەستی ساڵح شێرە ئەوەبوو كە هەموو رێگەكان لەلایەن لایەنگرانی بارزانییەوە داخراون.

دوای چەند رۆژێك، خوالێخۆشبوو عەباس مامەنداغا كە كەسایەتییەكی نیشتمانی و كۆمەڵایەتی بوو و لەلای بارزانی و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی رێزێكی تایبەتی هەبوو هاتە ماوەت، داوای لە ئیبراهیم ئەحمەد كرد كە بچنە لای بارزانی، ئیبراهیم رازی بوو و بەیەكەوە چوونە رانیە، لە كۆتایی مانگی نیسان ساڵی (١٩٦٤) بینیم كە مانەوەم لە ماوەت هیچ سوودێكی نییە و لەو بارودۆخەدا ناتوانم لە كار بەردەوام بم و دوای ئەوەی هەڵوێستەكەم بۆ ئەو ئەندام مەكتەب سیاسیيانەی كە لەوێ بوون روون كردەوە بڕیارم دا بچمە ناوچەی رانیە و قەڵادزێ، سەرەتا چوومە سلێمانی، حەیدەرم راسپارد كە كەلوپەل و دوو پارچە سیلاحەكەمان بەرێگەی پیادە بگەیەنێتە ناوچەكە چونكە گواستنەوەیان بە ئۆتۆمۆبیل قەدەغە بوو، رانیە بارەگایەكی كاتیی بارزانی تێدا بوو، رۆژانی رانیەم لە ماڵی شێخ حەمیدی ئامۆزای دایكم و لە قەڵادزێش لە بارەگای تایبەتی كاك ئەحمەدی برام بەسەربرد، ئەو رۆژانە، بەهۆی بوونی ناكۆكی لەنێوان سەركردایەتیی شۆڕش زۆر خەفەتم دەخوارد، چونكە لە پێناو ئەو شۆڕشەدا ئەوی هەمبوو دامنا و هەستم دەكرد ئەو هیوایەی كە هەمبوو نەدەما، بیرم لەوە دەكردەوە كە بگەڕێمەوە ناو كەسوكار و ئیشی پێشترم یان چارەنووسی خۆم بە نادیاری ببەستمەوە و چاوەڕێی ئەوە بكەم تا ئەو ناكۆكییە كۆتاییی دێت، گەڕانەوەم بەدوور دەزانی چونكە دەبووایە لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بكەم، ئەوەی لە بازرگانی و كشتوكاڵ هەمانبوو هەمووی

لەدەست چوو، خانووەکانی گوند سووتێندران و موڵکی کشتوکاڵیمان دەستی بەسەرداگیرا، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ریزەکانی شۆڕش بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە دۆست و دوژمن دەربارەی بارودۆخی شۆڕش پرسیارم لێ دەکەن و باس لەوە دەکەن کە چۆن ئەم هەموو قوربانییەم دا و ئەنجامێکیشم دەست نەکەوت، چەندان پرسیاری دیکە بە مێشکمدا دەخولانەوە و ئازاریان دەدام، بۆیە بڕیارم دا لەگەڵ شۆڕشدا بمێنمەوە و بەردەوام بم گەر ئەنجام و چارەنووسیش هەرچییەک بێت.

لەو ماوەیەدا، لە بۆنە گشتییەکان و لە سەنگەسەر و رانیە چاوم بە بارزانی کەوت، جارێکیش لە دانیشتنێکی تایبەتدا بینیم، لە سەرەتای مانگی مایس سەردانی هەولێرم کرد کە زانیم بەدرەدین عەلی موتەسەرِیف گواستراوەتەوە و یونس حوسێن کە ئەفسەرێکی سوپا بوو لە شوێنی دانراوە، یونس چەند هەفتەیەک دەوامی کرد و پاشان عەمیدی روکن عەبدولمونعیم مەسرەف چەند رۆژێک بەر لەوەی بگەمە هەولێر کرا بە موتەسەرِیف.

دوای یازدە مانگ دوورکەوتنەوە گەیشتمەوە هەولێر، چاوم بە خزم و برادەرە کۆنەکانم کەوت کە پێشتر زۆربەی کاتم لەگەڵیاندا بەسەردەبرد، لەوانە محەمەد حەسەن دزەیی بەڕێوەبەری بانکی کشتوکاڵ و مەجید جوکل دزەیی، ئەوان هەردووکیان لە شەوی (٩)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣) و لەکاتی دەست پێکردنی جوولانەوە سەربازییەکان دەستگیر کرابوون، خوالێخۆشبوو مەجید دزەیی کە جێگری دادوەری گشتی بوو لە وەزیفە فەسڵ کرابوو و پاشان کرابوو بە نووسەری یەکەم لە دادگاکانی هەولێر بەڵام محەمەد حەسەن دزەیی وەک بەڕێوەبەر بۆ لقی بانکێک لە بەغدا گواسترابووەوە و ئەوکاتە بە مۆڵەت گەڕابووەوە، هەروەها چاوم بە برادەری دێرینم جەودەت ئەحمەد ناجی بەڕێوەبەری تەحریر لە دیوانی موتەسەرِیفیەت و برادەرانی منداڵیم، نیهاد نورەدین و دوکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ و هەندێکی دیکە کەوت کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن دزەیی ئامۆژگاریی کردم کە سەردانی هەریەک لە عەبدولمونعیم مەسرەفی

موتەسەڕیف و فەرماندەی لیوای سێ عەمید روکن کەمال مستەفا بکەم.

کە چوومە لای عەبدولمونعیم مەسرەف، عەسرێک لە باخچەی ماڵەکەیاندا پێشوازیی کردم، بینیم پیاوێکی زۆر بەڕەوشت و بێ فیزبوو، ئامادەیی خۆی بۆ هەر داواکارییەکم پیشان دا، هەستم بەوە کرد ئەو پیاوە ئاشتیخوازە و حەزی لە شەڕ نییە و حەز دەکات ناوچەکە ئارام بێت، برادەرایەتی لە نێوانماندا پەیدا بوو، دوایی لە دیوانی موستەڕیفیەت بۆ هەر کێشەیەک کە لە هەولێر رووی دابا سەردانم دەکرد، پاشان بەدیارکەوت لە هەموو ئەو موتەسەڕیف و پارێزگارانە باشتر بوو کە لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد تا کشانەوەی حکوومەتی مەرکەزی لە کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)ی کارگێڕی لیوا (پارێزگا)ی هەولێر بوون.

دوایی سەردانی عەمیدی روکن کەمال مستەفا فەرماندەی (لیوای سێ)م کرد، بینیم ئەفسەرێکی خۆشگفت و دوورە لە هەموو گیانێکی رەگەزپەرستی و توندوتیژی، حەزی لە تەبایی و برایەتییە و باوەڕی بەوە هەیە کە عێراق هی هەموانە، تا ئەمڕۆش برادەرایەتیمان هەر بەردەوامە، پاشان بووە برادەری خوالێخۆشبوو سەرۆک مستەفا بارزانی و جێگەی رێز و خۆشەویستی بوو، ئینجا ناسیاوی لەگەڵ سەرۆک مەسعوود بارزانی پەیدا کرد کە پاشان باسی لێوە دەکەم، ئەو ئەفسەرە سەر بە بنەماڵەیەک بوو کە تێکەڵەیەک بوون لە کورد و عەرەب و تورکمان، بەڕاستی تەعبیری لە مۆزایکی نەتەوەیی لە عێراقدا دەکرد.

هەر لەو سەردانەی هەولێردا زانیم کە فەتاحاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەرکی کە سەر بە حکومەت بوو بو بەڵام پێوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا هەبوو و هەڵوێستی باش بوو زەوی ئێمەی چاندووە، مەبەستیشی ئەوە بوو کە نەبادا هەندێک لە جاش و بەکرێگیراو دەستی بەسەردا بگرن، بەشەکەی ئێمەی پاراستبوو و ئامادەبوو کە بارودۆخەکە باش بوو یان هەر کاتێک ئێمە داوامان کرد بماندایەوە، ئەو کارەی لای ئێمە جێگەی سوپاس بوو چونکە لە کۆنەوە برادەر بووین.

## سەفەری بەغدا

دوای بەسەربردنی چەند ڕۆژێک لە نێوان کەسوکار و برادەراندا هەولێرم بەجێ هێشت و گەڕامەوە ڕانیە، بارودۆخ و ڕێکەوت وا هات کە یەکەم جار مەسعوود بارزانی و دوای چەند ڕۆژێکیش ئیدریس بارزانی بناسم، ئەو ناسینە زیاتر پەرەی سەند و خۆشەویستی زیاتر بوو، سوپاس بۆ خوا تا ئێستاش بەردەوامە.

لە ڕانیە، هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری حزب ئیبراهیم ئەحمەدم بینی، ئەوەی خەفەتم لێ خوارد و تێبینیم کرد جیاوازییەکان زۆر قووڵ بووبوونەوە و لە لێواری کەرتبووندا بوو، گەڕامەوە هەولێر و لەوێ بەرەو بەغدا چووم، دوای ئەوەی عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیفی هەولێر نووسراوی ئاراستەی وەزارەتی دەوڵەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی باکور کرد تا لە بری ئەو زیانانەی کە لێمان کەوتووە قەرەبوو بکرێمەوە، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست پۆستی ئەو وەزارەتەی وەرگرت، هەروەها بۆ هەمان مەبەست موتەسەڕیفی هەولێر نووسراوی ئاراستەی سەرۆکایەتیی وەزیرانیش کرد، دوای ئەوەی مەسعود محەمەدم بینی دیار بوو هیچ دەسەڵاتێکی بۆ ئەم مەبەستە نەبوو وتی پێویستە تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران ببینیت، ژوانێکم بۆ دانرا و چوومە لای سەرۆک وەزیران، بینیم پیاوێکی بێ فیزە و بەخێری هێنام و کارەکەی بۆ تەواو کردم و ڕەزامەندی لەسەر سەرفکردنی بڕە پارەیەک بۆ من و کاک ئەحمەدی برام دا بەمەرجێک پارەکە لەو بودجەیە سەرف بکرێت کە لە هەولێر حیسابێکی بۆ کرابووەوە، ئەو دەمە زۆر پێویستیمان بە پارە بوو چونکە هەموو شتێکمان لەدەست

چووبوو و ئیلتیزاماتێکی زۆرمان کەوتبووە سەر، هەر لە بەغدا چاوم بە پوورزا و برادەری نزیکم پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان کەوت و چەند رۆژێکمان بەیەکەوە بەسەربرد. پاشان سەردانی خوالێخۆشبوو لیوا رەشید موسلێحم کرد کە ئەو دەمە وەزیری ناوەخۆ و دادوەری گشتی سەربازیش بوو، سەرەتا منی نەناسییەوە و بەلام من ئەوەم لەبیر بوو کە لیوا رەشید فەرماندەی سریەمان بوو لە خولی یەدەگ، بەڕووی گەشەوە پێشوازیی کردم و بە موقەدەم روکن عەبدولڕەحمان ناسری سکرتێری وت کە بەڵگەی رێگە پێ نەگرتن و هەڵگرتنی دەمانچەم بۆ بکات، ساڵی (١٩٧٠) کە بوومە باڵوێزی عێراق موقەدەم عەبدوڕەحمان ناسر مولحەقی سەربازی بوو، بەلام رەشید موسلێح بەڕای من بەهۆی جیاوازی لەگەڵ عەبدولسەلام عارف دەستی لە کار کێشایەوە، لە کودێتای ساڵی (١٩٦٨) کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم رەشید موسلێحیان لەسێدارە دا.

***

# شەشەم کۆنگرەی حزب

دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر چوومەوە رانیە و چەند رۆژێکم لەوێ بەسەربرد، زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گەڕابوونەوە ماوەت، خەڵک لەو ماوەیەدا دەهاتنە ریزی شۆڕشەوە، بە بەراوردیش لەگەڵ ژمارەی پێشمەرگە ژمارەیەکی کەم چووبوونە لای مەکتەبی سیاسی، سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی داوای کرد حزب کۆنگرە ببەستێت بەڵام سکرتێری حزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادیرەکانی سەر بەوان رازی نەبوون، هەرچەندە کەسایەتییە دیارەکانی ناو شۆڕش وەک کاکەزیاد و عەباس مامەنداغا و شێخ حوسێنی بۆسکێن و ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و لە دەرەوەش فوئاد عارف و رەئوف ئەحمەد و دکتۆر عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا و کەسانی دی کەوتنە بەینەوە بەڵام گیروگرفتەکان بەهەڵپەسێردراوی مانەوە، بەلابردنی دوو یان سێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری حیزب ئیبراهیم ئەحمەد کێشەکان چارەسەر دەکران، بەڵام پێ داگرتنی توندڕەوەکان بوونە بەربەست.

گەڕامەوە هەولێر و پاشان چوومە بەغدا، لەوێ بیستم کە شەشەم کۆنگرەی حزب لە قەڵادزێ سازدراوە و لیژنەی تازەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و هەر لە کۆنگرەش بڕیاردراوە بەدەرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئەوانەی کە ئامادە نەبوون.

لە بەغدا چاوم بە حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵڵا کەریم[1] کەوت کە بۆ کۆمیتەی ناوەندی تازە هەڵبژێردرابوون و هەردووکیان برادەرم بوون، لە ساڵی (١٩٥١) حەبیب برادەری رۆژانی خوێندنم بوو لە زانکۆ، بەڵام دوای شۆڕشی (١٤)ی تەممووزی ساڵی (١٩٥٨) یەدوڵڵام ناسی، دەربارەی بارودۆخە تازەکە

قسـەمـان کـرد و لەوانم بیـست کـە لە کـارگـێـڕیی تازەی حـزبدا منیـان بۆ سـەرۆکایەتیی بەشی دادوەری داناوە، هەمـوومـان لەسـەر ئەوە کۆک بووین کە لە ریزەکـانی حـیـزب و شـۆڕشـدا بەردەوام بین و سـەرەڕای ئەمــەش بۆ ئەو کەرتبوونەی نێوان ریزەکانی حزب و شۆڕش داخی خۆمان دەربڕی.

دوای کۆتاییـهاتنی کۆنگرە، داوا لە مەکتەبی سیاسی کرا کە مومتـەلەکاتی حزب بۆ لیژنەی کۆمیتەی ناوەندی تازە بگەڕێننەوە، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، لە ئەنجامدا رووبەڕووبوونەوەی چەکداری رووی دا و مەکتەبی سیاسی کۆن لەگەڵ نزیکەی (٥٠٠) چەکدار لـە ئەندام و کـادیر و پێشـمـەرگە کشـانەوە ناو خـاکی ئێـران، هەوڵێکیـان دا کە بۆ کـوردسـتـان بگەڕێنەوە، بەڵام نەیانتـوانی و ئەمـجـارە دوای ئەوەی بـارزانی هەڕەشـەی لـە دەسـەڵاتدارانـی ئێـران کـرد ئەو کۆمەڵەیە لە هەمەدان جێگیرکران.

تا ئـەو کـاتەش زۆرانـی وەک من لەگــەڵ جـوداخـوازەکـان هـاوسـۆز بوون و بارزانیش بەمـەی دەزانی، ئەو هـاوسۆزییەی من لەبەر دوو هۆی سـەرەکی بوو: یەکەمیـان: زۆربەی ئەوانەی کە جیابووونەوە بـرادەری کۆنم بوون و هـەندێکیانم لە چلـەکانی سـەدەی رابـووردووەوە دەناسی، دووەمـیـان: بڕوام وابوو کـە هەر جیابوونەوەیـەک لە ریزەکانی حزب و شـۆڕشدا دەبێتـە هۆی لاوازبوون و زیان بە بـەرژەوەندییــەکــانی گــەلی کـورد دەگــەیەنێت، کــە وتم بارزانی درکی بەو هـاوسۆزییە دەکرد لەم بارەیەوە نموونەیەک دەهێنمەوە.

سـاڵی (١٩٦٥)، کـە سـەرلـەنوێ شـەڕ هـەڵگیـرسـایەوە، لـە ئەنجامی کـەوتنە بەینی هـەندێک خێرخـواز و جـەختی بارزانیش لەسـەر بەرژەوەندی گشـتی و بەرژەوەندی شـــۆڕش، بەڕێزیان رازی بـوو کـــە جـــوداخـــوازەکـــان دووبارە بگەڕێنەوە ریزی شۆڕش.

مـانگی مـایسی سـاڵی (١٩٦٥) بۆ هـەندێک کـاروبار لە قـەڵادزێ وە چووم بۆ ناوچەی گەڵاڵە تا زیارەتی بارزانی بکەم، لەناوچەی سـەکران چاوم پێی کەوت، رۆژنامەنووسـێکی بیانی لەلا بوو، بە وەرامـەکانی بارزانی زۆر سـەرسام بووم،

محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (سامی) تەرجومانی نێوانیان بوو، ئەو دەمە سامی لە بەشی راگەیاندنی حزب کاری دەکرد کە خوالێخۆشبوو هەژار موکریانی شاعیر بەڕێوەبەری بەشەکە بوو و پاشان شەهید سالّح یووسفی هاتە جێگای، دوای تەواوبوونی دیدارەکە، رۆژنامەنووسەکە و تەرجومانەکە رۆیشتن و بە تەنیا لەگەڵ بارزانی مامەوە، دوای ئەوەی کارەکانم عەرزی بارزانی کرد، بۆی جێبەجێ کردم، ئینجا پرسیاری گەڕانەوەی جوداخوازەکان و ئەو رێگەیەی کە پێیدا بگەڕێنەوە لە بارزانی کرد، وەرامی دایەوە: کە حەزدەکات بە رێگای حاجی ئۆمەراندا بگەڕێنەوە و بەسەر شوێنی کارەکانیان دابەش بکرێن و بەڵام حەز ناکات بەڕێگەی قەڵادزێ و ماوەتدا بگەڕێنەوە چونکە یەکسەر بەهەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزیدا تێ دەپەڕن و بۆ من و بۆ هاوسۆزەکانی دی دەبێتە مایەی لە ڕوو دامان، هەر لەو دیدارەدا بارزانی ناوی حەبیب محەمەد کەریمی هێنا کە دوای شەشەم کۆنگرە بوو بە سکرتێری حزب.

بارزانی (خوالێی خۆش بێت) لە هۆکاری هاوسۆزیمان لەو دەمەدا دەگەیشت، ئەو هاوسۆزییە لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٦) کۆتاییی هات چونکە جوداخوازەکان هەڵوێستێکی توندیان وەرگرت و چوونە بەرەی دژ بەشۆڕش.

***

## بەشی دادوەری[٢]

دوای شەشەم کۆنگرە، بووم بە لێپرسراوی بەشی دادوەری و لەو نووسینگەیە دەست بەکار بووم، بەگوێرەی بنەما ئسوولّی و یاساییەکان و بەپێی توانا و هەبوونی کادیری یاسایی و نیمچە یاسایی دادگاکانم ڕێک خستەوە، هەر بۆ ڕاستیش بارزانی باشترین پاڵپشت بوو بۆ ئەو کارە، دەیویست دادپەروەری بڵاو ببێتەوە و یاسا سەروەر بێت و تاوان قەڵاچۆ بکرێت، هەروەها برایانی تر لە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد پاڵپشتی بەشی دادوەرییان کردبوو و زۆر جاران ڕۆڵی دادوەرم دەبینی بەتایبەتی لە هەندێک کێشەی تایبەتدا ئەگەر پێویستی بکردبایە، بۆ بەجێهێنانی کاری تایبەت لە ناوچەی هەولێر و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان کارگێڕی و سوپا لە لایەک و نێوان پێشمەرگەدا رادەسپێردرام، ئەو کارانە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدران و گیروگرفتەکان چارەسەر دەکران، عەمید روکن عەبدولمونعیم مەصرەف وەک موتەسەڕیفی هەولێر و عەمید روکن کەمال مستەفا وەک گەورە پرسی یەکەکانی سوپا لە هەولێر هەردووکیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زۆر هاوکارییان دەکردم، لە کاری توندوتیژی و رەسمیات بەدوور بوون، ئەو کاروبارانە بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەک و دەستەبەرکردنی هێمنی و ئاسایش لە ناوچەکەدا کۆتاییان دەهات.

***

# ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد

ئامانجی بارزانی ئەوەبوو کە سەرجەم چینەکانی گەل لە دروستکردنی بڕیار و کاروباری شۆڕشدا بەشداری بکەن، ئەمەش لە تێڕوانینی دیموکراسییانە بۆ بارودۆخەکە سەرچاوەی گرتبوو بۆیە بیری لە پێکهێنانی ئەنجوومەنێک کردەوە کە نوێنەری هەموو لایەنەکان بەحزبی و بێ لایەنەوە لەخۆ بگرێت، لەبەر ئەوەی سازدانی هەڵبژاردنی گشتی لەو بارودۆخەدا زەحمەت بوو بۆیە دوای بیرکردنەوە و راوێژ لەگەڵ هەموو لایەنەکان بڕیاردرا کۆنگرەیەکی گشتی سازبدرێت و نوێنەری هەموو لایەک و فرەبیروڕا بەشداری تێدا بکەن، ئەو کۆبوونەوە گەورەیە لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٤) سازدرا و بەشێوەی ئەنجوومەنی نوێنەران یان پارلەمان و ناویان نا (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) و لە نێوان خۆیاندا حەفتا کەسیان وەک ئەندامانی هەمیشەیی هەڵبژارد و ئەوانیش چەند کەسێکیان هەڵبژارد و ئەنجوومەنەکەیان ناو نا (مەکتەبی تەنفیزی) کە ئاوکوفی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، هەر ئەندامێک سەرۆکایەتی بەشێکی دەکرد وەک دارایی و کاروباری سەربازی و دادوەری و تەندروستی و فێرکردن و... هتد.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەر چوار مانگ جارێک کۆدەبووەوە و دەربارەی سەرجەم کاروباری شۆڕش و ئەو گیروگرفتانەی کە لە نێوان هەردوو کۆبوونەوەکە سەریان هەڵداوە گفتوگۆیان دەکرد، لە کۆتاییی کۆبوونەوەکانیشیاندا بەڕێگەی دەنگدانی نهێنی دووبارە مەکتەبی تەنفیزییان هەڵدەبژاردەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد زۆر جیاوازیی هەبوو لەگەڵ ئەو ئەنجوومەنە سەرکردایەتییانەی شۆڕش کە دوای کودێتا سەربازییەکان لەلایەن ئەفسەرانی بەشداربوو یان دەسەڵاتدارانەوە

هەڵدەبژێردران کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست کەمتر بوو.

سـازدانی ئەو کـۆبوونەوانە و دامـەزراندنـی ئەنجـوومـەنی سـەرکـردایـەتیی شـۆڕشـی کـورد نیـگەرانی و توورەییی لەلای دەسـەڵات دروست کـرد، چـونکە پرۆسـەکە خـۆی بۆ خـۆی جـۆرێک لە دیموکـراسـیـەتی تێـدا بوو و دەسـەڵاتیش نەیدەویست شـۆڕشـی کـورد دامـەزراوی وا لەخـۆوە بگرێت چونکـە بەردەوام دەبێت و کـاروباری رێک دەخـات، بۆیە یـەک لە داواکـارییـەکـانی رێژیم دوای رێککەوتننامـەی (١١)ی ئاداری سـاڵی (١٩٧٠) نەمـانی ئەنجـوومـەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بوو.

لەو کۆبوونەوانەو هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و مـەکتـەبی تەنفـیزیدا بەشدار نەبووم چونکە ئەوکاتە تووشی نـەخۆشی مـەلاریا هـاتبووم و بـۆ چارەسـەری چووبوومە بـەغدا، سـەرەڕای ئامـادە نەبوونم بەڵام بە ئەندامی ئـەنجـوومـەنی سـەرکـردایەتیی شـۆڕشی کـورد و مـەکـتـەبی تەنفـیزی هەڵبـژێردرابووم، هـەروەهـا کـاک ئەحـمـەدی براشـم بە ئـەندامی ئەنجـوومـەنی ناوبراو هەڵبژێردرابوو، دوای گەڕانەوەم دەست بەکاربووم و بەنیسبـەت منەوە شـتێکی تازە نەبوو، چونکە بەر لە پێکهاتنی ئەنجوومـەن و مەکتـەبی تەنفیزی من لێپرسراوی بەشی دادوەری بووم.

پێش گـەڕانەوەم لە بەغـدا، هەر یەک لە بـابە عـەلی شـێخ مـەحـمـوود و زەید ئەحمەد عوسمـانی پوورزام داوایان کرد کـە نامەیەکیان بۆ بـارزانی نووسیوە و بیگەیـەنم، ئامـادەییم پیـشـان دا و نامـە مۆرکـراوەکـەیان تەسلیم کـردم وتیـان لەلایەن هـەردووکیـان و چەند کەسایـەتییەکی کوردی ترەوە ئیمزا کـراوە لەمانە فـوئاد عـارف و عـەلی کـەمـال و دکـتۆر عـەبدولڕەحـمـان عـەبدوڵا و لیـوا مـەجـید عەلی و هـەردوو عەمیدی سەربازی عەبدوڵڵا سەعید و ئەحمەد کەمال قادر.

کە گـەیشتمـە رانیـە، بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ کاک ئەحـمەدی برام چووینە لای بـارزانی و نامەکەم تەسلیم کرد و دەبوایە وەرامەکەش وەربگرمەوە، بارزانـی لە گوندی (دێری) نزیک رانیە دادەنیشت و ئۆتۆمـۆبیل دەگەیشتـە نیوەی رێگاکە

دەبوایە نیوەکەی تر بەپێیان بڕۆین، ئەو شەوە لەوێ ماینەوەو لەگەڵ بارزانی کۆبووینەوە، بارزانی هەندێک چەکی سووک (تفەنگ)ی بۆ هاتبوو، چەند تفەنگێکی بە خەڵات دا بە کاک ئەحمەد و دانەیەکیشی دا بە من، بۆ بەیانی خۆمان ئامادەکرد تا بگەڕێینەوە رانیە، بارزانیش بۆ چاوپێکەوتنی شاندێکی فەرمی دەچوو بۆ رانیە، لە پڕ هەستم بە ژانەسەر و تایەکی توند کرد و لەرزی مەلاریا دای گرتمەوە، لەکاتی رۆیشتندا بارزانی سواری ئەسپێک بووبوو، کە هەستی کرد لە بارێکی خراپدام ویستی دابەزێت و ئەسپەکە بدات بەمن، بەڵام من رازی نەبووم، دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە لای ئۆتۆمۆبیلەکان.

لێرەدا نموونەیەک لەسەر وەفای بارزانیی نەمر بەرامبەر بەو کەسانە دێنمەوە کە بەوەفا بوون بۆی، پێش ئەوەی لەگوندی دێرێ بۆ رانیە بەڕێ کەوین و بۆ چاوپێکەوتنی ئەو وەفدە رەسمییەی کە پارێزگاری ئەوسای سلێمانی عەبدولرەزاق سەید مەحموود سەرکردایەتی دەکرد، ئێمە چاوەڕێی بارزانیمان دەکرد تا یاوەری بکەین، رووی قسەی لەئێمە کرد و وتی بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم کە سەردانێکی پیرەمێردێکی نەخۆشی ناو جێگا بکەم، ئەو پیرەمێردە مستەفا ئاکرەیی باوەڕپێکراوی بارزانی و شێخانی بارزان بوو، لە گەنجێتییەوە خزمەتی کردوون و بووبوو بە ئەندامێک لە خێزانەکە، لە تاراوگەو باشووری عێراق و سلێمانی و ئێراندا یاوەریان بوو، تامردنی هەر بەدڵسۆزی کاری بۆ دەکردن، دوای خۆی کوڕەکانی (ساڵح و ئیبراهیم و حوسێن) و نەوەکانی لەسەر هەمان رێباز بەردەوام بوون، کەشوهەوای خۆش بوو و مستەفا لە دەرەوەی خیوەت جێگەی بۆ راخرابوو، بارزانی لە تەنیشتی دانیشت و ئێمەش چاودێریمان دەکرد، دەستی خستە ناو دەستی و هەندێک قسەیان کرد، دوای چەند دەقیقەیەک بارزانی هاتە لامان وتی ئەو پیرەمێردە لای ئێمە زۆر ئازیزە، بەو بێ فیزی و وەفایە زۆر سەرسام بووم، ئەو دوو سیفەتەی کە لە بارزانی بەدیم کرد و لەگەڵ سیفەتە جوانەکانی تری تا رۆژی وەفاتی هەر لەسەریان بەردەوام بوو.

گەیشتینە شوێنی ئۆتۆمۆبیلەکان، لەگەڵ کاک ئەحمەد سواری ئۆتۆمۆبیل بووم، کە گەیشتینە رانیە یەکسەر چوومە ماڵی شێخ حەمید تا لە ناو جێگادا بکەوم، نەمتوانی بچمە ئەو شوێنە تایبەتییەی کە بۆ پێشوازیکردنی وەفدەکە تەرخان کرابوو، دوای خواردنی دەرمان پاش چەند رۆژێک هەستم کرد تۆزێک باشم و بۆ تەواوکردنی چارەسەری گەڕامەوە هەولێر و ئینجا سەفەری بەغدام کرد و نامەکەی بارزانیم تەسلیم بە بابە عەلی شێخ مەحموود و زەید ئەحمەد عوسمان کرد، هەروەها چاوم بە هەندێک کۆنە برادەری وەک ئیسماعیل دامرچی و عەدنان دەبوونی و هەندێکی دیکە کەوت[٣]، هاتمەوە هەولێر و پاشان چوومەوە شوێنی کارەکەم لە رانیە.

مستەفا قەرەداغی ئەرکی سکرتێری مەکتەبی تەنفیزی بە ئەستۆوە بوو، دوای شەشەم کۆنگرەش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرابوو، ئێمە چوار پێنج کەس کە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی بووین لەو خانووە دادەنیشتین، من خانوویەکی دیکەم لە رانیە کردبووە شوێنی دانیشتنم و چوار پێنج پێشمەرگەش یاوەرم بوون، دوای تەواوبوونی کارەکانم ئێواران دەچوومە ئەوێ، مەلا عەبدوڵا بارزانی ئەمینداری کۆگای پێداویستییەکانی پێشمەرگە بوو، بەشی بارەگای ئێمەشی دەدا، ئەو مەلا عەبدوڵڵایە پیاوێکی چاک بوو، لە ڕێرویشتنە بەناوبانگەکەی ساڵی (١٩٤٧) یاوەری بارزانی بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت و تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە.

لە مانگی تشرینی دووەمدا، مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی بڕیاریان دا بیرخەرەوەیەک ئاراستەی فەریق تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران بکەن کە تیایدا رەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵات کرابوو چونکە داوا رەواکانی گەلی کوردی جێبەجێ نەکردبوو، هەر لەو بیرخەرەوەیەدا داوای جێبەجێ کردنی هەندێک داواکاری بە ئیمزای بارزانی کرابوو کە کاتی خۆی قەناعەتی بەوە نەبوو لەو بارودۆخەدا بیرخەرەوەکە بدرێت بە سەرۆک وەزیران بەڵام مکوڕی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی بوونە هۆی ئەوەی کە ئیمزای بکات، بیرخەرەوەکە درا بە موتەسەریفی سلێمانی تا تەسلیمی سەرۆک

وەزیرانی بکات، مەکتەبی تەنفیزیش دانەیەکی لە بیرخەرەوەکە تەسلیمی من کردو داوایان کرد بچمە بەغدا بیدەم بە سەرۆک وەزیران تا تەواو دڵنیابن.

دوای رۆژێک، بەڕێگای سلێمانییەوە چوومە بەغدا، یەکەم جار بوو بەو ڕێگایەدا بچم بۆ بەغدا، سواری ئۆتۆمۆبیلێکی کرێ بووم کە سێ ئافرەتی خەڵکی سلێمانیش لە دواوە دانیشتبوون، ڕێگەی دەربەندیخانمان گرتەبەر و بیستم کە خاڵی پشکنین ئەفسەرێکی بەدناوی لێیە و خەڵکی سلێمانی خۆشیان ناوێت چونکە هەڵسوکەوتی ناشیرین و دوژمنانەیە، ئەمەم لە دەمی شوفێرەکە بیست و بواری گەڕانەوەشم نەبوو، دەمانچەیەکم لەبن چاکەتەکەم بەستابوو، پێش ئەوەی بگەینە خاڵی پشکنین یەکێک لە ئافرەتەکان لێی پرسیم ئاخۆ دەمانچەم لەلایە، وتم: بەڵێ، وتی: بێنە بیشارمەوە، بێ ئەوەی بمناسێ یان بیناسم دەمانچەکەی لەناو جلەکانی شاردەوە، سەربازەکان، لە خاڵی پشکنین ئۆتۆمۆبیلەکەیان وەستاند، ئەفسەری ناوبراو بەفیز و ملهوڕییەکەوە هاتە لامان و پرسی: پێشتر لە سلێمانی منی نەبینیوە و داوای ناسنامەی کرد، ناسنامەی سەندیکای پارێزەران و بەڵگەی ڕێگە پێ نەگرتنم لەلا بوو، کەویستی تەفتیشم بکات لێ نەگەڕام و وتم نامەیەکی تایبەتی بارزانیم بۆ سەرۆک وەزیران لەلایە، داوای کرد بچین بۆ لای فەرماندەی فەوج، نزیکەی سەد مەترێک ڕۆیشتین و گەیشتینە بارەگای فەوج، فەرماندەکە گەنجێک بوو کە پلەی موقەدەم روکن بوو و ناویم لەبیرنەماوە، کاتێک خۆم پێ ناساند و مەسەلەکەم تێ گەیاند، ئەوپەڕی ڕێزی نواند و چایەی بۆ بانگ کردم و تا دەرەوەی بارەگاکە لەگەڵم هات، سەربازێکی بەگەڵ دام چونکە ئەفسەرەکە دیار نەمابوو، نزیکەی چارەگە سەعاتێک دواکەوتین، ئافرەتەکە دەمانچەکەی دامەوە، کە سنووری ناوچە کوردییەکانمان بەجێ هێشت چاوم بە هیچ خاڵێکی پشکنین نەکەوت و کەس نەیوەستاندین.

کە گەیشتمە بەغدا، بۆ حەوانەوە چوومە ئۆتێلێک، بۆ بەیانی تەلەفۆنم بۆ دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، کە باسی ئیشەکەم بۆ کردن هەمان ڕۆژ ژوانیان بۆ دانام، لەکاتی دیاریکراودا چوومە ئەنجوومەنی وەزیران و

موتەسەڕیفی سلێمانیم بینی کە لە نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران دەهاتە دەرەوە، دوای چاک و چۆنی بەپێکەنینەوە وتی: بیرخەرەوەکەتانم تەسلیم بە سەرۆکی وەزیران کرد.

کە چوومە لای فەریق تاهیر یەحیا بینیم بیرخەرەوەکەی لەبەردەمە و جۆرێک لە بێزاری بەرامبەر داواکارییەکان دەربڕی و وتی: هەموو توانای خۆی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە هەڵپەسێردراوەکان وەگەڕ دەخات، تێی گەیشتم کە پیاوێکی ئاشتیخوازە و مکوڕە لەسەر بەردەوامبوونی ئاگربەست لە نێوانماندا، بەڵام لە هەمان کاتدا درکم بەوە کرد کە عەقلیەتی عەبدولسەلام و تێڕوانینە ڕەگەزپەرستانییەکەی بۆ گەلی کورد لەلایەک و باوەڕنەبوونی ڕێژیم بە پێدانی هیچ مافێک بۆ ئەم گەلە لەلایەکی دیکەوە بەربەست بوون لە بەردەم هەر هەنگاوێکی ئیجابی بۆ ئەم مەبەستە.

سەرۆک وەزیران سەرکۆنەی بارودۆخەکەی کردو گلەییی لەوە دەکرد کە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد کەس هاوکاری ناکات و وتی پێویستیم بە لاوێکە ببێتە هەڵقەی پەیوەندی لە نێوان خۆی و بارزانی و هەموو دەمێک ئامادە بێت کە را و بۆچوونی هەردوو لا بەڕاستگۆیی بۆ یەکتر بگوازێتەوە و هەموو کاتێک لە ئۆتێل بێت و بەهیچ لایەکدا نەڕوات، لە قسەکانی گەیشتم کە مەبەستی چییە، دووبارە رووی قسەی لە من کرد و پرسی: ئاخۆ دەتوانم لە وەزارەتدا بەشداربم، وەرامم دایەوە کە من لە ژێر فەرمانی بارزانی دام و دەبێت رەزامەندیی بارزانی وەربگیرێت.

لە ئەنجوومەنی وەزیران هاتمە دەرەوە و چوومە لای یەدوڵڵا کەریم کە لێپرسراوی لقی پێنجی پارتی بوو لە بەغدا، باسی دیدارەکەی تاهیر یەحیام بۆ کرد، هیچ کامێکمان بایەخمان بە بابەتەکە نەدا، دوای دوو رۆژ بەڕێگای هەولێر گەڕامەوە رانیە.

وا رێک کەوت، لەو ئوتێلەی کە لە بەغدا تیایدا دابەزیبووم ئیبراهیم رەحمانئاغای ئامۆزاشم لەوێ بوو و دەیویست بگەڕێتەوە هەولێر، دوای

ڕۆژئاوابوون گەیشتینە قوشتەپە، ئەوکاتە دوای خۆرئاوابوون هاتوچۆ لەنێوان شارەکاندا قەدەغە بوو، پۆلیس رای وەستاندین، هەوڵم دا کە تێیان بگەیەنم بەڵام سوودی نەبوو، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیس خوالێخۆشبوو عەقید بەشیر ئەحمەد سەلمان کرد، ئەو کاتەی کە لە هەولێر ئەفسەری پۆلیس بوو عەقید بەشیرم دەناسی، پیاوێکی باش و بێوەی بوو، فەرمانی دا رێگەمان بۆ بکەنەوە.

عەقید بەشیر، دوای خانەنشین بوونی، ساڵی (١٩٧٣) لە گەڕەکی پۆلیسی شاری بەغدا خۆی و ژنەکەی و تاقە کوڕەکەی بەشێوەیەکی دڕندانە بەدەستی چەتەکانی (أبوطبر) تیرۆر کران.

دوای بەسەربردنی دوو سێ رۆژ لە هەولێر، گەڕامەوە رانیە و پوختەی سەردانەکەم بۆ بەغداو چوونە لای سەرۆک وەزیران بۆ بارزانی و لێپرسراوان باس کرد و دیسان دەستم بەکاری ئاسایی خۆم کردەوە.

***

# دەست پێکردنی گیروگرفت لە هەولێر

پێوەندیی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و دەسەڵاتی مەرکەزی نیمچە چەقبەستوو بوو، هیچ پەرەسەندنێک لە ئارادا نەبوو و حکومەتی مەرکەزی هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نەهاویشتبوو و بارودۆخەکە شڵەژابوو، دەسەڵات لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ریزەکانی پێشمەرگەدا کرابوو زۆر بێزارو ناڕازی بوو، رێکخراوە تازەکانی پێشمەرگە بنەمایەک بوون بۆ پێکهێنانی سوپایەکی نیزامی وەک پێکهاتەکانی فیرقە و لیواو فەوج و یەکەکانی سەر بەوان و سەرکردایەتییەکانیان و پێکهاتەکانی سەرۆکایەتی ئەرکانی، ئەو رێکخراوانە بووبوونە مایەی نیگەرانی دەسەڵات و رق و کینەش لەدڵی عەسکەرییەکان لە سەرووی هەموویانەوە موشیر عەبدولسەلام عارف، دەسەڵات ئەمانەی بەهەڕەشە لە قەڵەم دەدا، بۆیە بەپەلە بوون بۆ هەر کاردانەوەیەک و خۆیان بۆ گەڕێکی تری شەڕ ئامادە کرد.

ئەم بارودۆخە، کەشوهەوای بۆ رووداني چەند گیرگرفتێکی تاکەکەسی رەخساند وەک رفاندنی ئۆتۆمۆبیلی حکومی و نیمچە حکومی و فەرمانبەران و سەربازان و پۆلیس، موتەسەڕیفی هەولێر نامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد و تێیدا ناڕەزایی بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتانە دەربڕیبوو و داوای دەکرد بوەستێندرێن، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئەو کاتە بارزانی چاوی بە موتەسەڕیفی هەولێر عەبدولمونعیم مەصرەف نەکەوتبوو بەڵام زۆر رێزی دەگرت چونکە پیاوێکی بێوەی بوو و دژ بە توندوتیژی بوو و خەڵکی هەولێر لێی رازی بوون، بەپێچەوانەی موتەسەڕیفی پێشوو بەدرەدین عەلی کە بۆ ماوەی سێ ساڵ بە ئاگر و ئاسن حوکمی هەولێری کرد، بارزانی فەرمانی دا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە بچمە هەولێر، هەروەها فەرمانی دا کە شەهید ئیبراهیم

ئەفەندی (مفەوەزی پێشووی پۆلیس و پیاوی ئازا کە ساڵی (١٩٦٣) هاتە ریزی شۆڕشەوە) بە مەفرەزەیەکەوە هاوەڵم بن، بارزانی بۆ قەدەغەکردنی ئەو هەڵسوکەوتانە هەموو دەسەڵاتێکی دامێ، کە گەیشتمە هەولێر، چوومە دیوانی موتەسەریفیەت و موتەسەرِیف لیستێکی تایبەت بەسەرپێچییەکان دامێ، لەگەڵ شەهید ئیبراهیم ئەفەندی لەو لیستە کۆڵینەوە و بەدیارکەوت کە سەرجەم سەرپێچییەکان هەڵسوکەوتی تاکەکەسین و کەسانی دیاریکراو ئەنجامیان داوە و پێشتر هیچ نەخشەیان بۆ نەکێشراوە، هەروەها سەرکردە حیزبی و سەربازییەکان ئاگادارنین، زانیمان کە کۆمەڵێک لەو ئۆتۆمۆبیلانە لای (هەمزە سێوێ)ن (ساڵی ١٩٩٥ شەهید بوو)، ئۆتۆمۆبیلەکانمان دۆزییەوە و هەمزەمان لە دووبارەکردنەوەی هەر کارێکی ئەوها ئاگادار کردەوە و تێمان گەیاند، بچێتە رانیە و لەوێ بمێنێتەوە، هەروەها هەندێک لە ئۆتۆمۆبیلەکانمان لە شوێنی جیاجیادا دۆزییەوە، ئێوارەیەک موتەسەرِیف پێی راگەیاندین کە بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستانیان رفاندووە، زانیمان کە رفێنەران چوونەتە گوندی کەسنەزان کە بنکەیەکی کاتی پێشمەرگەش لەو گوندە بوو، پێنج دەقە دوای ئەوەی کە گەیشتینە کەسنەزان ئەو مەفرەزەیەی کە بەڕێوەبەری ناوبراویان ڕفاندبوو گەیشتە ئەوێ، شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو کە ئێمەیان لەوێ بینی، بەڕێوەبەری پۆلیس زۆر شڵەژابوو، هێنامانەوە هەولێر و کاری پێویستیمان دەرهەق بە سەرپێچیکاران و دووبارەنەبوونەوەی ئەو هەڵسوکەوتانە ئەنجام دا، دوای چەند رۆژێک سووڕانەوە بەناوچەکەدا و سەردانی یەکەکانی پێشمەرگە و دابینکردنی هێمنی و ئاسایش و روونەدانی هیچ گیروگرفتێک گەڕامەوە رانیە، موتەسەرِیف، لەو بەدەنگەوە هاتن و بایەخدانەی بارزانی بە مەسەلەکە زۆر مەمنوون بوو.

***

# هەڵمەتی کۆکردنەوەی پیتاک

لە مانگی کانوونی یەکەمدا بووین، زستانەکەی زۆر سارد بوو بەتایبەتی لە ناوچەکانی رانیە و قەڵادزێ و شوێنە شاخاوییەکانی تر، هاتوچۆ لە دەرەوەی رێگە گشتییەکان زۆر زەحمەت بوو، هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ساز دا، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی گشتی و تۆژینەوە لە پێداویستییەکانی پێشمەرگە بەپێویست زانرا کە یارمەتیی داراییان بۆ خەرج بکرێت بەتایبەتی لەو زستانە تووشەدا.

توانای سەرکردایەتیی حزب و شۆڕش سنووردار بوو و ئەو بڕە پارەیەی کە لەلای سەرکردایەتیش بوو بەشی هەموو پێشمەرگەکانی نەدەکرد، بۆیە بڕیار لەسەر ئەوە درا هەڵمەتێک بۆ کۆکردنەوەی پیتاک بکرێت و پارە لەو کەسانە وەربگیرێت کە باری داراییان باش بێت بەڵام بە مەرجێک بە رەزامەندیی کەسەکان بێت و بەزۆردارەکی نەبێت و تا بتوانرێت بەو هەڵمەتە و ئەو پارەیەی کە لەلای سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردە ئەو یارمەتییە داراییە خەرج بکرێت، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا سەرکردایەتیی لیژنەی تایبەت بە کۆکردنەوەی پیتاک لە هەولێر بکەم و بەهاوکاریی لقی دووی پارتی هەڵمەتەکە ئەنجام بدەین، دوای ئەوەی دەفتەر و پسوولەی تایبەتیم بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرد بەرێگەی کۆیەوە چوومە هەولێر، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی لقی دوو لەمانە (ئیسماعیل مەلا عەزیز هیرانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لق، محەمەد مەلا قادر، عەلی هەژار، خورشید شێرە،... هتد) بڕیاردرا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتیی من پێک بهێندرێت و لە ئەندامەکانیش ناوی ئیسماعیل مەلا عەزیزم لە بیرە، لیستێک بەناوی ئەو کەسانە کە گوزەرانیان باشە و هاوسۆزی شۆڕشن رێک خرا، بەشەو سەردانی ئەو

کەسانە دەکرا و هەموو ئەوانەی کە ناویان لە لیستەکەدا بوو بە خۆشحاڵییەوە و بێ هیچ دڵگرانییەک پیتاکیان دەدا، لە چەند رۆژێکی دیاریکراودا بڕێکی باش پارە کۆکرایەوە، خەریک بوو هەڵمەتەکەمان کۆتایی بێت کە عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیفی هەولێر بانگی کردم و پرسی: ئاخۆ پیتاکمان کۆکردووەتەوە. وتم: بەڵێ، وتی: چەندتان کۆکردووەتەوە؟ وتم: هەر چەندێک بێت، وتی تا زووە ئیشەکەتان تەواو بکەن چونکە ئەمە سەرپێچیی یاساکانە، بەڵێنم پێ دا و یەک دوو رۆژی تر پیتاکمان کۆکردەوە و دوایی هەڵمەتەکەمان ڕاگرت.

ئەو کاتەی کە لە هەولێر بووم سەردانی عەمیدی روکن کەمال مستەفا (فەرماندەی لیوای سێ)م کرد، هەر جارێک بچوومایەتە هەولێر سەردانم دەکرد، برادەرایەتیم لەگەڵ ئەو پیاوە ئەسڵزادەیەدا زۆر پتەو بوو، خاوەن گیانێکی بەرزی نیشتمانی و دڵسۆزی عێراق بوو و زۆر دژ بەشەڕ و توندوتیژی بوو، زۆر جار بۆ نانخواردن داوەتی دەکردم، لەلای ئەو عەقید عومەر هەزاعی خزمی ئەحمەد حەسەن بەکرم ناسی کە دوایی بوو بەگەورە ئەفسەرێکی بەعسییەکان و وەک بیستمەوە دەسەڵات بەشێوەیەکی دڕندانە لە سێدارەی دا، هەروەها موقەدەمی روکن حەمید ئیسماعیل سەراجیشم ناسی کە ئەفسەرێکی بەعسی بوو و دوایی کرا بە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس، ساڵی ١٩٧٠ کە باڵوێزی عێراق بووم لە پراگ حەمید سەراج کرا بە مولحەقی سەربازیی باڵوێزخانەکە، سەراج چونکە لایەنگری حەردان تکریتیی وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆک کۆماری سەردەمی بەعسییەکان بوو بە زۆرەملێ گواستبوویانەوە بۆ پراگ، هەردوو ئەفسەری ناوبراو سەر بە لیوای سێ بوون بە فەرماندەیی عەمید روکن کەمال مستەفا.

عەمید روکن کەمال مستەفا باوەڕی بەو بارودۆخە و سەرکردایەتیی عەبدولسەلام عارف نەبوو بۆیە هەردەم نێوانیان ناخۆش بوو، عەبدولسەلام دڵی پڕ لە رق و کینە بوو بۆیە کەمال مستەفای خانەنشین کرد، کەمال تا لەناوچوونی عەبدولسەلام نەگەڕایەوە ریزەکانی سوپا و لە سەردەمی

عەبدوڕەحمان عارفدا گەڕایەوە.

دوای کۆتاییهاتنی ئیشەکەم و ئەو سەردانانە گەڕامەوە رانیە و ئەو پیتاکەی کە کۆمان کردبووەوە تەسلیم بە مەکتەبی تەنفیزیم کرد و گەڕامەوە سەر کاری خۆم و بارودۆخ ئاسایی بوو، لە کۆتاییی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ چەند رۆژێک مۆڵەتم وەرگرت و چوومەوە لای کەسوکارم لە هەولێر، لەو کاتەدا بارودۆخ سەرلەنوێ شڵەژایەوە، نزیکەی ساڵێک بەسەر راگەیاندنی ئاگربەستدا تێ پەڕیبوو (ئاگربەست لە ١٠ی شوباتی ساڵی ١٩٦٤دا راگەیەندرا) کەچی حکوومەت هیچ کام لەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکرد کە بە شۆڕشی کوردی دابوو، سەرەڕای ئەو بارودۆخە مۆڵەتەکەم وەرگرت چونکە دڵنیابووم لەوەی کە عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەڕیف و عەمید روکن کەمال مستەفا دوو کەسی خێرخوازن بۆیە بە دڵنیایی گەڕامەوە هەولێر.

## ساڵوەگەڕی ئاگربەست و رووداوەکەی عەریف عەلی مەولود

مۆڵەتەکەم بە ئاسوودەیی و خۆشی بەسەربرد، سەردانی خزم و دۆستانم کردو میوانێکی زۆرم بەڕێ کرد، هەندێک جار سەردانی موتەسەڕیف و فەرماندەی (لیوای سێ)م دەکرد و لەبارەی خراپیی بارودۆخەکە قسەمان دەکرد، کاک ئەحمەدی براشم ماڵی لە گەڕەکی ئازادی بوو، سەردانی ئەو و خێزانەکەیم دەکرد، رۆژی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٥ ویستم بگەڕێمەوە رانیە، ئیسماعیل مەلا عەزیزی لێپرسراوی لقی دووی پارتی پێوەندیی پێوە کردم و حەزی کرد لە هەولێر بمێنمەوە چونکە حیزب بڕیاری داوە لە ١٠ی شوبات مانگرتنی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا ئەنجام بدات چونکە ساڵێک بەسەر ئاگربەستدا تێ پەڕیوە و حکوومەت بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکردووە، هەروەها موتەسەڕیف و فەرماندەی لیواش تکایان لێ کردم ئەو رۆژە لە هەولێر بمێنمەوە تا بۆ چارەسەرکردنی هەر گیروگرفتێک هاوکارییان بکەم، بڕیارم دا بمێنمەوە.

ئێوارەی ٩ی شوباتی ساڵی ١٩٦٥ لەسەر داوای لقی دوو نامەی تایبەتیم ئاراستەی یەکەکانی پێشمەرگە لە ناوچەی هەولێر کرد، داوای سەرکەوتنی مانگرتنەکەم لێ کردن و هەروەها داوام کرد ئەو رۆژە رێگای هەولێرو کەرکووک و مووسڵ بگرن و توخنی هێزەکانی حکومەت نەکەون.

لە رۆژی دیاریکراودا، واتە لە ١٠ی مانگ، مانگرتن هەموو شوێنێکی هەولێری گرتەوە و کەس نەچووە سەر کار، مانگرتنەکە سەدی سەد سەرکەوتوو بوو، تەنیا چەند نانەواخانەیەک لەبەر پێداویستیی هاووڵاتیان کرابوونەوە، دۆخەکە بە ئاشتییانە تێ دەپەڕی، پێشنیوەڕۆ عەمید روکن کەمال مستەفا تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای کرد بۆ کارێکی گرنگ پێویستە بە پەلە

بگەمە بارەگای لیوا، کە هاتمە دەرەوە، لە دەرگای ماڵ تووشی ئیسماعیل مەلا عەزیزی لێپرسراوی لق و عەلی هەژاری بەرپرسی یەک لە لیژنەی ناوچەکان هاتم، وتیان کادیرێکی حیزب کە ناوی (سەلیم ئاغۆک)ە لەلایەن سوپاوە گیراوە، چونکە بە خاوەن نانەواخانەیەکی وتووە نانەواخانەکەی دابخات.

گەیشتمە بارەگای لیوا، عەمید روکن کەمال مستەفا پێشوازیی کردم و وتی دەبێت هەر ئێستا فەرمان بدەیت رێگای نێوان هەولێر و (مووسڵ- کەرکووک) بکرێتەوە ئەگەرنا هێزەکانی سوپا وا لە کەرکووک بەرێ کەوتوون و لە هەولێریش یەکەیەکی سوپا بۆ هەمان مەبەست لە ئامادەسازیدایە، هەروەها وتی: پێش ئەوەی هێزەکانی سوپا بگەنە جێ پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە شوێنەکانیان لەسەر رێگای گشتی چۆڵ بکەن.

لەلای فەرماندەی لیوا دانیشتبووم کاتێک عەمید روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرکردەی فیرقەی دوو تەلەفۆنی بۆ کرد و داوای لێ کرد کە فەرمان بدات دەبابەکان بۆ ئەم مەبەستە بەرێ کەون، عەمید روکن کەمال مستەفا وەرامی دایەوە پێویست بە دەبابە ناکات و هێزێکی بچووک بەسە، بەڵام سەرکردەی فیرقە هەر مکوڕ بوو بۆیە کەمال مستەفا داوای کرد بە پەلەو پێش ئەوەی دەبابەکان بگەن دەبێت هێزەکانی ئێمە بکشێنەوە.

پێش ئەوەی برۆم، کێشەی (سەلیم ئاغۆک)م بە کەمال مستەفا وت، بردمیە ژووری ئەفسەری هەواڵگری لام وایە رائید روکن داود مەعازیدی بوو، بینیم سەلیم ئاغۆک دانیشتووە و ئیفادەی لێ وەردەگرن، فەرماندەی لیوا فەرمانی دا ئازادی بکەن و ئەوراقی لێکۆڵینەوەی دڕاند و هەروەها فەرمانی دا دەمانچەکەشی بدەنەوە، بە پەلە گەڕامەوە ماڵەوەو شەش حەوت پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم برد و بە پەلە رێگای (هەولێر- کەرکووک)م گرتەبەر، سەربازەکانی سەیتەرە رایان وەستاندین و تا پێوەندییان بە فەرماندەی لیواوە نەکرد ئیزنیان نەدایین، کە سەیتەرەمان بەجێ هێشت سێ دەبابەم لەدوای خۆمانەوە بینی.

به پەلە رۆیشـتین و چەند پێـشـمـەرگـەیەکم بەسـەر گـردی نیـوە رێگەی (هەولێر- قوشتەپە)ەوە بینی کە نـاوی (گردی قەرەچناغە)یە، ئاماژەم بۆ کردن کە دابەزنە خوارەوە، ئەو هـێزە شـەهید فارس باوە سـەرکردایەتیی دەکرد کە پاشان بوو بە فەرماندەی هێزی دەشتی هەولێر، بە هێزەکەم راگەیاند رێگاکە چۆل بکەن و خـۆیان لەگـەڵ هەر رووبەڕووبوونەوەیەک لەگـەڵ هێـزەکـانی حکوومـەت بەدوور بگرن، کـاتێک لەگەڵ فـارس باوەدا ویسـتـمـان بڕۆین دوو باڵەفڕەی شـەڕکەری جۆری (مێک ١٧) بەسـەر سەرماندا سووڕانەوە، ئەوەندە نەوەی بوون خەریک بوو بە زەوی بکەون، هەندێک لە پێشـمەرگەکان چوونە بن پردە ئاسنینەکەی هێڵی شـەمەندەفـەر، شـانسی ئێمـە بوو کـە بۆردمانیـان نەکـردین و هـەر بۆ هـەڕوگـیڤ بوو ئەگـینا کـەس ڕزگـار نەدەبوو، چەند فرسـەخێک لەرێگای گشتی دوورکەوتینەوە و رووەمان لە یـەکێک لە گوندەکانی ناوچەی هێزەکانی فارس باوە کرد، فارس خـەریکی کۆکردنەوەی هێزەکانی بوو، منیش رۆیشتم تا بە عەریف عەلی مەولود و پێشـمـەرگـەکانی رابگەیەنم بکشـێنەوە، ئەوان بارەگـایان لە گـوندی قـەشـقـە بـوو کـە نزیک (پردێ)یە و کـەوتووەتە بەری رۆژئاوای زێی گچکە، نێـوانیـان تـۆزێک دوور بوو، کـە نزیک بووینەوە پیکابێکمـان بینی ئەحـمـەد دەیئـاژۆت، هەمـان ئەو ئەحـمـەدە بوو کە پێشتر لە کاتی چوونم بۆ ناوچەی سەفین لە ساڵی ١٩٦٣ باسم کرد و هەمان ئۆتۆمـۆبیلیش بوو، بینیم ئەحـمـەد شـڵـەژاوە و رەنگی زەرد هەڵگەڕاوە و پێی وتین کە شـەڕ لە نێوانی پێشمـەرگە و هێزەکانی حکومـەتدا قەوماوە و هاتووە داوای فـریا بکات، بە پەلە هەنگاومـان نا و چەند گـوللە تۆپێک لە دەورو پشـتـمـان بە ئەرزی کـەوت، ژمـارەمـان حـەوت کـەس بوو، لە ئۆتۆمـۆبیلەکە دابەزین، عومەر قادری هاوەڵم (تا ئەمڕۆش هەر هاوەڵمە) ئۆتۆمۆبیلەکەی لە نشـێوێکدا شـاردەوە، تۆپباران هەر بەردەوام بوو، تۆپێک لە نێوانماندا کەوتە خوارەوە، شـانسـمان هەبوو کە زەوییەکەی شێدار و نەرم بوو و شەوی پێشتر باران باریبوو بۆیە گوللەتۆپەکان کاریگەرییان نەبوو.

دوای راوەسـتـانی تۆپ باران بەپێـیـان چووینە شـوێنەکـە، کـە گـەیشـتین

بینیمان شوێنەکە کپە و شەڕ بەکۆتایی هاتووە، هێزەکانی حکوومەت چەند کەسێکیان بەدیل گرتووە لەوانە عەریف عەلی مەولود ناسراو بە (عەریف عەلی رەقەم یەک)، چوومە بارەگاکەیان و دڵگرانیی خۆم بەرامبەر رووداوەکە پیشان دا، ئێمە بە هێزەکانی پێشمەرگەمان راگەیاندبوو کە توخنی هێزەکانی حکوومەت نەکەون، بەڵام ئەوان دەستپێشخەر بوون، پاشان زانیمەوە کە عەمیدی روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری ویستوویەتی تۆڵەی پەلێکی یەکەکەی بکاتەوە چونکە پێشتر لە ناوچەی شوان کەوتبوونە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها زانیمەوە ئەو کەتیبە تۆپهاوێژەی کە تۆپبارانی کردین بە سەرکردایەتیی رائید سەعدون غێدان بوو (سەعدون پاش کودێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ کرا بە وەزیری ناوخۆ و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) ناوبراو پاشان بۆی گێڕامەوە کە چەند کەسێکی چەکداری بینیوە بەرەو شوێنەکە دەچن بۆیە بڕیاری داوە چەند گوللە تۆپێکمان تێ بگرن.

نامەیەکم بۆ برادەرم عەمیدی روکن کەمال مستەفای فەرماندەی لیوای سێ نارد و رووداوەکەم بۆ روون کردەوە کەوا پێشمەرگە تەقەیان لە هێزە سەربازییەکان نەکردووە و هیچ هۆکارێک بۆ ئەم دەستدرێژییە نابینم، بەدیارکەوت کە کەمال مستەفا نەیدەتوانی هیچ بکات، چونکە یەکە سەربازییەکان سەر بە لیواکەی ئەو نەبوون، نامەکەم بە دوو لە یاوەرەکانم بۆ کەمال مستەفا نارد، یاوەرەکانم بۆیان گێڕامەوە کە ناوبراو لە چارەنووسی من نیگەران بووە و وای زانیوە تووشی کارەساتێک هاتووم و یان وەبەر بۆردمانی باڵەفڕە کەوتووم و یاخۆ بەدیل گیراوم، شتی وای بە خەیاڵدا هاتبوو، بەڵام کە نامەکەی بەدەست گەیشت دڵنیابوو، ئەمەش بەڵگەی رەوشت بەرزی و ڕاستگۆیی برادەرایەتی بوو، دوای ئەو رووداوە تا ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە سەردەمی عەبدوڕەحمان محەمەد عارفدا کە خوالێخۆشبوو تاهیر یەحیا کرا بە سەرۆک وەزیران چاوم بە هەولێر نەکەوتەوە.

رۆژی پاشتر گەڕامەوە رانیە، رووداوەکەم بۆ بارزانی و هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی گێڕایەوە، دوای دوو سێ رۆژ سەردانی بارەگای بارزانیم کرد، برایان ئیدریس و مەسعودیش لەوێ بوون، بارزانی داوای کرد نامەیەک بۆ سەرۆکی وەزیران تاهیر یەحیا بنووسرێت تیایدا باس لە رووداوەکە و هەندێک گیروگرفتی تر بکرێت، ئەمە یەکەم جار بوو کە بە تەنیا لەگەڵ ئیدریس و مەسعود باس لە کارێکی فەرمی بکەم، دوای بیروڕاگۆڕینەوە و بیرکردنەوەی هەر یەکێکمان لە هەڵبژاردنی دەستەواژە و رستەکان کاک ئیدریس داوای کرد چەند دەقیقەیەک مۆڵەتی بدەن تا نامەکە پاکنووس بکات، دوای چەند دەقیقەیەک ئیشەکەی تەواو کرد، قەت ئەوەم بەبیردا نەدەهات کە کاک ئیدریس بەو رادەیە زمانی عەرەبی دەزانێت و بەو شێوەیە ریزبەندی رستە و دەستەواژە دەکات کە مایەی سەرسڕمان بێت، دوای ئەوەی نامەکەی خوێندەوە پێویستی بە زیادکردنی وشەیەک یان لابردنی نەبوو، داوای لە کاک مەسعود کرد کە بەخەتە خۆشەکەی نامەکە بنووسێتەوە (بە خەتی کاک مەسعوودمان دەوت خەتی چاپ)، هەرچەندە کاک ئیدریسیش خەتی خۆش بوو، بەم جۆرە نامەکە ئامادەکرا و گەیشتە دەست سەرۆکی وەزیران.

***

# دەستپێکردنی گەڕێکی دیکەی شەڕ

بارودۆخ لە خراپەوە بەرەو خراپترین دەچوو، باوەڕی تەواومان بەوە هەبوو دەسەڵاتی ناوەندی دەیەوێت کات بەلای خۆیدا ببات، لە مانگی ئاداردا بارەگاکانمان بۆ قەڵادزێ گواستەوە، دەسەڵات دەیویست هێز و بازووی خۆی تاقی بکاتەوە، شەوانە چەندان باڵەفڕ بە سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دەسووڕانەوەو بۆ تۆقاندنی خەڵک بۆمبی رووناککەرەوەیان بەکاردەهێنا، بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بوو، رێژیم دوای ئەوەی هێزەکانی کۆکردەوە لە چەند ناوچەو بەرەیەکەوە دەستی بەهێرش کرد، بارزانی ناچار بوو فەرمان بدات پێشمەرگە بەرگری بکەن و دەست لە دوژمن بوەشێنن، هێزەکانی حکوومەت تەنیا لە هەندێک دەشتاییدا توانییان تۆزێک بەرەوپێش برۆن. لەبەر نەبوونی هیچ بەربەستێکی سروشتی لە نێوان چیای هەیبەت سوڵتان (کە هەر لەژێر دەستی سوپادا بوو و رەبایەی جێگیری تێدابوو) و رانیەدا حکومەت بەرەو رانیە هەڵمەتی برد و هیچ شەڕێک رووی نەدا، هێزەکانی پێشمەرگە لە دەربەندی رانیەدا خۆیان قایم کرد، ئەو دەربەندە کەوتووەتە نێوان رانیە و قەڵادزێ و زێی گچکەی پیادا دەڕوات و دوای بڕینی دەربەندەکە یەکسەر زەریاچەی دوکان پێک دەهێنێت، لە شوێنی ناوبراودا دەتوانرا تەنیا بەرگری لە قەڵادزێ بکرێت و پاشان رێگا بەرەو شاری ناوبراو دەبووە دەشتایی. هێزەکانی پێشمەرگە لە قەڵادزێ باش رێک نەخرابوون و لەڕووی ژمارەوە کەم بوون، بۆیە هێزێکی ترمان لە دەشتی هەولێرەوە هێنا کە پێشمەرگەی ئازا بوون و شەهید کاکل حەمەد وسوو سەرکردایەتیی دەکردن، ئەو هێزە چونکە خەڵکی ناوچەی دزەییاتی و دەشتی هەولێر بوون بۆیە زۆربەیانم دەناسی، رۆژانە سەردانم دەکردن و لە

پێداویستییەکانیانم دەپێچایەوە و زۆربەی کاتم لەلای ئەوان بەسەر دەبرد و جەمی سادەم لەگەڵدا دەخواردن، برادەرایەتییەکی پتەوم لەگەڵ ئەو هێزە و فەرماندەکەیان شەهید کاکل پەیدا کرد، چەکەکانمان سووک و سادە بوون و هیچ چەکێکی دژە زرێپۆشمان نەبوو، لەبەر ئەوە بڕیارمان دا دەربەندەکە لەو شوێنەی کە ڕێی گشتی پیادا دەڕوات مینرێژ بکەین بۆ ئەوەی کە دەبابەکان بەوێدا تێ پەڕین شوێنەکە بتەقێنینەوە، ئەفسەری ئەندازە رەئیس یوسف جەمیل میران کە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی بوو ئەو کارەی ئەنجام دا (ئێستا ئەندامی پارلەمانی کوردستانە)، سوپا لە رانیە نزیک بووەوە و لە دەوروبەری شاردا چادریان هەڵدا بێ ئەوەی بێنە ناوەوە، بڕیاردرا کەلوپەل و داودەرمانی نەخۆشخانەی رانیە بۆ شوێنێکی هێمن بگوێزرێنەوە، چونکە پێداویستیمان زۆر بە داودەرمان بوو و لە ناوچەکانی شۆڕشیشدا بەزەحمەت دەست دەکەوت. بڕیاردرا من و رەئیس یوسف میران ئەو ئەرکە رابپەڕێنین، ئێمە پێشبینیمان دەکرد سوپا لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا بگاتە ناو رانیە بۆیە ئەو هێزەمان هەڵبژارد کە لە دەربەندەکە بوون تا هاوەڵمان بن، چونکە باوەڕی تەواوم پێیان هەبوو و پیاوی چاونەترس بوون، هاوەڵەکانی خۆم و ئەو پۆلیسانەی لە شارەکەدا بوون ئەوانیش هاتن و بەشەو بەڕێ کەوتین، لەو ڕێیانەی مەزەندە دەکرا سوپا هێرشی تێدا بکات و هەروەها لەو دەروازانەی بەرەو نەخۆشخانە دەهاتن بۆسەمان دانایەوە، بە کپی چووینە ناو نەخۆشخانەکەوە، ئەوەی کەلوپەل و داودەرمان بوو دەرمان هێنا، بەشێکی کەممان بۆ ئەو نەخۆشانە بەجێ هێشت کە لەوێ بوون، بە پزیشکی ئێشکگرمان وت ئەوەی کە بۆ نەخۆشەکان پێویستە با گلی بداتەوە، دەرمانەکان خرانە ناو سندووق و لە ئوتۆمۆبیلی گەورە بار کران بێ ئەوەی دەنگی گوللەیەک بێت، پاشان زانیمان ئەفسەرێک بەلاسلکی پێوەندیی بە سوپاوە کردووە، بەڵام ئەو یەکە سەربازییانە و ئەفسەری ناوبراو نەوێراون بە شەو هێزەکانیان بۆ پاراستنی نەخۆشخانە بجوولێنن، بەم شێوەیە کارەکە بەبێ شەڕ جێبەجێ کراو گەڕاینەوە بارەگاکانمان، ئەو هێزەی کە هاوەڵیشمان بوو گەڕانەوە شوێنەکانیان لە دەربەندی رانیە.

## بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ

لەو کاروبارانەی ئیلتیزامیان کەوتبووە سەر لایەنی شۆڕش، گەڕانەوەی هەندێک یەکەی کارگێڕی و بنکەی پۆلیس و فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی وەک فێرکردن و تەندروستی بوو، بارزانیی نەمر هانی ئەوەی دەدا ئەو فەرمانگانەی کە خزمەتی پێویست بە هاووڵاتییان دەکەن وەک نەخۆشخانە و پەروەردە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، دەسەڵاتیش هەموو دەم گەڕانەوەی کارگێڕی و بنکەی پۆلیس لە رانیە و قەڵادزێی دووپات دەکردەوە تا وای پیشان بدات لەو دوو شوێنەی مەڵبەندی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد، ئەو خاوەن دەسەڵاتە، هەندێک لەو فەرمانگانە گەڕانەوە و بەشێوەیەکی شکڵی لە ناوچەکەدا کاری خۆیان کرد، لەوانە هەردوو بنکەی پۆلیس لە رانیە و قەڵادزێ، بارزانی بەڵێنی بە دەسەڵات دا ئەگەر بارودۆخیش بگۆڕێت ئەو بنکانە دەپارێزرێن و کەس توخنیان ناکەوێت.

بنکەی پۆلیسی قەڵادزێ گەڕایەوە، بنکەکە لە فەسیلێکی پۆلیس پێک هاتبوو ژمارەیان سی پۆلیس دەبوو، ئەفسەرێکی پۆلیس بە پلەی نەقیب سەرکردایەتیی دەکردن ناوی عەبدورەزاق بوو (ناوی باوکیم لەبیر نەماوە) کە کورد بوو و خەڵکی کۆیە بوو، پۆلیسەکانی ئەو بنکەیە لە ماوەی ئاگربەستدا بەشێوەیەکی رۆتینی کاری خۆیان دەکرد و راستەوخۆ توخنی کاروباری هاووڵاتیان نەدەکەوتن تەنیا ئەگەر داوایان لێ بکرایە.

دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ئایاری ساڵی ١٩٦٥ بنکەی پۆلیس لە شوێنی خۆی مایەوە و کەس توخنیان نەکەوت، بارزانی هەردەم ئەوەی دووپات دەکردەوە کە لێیان گەڕێن با کاری خۆیان بکەن، لە کۆتای مانگی ئایاری ئەو ساڵەدا، هێزە ئاسمانییەکانی حکوومەت بەبێ هیچ هەنجەتێک شاری

قـەڵادزێیـان بۆردمـان کرد و لـە ئەنجـامـدا هـەندێک هـاووڵاتیـی ئـافرەت و پیـاو شـەهیـد بوون، لە ئـەنجـامـی ئەوەدا هـەردوو مـەکـتـەبی سـیـاسـی و تەنفـیـزی بارەگـاکـانیـان بـۆ گـوندی هـەڵشـۆ گـواسـتـەوە کـە ١٠کم لە قـەڵادزێوە دوورە و کـەوتووەتـە دامـێنی ئـەو چیـایەی کـە لە بـاکـوری رۆژهـەڵاتی شـاری سـاوێنە، گواسـتنەوەی ئەو بارەگـایانەش لەبەر ئەوە بوو نەبادا پاشەڕۆژ ئەو بۆردمـانانە دووبارە ببنەوە.

لە سـەفـەرمـدا بـۆ ناوچەی گـەڵاڵە وا رێک کـەوت چاوم بە بارزانی بکەوێت، ئەنـدامـانی هـەردوو مـەکـتـەب داوایان لـێ کـردم دەربارەی بنکەی پۆلیس و مەترسییەکانی لە قەڵادزێ لەگەڵ بارزانیدا قسە بکەم، بنکەی پۆلیس ئامێری لاسلکییـان هـەبـوو، دەیانتـوانی لەکـاتی پێویسـتدا داوای هـێـز و باڵەفڕ بکەن، هـەروەهـا بنکەی پۆلیس دەیتوانی رۆڵی رێپێشـاندەر بۆ هێزی ئاسمانی ببینێت و بارەگا و شوێنی پێشمەرگەکان بدۆزێتەوە.

دوای بۆردمـانکردنی قـەڵادزێ، کـە ژمـارەیەک هـاووڵاتی بوونە قـوربـانی، بارزانی رازی بوو پۆلیسـەکان بگەڕێنـەوە ناوچەکـانی ژێر دەسـەڵاتی حکومـەت و قـسـەی نـاشـیـرینیـان پـێ نەوترێت و کـەسـیـان چـەک نەکـرێن، رۆژێکیـان مـەفرەزەیەکـی پێشـمـەرگەمـان برد کـە مـحـەمـەد عـەزیز بەڕێوەبەری کـارگێڕیی هـەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی و ئەفسەری پۆلیس شەهید نەقیب تاهیر سـاڵح و هـەنـدێکی دیکە هـاوەڵم بـوون، بەشـێـوەیەکی ئـاسـایی بەلای بنـکەی پۆلیسـدا تێ پەڕین، نەقیب عـەبدوڕەزاق فـەرمـاندەی بنکەکە و پۆلیسـەکـان لە دەرەوە دانیشـتبوون، کـە لێیان نزیک بووینەوە فـەرمـاندەی بنکەکە لە مـەرامـی ئێمە گەیشت، چوونە ژوورەوە و دەرگا ئاسنینەکانیان داخست، پۆلیسەکانیش کـە چەکـدار بوون کـەوتنە باری بـەرگریکردن، زۆر هـەوڵمـان دا و نیـازپاکـیـی خۆمان پێ وتن، بەڵام سوودی نەبوو، وازمان لێ هێنان و گەڕاینەوە.

ئەو بارودۆخـە چەند رۆژێکی خـایاند، ئێـوارەیەکیـان من و مـحـەمـەد عـەزیز و نەقیبی پۆلیس تاهیر ساڵح پیاسەمـان دەکرد و هیچ پێشمـەرگەیەک هـاوەڵمان نەبوو، تەنیـا دووانمان دەمانچـەمان لابوو، کە لـە بنکەی پۆلیس نزیک بووینەوە

هەندێک پۆلیس لەبەر دەرگا راوەستابوون و فەرماندەی بنکەکەش لە ژوورەوە بوو، کاتێک سڵاومان لە پۆلیسەکان کرد فەرماندەکەیان هاتە دەرەوە، کە بینی ئێمە بە تەنیاین و چەکدار نین داوای کرد بچینە ژوورەوە، بە قسەی خۆش پێمان وت شوێنەکە چۆل بکات بەڵام رازی نەبوو، لەو کاتەدا من و تاهیر دەمانچەمان لێ هەڵکێشا و چەکمان کرد، پۆلیسە چەکدارەکان دابەش بووبوون، بەڵام ئێمە هەڕەشەمان لێ کردن ئەگەر یەک گوللە بتەقێنن چارەنووسیان کوشتنە و خێزانیشیان تەفروتوونا دەبێت، محەمەد کە چەکی لەلا نەبوو چووە دەرەوە تا هێزێکی پێشمەرگە بانگ بکات، لەو کاتەدا پۆلیسی بەرپرسی موخابەرە و بێتەل کە عەرەب بوو ویستی پێوەندی بکات و داوای هێز بکات، ژوورەکەی لە تەنیشت ژووری فەرماندەی بنکە بوو، کە هەستم بەمە کرد ئەگەرچی شارەزاییم لە ئامێری بێتەل نەبوو، بەڵام هەموو ئەو وایەرانەم پچڕاند کە بە ئامێرەکەوە بەسترابوونەوە و پۆلیسەکەم لە ژوورەوە هێنایە دەرەوە، دوای چەند دەقیقەیەک محەمەد گەڕایەوە و هەندێک پێشمەرگەی هێنابوو، دەست بەسەر بنکەکەدا گیرا و پۆلیسەکان بەشێوەیەکی کاتی چەک کران، کەلوپەل و ئامێری بێتەلەکان کۆکرانەوە، سەرجەم پۆلیسەکان بە فەرماندەکەشیانەوە بە ئوتۆمۆبیلێکی گەورە رەوانەی دەرەوەی ناوچەکە کران، پاشان چەکەکانیان بێ فیشەک وەرگرتەوە.

بنکەی پۆلیس کۆگایەکی گەورەی پڕ لە دانەوێڵە و خواردەمەنیی تێدابوو، سەرۆک عەشیرەتەکان چاویان تێ بڕیبوو بۆیە هەردەم داوایان دەکرد کە پێشمەرگە توخنی ئەو بنکەیە نەکەوێت، مەرامی هەندێکیان بۆ ئەوە بوو کە دڵی حکومەت رازی بکەن لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ناوچەکە و هەروەها دەست بەسەر دانەوێڵە و خواردەمەنییەکاندا بگرن، بۆیە هەردەم سەردانی بارزانی و بەرپرسانیان دەکرد کە ئەو بنکەی پۆلیسە بپارێزن.

لە راستیدا، دەست بەسەرداگرتنی بنکەی پۆلیس رێکەوت بوو و پێشتر نەخشەی بۆ نەکێشرابوو، عەشایەر و هاووڵاتیان نەیاندەزانی کە چ لە ئارادایە و بەرەبەری ڕۆژئاوابوون دوای رەوانکردنی پۆلیسەکان سەرجەم

خواردەمەنی و کەلوپەل و ئامێری بێتەلەکە بەشەو بۆ کۆگاکانی شۆڕش لە دەرەوەی شار گواسترانەوە، بۆ بەیانی پیاوانی عەشایەر بنکەیەکی چۆل و هۆلیان بینی، بێزاری و نارەزاییان بەرامبەر بەم کارە پێشان دا.

بەم جۆرە و بە ئاسانی دەست بەسەر بنکەی پۆلیس داگیرا کە هەرگیز وا پێشبینیمان نەدەکرد و ئەو درک و چقڵە لە بەرچاومان لاچوو، دوای رووداوەکە من و برایان محەمەد عەزیز و تاهیر ساڵح بیرمان لەو سەرکێشییە مەترسیدارە دەکردەوە کە چۆن چووینە ناو بنکەکە و لە نێوان ئەو هەموو پۆلیسە چەکدارانەدا ژیانمان خستە مەترسییەوە و سوپاس بۆ خوا ڕزگارمان بوو.

# داگیرکردنی قەڵادزێ

لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ و دوای داگیرکردنی رانیە، لەگەڵ عومەر دەبابە بەرەو بێتواتە دەچووین، لە رێگە لێم پرسی: ئاخۆ چارەنووسی قەڵادزێ چۆن دەبێت و بەرگریکردن لەم شارە دەستەبەر کراوە؟ وەرامی دامەوە: چارەنووسی قەڵادزێ لەسەر هەڵوێستی عەشایەر راوەستاوە، ئەگەر بیانەوێت دەتوانین بەرگری بکەین، ئەگەریش نا دەتوانن پێوەندی بە حکومەتەوە بکەن و ببنە رێ پیشاندەر و دەسەڵات بە ئاسانی بگەڕێتەوە، پێشبینی و مەزەندەی عومەر دەبابە راست دەرچوو، تا ساڵی ١٩٦٥ شارەکە هەر ئازاد بوو چونکە پیاوانی عەشایەر حەزیان دەکرد پارێزراو بێت، بەڵام پاشان بارودۆخەکە گۆڕا.

لە کۆتاییی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزییەوە راسپێردرام تا یارمەتیی دارایی بەسەر پێشمەرگەکانی ناوچەی چیای سەفین و دەشتی هەولێردا دابەش بکەم، وەک باسم کرد بارەگاکەمان لە چیای هەڵشۆ بوو، ئەو ماوەیە لە نێوان قەڵادزێ و هەڵشۆدا هاتوچۆم دەکرد.

باری داراییی شۆڕش خراپ بوو، ئەو برە پارەیەی لەلای مەکتەبی تەنفیزی بوو بەشی ئەو پێشمەرگانەی نەدەکرد بۆیە بڕیارم دا لە رێگەی خۆم لابدەمە لای بارزانی و ئەگەر پارەی لەلا بوو بڕێکی تری لێ وەربگرم، بارزانی لە شوێنێک بوو کە لەسەر رێگەی خۆمان بوو، کاک عەلی سنجاریش هاوسەفەرم بوو و وەک لێپرسراوی لقی دووی پارتی دەچووە ناوچەی سەفین تا دەست بەکار بێت، گەیشتینە خزمەت بارزانی و نانی نیوەڕۆمان لەلا خوارد کە بریتی بوو لە ماست و پەنیری کوردی، عەلی سنجاری چەند رێنوێنییەکی لەبارەی

کاره تازەکەی لە بارزانی وەرگرت، منیش باسی کارەکەی خۆم بۆ کرد و بڕێک پارەم لێ وەرگرت، دوای ماوەیەک لەگەڵ عەلی بەڕێ کەوتین بە چەند گوندێکدا تێ پەڕین تا گەیشتینە گوندی هیران (مەڵبەندی ناحیەی خۆشناو)، هیران گوندێکی جوانە کەوتووەتە بناری سەفین و رەزو باخ و کانیاوی زۆرە، بارەگای لقی دووی پارتی لەوێ بوو(٤).

دوو رۆژ لە هیران مامەوە و یارمەتییەکانم بەسەر هێزی ناوچەی سەفین دابەش کرد و مالاواییم لە هەڤالانی لق کرد و رووم لە بارەگای هێزەکانمان لە دەشتی هەولێر کرد، پێشمەرگە و کادیرەکانی ئەوێ خەڵکی ناوچەی خۆمان بوون بۆیە زۆریان بەخێر هێنام و سەرەڕای خراپیی بژێوییان، بەڵام چەند رۆژێکی خۆشم لەلا بەسەربردن، چەند رۆژێک بە ناوچەکەدا سووڕامەوە و بە ئاسانی توانیم هەواڵی خێزان و خزمان لە هەولێر وەربگرم.

پێش سەفەرم بۆ ناوچەکە، ئەو هێزەی پێشمەرگە کە لە دەربەندی نێوان رانیە و قەلادزێ بوو گەڕایەوە شوێنە بنەڕەتییەکەی لە دەشتی هەولێر تا لەگەڵ هێزەکانی ئەوێ رێگە لە هێرشی سوپا بگرن، هێزێک کە لە خەڵکی ناوچەکە پێک هاتبوو بۆ بەرگریکردن لە دەربەندەکە شوێنی ئەو هێزەی گرتەوە.

زانیم هێزەکانی سوپا خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر دەربەندەکە ئامادە کردووە تا قەلادزێ داگیر بکەن، هەڵوێستی بەرگریکردن باش بوو و هەموو ئامادەکارییەک بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن وەرگیرابوو، شەڕ دەستی پێ کرد و من هەر لە ناوچەی دەشتی هەولێر بووم، هەواڵ و زانیاریم بەڕێگەی برووسکەی بێتەلەوە کە بەسەر بارەگاکان دابەش کرابوو بەدەست دەگەیشت، زانیم هێزەکانمان توانیویانە چەند هێرشێکی دوژمن تێک بشکێنن و بەشێکی گەورەی ئەو چیایەیان رماندووە کە دەیڕوانییە سەر رێگەی گشتی رووەو دەربەندەکە تا ببێتە بەربەستێک لە بەردەم هەڵمەتی دەبابەکان.

دوای ئەوەی هێزەکانی سوپا نەیانتوانی بەرەو دەربەندەکە بچن رێگایەکی

تریان بۆ ئەم مەبەستە دۆزییەوە ئەویش پێوەندیکردن بوو بە هەندێک پیاوانی عەشایەر و بەرێ پیشاندانی ئەوان و بەهۆی ئۆتۆمۆبیلە زرێپۆشە ئاویەکان بەشەو توانییان لە زێی گچکە بپەڕنەوە و چەند ناوچەیەکی ستراتیجی لە چیای ئاسۆس داگیر بکەن کە دەیڕوانییە لایەکەی تری زێیەکە و دەربەندەکە لە چیای کێوەڕەش جیای دەکردەوە، لەبەر ئەوە سوپا دەیتوانی بە ئاسانی چاودێریی بەشی باشووری دەربەندەکە بکات و بەرگریکردن زەحمەت بوو، هێزەکانی پێشمەرگە بە ناچاری لە دەربەندەکە کشانەوە و هێزەکانی سوپا بەرەو رێگەی گشتی هەڵمەتیان برد و بەربەست و تاشەبەردیان لابرد، بەم جۆرە بە ئاسانی بەرەو قەڵادزێ هاتن، چونکە ناوچەی نێوان دەربەند و قەڵادزێ دەشتایی بوو و هیچ بەربەستێکی لە بەردەمدا نەبوو.

کاتێک لە دەشتی هەولێر دەگەڕامەوە و لە چیای سەفین بووم هەواڵی داگیرکردنی قەڵادزێم بیست و زۆر خەفەتم خوارد، پێش داگیرکردنی شارەکە بارەگاکانمان بۆ دۆڵی شەهیدان گواسترابوونەوە کە شوێنێکی عاسێیە و کەوتووەتە ناوچەی ناودەشت لە باکوری سەنگەسەر، بارەگای کاتیشمان لە گوندی سڵێ بوو، گوندێکی زۆر دواکەوتوو بوو و دانیشتووانی زۆر سەرەتاییانە دەژیان.

گەڕامەوە بارەگایە تازەکەمان و چەند هەفتەیەکم لەوێ بەسەربرد، ئەفسەری پۆلیس نەقیب شێخ رەزا محەمەد گوڵانی (کە دوای رێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر) ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی راسپێردرا کە سەرپەرشتی بارەگا زستانییەکانی گەلیی بەدران بکات، لە کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٥ چووینە ئەو شوێنە.

***

# گەلیی بەدران

ئەو گــەلیــیــە دەکــەوێتــە بـەشی باشــووری ناوچەی ناودەشـت و بریتــیــیــە لە ئەسـتێڵـێکی شـاخـاوی تەسک و لە هەمـوو لایەکەوە چیا دەورەیان داوە، تاکە دەروازەیەکی هەیە کــە بریتــیــیــە لـە کــەلێنێکی فــراوان لە ریزە چیــایـەکی ســەربەرزدا و تەنیـا لـەو کـەلێنەوە دەگـەیتــە ناوچەکــە، هەر بـۆ خـۆشـی بەو کەلێنەمـان دەوت شـوێنی پارکی ئۆتـۆمـۆبیل و دەکـرا دەرگـایەکی گـەورەی بۆ دروسـت بکرێت و ئـەو دەروازەیەی پـێ بـگیـــرێت، هـەر دوو لای دەروازەکــــە ئەشـکەوتی فــراوانی تێـدا بوو کـە چەند ژوورێکی تێـدا دروست کـرابـوو، لە هەندێک شـوێنی تریش خــانوو دروست کـرابوون، بەنیــسـبــەت حکومــەتەوە دۆزینـەوەی ئەو شــوێنە زەحــمــەت بـوو، چونکە نـاوچەیەکی عـاسـێ و لەســەر نەخشەی سەربازیشدا نەخشـەی نەکێشرابوو بۆیە چەند مـانگێک لە بۆردمانی سەربازی بەدوور بوو.

لە کـانوونی یەکـەمی سـاڵـی ١٩٦٥ باڵەفڕە سـەربازییـەکـان توانییـان شـوێنی ناوبراو بەڕێگـای سـیـخـوڕەکانیـانەوە بدۆزنەوە و ڕۆژانە بـە خـەسـتی بۆردمـان دەکـرا، بەڵام چونکە شـوێنـەکە زۆر عـاسێ و هـەڵەت بوو بۆمـبـەکـان زیـاتر بە لووتکەی ئەو شـاخـانە دەکەوتن کە دەورەی ئەسـتێڵەکەیان دابوو، لەو مـاوەیەدا تەنیا پاسەوانێک کە ناوی فەتاح بوو شەهید بوو.

لە کۆتاییی مانگی کـانوونی دووەمی ئەو سـاڵەدا تووشی نەخۆشـییـەک هـاتم کـە زیاتر بە (نۆرە دڵێ) دەچوو، لە بەخــتی باشم دکـتـۆر مــەحـمـوود عــەلی عوسمـان کە ئەندامی مـەکتەبی سیاسی بوو ئەو کاتە لە بارەگا بوو هەروەها عــەلی سنجــاریش بەســەردان هاتبـوو، عــەلی شــورینقــەیەکی تـایبــەت بەو نەخـۆشییەی لەلا بـوو، دەرزییەکـەیان لێ دام و چاک بوومـەوە، عەلی سنجـاری

پاشان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

بڕیاردرا بۆ پشکنین و چارەســەری بمنێــرنە تاران، بڕیاریش وابوو بە مۆڵەتی ئاسایی سکرتێری حیزب حەبیب محەمەد کەریمیش سەردانی تاران بکات، هەردوو براکەی حەبیب (دکتۆر جەعفەر و هادی) لە تاران دادەنیشتن، دوکتۆر جەعفەر لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە کۆتاییی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان رەگەزنامەی عێراقی لێ سەندرایەوە و بەزۆری رەوانەی ئێران کرا، لە سەرەتای ئەم سەدەیە کۆچی دواییی کرد (خوالێی خۆش بێت).

ئەوکاتە باری دارایی شۆڕش زۆر خراپ بوو، مەکتەبی سیاسی خاوەنی چەند سەد دینارێک بوو، بۆ دابینکردنی خەرجیی سەفەرەکەم مەکتەب بڕێک پارەی لە عەلی سنجاری و عومەر قادری هاوەڵم قەرز کرد کە بەزەحمەت بەشی خەرجیی گیرفانی دەکردم، عەلی سنجاری قاتێکی کۆنی دامێ کە پێشتر لە تاران کڕیبووی و هەر ئەو قاتەی پێش من دابوو بەیەکێکی دیکە تا سەفەری پێ بکات، فەرمانبەری ساواک لە سەفەرەکەدا یاوەرم بوو کە بینیمی وتی: دیارە ئێوە یەک جۆرە قات و یەک رەنگ دەپۆشن.

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم بەڕێ کەوتین، حەبیب بۆ سەردانی براکانی دەچوو وەک باسم کرد و وەک من گیروگرفتی پارەی نەبوو، کاتێک بارەگاکەمان جێ دەهێشت باڵەفڕەیەکی عێراقی لە جۆری ئەلیۆشن بۆردمانی کردین، بۆمبەکان لە نزیک ئێمە کەوتنە خوارەوە بەڵام کاریگەرییان نەبوو، چونکە سروشتی خاکەکە و بوونی ئەو هەموو تاشەبەردانە ڕزگاری کردین.

ئەو کاتە مانگی رەمەزان بوو، هەر ئەو رۆژە گەیشتینە حاجی ئۆمەران و میوانی ماڵی ئەحمەد نەبی بووین کە کەسایەتییەکی ناوچەکە بوو و لە شۆڕشدا دەورێکی بەرچاوی هەبوو و برایەکیشی شەهید بوو، زستانەکەی زۆر سارد بوو و ناوچەکە بە چەند پێیەک بەفر داپۆشرابوو، رێگەی ئۆتۆمۆبیل

برِابوو، ده رۆژ لەو ماڵەدا ماینەوە تا ئۆتۆمۆبیلێکی حکومی ئێرانی هات، شوفێرەکەی وتی تەنیا رەزامەندی بۆ حەبیب محەمەد کەریم وەرگرتووە تا ئاودیوی بکات، دوو رۆژی تر چاوەنوارِ بووم تا رەزامەندیم بۆ گەرِایەوە، لە قۆناغی یەکەمدا چوومە رەزائییە (ورمێ)، رۆژی دوایی بە شەمەندەفەر چووم بۆ تاران و فەرمانبەرێکی فەرمی یاوەرم بوو، هەمان رۆژ چوومە لای دکتۆری پسپۆرِ و دوای پشکنین دڵنیای کردم نەخۆشییەکە تەنیا گرژبوونی ماسوولکەکانە، دەرمانی پێویستی دامێ و رێنوێنیی کردم کە ماوەیەک پشوو بدەم، لە عەیادەی ئەو دوکتۆرەدا چاوم بە عەبدورِەزاق عەبدولباقی ناسراو بە (عەبدولرِەزاق مەنگورِی) کەوت[٦] کە خەڵکی کۆیە بوو و پێشتر دەمناسی و لە ساڵی ١٩٦٢ هاتبووە ریزەکانی شۆرِش و ئەو کاتە لە تاران دادەنیشت، ناوبراو تا میوانخانە هاوەڵم بوو، پاشان نوێنەری شۆرِش لە تاران شەمسەدین موفتی هاتە لام، سێ هەفتە لەو ئوتێلەدا مامەوە.

بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەنوەری برامدا کرد کە ئەو کاتە وەک پزیشک لە بەرلینی رۆژئاوا کاری دەکرد، ئەنوەر لە نیسانی ساڵی ١٩٦٣ دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە بۆ یەکجاری عێراقی بەجێ هێشت، لەو کاتەوە یەکەم جار بوو کە قسەی لەگەڵدا بکەم، هەڵوێستێکی زۆر پرِ سۆز بوو، بۆ یەکەمین جار دوای ئەو دابرِانە گوێمان لە دەنگی یەکتر بوو و دوو ساڵ پێشتر دایکم کۆچی دوایی کردبوو، ئەمانە کەشێکی سۆزدارییان دروست کرد.

ئەنوەر هەندێک پارەی بۆ ناردم، حەبیب و شەمسەدین بەرِێگەی ئێرانەوە چوونە پێنجوێن، پێنجوین لە سنوور نزیک بوو، بارزانی سەرپەرشتی شەرِەکانی نزیک پێنجوێنی دەکرد و بە شەمسەدین هەندێک پارەی بۆ ناردم، بەم جۆرە هەندێک پارەم دەس کەوت کە تا ئەو ماوەیەی لە تاران بم ئاتاجییەکانمی پێ دابین بکەم، کە شەمسەدین هاتەوە کاکە زیادیشی لەگەڵدا بوو، کاکە زیاد هەردەم هاوەڵی بارزانی بوو.

رۆژێکیان، دوکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لە ماڵەکەی خۆیدا داوەتێکی کردین، کاکە زیاد و حەبیب و شەمسەدین و مەنگورِی و من بووین، دوکتۆر

جەعفەر پسپۆڕ بوو لە نەخۆشییەکانی دەروونی و دەمار و هەردەم دەم بەپێکەنین و نوکتەی خۆشی لەلابوو، مەنگوڕی لێی پرسی چۆن ئەو نەخۆشانە دەستنیشان دەکات کە شێت بوونە؟

دوکتۆر وتی: هەندێکیان تەنیا بە بینین، هەندێکیان بە پشکنین و هەندێکیشیان لەکاتی قسە لەگەڵ کردنیان، بەڵام بەنیسبەت تۆ تەنیا بینینت بەسە، هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین، من و کاکەزیاد و حەبیب لە کۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ بە ئۆتۆمۆبیل گەڕاینەوە کوردستان و لە بارەگاکان دەستم بەکاری ئاسایی خۆم کردەوە.

بۆردمانی بارەگاکەمان لە سبەینێ تا ئێوارە بەردەوام بوو، بەردەوام بوون و کارکردن لەو بارودۆخەدا زۆر زەحمەت بوو، وەرزەکەشی زستان بوو و گواستنەوە بۆ بارەگایەکی تر ئاسان نەبوو، بڕیارمان دا چەند چادرێک لە دەشتاییەکەی خوار بارەگاکەمان هەڵبدەین، شوێنەکە بە پێ هەر نیو سەعات دوور بوو، کەوتبووە ناو دارستانێکی چڕ، ئێواران دەچووینەوە بارەگای پێشوو چونکە باڵەفڕە عێراقییەکان لەو کاتەدا بەشەو توانای فڕین و بۆردمانکردنیان نەبوو.

ئەو شوێنەی چادرەکانمان تیادا هەڵدابوو زۆر جوان و دڵڕفێن و چڕ بوو کە بینینی دەشاردەوە، زۆر بەکپی کارمان دەکرد، لە سەرەتای بەهار کەشوهەوا خۆش بوو، دار پشکووتن و سەوزایی ناوچەکەی داپۆشت، ئاژەڵە کێوی بەشێوەی بزنەگەل بە بەرچاوماندا تێ دەپەڕین، بێ هیچ گیروگرفتێک ڕۆژمان ئاوا دەکرد.

***

## لەناوچوونی سەرۆک عەبدولسەلام عارف

دوای بەسەربردنی چەند مانگێک لە پێنجوێن بارزانی گەڕایەوە بارەگاکەی کە نیو دانە ڕۆژ بەپێ لە بارەگای ئێمەوە دوور بوو، لە ڕۆژێکی مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا بارزانی بانگی کردمە بارەگا و داوای کرد بچمە هەولێر و بۆ کارێکی تایبەت پێوەندی بە کەسێکی دیاریکراوەوە بکەم(٧)، ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە بارەگا و بەرەو بارەگای هێزەکانمان لە ناوچەی هەولێر بۆ دیتنی کەسە دیاریکراوەکە بەڕێ کەوتم، دوای بڕینی زینی ئەستێرۆکان لە چیای کارۆخ ئێوارە گەیشتینە گوندی پڵنگان و لەماڵی مەلا عوسمان میوان بووین، ناوبراو گەورەی ئاوایی بوو و لە پیاوە چاکەکان بوو، لە ساڵانی بەرایی هاتبووە ریزی شۆڕش، گوندەکەی ناوی پڵنگان بوو دەڵێن کاتی خۆی پڵینگی زۆر تێدا بووە بۆیە ئەوها ناونراوە، لەبەرئەوەی گوندەکە کەوتبووە ڕێگای شاخاوی بەیەک گەیشتنی نێوان ناوچەی سەفین و بێتواتە و دەشتی هەولێر و ناوچەی کۆیە، پێشمەرگەکان لە کاتی گەڕانەوەیاندا لەو ناوچانە بەوێدا تێ دەپەڕین بۆیە ماڵی مەلا عوسمان بووبووە مێوانخانە و شوێنی حەسانەوە و هەردەم جەمەی دەهات، لەو ماڵە دابەزین و ژمارەمان دە کەس دەبوو، سەرەڕای خەرج گرانی، بەڵام مەلا عوسمان زۆری بەخێرهێناین و چاک خزمەتی کردین، پاش گەڕانەوەم ئەو دۆخەم بۆ بارزانی باس کرد، ئەویش فەرمانی دا بارەگایەک وەک میوانخانە لە گوندەکەدا بکرێتەوە و هەندێک یارمەتیی دارایی و کەلوپەلی پێشکەش کردن.

ڕۆژی ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ بەر لە هەتاوکەوتن دەستمان بە ڕۆیشتن کرد، من سواری ولاغێکی ڕاهێنراو بە ناوچە شاخاوییەکان بووبووم، رادیۆیەکی ترانسیتەری بچووکم لەلابوو، خستمە سەر وێستگەی بەغدا، گوێم

له چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بوو، زانیم ئەمە ئاساییە و سەرەتای کردنەوەی ئیزگە بە چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزە، دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتەکە چاوەڕێ بووم گوێ لە دەنگوباسی بەیانی بگرم، بەڵام قورئان خوێندنەکە هەر بەردەوام بوو، مەزەندەم کرد شتێک قەومابێت، قورئان خوێندنەکە نیو سەعات بەردەوام بوو بێ ئەوەی باسی هیچ رووداوێک بکرێت، لە سەعات ٨ هەواڵی مردنی عەبدولسەلام عارفی راگەیاند، هەواڵەکە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە دارێژرابوو.

پێشمەرگە هاوەڵەکانم دەستیان بە فیکە لێدان و هوتاف کێشان کرد و چەند تفەنگێکیان هاویشت، یەکێکیان کە لام وایە عومەری هاوەڵم بوو وتی: (بەم زووانە وتووێژە)، گەیشتینە شوێنێک کە بەرامبەر گوندی (گولان)ی عەباس مامەنداغای سەرۆک عەشیرەتی ئاکۆ بوو کە نیو کیلۆمەتر لە رێگاوە دوور بوو، عەباس ئاغا لە دیوەخان لەگەڵ پیاوەکانی دانیشتبوون و گوێی لە رادیۆ دەگرت، لە گوندی ناوبراو تەواو سەربردەی کەوتنە خوارەوەی باڵەفڕە هێلی کۆپتەرەکەی عەبدولسەلاممان بیست کاتێک کە بە گەڕانێکی رەسمی لە باشووری عێراقدا دەسووڕایەوە، عەباساغا لە کەسایەتییە دیارەکانی شۆڕش و خاوەن رۆڵێکی نیشتمانپەروەری بوو وەک پێشتر باسم کرد، داوای کرد نانی نیوەڕۆی لەلا بخۆین و زیاتر گوێ لە دەنگوباس بگرین، دوای نانخواردن بەرێ کەوتین، دوای ئەوەی شەوێکمان لە گوندێک بەسەربرد بۆ رۆژی دوایی گەیشتینە گوندی شیوەشانی رۆژهەڵاتی کۆیێ کە هی خوالێخۆشبوو رەئیس بەکر عەبدولکەریم بوو، رەئیس بەکر لەو ئەفسەرە بەرایییانەیە کە ساڵی ١٩٦٢ چووەتە ریزی شۆڕشەوە و پێشتریش لە ساڵی ١٩٤٥ چووبووە ریزی شۆڕشی بارزان و دواییش چووەتە پاڵ کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

کاک ئەحمەدی برام فەرماندەی هێزێکی پێشمەرگە بوو و بارەگای لە گوندی ناوبراو بوو، شەوێک لەو گوندە بووم و دوایی چوومە گوندی رەسووڵ بسکۆل کە هی خاڵەکانم بوو و کەوتووەتە نێوان هەولێر و کۆیە و بارەگای هێزێکی سەر بە دەشتی هەولێری تێدابوو، گوندی ناوبراوم کردە شوێنی

دانیشتنم و لەوێوە پێوەندیم بە خەڵکەوە دەکرد، خێزان و منداڵەکانم هاتن و هەفتەیەک بەیەکەوە بووین پاشان بەنهێنیّ گەڕانەوە هەولێر.

دوو هەفتە لە رەسووڵ بسکۆل مامەوە، چاوەڕێی ئەنجامی ئەو پێوەندییانەم دەکرد کە بەکەسانی دانیشتووی هەولێرەوە کردبووم، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بۆ گەڕانەوەی ئەو کەسەی کە بەنیاز بووم پێوەندیی پێوە بکەم، هەواڵم بۆ هات کە ئەو کەسە چووەتە دەرەوەی عێراق، برووسکەیەکم بۆ بارزانی کرد و پرسەکەم بۆی ڕوون کردەوە، بارزانی داوای کرد بگەڕێمەوە.

***

# شەڕی بەناوبانگی هندرێن

لە کاتێکدا خۆم ئامادە دەکرد تا بەرەو بارەگاکەمان بگەڕێمەوە، لە ڕێگەی ئەو برووسکانەی کە لە بارەگای گشتییەوە دەگەیشتن زانیمان کە هێزەکانی سوپا هێرشێکی گەورەیان بردووەتە سەر چیای هندرێن کە کەوتووەتە باکوری رواندز و ناوچەی ستراتیجی باڵەک و شاری رواندز لێکتر جیادەکاتەوە، رواندز لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حکوومەت دابوو و بارەگای فیرقەی یەک و یەکەکانی سەر بەو لیوایە لەوێ بوو و بەسەر ناوچەکانی دەوروبەری شار دابەش بووبوون.

گەلییەک چیای هندرێن لە چیای زۆزک جیا دەکاتەوە، ڕێگەی ئوتۆمۆبیل بەناو گەلییەکەدا بەرەو سنووری عێراق- ئێران دەڕوات کە ناوی ڕێگای (هاملتن)ە، ئەندازیاری ئوسکوتلەندی هاملتن لە سییەکانی ئەم سەدەیە ئەو ڕێگایەی دروست کردووە و دەربارەی ئەو کارەی کتێبێکی نووسیوە و پارێزەر جەرجیس فەتحوڵا کردوویەتی بە عەرەبی و ناوی (طريق في كوردستان)ە.

ئەو چیایە و چیای زۆزکی دراوسێی لەلایەنی سەربازییەوە بەربەستی سەرەکین لەنێوان ناوچەی باڵەک و حەوزی رواندز، سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە عاسێ بوو و چەندان بەربەستی سروشتی لە ڕێگای باڵەک بەرەو سنووری ئێران هەبوون، بەڵام هەردوو چیای هندرێن و زۆزک بەربەستی سەرەکی بوون، هێزەکانی حکوومەت لە کردەوەیەکی سەربازیدا کە بە وردی نەخشەی بۆ کێشرابوو کتوپڕ هێرشیان بردە سەر هێزەکانمان و کردەوەکەش ناونرا (توكلت على الله)، عەمید روکن زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک نەخشەی ئەم هێرشەی داڕشتبوو و لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقیشەوە پەسند کرابوو.

هێزەکانی ئێمە لەو هێرشەدا هۆپێکیان لەخۆ زانی چونکە ڕێژیمی تازە بە سەرۆکایەتیی لیوا عەبدوڕەحمان عارف (دوای لەناوچوونی عەبدولسەلامی برای بە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی باڵەفڕەکە سەرۆکایەتیی کۆماری گرتەدەست و عەبدوڕەحمان بەزازیش بوو بە سەرۆکی وەزیران وەک پێشتر باسم کرد) ڕێی بۆ سازدانی وتوێژ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش خۆش کرد تا چارەسەرییەکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە، هێزەکانی ئێمە، بەتایبەتی ئەوانەی بەرپرسی کەرتی هندرێن بوون پرسی ئەو وتووێژەیان بە جدی وەرگرتبوو و هەر هێرشێکی سوپایان بە دوور دەزانی بەڵام لە واقیعدا سەرانی سوپا دژی هەر چارەسەریەکی ئاشتییانە بوون و دەیانویست سوپا وا پیشان بدەن کە قسە هەر هی ئەوانە و دەتوانن لە ماوەیەکی کورتدا دەست بەسەر هەر (یاخیبوون)ێکدا بگرن بۆیە دژی سەرۆک وەزیران ڕاوەستان و بڕیاریان دا شەڕ بەردەوام بێت، بەزاز پیاوێکی ڕۆشنبیر و ئاشتیخواز بوو، سەرەڕای ئەوەی نەتەوەییانە بیری دەکردەوە و لە هەڕەتی لاویدا بوو بەڵام باوەڕی بە دیموکراسیەت و لیبرالیەت هەبوو، چەندان وڵاتی ڕۆژئاوای بینیبوو و شارەزای ژیانی دیموکراسیانە ببوو و حەزی لە ئاشتی و هێمنی بوو، بەنیاز بوو دوای سەقامگیربوونی بارودۆخ هەڵبژاردنی گشتی ساز بدات، سەرانی سوپا ئەمەیان بەدڵ نەبوو و دوای چوار مانگ لەسەر کار لایاندا کە لە سەردەمی عەبدوڕەحمان عارفدا سەرۆکایەتیی وەزیرانی گرتبووە دەست، دوای مردنی عەبدولسەلام.

سوپا، لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئایارو شەوی ٢/٣ی-٥-١٩٦٦ هێرشە کتوپڕەکەی دەست پێ کرد، واتە مانگێک دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام عارف و توانییان هەندێک شوێن لە دامێنی چیای هندرێن و هەندێک خاڵی گرینگ لە نزیک لوتکەی چیاکە داگیر بکەن، هێزە هێرشبەرەکە بەشێوەیەکی کاتی لەو شوێنانەی کە داگیری کردبوو سەنگەریان گرت تا ڕێ بۆ هێرشی تر خۆش بکەن، هێزەکانمان توانییان هێزە هێرشبەرەکە لە شوێنی خۆیاندا بوەستێنن، برووسکەیەک لە سەرکردایەتییەوە گەیشت و داوای لە هێزەکانی

دەشتی هەولێر و چیای سەفین کرد کە پاڵەپەستۆ بخەنەسەر هێڵەکانی دواوەی دوژمن تا پاڵەپەستۆ لە سەر هێزەکانمان لەو ناوچەیەدا کەم ببێتەوە.

چەند رۆژێک گەڕانەوەم دواخست، چاوەڕێی ئەو هێرشەم دەکرد کە هێزەکانمان لە دەشتی هەولێر بەنیاز بوون ئەنجامی بدەن، هێزەکانمان توانییان چەند هێرشێکی کتوپڕ ببەنە سەر هەندێک لە یەکەکانی سوپا و جاشەکان و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن، ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان بەرەی پێشەوەیان چۆل کرد و گەڕانەوە شوێنی بنەڕەتی خۆیان، هێڵەکانی هاتوچۆی دوژمن و بزێوییان لە ئەنجامی هێرشی بەردەوامدا هەردەم لە مەترسیدابوون، چەند رۆژێک بەسەر ئەو دۆخەدا تێ پەڕی و پاش هەفتەیەک گەڕامەوە ناوچەی سەرکردایەتی، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە لە سەرکردایەتییەوە برووسکەیەکمان بەدەست گەیشت و تیایدا موژدەی سەرکەوتنی دژە هێرشەکەمانی لە چیای هندرێن راگەیاند. سەرکردەی نەمر مستەفا بارزانی زۆر بایەخی بەو هێرشە کتوپڕە دا و داوای کرد رێی لێ بگیرێت و زەبری کاریگەر لە دوژمن بدەن و چیای هندرێن بکەن بە گۆڕستان بۆ داگیرکەرە چاوچنۆکەکان، بارزانی خۆی نەخشەی بۆ هێرشەکە داڕشت و پێشمەرگە هەرە ئازایەکانی بۆ ئەم مەبەستە کۆکردەوە و ئیدریسی کوڕیشی نارد تا سەرپەرشتیی شەڕەکان بکات و تا دوا رۆژانی شەڕەکە لەوێ مایەوە.

هەموو جۆرە ئامادەکارییەک سازدرا بوو، پێشمەرگە کۆدەکرانەوە، هێزەکانی باڵەک و ژمارەیەک ئەفسەر و پێشمەرگەی شیوعی و تەنانەت پاسەوانە تایبەتییەکانی بارزانی بەشدارییان کرد، شەوی ١٢ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦ هێزەکانمان دەستیان بە هێرشی بەرامبەر کرد، یەکەم گوللە هاوەن بەر رەبیەی پێشەوەی دوژمن کەوت، ئەوەی کوژرا... کوژرا و ئەوەی رای کرد... رای کرد، رەبیەکانی تریش دەستیان بەڕاکردن کرد، هێزە تێکشکاوەکەی دوژمن ژمارەیەکی زۆر لە کوژراو و چەک و کەلوپەل و تەنانەت تۆپی شاخاویشیان لە دوای خۆیاندا بەجێ هێشت، ئەو هێزە راوەدوونراوەی دوژمن تا سەربازگەی رواندز خۆیان نەگرتەوە، سوپای عێراق زیانێکی زۆری

بەرکەوت و زۆر خراپ بەزی، ئەو سەرکەوتنە مەزنترین سەرکەوتنی هێزەکانمان بوو لەوەتەی شۆڕشی کورد کە لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسا، ئەو شەڕە شەڕێکی یەکلاکەرەوە بوو، دوای ئەوە سوپا زاتی نەکرد هێرشێکی دیکە بکات و لە شوێنی بەرگریدا مایەوە و لەم لاو لەولا زەبری پێ دەکەوت، ئەمە بووە هۆی تاقیکردنەوەی سەرانی سوپا و توانایان، بەزازی سەرۆک وەزیران گاڵتەی بەو ئەفسەرانە دەکرد کە بۆ هەوڵە ئاشتیخوازەکانی لە دژی راوەستان.

لە ئەنجامی ئەو بەزینەدا، سەرانی سوپا ئەقڵیان لە دەست دابوو، جامی تووڕەییان بەسەر دانیشتووان و ئەو عەشایەرە کۆچەرییانەدا دەڕژاند کە دەچوونە کوێستانان، باڵەفرە بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕایەوە، هەر شتێکی زیندوو و جووڵاوەی بینیبا بۆردمانی دەکرد، دارستان و کێڵگەی بە بۆمبی ناپاڵم دەسووتاند، بە چاوی خۆم ئاسەواری ئەو کارە دڕندانەیەم بینی، لە کاتی گەڕانەوەم بۆ ناوچەکە لاشەی چەندان وڵاغ و مەڕوماڵاتم بینی تەنانەت هەندێکیان خوێنیان لێ دەچۆڕایەوە، جوانوویەکی بچووکم بینی لە تەک لاشەی دایکە کوژراوەکەی راوەستابوو، هەندێکیان قاچێکیان پەڕیبوو، دیمەنی ئەوتۆ بوون کە زۆر قێزەون بوون، بریا کۆمەڵەی بەزەیی هاتنەوە بەگیانلەبەران (نەک مافی مرۆڤ) ئەو دیمەنانەیان بدیبا.

گەیشتمەوە بارەگاکەی خۆمان لە گەلیی بەدران چاوم بە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی کەوت، بەسەرکەوتنی هێزەکانمان و بەزینی دوژمن زۆر دڵخۆش بوون، پیرۆزباییمان لەیەکتر کرد، ناوبەناو یەکێک داوەتێکی ساز دەکرد، گیسکێکی دەکڕی و گۆشتەکەی بەسەر خەڵکانی ناو بارەگا دابەش دەکرد، یان چەند مریشکێکی دەکڕی و برنج بە گۆشتێکی بەتامی لەگەڵ هەندێک سەوزی دەدا بە میوانەکان.

چاوەڕێی دەست پێشخەرییەکی تازە بووین لەلایەن حکومەتەوە بەتایبەتی کە چارەسەری سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نووچی دا، چەند رۆژێک پشوومان دا و ماندووبوونی سەفەرمان لە لەش دەرچوو، بەردەوام لە

سەرکردایەتیی هێزەکانمانەوە برووسکەمان بەدەست دەگەیشت کە تێیدا موژدەی سەرکەوتن و دەست بەسەراگرتنی دەسکەوتی شەڕەکانی رادەگەیاند، رۆژ نەبوو حەشارگەیەکی چەک یان ژمارەیەک لەلاشەی سەربازی کوژراو لە مەیدانی شەڕدا نەدۆزرێتەوە، سەرکردایەتیی شۆڕش ئامادەییی خۆی پیشان دا کە لاشەی ئەو کوژراوانە بداتەوە بە پیاوانی ئاینی و خەڵکی مەدەنی یان سەربازی بێ چەک و بەگوێرەی رێنوێنییەکانی ئاینی ئیسلام بنێژرێن و لایەنی مرۆییانە رەچاو بکرێت.

ئەو چەک و کەلوپەلانەی کە هێزەکانمان بەدەستیان کەوتبوو هەموو کۆ کرانەوە و بردرانە بارەگاکانی دواوەی بەرەی شەڕ تا سەرژمێری بکرێن و لە کۆگاکانی شۆڕش دابکرێن، چەکەکان ژمارەیان زۆرو فرە جۆر بوون لە چەکی سووک و گران و ژمارەیەکی بەرچاو لە فیشەک و کەلوپەل.

دوای پشوودانێکی کورت، بەرەو ناوچەی حاجی ئۆمەران بەڕێ کەوتم تا چاوم بە سەرکردەی شۆڕش و حیزب مستەفا بارزانی بکەوێت و ئەنجامی سەفەرەکەی پێ رابگەیەنم و بەبۆنەی سەرکەوتنی هێزەکانمانەوە پیرۆزبایی لێ بکەم، بینیم بارزانی زۆر بێ تاقەتە و بەو کارەساتەی کە بەسەر سوپای عێراق داهات زۆر دڵگرانە، سەرکۆنەی فەرمانڕەوا و سەرانی سوپای عێراقی کرد کە بوون بە هۆکاری ئەو شکانە و چەندان خەڵکی بێ تاوان بوونە قوربانی، بارزانی وتی ئەگەر بیانویستایە کێشەی کورد بەڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکەن و ئەو هێرشە سەرەڕۆیەیان نەکردبایە ئەوا گیانی ئەو سەربازە بێ تاوانانەش پارێزراو دەبوو کە کوڕی ئەو گەل و نیشتمانەن و سوپاکەیان ئەوها تووشی دۆڕان و بەزین نەدەهات.

شەوێک لە حاجی ئۆمەران مامەوە، بارزانی داوای چەند دەمانچەیەکی قەبارە بچووکی لێ کردم کە ئەگەر لەلای برادەر و ناسیاوەکانم پەیدایان بکەم تا بە دیاری بیانبەخشێتە هەندێک لەو کەسانەی کە لەو شەڕە پاڵەوانییەدا بەشداربوون، هەروەها داوای کرد کە سەفەری تاران بکەم تا بڕی ٦٠٠٠٠ دۆلار بە پارەی عێراقی بگۆڕمەوە، ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەو سەردەمە کەم نەبوو

و هەندێک پێداویستیمانی دابین دەکرد، بەڵێنم بە بارزانی دا کە بە زووترین کات بگەڕێمەوە لای و دەمانچەکانیش پەیدا بکەم، لە کۆتای مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٦دا بووین، رۆژی دوایی بۆ ئەم مەبەستە گەڕامەوە مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی تا خۆم بۆ سەفەری تاران ئامادە بکەم.

ئەفسەرێکی ئێرانیم لەگەڵدا بوو، ئەو ئەفسەرە لە ناوچەی بارەگاکەمان دادەنیشت، بارزانی ئەفسەرەکەی راسپارد تا رەزامەندی سەفەرەکەی تارانم بۆ وەربگرێت، لە حاجی ئۆمەرانەوە کە رێگاکەی قیرتاو بوو (رێگای هاملتن) تا قەسرێ بە ئوتۆمۆبیل رۆیشتین، لەوێوە دەبووایە بەپێ یان سواری ولاغ برۆین، لە رێگا چەندان دیمەنی دڵتەزێنی ترم بینی کە پێشتر بینیبووم، دیسان جوانووێکم بینی لە تەنیشت لاشەی دایکی راوەستابوو، برسییەتی تەواو شپرزەی کردبوو، ویستمان بیگەیەنینە بارەگاکەمان، ئەفسەرە ئێرانییەکە کە پلەی عەقید بوو ناوی مودەریسی بوو و بە عەلی بانگیان دەکرد جوانووەکەی هێنا تا لە بارەگا شیر و خواردمەنی بداتێ، خەڵکی ناوچەکە لە ترسی بۆردمانی باڵەفڕە ناوچەکەیان چۆل کردبوو و روویان لە ناوچەیەکی ئەمین کردبوو، کەسێکمان نەدۆزییەوە تا جوانووەکەی پێ بدەین، کە لە حاڵەتێکی زۆر خراپدا بوو و نەدەکرا بەسەر هەورازی بخەین، ئەفسەری ناوبراو جوانووەکەی خستە سەر پشتی ولاغەکەی خۆی تا گەیشتینە ئەو گوندەی کە تیایدا دادەنیشت، ماوەیەک خواردنی دایێ تا هاتەوە سەرخۆی و وزەی هاتەوەبەر. گەیشتمەوە بارەگا و لەلای برادەرو هەندێک پێشمەرگە ئەو دەمانچانەم کۆکردەوە کە بارزانی داوای کردبوون، ئەو کەسەی کە دەمانچەکەم لێ وەردەگرت بەڵێنم پێ دەدا کە بە دەمانچەیەکی گەورەتر و باشتر قەرەبووی دەکەمەوە، یەکەم کەس دەمانچەکەی خۆم دانا، کاک سامی عەبدورەحمانیش کە لەبەشی راگەیاندنی حیزب و شۆڕش کاری دەکرد و بارەگایان لە گوندی لێوژە بوو ئەویش دەمانچەکەی دانا و وتی ئەو دەمانچەیە تاکە چەکێکە کە لە شۆڕشدا دەستم کەوتووە و دەبێت قەرەبووم بکەیتەوە، بەڵێنم پێ دا و بەڵێنەکەم گەیاندە جێ.

## سەفەر بۆ تاران

ئەفسەرە ئێرانییەکە پێی راگەیاندم کە رەزامەندیی سەفەرەکەم بۆ تاران گەڕاوەتەوە و عومەر قادری هاوەڵیشم لەگەڵدا بوو، دەمانچەکانم کۆکردەوە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ چوومە حاجی ئۆمەران و حەیدەر پیرداودیش تا ئەوێ هاوەڵم بوو، دوای ئەوەی چاوم بە بارزانی کەوت و دەمانچەکانم پێ دا کە ژمارەیان دە دەمانچە بوو، بارزانی داوای لە ئیدریس کرد ئەو بڕە پارەیەم پێ بدا کە بڕیار وابوو بە دیناری عێراقی بیگۆڕمەوە، بڕە پارەکەم وەرگرت و بڕیار وابوو ئەگەر ئوتۆمۆبیلە سەربازییەکە ئامادەبێت رۆژی دوایی سەفەر بکەم.

لەو ماوەیەدا گوێم لە هەواڵی جووڵانەوەی هەندێک لە جوداخوازەکان دەبوو کە هەوڵیان دەدا هەندێک لە هێزەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن و لە سەرکردایەتیی شۆڕش یاخی بن.

کاک ئەحمەدی برام فەرماندەی هێزێک بوو کە بەقەد فەوجێک دەبوو، لە ناوچەی کۆیە و نزیک دۆڵی خەلەکان و بەنداوی دوکان جێنشین بوون، ئەو شوێنە جێگەی چالاکی جوداخوازەکان بوو، تۆزێک لە باری کاک ئەحمەد نیگەران بووم چونکە برادەرایەتی و پێوەندیی لەمێژینەی لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکانی جوداخوازەکان هەبوو، نامەیەکم بۆ خوالێخۆشبوو نافیز جەلال نووسی، نافیز سەرۆکی مەکتەبی سەربازی بوو لە مەکتەبی تەنفیزی و برادەرێکی زۆر نزیکم بوو، لە نامەکەدا داوام کردبوو کە کاک ئەحمەد بباتە بارەگاکەی خۆمان تا لە گیروگرفت بەدوور بێت و لەو کارانەوە نەگلێت کە لە ناوچەکەدا دەکرێن، نامەکەم دایە حەیدەر پیرداود تا بیگەیەنێتە نافیز جەلال، بۆ رۆژی دوایی واتە لە هەفتەی یەکەمی مانگی حوزەیران بەڕێ کەوتم، نافیز

له جـێـبـەجـێکردنی داوایەکـەم دواکـەوت، چونکە پاشـان هیچ شـتـێک لە ناوچەکەدا رووی نەدا.

سـەفـەرەکـەم بۆ تـاران دوو رۆژی خـایاند، شـەوێک لە سنە مـاینەوە و رۆژی دوایی دانی ئێـوارە گـەیشـتـینە تاران، لەگـەڵ عـومـەری هاوەڵم لە ئوتێلێک دابەزین، بە تـەلەفۆن قـسـەم لەگەڵ نـوێنەری شـۆڕش لە تاران (شـەمسـەدین مـوفـتیـدا) کرد، رۆژی دوایی هاتە لام و ئامـانجی سـەفـەرەکـەم تێ گـەیاند و داوام لێ کرد پارەکـەم بۆ بگۆڕێتـەوە، شـەمسـەدین حەزی کرد خـۆم کارەکە بکەم چونکە من بۆ ئەم مـەبەسـتـە راسـپـێـردرا بووم، لەگـەڵ عـەبدوڕەزاق مەنگوڕی (کە لەتاران جێنشین بوو وەک پێشتر باسم کرد) رۆژانە پارەکەمان دەگۆڕییەوە و پاشـان لە نیوەی ئەو مانگەدا داوام لە شـەمسەدین موفتی کرد کە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران بکات کاروباری گەڕانەوەم بۆ کـوردسـتـان بۆ رێک بخەن.

رۆژێک یـان دوو رۆژ چاوەڕێم کــرد، رۆژێک شـــەمـــســـەدین هاتـە ئوتێل و مـوقـەدەم (عیسـا پژمـان)یشی لەگـەڵ دابوو، پێشـتـر عیسـام دەناسی و باسی سـەردانەکـەیم بۆ قـەڵادزێ لە سـاڵی ١٩٦٣ و هـەروەها مـاوەت لە سـاڵی ١٩٦٤ کـردووە، بـەخـێـرهاتنی کـردم و داوای کـرد بـە تەنیـا دابنیـشین تا هـەندێک دەنگوباسم پێ رابگەیەنێت، من و شـەمسـەدین و پژمان لە ژوورێک دانیشتین، یەکسـەر پێی وتم کە کـاک ئەحـمـەدی برام چووەتە ریزی جـوداخـوازەکـان و (پژمان وشـەی جوداخوازەکانی بەکارنەهێنا، بگرە بە باڵی مـەکتەبی سیاسی ناوی بردن چونکە هاوسـۆزیان بوو) کشـاونەتەوە ناوچەکـانی ژێر دەسـەڵاتی حکومـەت، ئەو هـەواڵە وەک هـەورەتریـشقـە لێی دام و زۆر خـەمم خـوارد، پژمـان وای پیـشـان دا کـە بارزانـی لەو هـەڵسـوکـەوتە زۆر تووڕەیە و لـەگـەڵ منیش هـەڵســـوکـــەوتی باش نابێت، وتم دەبێت زۆر بەخـــێـــرایی بگـەڕێمـــەوە و بەرەنجامەکەی هەرچییەک بێت بەرگەی دەگرم و بارزانیش باوەڕی پێ کردووم و دەبێت جێگـەی باوەڕی ئەو بم، هـەروەها وتم من ناچمە ڕیزی جـوداخـوازان و ناچمە ژێر باڵی حکوومەتی عێراقیش بگرە دەگەڕێمەوە کوردستان.

بۆ رۆژی دوایی ژەنەراڵ موعتەزید کە جێگری سەرۆکی دەزگای ساڤاک بوو داوای کردم، لەگەڵ شەمسەدین موفتی چووم بۆ لای، ئەویش هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندم و وای پیشان دا کە مەترسییەک چاوەڕێم دەکات، پێم وت: من لەو هەواڵە زۆر دڵگرانم و تکا دەکەم بەخێرایی بمگەڕێننەوە بۆ کوردستان و بەویشم وت کە من ناچمە ریزی جوداخوازەکان و ناچمە پاڵ حکوومەتی عێراقیش کە چەند ساڵە لە دژی شەڕ دەکەم، هەروەها پێم وت: من دەگەڕێمەوە لای سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و ئەگەر بارزانیش وەری نەگرتم دەگەڕێمەوە ئێران و یان روو لە وڵاتێکی بیانی دەکەم بەڵام قەت ناچمە ریزی جوداخوازەکان، جەنەڕاڵ موعتەزید کە بینی زۆر سوورم بە جۆرێک لە نەرمی هەڵسوکەوتی کرد و ئامادەییی پیشاندا کە ئێران قبوولم بکات و سنوور هەموو دەمێک لەبەردەممدا کراوەیە، فەرمانی دا کە کاروباری سەفەرم بۆ رێک بخەن و رۆژی دوایی بگەڕێمەوە کوردستان.

رۆژی ١٩ی حوزەیران من و عومەر قادری هاوەڵم و عەبدولباری شێخ سولەیمان کە بۆ چارەسەری هاتبووە تاران[٨] بەرێ کەوتین و شەوێک لە سنە ماینەوە، رۆژی دوایی سەعات ٩ی ئێوارە گەیشتینە حاجی ئۆمەران، لەوێ ئەحمەد حاجی و غەزالی میرخان کە بەرپرسانی خاڵی سنووری بوون پێشوازییان کردین و پێیان وتم کە گەیشتمە جێ بارزانی لە گوندی خەلان چاوەڕێم دەکات.

کەلوپەلەکانم دایە دەستی عومەری هاوەڵم تا بیانباتەوە بارەگا، لەگەڵ ئەحمەد حاجی چووینە لای بارزانی، دوای چارەگە سەعاتێک گەیشتینە گوندی خەلان و یەکسەر رووم لەو قوتابخانەیە کرد کە بارزانی لەوێ بوو، کە چوومە ژوورەوە ژمارەیەکی زۆر میوانم بینی کە کەسایەتیی کوردی و عێراقی بوون و لە بەغداوە هاتبوون، ئەوانە زۆربەیان پێشتر بارزانییان دەناسی، سڵاوم لە ئامادەبووان کرد، بارزانی لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە و بە گەرمی دەستی گوشیم و بە ئامادەبووانی ناساندم، زۆربەی میوانەکانم دەناسی و دەستی یەکە یەکەیانم گوشی، لەوانە دیپلۆماتی بە توانا و وەزیری پێشوو

عەلی حەیدەر سلێمان، دوکتۆر محەمەد ساڵح مەحموود، (کە دوای ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ کرا بە وەزیری تەندروستی)، لیوای روکنی خانەنشین ئیبراهیم ڕاوی، یەک لە سەرکردەکانی سوپای پێشوو، زەید ئەحمەد عوسمانی پووززام، لیوای خانەنشین عەبدولمەجید عەلی، عەقیدی خانەنشین رەئوف ئەحمەد قادر، (ئەو دووانەی دوایی خەڵکی سلێمانی بوون و پێشتر دەمناسین) و هەندێکی تر کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە.

هەندێکیان، کە منیان بینی بە لەشێکی ساغەوە لە تاران گەڕاومەتەوە سەریان سوڕما، جوداخوازەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردبووەوە کە سەرکردایەتیی شۆڕش لە کوردستان دەستبەسەری کردووم جگە لە چەند بەند و باڵۆرەی تر، پاشان زانیم کە ئەوانە لەلایەن حکومەتەوە نێردراون تا ڕێگە خۆش بکەن بۆ سازدانی وتووێژ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد تا چارەسەرییەک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە و بە تایبەتیش لەلایەن عەبدوڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانەوە رەوان کراون، چونکە دوای سەرنەکەوتنی هێرشەکان و ئەو بەزینەی سوپا حکوومەت دووبارە ئارەزووی کرد کە کێشەکە بە ڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

لە دانیشتنەکەدا شوێنی خۆم کردەوە و گفتوگۆ بەردەوام بوو، ئەندامانی شاندەکە قسەی خۆیان کرد و وایان پیشان دا کە دوای سەرنەکەوتنی هێرشە سەربازییەکان لە چیای هندرێن سەرانی سوپا تەسلیم بە ئەمری واقیع بوون، ئینجا نیازپاکی عەبدوڕەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانیان روون کردەوە کە دەیەوێت کێشەی کورد بەڕێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات، بارزانی ئامادەیی خۆی و سەرکردایەتیی حزب و شۆڕشی بۆ هەر دەست پێشخەرییەکی ئاشتییانە پیشان دا و هەروەها رازی بوو بە ناردنی شاندێکی سەرکرایەتیی شۆڕش بۆ بەغدا تا وتووێژ لەگەڵ حکوومەتدا بکەن، دوو یان سێ رۆژ پاش سەردانی شاندی حکوومەت شاندی کوردی بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن.

***

# بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران یان پرۆژەی بەزاز

وەک باسم کرد، دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام عارف بە رووداوی کەوتنەخوارەوەی باڵەفڕەی هێلی کۆپتەر لە ١٣ی نیسانی ساڵی ١٩٦٦ عەبدورەحمان بەزاز بوو بە سەرۆکی وەزیران، پاش عەبدولسەلام، عەبدوڕەحمان عارفی برای بوو بە سەرۆکی کۆمار، عەبدوڕەحمان بەزاز لە سەردەمی عەبدولسەلامدا دوا سەرۆک وەزیران بوو دوای کودێتا سەرنەکەتووەکەی کە سەرۆک وەزیرانی پێشتر (عارف عەبدوڕەزاق) سەرکردایەتیی کرد.

بەزاز، لە لاوە رۆشنبیرە نەتەوەخوازەکان بوو، دەرچووی کۆلێجی ماف بوو و چەندان پلەوپایەی بینیبوو، لە سەردەمی لاوێتیدا نەتەوەخوازێکی سەرەڕۆ بوو، کە من کۆلێجی مافم تەواو کرد ئەو کرا بەڕاگری کۆلێجەکە، بەهۆی بزاوە نەتەوەییەکانی چەند جارێک لەسەر کار دەرکراوە، لام وایە بەر لە شۆڕشی (١٤)ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ (کودێتای ١٤ی تەمووز) راوێژکاری یاسایی پەیمانی بەغدا بوو.

وا رێک کەوت بەیانیی رۆژی (١٤)ی تەمووز لە لەندەن بووم (وەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسم کرد)، شاندی پەیمانی بەغداش لەوێ بوون و بەزازیش وەک راوێژکاری یاسایی یاوەریان بوو، دوای ئەوە لە کۆبوونەوەیەکی ناو باڵیۆزخانەی عێراق دوای بەرپابوونی شۆڕش بینرابوو کە پێشوازی لە هەڵگیرسانی شۆڕش دەکرد و وتاری دەخوێندەوە، پاشان گەڕایەوە راگرایەتی کۆلێجی ماف، دوای ماوەیەکی کەم و بەهۆی چالاکییە نەتەوەییەکانی ناچار بوو عێراق بەجێ هبڵێت و بچێتە میسر بەتایبەتی دوای دروستبوونی گیروگرفت و جیاوازی لە نێوان جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم و

نەتەوەخوازەکان.

دوای کودێتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ و فەرمانڕەوایی عەبدولسەلام، بەزاز کرا بە باڵوێزی عێراق لە قاهیرە و پاشان لە لەندەن، لە وەزارەتەکەی عەمید عارف عەبدوڕەزاق ساڵی ١٩٦٥ کرا بە سەرۆک وەزیران و پاشان وەزیری دەرەوە، دوای ئەو هەموو پلەوپایە و ئەزموونانە بەزاز وەک کەسایەتییەکی لیبرالی و کراوە بەدیارکەوت، زیاتر باوەڕی بە عێراقی نیشتیمان هەبوو نەک نەتەوەخوازی، دیموکراسیەت زیاتر لە دەروونیدا گەشەی کرد، بیری لە ژیانی پارلەمانی دەکردەوە و بە تاکە ڕێگەی هەرە باشی دەزانی بۆ فەرمانڕەوایی و خەونی بەمەوە دەدی کە لە عێراقدا پیادە بکرێت بەتایبەتی دوای فەرمانڕەوایی عەبدوڕەحمان عارف وەک سەرۆک کۆماری عێراق کە دووبارە بەزاز پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتەوە.

لیوا عەبدوڕەحمان عارف، بە سروشتی خۆی پیاوێکی لە سەرەخۆ و ئاشتیخواز بوو و تواناکانیشی دیاریکراو بوون و بواری بۆ سەرۆک وەزیران و بەرپرسانی تر کردەوە، بەزاز بەر لە بەدیهێنانی خەون و مەرامەکانی ویستی گیروگرفتە هەڵپەسێردراوەکان لە عێراقدا چارەسەر بکات و کەشوهەوایەکی لەبار دەستەبەر بکات و لە سەرەوەی هەمووشیان کێشەی کورد.

بەڕێگەی برادەرە نزیکەکانی بەزاز کە هەندێکیان برادەری شۆڕشی کورد و سەرکردەکەی بارزانی بوون زانیم بەزاز دەیەوێ بەتایبەتی هەر لەو کاتەی کە لە سەردەمی عەبدولسەلامدا سەرۆک وەزیران بوو کێشەی کورد بەڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکات، بەڵام لەخۆباییبوون و ملهوڕی عەبدولسەلام ئەو خەونەی نەهێنایە دی، دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام دیسان هەوڵی دا پێوەندی بە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردەوە بکات، بەڵام ڕووبەڕووی ملهوڕیی سەرانی سوپا بووەوە کە حەزیان دەکرد شەڕ بەردەوام بێت، دوای تێکشکانی سوپا لە شەڕی هندرێن ئەو بەربەستە لە بەردەم بەزازدا نەما و دووبارە هەوڵی دایەوە، هاتنی شاندی میللی (وەک ناویان نابوو) بۆ

کوردستان کەوا ڕێککەوت شەوی گەڕانەوەم لە ئێران لە (٢٠)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ بیانبینم یەکێک بوو لەو هەوڵانە.

شـــاندی ناوبراو ئارەزووی ســـەرۆک وەزیرانیـــان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی پیشان دا و گیروگرفتەکە لە هەموو ڕووێکەوە گفتوگۆی لەسەرکرا، پێش ئەوەی بگەمەوە کوردستان چەند سەعاتێک پێشتر شاندەکە گەیشتبوون، بۆیە فریای بەشێک لە کۆبوونەوەکە کەوتم، جگە لە بارزانی برایان ئیدریس و مەسعود و ئەندامانی هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی و کەسایەتییە سەربازییەکانی هێزەکانی شۆڕش وەک عەقید عەبدوڕەحمان قازی و هی تر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، هەروەها بەڕێزان ساڵح یووسفی و ئەندازیار شەوکەت ئاکرەیی ئامادەبوون، بەڕێزانیش نووری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا و نووری ئەحمەد تەها کە نەچوونە پاڵ جوداخوازەکان و گەڕانەوە ریزی شۆڕشی کورد ئەوانیش ئامادەبوون، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بارزانی ئارەزووی راستگۆیانەی بەرامبەر نیازی حکوومەت پیشان دا، بارزانی، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە (لە شۆڕشەکانی پێشووی بارزانیشدا) ئامادەیی بەرامبەر هەر دەست پێشخەرییەکی ئاشتییانە پیشان دەدا، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە تێیدا دەژیا و لە ژیانیدا دوورخستنەوە و بەندیخانە و تاراوگەی بینیبوو، هەروەها سەرەڕای سەرکەوتنەکەی لە شەڕی هندرێندا بەڵام هەر ئاشتی پێ لە شەڕ باشتر بوو، هەنگاوێکی ئاشتییانەیان بۆ بهاویشتبایە ئەو دوو هەنگاو دەچووە پێشەوە، زۆر دژی توندوتیژی بوو بەڵام لەکاتی دەستدرێژی لە سەر میللەت و گەلەکەی پاڵەوانانە بەرەنگاریی دەکرد و بە هەموو شێوازێکی ئابڕوودارانەی ژێردەستی پارێزگاری دەکرد، بارزانی رازی بوو کە هەندێک لە هەڤاڵان بۆ وتووێژ بچنە بەغدا تا چارەسەرییەکی ماقووڵ بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە.

چەندان پێوەندی و هەوڵی تر بەر لە لەناوچوونی عەبدولسەلام و پاشانیش دران، بەڵام لەبەر ملهوڕی سەرانی سوپا بە تایبەتی لە سەردەمی عەبدولسەلامدا سەرنەکەوتن، ساڵی ١٩٦٥ شاندێکی گەورە (کە سەرانی

عەشایەر و ئەو سەرۆک هۆزانەشیان یاوەر بوون کە هاسۆزی شۆڕشی کوردبوون وەک فەتاحاغای هەرکی سەرۆکی هۆزی هەرکی و عوسمان میران و هەروەها خوالێخۆشبوو محەمەد حەسەن دزەیی کە پێوەندیی لەگەڵ هەردوو لا باش بوو) هاتن تا بەرێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە، سەرۆک مستەفا بارزانی چاوی بە شاندەکە کەوت و هەوڵی دا تێیان بگەیەنێت کە سەرکردایەتیی کورد ئارەزووێکی راستگۆیانەی هەیە لەپێناو گفتوگۆدا بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی رەگەزپەرستانەو دڵڕەشانەی لێپرسراوان کە بەڵێنەکانیان نەهێنایە دی، بۆیە بەرامبەر بەو نیازە خراپانە شۆڕشی کورد بەرگری لەخۆی دەکات، جارێکی تر محەمەد حەسەن دزەیی هەوڵی دایەوە و نامەیەکی لە فەریق تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران گەیاندە سەرکردایەتیی شۆڕش، بەڵام رێژیمی فەرمانڕەوا هیچ بەڵێنێکی جێبەجێ نەکرد و بگرە دەیانویست کات بەسەر ببەن تا خۆیان بۆ گەڕێکی تر شەڕ ئامادە بکەن.

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦، دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام و بەر لەشەڕی هندرێن، پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان (کە لە کەسایەتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بوو و لایەنگری دیموکراسیەت و لیبرالیەت بوو لەلایەن عەبدورەحمان بەزازی سەرۆک وەزیران و هەروەها کەسایەتییە کوردەکانی وەک بابە عەلی شێخ مەحموود و فوئاد عارف کە لەلایەن بارزانییەوە پلە و رێزێکی گەورەیان هەبوو) راسپێردرا کە حکوومەت بەنیازە بە رێگەیەکی ئاشتییانە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام سەرانی سوپا خۆیان بۆ هێرشێکی گەورە ئامادە دەکرد (وەک باسم کرد) و تەنیا باوەڕیان بە توندوتیژی و شێوازی سەربازییانە هەبوو بۆیە هەموو هەوڵەکان سەرنەکەوتن.

لێرەدا دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە لە کۆتای ئادار و سەرەتای نیسانی ساڵی ١٩٦٦ واتە بەر لە مردنی عەبدولسەلام بە دوو هەفتە خوالێخۆشبوو مەحموود جەمیل بابان لە ئوردونەوە بەرێگەی تارانەوە هاتە لای بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕش، بابان لەلایەن خوالێخۆشبوو مەلیک حوسێن و

(وەسفی تەل)ی سەرۆک وەزیرانی ئوردون و هەندێک لە کەسایەتییە کوردەکانی دانیشتووی لبنانەوە نێردرابوو تا جۆرێک لە پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد دروست بکەن.

مەحموود بابان لە کەسایەتییە کوردییە دیارەکان بوو، بەر لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ و لەدوا کابینەدا وەزیر بوو و لە هۆزی ناوداری بابانە، خزمایەتیی لەگەڵ وەسفی تەلدا هەبوو، دایکی وەسفی لە هۆزی بابان بوو (پاشتر بەدرێژی باسی ئەوە دەکەم)، لەبەر ئەوەی پێشتر مەحموود بابانم دەناسی یەکسەر سەروسۆراغی کاک ئەحمەدی برام و منی پرسیبوو، لەبەرئەوەی من و کاک ئەحمەد دووربووین نەمانتوانی بیبینین.

دوای گفتوگۆ و وتووێژێکی زۆر لەگەڵ شاندی میللیی لە بەغداوە هاتوو، شەوی ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی خەلان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن دوای چەند رۆژێکی تر شاندی کورد بچێتە بەغدا تا لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتدا وتوێژ بکەن، درەنگی شەو ئەندامانی شاندەکە بۆ نووستن و پشوودان چوونە ئەو ژوورانەی کە لە قوتابخانەی خەلان بۆیان تەرخان کرا بوو.

دوای ئەوەی میوانەکان چوونە ژوورەکانیان، بارزانی لە حەوشەکەدا بە تەنیا قسەی لەگەڵدا کردم، لەبارەی سەفەرەکەم و ئەو کەسانەی کە بینیمن پرسیاری لێ کردم و ئینجا هاتەسەر پێوەندیکردنی کاک ئەحمەدی برام بەڕیزی جوداخوازەکانەوە، بەمە زۆر دڵگران بوو، بەڵام بێزارییەکی ئەوتۆی پیشان نەدا، دەیوت: دەمەوێت بزانم کە بۆچی کاک ئەحمەد ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر و قەت لەو بڕوایەدا نەبووم، دەربارەی منیش هیچ وشەیەک یان ئاماژەیەکی نەدا، قسەکانمان زۆر ئاسایی بوون، هەموو نیگەرانییەکمی رەواندەوە، ئەو پارەیەی کە گۆڕیبوومەوە دام بە کاک ئیدریسم و ئەو شەوەش لە خەلان نووستین.

بۆ بەیانی، شاندەکە چەند سەعاتێک لەلای ئێمە دانیشتن و پاشان بەرەو

بەغدا بەڕێ کەوتن، ئەو ڕۆژە دوای تاشتی بەیانی شتێکی خۆش ڕووی دا وا لێرەدا دەیگێڕمەوە، برادەرە کۆنەکان لابەلا لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، یەکێک لە ئەندامەکانی شاندی میللی خوالێخۆشبوو عەقید ڕەئوف ئەحمەد قادر بوو، زەلامێکی ڕەشتاڵە بوو و بە (ڕەئوفە ڕەش) ناسرابوو، وتی: شێخێکی ئەو ناوچەیە وای زانی عەرەبم و لێپرسراوێکی حکومەتم و پێی وتم کە گەڕایتەوە سڵاو لە موتەسەڕیف و قائید فیرقە بکە و من دڵسۆزی حکوومەتم و پشتی (یاخیبووان) ناگرم.

شاندەکە ڕۆیشتن و ئێمەش هەریەکەمان گەڕاینەوە سەر کاروباری خۆمان بەو ئومێدەی یەک دوو ڕۆژی تر شاندی کوردی بەرەو بەغدا بەڕێ بکەوێت، بارەگاکەمان گواسترابووەوە گوندی چۆمان لە نزیک شەقامی گشتی و پاشان چووینە گوندی ناوپردان لەسەر شەقامی گشتی و تا ڕۆژی نسکۆ و ڕێککەوتننامەی بەدناوی ئاداری ١٩٧٥ لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن (کە ئەو دەمە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو) هەر لەوێ ماینەوە.

دوای دوو سێ ڕۆژ، شاندەکە بە سەرۆکایەتیی سکرتێری حیزب حەبیب محەمەد کەریم و ئەندامێتیی هەریەک لە عەلی عەبدوڵڵا و ساڵح یوسفی و نافیز جەلال و یەکێکی تر کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن، حەبیب لەلاپەڕە (١٠٨)ی کتێبی (تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني-العراق في محطات رئيسية من سنة ١٩٤٦-١٩٩٣) کە ساڵی (١٩٨٨) دەرچووە و لە چاپخانەی- خەبات- چاپ کراوە دەڵێت[٩]: (شاندەکە بە سەرۆکایەتیی حەبیب محەمەد کەریم و ئەندامێتیی هەر یەک لە عەلی عەبدوڵڵا و ساڵح یوسفی و نافیز جەلال و موحسین دزەیی بوو)، بۆ ڕاستی و مێژوو دەڵێم من ئەندامی ئەو شاندە نەبووم و لەو وتووێژانەی کە لە بەغدادا کران ئامادە نەبووم کە پاشان بەیاننامەی عەبدوڕەحمان بەزازی لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لێ کەوتەوە، ئەو دەمە من تازە لە ئێران گەڕابوومەوە، بەڵام دوای ئەوە لەگەڵ شەهید نافیز جەلال بەنوێنەرایەتیی

شۆڕشی کورد بووم بە ئەندام لە لیژنەی باڵای ئاشتی، لیژنەی ناوبراو لیوا روکن کەمال مستەفا سەرکردایەتیی دەکرد کە برادەری بارزانی بوو و برادەری نزیکی منیش بوو و لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ هاتە ریزی شۆڕشەوە، لەلایەنی حکوومەتیشەوە عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەڕیفی هەولێر و لیوا روکن زەکی حوسێن حیلمی ئەندامی لیژنەکە بوون.

شاندەکە گەیشتە بەغدا و لەگەڵ سەرۆک وەزیران و لێپرسراوانی تر کۆبوونەوە، دوای گفتوگۆ و وتووێژێکی زۆر گەیشتنە دارشتنی بەیاننامەیەک کە ئێوارەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن عەبدورەحمان بەزازی سەرۆک وەزیرانەوە بڵاوکرایەوە و بە (بەیانی بەزاز) یان (بەیانی ٢٩ی حوزەیران) ناونرا، بەیاننامەکە بەگوێرەی ئەو بارودۆخە هەندێک لە داواکارییەکانی گەلی کوردی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام بەشی هەرە کەمی ئەو داواکارییانە بوو، سیاسەتی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و سیاسەتی بارزانی لەو کاتەدا بە تەنگەوەهاتنی هەر دەست پێشخەرییەکی ئاشتییانە بوو، دەکرێت بەیاننامەکە بە بنەمایەک بۆ ئەو داواکارییانە لەو قۆناغەدا لە قەڵەم بدەین و ئەگەر لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرایە ئەوا دەکرا پەرەی پێ بدرایە بەتایبەتی لە بارودۆخی جیابوونەوە و مناقەسە لەسەر مافە نەتەوایەتییەکان. (دەقی بەیاننامەکە بە زمانی عەرەبی لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێت).

وەک باسم کرد، بەیاننامەکە بەشێکی هەرە کەمی مافە نەتەوەیییەکانی کوردی بەخۆوە گرتبوو، بەڵام لەو قۆناغەدا دەکرا ببێتە بنەمایەک و پەرەی پێ بدرێت چونکە هەموو لایەک ئارەزووی ئاگربەستیان دەکرد.

لە بەندە باشەکانی بەیاننامەکە بابەتی هەڵبژاردن بوو، دوای ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨ بەزاز یەکەم کەس بوو لە سیاسییەکان کە پرسی هەڵبژاردنی گشتیی باس کرد، لەو باوەڕەدام لەو پرسەدا زۆر جدی بوو کە بیخاتە پرۆگرامی وەزارەتەکەیەوە چونکە تاکە مەدەنی بوو پاش شۆڕشی تەمووز پایەی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت، بیرکردنەوەی بەزاز بە بەراورد

لەگەڵ سەرانی سوپا زۆر دیموکراسییانە و لیبرالییانە بوو و ئەم سیاسەتەش لەلای گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی پەسەند بوو، بەڵام ئەو ئەفسەرانەی کە هەژموونیان بەسەر دەسەڵاتدا هەبوو بەم سیاسەتە رازی نەبوون، چونکە باوەڕیان بە ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی نەبوو بگرە بەرژەوەندییان وای دەخواست باری نائاسایی بەردەوام بێت و لە ئاوی لێڵدا مەلە بکەن، بۆیە دوای دوو مانگ لە دەرچوونی بەیاننامەکە وەزارەتەکەی بەزازیان پەک خست و بەیاننامەکەش جێبەجێ نەکرا.

راستە بەیاننامەکە بەشێک بوو لە بەرنامەی وەزاری و دەتوانرا هەموو بەندەکانی یان هەندێکیان جێبەجێ بکرێن یا هەر هیچیان جێبەجێ نەکرێن، یاخۆ دەکرا بەندەکانی دەسکاری بکرێن هەر کاتێک کە بیویسترایە، بەڵام لەو باوەڕەدام کە بەزاز لە جێبەجێکردنیاندا جدی بوو (سەرەڕای لێدوانەکانی لە پاش لادانی) کە ئەمە پرۆگرامی وەزارەتەکەیەتی و مەرج نییە وەزارەتەکانی تر جێبەجێی بکەن. لەگەڵ خوالێخۆشبوو نافیز جەلال ئەو کاتەی کە ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بووین، لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانی بەزازمان کرد، ئەو کاتە لادرابوو، لە قسەکانی هەستم بەوە کرد کە لە جێبەجێکردنی بەیاننامەکە جدی بوو، گومانی تێدا نییە لە ئەنجامی هەوڵەکانی بەزاز بۆ سازدانی هەڵبژاردنی گشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد و سیاسەتی لیبرالییانەی کردیان بە کەسایەتییەکی لێوەشاوە کە دەمێکە گەلی عێراق لە دەستی داوە و چاوەڕێی نموونەی وەک ئەوە کە بیانگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی مەدەنییەت.

لێرەدا نموونەیەک لەسەر دید و بۆچوونی سەرانی سوپا لەبارەی هەڵبژاردن دێنمەوە، لە یەکێک لە سەردانەکانمان بۆ لای سەرۆک عەبدوڕەحمان عارف، من و نافیز جەلال کە ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بووین و نوێنەرایەتی لایەنی کوردیمان دەکرد پرسی هەڵبژاردن هاتە ناو باسەوە، کە لێمان پرسی بۆ هەڵبژاردن نەکرا؟ بەوپەڕی سادەیی وەرامی دایەوە: ئەگەر هەڵبژاردن بکرایە لایەنگرانی سەردەمی بەسەرچوو دەیانبردەوە و ئێمەش ئەوەمان نەدەویست.

***

## عارف عەبدوڕەزاق و هەردوو کودێتا سەرنەکەوتووەکەی

عەمیدی باڵەفڕەوان عارف عەبدوڕەزاق لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا سەرکردەی هێزی ئاسمانی بوو، لە ئەفسەرە نەتەوەخوازە ناسرییەکان بوو و پێوەندیی لەگەڵ سەرۆک عارفدا باش بوو، دوای دەست لەکارکێشانەوەی فەریق تاهیر یەحیا بوو بە سەرۆک وەزیران، کاتێک سەرۆک عارف لە مەغریب بەشداریی کۆنگرەی باڵای وڵاتە عەرەبییەکانی دەکرد عارف عەبدوڕەزاق وەکیلی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری بوو جگە لە سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانی، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە ئەفسەرە یەکێتیخوازە ناسرییەکان هەوڵی کودێتایەکی دا و ویستی کۆشکی کۆماری و وەزارەتی بەرگری کۆنترۆڵ بکات، سەرەتا دەستی بەسەر هەندێک لە بەشەکانی وێستگەی رادیۆدا گرت، بەڵام ئەفسەرە لایەنگرەکانی عەبدولسەلام توانییان کودێتاکە پەک بخەن، عارف عەبدوڕەزاق و ژمارەیەک لە ئەفسەرەکان بەرەو قاهیرە رایان کرد و عەبدولسەلامیش گەڕایەوە بەغدا، ئەو کودێتایە سەری نەگرت ئەگەرچی عارف چەند بنکەیەکی هەستیاری کۆنترۆڵ کرد و لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو، چونکە وەکیلی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگری و سەرکردەی هێزی ئاسمانی بوو و چەند ئەفسەرێکیش پاڵپشتی بوون.

دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام بە رووداوی کەوتنەخوارەوەی باڵەفڕە لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ عارف عەبدوڕەزاق و کۆمەڵەکەی بەنهێنی گەڕانەوە عێراق و بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانیان بەهەل زانی و هەندێک لە ئەفسەرانی سوپا ناڕازیبوونی خۆیان بەرامبەر حکومەتی بەزاز پیشان دا چونکە زیانی بە بەرژەوەندییەکانیان دەگەیاند، عارف دووبارە هەوڵی کودێتای

دا و ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە، واتە لە ٣٠ی حوزەیران ویستی حوکمی عەبدوڕەحمان عارف لاببات بەڵام عارف بەخێرایی ئەو هەوڵەی لەبار برد، عارف هەرچەندە پیاوێکی هێور و دژ بە توندوتیژی بوو، بەڵام لە لەباربردنی کودێتای یەکەمیشدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو.

عارف عەبدوڕەزاق و هاوکارانی گیران و دران بە دادگای تایبەت، بەڵام دوایی ئازاد کران، ئەندامانی شاندەکەمان پاش دەرچوونی بەیاننامەی بەزاز سەردانی بەغدایان کرد و ئەوان بۆیان گێڕامەوە لە کاتێکدا کە لە شوێنی حەوانەوەیان لە (القصر الاخضر) دانیشتبوون گوێیان لە دەنگی کەوتنەخوارەوەی بۆمبی باڵەفرە بوو کە کۆشکی کۆماری بۆردمان دەکرد، هەروەها دەنگی تۆپ و ڕێژنە دەهات، ئەندامانی شاندەکە ویستوویانە خۆیان بشارنەوە، بەڵام عەلی عەبدوڵڵا کە جلوبەرگی کوردیی پۆشیبوو و شاردنەوەی زەحمەت بوو بۆیە بەنیگەرانییەوە چاوەڕوانیان کرد تا بارودۆخ هێور بووەوە.

عارف عەبدوڕەزاق ئێستا لە نێوان قاهیرە و لەندەندا دەژی و یەکێکە لە سەرانی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموونانە و تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانە و ئەو پەرەسەندنانەی کە لە جیهاندا روویان داوە، عارف عەبدوڕەزاق لە ڕووی بیروباوەڕەوە هیچ پێش نەکەوتووە، بەتایبەتی بیروڕای دەربارەی کێشەی کورد، تاکە جارێک گوێم لێ نەبووە کە بڵێت دان بە مافەکانی کورددا دەنێم، بگرە بە چاوێکی رەگەزپەرستانە سەیری کێشەکە دەکات و شۆڕشەکانی کورد بەیاخیبوون و چەتەگەری ناودەبات، گوایە بە دنەی ئینگلیز دژ بە دەسەڵات راوەستاون، سەرەڕای ڕێزی بێ سنوورم بۆ تەمەن و ئەزموونی ئەو پیاوە بەڵام خۆم گوێم لێ بووە کە بەڕاشکاوی ئەو قسانەی کردووە.

لێرەدا ئاماژە بە بۆنەیەک دەدەم کە تیایدا عارف عەبدوڕەزاق ئەو بیروڕایانەی تێدا دەربڕی، هاوینی ١٩٩٢ پاش کۆنگرەی ڤیەننا کە کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی لێ کەوتەوە بە سەردانێکی فەرمی لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڕاینەوە، شاندەکە لە بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و

دوکتۆر محەمەد بەحرلعلوم و عارف عەبدورەزاق و ئەحمەد چەلەبی و هی تر پێک هاتبوون، کاتێک گەیشتینە لەندەن خوالێخۆشبوو روشدی چەلەبی داوەتێکی نانخواردنی لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ ساز داین، بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی، عارف عەبدورەزاق لێدوانێکی لەم جۆرەی دا و کە بووە مایەی پێکەنین و بێز لێبوونەوەی ئامادەبووان، سەیرەکە لەوە دابوو ئەو قسانە هی یەکێک بوون کە خۆی بە سەرانی ئۆپۆزیسیۆن دەزانێت و دەیەوێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، ئاخۆ ئەگەر فەرمانرەوایی بکات دەبێت چۆن بێت.

لە کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە و لە بەرنامەی (شاهد علی العصر)دا ئەحمەد مەنسوور دیدارێکی لەگەڵ عارف عەبدورەزاق ساز دا، لە ١٤ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ ئەو هەڵقەیە دووبارە کرایەوە کە پێش ساڵێک بڵاوکرایەوە، بینیم عارف دژ بەخۆی قسەی دەکرد بەتایبەتی کە لەبارەی شۆڕشەکانی کورد دەدوا و دەیوت ئەمە لە ئەنجامی دنەدانی بەریتانییەکانەوە بوو، پاشان دەگەڕایەوە و دەیوت: راوێژکاری سەربازی بەریتانی لە وتارێکدا بۆ سەرانی سوپای عێراق پێی وتن ئێوە ناتوانن ئەو شۆڕشە لەناو ببەن، باڵەفڕەکان هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانی بەشداری سوپای عێراقیان کرد لە بۆردمانکردندا، ئەمەش لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید و شۆڕشەکانی بارزاندا بەدیارکەوت.

والاس لاینی بەریتانی، کە ماوەیەکی زۆر لە کەرکووک و سلێمانی کاری کردووە، لە کتێبەکەیدا (کورد وعرب وبريطانيون) کە ساڵی (٢٠٠٢) چاپ کراوە و یادەوەری ناوبراوە لە عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٤٤، لە لاپەڕە ١٨٩ و لاپەڕەکانی دواییدا نووسیویەتی: دوای بەزینی سوپای عێراق لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ بڕیار درا بارزان داگیر بکرێت، رەتڵێک لە هێزەکان بەڕێ کەوت کە جەنەراڵێکی عێراقی سەرکردایەتی دەکرد و دوو ئەفسەری ئەرکانی بەریتانیاش یاوەری بوون کە مێجەر (فری) و کاپتن (مانسێرف) بوون، هەروەها مولازمی باڵەفڕەوان (پیلی)یشیان لەگەڵدا بوو کە

ئەفسەری خزمەتە تایبەتییەکان بوو و پاشان بوو بە گەورە ماریشاڵی هێزی ئاسمانی، ئەو رەتڵە کەوتنە بەر ئاگری هێزە شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی، رەتڵەکە شڵەژان و بەشپرزەیی رایان کرد، هەواڵی بەزینەکەیان گەیشتە بەغدا جەنەراڵ روان روبنسن سەرۆکی نێردەی سەربازی بەریتانی یەکسەر گەیشتە رواندز و پێوەندیی بە رەتڵەکەوە کرد، هەروەها عەقید هیدلمان فەرماندەی مەشق لە کۆلێجی سەربازی نێردرایە رواندز و لاینیش بە باڵەفڕەیەکی سەربازی تایبەت وەک ئەفسەری سیاسی گەیشتە ئەوێ.

میجەر لاین لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ هێرش بۆ سەر بارزان و دەوروبەری دەستی پێ کرد، باڵەفڕەکانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا بەشێوەیەکی بەردەوام ناوچەکەیان بۆردمان کرد، باڵەفڕەکان چەترێکیان لە ئاسمانی ئەو ناوەدا دروست کردبوو، بۆمبەکان کە هەندێکیان لە نەویاتیدا بەسەر گوندەکانی بارزان دەتەقینەوە و ژیانیان لە ناوچەکەدا زۆر زەحمەت کردبوو.

عارف عەبدوڕەزاق لەو بەرنامەیەدا دانی بەوەدا نا کە وەک باڵەفڕەوانێک لە هێزی ئاسمانی عێراقدا ساڵی ١٩٤٥ بە هاوکاری لەگەڵ هێزی ئاسمانی مەلەکی بەریتانیدا گوندەکانی بارزانی بۆردومان کردووە، پێشکەشکاری بەرنامەکە ئەحمەد مەنسور بە سەرسڕمانەوە لێی دەپرسێت: گوندەکانتان بۆردمان کرد؟ عارف وەرام دەداتەوە: بەڵێ چونکە شەڕەوانەکان لە نێوان دار و تاشە بەرددا خۆیان شاردبووەوە. ئەمە پوختەی دید و بۆچوونی عارف عەبدوڕەزاق بوو لەبارەی کێشەی کورد.

***

## لیژنەی باڵای ئاشتی

دوو سێ رۆژ دوای سەرنەکەوتنی کودێتاکانی عارف عەبدوڕەزاق شاندی ئێمە لە بەغدا گەڕایەوە، چاوەڕوانی ئەوە بووین ئاخۆ حکومەت بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ چ هەنگاوێک دەهاوێت، یەکەم هەنگاو سەردانی بەڕێزان عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەڕیفی هەولێر و عەمید روکن کەمال مستەفا و عەمید روکن زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک (بارەگای فیرقە لە هەولێر بوو، ئەو دوو عەمیدە دوایی بوون بە لیوا) بۆ لای بارزانی و داوای پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئاشتییان کرد، هەروەها داوایان کرد نوێنەری کورد لەو لیژنەیەدا دیاری بکرێت و ئەو چەک و تۆپانەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی هندرێندا دەستیان بەسەردا گرتبوو بدرێتەوە بە حکوومەت، ئەو چەک و تەقەمەنییانە هی لیوای چواری فیرقەی یەک بوو کە هێرشەکەیان کرد.

بارزانی بەڵێنی پێ دان چەکەکان دوای کۆکردنەوەیان دەدرێنەوە بە حکوومەت، نافیز جەلالیش وەک کۆنە ئەفسەری سوپا و برادەری کەمال مستەفا کرا بە نوێنەری شۆڕش لە لیژنەکە، لیژنەی باڵای ئاشتی بە سەرۆکایەتیی عەمید روکن کەمال مستەفا و ئەندامێتیی عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەڕیفی هەولێر و زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک بوو، ئەو دووانە پیاوی لاشەڕ و حەزیان لە ئاشتی بوو و برادەری بارزانی بوون و باوەڕیان بە مافەکانی گەلی کورد هەبوو لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، ئەندامی سێیەمیش کەسێکی خێرخواز بوو.

دوای چەند رۆژێک، عەمید روکن کەمال مستەفا و نافیز جەلال (کرا بە ئەندامی لیژنەکە و دەستبەکار بوو) چوونە لای بارزانی، دوای ئەوەی بابەتی

پێوەندیدار بە هەردوو لایان تاوتوێ کرد و بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی، سەرۆکی لیژنە عەمید روکن کەمال مستەفا و هەروەها نافیز جەلال داوایان لە بارزانی کرد کە پێویستییان بە ئەندامێکی ترە بۆ بەسەرکردنەوەی کارەکان و جێبەجێکردنیان بەخێرایی، بارزانی فەرمانی دا کە من ببمە ئەندامی لیژنەی ناوبراو، من و نافیز جەلال بووین بە ئەندامی هەمیشەیی و لەنێوان گەلاڵە و هەولێردا دەچووین و دەهاتین، سەرەتا بارەگای لیژنە لە هەولێر بوو دوایی کەوتە بەغدا، لیژنەکە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزیری بەرگری و سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا و (سەرۆکی ئەرکانی سوپا لیوا حەمودی مەهدی بوو کە پیاوێکی باش و سادە بووە) وەزیری ناوخۆ و هەروەها سەرۆکی وەزیراندا هەبوو، کاروباری لیژنەکە بە هێواشی دەڕۆیشت چونکە ئەوانەی دژی رێککەوتنەکە و شۆڕشی کورد بوون گیروگرفتێکی زۆریان خولقاندبوو، لەلایەن هەردوولا گەلێک جار سەرپێچی و زێدەڕۆیی دەکرا، بەڵام پێش ئەوەی پەرە بسێنێت کۆنترۆڵمان دەکرد، نکۆڵی لەوە ناکرێت کەمال مستەفای سەرۆکی لێژنەکە هەموو توانای خۆی خستە گەڕ و بەهۆی ئەو پێوەندییانەی کە لەگەڵ لێپرسراواندا هەیبوو دەیتوانی گیروگرفتەکان چارەسەر بکات و هەردوولا رازی بکات، هەر بۆیە مایەی رێز و پێزانین بوو لای بارزانی و لێپرسراوانی شۆڕش، گەلێک جار لە گیرفانی خۆی پارەی هاتووچۆی سەرف دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی ئیشەکان بە ئاسایی بەڕێوە بچن لە کاتێکدا زۆربەی ئەفسەرانی سوپاش بۆ دەسکەوتی زیاتر حەزیان دەکرد بارودۆخەکە بەرەو خراپی بچێت.

***

## عەبدوڕەحمان عارف سەردانی بارزانی دەکات

لیژنەکە ئاسایی کاری خۆی دەکرد، عەبدوڕەحمان بەزاز لە سەرۆکایەتیی وەزیران دەستی کێشایەوە یان دەتوانین بڵێین لایان دا، چونکە لە نووسراوی دەست لەکارکێشانەوەکەی کە ئاراستەی سەرۆک کۆمار عەبدوڕەحمان عارفی کردووە دەڵێت: (لەسەر داواکاریی ئێوە دەست لە کار دەکێشمەوە).

ناجی تاڵیب کابینەی تازەی وەزارەتی پێک هێنا، بۆ راستی و مێژوو دەڵێم ناجی پیاوێکی هۆشیار و نیشتیمانپەروەر بوو سەرەڕای جۆری کار و بیرکردنەوەی، رەجەب عەبدولمەجید جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو، ئەویش پیاوێکی دەستپاک و نیشتمانپەروەر بوو، هەردووکیان لە ئەفسەرە ئازادیخوازە بەراییەکان بوون کە بەشدارییان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دژ بە رێژیمی مەلەکی کرد، هەر لەو کابینەیەدا عەمیدی خانەنشین ئەحمەد کەمال قادر وەزیری دەوڵەت بوو بۆ سەرپەرشتیکردنی ئاوەدانکردنەوەی باکور پێش پێکهێنانی وەزارەتی کاروباری باکور، ناوبراو لایەنگری شۆڕش و بارزانی بوو، دەستپاک و لە ئەفسەرە دیارەکانی سوپای عێراق بوو، شاکر مەحمود شوکریش کە لە سەردەمی عەبدولڕەحمان بەزازدا وەزیری بەرگری بوو هەر لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوە.

پێش ئەوەی باسی سەردانەکەی عەبدوڕەحمان عارف بۆ لای بارزانی بکەم شتێک دەربارەی شاکر مەحموود شوکری دەگێڕمەوە، لە سەردەمی عەبدولسەلامدا عەمید یان لیوا شاکر مەحموود باڵوێزی عێراق بوو لە لەندەن و پێشتر سەرکردەی فیرقە بوو، دوای لەناوچوونی عەبدولسەلام، عەبدوڕەحمان عارفی برای لە هەڵبژاردنێکی شکڵیدا کە ئەنجوومەنی باڵای

بەرگری ئەنجامی دا بوو بە سەرۆک کۆمار (ئەنجوومەنی بالای بەرگری لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرانی و سەرکردەی فیرقەکان و فەرماندەی مەوقیعی بەغدا پێک هاتبوو).

هەریەک لە عەبدورەحمان عارف کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو و عەبدورەحمان بەزازی سەرۆک وەزیران و عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری خۆیان بۆ پایەی سەرۆکایەتیی کۆماری پالاوت، بەزازو عارف وەک یەک دەنگیان هێنا، عوقەیلی تەنیا دەنگەکەی خۆی هێنا، دواجار بەزاز کشایەوە (یان بەزۆری کشاندیانەوە) و عەبدورەحمان عارف بوو بە سەرۆک کۆمار.

عارف، بەزازی راسپارد کە کابینەی تازەی وەزاری پێک بهێنێت، بەزاز لە جیاتی عوقەیلی شاکر مەحموودی بۆ پۆستی وەزیری بەرگری هەڵبژارد، کاتێک شوکری ئەم هەواڵەی پێگەیشت بەر لەوەی شوێنی کارەکەی بەجێ هبێڵێت دەستی بە لێدوان کرد و رای گەیاند کە ئەو دەبێتە وەزیری بەرگری و بەخێرایی (یاخیبوونی کوردان) لەناو دەبات، لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا و دوای چەند رۆژێک لە مایسی ساڵی ١٩٦٦ هێرش بۆ سەر چیای هندرێن دەستی پێ کرد و سوپا تووشی بەزینێکی گەورە هات وەک پێشتر باسم کرد.

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦ و کەمتر لە شەش مانگ دوای وەرگرتنی پۆستی وەزیری بەرگری و پاش تێشکانی سوپا لە شەڕی هندرێن شوکری سەردانی بارزانی کرد و بە ئامادەبوونی لیژنەی بالای ئاشتی لە ناوچەی بەرسرین کە کەوتووەتە سەر رێگەی هاملتون کۆبوونەوە.

پێش ئەمە و لە مانگی ئەیلوول من لە بەغدا بووم، پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمانی پوورزام رای سپاردم (کە لەسەر راسپاردەی کامێران بەدرخان لە پاریسەوە بە بارزانی راگەیاندووە) کە دوو هاوڵاتی فەرەنسایی ببەمە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، دوو فەرەنساییەکە یەکێکیان (جان برادییە)ی لاو بوو کە دەیویست چەند مانگێک لە کوردستان بمێنێتەوە چونکە

بەنیاز بوو چەند تۆژینەوەیەک لەبارەی کوردستانەوە بکات و کتێبێک لەبارەی ئەم بابەتە بنووسێت، دووەمیان خاتوو (فرنسواز بورسان)ی قوتابیی کۆلێجی پزیشکی بوو و چەند رۆژێک لە کوردستان هاوەڵی بووم.

ئەو کاتە گواستنەوەی بیانییان ئاسان نەبوو، چونکە ئەو رێگایانەی بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش دەچوون تژی بوون لە خاڵی پشکنین و زاڵگە، رۆژی دوایی چووینە لای ناجی تالیبی سەرۆک وەزیران تا لەبارەی هەندێک کاروبارەوە گفتوگۆ بکەین، بە ناجیم وت دوو میوانی فەرەنساییم هاتوون و برادەری عومەری برامن کە لە پاریس دەخوێنێت، دەیانەوێت بێنە کوردستان و پێویستییان بە پسووڵەی رێگە پێنەگرتنە، ناجی پێوەندیی بە بەڕێوەبەری هەواڵگری عەقید روکن شەفیق دەراجییەوە کرد و پسووڵەکان ئامادەکران، بەیەکەوە چووینە کوردستان و رۆژێک لە هەولێر ماینەوە و دوایی چووینە گەڵاڵە.

دوای دوو رۆژ ویستم بگەڕێمەوە هەولێر تا لەوێوە بچمە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی هەندێک کاروبار، قوتابییە فەڕەنسییەکەش دوای ئەوەی چاوی بە بارزانی و هەندێک لە بەرپرسان کەوت و لەلایەن بارزانییەوە چەند دیارییەکی دەسکردی کوردەوارییانەی پێشکێش کرا لەگەڵ مندا گەڕایەوە، بۆ نانخواردن لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین لامان دا، نافیز جەلالی برادەرم کە ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بوو لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم کە وەزیری بەرگری بەیانی دەگاتە ناوچەکە، داوای کرد بگەڕێمەوە ناوچەی سەرکردایەتی و خۆیشی بەیانی هاوەڵی شاندەکەیە، ناچاربووم بگەڕێمەوە و ئافرەتەکەم لە سەڵاحەدین بەجێ هێشت دوای ئەوەی لە ئوتێل ژوورێکم بۆ گرت و رامسپارد هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین بکەن.

گەڕامەوە ناوچەکە و بەیانی وەزیری بەرگری گەیشت و بەو سەردانە زۆر دڵخۆش بوو، بارزانی خەڵاتێکی گونجاوی پێشکێش کرد، وەزیری بەرگری بە بارزانیی راگەیاند کە سەرۆک کۆمار عەبدوڕەحمان عارف حەز دەکات سەردانی بکات، بارزانی بەو سەردانە خۆشحاڵ بوو.

دوای کۆتاییهاتنی سەردانەکەی وەزیری بەرگری، ئێوارەی هەمان رۆژ گەڕامەوە هاوینەهەواری سەلاحەدین، فرنسوازی میوانم بردەوە ماڵی خۆمان لە هەولێر، هاوسەرەکەم کراسێکی کوردی و هەندێک کەلوپەلی زیوی پێشکێش کرد، رۆژی دوایی چووینە بەغدا، ئەو بە باڵەفڕ گەڕایەوە فەرەنسا، بەڵام جان برادییە شەش مانگ زیاتر لە کوردستان مایەوە، چەند رۆژێکم لە بەغدا بەسەربرد، دەسەڵاتداران خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ سەردانەکەی عەبدوڕەحمان عارف بۆ لای بارزانی، بابەتی سەردانەکە قسەی لەسەر کرا، سەرانی سوپا حەزیان دەکرد دیدارەکە لە شوێنێک بێت کە نزیک بێت لە دەسەڵاتی خۆیان و دەشتی رواندزیان هەڵبژارد، بەڵام ئێمە پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە نزیک بێت لە ژێر دەسەڵاتی خۆمان، دوایی لەسەر شوێنێکی گونجاو رێک کەوتین، چەتر هەڵدران و پاسەوانی شوێنەکە بە هاوبەشی لە نێوان پێشمەرگە و سەربازاندا بوو، لە تەنیشت یەکتر راوەستابوون بێ ئەوەی هەست بە هیچ رق و کینەیەک بکەن.

جگە لە هەندێک لە وەزیرەکان، سەرکردە سەربازییەکان چەند کەسایەتییەکی کورد و عەرەب لەو سەردانەدا هاوەڵی سەرۆک کۆمار بوون لەوانە: بابەعەلی شێخ مەحموود، فوئاد عارف، ئەحمەد کەمال قادر (ئەوانە برادەری نزیکی بارزانی بوون)، شێخ نازم عاسی لە سەرۆکەکانی هۆزی عوبێد کە پیاوێکی دیندار و چاک بوو برادەری بارزانی و سەرۆک کۆمار بوو، حاجی شاکر دووری و کەسانی تر.

دوای دەست لەملان و بەخێرهێنان، هەردوولا ئامادەیی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەڕێگەیەکی ئاشتییانە و برایانە و جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەی ٢٩ی حوزەیران پیشان دا، لەو باوەڕەدام کە عەبدوڕەحمان عارف نیازی زۆر پاک بوو، بەڵام بەڕادەیەک چاک بوو کە هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی بەسەر ئارەزووی سەرانی سوپادا نەبوو، دوای نانخواردن، لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا قسە لەبارەی زۆر شت کرا، عارف داوەتنامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد تا سەردانی بەغدا بکات، بارزانی بە

سوپاسەوە قبوولّی کرد، شاندەکە گەڕانەوە بەغدا و ئێمەش چووینەوە بارەگای سەرکردایەتی لە ناوپردان و لەوێ بەگشتی گفتوگۆ لەبارەی سەردانەکە کرا، بارزانی خۆشحالّیی پیشان دا وتی: هیچ گومانم لە نیازپاکیی سەرۆک کۆمار و نیشتیمانپەروەری و ئارەزووی بۆ ئاشتی نییە، بەلاّم بەدوورم نەدەزانی کە هەندێک لە ئەفسەرەکان لەناو کۆبوونەوەکەدا پیلانێکیان بگێڕایە و سەرۆکەکەیان لابردایە ئێمەش دەبووینە قوربانی.

لیوا روکن کەمال مستەفای برادەرم کە ئەو کاتە سەرۆکی لیژنەی بالاّی ئاشتی بوو نموونەیەکی لەبارەی نیازپاکی عەبدورەحمان عارف بۆ هێنامەوە و وتی: لە دانیشتنێکدا کێشەی کورد تەوەری قسە و باس بوو، ئەوکاتە هەندێک رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جوداخوازانە لە ئارادا بوو کە لەلایەن هەندێک لە ئەفسەرانی سوپاوە پالّپشتی دەکران، یەکێک لە ئەفسەران وتی پێویستە ئەو جیاوازییەی ئێستا لە نێوان کوردەکاندا هەیە زیاتر بورووژێندرێت، چونکە ئەوەی لەو ناوەدا دەکوژرێت هەر کوردە، سەرۆک کۆمار سەرکۆنەی ئەو ئەفسەرەی کرد و وتی: ئەوە حەرامە، ئێمە هەموو موسلّمان و براین.

***

## دیدار لەگەڵ باڵوێزی تورکیا لە بەغدا

شۆڕشی ئەیلوول، سەرەڕای ئەوەی کە بەڕوویێکی کوردانەوە داوای مافە ڕەواکانی گەلی کوردی دەکرد لە هەمان کاتدا لەسەر داواکارییەکانی گەلی عێراقیش مکوڕ بوو، دروشمی (دیموکراسیەت بۆ عێراق) لە پاڵ دروشمەکەی خۆی (ئۆتۆنۆمی بۆ کورد) بەرز کردبووەوە، لە هەر وتووێژێکی سەرکردایەتیی شۆڕش لەگەڵ حکوومەتە یەک بە دوای یەکەکانی عێراقدا داوای مافی تورکمان و ئاشوورییەکانی دەکرد.

لەلایەنی دەرەکیشەوە، سەرکردایەتیی شۆڕش و بارزانی خۆیشی لەسەر ئەوە مکوڕ بوون پێوەندیی دراوسێیەتی و برادەرایەتی باشیان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیدا هەبێت و دەست نەخەنە ناو کاروباری یەکتر و هەردوولا ڕێزی یەکتر بگرن، بارزانی زۆر بەتەنگ ئەو پێوەندییانەوە بوو بۆیە بارودۆخی سەر سنووری ئەو وڵاتە ئیقلیمیانەی کە دراوسێی کوردستانی عێراق بوون هێور بوو، ڕووداو و گیروگرفت زۆر کەم بوو لە کاتێکدا ڕووداو و گیروگرفت لەسەر سنووری وڵاتە دراوسێیەکان لە جیهاندا ئاساییە.

تورکیا یەکێک لەو وڵاتانە بوو، ناوچەی سەر سنووری لەگەڵ کوردستاندا هێور بوو و هیچ ڕووداو و گیروگرفتی تێدا نەبوو، بێگومانم لێپرسراوانی تورک نکوڵی لەمە ناکەن، ساڵی ١٩٩٢ کاتێک لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەردانی سلێمان دیمیریلمان کرد ئاماژەی بەمەدا، دیمیریل لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو.

پێوەندیمان لەگەڵ هەندێک لە سەرکردە تورکمانەکان و کەسایەتییەکانیان پێوەندییەکی برایانە بوو، ڕۆژێکیان لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٦ من و نافیز

جەلال وەک ئەندامانی لیژنەی ئاشتی لە بەغدا بووین، بەڕێز عیزەدین قۆجە کە لە برا تورکمانەکانی کەرکووک بوو و کاری بازرگانیی دەکرد، پێی ڕاگەیاندین کە (بەها کارتای) باڵوێزی تورکیا لە بەغدا حەزدەکات بمانبینێت و یەکتر بناسین، ئێمەش بەو دیدارە خۆشحاڵ بووین.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی عیزەدین قۆجە لە ماڵی خوالێخۆشبوو بەهائەدینی برای لە گەڕەکی سەعدوون ئاهەنگێکی شیوخواردنی بۆ ساز داین، جگە لە باڵوێزی تورکیا، عەمیدی تورکمان عەبدوڵلا عەبدوڕەحمان و من و نافیز جەلال تیایدا ئامادەبووین.

لەبارەی بارودۆخی ناوچەکە و مکوڕیی سەرکردایەتیی شۆڕش لەسەر پێوەندییەکی باش لەگەڵ تورکیای دراوسێ و هێورراگرتنی سنوورەکان و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ برایانی تورکمان گفتوگۆمان کرد، باڵوێزی تورکیا خۆشحاڵیی خۆی بەرامبەر ئەو دیدارە پیشان دا و بەڵێنی دا ئەو زانیارییانە بگەیەنێتە حکومەتەکەی، مکوڕیی سەرکردایەتیی شۆڕش و بارزانیش لەسەر بەردەوامبوونی ئەو هێورییە و روونەدانی هیچ گیروگرفتێک بەرز نرخاند، هەریەک لە عەمید روکن عەبدوڵلا عەبدوڕەحمان و عیزەدین قۆجەش هەمان بۆچوونی ئێمەیان هەبوو، بەم جۆرە دیدارەکە بەکۆتایی هات.

***

# حەوتەم کۆنگرەی حزب

نزیکەی دوو ساڵ و نیو بەسەر کۆنگرەی شەشەمدا تێ پەڕیبوو، کۆنگرەی شەشەم لە بارودۆخێکی تایبەت و ئاڵۆزدا سازدرا کە سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک کادیر و ئەندام جیابوونەوە، گومانی تێدا نییە ئەو جیابوونەوەیە بە نەرێنی کاری کردە سەر حیزب و شۆڕش، رێکخستنەوەی ریزەکان و بنیاتنانەوەی حزب و رێکخستنەکانی کات و هەوڵێکی زۆری دەویست.

بارزانی، لە هەمووان زیاتر لە سەر رێکخستنی ریزەکانی گەلی کورد و وەگەڕخستنی تواناکان بۆ خزمەتی شۆڕش مکوڕ بوو، ساڵی ١٩٦٥ بڕیاری لێبووردنی بۆ جوداخوازەکان دەرکرد و داوای لێ کردن بگەڕێنەوە و خزمەتی شۆڕش بکەن، دوای گەڕانەوەیان چەندان ئەرکیان پێ سپێردرا، بەبێ جیاوازی لە ریزەکانی شۆڕشدا کەوتنە کارکردن، بەڵام سەرکردایەتیەکەیان لە ژێرەوە و بە نهێنی پێوەندییان بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە کرد و لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ گەڕانەوە باوەشی حکومەت، هەندێک لە سەرکردەکانی بەمە رازی نەبوون وەک نووری سەدیق شاوەیس و عەلی عەبدوڵا کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و نووری ئەحمەد تەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هەندێکی تر، ساڵح یوسفیش کە لە دەزگاکانی شۆڕش کاری دەکرد لە کاتی جودابوونەوەکەدا چالاکیی حیزبیی وەستێندرابوو.

زۆر پێویست بوو کە حزب کۆنگرەیەکی تازە بگرێت تا سەیری بارودۆخی ئەو کەسانە بکات کە لە ریزی حزب و شۆڕشدا مابوونەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و کادیران کە پاڵپشتی جوداخوازەکانیان دەکرد، بەڵام دوای ئەو هەنگاوە خەریک بوو بە خۆیاندا بچنەوە، بارودۆخەکە زۆر

هەستیار بوو و شەڕ بەردەوام بوو بۆیە لە تواناد‌ا نەبوو ئەو کۆنگرەیە بگیرێت، بەڵام دوای ڕێککەوتننامەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ بڕیاردرا لە ١٩٦٦/١١/١٥ کۆنگرە بگیرێت.

لەو بارودۆخەدا، کۆنگرەکە لە گەلاڵەدا گیرا و بەیاننامەی بەزازی پەسند کرد، بڕیاردرا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و کادیر و سەرکردایەتی بگەڕێنەوە ریزەکانی حیزب، هەریەک لە نوری شاوەیس و عەلی عەبدولا و ساڵح یوسفی گەڕانەوە و بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران پاشان بوون بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، بەم جۆرە گیانێکی تازە بە بەر حیزب هاتەوە و ریزەکانی یەک خست و لە جاران بەهێزتر بوو.

***

## سەردانی ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا

بەبۆنەی جەژنی رەمەزان، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٧ بڕیاردرا ئیدریس بارزانی بۆ جەژنانە بچێتە بەغدا و لەبری باوکی جەژنە پیرۆزە لە سەرۆک کۆمار بکات، من و نافیز جەلال وەک ئەندامانی لیژنەی باڵای ئاشتی هاوەڵی بووین، ئەو کاتە حەبیب محەمەد کەریم (سکرتێری حزب) و ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی لقی پێنج لە بەغدا بوون، لە بەغدا بووینە میوانی حکوومەت و لە (قصر الاخضر) کە کەوتووەتە ناوچەی سەعدوون دابەزین، شوێنەکەمان خانووێکی ئاسایی بوو و لە چوار پێنج ژوورو دوو هەیوانی ئاسایی پێک هاتبوو، سەردانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و هەندێک وەزیرمان کرد، کە جەژنی قوربانیش هات مەسعوود بارزانی سەردانی بەغدای کرد و بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی کرا، کەسایەتییە عەرەبی و کوردییەکان لە پێشبڕکێدابوون بۆ داوەتکردن و سەردان، تا گەیشتە ئەوەی شێوەی نیمچە خۆپیشاندانێک وەربگرێت و لە هەموو نێوەندەکاندا دەنگی دایەوە و ئەو راستییەی سەلماند کە گەلی عێراق پاڵپشتی شۆڕشی کورد و کەسایەتی بارزانی دەکەن، هەندێک لە نێوەندە سەربازییەکان ئێرەییان بەمە برد.

لەو سەردانانەدا چەند جارێک چاومان بە سەرۆک کۆمار کەوت، جارێکیان کاک ئیدریس داوای لە سەرۆک کۆمار کرد رێگای بدات سەردانی شوێنە پیرۆزەکان لە کەربەلا و نەجەف و هەروەها مەرجەعی ئاینی بەڕێز موحسین حەکیم بکات، عارف دەموچاوی تێک چوو وتی تائیفییەکان ئەو سەردانە دەقۆزنەوە، ئێمە موسیربووین و عارفیش رەزامەندیی پیشان دا فەرمانی دا پاسەوان و هۆیەکانی گواستنەوە دەستەبەر بکەن، عارف حەزی دەکرد هەموو

کارێک بەهێمنی و ئاشتی چارەسەر بکرێت.

موحسین حەکیم و بارزانی یەکتریان نەبینیبوو، بەڵام بەهۆی نامە گۆڕینەوە نێوانیان زۆر باش بوو، لە سەردەمی عەبدولسەلامدا حەکیم فەتوایەکی دا و شەڕی دژ بە کوردی حەرام کرد، هەڵوێستی شەڕەفمەندانە و پاڵپشتییانەی دەرهەق بە شۆڕشی کورد و بارزانی هەبوو.

سەردانی سەید حەکیممان کرد و لە دەروونی برا شیعەکان و عێراقییەکاندا سەدایەکی گەورەی هەبوو، داوام لە کاک ئیدریس کرد کە جلوبەرگی کوردی بپۆشێت تا سەرنجی ئامادەبووان رابکێشێت، کە گەڕاینەوە بارزانی لە سەردانەکە زۆر رازی بوو.

دوای دوو هەفتە گەڕاینەوە ناوچەکانی خۆمان، سەردانەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، لە رووی راگەیاندنیشەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.

***

## سەردانی مەسعود بارزانی بۆ بەغدا

رۆژەکان ئاسایی بەسەرچوون، لە ئاداری ساڵی ١٩٦٧ بارزانی بڕیاری دا مەسعودی کوڕی بنێرێتە بەغدا تا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە پیرۆزبایی لە سەرۆک عەبدوڕەحمان عارف بکات، کاک مەسعوود کە ساڵح یوسفیش هاوەڵی بوو هاتنە هەولێر و منیش بوومە هاوەڵیان، نافیز جەلال لەبەر هەندێک کاروباری تایبەتی خێزانی نەیتوانی ئامادەبێت و دوای دوو سێ رۆژ گەیشتە لامان، ئێوارەی ئەو رۆژە گەیشتینە بەغداو لە (قصر الاخضر) دابەزین.

دوای سەردانی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، هەر ئەو رۆژە چاومان بە چەند لێپرسراوێکی تر کەوت و کەسایەتییەکان و برادەران داوەتیان کردین، دوایی سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و (ئیمام حەکیم)مان کرد، کاک مەسعود نامەیەکی بارزانی و دانەیەک لە قورئانی پیرۆزی پێشکەش بە حەکیم کرد، نیهادی برای کاک مەسعوود کە تەمەنی ٧ ساڵ بوو هاوەڵمان بوو، ئیمام حەکیم نیهادی ماچ کرد و لیرەیەکی زێڕی عوسمانیی پێشکەش کرد.

دوای گەڕانەوەمان، لەگەڵ کاک مەسعوود و ساڵح یوسفی سەردانی خوالێخۆشبوو کامل چادرچی سەرۆکی حزبی نیشتیمانی و کەسایەتی بەناوبانگی عێراقیمان کرد، زۆری بەخێرهێناین و باسی بارودۆخی عێراق و نەبوونی دیموکراسیەتمان کرد، چادرچی بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو کە شۆڕش دروشمی (دیموکراسیەت بۆ عێراق)ی بەرزکردووەتەوە. لە کاتێکدا کە لە ژووری پێشوازی دانیشتبووین و قسەمان دەکرد لە ناکاو چادرچی هەستایەوە و رووی لە ژوورەکەی تەنیشت من کرد کە نووسینگەکەی بوو، دوای یەک دوو دەقیقە هاتەوە و دەستمان بە قسە کردەوە، وا دیار بوو

چادرچی هەستی بە ئازار کرد و بۆ دەرمان خواردن چووە ژوورەکە چونکە تووشی نەخۆشی دڵ هاتبوو، دوای دوو سێ ساڵ هەر بەو نەخۆشییە سەری نایەوە.

ماڵاواییمان لە چادرچی کرد و گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان، ئێوارە، چووینە لای دکتۆر کازم شبر و شیوی ئێوارەمان لای ئەو خوارد، لە رێگای گەڕانەوەماندا ساڵح یوسفی لە بەرامبەر باڵەخانەیەک لە شەقامی سەعدوون ئوتۆمۆبیلەکەی وەستاند، خوالێخۆشبوو ئەندازیار شەوکەت ئاکرەیی لەو شوقەیەدا بەهۆی نەخۆشییەوە لە ناو جێگەدا کەوتبوو و نەشتەرکاریی بۆ کرابوو، دوای چەند دەقیقەیەک شوقەکەمان بەجێ هێشت و گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان لە (قصر الاخضر).

ئێوارەی رۆژی دوایی مەسعود بارزانی ئاهەنگێکی پێشوازی و شیو خواردنی گەورەی لە ئوتێلی بەغدا سازکرد کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرەکان و ئەفسەران و کەسایەتییە عەرەبی و کوردییەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە جیاجیاکان ئامادەبوون، ناجی تالیبی سەرۆک وەزیران لە جیاتی خۆی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی نارد و داوای لێبووردنی کرد، لە کۆتای ئاهەنگەکەدا داوای لیستی خەرجیمان کرد، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک وەزیران وتی سەرۆک وەزیران فەرمانی داوە کە خەرجییەکە ئەو دەیدات و ئێمە رازی نەبووین، بەڵام بەڕێوەبەری نووسینگە وتی ناتوانم سەرپێچیی فەرمانی سەرۆک وەزیران بکەم، ئێمەش رازی بووین، ئەو ئاهەنگە سەدایەکی گەورەی لە بەغدا دایەوە چونکە چەند ساڵێک بوو بەم شێوەیە لایەنەکان و کەسایەتە جیاوازەکان بە لایەنگیر و نەیارەوە ئەوها کۆ نەکرابوونەوە.

خۆمان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکرد، بەڵێنمان بە شێخ نازم عاسیی گەورە سەرۆکی عەشیرەتی عوبێد دا کە لە رێگەی گەڕانەوەماندا لە حەویجەی نزیک کەرکووک سەردانی بکەین، شێخ نازم پیاوێکی چاک و دیندار بوو، حەزی لە خێرو ئاشتی و برادەری سەرۆک بارزانی و سەرۆک کۆمار بوو، پیاوێکی

بوێرو قسە لە ڕوو بوو، لەبارەی بارزانی گوتەیەکی بە ناوبانگی هەیە کە وتوویەتی (بارزانی هەر لە تەوقی سەری تا بنی پێی پارچەیەک شەرەفە)، هەر بۆیە لای بارزانی جێگەی ڕێز بوو، خوالێی خۆش بێت.

سبەینێ زوو بەغدامان بەجێ هێشت و ڕێگای سامەڕا و تکریتمان گرتەبەر تا لە ڕووباری دجلە بپەڕینەوە، نیوەڕۆ گەیشتینە حەویجە، شاعیری گەورە هەژار و دوکتۆر حەسەن حوسامی (کە کوردی ئێران بوو و لە ئەلمانیای دیموکراتەوە بۆ سەردانی بارزانی هاتبوو) هاوەڵمان بوون، شێخ عاسی پیاوێکی نانبدە بوو، نیوەڕۆ خوانێکی گەورەی ئامادەکردبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئاینی کوردی کەرکووک و کەسایەتەکان ئامادەبوون، شێخ زۆر خوشحاڵ بوو و دەستەو نەزەر لە خزمەتدا بوو.

گەیشتینەوە هەولێر و لەماڵی خۆمان لە گەڕەکی عەرەب دابەزین (بەڕێوەبەرایەتی ئیستخبارات دەستی بەسەر ئەو خانووە داگرت و تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کردی بە بارەگای خۆی)، عەبدلمونعیم مەسرەف موتەسەڕیفی هەولێر هاتە لای کاک مەسعوود و بۆ ماڵی خۆی و شیوی ئێوارە داوەتی کرد، بۆ بەیانی لە دیوانی موتەسەڕیفیەت سەردانی عەبدولمونعیم مەسرەفمان کرد و پاشان گەڕاینەوە ناوچەکانمان.

بارزانی بەو سەردانەمان زۆر خۆشحاڵ بوو کە پێشتر کاک ئیدریسیش ئەو سەردانەی کردبوو، داوام لە کاک مەسعوود کرد لەکاتی سەردانی شوێنە پیرۆزەکان و ئیمام حەکیم جلوبەرگی کوردی بپۆشێت، پێشتریش وام بە کاک ئیدریس وتبوو.

***

# نسكۆی حوزەیرانی ١٩٦٧

ڕۆژان بەسەرچوون و پێوەندیی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و دەسەڵاتی ناوەندی لە هەڵکشان و داکشاندا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە هێمن بوو و ڕووداوی جیاجیا لێرەو لەوێ دەقەومان و زوو چارەسەر دەکران، جار جاریش لەگەڵ جوداخوازەکاندا شەڕە تەقە دروست دەبوو، سیاسەتی ئەو وەزارەتەی کە ناجی تاڵیب سەرکردایەتیی دەکرد ئەگەرچی کێشە سەرەکییەکانی چارەسەر نەدەکرد، بەڵام لە توندوتیژی دووربوو.

هێشتا ساڵێک بەسەر پێکهێنانی ئەو وەزارەتەدا تێ نەپەڕیبوو سەرانی سوپا بە تایبەتی ئەفسەرە دەسەڵاتدارەکانی کۆشکی کۆماری ویستیان بیخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە، لەو ئەفسەرە دەسەڵاتدارانە (عەقید روکن ئیبراهیم عەبدوڕەحمان داود فەرماندەی لیوای کۆشکی کۆماری، موقەدەم روکن عەبدورەزاق نایف یاریدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی، موقەدەم سەعدوون غێدان فەرماندەی کەتیبەی تانکی کۆشکی کۆماری، عەمید سەعید سلیبی فەرماندەی ناوچەی بەغدا، عەمید سەعب حەردان فەرماندەی ئینزیباتی عەسکەری و چەندانی تر)، ئەوانە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر سەرۆک عەبدوڕەحمان عارف داگرت و ئەویش باوەڕی بە بۆچوونەکانیان هێنا یان دەتوانم بڵێم گوێڕایەڵیان بوو بۆیە داوای لە ناجی تالیب کرد دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکێش بکات.

وارێک کەوت من و خوالێخۆشبوو نافیز جەلال بەو ناوەی کە ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بووین ئەو دەمە لە بەغدا بووین تا باس لە هەندێک کاروباری پێوەست بە شۆڕشی کورد لەگەڵ لێپرسراواندا بکەین، لە سەردانێکماندا بۆ لای وەزیری ناوخۆش بێزاریی خۆی بەرامبەر دەست

تێـوەردانی ئەفـسـەران لە کـاروباری حکومـەت و گۆڕینی وەزارەت دەربڕی و ڕاستەو ڕاست وتی (ئەمە حوکمی چەتانە حوکمی دەوڵەت نییە).

ڕەجەب عەبدولمەجید- وەک پێشتر باسم کرد- لە ئەفسەرە ئازادیخواز و بەراییەکان بوو، سەرەڕای شێوازی هەڵسوکەوتەکەی پیاوێکی خاوێن و جدی بوو، بەم دواییانە زانیم کۆچی دوایی کردووە (خوالێی خۆش بێت).

لەو ماوەیەدا، عەمید ڕوکن عەبدولغەنی ڕاوی ڕۆژێکیان من و نافیز جەلالی بۆ نانی نیوەڕۆ لە چێشتخانەی- المطعم-ی شەقامی سەعدوون داوەت کرد، ناوبراو لە ئەفسەرە ئازادیخوازە چالاکەکان بوو، لە کودێتا یەک بەدوای یەکەکانی سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ کرا بە وەزیری کشتوکاڵ، پیاوێکی دیندار و چاک بوو و پاشان بوو بە دۆستی شۆڕشی کورد، لەکاتی نانخواردندا ڕاوی وتی: لەلایەن سەرۆک عارفەوە ڕاسپێردراوە کابینەی وەزارەت پێک بهێنێت و داوای کرد ئێمەش بەشداری بکەین، ئێمە سوپاسمان کرد و وتمان بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ڕەزامەندیی سەرکردایەتیی شۆڕش وەربگرین تا بزانین کێ بە شیاو دەزانن، دوای دوو سێ ڕۆژ زانیمانەوە کە ئەفسەرەکان لەسەر پێکهێنانی وەزارەت لە نێوان خۆیاندا ڕێک نەکەوتوون بۆیە عارف بڕیاری دا خۆی وەزارەت پێک بهێنێت و سەرۆکایەتیشی بکات و جێگرەکانی سەرۆکیش لە پێکهاتەی گەلی عێراق دابمەزرێنێت.

داوایان لە بابەعەلی شێخ مەحموود کرد کە لە حکومەتدا بەناوەی جێگری سەرۆک وەزیران و وەک نوێنەری گەلی کورد بەشداری بکات، بەڵام داوای لێبووردنی کرد، ئێوارەیەکی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٧ لە ماڵی خوالێخۆشبوو محەمەد قاسم داوەت بووین (محەمەد ئوتێلی سەلاحەدینی لە هاوینەهەواری پیرمام بەڕێوە دەبرد کە ئێستا بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتییە)، ئەو داوەتە کە بۆ ڕێزلێنان لە ئێمە سازدرابوو هەریەک لە بابە عەلی شێخ مەحموود، زەید ئەحمەد عوسمان، فوئاد عارف، عەبدولمونعیم مەسرەف، عەمید ڕوکن کەمال مستەفا سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی، عەمید ڕوکن

زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک، شێخ عەلی شەعلان سەرۆکی عەشیرەتی خزاعی لە دیوانییە و هەندێکی تر کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە تێیدا ئامادەبوون، بابەعەلی سەربردەی بانگکردنی لەلایەن سەرۆک کۆمار بۆ بەشداریکردن لە وەزارەت بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە، لەناکاو زەنگی دەرگا لێی داو ئەندازیار ئیحسان شێرزاد هاتە ژوورەوە و وتی لەگەڵ فوئاد عارف بانگهێشتنی کۆشکی کۆماری کراون، دوای سەعاتێک لە دەنگوباسی رادیۆ بیستمان وەزارەت بە سەرۆکایەتیی سەرۆک کۆمار عەبدوڕەحمان عارف پێک هێنراوە و چوار جێگری سەرۆکیشی بەخۆوە گرتووە کە بریتی بوون لە فەریق تاهیر یەحیا، عەمید روکن عەبدولغەنی راوی، ئیسماعیل مستەفا (شیعە بوو)، فوئاد عارف (کورد بوو)، هەر هەموویان عەسکەری بوون، هەروەها ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپا و مەدەنیش بەشدارییان لەو وەزارەتەدا کرد و ئیحسان شێرزاد کرا بە وەزیری شارەوانییەکان.

ئەمە لە نیوەی یەکەمی مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٧دا بوو، پێوەندیی نێوان میسر بە سەرۆکایەتیی جەمال عەبدولناسرو ئیسرائیل رۆژ لەدوای ڕۆژ گرژ دەبوو و لە نیوەی دووەمی مانگی ئایاردا گەیشتە باری لێدانی تەپڵی شەڕ، هەردوو لا هێزەکانیان کۆکردەوە و سوریا و ئوردنیش هێزەکانیان کۆکردەوە، گرژییەکە لەو کاتەدا گەیشتە لووتکە کە جەمال عەبدولناسر دەربەندەکانی تیرانی داخست، هێزەکانی عێراق کەوتنە ئامادەسازی تا ئەگەر شەڕ هەڵگیرسا بەشداریی تێدا بکەن، رێگاو چۆنیەتیی ئامادەسازی هێزە عێراقییەکان زیاتر سەرەتایی و بۆ خۆدەرخستن و راگەیاندن بوو نەک ئامادەسازییەکی سەربازی بە گوێرەی پلان.

لە ناوچەی گەلاڵە بووین، هەواڵمان پێ گەیشت کە رۆژی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ شاندێکی گەورەی سەربازی دێنە لای بارزانی، شاندەکە لەلایەن بارزانی و سەرکردایەتیی حیزب و شۆڕش پێشوازی کران کە بریتی بوون لە: لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرکردەی فیرقەی دوو، لیوا روکن فازڵ عەباس حیلمی، عەمید روکن زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی

یەک، عەمید روکن کەمال مستەفا سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی، عەمید روکن عەبدولمونعیم مەسرەف موتەسەرڕیفی هەولێر، هەندێک ئەفسەری تر، شێخ نازم عاسی سەرۆکی عەشیرەتی عوبێد بەو ناوەی دۆستی بارزانی بوو لەگەڵ شاندەکەدا بوو، شاندەکە باسی بارودۆخی ئەو کاتەو گرژی نێوان میسر و وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەک و ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە کرد و هەروەها وتیان سوپای عێراق بەنیازە لەو شەڕەدا بەشداری بکات کە ئەنجامەکەی دەستەبەر کراوە (بە گوێرەی قسەی ئەوان، ئەفسەرە عێراقییەکان لەو سەردانەدا مەبەستیان ئەوەبوو لایەنی بارزانی و شۆڕشی کورد دابین بکەن تا سوپا بۆ شەڕی چارەنووسساز (بە گوێرەی قسەی ئەوان خۆی تەرخان بکات.)

بارزانی، رۆژێک لەرۆژان نەیدەویست بارودۆخێکی ئەوها بقۆزێتەوە بگرە کەسێکی نیشتیمانپەروەر بوو و بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی بە هەند وەردەگرت و وەک چۆن بەرژەوەندیی گەلی کوردی دەپاراست، لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی واقیعی و دووربین بوو، لە وردکاری ئەو کارانەی دەزانی کە توانای سوپای عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان چەندە و بە سوپای پێشکەوتووی ئیسرائیل لە رووی تەکنۆلۆجییەوە بەراوردی دەکردن، بارزانی هەوڵی دا باوەڕ بە ئەفسەرەکان بێنێت کە بارودۆخەکە بۆ شەڕ گونجاو نییە بگرە بچنە لای سەرۆک کۆمار تا لەگەڵ سەرۆک عەبدولناسر قسە بکات و لێ نەگەڕێت بچێتە مەیدانی شەڕێکەوە کە وڵاتە عەرەبییەکان تووشی کارەساتێکی راستەقینە دەکات، ئەفسەرەکان، بەشێوازە سەربازییە لەخۆباییەکەیان وەرامیان دایەوە کە سوپای وڵاتە عەرەبییەکان توانایەکی گەورەیان هەیە و میسریش خاوەنی چەکی تازە و پێشکەوتووە و هەروەها مووشەکی دوورهاوێژی (ظافر) و (قاهر)ی هەیە، بارزانی کە دەمانچەیەکی بە قەدیەوە بەستابوو وتی: ئەو دەمانچەیە ئەگەر کەسێک بەکاری بێنێت بۆ ئەوەیە کە بەرگری لەخۆی بکات و ئەگەر لەکاتی پێویستیشدا بەکاری نەهێنێت بریتییە لە پارچە ئاسنێک، هەروەها وتی: چەکی تازە و پێشکەوتوو پێویستی بەوانەیە کە بەکاری دەهێنن، بۆیە تکا دەکەم ئەو سوپایە نەگلێتە ناو شەڕێکەوە کە کارەساتی بەدواوەیە.

لە کاتێکدا هەموو خەریکی قسە و وتووێژبوون، ئەفسەرەکان برووسکەیەکیان لە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای عێراقەوە بەدەست گەیشت و تیایدا ئاگاداری کردنەوە کە شەڕ هەڵگیرسا و پێویستە یەکسەر بگەڕێنەوە، بارزانی وتی: بەداخەوە درەنگ هاتن، ئەو کارەساتەی کە ئێوەم لێ ئاگادار کردەوە دەقەومێت، لەگەڵ هەندێش برووسکە بۆ هەموو هێزەکانی پێشمەرگە دەکەم کە هەموو چالاکییەکانیان دژ بە سوپای عێراق رابگرن تا سوپا بواری ئەوەی هەبێت لە شەڕێکدا بەشداری بکات کە بەداخەوە دۆڕانی بەدواوەیە.

دوای چەند سات‌ێک بینیمان کە چۆن هێزە ئاسمانییەکانی ئەو وڵاتە عەرەبییانەی کە دەورەی ئیسرائیلیان دابوو خاپوور بوون و سوپاکەیان تێک شکاو نیمچە دوورگەی سینا و بەری رۆژئاوا و بانی جۆلان داگیرکران، سی ساڵ زیاترە عەرەب داوای کشانەوەی ئیسرائیل لەو شوێنانە و شوێنە پیرۆزەکانی موسوڵمانان دەکەن و بەبێ هوودەیی داوای وتووێژ و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکەن.

بەو بۆنەیەوە سەردانەکەی سەرۆکی کۆچکردووی تونس (حەبیب بورقێبە)م بۆ ئوردن وەبیرهاتەوە، ساڵی ١٩٦٥ واتە پێش نسکۆی حوزەیران بە دوو ساڵ، بورقێبە سەردانی بەری رۆژئاوای کرد کە ئەو کاتە بەری رۆژئاوا سەر بە ئوردن بوو، لە شاری ئەریحا وتارێکی خوێندەوە و تیایدا داوای کرد بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە فەلەستین قبووڵ بکەن و بە بڕیاری دابەشکردن رازی بن، عەرەب قیامەتیان لێ هەستا و بەتایبەتی توندەڕەوەکان بورقێبەیان بە بەکرێگیراو و سیخوڕ لە قەڵەم دا و داوای رزگارکردنی فەلەستین و خاپوورکردنی ئیسرائیلیان کرد.

دوای دوو ساڵ بینیمان فەلەستین و سوپای عەرەب چییان بەسەرهات، ئێستاش دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ بەسەر قسەکانی بورقێبە فەلەستینییەکان هەمان قسەی ئەو دەکەن و لەو پێناوەدا رۆژانە دەیان شەهید و قوربانی دەدەن، دوای نسکۆی حوزەیران لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساریم بینی ئەمیش گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پێشبینییەکانی بارزانی

راست دەرچوون و دەیزانی کە سوپای وڵاتە عەرەبییەکان لەو کاتەدا توانای ئەو شەڕەیان نییە.

دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە مانگێک بەسەر نسکۆی حوزەیران، وەزارەتەکەی عەبدوڕەحمان عارفی سەرۆک کۆمار دەستی لەکارکێشایەوە کە تەنیا دوو مانگ حوکمی کرد، داوا لە فەریق تاهیر یەحیای جێگری سەرۆک وەزیران کرا وەزارەتێکی تازە پێک بهێنێت، لەو کابینەدا وەزارەتی کاروباری باکوور دامەزرا و عەبدولفەتاح سەعید شاڵی کە کوردی سلێمانی بوو کرا بە وەزیر.

فەریق تاهیر یەحیا کە جێگری سەرۆک وەزیران بوو لە کابینەکەی عەبدوڕەحمان عارفدا رۆژی ٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ بە سەردانێکی کتوپڕ گەیشتە قاهیرە، سبەینەی ٥ی حوزەیران لە باڵەفڕگەی قاهیرە لەکاتی دەست پێکردنی هێرشەکەی ئیسرائیل بەڕێ کرا و بەڕێکەوت لە مردن رزگاربوو.

***

## کۆبوونەوەی کۆشکی کۆماری

دوای نسکۆی حوزەیران، هاووڵاتیانی عەرەب لە فەرمانڕەواکانیان بێزار بوون و زۆر لە رێژیمەکان کەوتنە بەر هەڕەشە و گۆڕان، ئاسەواری نسکۆ بەڕووی هەمــووانەوە دیار بوو، هەندێک لە رێژیمە عــەرەبیــیــەکــان هەوڵیــان دەدا ئاسەواری ئەو نسکۆیە لاببەن و زۆر جاران هەنگاوی بێ لێتۆژینەوەیان دەنا، عێراق یەکێک بوو لەو رێژیمانە، مانگێک دوای نسکۆ، رۆژ و مێژووەکەم لە یاد نییە، بەڵام لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٧دا بوو من و نافیز جەلال لە ئوتێلێکی شەقامی ئەبونەواس دابەزیبووین، زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەمان لێی دا، خوالێخۆشبوو د. سالم حەیدەری لەسەر خەت بوو (ئەو دکتۆر سالمە نییە کە لەنەخــۆشی ژناندا پســپــۆر بوو بەڵام هەمــان ناوی هەیە و ســەر بەیەک بنەماڵەن)، ســالم لە برادەرە کۆنەکانم بوو، خەڵکی هەولێــر و لە بنەمــاڵەی ناوداری حەیدەری بوو، لە وەزارەتی کشتوکاڵ فەرمانبەر بوو، سالم وتی لە کۆشکی کۆمارییەوە قسە دەکەم و سەرۆک بۆ کارێکی تایبەت داوات دەکات، وەرامم دایەوە دەبوایە فەرمانبەرێکی فەرمی کۆشکی کۆماری تەلەفۆنی بۆ بکردبام، تەلەفۆنەکەم داخست و قسەکانم بۆ نافیز گێڕایەوە.

دوو رۆژ پێــشــتــر من و نافـیـز لە کـۆشکی کـۆمــاری بووین و چاومــان بە عــەبدوڕەحــمــان عــارف کەوت و پێی وتین نامــەیەکی دەســخــەتم بۆ بارزانی نووسیوە و دەمەوێت بیگەیەنن، من و نافیز لەو باوەڕەدا بووین ئەو بانگردنە بۆ نامــەکەیە، دووبارە زەنگی تەلەفۆن لێی داوە، موقەدەم روکن عــەبدوڕەزاق عوبێدی کە شوفێری سەرۆک بوو لەسەرخەت بوو، داوای کرد ئێوارەی ئەو رۆژە (ســەعــاتەکــەم لەبیــرنەمــاوە) لە کــۆشکی کــۆمــاری ئامــادەبم، لەکــاتی دیاریکراودا چوومە کۆشکی کۆماری و یەکێک لە فەرمانبەرانی تەشریفات

بردمـیـه هۆڵی تایبـەت بـه پێشـوازی، کـه چوومــه ژوورەوە سـەرم سـوڕمـا، ژمارەیەکی زۆر خەڵک هـاتبوون، له نێوانیاندا هەندێک سـەرۆک جاشی کورد و هەندێک لـه جـوداخـوازەکانم بینی جگه له هەندێک کـەسانی سەر بـه بیرڕوای جیاواز.

سـالم حـەیدەری بـه پەلە بەرەو لام هـات، کـه بینی زۆر پـەستم وتی: سـەرۆک عارف ئـەو خەڵکه زۆرەی کۆکردووەتەوە کـه راوێژیان لەگەڵدا بکات و سـوود له بیـروڕایان وەربگیـرێت بۆ ئـەو هەنگاوانەی کـه دوای نسکۆ دەنرێن، بە سـالم وت لەو کـۆبوونەوانه بـەشـداری ناکـەم و رووم له دەرەوە کـرد، بەدوامـدا هـات، لەبەر دەرگـا تووشـی سـەرۆک کـۆمـار هـاتم کـه هەندێک هاوەڵی لەگـەڵدا بوو، سـلاوی لێ کـردم و رۆیشت، مـوقـەدەم روکن عـەبدوڕەزاق عـوبێـدی کـه زانی دەڕۆم ویستی هۆکـارەکەی بزانێت، وەرامم دایەوە من سەر بە شـۆڕشی کوردم ئەگــەر مــەبەست له ئامــادەبوونم بەشــداریکردنی شــۆڕشی کــوردە لەو کۆبوونەوەیەدا پێویسـتـه پێوەندی بـه سـەرکـردایەتیی شـۆڕشـەوە بکەن ئاخـۆ بەمـه رازیـن یان نا؟ ئەگەریش وەک خـۆم حیـسـابم بۆ بکەن ئەوا ئـامـادە نابم، داوام له عوبێدی کرد ئەو قسانەم بگەیەنێته سەرۆک کۆمار و بەپەلە رۆیشتم.

یەکسـەر گەڕامەوە ئوتێل و پرسەکەم بۆ نافیز گێڕایەوە پێ کەنی و بەیەکەوە چووینـه بارەگـای رۆژنامــەی "التــآخي"، بەرێزان حــەبیب مــحــەمــەد کــەریم سکرتێری حیـزب و سـاڵح یوسـفی ئەندامی مـەکتەبی سیـاسـی و لێپرسـراوی لقی بـەغدا لـەوێ بوون، قـسـەکـانم بۆ گـێـڕانەوە، زۆریان پـێ باش بوو کـه لەو کۆبوونەوەیەدا بەشـداریم نەکرد، رۆژی دوایی حـەبیب گـەڕایەوە کوردسـتـان و ناوچەی سـەرکـردایەتیی شـۆڕش و پرسـەکـەی بۆ بارزانی گـێـڕایەوە، بارزانی بەم هـەڵوێستـەم خۆشحـاڵ بوو، کاتێک خـۆیشم گەڕامەوە ناوچەکە چوومە لای سەرۆک بارزانی پێی وتم: بەو هەڵوێستەت زۆر خۆشحـاڵ بووم.

پاشان زانیمەوە کۆبوونەوەکەی کۆشکی کۆماری وەک زۆربەی هەنگاوەکانی تریان فـەشـەلی هێناوە، پێش ئەوەی بچـمه سـەر باسی رووداوەکانی تر لەمـانه کـودێتـای ١٧ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٦٨ دەبێت ئامـاژە بە هەنـدێک رووداوی

خـۆجـێـیی بکەم کـە لە ئەنجـامی چالاکی هەندێک لە بەکـرێگیــراوان یان هەڵسـوکـەوتی هـەندێک لە عــەسکەرییــەکــان دەقـەومــان، هەنـدێک جـاریش پێکدادان رووی دەدا، بەڵام بە هەوڵی لیژنەی ئاشتی چارەسەر دەکرا، بارزانی زۆر لەگەڵ ئەو لیژنەیە هاوکار بوو، چونکە زۆر لەسەر ئاشتی مکوڕ بوو.

لە ئەنجامی پێکدادانەکاندا، هەندێک جار پێشمـەرگە برینـدار یان شەهید دەبوون، لێرەدا پێویستـە ئاماژە بە رۆڵی هەندێک لە برادەرە پزیشکەکانم لە ناوچەی هەولێر بدەم کە زۆر جار ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە و بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکانمان قوربانییان بە ژیانیان دەدا و ئامادەبوون بۆ هەر شـوێنێک بچن کـە ئێمــە داوامـان بکردایە، لەم بەڕێزانە: عــەبدوڕەزاق دەباغ، ئاگوب نیشان، خالید ئیسماعیل دزەیی، محەمەد شێخۆ، محەمەد دزەیی (سـەرسوور)، خـورشـید ئیبـراهیم دزەیی، بـە سوپاسـەوە ئەو ئەرکـە نەتەوەییـیـەیان بەجێ گـەیاند، هەندێکیان چوونەتە ڕێگەی هەق و خـوالێیـان خۆش بێت، هەندێکشیان لە ژیاندان و تەمەنیان درێژبێت.

***

# کۆدێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ و
# سەربردەی بە وەزیربوونم

وەک وتم فەریق تاهیر یەحیا دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر نسکۆی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت و پێش ئەوەش لە وەزارەتەکەی سەرۆک عەبدورەحمان عارفدا جێگری سەرۆک وەزیران بوو، پیاو بۆ خوا بڵێت تاهیر یەحیا کەسێکی سادە و حەزی لە ئاشتی و هێمنی بوو لە عێراقدا و بەتایبەتی لە دوارۆژانی وەزارەتەکەیدا، حەزی لە توندوتیژی نەبوو و دەیویست کێشەی کورد بە رێگایەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت هەرچەندە لەم ڕووەوە هەنگاوی ئیجابی نەناو لەلایەن سەرانی سوپاوە هەردوو دەستی کراوە نەبوو.

لە دوا پۆستی سەرۆک وەزیراندا کە ساڵێکی خایاند تاهیر یەحیا دوو جار سەردانی بارزانی کرد و هەر جارێک شێلگیرانە جەختی لەسەر ئاشتی دەکردەوە، لەدوا سەرداندا کە منیش تیایدا ئامادەبووم و پێشتریش هەر ئامادەبووم دوای وتووێژ سەبارەت بە بەیاننامەی بەزاز لە ١٩٦٦/٦/٢٩ داوای هەندێک کاتی لە بارزانی کرد و گەڕایەوە بەغدا، دوای رۆژێکیش من و نافیز جەلال گەڕاینەوە هەولێر پاش ئەوەی بە ئامادەبوونی بارزانی لە هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی وتوێژمان لەبارەی سەردانەکەی تاهیر یەحیا کرد کە دوا سەردانی بوو و لام وایە لە کۆتایی نیسان یان سەرەتای ئایاردا بوو.

دوای چەند رۆژێک، ساڵح یوسفی لە ناوچەی سەرکردایەتییەوە هاتە هەولێر و نانی نیوەڕۆی لە ماڵی ئێمە خوارد و پاشان بەرەو بەغدا چوو،

یوسفی نامەیەکی بارزانی بۆ تاهیر یەحیا دەبرد، لەو نامەیەدا من وەک وەزیر هەڵبــژێردرابووم دوای دەسکاریکردنی وەزارەتەکــە، ســاڵح یوســفی ئەو زانیارییەی دامێ، تاهیر یەحیا بە بارزانیی وتبوو کە دەسکاری وەزارەتەکەی دەکات و داوای لێ کردبوو کە یەکێک بۆ پۆستی وەزارەتی کاروباری باکور هەڵبژێرێت، پێشتر ئەو پۆستە فەتاح شاڵی بەڕێوەی دەبرد بەڵام دەستی لە کار کێشابووەوە.

دوو رۆژ دوای سەردانەکەی ساڵح یوسفی نامەیەکم بۆ بارزانی نووسی و تیایدا سەبارەت بە هەڵبژاردنم بۆ پۆستی وەزیری سوپاسم کرد کە جێگەی متمانەی ئەوم، بەڵام بۆ ئەو پایەیە داوای لێبووردنم کرد لە ترسی ئەوەی نەبادا حکومەت لە بەڵێنەکانی پەشیمان ببێتەوە بە تایبەتی ئەوەی کە پێوەندیی بەکێشەی کوردەوە هەیە، چەند هەفتەیەک تێ پەڕی و هیچ وەرامێکم لە بارزانییەوە پێ نەگەیشت، نامەیەکی ترم بۆ برایان ئیدریس و مەسعود نووسی و داوام لێ کردن پرسەکە بخەنە بەردەم بارزانی، هەردوو نامەکەم بەدەستی عومەر قادری هاوەڵم نارد، دوای چەند رۆژێک چوومە بارەگای بارزانی و باسی پرسەکەمان کرد، بارزانی لەسەر هەڵبژاردنەکەم مکوڕ بوو و وتی وەزارەت بەنیاز نییە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام نامانەوێت بەیەکجار دابڕان دروست ببێت و هەر کاتێکیش زانیمان بەرژەوەندی وا دەخوازێت کە بکشێینەوە ئەوا پێت دەڵێین، بڕوام بە قسەکەی بارزانی هات.

دوای ئەوەی سەردانی مەکتەبی سیاسیم کرد و لەگەڵ هەڤاڵان باسی هەندێک کاروبارمان کرد گەڕامەوە هەولێر بێ ئەوەی باسی هەڵبژاردنم یان ناردنی دوو نامەکە بکەم، لەوێ بە هەڤاڵانم وت چەند رۆژێک لە هەولێر دوور دەکەومەوە تا سەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵمان بکەم، ئەوکاتە مانگی حوزەیران بوو و وەرزی دروێنە بوو، بەبرایان ئیدریس و مەسعوودیشم وت کە دەچمە سەردانی گوندەکانی خۆمان و هەر کاتێک شتێک هاتە پێش ئامادە دەبم.

چوومە گوندی (جانە)، لە کەندێناوە دوای ئەوەی لەسەر داوای بارزانی لە

حکوومـەت عـەرەبەکـان چۆلیـان کـردبوو، عـەشـیـرەتە عـەرەبـەکـان لەگـەڵ دەسـتـپـێکردنەوەی شـەڕ لە حـوزەیرانی سـاڵی (١٩٦٣) نزیکەی (٣٠) گوندیان لە کەندێناوە داگیر کردبوو کە (جانە)ش یەکێک بوو لەو گوندانە، خـاکی ئەو گوندانە زۆر بە پیتن و بنەوەیان هەموو نەوتەو بیری حازرشیان تێدایە، گوندی دەربەند سـارەلوو کە نزیکی لێواری رۆژئـاوای زێی گچکەیە گەورەترین بیری نەوتی لە جیـهاندا تێدایە بەرهـەمی رۆژانەی دەگاتە سـەد هەزار بەرمیل[١٠]، دوای هەفتـەیەک دروێنە تەواو بـوو و بەروبوومـەکـەمـان فرۆشت و گـەڕاینەوە، جووتیـارانی ئەو گوندە دوای (٥) سـاڵ دابڕان گەڕانەوە زێدی خـۆیان و سـەر لەنوێ خانوویان دروست کردەوە و دەستیان بە کردوکێڵ کرد.

ئەوەی کـەوا جـێگەی داخـە پرسی تـەعـریب هـەر لە کـۆنەوە لە مـێـشـکی رەگەزپەرسـتـاندا بووە و هەر کـاتێک بواریـان بۆ رەخـسـابێت ویسـتـوویانە ئەو سـیـاسـەتە جـێـبـەجێ بکەن، دوای کـودێتـای ٨ی شـوبـاتی سـاڵی ١٩٦٣ دەسەڵاتداران دەسـتیان بـە تەعریبکردنی گوندەکانی ڕۆژئاوای کەرکووک کرد و دانیـشـتـوانە کوردەکـەیان دەرکرد، دوای دەست پێکردنەوەی شـەڕ لەلایەن دەسـەڵاتداراتی کـودێتـاوە لە ١٠ی حـوزەیرانی هـەمـان سـاڵدا هـەمـان ئەو دەسەڵاتدارانە بەشی هەرە زۆر و گرینگی ناوچەی کەندێناوەی سـەر بە قەزای مـەخمووری پارێزگای هەولێریان تەعریب کرد و دانیـشـتووەکانیـان دەربەدەر کـرد، تا سـاڵی ١٩٦٧ عـەرەبەکـان لەو گوندانەدا مـانەوە و پاشـان سـەرکردەی نەمر بارزانـی هـەڕەشـەی لە دەسەڵاتداران کرد ئەگەر ئەو عـەشیرەتـە عەرەبانە لەو گوندانەدا نەڕۆن ئەوا بەزەبری هێز دەردەکرێن.

ئەو سـیـاسـەتە هـەر بـەردەوام بوو و دوای نسکۆی شـۆڕش لەسـاڵی ١٩٧٥، زیاتـر پەرەی سـەند، واتە پاش رێککەوتننامـەی جـەزائیـر و تەنانەت نـاوچە شـاخـاوییـەکـانیـشـی گرتەوە، هەندێک لەو ناوچانە دوای راپـەڕینە پیرۆزەکەی ئاداری سـاڵی ١٩٩١ لە تـەعـریب پاک کـرانەوە، بەڵام ئەو سـیـاسـەتە هـەر بەردەوامـە و رۆژانە دەیان خـێـزانی کـورد بـە زۆرەملێ لـە شـوێنی خـۆیان دەردەکرێن، گومانی تێدا نییە رۆژێک لە رۆژان ئەو خێزانانە بۆ شوێنی خۆیان

دەگەڕێنەوە و ئەو سیاسەتە پووچ دەبێتەوە، نازانم ئەو دەسەڵاتدارانە بۆ گەلەیی ئیسرائیل دەکەن کە خاکی عەرەبانی داگیر کردووە و خەڵکەکەی کۆچ پێ کردووە و کەچی خۆیان زۆر لەمە خراپتر دەکەن.

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی خۆمان، دوای تەواوبوونی دروێنە لە گوندی جانە و پاش چەند رۆژێک حەسانەوە چووینە گوندی هێلەوەی سەر ناحیەی قوشتەپە کە ٣٠کم لە باشووری رۆژئاوای هەولێرەوە دوورە، هەفتەیەک لە ماڵی حاجی محەمەد مەولود کە کەسی نزیک و باوەڕ پێکراوی خۆمان بوو ماینەوە، پیاوێکی قسە خۆش و نوکتەچی بوو و لەلای خەڵکی ناوچەکەدا ناسراو بوو (خوالێی خۆش بێت)، لەوێش دروێنە تەواوبوو و گەڕاینەوە دووگردکانی زێدی خۆمان، شوێنی منداڵی و لاویمان، خانوو و دیوەخانمان ساڵی ١٩٦٣ رووخێندرابوو و ئاگری تێ بەردرابوو و ئاسەوارەکەی لەبەر چاوان بوو، بۆیە لە ماڵی برادەری بەوەفامان کوێخا سمایلی کوێخا ئەحمەد میوان بووین کە لەبەر خۆشەویستی بە (کاکە سمە) بانگیان دەکرد و تا ئێستاش لایەنگری پارتییە، ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٤ پێشمەرگە بوو.

ئەوکاتە دوازدە پێشمەرگە و چەند شوفێرێکی دەڕاسەو رەنجبەرێک یاوەرم بوون کە ژمارەمان دەگەیشتە بیست کەس، رێکەوتەکە ١٠-١١ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بوو، لە رۆژی ١٧ی تەمووز لە دروێنە و داکردن و ئیش و کار بووینەوە، سپێدەی ئەو رۆژە کابرایەکی خوێفرۆش ئوتۆمۆبیلەکەی لە بەردەمی ماڵێکدا راگرتبوو، بەهەمو دەنگیەوە هاواری دەکرد کە کودێتا قەوماوە و گوێ لە رادیۆی بەغدا بگرن، رادیۆمان کردەوە و بەیاننامە دوای بەیاننامەی کودێتای دەخوێندەوە، رۆژی پێش کودێتاکە خوالێخۆشبوو (حوسێن عەلی خورشید دزەیی) ئامۆزام هاتە لامان و چەند رۆژێکی خۆشمان بەسەربرد و دەنگوباسی بارودۆخی هەولێری بۆ گێڕاینەوە.

فەریق تاهیر یەحیا بەنیاز بوو دوای ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دەسکاری وەزارەتەکەی بکات و وا بڕیار بوو ئێوارەی رۆژی ١٧ یان ١٨ی تەمووز ئەمە رابگەیەنێت،

بەڵام کودێتاکە بواری نەدا، سەرەتا بەیاننامەکان جۆرە نەرمییەکیان پێوە دیار بوون و هەمان قسەمان جارجار لە ئەفسەرە نزیکەکانی سەرۆک کۆمار وەک عەبدورەزاق نایف و ئیبراهیم داودو سەعدوون غێدان دەبیست، ئەوانە لەو کەسانە بوون کە جێی متمانەی بوون، لەکاتی دیدار و سەردانەکانمان و یان ئامادەبوون لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا و یاخۆ ئەو داوەتانەی کە بۆ برایان ئیدریس و مەسعوود لە کاتی سەردانەکانیان بۆ بەغدا لە ساڵی ١٩٦٧ گوێمان لەو قسانە دەبوو، بەڵام ئەمەمان بەدوور دەزانی کە کودێتا و خیانەت لە سەرۆک کۆمار بکەن.

ئەو رۆژە لە داکردنی دانەوێڵە و دابەشکردنی زەکات پەلەمان کرد و بەردەوام رادیۆمان بە بناگوێوە بوو، رۆژێک یان دوو رۆژ دوای ئەوە بۆمان بەدیارکەوت کە ئەوانە دەستیان هەبووە و کودێتاچی رەسەن هەر خۆیانن، کاتێکیش ناوی ئەحمەد حەسەن بەکر وەک سەرۆک کۆمار بڵاو کرایەوە تەواو بڕوامان هێنا کە حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لەو کودێتایەدا بەشدارە.

درەنگە ئێوارەی رۆژی ١٨ی تەوموزی ساڵی ١٩٦٨ رادیۆی بەغدا پێکهاتەی وەزارەتی بە سەرۆکایەتیی موقەدەم روکن عەبدورەزاق نایف راگەیاند و چەند کەسانێکی خاوەن تواناش تیایدا بەشداربوون و چەند بەعسیەکیشی بەخۆوە گرتبوو لەمانە ساڵح مەهدی عەماش، ئەنوەر حەدیسی، زیاب عەلگاوی هەندێکی تر، هەروەها دوکتۆر ناسر حانی، موحسین قەزوینی و چەندانی تر کە هەڵگری بیروڕای لیبرالی بوون، هەروەها چوار وەزیری کوردیشی تێدابوو، موحسین دزەیی، نوێنەری شۆڕشی کورد و یەکێک لە ئەندامەکانی کە پۆستی وەزارەتی کاروباری باکورم پێ درابوو، ئەندازیار ئیحسان شێرزاد کە لایەنگری شۆڕشی کورد بوو بۆ پۆستی وەزارەتی شارەوانییەکان یان ئیشغال، دوکتۆر عەبدوڵا نەقشبەندی کە کەسێکی بێلایەن و لە کاروباری ئابووریدا شارەزا بوو بۆ پۆستی وەزارەتی ئابووری، پارێزەر موسلیح نەقشبەندی کە لایەنگری حکومەتەکانی پێشوو بوو و بەڵام پیاوێکی باش و پێشتریش برادەرم بوو و ئامۆزای خوالێخۆشبوو خالید نەقشبەندی ئەندامی

ئەنجوومەنی سیادەتی سەردەمی قاسم بوو، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەکە باش بوو و ژمارەیەکی کەمی بەعسی تێدابوو و زیاتریان خەڵکانی شارەزا و لێهاتوو بوون، برووسکەیەکم بۆ بارزانی کرد و تێیدا رام گەیاند کە دێمە سەرکردایەتی و دەچمە خزمەتی.

بۆ رۆژی دوایی، واتە لە ١٩ی مانگی تەمووز چوومە هەولێر و سەردانی دیوانی موتەسەریفیەتم کرد و چاوم بە عەمید روکن عەبدولمونعیم مەسرەفی برادەرم کەوت و دەربارەی گۆڕانکارییە تازەکان هەندێک قسەمان کرد، پاشان (جلوبەرگی کوردیم پۆشیبوو) چوومە بارەگای لیوای سێ و چاوم بە فەرماندەی لیواکە عەقید روکن جەلال سالّحی کەوت و هەر لەوێ تەلەفۆنم بۆ عەبدوڕەزاق نایفی سەرۆک وەزیران کرد و بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستە تازەکەیەوە پیرۆزباییم لێ کرد و بۆ بەشداریکردنیشم لە وەزارەت سوپاسم کرد، بەڵام پێم وت پێش ئەوەی بە کردەوە بەشداربم پێویستە رەزامەندی بارزانی وەربگیرێت، داوام لێ کرد بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ بەرپرسی لقی ٥ لە بەغدا سەیدا سالّح یوسفیدا بکات.

چوومە ناوچەی سەرکردایەتیی شۆڕش و چاوم بە بارزانیی نەمر کەوت، بارزانی رازی بوو بە بەشداربوونم، بەڵام باوەری بە بەعس نەبوو، رۆژی دوایی سالّح یوسفیش لە بەغداوە گەیشت واتە لە٢٠ی تەمووز و کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی لە ناوپردان سازدرا و بارزانی و برایان ئیدریس و مەسعوودیش تێیدا بەشداربوون، سالّح یوسفی باسی بارودۆخە تازەکەی کرد وتی ئاساییە و هێمنیشە، هەروەها باسی دیدارەکانی لەگەڵ لێپرسراوە تازەکان کرد و بەڵێنیان دابوو کە کێشەی کورد بەرێگای ئاشتییانە چارەسەر بکەن.

بارزانی، باسی چۆنیەتیی هەڵبژاردنمی بۆ پۆستی وەزارەت هەر لە سەردەمی فەریق تاهیر یەحیا وە کرد کە چۆن داوای لێبووردنم کردووە بۆ ئامادەبووان کرد، ئینجا منیش باسی ئەوەم کرد کە حەزم لەو پۆستە نەبووە و نامەم بۆ بارزانی و برایان ئیدریس و مەسعوود نووسیوە و ئێستاش ئەگەر

یەکێک حەزی لەو پۆستەیە یان گلەییەکی لە بەشداربوونم هەیە ئامادەم وازی لێ بینم، بەڵام دوای ئەوە هیچ گلەیی و رەخنەیەک قبوول ناکەم، هەموو بێدەنگ بوون نە بە بەڵێ نە بە نەء وەرامیان نەدایەوە، بارزانی دووپاتی کردەوە کە ئەمە لەسەر داوای منە، نافیز جەلالیش وتی ئەو هەڵبژاردنە لە شوێنی خۆیەتی و من رازیم، هی تریش رەزامەندییان پیشان دا، بەڵام هەندێکیان نیشانەی نارازیبوون و ڕاڕایی بەدەموچاویانەوە دیاربوو.

ڕۆژی ٢١ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ لەگەڵ ساڵح یوسفی لە ناوپردانەوە هاتینە هەولێر و بارزانی نامەیەکی بۆ عەبدورەزاق نایف دامێ، لە ماڵی ئێمە نانمان خوارد و باڵەفڕەیەکی هێلی کۆپتەر بردنی بۆ کەرکووک و لەوێوەش بە باڵەفڕەیەکی تایبەت چووینە بەغدا، ئێوارە چوومە ئەو ئوتێلەی کە پێشتر تیایدا دادەبەزیم، لەوێ تەلەفۆنم بۆ وەزارەتی کاروباری باکور کرد و بەوە باش بوو بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی وەزیر لەوێ بوو کە بەڕێز تەیموور هەورامی بوو و پێشتر دەمناسی و برای تەحسین هەورامی بوو کە لە بەشی یەکەمی ئەو کتێبەدا باسی کراوە، تەیموور ئوتۆمۆبیلی وەزیری کاروباری باکوری نارد بە دوامداو چوومە باڵەخانەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کە نووسینگەی سەرۆک وەزیران لەوێ بوو.

بەبێ هیچ ژوانێک چوومە لای عەبدورەزاق نایف، دوای چاک و چۆنی نامەکەی بارزانیم تەسلیم کرد، ناوەڕۆکی نامەکە بریتی بوو لە پیرۆزباییکردن و ئاماژەدان بەو هەنگاوانەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە بنرێن، هەروەها ئاماژەش بە دەسەڵاتی من وەک ئەندام لە وەزارەت و نوێنەری شۆڕشی کورد درابوو.

دوای بیرورا گۆڕینەوە، نایف ئامادەیی وەزارەتەکەی بۆ هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنی بەیاننامەی بەزاز لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ دەربڕی، نایف پێوەندیی بە سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکرەوە کرد کەوا من هاتووم، بەکر داوای کرد بچمە لای، لەگەڵ نایف چووین بۆ کۆشکی کۆماری و لەوێ چاوم بە بەکر کەوت و وەک وەزیری کاروباری باکور سوێندی یاساییم

خوارد، له رادیۆی بەغدا هەواڵێک بڵاو کرابووەوە لەبەرئەوەی موحسین دزەیی لە دەرەوەی عێراقە وەزیرێکی دەوڵەت کاروباری وەزارەتی کاروباری باکور بەڕێوە دەبات کەچی من لە عێراق بووم و سەفەرم نەکردبوو.

بەم جۆرە دوای کودێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بووم بەوەزیر لە یەکەم کابینەی وەزارەتدا، ئەو کودێتایەی کە ئەفسەرانی هەواڵگری سەربازی و سەرکردەی یەکەکانی پاسەوانی کۆماری کە نزیکترین ئەفسەر بوون لە سەرۆک عەبدوڕەحمان عارف و پشتی پێ دەبەستان بەرپایان کرد، ئەو کودێتایە لەسەر سینییەکی زێڕ حوکمی تەسلیم بەعسییەکان کرد وەک خەڵاتێک و دوای دوو هەفتەش جێبەجێکارانی کودێتاکە لابران و دوورخرانەوە.

بەم جۆرە لەو وەزارەتەدا بەشداریم کرد، ئەو کاتە لاوێک بووم تەمەنم ٣٦ ساڵ بوو و بە تەمەن لە هەموو وەزیرەکان بچووکتر بووم، لە وەزارەتی کاروباری باکور دەوامم کرد و شارەزاییم لە پێکهاتەکانی پەیدا کرد، دوای یەک دوو ڕۆژ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە دیوانی سەرۆکایەتی لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی سازدرا، ئەمە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بوو و سەرۆک بەکریش ئامادەبوو، هەندێک لە وەزیرەکانم پێشتر دەناسی و ناسیاویم لەگەڵ ئەوانی تریش پەیدا کرد، بەکر سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی کرد و نایف بەخێرهاتنی کرد و داوای لێ کرد کە (وتەیەکی ئامۆژگاری) پێشکەش بکات، دوای چەند قسەیەکی ئاسایی بەکر وتی (ئێوە خۆتان ئامۆژگاری خەڵک بکەن و پێویستیتان بە ئامۆژگاری نییە)، ئینجا بە کورتی باسی بەجێهێنانی ئەرکەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کرد و بەراوردی لە نێوان ئەو وەزارەتە و هی پێشتر کرد و لە کۆتاییشدا سوپاسی سەرۆک وەزیرانی کرد و ڕۆیشت، بەم جۆرە یەکەم کۆبوونەوە کۆتایی هات.

ئەمە بۆ کل کردنە چاوان بوو، بەعس بەنهێنی کاری دەکرد و بەشێوازێکی ڕێکخراو و خێرا دەیویست نایف و داروودەستەکەی لەناو ببات و تاکڕەوانە حوکم بکات، نایف و داروودەستەکەی بۆ بەعسییەکان نێچیرێکی ئاسان بوون

و بیریان لەو چارەنووسە ڕەشە نەدەکردەوە کە خۆیان و عێراقی تێ کەوت.

رۆژی ٢٦ی مانگی تەمووز ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی تری ساز دا، رۆژێک پێشتر قسەم لەگەڵ سکرتێری حزب حەبیب محەمەد کەریم کرد کە ئەو کاتە لە بەغدا بوو تابێتە دیوانی وەزارەت، ئێوارە هات و باسی کێشەی کورد و شێوازی چارەسەریەکەمان کرد، هەردووکمان لەسەر ئەوە کۆک بووین کە بەندەکانی بەیاننامەی بەزاز دووپات بکەینەوە و بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، بیرخەرەوەیەکم ئامادە کرد و خستمە چوارچێوەی خشتەی کارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران داوای پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە و ژیاندنەوەی لیژنەی باڵای ئاشتیم کرد.

رۆژی کۆبوونەوەکە چوومە دیوانی سەرۆکایەتیی وەزیران، خشتەی کارەکان گفتوگۆی لەسەر کراو بیرخەرەوەکەم بەسەر ئامادەبووان دابەش کرد، دوای خوێندنەوەی، خوالێخۆشبوو ناسر ئەلحانی وەزیری دەرەوە کە ئەندامێکی چالاکی وەزارەتەکە و مەیلی بەلای دیموکراسیەت و لیبرالیەت بوو وتی (ئەگەر کێشەکە ئەوها ئاسان بێت ئەوا دەمێک بوو عەرەب و ئیسرائیل کێشەی نێوانیان چارەسەر کردبوو)، منیش وەرامم دایەوە و وتم بەداخەوە بابەتەکە بە کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەشوبهێنن و ئەگەر بیرکردنەوەکە بەم جۆرە بێت ئەوا ئەو کێشەیە قەت چارەسەر نابێت، حانی داوای لێبووردنی کردو وتی مەبەستم ئەوە نەبوو.

حانی پیاوێکی زیرەک بوو و جێی باوەڕی نایف و بەعس بوو، پێشتر باڵوێزی عێراق بوو لە بەیرووت و هەڵقەی پێوەست و نزیکبوونەوەی بەکر و دارودەستەکەی لەلایەک و نایف و دارودەستەکەی لەلایەکی دیکەوە بوو، شارەزای پێوەندی و جووڵانەوەکانی بەعس بوو و زۆر نهێنی شاردبووەوە بۆیە دوای سێ مانگ بەسەر هاتنە سەر حوکمیان بەعسییەکان حانییان کوشت، بکوژی حانی کە ناوی عەبدولوەهاب کەریم بوو بە ڕووداوێکی نەخشە بۆ داڕێژراو کوژرا تا تاوانەکە شوون بزر بکرێت و نهێنییەکانیش پەردەپۆش بکرێن.

له کـاتی به فـەرمـی ناشـتنـی تەرمی عـەبدولوەهاب کـەریم و بـڵاوبوونەوەی وێنەکەی لە رۆژنامەکاندا، هاوسەری دوکتۆر ناسر حانی ناسییەوە و وتی ئەو کەسە بوو کە ئێوارە هاتە ماڵەکەمان و ناسری بردە دەرەوە و پێی وت سەرۆک کۆمار بۆ کارێکی بەپەلە داوات دەکات.

دوای گفتوگۆ کردن سـەبارەت بەکێشـەی کورد و قسـەکانی دوکتۆر حـانی بڕیار درا بیرخـەرەوەکە بۆ کۆبوونەوەیەکی تر دوابخرێت، ئینجا دەست کرا بە گفتـوگۆ کردنی پێـشنیـازەکانی وەزیری نـاوەخـۆ سـاڵح مـەهدی عـەمـاش (لە گـەورە بـەعـسـیـیـەکـان بوو، دوای کـودێتـای ٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣ لە حکومەتی بەکر و دەستیپێکردنەوەی شەڕ دژ بە شۆڕشی کورد لە حوزەیرانی ئەو سـاڵەدا وەزیری بەرگـری بوو)، پێـشنـیـازەکـەی عـەمـاش بریتی بـوو لە دامەزراندنی موتەسەڕیفە بەعسییەکان بۆ لیوایەکان و ژمارەیەک موتەسەڕیف و گەورە فەرمانبەران و ئەفسەرانی پۆلیسی کورد خانەنشین بکرێن، لەوانە بایز عـەزیز دزەیی مـوتەسـەڕیفی سلێمـانی کە مـاوەیەک پێشتـر بۆ لیـوایەکی باشـوور گـواسـترابووەوە، عـەبدولقـادر حـەیدەری پشکنەری کـارگـێڕی لە وەزارەتی ناوەخـۆ، عـەمـیـدی پۆلیس سـاڵح حـەسـەن خـۆشناو بەڕێوەبەری پۆلیـسـی یەک لە لیـوایەکـانی باشـوور، هیچ هـەنجـەتێک بۆ ئـەمـە نـەبوو، هـەموویان کارگێڕی شـارەزا و ئەفسـەری بە توانا بوون، رەخنەم لەو پێشنیازە گرت و هـەمـوو وەزیرەکان لەمـەدا پشـتیـان گرتم تەنیا بەعسییەکان نەبن کە زۆرینـەی ئەنـدامـانی ئەنجـوومـەنی وەزیران بوون، عـەمـاش تووڕە بوو و بڕیارەکەی کێشایەوە وتی بە ناونراو بە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بڕیارێکی لەو جۆرە دەردەکەم، دوای گفتوگۆکردنی چەند بابەتێک نۆرە هاتە سـەر باری دارایی و ئابووری و دکتۆر عـەبدوڵا نەقشـبەندی شیکردنەوەیەکی تەواوی پێـشکێش کـرد و بەراوردی نێـوان خـراپی باری دارایی عـێـراق و ئابوورییە بەهێزەکەی عێراقی کرد، بەم جۆرە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، ئەمە دوا کـۆبوونەوە بـوو کە نـایف سـەرۆکـایەتیی کـرد، چونکە لە کـودێتـای ٣٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ لایاندا.

دوای یەک ڕۆژ چوومـە دیوانی ئەنجـوومـەنی وەزیران و عـەقـیـد روکن خـوالێخـۆشـبـوو تـەها یاسین (فـەرمـاندەی لیـوای یەک)یشـم کـە بارەگاکەی لە بـەغـــداوە نـزیک بـوو لـەگـــەڵ خـــۆمـــدا برد بـۆ پـێنـاسـین و باسـکردنـی مەغدووریەتییەکەی، تەها یاسین برادەری لە مێژینەم بوو و ڕۆژگارێک هاوەڵی مـەلیک فـەیسـەڵی دووەم بوو، یاسـینم لە نووسـینگەی تایبـەت داناو چوومـە لای نایف، دوای چەند قسـەیەک سـەبارەت بەکێشـەی کورد تێبینی خۆم سـەبارەت بە چالاکی بەعـسـیـیـەکـان و گـۆڕانکاری لە شـوێنـە سـەربازییـەکـان و نزیک خستنەوەی ئەفسەرە بەعسییەکان لە شوێنە هەستیارەکاندا بە نایف وت، پێ کـەنی و وتـی (ئەگـەر هـەر هـەنگاوێکی نـابەجێ بهـاوێن پەشـیـمـان دەبنەوە)، هەروەها باسی ئەوەمان کرد کە بۆچی ئەو ئەفسەرانەی نیشتیمان پەروەر و خاوەن رەوشتی باشن و هاوکاری ناکرێن و پایەیان پێ نادرێت؟ نایف وەرامی دایەوە ئەوەی بەسەردا تێ پەڕی، ئینجا باسی یاسینم بۆ کرد کە ئەفسەرێکی بەتوانایە، نایف ناردی بەدوایدا و بە گەرمی پێشوازی کرد و بەڵێنی خێری پێ دا، ئەوانم بەجێ هێشت و گەڕامەوە وەزارەت.

# کودێتای ٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨

دوای کۆتایی دەوامی فەرمی لە ٣٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ و لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆ باڵەخانەی وەزارەتم بەجێ هێشت کە کەوتبووە بەری کەرخ و شوێنی دانیشتنیشم لە ناوچەی عەلەویەی بەری رەسافە بوو کە خانوویەکی بچووک بوو و بەشێوەیەکی کاتی بەکرێم گرتبوو و کەوتبووە کۆڵانەکەی بەرامبەر چێشتخانەی- المطعم-، لە ڕێگەی گەڕانەوەمدا تێبینیی ئەوەم کرد کە وەزعەکە هێمنە و لەبەر گەرمای بەتینی بەغدا لەو وەرزەدا شەقامەکە چۆل بوو، لە ڕێگە بۆ نانی نیوەڕۆ لام دایە چێشتخانەیەکی شەقامی سەعدوون و پاشان بۆ پشوودان رووم کردە ماڵەوە.

لە سەعات ٦ی ئێوارە چوومە ئوروزدی باک تا هەندێک کەلوپەل بکڕم، لە کاتی سووڕانەوەم بە ناو هۆڵەکەدا چاوم بە کوردۆ نووری باویلاغا کەوت کە لە سەرانی بەکرێگیراوەکان بوو و لە کۆتاییی چلەکاندا بەیەکەوە قوتابی بووین و دەمناسی، نووری باویلاغای باوکی لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشەوە بووە پێشمەرگەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کرد، دوای چاک و چۆنی وتی بارێکی نائاسایی لە دەروازەی پردەکانەوە بینیوە و تانک پاسەوانی دەکەن و سەربازەکان رێبواران دەپشکنن، بایەخم بەوە نەداو دوای ئەوەی شتەکانم کڕی بە ئوتۆمۆبیلی وەزارەت گەڕامەوە ماڵەوە بێ ئەوەی شتێکی نائاسایی ببینم.

سەعات ٨ی ئێوارە سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، بینیم سەرۆک بەکر وتار دەدا و لابردنی نایف و دارودەستەکەی رادەگەیەنێت، ئەو نایفەی کە لە کودێتای ١٧ی تەمووزی ئەو ساڵەدا هاوکار و هاوبەشیان بوو، لاوێکی باریکەڵە لە پشتەوەی سەرۆک بەکر راوەستابوو و کلاشینکۆفێکی بەدەستەوە

بوو و جله سەربازییەکەی هیچ پلەیەکی سەربازیی بەسەرەوە نەبوو، پاشان زانیم ئەوە سەدام حوسێنە کە دوایی بوو بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و جێگری ئەمینداری گشتی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی و سەرۆک کۆماری ئێستا، پاشان گوێم لە چەندان بەیاننامە و باسی گۆڕانکاری تر لە دەوڵەت بوو.

لەماڵەوە دانیشتم و عومەر قادری هاوەڵم و خوالێخۆشبوو عەلی حوسێن شەوباش لەلام بوون، دوای ماوەیەک تەلەفۆنم بۆ ڕۆژنامەی- التآخي- کرد و لەگەڵ شەهید ساڵح یوسفی قسەم کردو وتم بەیانی دێمە لاتان لە بارەگای ڕۆژنامە، سەعات ٩ی ئەو شەوە کاک ئەحمەدی برام، هاواراغای ئامۆزام هاتنە لام و لە چارەنووسم نیگەران بوون، کاک ئەحمەد وتی هاتووم یارمەتیت بدەم تا لە بەغدا دەربازبیت، پێم وتن گومان دەکەم کە فەرمانڕەوایانی تازە هیچ شتێک دەربارەی من بکەن، چونکە ئێستا نایانەوێت پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورددا بپچڕن، کاک ئەحمەد وتی بایەخ بە هیچ پلە و پایەیەک مەدە و یەک ئامۆژگاریت دەکەم (بارزانی جێ مەهێڵە و هەر لەگەڵیدا بمێنەوە، چونکە پشتی بە تۆ بەستووە و باوەڕی پێتە)، ئەوانم دڵنیا کردەوە و وتم لە هیچ شتێک نیگەران نیم و ئەوانیش چوونەوە ئوتێل.

ڕۆژی دوایی چوومە بارەگای ڕۆژنامەی - التآخي- و چاوم بە برایان حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب کە لە بەغدا بوو و ساڵح یوسفی لێپرسراوی لقی پێنج کەوت، لە ڕێگەدا هیچ شتێکی نائاساییم نەبینی، نیوەڕۆ هەمووومان بارەگای ڕۆژنامەمان بەجێ هێشت و بەو ئومێدەی عەسر لە هەمان شوێن یەکتر ببینینەوە.

گەڕامەوە ماڵ و پێش سەعات ٦ی ئێوارە کە دەمویست بێمە دەرەوە زەنگی تەلەفۆنی تایبەت لێی دا، نەمزانی کێ بوو قسەی کرد و وتی سەرۆک بەکر لە کۆشکی کۆماری داوات دەکات، بۆ جاری دووەم زەنگی تەلەفۆن لێی دایەوە و ئیحسان شێرزاد کە لە وەزارەتەکەی پێشوو بەیەکەوە بووین لەسەر خەت بوو و وتی لە کۆشکی کۆماری داوایان کردووم و حەزدەکەم بەیەکەوە بچین، ڕێک

کەوتین کە لە بارەگای ڕۆژنامەی- التآخي- یەکتر ببینین تا لەگەڵ هەڤاڵانی تر ڕاوێژ بکەین.

لەوێ یەکترمان بینی و لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یوسفی باسی پرسەکەمان کرد و لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە لیستێک بەناوی چوار پێنج کەس هەڵبژێرین بۆ بەشداریکردن لە وەزارەت کە من و ئیحسان شێرزاد و ساڵح یوسفی و عەمید ڕەئوف ئەحمەد و لیوا مەجید عەلی[١١] تێدابێت لاریشمان نییە کە چوار کەس لەو لیستە هەڵبژێردرێت، من و ئیحسان چووینە کۆشکی کۆماری و دوای دیتنی سەرۆک بەکر وتی: لە سەرەتادا ناچار بووین بۆ سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ ئەوانەدا هاوکاربین، بەڵام ئێستا دەمانەوێت ریزەکان لە بەکرێگیراوان پاک بکەینەوە، بەکر داوای کرد لە وەزارەتە تازەکەدا بەشدار بین، ئێمەش لیستەکەمان خستە بەردەمی، لە ناوەکان ناڕازی بوو و تەنیا لەناوی من و ئیحسان ڕازی بوو، بەڵام وتی لەلای سکرتێری چاوەڕێ بکەن تا ڕاوێژ لەگەڵ برادەرکانم بکەم، جلوبەرگێکی سەربازی پۆشیبوو کە پلەی عەمیدی سوپای بەسەرەوە بوو.

لە ژووری تایبەتی بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک دانیشتین، حەماد شەهاب و سەعدوون غێدان و هی تر لەوێ بوون، خەڵک دەهاتن و دەچوون بەتایبەتی کە هەڵبژێردرابوون بۆ بەشداریکردن لە وەزارەت، هەروەها ئەو بەعسییانەی کە دوور خرابوونەوە، لەوێ چاومان بە حەماد شەهاب و عەبدولخالیق سامەرائی و دکتۆر جەواد هاشم کەوت، ئەوەی دواییان وەک بڵێی پۆستەکەی مسۆگەر بێت جلوبەرگێکی بریقەداری پۆشیبوو و جانتای دیبلۆماسیشی بەدەستەوە بوو.

لەگەڵ هەریەک لە حەماد شەهاب کە پێشتر دەمناسی و عەبدولخالیق سامەرائی کە لەوێ ناسیم هەندێک قسەمان کرد، سامەرائی جلوبەرگێکی سادەی پۆشیبوو کە بریتی بوو لە کراسێکی هاوینی و پانتۆڵێک، بەڵام حەماد شەهاب وەک کەسێکی لادێیی سادە و بەشێوەیەکی عەشایەری قسەی دەکرد و زۆر تکای کرد کە لە وەزارەتدا بەشداری بکەین، بەڵام ئێمە لەسەر

هەڵوێست و مەرجی خۆمان مکوڕ بووین، دوای ساتێک چاوەڕوانی دیسان سەرۆک بەکر بانگی کردینە ژوورەوە و دووبارە دەستمان بە وتووێژ کرد، لە کۆتاییدا لەسەر سێ ناوی لیستەکە ڕێک کەوتین کە بەشداری لە وەزارەتدا بکەن، ساڵح یوسفی و ئیحسان شێرزاد و من، بەکر وتی لەگەڵ برادەرەکانمدا راوێژ دەکەم و بۆ بەیانی پێکهاتەکە تەواو دەکەین، سەعات ١١ی شەو بوو هەریەکەمان بەرەو ماڵی خۆی گەڕایەوە، سەعات ١٢ی شەو رادیۆ ناوی پێکهاتەی تازەی وەزارەتی بڵاوکردەوە کە لە کوردەکان ناوی من و ئیحسان شێرزاد و تەها محێدین مەعروفی تێدا بوو، کابینەکە بەکر سەرۆکایەتیی دەکرد چونکە ناکۆکی لە نێوان حەردان تکریتی و ساڵح مەهدی عەماشدا هەبوو و هەریەکەیان دەیویست سەرۆکایەتی بۆ ئەوبێت، بەڵام بەکر بەو ڕێگایە ناکۆکییەکەی یەکلا کردەوە.

پێوەندیم بە حەبیب محەمەد کەریم و ساڵح یوسفییەوە کرد و بڕیارمان دا لە بارەگای رۆژنامەی- التآخي- کۆببینەوەو ئیحسان شێرزادیش هات، دەبووایە دەمەوئێوارە سوێندی یاسایی بخۆین، لەبارەی پرسەکە قسەمان کرد و گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە تەها محیەدین لەلایەن جوداخوازەکانەوە هەڵبژێردراوە کە ئەو کاتە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان دەناساند، ئێمە وەک هێزێکی سیاسی دانمان بەوان نەدەنا بگرە کۆمەڵە کەسانێکی سەر بە حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکان بوون کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ پەنایان بردە بەر حکومەت، ئێمە ئامادە نەبووین کە بەشداری هەر کارێک بکەین ئەگەر ئەوان تیایدا لایەنێک بن، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە لەلایەنی حکوومەت ئاگەدار بکەینەوە و ئەگەر بۆچوونەکانمانی بە هەند وەرنەگرت ئەوا ئێمەش لە ئاهەنگی سوێندخواردندا بەشداری ناکەین.

چوومە کۆشکی کۆماری و بەکر بە تەنیا لە ژوورەکەی بوو، باسی پرسەکەمان کرد و بەکر باسی هۆیەکانی بەشداری پێنەکردنی ساڵح یوسفی لە وەزارەتدا کرد کە پێش ئەوەی بەعس بێتە سەر حوکم پێوەندیی لەگەڵیاندا هەبووە، باسی چەند هۆکارێکی سەیری کرد، کە باس هاتەسەر تەها محێدین

و ئەوە هەڵبژێردراوی جوداخوازەکانە بەکر لە شوێنی خۆی هەستایەوە و لێی پرسیم تۆ موسوڵمانی؟ وتم: سوپاس بۆ خوا، دەستی بۆ قورئانەکەی بەردەمی درێژ کرد و وتی: بەو قورئانە ئەمەم نەزانیوە، بەم جۆرە دیدارەکەمان بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێک کۆتایی هات و هاتمە دەرەوە، لە ژووری سکرتێر چاوم بە حەماد شەهاب کەوت و پرسی بۆ بەشداریتان نەکرد؟ کە پرسەکەم بۆ باس کرد ئەویش سوێندی خوارد کە نەیزانیوە تەها محێدین هەڵبژێردراوی جوداخوازەکانە و وتی من هەڵم بژاردووە چونکە کە سەفەری لەندەنم کرد تەها محێدین وەک دیبلۆماسییەک لە باڵوێزخانەی عێراق کاری دەکرد و (زۆر خزمەتی کردم)، بەڵام عەبدولخالیق سامەرائی بە شێوازێکی تر قسەی کرد وەک کەسێک زۆر بە تەنگ بەرژەوەندی گشتییەوە بێت و دووپاتی کردەوە کە پێویستە کێشەی کورد بەرێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، کۆشکی کۆماریم بەجێ هێشت و نەمن و نە ئیحسان بەشداری ئاهەنگی سوێندخواردنمان نەکرد، دەبێت ئاماژە بەوەش بدەم کە کەس لە شوێنی ئێمە وەک وەزیر دانەنرا و شوێنەکەمان بە بەتاڵی مایەوە، دوو وەزیر بەبریکارەتی کاری ئەو دوو وەزارەتەیان بەڕێوە دەبرد کە هیچیان کورد نەبوون نەبادا جۆرە هەستیارییەک دروست ببێت.

دوای هەفتەیەک، ئێوارەیەک بەکر بۆ شیوخواردن داوەتی کردین، دانیشتنەکە زۆر هێمن بوو، سەدام حوسێن و یەک دوو کەسی تر لەوێ بوون کە ناوەکانیانم لە بیرنەماوە، بەکر جەختی لەسەر پێوەندیی نێوانمان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد کردەوە و دووبارە داوای کرد کە لە وەزارەتدا بەشداری بکەین، سوپاسمان کرد و داوای لێبووردنمان کرد، لە ماوەی ئەو دانیشتنەدا سەدام لە تەنیشت بەکر زۆر بەهێمنی دانیشتبوو، دوای داوەتەکە گەڕاینەوەماڵەوە.

دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتە، ئێمە وەک وەزیر هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکرا و ئوتۆمۆبیل و تەلەفۆنی تایبەت هەر لەلای خۆمان بوو، خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم شێخلی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا کردم کە بچمە لای، ئەو کاتە

وەزیری دەرەوە بوو، لە دیوانی وەزارەت چوومە لای، لەبارەی زۆری ئیشوکار و ڕۆڵی خۆی قسەی بۆ کردم و دووبارە داوای لێ کردم کە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی لە وەزارەتدا بەشداری بکەم، رای پارتی و مەرجەکانی خۆمانم بۆ دووپات کردەوە کە ئەگەر جێبەجێی بکەن مانای وایە ڕێژیم حەز دەکات کێشەی کورد چارەسەر بکات.

لە کاتی چوونە دەرەوەمدا، بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی وەزیری دەرەوە پێی وتم کە ناسر حانی بە تەلەفۆن داوای کردووم، تەلەفۆنم بۆ حانی کرد، بڕیارم دا لە کۆشکی کۆماریدا سەردانی بکەم، ئەوکاتە کرابوو بە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار، کە بینیم هەستم کرد لە شوێنە تازەکەی رازی نییە و ئەو پلەیە هەر شکڵیاتە، حانی پێی وتم: لەکاتی کودێتای ٣٠ی تەمووزدا لەماڵی محەمەد عەلی مستەفای سەرۆکی سەرپەرشتیاران لە وەزارەتی پەروەردە خۆی شاردبووەوە، محەمەد عەلی کورد بوو و بەتەمەن گەورە بوو، لە بەناوبانگترین مامۆستایانی بیرکاری بوو لە عێراقدا، لەماڵی ئەو مامۆستایەدا حانی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بەکر کردبوو و لەسەر کودێتای ٣٠ی تەمووز سەرکۆنەی کردبوو، بەکریش بەشێوەیەکی کاتی لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماری دانابوو و پاش ماوەیەکی کورتیش لەناویان برد، وەک باسم کرد، ئەو دیدارەم لەگەڵ حانیدا تەنیا قسەکردن و ناڕازیبوون بوو لە بارودۆخە تازەکە.

ڕۆژێکیان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ حەردان تکریتی وەزیری بەرگری لە حکومەتی تازەدا کرد و داوای چاوپێکەوتنیم کرد، زۆر خۆشحاڵ بوو و هەر ئەو ڕۆژە بە گەرمی پێشوازیی کردم، خوالێخۆشبوو (فەیسەڵ حەبیب خەیزەران)یش ئامادەبوو، حەردان زۆر ڕێزی گرتم و سڵاوی ئاراستەی بارزانی کرد و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نیازی خۆی بۆ هاریکاری و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگایەکی ئاشتییانە پیشان دا، تێبینی ئەوەم کرد کە لە بارودۆخەکە و کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەست خستنە ناو کاروباری وەزارەتی بەرگری لەلایەن لاوانی بەعسەوە ناڕازی بوو،

فەیسەڵ خەیزەران لەسەر کورسییەکی تەنیشت مێزەکەی حەردان دانیشتبوو و پاڵپشتیی قسەکانی دەکرد، زەنگی تەلەفۆن لێی دا و دیار بوو لیوا روکن ئیبراهیم فەیسەڵ ئەنساری سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەسەر هێڵ بوو، تکریتی بە ئەنساری وت کە من لای ئەو دانیشتووم، دیار بوو ئەنساری حەزی دەکرد بچمە لای و پێشتریش برادەر بووین، نووسینگەی تکریتیم بەجێ هێشت و چوومە لای ئەنساری کە ژوورەکەی لە تەنیشت ژووری وەزیری بەرگری بوو، پێشوازییەکی گەرمی لێ کردم و لەوە سەری سوڕما کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە نووسینگەی کاروباری سەربازی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی (کاروباری وەزارەتی بەرگری) بەڕێوە دەبرد، ماوەیەک لەلای مامەوە و پاشان ڕۆیشتم.

دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە دوو مانگ، زانیم کە ئەنساری لەگەڵ کۆمەڵە ئەفسەرێکی برادەرم دەستگیر کراون لەمانە برادەری خۆشەویستم لیوا روکن کەمال مستەفا سەرکردەی فیرقەی پێنج و سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی لە سەردەمی عارف، لیوا روکن زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک، عەمید روکن تەها یاسین فەرماندەی لیوای یەک، ئەوانە هیچ شتێکیان دەرهەق بەڕێژیم نەکردبوو کەچی چەند مانگێک لە گرتووخانەدا مانەوە و پاشان ئازادکران و دواییش خانەنشین کران، هەریەک لە لیوا روکن کەمال مستەفاو عەمید روکن تەها یاسین هاتنە ریزی شۆڕشی کوردەوە، بەڵام لیوا روکن زەکی حوسێن حیلمی کرا بە بەڕێوەبەری گشتی بەندەرەکانی عێراق، ساڵی ١٩٧٠ لە کاتێکدا سەدام حوسێن لە بەسرەدا کتوپڕ سەردانی ماڵەکەی کرد لیوا روکن زەکی دڵی لە لێدان وەستا و کۆچی دوایی کرد.

فەریق حەردان تکریتی بەپێی توانا هەوڵی دەدا برادەرایەتیی شۆڕشی کوردو بارزانی سەرکردە بکات، لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ شێخ ئەحمەد بارزانی پێشەوای روحی عەشیرەتەکانی بارزان و برا گەورەی مستەفا بارزانی تووشی نەخۆشی هات و بردرایە بەغدا و لەوێ کۆچی دوایی کرد، ئەو پیاوە مەزنە لەلای کورد بە گشتی و لەلای بارزانی بەتایبەتی خاوەن

پایەیەکی گەورە بوو، جێگەی ڕێز و ستایش بوو، کۆچی دوایی ئەو زاتە ئازارێکی زۆری لە دڵی ئەوانەدا بەجێ هێشت کە دەیانناسی، چونکە خاوەن ڕەوشتێکی بەرز و دادپەروەر و ڕاست بوو، فەریق تکریتی بۆ گواستنەوەی تەرمە پاکژەکەی ئاسانکارییەکی زۆری کرد و باڵەفڕەیەکی هێلی کۆپتەری تایبەتی ئامادە کرد تا بیهێننەوە بارزان، ئەمە بووە مایەی ڕێز و پێزانین لەلای بارزانی.

لە سەرەتای دەستپێکردنی وتووێژ بۆ ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و لە کاتی سەردانی شاندی ئێمە بۆ بەغدا و لە هەفتەی دووەمی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ بارزانی ڕای سپاردم سوپاس و سڵاوی بگەیەنم بە فەریق تکریتی لە بەرامبەر ئەو کارەی کە کردی، لە کاتی دیدارەکانماندا جیام کردەوە و ڕاسپاردەکەم پێ گەیاند.

مانگی ئاب یان ئەیلوولی ئەو ساڵە بوو، لەگەڵ ئیحسان شێرزاد لەبارەی بارودۆخەکە قسەمان کرد، هەموو ئیمتیازێکی وەزیریمان هەبوو، مووچەمان لە وەزارەت بۆ دەبەسترا، بەڵام وەرمان نەدەگرت، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە بەڕەسمی داوا لە سەرۆک کۆمار بکەین دەست لەکارکێشانەوەمان قبووڵ بکات، بەیەکەوە و بەشێوازێکی نەرم ماقووڵ دەست لەکارکێشانەوەیەکمان دا بە سەرۆک بەکر و تێیدا نووسیبوومان کە ڕێژیم بەجدی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادات، چووینە لای بەکر و نووسراوەکەمان دا بەدەستی، وتی لەگەڵ سەرکردایەتی حزب لێی دەکۆڵینەوە، تا ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هیچ وەرامێکمان دەست نەکەوت.

تێبینیی ئەوەم دەکرد کە پیاوانی ئەمن و هەواڵگری چاوەدێریم دەکەن و بۆ هەر کوێیەک بچووبام بە دوامدا دەهاتن، بەڵام بەبێ ڕێگە پێگرتن یان دەست خستنە ناو کاروبارم، لام وایە لە نیوەی مانگی ئەیلوولدا بووین کە هەواڵی ئەوەم پێ گەیشت ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بۆ وتووێژکردن دەربارەی دۆخە ناهەموارەکە و ئەو پەرەسەندنە تازانەی کە لە ئەنجامی ئەو شەڕەتوندەی لە گەرمیانی پارێزگای کەرکووک لەگەڵ جوداخوازەکاندا کرا و

حکوومەت پشتیوانی دەکرد کۆ دەبێتەوە، لەو شەڕەدا جوداخوازەکان زۆر خراپ تێک شکان، لەبەرئەوەی ئەندامی ئەنجوومەن و مەکتەبی تەنفیزی بووم حەزم دەکرد لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربم، بەڵام لەوە دوودڵ بووم، چونکە وام زەن دەکرد لێ نەگەڕێن لە بەغدا بچمە دەرەوە، نامەیەکم بۆ کاک ئیدریس نارد و تیایدا نووسیم هەر هەلێکم دەست بکەوێت بەغدا جێ دێلم و هەوڵ دەدەم لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری بکەم، نامەکەم بە خوالێخۆشبوو عەلی حوسێن شەوباش کە لەگەڵ عومەر قادر لە بەغدا هاوەڵم بوون بۆ کاک ئیدریس نارد.

***

## سەردانی نوێنەری سەرۆک دیگۆل بۆ کوردستان

لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا دەچوومە یانەی (الجمعیة البغدادیة) لە گەڕەکی سلێخ، یانەیەکی هێمن و جوان بوو، کۆمەڵە لاوێکی رۆشنبیر بەڕێوەیان دەبرد لەوانە رەفعەت کامیل چادرچی و مەحموود ئەحمەد عوسمانی پوورزام و برادەری منداڵیم و جگە لە کۆمەڵێک هەڵگری بڕوانامەی بەرز، خەڵکانێکی دەستەبژێر سەردانی ئەو یانەیەیان دەکرد.

لە کۆتاییی ئاب یان ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٨ پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمانی پوورزا و برادەرم تەلەفۆنی بۆ کردم کە لە ماڵەوە بچمە لای، کە چووم کەسێکی بیانیش لەوێ بوو، زەید پێی وتم کە نامەیەکی لەلایەن کەسایەتیی ناسراوی کورد دوکتۆر کامەران بەدرخان بەدەست گەیشتووە (بەدرخان مامۆستای زمانی کوردی بوو لە یەکێک لە زانکۆکانی پاریس) و تیایدا داوای کردووە یارمەتیی ئەو پیاوە فەڕەنسییە بدەن تا بگاتە کوردستان و چاوی بە بارزانی بکەوێت، پیاوە فەڕەنسییەکە ناوی (بێرنارد دوران) بوو و فەرمانبەری دیبلۆماسی بوو لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا و نوێنەری سەرۆک دیگۆل بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کوردستان.

سەرۆک دیگۆل بایەخی بەکێشەی ئەو گەلانە دەدا کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافەکانیان تێ دەکۆشان و بۆ ئەم مەبەستەش نێردراوێکی ناردبووە هەرێمی بیافرای نێجیریا، زەید داوای لێ کردم کە ئاسانکاری بۆ ئەو کەسە بکەم تا بگاتە کوردستان، وتی شوێنی حەوانەوەشی لە بارەگای لاوە مەسیحییەکانە لە باب شەرجی، ئێوارە چووینە لای، زەید کارێکی هەبوو و رۆیشت، من و فەڕەنسییەکەش چووینە یانەی (الجمعة البغدادیة) و نانی ئێوارەمان خوارد، کابرام زۆر شارەزا و وەک دیپلۆماتێکی رێزلێگیراو هاتە

بەرچاو، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر هەستم کرد کە بردنی ئەو پیاوە بۆ کوردستان لەو بارودۆخەدا زۆر مەترسیدارە، چونکە بۆ کارێکی گرینگ هاتووە، ڕێنوێنیم کرد بچێتە تاران و لەوێ نوێنەری شۆڕشی کورد ببینێت، ئەو کاتە چوونی بۆ کوردستان ئاسان دەبێت، نامەیەکم بۆ بارزانی و یەکێکیشم بۆ نوێنەری شۆڕش لە تاران نووسی، لام وایە فەرەنسییەکە نامەیەکی دکتۆر کامەران بەدرخانیشی بۆ بارزانی هێنابوو، ڕۆژی دوایی مسیۆ دوران بەگوێرەی ئەو ناونیشانەی کە پێم دابوو چووە تاران، لەوێ موفتیی بینی و ئینجا چوو بۆ کوردستان و میوانی بارزانی بوو و چەند هەفتەیەک مایەوە، کە لە مانگی تشرینی دووەم گەڕامەوە کوردستان مسیۆ دوران ڕۆیشتبوو و تا هاوینی ساڵی ١٩٧٤ نەمبینییەوە، پاشان زانیم دوای گەڕانەوەی ڕاپۆرتێکی درێژ و ئەرێنی داوە بە جەنەراڵ شارل دیگۆل.

نیسانی ساڵی ١٩٧٤، شاندێکی کوردی کە من و سامی عەبدوڕەحمان بووین چووینە دەرەوە تا پێوەندی بە ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە بکەین (لەو کتێبەدا بەدرێژی باسی ئەو بابەتە دەکەم کاتێک کە دێمە سەر باسی هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧٤).

دوای گەڕانەوە لە ئەمەریکا و سەردانی نەتەوەیەکگرتووەکان من و سامی چووینە فەرەنسا، دوای پێوەندیکردن بە هەندێک لە حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، ڕۆژنامەنووسی ناودار (ئەریک رولو) کە لە ڕۆژنامەی لۆمۆند کاری دەکرد لە ماڵی خۆی داوەتێکی بۆ ساز داین کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتییە سیاسییەکان و لێپرسراوان تێیدا ئامادەبوون، چەند دیدارێکی تەلەفزیۆنیمان بۆ سازدرا، لە دیدارێکدا لەگەڵ میر کامەران بەدرخان باسی مسیۆ دورانی کرد کە بووبووە باڵوێزی فەرەنسا لە تۆکیۆ، بەڵام ئەو دەمە بە مۆڵەت هاتبووەوە پاریس، کامەران قسەی لەگەڵدا کرد و بڕیاردرا ڕۆژی دوایی یەکتر ببینین، ئێمە ژوانێکمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندادا هەبوو، سامی سەفەری کرد و منیش بۆ دیتنی دوران لە پاریس مامەوە، پێشتر داوامان لە حکومەتی ئێران کردبوو هەندێک مووشەکی

پێشکەوتووی دژە زرێپۆش و باڵەفڕمان بداتێ، ئێران رای گەیاند کە ئەو جۆرە مووشـەکـانەی نییـە، بەڵام لاری لـەوە نییـە ئەگـەر لـە شـوێنێکی تر دەسـتـمـان بکەوێت و بـە رێگای ئێـرانەوە بگاتە کـوردسـتـان، لە بازرگـانـێکی چەکـفرۆش چەکەکانمان دەست کەوت و بەڵێنی دا ئەگەر دەسـەڵاتدارانی فـەڕەنسـا رازی بن ئەوا پێـداویسـتـیـیـەکانمان دابین بـکات، رۆژی دوایی لەگەڵ زەید ئەحـمـەد عـوسـمـان کـە ئەو کـاتە لە پاریس دادەنیشت چاومـان بەمـسـیـۆ دوران کـەوت، زۆری بەخێرهێنـاین، باسـی یەکەم دیدارمـان و سـەفەری بۆ کـوردسـتـان کـرد و وتـی ئەوپـەڕی توانای بۆ یـارمـەتیـدانمان بـەکـاردەهێنێت و بۆ ئەم مـەبـەسـتـە پێوەندی دەکات، هـەر ئەو ئێوارەیە مسـیـۆ دوران پێی ڕاگەیاندین کە بۆ رۆژی دوایی کـۆبوونـەوەیەکی لەگـەڵ جـەنـەراڵ لاکـاز (یاریدەری سـەرۆکی ئـەرکـانی سوپای فـەرەنسا و پاشـان بوو بە سـەرۆکی هـەواڵگریی فەڕەنـسی دواییش کرا بە سـەرۆکی ئەرکانی سـوپای فـەڕەنسا) رێک خـسـتووە، لە سـاتی دیاریکراودا من و زەیدو مـسـیـۆ دوران چـووینە لای، دیدارەکـەمـان نزیکـەی سـەعـاتێکی خایاند، باسـی بارودۆخـی کوردسـتـان و شەڕ لە ناوچەکەدا کـرد، دیاربوو کەوا شـتێکی لەبارەی بارودۆخـەکە دەزانی، هـەروەها باسـی پرسـی مووشـەکەکـان و ناوی کـۆمـپـانیـاکـە و بازرگـانەکەمـان کـرد، لاکـاز بەڵێنی دا کـە لە بابەتەکـە دەکـۆڵێـتـەوە و ئەنجـامـەکـەمـان پێ دەڵێت و لەمـاوەی کـەمـتـر لە هـەفـتـەیەکدا دووبارە کۆ دەبینەوە، تەلەفۆنم بۆ سـامی کـرد و هـەواڵی دووبارە چاوپێکەوتنی لاکازم پێی ڕاگەیاند.

رۆژی دوایی سـامـی گـەڕایەوە، دوای یەک دوو رۆژ دووبارە مـسـیـۆ دوران قـسـەی لەگـەڵدا کـردین و چووینە لای جـەنەراڵ لاکـاز لە نووسـینگـەکـەیدا، زەیدیش ئامـادەبوو، دوران وتـی بە نرخـێکی هـەرزان و گونجاو مووشـەکەکـانی پەیدا کردووە، ئەمـە دەسکەوتێکی گەورە بوو و وا پێشبینیمان نەدەکرد کە بە ئاسانی دەستمان بکەوێت، بۆ ئەو یارمەتیدانە سوپاسی مسیۆ دورانمان کرد.

بازرگانە فـەڕەنساییەکە قسەی لەگەڵدا کردین و وتی چەکەکان ئامادەن و چـاوەڕێی نـاوی ئەو بـەندەرە دەکـات تا بیـداتە دەسـتی، پێـوەندیمان بـە

حکوومەتی ئێرانەوە کرد و لێپرسراوەکە سەرسامیی خۆی پیشان دا و وای پێشبینی نەدەکرد کە ئەو چەکانە پەیدا بکەین یان وڵاتێک بمانداتێ و وتی بەم دواییانە ئێمەش ئەو چەکانەمان پەیدا کردووە و بەم زووانە دەگاتە ئێران بۆیە پێویست ناکات بیکڕن و بەخۆڕایی دەتاندەینێ، زانیمان ئەمە فێڵێکە و ئێران نایەوێت ئەو چەکانەمان دەست بکەوێت.

دوای ئەوە چەند جارێک چاوم بە مسیۆ دوران کەوتەوە، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٠ کرا بە باڵوێزی فەرەنسا لە لەندەن، لەبەر ئەو بارودۆخەی دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە هاتە کایەوە بەردەوام یەکترمان دەبینی، دوران چەند جارێک پێشوازیی لە بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باڵوێزخانەی فەرەنسادا کرد و هەروەها لە ماڵەکەی خۆیدا داوەتی کرد و وەک سەرۆکی دەوڵەتان بەخێری دەهێنا و ئاڵای کوردستانیش دەشەکایەوە، هەستم دەکرد بەو دیدارانە زۆر خۆشحاڵە و دەیویست هەموو خزمەتێک پێشکێش بە بارزانی بکات، چونکە ساڵی ١٩٦٨ لە کوردستان بە جوانی لەلایەن سەرۆک مستەفا بارزانییەوە میوانداری کرابوو.

لە تەمووزی ساڵی ١٩٩٤ کە شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرسا لە نێوان ئێمەو یەکێتیدا، لە سەردەمی سەرۆک میتراندا فەرەنسا بۆ ماوەی هەفتەیەک میوانداریی شاندی هەردوو لامانی کرد، دوران ئەوکاتە لە وەزارەتی دەرەوە کاری دەکرد و سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی نێوانمانی دەکرد، جێگەی باسە لەو کۆبوونەوانەدا کەسایەتیی فەرمی لە حکوومەتی فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا بەشدارییان کرد و دورانیش تا کۆتای کۆنگرەکە لەگەڵماندا مایەوە.

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەمان، لە کۆتاییی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٨ بە تەلەفۆن داوای بینینی سەرۆک بەکرم کرد، بۆ رۆژی دوایی بانگیان کردم، دوای باسکردنی بارودۆخەکە بەکر ئارەزووی پیشان دا کە چەند خزمەتگوزارییەکی گشتی بۆ ناوچەکانی شۆڕش پێشکێش بکات و وتی لاری لەوەش نییە کە پێشمەرگە ئەو کارانە رابپەڕێنن بێ ئەوەی کاریگەری بەسەر

ئیشی خۆیانەوە هەبێت و دەتوانن چەکەکانیشیان لەلابێت، وتم بۆ ئەم مەبەستە حەزدەکەم نامەیەک بۆ بارزانی بنووسیت، وتی نەخێر، تۆ ئەم راسپاردەیە بە بارزانی بگەیەنە و سڵاوی لێ بکە و بە سوحبەتەوەش وتی با بارزانی هەندێک تووتنی بۆنداری خۆمانەم بۆ بنێرێت، من لە هەنجەتێک دەگەڕام تا بەغدا جێ بێڵم و دەمویست بەشێوەیەکی فەرمی برۆم بۆیە وتم ئەو نامە زارەکییە دەگەیەنمە بارزانی، گەڕامەوە شوێنی حەوانەوەم و خۆم بۆ گەڕانەوە ئامادە کرد.

پارەی یەک ساڵی کرێی خانووەکەم دابوو، بۆ بەیانی بە ئوتۆمۆبیلە تایبەتییەکەم کە جۆری لاندرۆڤەر بوو و عومەر قادری هاوەڵم دەیئاژۆت بەڕێ کەوتین، کە گەیشتینە خاڵی پشکنین لە دەروازەی کەرکووک هەستم کرد سەرباز و ئەمنەکانی ئەوێ دەیانزانی ئێمە گەیشتین وتیان موتەسەڕیف لە دیوان چاوەڕێت دەکات، چوومە لای و بەشێوەیەکی فەرمی پێشوازیی کردم و بۆ ماوەی نیو سات باس و خواسی بارودۆخەکەمان بەشێوەیەکی گشتی کرد، ئەوەم بەهەڵ زانی و سەردانی جێگری موتەسەڕیف شێخ ئەحمەد شێخ عەبدولقادر نەقشبەندی برادەری منداڵی و رۆژانی خوێندنم کرد، دوای ماوەیەک بەشێوەیەکی فەرمی بەرەو هەولێر بەڕێ کرام.

کە گەیشتمە هەولێر، چوومە دیوانی موتەسەڕیفیەت و چاوم بە ئەحمەد موفتی کەوت کە ئەو دەمە بەوەکالەت موتەسەڕیفی هەولێر بوو، چونکە عەبدولمونعیم مەسرەف مۆڵەتێکی درێژخایەنی وەرگرتبوو و پاشان خانەنشینیان کرد، چوومە ماڵەوە تا دوای یەک دوو رۆژی دیکە بچمە سەرکردایەتی، ئوتۆمۆبیلێکی چەکداری پۆلیس تا ئەوێ هاوەڵم بوون، ئەمە دوا سەردانم بوو بۆ هەولێر و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت تا رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ واتە دوای نزیکەی هەژدە مانگ.

مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ گەیشتمە سەرکردایەتی، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد کۆتاییی بە دانیشتنەکانی هێنابوو و بە چاک و خراپ ناوی منیان نەهێنابوو چونکە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدارنەبووم و

سەرکردایەتیش بۆ پاراستنی چارەنووسم وای بەپێویستی زانیبوو، چونکە لەو نامەیەی کە بۆ کاک ئیدریسم ناردبوو هەندێک خۆپارێزیم پیشان دابوو، بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی و ئارەزووی بارزانی ناوم بۆ مەکتەبی تەنفیزی زیادکرا وەک چۆن کاتی خۆی ئەندامێتیم بۆ بەشی دادوەری دیاری کرا، بەم جۆرە گەڕامەوە سەر ژیانی ئاسایی وەک ئەندام لە سەرکردایەتیی شۆڕش و لەو ناوچەیە دەستم بەکارکرد.

دەسپێکی کارەکانم دامەزراندنی دادگای تەمیز بوو لە ناو شۆڕشی کورددا و پارێزەر جەرجیس فەتحولڵا سەرکردایەتیی کرد، فەتحولڵا لە یاساناسە بەرایییەکان بوو کە هاتبووە ریزی شۆڕش و دوای کودێتای ١٧ی تەمووز و لە بەندیخانە ئازاد کرا، خوالێخۆشبوو هادی چاوشلی(١٢) کە لە فەرمانبەرە شارەزایە کۆنەکان و لە سەردەمی قاسمدا بریکاری وەزارەتی ناوخۆ و یاساناسێکی کۆن بوو، هەروەها خوالێخۆشبوو پارێزەر عومەر جەلال حەوێزی (برای شەهید نافیز جەلال) کە ئەفسەرێکی کۆنی پۆلیس و یاساناس بوو، ئەو دووانە ئەندامی دادگای تەمیز بوون و بەر لەوەی بێنە ریزی شۆڕش لە بەغدا کاری پارێزەرییان دەکرد.

بەم جۆرە رۆژان بەسەر دەچوون و شەڕ گەرم بوو و شۆڕش زەبری کاریگەری دەوەشاندە رژێم و نۆکەرەکانی، حکوومەت بە پاڵپشتی باڵەفڕ لە چەندان بەرەوە هێرشی هێنا، بەڵام نەیتوانی بێتە پێشەوە، باڵەفڕەکان بەبێ جیاوازی ئامانجی مەدەنی و سەربازییان بۆردمان دەکرد و خەڵکیکی زۆری سڤیل تیاچوون، لە بۆردمانێکدا بۆ سەر شارۆچکەی گەلاڵە (مەڵبەندی ناحیەی باڵەک) ئوتۆمۆبیلەکەم بەرکەوت و زیانێکی زۆری پێ گەیشت، عومەر قادری هاوەڵم کە بۆ کڕینی هەندێک شتومەک چووبوو بەڕێکەوت لە مردن رزگار بوو.

لە مانگە بەرایییەکانی ساڵی ١٩٦٩ و لە ئەنجامی هێرشە بەربەرییەکانی رژێم، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بیری لەوە کردەوە کە نەخشە بۆ کردەوەیەکی سەربازیی کەمەرشکێن دابڕێژێت، ئەم پلانە دوو مانگی خایاند و

بەوپەڕی نهێنی داڕێژرا و هیچ زانیارییەک بۆ لای حکوومەت دزەی نەکرد، بۆ حکوومەت شتێکی کتوپڕ بوو کە هێزی پێشمەرگە گەیشتە ناوچەرگەی کەرکووک تا لە ئامانجێکی زۆر هەستیار بدات.

شەوی ١٩٦٩/٣/١ کاتی جێبەجێکردنی کردەوەکە بوو ئەویش لێدانی دامەزراوە نەوتییەکانی نەوت بوو لە وێستگەی K1 (کی وان)، هێزەکانمان بە هاوەن و چەکی گران ئامانجەکەیان داگرت و پێکایان و ئاگریان تێ بەردا، زیانێکی ئەوتۆیان پێ گەیاند کە بە مەلایین دۆلار مەزەندە دەکراو چەند هەفتەیەک دەرهێنانی نەوت لەو دامەزراوانە ڕاگیرا، لەو کردەوەیەدا دەستەبژێرێک لە سەرکردە سەربازییەکانی ناوچەکانی هەولێر و کەرکووک و باڵەک و ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی پێشمەرگە کە ئەندازیار سامی عەبدوڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەرکردایەتیی دەکرد بەشداربوون، هەر هەموشیان بە سەلامەتی گەڕانەوە بنکەکانیان.

ڕێژیم شێت و هار بوو، پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە هێزی پێشمەرگە بگاتە ئەو شوێنە هەستیارەی کە زۆر بەتوندی پاسەوان و ڕەبیەی سەربازی بە دەورەوەیە، بۆ ڕۆژی دوایی باڵەفڕ بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتنە بۆردمانکردنی ناوچەکانی سەرکردایەتی و شوێنی تر بۆ تۆڵەسەندنەوە لەو کردەوە پاڵەوانییە، هێرشی هێزەکانی حکوومەت و بەکرێگیراوان لە هەموو ناوچەیەکەوە بەردەوام بوو، بەڵام بێ سوود بوو و تا کۆتاییی ساڵی ١٩٦٩، دوای ئەوە کە هەموو جۆرە ڕێگایەکی سەربازییان بەکارهێنا و هیچیان دەس نەکەوت ناچار بوون ڕێگەی سیاسی بگرنەبەر، وابوو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ هاتە کایەوە کە دوایی بەدرێژی باسی دەکەم.

***

## پرۆسەی رزگارکردنی سەید مەهدی حەکیم

لە ساڵی ١٩٦٦ەوە سەید مەهدی حەکیم دەناسم و چەند جارێک بینیومە، پیاوێکی بەڕەوشت و قسەخۆش و لە کاروباری سیاسی شارەزا بوو و زانیارییەکی زۆری لەبارەی کاروباری ئاینی هەبوو، مرۆڤێکی هاوچەرخ و باوەڕی بە ژیانی دیموکراسییەتی لیبرالییانە هەبوو، لەبارەی کێشەی کوردیش بیروڕای ئەرێنی هەبوو و باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ ئەو میللەتە هەبوو، لە نێوەندە سیاسییەکان و حزبە جیاجیاکاندا برادەری زۆر بوو، لەگەڵ زۆربەی کەسایەتییە عێراقییەکاندا پێوەندیی باش بوو، لە ناو کۆمەڵگەدا پلەوپایەی دیاربوو، سەید مەهدی یەکێکە لە کوڕەکانی زانای ناودار و چاوگەی باڵای ئاینیی جەعفەرییەکان سەید موحسین حەکیم، چەند جارێک لە ماڵەکەی خۆیدا سەردانم کردووە، جارێکیان لەگەڵ خوالێخۆشبووان عەلی شەعلان و پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان سەردانمان کرد.

دوای کودێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ و هاتنە سەر حوکمی بەعس، لەبەر پایە و کەسایەتییەکەی کەوتووەتە ژێر چاودێری و راوەدوونان، بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە سەردان و هاموشۆیان دەکرد یان لەسێدارە دەدران یاخۆ دەستگیر دەکران و راوەدوو دەنران، لەبەر ئەو هەڵوێستە دوژمنانەیە سەید مەهدی ناچار بوو خۆی بشارێتەوە، بە غیابی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو.

لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٦٩ مستەفا بارزانی سەرکردە بانگی کردم و داوای کرد کە بەشێوەیەکی نهێنی قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەم کە پێوەندییان لەگەڵ شۆڕشی کورددا باشە و لە هەمان کاتیشدا لایەنگری

ڕێژیمن بۆ ئەوەی کار بۆ ڕزگارکردنی سەید مەهدی حەکیم بکەین کە ئەو کاتە لە شــارێکی باشــوور خــۆی شــاردبووەوە و هەوڵ بدەین بیــهــێنین بۆ نــاوچە ڕزگــارکــراوەکانــی ژێر دەســەڵاتی شــۆڕش یــاخــۆ ببــردرێتــە دەرەوەی عــێــراق، بارزانی ناوی ئەو کەسـەی کە شوێنی خۆشاردنەوەی حەکیمی دەزانی پێ وتم و هەروەها (وشەی نهێنی)ی نێوانیشیانی دامێ، ئینجا نامەیەکی بۆ ئەو دوو کەسە نووسی کە ئەو کارەیان ڕادەپەڕاند، ئەوانیش خوالێخۆشبوو ئەسعەد فەتاح هەرکی و شێخ زەیتۆ سەید تەها نەقشبەندی بوون.

هاتمە ناوچەی هەولێـر و چوومــە بارەگــای هێــزەکــانی پێــشــمــەرگــە لە بەرزاییپەکانی نزیک شار، جگە لە بارزانی برایان ئیدریس و مەسعوود، کەس نەیدەزانی بۆ ڕاپەڕاندنی چ کارێک هاتووم تەنانەت فارس باوە کە سەرکردەی هێزەکانی پێشمەرگە بوو لە ناوچەی هەولێر نەیدەزانی بۆچی هاتووم، تەنیا ئەوەندە نەبێت وتم حەز دەکەم ئەسعەد هەرکی ببینم.

شەڕ زۆر گەرم بوو، محەمەد ئەمین فەرەج(١٣) کە سەر بە جوداخوازەکان بوو و موتەسەڕیفی هەولێر بوو کاری پێویستی لەگەڵ هەر کەسێکدا دەکرد ئەگەر بیزانیبا لەگەڵ شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەیدا هاوسۆزە، هەندێک جار لەگەڵ هێزەکانی سوپادا هێرشیان دەبردە سەر ئەو گوندانەی کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا پێشمەرگەیان تێدابێت.

هاتنم بۆ ناوچەکە گومانی لەلای لێپرسراوانی حزب و پێشمەرگە لە ناوچەکەدا دروست کرد و هەریەکە و بە جۆرێک لێکی دەدایەوە، بەڵام هیچیان بیریان بەلای هۆکاری ڕاستەقینەدا نەچوو، ناردم بەدوای کەسێکدا کە لە گوندی قۆڕیتان دادەنیشت (ئەو گوندە ١٠-١٥ کم لە باشووری هەولێرە هی خوالێخۆشبوو جوکل ئاغای مامم بوو)، ئەو کەسەی کە بەدوامدا نارد ناوی ئەحمەد ڕەسووڵ بوو و بەکاکۆ ناسرابوو، باش دەمناسی پێشتر لەلای مامم و کوڕەکانی کاری دەکرد و نێوانیان لەگەڵ ئەسعەد هەرکی خۆش بوو و جێگەی متمانەی ئەو بوو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی لە ناوچەکەدا.

کاکۆ هاتە بارەگا، وتم حەز دەکەم بەنهێنی ئەسعەد ببینم و کارێکی گرینگم پێیەتی، کاکۆ چووە لای ئەسعەد و گەڕایەوە، وتی ئەویش حەز دەکات، بەڵام دەیەوێت خۆپارێز بێت و دەسەڵات بەهیچ جۆرێک هەست نەکات کە پێوەندییەکی بە سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردەوە هەیە، بۆ ئەوەی هیچ زانیارێک بۆ لای حکوومەت دزە نەکات، ئەسعەد جوابی نارد کە بەنهێنی بچمە ناوچەکە، شەوێکیان خۆم ئامادە کرد، چوار پێنج پێشمەرگە و کاکۆ و دەلیلەکە هاوەڵم بوون، بەپێیان ڕۆیشتین، لە ڕێگەی سەلاحەدین- هەولێر پەڕینەوە (ڕێگەی هاملتون) و بەرەبەیان دۆڵی بەستۆڕەمان بڕی، گردۆڵکەیەک بەسەر ڕێگەی گشتیدا دەیڕوانی کە رەبییەیەکی سەربازی بۆ پاسەوانی ڕێگەکە تێدابوو و چەند چەکدارێکی سەر بە ئەسعەد هەرکیش لەوێ بوون، کاکۆ چووە سەر گردەکە تا بچێتە ناو رەبیەکەوە و ئێمەش لە ڕێگەی گشتی دوورکەوتینەوە و چاوەڕێی گەڕانەوەی بووین، کاکۆ لێپرسراوی رەبییەکەی جیاکردەوە و هەندێک قسەیان کردو ئینجا هاتەوە لای ئێمەو وتی ئەسعەد وا لە مەسیفە و کابرای لێپرسراوی رەبیەکەی راسپاردووە کە لەگەڵ شێخ زەیتۆ بچنە گوندی میرئاخوڕ.

بەپەلە رۆیشتین و دوای دوو سەعات گەیشتینە رەشماڵی رەوەندێکی هەرکی، کاکۆ بە چرپە قسەی لەگەڵ خاوەن ماڵەکەدا کرد و کابرا زۆری بەخێر هێناین، ئەوەندە ماندوو بووین راست خەومان لێ کەوت، دوای سەعاتێک بە خەبەر هاتین و ماست و نان و چایەکی گەرمی بەلەزەتمان خوارد و رۆیشتین، نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی میرئاخوڕ و وەکیلی ئەسعەد هەرکی بەخێری هێناین و خواردنێکی خۆشی بۆ ئامادە کردین، لە نانخواردن بووینەوە ئۆتۆمۆبیلێکی جێب ئەمەریکی هات کە ئەسعەد و شێخ عیزەدین سەید تەها نەقشبەندی ناسراو بە (شێخ زەیتۆ) و ئەکرەم قادر هەرکی ئامۆزای ئەسعەد کە پێشتر دەمناسی لەگەڵ هەندێک چەکدار دابەزین، نامەکەی بارزانیم تەسلیمکردن و باسی پرسەکەم بۆ کردن و داوام کرد کە بە هەر نرخێک بێت و هەر ڕێگەیەکی کە بە گونجاوی دەزانن دەبێت ئەو کارە

راپەڕێن، هەروەها پێم وتن من دەگەڕێمەوە بارەگای هێزەکانمان و چاوەڕێی ئەنجامەکەم، بەڵێنیان دا کە بەزووترین کات دەچنە ئەو شارە و پێوەندی بە (نێوانچی)یەکەوە (وسیط) دەکەن وشەی نهێنیی پێ دەڵێن، هەروەها هەموو توانای خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە تەرخان دەکەن، شێخ زەیتۆ زۆر بوێرو بەگوڕ بوو بۆ چوونە کەربەلا و جێبەجێکردنی ئەو کارە سەرەڕای مەترسییەکانی.

بەرەبەری عەسر بوو، ئەسعەد داوای کرد کە گوندەکە بەجێ بێڵم نەبادا خەبەر بگاتە حکومەت و هێز دەنێرێتە ناوچەکە و ئەو کاتە بە زیندوویی یان بە مردوویی دەسگیرم دەکەن، پێم وت ئێمە زۆر ماندووین ئەو شەوەش لێرە دەبین و بەیانی دەڕۆین، بەڵام ئەسعەد مکوڕ بوو کە هەر دەبێت بڕۆین، منیش وتم بە مەرجێک دەڕۆین دەبێت بە ئوتۆمۆبیل بمانگەیەننە ئەو دیوی ڕێگەی گشتی، ئەکرەمی ئامۆزای ئەسعەد ئامادەیی پیشان دا کە تا ئەو شوێنەی ئوتۆمۆبیلی دەگاتێ بمانبات.

ماڵاواییمان لە ئەسعەد و برادەرانی کرد و ئەکرەم خۆی ئۆتۆمۆبیلەکەی دەئاژۆت، کاتێک گەیشتینە ڕێگەی گشتی مەفرەزەیەکی سوپا رای گرتین، کە سەیری ناسنامەی ئەکرەمیان کرد ڕێگەیان بۆ کردینەوە، دۆڵی بەستۆڕەمان بڕی و گەیشتینە سنووری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمان، ئێمە بەپێیان ڕۆیشتن و ئەکرەمیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

خوالێخۆشبوو ئەسعەد هەرکی زەیرک و لێزان بوو و حیسابی بۆ ورد و درشت دەکرد، وای زەن دەکرد ئەو خەبەرە دزە بکات و دوای یەک دوو ڕۆژ حکوومەت بەمە بزانێتەوە، جا بۆ ئەوەی خۆی لە لێکۆڵینەوە و سین و جیم بە دووربخاتەوە داوای لێ کردم نامەیەک بۆ سەرکردەی فیرقەی یەک عەمید عومەر هەزاع کە پێشتر دەمناسی بنووسم و تێیدا وا پیشان بدەم مەبەست لە هاتنم بۆ ئەو شوێنە گەیاندنی ئەو نامەیە بووە، نامەکە زیاتر شکڵی بوو و پەسن و پیاهەڵدانی تێدا بوو و داوا لە هەزاع کرابوو کە وەک کەسێکی خێرخواز دەورێکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگەیەکی

ئاشتییانە ببینێت، ئەسعەد بەو نامەیە خۆی پەڕاندەوە و توانی سەرکردەی فیرقەی رازی بکات، هەزاعیش رێزی لەو هەڵوێستە نا.

درەنگی شەو گەیشتینەوە بارەگاکانمان، چەند رۆژێک چاوەڕوان بووم، رۆژێکیان کاکۆ هاتە لام و دوو نامەی بۆ هێنابووم یەکیان هی ئەسعەد و شێخ زەیتۆ و ئەوی تریش هی کابرای نێوانچی لە کەربەلا کە سەید حەکیم لەوێ خۆی شاردبووەوە، لە نامەکەدا نووسیبوویان کە بە سەلامەتی حەکیمیان رزگار کردووە و بردوویانەتە دەرەوەی سنوور، ناوی شوێنەکەشیان نووسیبوو کە وڵاتێکی خەلیج بوو، برووسکەیەکم بۆ بارزانی کرد و بۆ رۆژی پاشتر گەڕامەوە سەرکردایەتی، ئەو ماوەیەی کە خەریکی راپەڕاندنی ئەو کارە بووم نزیکەی مانگێکی خایاند.

سەید مەهدی حەکیم ماوەیەک لە وڵاتانی خەلیجدا مایەوە و دوایی چووە ئێران و پاشان لە بەریتانیا جێگیر بوو، لە سەرەتای هەشتاکاندا بە هاوکاری لەگەڵ محەمەد بەحر ئەلعلوم (کەسایەتیی ئاینی و سیاسیی ناسراو) سەنتەرێکی گەورەیان بەناوی (مرکز أهل البیت)ەوە دامەزراند، لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ چەندان چالاکیی سیاسیی و ئاینیی نواندووە و مەڵبەندەکە جۆران بۆنەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسیی تێدا ساز دەدرێت، لە شوباتی ساڵی ١٩٨٧ بۆ ماوەی سێ رۆژ بۆ گیانی شەهیدی نەمر ئیدریس بارزانی پرسەمان لەو سەنتەرە دانا و هەروەها سەنتەرەکەش بەو بۆنەیەوە پرسەیەکی تایبەتی دانا.

رێکەوتێکی جوان هاتە پێشەوە، لە کاتێکدا لە بارەگاکانمان چاوەڕێی وەرامم دەکرد، رادیۆکانی جیهان ئێوارەی ١٩٦٩/٧/٢١ هەواڵی نیشتنەوەی یەکەم مرۆڤیان لەسەر ڕووی مانگ بڵاو کردەوە جگە لە تەلەفۆنی نێوان ریچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکاو ئارمسترۆنگ، ئەو کەسەی کە یەکەم مرۆڤ بوو پێی لەسەر مانگ دانا.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٨، لە کاتێکدا سەید مەهدی حەکیم

لە سوودان بەشداریی کۆنگرەیەکی ئیسلامیی دەکرد ڕێژیمی عێراق تیرۆریان کرد، خوالێخۆشبوو پێوەندیی لەگەڵ شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی بەتایبەتی بەڕێز مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەهید ئیدریس بارزانی و لەگەڵ ئێمەشدا زۆر باش بوو، لە (مرکز أهل البیت) کە خۆی دایمەزراندبوو و پرسەیەکی گەورەی بۆ دانرا و جەماوەری تاراوگە ئەو بۆنەیان کرد بە خۆپیشاندانێک، سەرجەم نەتەوە و لایەنەکان تەعبیریان لە تووڕەیی بەرامبەر ڕێژیمی بەعس کرد و خەم و پەژارەی خۆیشیان دەربڕی.

***

# گەرمبوونی شەڕەکان

هاوین و پایزی ساڵی ١٩٦٩ شەڕەکان زۆر گەرم بوون، ڕێژیم هەموو توانای خۆی وەگەڕەخست و هەوڵی دا هەموو بەکرێگیراوەکان بەکار بخات، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، لە هەندێک شوێندا توانی بەشێوەیەکی کاتی تۆزێک هەڵمەت ببات، بەڵام زوو تووشی تێشکان هات، شەڕی گران لە ناوچەکانی مەرگە، سەرگەلوو، سەنگەسەر، دەروازەی دۆڵی شەهیدان لە ناوچەی پشدەر و هەروەها لە ناوچەکانی پێنجوێن و هەڵەبجە و زۆر ناوچەی کوردستاندا قەومان.

وەبیرم دێت لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ١٩٦٩ یان سەرەتای پایز، عەسرێک بارزانی برووسکەیەکی بەدەست گەیشت کە تێیدا هاتبوو کە سەنگەسەر و دەروازەی دۆڵی شەهیدان کە کەوتوونەتە نێوان ڕانیە و قەڵادزێ لەلایەن دوژمنەوە داگیرکراون، دۆڵی شەهیدان گەلییەکی عاسێ بوو و لە شوێنێکی ستراتیجیدا بوو، داگیرکردنی ئەو دۆڵە شوێنەکانی نزیک سەرکردایەتیەتی دەخستە مەترسییەوە، بارزانی بانگی یەک لە هاوەڵە هەرە نزیکەکانی خۆی کە شەهید عومەرئاغا بوو کرد، کە ئەم پرسە چارەسەر بکات، عومەرئاغا پاسەوانی تایبەتی بارزانی بوو و لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ یەکێتی سۆڤیەت هاوەڵی بوو و پیاوێکی ئازا بوو، عومەرئاغا پرسەکەی زۆر بە سادەیی وەرگرت، نزیکەی ٥٠ پێشمەرگەی هەڵبژارد و یەکسەر ڕۆیشتن، بۆ سبەی شەو توانییان هێزەکانی دوژمن تێک بشکێنن و ناوچەکە و هەندێک شوێنی پشتەوەش ئازاد بکەن، لە سووڕانەوەیەک و خەریککردنی هێزەکانی دوژمندا زۆر بەخێرایی هێرشیان بردە سەر ڕەبیەکانی دواوە و تەنانەت ڕەبییەکانی بەراییشیان شڵەژاند و کەوتنە ناو بۆسەکانی هێزەکەوە، زەبرێکی وایان پێ

گەیاندن کە جارێکی تر نەوێرن هێرش بکەن.

هێـزەکانـی دوژمن لە شـوێنەکانـی تر بەخـتـیـان باشـتـر نەبـوو، لە ناوچەی مـەرگـە و سـەرگـەڵووشـدا تێک شکان، بەڵام لە چیـای شنـروێی پشت شـاری هەڵەبجـە دوژمن تـوانی تۆزێک هەڵمـەت ببـات و مـولازم عـەزیز ئەترووشی سـەرکـردە و پاڵەوان لەو شـەڕەدا شـەهیـد بـوو، بەڵام هەر زوو هێـزەکـانمان خۆیان کـۆکردەوە و دوژمنیـان بەزاند و شـەڕەکـە یەکلا بووەوە، ئەمـە وای لە دوژمن کرد کە ڕێگەی تر لە جیاتی ڕێگای سەربازی بگرێتە بەر.

***

## سەردانی کەسانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ کوردستان

دوای گەرمبوونی شەڕەکان و نەمانی هیچ هیوایەک لەگەڵ دەسەڵات بۆ چارەسەریەکی ئاشتییانە ئەو کاتە شۆڕشی کورد بووە تاکە هیوایەک بۆ کەسانی ئۆپۆزیسیۆن و گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی، پێوەندییان بە شۆڕشی کوردەوە کرد و بەلێشاو خەڵکانی ئۆپۆزیسیۆن روویان لە کوردستان کرد.

لە راستیدا، هیچ یەکێک لەوانە نەیانتوانی پاڵپشتییەک بۆ شۆڕش دەستەبەر بکەن، بگرە بەپێچەوانەوە هەموویان هەوڵیان دەدا بەڕێگەی شۆڕشەوە بگەن بە ئامانجەکانیان، شۆڕشی کورد تاکە رێگایەک بوو کە تیایدا دەیانتوانی کار لە رێژیم بکەن، خاڵی لاوازی رێژیم ئەوە بوو کە لە شەڕ دژ بە گەلی کورد بەردەوام بوو و کێشەکەی بەڕێگەی ئاشتییانە چارەسەر نەکرد.

یەکێک لەوانەی کە هاتە کوردستان دوکتۆر حەسەن چەلەبی یاساناسی گەورە و مامۆستا لە زانکۆی بەیرووت، دکتۆر چەلەبی چونکە نابینا بوو براکەی کە ناوی ئەحمەد چەلەبی بوو یاوەری بوو، ئەحمەد ئەو کاتە تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتر بوو و تازە لە زانکۆ پلەی دکتۆرای بەدەست هێنابوو، دکتۆر حەسەن چەلەبی (لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردوو لە کۆلێجی ماف مامۆستام بوو) پیاوێکی چاک و بەڕەوشت بوو و لە یاسا زۆر شارەزا بوو و سەرەڕای سنووورداری تواناکانی، بەڵام ئەوپەڕی ئامادەسازی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ شۆڕشی کورد پێشان دا.

دوکتۆر حەسەن و ئەحمەدی برای رۆژێک لە حاجی ئۆمەران مانەوە و لەگەڵ

بارزانی کۆبوونەوە کە برایان ئیدریس و مەسعود بارزانی و خوالێخۆشبوو زەید ئەحمەد عوسمان و حەبیب محەمەد کەریم و دوکتۆر مەحموود عەلی عوسمان و نافیز جەلال و من تێیدا بەشداربوون، هەردوو ناوبراو وتیان کە شاندێکی دیکەی عێراقی بەنیازن سەردانی ناوچەکە بکەن، ئەو کاتە لە کۆتاییی بەهاری ساڵی ١٩٦٩دا بووین، پاشان لەگەڵ زەید بەڕێگای ئێراندا گەڕانەوە، دوای ماوەیەک زانیمان کە لیوا روکن عەبدولغەنی راوی و عەبدوڕەزاق نایف بە نیازن سەردانی کوردستان بکەن، نایف پلەی موقەدەم روکن بوو و لە سەردەمی عەبدوڕەحمان عارفدا یاریدەری بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی بوو و لەو ئەفسەرانە بوو کە لە سەرۆک کۆمارەوە زۆر نزیک بوو لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری تر وەک ئیبراهیم عەبدوڕەحمان داود کە فەرماندەی لیوای پاسەوانی کۆماری بوو و سەعدون غێدان فەرماندەی کەتیبەی دەبابات، حزبی بەعس توانی سەعدوون هەڵبخەڵەتێنێت و باوەڕیان پێ هێنا کە کودێتایەکی سەربازی دژ بە سەرۆک عارف بکات، موقەدەم سەعدون لەگەڵ بەعس ڕێک بوو و ئەندامی حزب بوو بۆیە هانی دان ئەو کارە بکەن.

باڵوێز ناسر حانی کە لە باڵوێزخانەی عێراق بوو لە بەیرووت کاریگەریی بەسەر نایفەوە هەبوو و لەنێوان بەکر و ئەودا پێناو بوو، ئەوانە بە ئاسانی توانییان لە کودێتای ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨دا سەرۆک عارف لابدەن وەک باسم کرد، دوای کەمتر لە دوو هەفتەش لە کودێتای ٣٠ی تەمووزی ئەو ساڵەدا بەعس نایف و داودی لاداو بۆ دەرەوەی عێراق دووری خستنەوە.

راوی و نایف لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩دا لە ئێرانەوە هاتنە کوردستان و لە سنوور پێشوازی کران، لە حاجی ئۆمەران بە ئامادەبوونی بارزانی کۆبوونەوە سازدرا، هەمان ئەو بەڕێزانەی کە لە کۆبوونەوە لەگەڵ دکتۆر حەسەن چەلەبیدا بەشدارییان کرد لەو کۆبوونەوەیەشدا بەشداربوون، جەنەڕاڵ مەنسوور پوور وەک نوێنەری حکومەتی ئێران لەگەڵ راوی و نایفدا هاتبوو، ئامێرێکی ریکۆردەری بۆ تۆمارکردنی قسەکان دەهێنایە ژوورەوە.

نایف باسی چۆنیەتیی هاوکاریکردنی لەگەڵ بەعسدا کرد و پاشان چۆن ناپاکییان لێ کرد (ئەویش ناپاکی لە سەرۆک عارف کرد) و پاشان بەڵێن و رێککەوتننامەکانیان جێبەجێ نەکرد، ئینجا وتی دەمەوێت تۆڵەیان لێ وەربگرمەوە، نایف وا خۆی پیشان دا کە لایەنگر و پاڵپشتی لە ناو سوپادا زۆرە و بەم زووانە بۆ ئەنجامدانی کودێتایەک دژی بەعس پێوەندییان پێوە دەکات، هەروەها وتی کە پێوەندیی بە چەند لایەنێکی دەرەکییەوە هەیە و دەتوانێت پاڵپشت بۆ شۆڕشی کورد پەیدا بکات، ڕاوییش هەمان قسەکانی نایفی دووپات کردەوە، راوی لە سەرەتاوە دژی رێژیمی بەعس بوو و یەکێک بوو لەوانەی کە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ بۆ لادانی بەعسییەکان هاوکاری عەبدولسەلامی کرد، لە نایف زیاتر پاڵپشت و لایەنگری هەبوو لەناو ئەفسەرەکاندا، جگە لەوەی پلەی سەربازی گەورەتر بوو و پیاوێکی بوێر و سەرکێش بوو.

قسەکانی نایف بە هەند وەرنەگیران، چونکە لەسەر سینییەکی زێڕ حوکمی تەسلیم بە بەعسییەکان کرد، ئەگەر ئەم و داود نەبوونایە بەعس هەرگیز نەدەهاتە سەر حوکم، سەرەڕای ئەمەش سەرکردایەتیی کورد هیچ لاریی لە قسەکانی نەبوو و زۆر بە هێوری گوێیان لێ گرت، بەڵام من و نافیز جەلال چونکە پێشتر دەمانناسی لە دەرەوەی کۆبوونەوەکاندا سەرکۆنەمان دەکرد لەسەر کارە هەڵەکانی و متمانەی بە بەعس، ئەویش دانی بە هەڵەکانیدا دەنا و پەنجەی پەشیمانیی دەگەزی و زۆر لۆمەی (سەعدوون غێدان)ی دەکرد.

هەردوو میوان لەگەڵ نوێنەری ئێراندا بۆ رۆژی دوایی کوردستانیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە تاران، بەڵێنیان دا جارێکی تر سەردانی کوردستان بکەنەوە، لە کۆتاییی هاوینی ئەو ساڵەدا دیسان هاتنەوە کوردستان، بەڵام ئەو کاتە من لە دەرەوەی ناوچەکە بووم و بەشداریی کۆبوونەوەکانم نەکرد، بەڵام وەک بیستمەوە نایف و راوی ئەمجارە بابەعەلی شێخ مەحمود و سەعد ساڵح جەبر و دوکتۆر ئەحمەد چەلەبی و ئەفسەرێکی تریشیان یاوەر بوون، برادەرانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی چەند ناوێکی تریشیان پێ وتم کە

ئێستا لەبیرم نەماوە، لەو کۆبوونەوانەدا نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک، هەندێکیان لە نێوان خۆیاندا لەسەر هەندێک کاروبار و پلە و پایە و بەرنامەی کار ناکۆک بوون.

راوی پێوەندیی بە هەندێک لە ئەفسەرەکانەوە کرد بەڵام سەری نەگرت چونکە حکوومەت ئەفسەرێکی خۆی خزاندبووە نێوانیان و پیلانەکە ئاشکرا بوو بێ ئەوەی یەک هەنگاو بۆ کارەکەیان بهاوێن، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و نەیارانی حکوومەت گیران و هەر یەکێک گومانی نەیارەتیی بەعسیان لێ کردبا لە داریان دەدا، لەوانەی کە بەعس لەداریان دان و من دەمناسین: عەمید روکن محەمەد رەشید جەنابی کە لە ماڵی سەید مەهدی حەکیم چاوم پێی کەوت، چەند مانگێک لە گرتووخانەدا مایەوە ئینجا لە داریان دا، هەروەها رائید روکن عەبدولسەتار عەبدولجەبار و هی تر.

***

# رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠

دەسەلآتدارانی ناوەندی، هەموو توانای خۆیان بۆ سەرکەوتن وەگەڕخست و گشت جۆرە رێگایەکیان گرتەبەر، بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر و بە جۆران شێوازی سەربازی و سوود وەرگرتن لە لایەنگرانی و لە جاشەکان، بەلآم بێ سوود بوو و نەیتوانی بەرەوپێش بڕوات.

رێژیم هەڵتەکابوو و دوژمنانی پاکتاو نەکردبوو، دووبەرەکی و جیاوازی لە ناوەوە و پیلانەکانیش لە دەرەوە ئەوەندەی تر دۆخەکەیان ئاڵۆز کردبوو، شۆڕشی کورد گەورەترین هۆکاری لاوازبوونی رێژیم و بنکۆڵکردنی ئێسقانەکانی و بەهەدەردانی تواناکانی بوو، خەریکبوونی دەسەلآت بە دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد بواری بۆ نەیارەکانی خۆش دەکرد تا پیلانەکانیان ساز بدەن، ئەمانە وایان لە رێژیم کرد کە بەجدی بیر لە پاشەڕۆژی خۆی بکاتەوە و بە دوای رێگەیەکدا بگەڕێت کە تێیدا شوێن پێی خۆی قایم بکات و لە حوکمدا بمێنێتەوە.

ژێر بە ژێر و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەندان پێوەندی کران و پاشان شێوەیەکی تریان وەرگرت، لە بەیرووت میشیل عەفلەق و شەهید دارا تۆفیق یەکتریان بینی، دارا لایەنگری پارتی و جێگەی متمانەی بارزانی بوو (دوایی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرەی هەشتەم هەڵبژێردرا).

میشیل عەفلەق ئارەزووی حیزبەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگایەکی ئاشتییانە پێشان دا، دارا تۆفیق ئەو قسانەی گەیاندە سەرکردایەتیی حزب و بارزانی، بارزانی وەک هەموو جارێک پێشوازی لە

بیرۆکەکە کرد، بەڵام بە مەرجێک حکوومەت نیازی پاکژ بێت و داواکارییە نەتەوەیییەکانی کورد بێنێتە دی.

ئەو دیدارانە گواسترانەوە بۆ بەغدا و چەند جارێک لەگەڵ لیوا فوئاد عارفدا کۆبوونەوە، ڕێژیم بە نهێنی (سەمیر عەزیز نەجم)ی وەک نوێنەری خۆی لەگەڵ لیوا فوئاددا نارده کوردستان، فوئاد عارف کەسایەتییەکی کوردی ناسراو و دۆستی بارزانی بوو، ئەوان چوونە لای بارزانی و ویستیان بیروڕای وەربگرن کە ئاخۆ ئامادەیە بۆ وتوویژکردن؟ بارزانی هەموو کاتێک پێشوازیی لە هەر دەستێک دەکرد کە بۆ ئاشتی بهاتایە پێش، لە شۆڕشەکانی بارزان و شۆڕشی ئەیلوولیشدا بارزانی هەمان هەڵوێستی هەبووە، ئەگەر سەیری کتێبەکانی مێژوو بکەین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، بارزانی هەردەم بەرژەوەندیی گەلی کورد و عێراقی لەبەر چاو بوو و هەرچەندە لە ناوەندی هێزدا بوو و ڕێژیم تووشی بەزین هاتبوو و هێشتا خۆی قایم نەکردبوو، هەروەها بارزانی باوەڕی بەحیزبی بەعس نەبوو بەڵام گڵۆپی سەوزی بۆ داگیرساندن تا شاندێکی گەورەی حکوومەت بێنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد.

سەربەخۆییی بارزانی لەو هەنگاوە بوێرانەیدا بەدیارکەوت، سەرەڕای هەوڵەکانی شای ئێران بەپێدانی بەڵێن و دەسکەوت بەڵام بارزانی بەرژەوەندیی گەلی خستە سەرووی ئەمانە و نیشتیمانپەروەری و دڵسۆزی خۆی بۆ گەل و نیشتیمانەکەی سەلماند، بڕیاری دا لە ڕێگەی ئاشتی بەردەوام بێت وەک چۆن هەردەم دژی توندوتیژی و کوشتار بوو، ئامادەیی تەواوی بۆ پێشوازیکردنی هەر شاندێکی حکوومەت پێشان دا ئەگەر نیازێکی جدییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگایەکی ئاشتییانە هەبێت.

هەواڵ گەیشتە سەرکردایەتی کە حکوومەت ئامادەیە شاندێکی گەورە بۆ لای بارزانی و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بنێرێت و ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٣ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرا، ئامادەیی بۆ پێشوازیکردنی شاندەکە وەرگیرا، زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی و هەردوو مەکتەبی تەنفیزی و سیاسی و

برایان ئیدریس و مەسعوود چوونە خاڵی پێشوازی لە جندیانی نزیک رواندز.

شـاندی حکوومـەت بـە سـەرۆکـایەتیی فـەریق حـەمـاد شـەهاب سـەرۆکی ئەرکـانی سـوپا (دوای چەند هەفـتـەیەک کـرا بە وەزیری بەرگـری لە جـێگەی فەریق روکنی باڵەفڕەوان حەردان تکریتی کە کرا بە جێگری سەرۆک کۆمار) و ئەندامێتیی عەبدولخالیق سامەرایی ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوایەتی حزبی بەعس، فـەریق سـەعـدون غـێـدان فـەرمـاندەی مـەوقـیـعی بەغـدا (پاشـان بوو بەوەزیری ناوەخۆ)، عـەبدوڵڵا سللوم سامەڕایی وەزیـری ڕاگەیاندن و هەندێکی تر کە ناوەکانیانم لەبیر نییە.

پێشـتـر ژمـارەیەکی زۆر لە ئـەنـدامـانی شـاندەکـەم دەناسی، پێشـوازییـەکی گـەرم لە ئەنـدامـانی شـاندەکـە کرا و باوەشـیـان بـەیەکدا کرد وەک بڵـێی هیچ رووی نەدابێت، شوێنی گونجاومان نەبوو بۆ حەوانەوەی میوانان بگرە ژوورێک یان دوو ژووری لە قوڕ دراوستکراومـان هەبوو کـە سـۆبای داری تێدابوو بۆیە خانوویەکمان بۆ چۆل کردن کە دوو ژوور و هەیوانێکی بچووک بوو، ئەوێ بووە شـوێنی حـەوانەوە و کـۆبوونـەوەکـان، هـەردوو بەڕێزان فـوئاد عـارف و عـەزیز شەریف کە برادەری نزیکی بارزانی بوون لەگەڵ شاندەکەدا هاتبوون.

کـۆبوونەوە لە نێـوان هەردوولا دەسـتـی پێ کـرد، گرێی سـەرەکی کـێشـەی کەرکووک بوو، لایەنی حکومی بەهەمـوو رێگەیەک هەوڵی دەدا لیوای کـەرکووک لە ناوچـە کـوردییـەکـان دابـبـڕێت و لایەنـی کـوردی بەمـە رازی بکـات، من لەو کۆبوونەوانە ئامـادە نەبووم بەڵام دوایی زانیـمـەوە کـە بارزانـی زۆر لە عـەبدوڵڵا سللوم سامەڕایی تووڕە بوو لەسەر ئەوەی کـە نکوڵیی لە کوردبوونی کەرکووک کرد، بارزانی کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشت و وتی: مەحـاڵە دان بەوەدا بنێم کە کەرکووک شـارێکی کوردی نییـە بگرە دڵی کوردسـتـانە، نە من نـە کـەسـی تر مـافی ئەوەی نیـیـە لەو راسـتـیـیـە و هـەر بەشـێکی تری کـوردسـتـان لابدات، کـەرکـووک شـارێکی کـوردسـتـانە و هـەر بـە کـوردی دەمـێنێـتـەوە ئەگـەر کوردێکیشی تێدا نەمێنێت.

دوای ئەو هەڵوێستە مێژووییەی بارزانی، کەشوهەوای کۆبوونەوەکان گرژییان تێ کەوت، بەتکای فوئاد عارف و عەزیز شەریف بارزانی گەڕایەوە ناو کۆبوونەوەکان و چەندان بابەتی جیاواز خرانە ڕوو، لە کۆتاییدا بڕیاردرا بۆ تەواوکردنی وتووێژەکان و دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ گیروگرفتەکان شاندێکی کوردی سەردانی بەغدا بکات.

بۆ ڕۆژی دوایی و دوای خواردنی چێشتی بەیانی، پێش ئەوەی شاندەکە بڕۆن، فەریق حەماد شەهاب تکای لە بارزانی کرد یەک لەو باڵەفڕەوانانە ئازاد بکات کە لەلای شۆڕش بەدیل گیرابوو و باڵەفڕەکەی لە نێوان چیای سەفین و بێتواتە لەلایەن پێشمەرگەوە خرابووە خوارەوە، بارزانی فەرمانی دا باڵەفڕەوانەکە لە گرتیکەی رایات بێننە دەرەوە، دوای سەعاتێک باڵەفڕەوانەکیان هێنا، کە باڵەفڕەوانەکە شاندەکەی بینی داوای ئازادکردنی (ضابط صف)ێکی برادەری کرد، بارزانی فەرمانی دا ئەویشیان هێنا، ئەفسەرێک ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و داوای ئازادکردنی یەکێکی تری کرد، فەریق حەماد شەهاب تووڕە بوو و بە ئەفسەرەکەی وت بێتامی مەکە. لەلایەن سەرکردایەتییەوە شاندی حکوومەت لە خاڵی جندیان بەڕێ کران، بڕیاردرا لە ماوەی هەفتەیەکدا شاندی ئێمەش بچێتە بەغدا.

دوای بەڕێکردنی شاندەکە، سەرکردایەتی بە سەرۆکایەتیی بارزانی کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو بابەت و وتووێژانە هەڵسەنگێندران کە لەگەڵ شاندی حکوومەتدا قسەیان لەسەر کرابوو، هەروەها بڕیاردرا کۆبوونەوەیەکی گشتیی هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی و کادیرە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە سازبدرێت بۆ ئەوەی هەموو لەناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان ئاگاداربن و هەروەها ئەندامانی شاندی کوردیش دەست نیشان بکرێن.

نازانم بۆ بەم ڕێگایە ئەندامانی شاندەکە دەستنیشان کران؟ پێوەندی شەخسی لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی؟ دەکرا ناوی ئەندامانی شاندەکە لەلایەن سەرکردایەتی یان خودی بارزانییەوە دەستنیشان کرابان بەتایبەتی ئەوانەی توانا و شارەزاییان لەو کاروبارانەدا هەبوو.

هەر چۆنێک بێت کۆبوونەوەکە سازدرا، دەوری پەنجا کەس لە ئەندامانی هەردوو مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی و کادیرە پێشکەوتووەکان تیایدا ئامادەبوون، ئەو بابەتانەی لەگەڵ شاندی حکوومەتدا قسەیان لەسەر کرابوو خرانەبەر باس و ئامادەبووانیش ڕای خۆیان دەربڕی، ئینجا دەستنیشانکردنی شاندەکە بە هەڵبژاردنی ناوەکان کرا، شاندەکە لەو بەڕێزانە پێک هات:

١- د. مەحموود عوسمان- ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٢- ئەندازیار نووری سەدیق شاوەیس- ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٣- ساڵح یوسفی- ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٤- ئەندازیار محەمەد مەحموود عەبدوڕەحمان- ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی تەنفیزی پاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی.
٥- موقەدەم نافیز جەلال حەوێزی- ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.
٦- موحسین دزەیی: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی.
٧- ئەندازیار دارا تۆفیق: لایەنگری پارتی (لە کۆنگرەی هەشتەمدا ١٩٧٠/٧/١ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی).

ناوەکان خرانە بەردەم بارزانی و ئەویش ڕەزامەندی پێشان دا، شەوێک پێش سەفەری شاندەکە لە ١٩٧٠/١/٨ لەگەڵ بارزانیدا کۆبوونەوە، بابەتەکان بەدرێژی باسیان لێوەکرا و ڕێنوێنیی پێویستیان لە بارزانی وەرگرت و لە نێوان خۆیاندا دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان یان وەک سەرۆکی شاند هەڵبژارد.

سپێدەی ڕۆژی دوایی، باڵەفڕەیەکی هێلی کۆپتەر لە رواندز نیشتەوە و ئەندامانی شاندەکەی بۆ بنکەی ئاسمانی لە کەرکووک گواستەوە و لەوێشەوە بە باڵەفڕەیەکی تایبەت گەیشتینە بەغدا، لە باڵەفڕگەی ڕەشید ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوانی سەربازی و مەدەنی و حیزبی پێشوازییان کردن لە سەرووی هەموویانەوە فەریق حەماد شەهاب، دوای سەردانێکی کورت بۆ کۆشکی

کۆماری چاویان بە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر کەوت و پاشان بردرانە شوێنی حەوانەوەیان لە (القصر الابیض)، شاندەکە زۆر بە جوانی بەخێرهێنران و گەورە لێپرسراوان لە شوێنی حەوانەوەیاندا سەردانیان کردن و هۆیەکانی گواستنەوە و پاراستنیان بۆ دابین کردن.

بۆ رۆژی دوایی، شاندی هەردوولا کۆبوونەوە، لە گفتوگۆکاندا لەلایەنی حکوومەتەوە فەریق روکنی باڵەفڕەوان حەردان تکریتی و وەزیری دەرەوە عەبدولکەریم شێخلی و مورتەزا سەعید عەبدولباقی و هی تر بەشداربوون، جگە لە فوئاد عارف و عەزیز شەریف، یەکەم داواکاری شاندی ئێمە بەشداربوونی لایەنەکانی تر بوو لە وتووێژەکاندا بە تایبەتی حیزبی شیوعی عێراقی بەڵام حکوومەت بەمە رازی نەبوو و لەسەر ئەوە مکوڕ بوون کە وتووێژەکە لە نێوان هەردوو لایەنی پێک ناکۆک بێت، شاندی ئێمە بەوە رازی بوو، بەڵام لابەلا لەگەڵ نوێنەری حزبی شیوعی کۆ دەبوونەوە، لە هەر گەڕێکی وتوێژ لەگەڵ لایەنی حکوومەتدا زانیارییەکان دەدران بە حیزبی شیوعی و گوێ لە بیروڕایان دەگیرا، هەندێک لە سەرکردایەتییان نوێنەرایەتی حزبی شیوعیان دەکرد لەمانە بەڕێزان عەزیز محەمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و موکەڕەم تاڵەبانی و عامر عەبدوڵڵا و کەریم ئەحمەد و هی تر.

سبەینە و ئێوارە، بۆ ماوەی هەفتەیەک وتووێژ بەردەوام بوو بێ ئەوەی بگەنە هیچ ئەنجامێک، لەو داواکارییانەی کە خرانە بەردەم حکومەت پێدانی مافی رۆشنبیری بوو بە تورکمان و ئاشووری و دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بوو لە هەموو عێراقدا بەڵام لایەنی حکوومەت ئەمەی رەت کردەوە، دوای تەواوبوونی یەکەم گەڕی وتووێژ و رۆیشتنی شاندی ئێمە، حکوومەت یەک لایەنە بەیاننامەی پێدانی مافی رۆشنبیری بە تورکمان بڵاوکردەوە، مەرامی حکومەت ئەوە بوو ئەو دەسکەوتە بکات بە هی حیزبی بەعس نەک یەکێک بێت لە داواکارییەکانی شاندی کوردی.

لێرەدا رووداوێکی سەیر دەگێڕمەوە کە پێوەندیی بەم بابەتەوە هەیە، دوای ئەوەی حکومەت رای گەیاند کە مافی رۆشنبیری بە تورکمان داوە (بەگوێرەی

بۆچوونی خۆیان) وەک پلانێکی تاکتیکی لێپرسراوە پێوەندیدارەکان دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی ئەو پلانە، خوالێخۆشبوو خالید عەبدولحەلیم موتەسەڕیفی هەولێر جارجار سەردانی یانەکانی دەکرد تا گوێی لە بیروڕای خەڵک بگرێت و بزانێت لەو کۆڕو دانیشتنانە باسی چی دەکرێت، کۆمەڵێک دۆست و برادەری لە مێژینەم ئەو کاتە دەهاتنە یانەی ئازادی کە زۆربەیان کۆچیان کردووە (خوا لێیان خۆش بێت) لەمانە: پارێزەر ئیسماعیل یەعقوبی، جەودەت ئەحمەد ناجی، شێخیل حاجی حەسەن، سامی نورەدین، رەئوف محەمەد و هی تر، ئەوانە کوردی رەسەن بوون و لایەنگری پارتی بوون، بەڵام جارجار لە نێوان خۆیاندا بە تورکی قسەیان دەکرد.

جارێکیان خالید عەبدولحەلیم دێتە یانە و گوێی لێ دەبێت ئەوانە بە تورکمانی قسە دەکەن، ناوەکانیان لای خۆی تۆمار دەکات، رۆژی دوایی بە بەڕێوەبەری پۆلیس شەهید حوسێن شێروانی رادەگەیەنێت ئەو کەسانە بێن بۆ لای، کە دەچنە لای زۆر بەخێرهاتنیان دەکات و پێیان دەڵێت وەک زانیوتانە حزبی بەعس مافی رۆشنبیری داوە بە تورکمان، ئێوە وەک تورکمان دەبێت پاڵپشتی ئەم هەنگاوە بکەن و ئێمەش ئامادەین هاوکاریتان بکەین بۆ ئەوەی یانە و کۆمەڵەی رۆشنبیری پێک بهێنن و یارمەتیی داراییشتان دەدەین، ئەوان لە نێوان خۆیاندا پێ دەکەنن و یەکێکیان کە خوالێخۆشبوو سامی نورەدین بوو عەرەبییەکەی دووکەڵی دەکرد بە موتەسەڕیف دەڵێت (استاذ انت كلش ياغنيش أحنا أكراد) واتە مامۆستا تۆ زۆر سەهووی، ئێمە هەموو کوردین، موتەسەڕیف هیوابڕاو دەبێت و بەڕێیان دەکات.

ئەمە نموونەیەک بوو لە هەڵوێستی بنەماڵە دێرینەکانی هەولێر کە بەوە ڕاهاتبوون بە تورکمانی قسە بکەن بەڵام لە راستیدا کوردبوون و بە ئەسڵ سەر بەهۆز یان بنەماڵەیەکی کۆنی کوردستانن وەک بنەماڵەی عوزێری و چاوشلی و دۆغرەمەچی و هی تر، زۆربەی خەڵکانی ئەو بنەماڵە نەجیبانە لایەنگر یان ئەندامی پارتی بوون و هەروەها هەموویان لایەنگری شۆڕشی کورد و بارزانی بوون، هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٩٢ راستی ئەو بۆچوونەی سەلماند.

دوای گەڕانەوەی شاندی ئێمە، حکومەت رای گەیاند کە پیلانێکی کەشف کردووە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و خەڵکی سڤیل لەسێدارەدران کە هەندێکیان چەند مانگێک دەبوو لە گرتیگە بوون، ئەو گۆنگەرەیەی حکوومەت تەنیا بۆ ئەوەبوو لەدەست ئەو نەیارانەی رزگاری بێت و تاکە تاوانیشیان ئەوەبوو کە بەعسی نەبوون، دوایی بەدیارکەوت کە حکوومەت چەند رۆژێک بوو دەیویست ئەو کارە بکات، بەڵام بوونی شاندی ئێمە لە بەغدا کارەکەی دواخست.

دوای کەمتر لە هەفتەیەک، شاندێکی باڵای حکوومەت بە سەرۆکایەتیی فەریق روکنی باڵەفڕەوان حەردان تکریتی کە ژمارەیەک گەورە لێپرسراویش هاوەڵی بوون هاتنە کوردستان، دوای چەند گەڕێک وتووێژ سەردانەکە بێ هیچ ئەنجامێک بەکۆتایی هات، بڕیاردرا شاندێکی ئێمەش دوای دووەم سەردانی شاندی حکوومەت بچێتە بەغدا، مەبەست لە ناردنی ئەو شاندانە و سازدانی ئەو هەموو گەڕی وتووێژانە بەدیارخستنی دەستەپاچەیی سەرانی بەعس و عەسکەرییەکان بوو لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی کورد و بەجێهێشتنی کارەکە بۆ سەدام حوسێن بوو تا ئەو دەسکەوتە بەدی بێنێت، بە باوەڕی من ئەو کارە رێککەوتنێک بوو لە نێوان بەکر و سەدام تا وا لە رای گشتی عێراقی و کوردی بگەیەنن هەر ئەو دووانە دەتوانن گیروگرفتەکان چارەسەر بکەن.

شاندی ئێمە، لە سەرەتای شوباتی ساڵی ١٩٧٠ بۆ دووەم جار سەردانی بەغدای کرد و لە (القصر الابیض) دابەزین کە دوای (قصر الزهور) سەرەکیترین شوێنی حەوانەوەی میوانان بوو، وەک جاری پێشتر بەخێرهاتنێکی گەرمیان کردن، لێپرسراوان لە نێوانیاندا سەدام حوسێن چەندان جار لە شوێنی حەوانەوەیاندا و پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکان سەردانی شاندی ئێمەیان کرد.

بەبیرم دێت لە یەکێک لە سەردانەکاندا کە سەدام حوسێنیش ئامادەبوو، فەریقی باڵەفڕەوان حەردان تکریتی چرپاندی بەگوێمدا کە داوا لە سەدام

بکەین تا تاهیر یەحیا لە گرتگە ئازاد بکات کە چەند مانگێک بوو لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا دەینالاند، ئەو داواکارییەمان بە سەدام وت بەلام چ وەرام و بەڵێنێکمان وەرنەگرت.

ئەو گەڕەی وتووێژیش تەواو بوو و جیاوازی لە نێوان هەردوو لادا زیاتر دەبوو، ئەو خالانەی پێشتر باسیان لێوە کراو لەسەری ڕێکەوتن لایەنی حکوومەت لێیان پاشگەز بووەوە، ئەمە بووە مایەی سەرسوڕمانی ئێمە، رۆژێکیان لە کاتی دیاریکراوی کۆبوونەوەدا لایەنی حکوومەت بۆ هاوەڵیکردنمان بۆ شوێنی کۆبوونەوە دواکەوتن، دوای تێپەڕبوونی سەعاتێک پێیان راگەیاندین کۆبوونەوەکە بۆ دوای نیوەڕۆ دواخراوە، دیسان کۆبوونەوەکە دواخرا، ئێمەش نیگەران بووین و پەنجەمان بەیەک دادا، سەعاتێک بەر لە خۆرئاوا بوون فەریق روکن ساڵح مەهدی عەماش هاتە لامان و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی جێگری بەڕێز سەدام حوسێن ئێستا لەلای بارزانی گەڕاوەتەوە و تۆزێکی تر دێتە لامان.

دوای نیو سەعات سەدام حوسێن لە (القصر الابیض) هاتە لامان، دوای بەخێرهێنان بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئێستا لای بارزانی گەڕاومەتەوە (سوبحانەڵلا ئەو پیاوە تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو کە وێنەیمان کێشابوو، بارزانی پیاوێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز و فرە بێ فیزە)، ئینجا دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەفەرەکەی و بە چ جۆرێک بە رێزەوە پێشوازی کراوە و هەروەها ئاماژەی بەوە کرد نیازپاکییەک و جدییەتێک بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکی ئاشتییانە لە کایەدایە، سەدام دار جگەرەیەکی کوردی بەدەستەوە بوو، وتی ئەمە خەڵاتی بارزانییە، هەندێک لە ئێمە نارەزاییمان پیشان دا کە بۆچی بە ئێمەیان نەوتووە تا هەندێک لە ئەندامانی شاندەکەمان لەو سەفەرەدا هاوەڵی بوواین، بەلام وا دیار بوو ئەمە بە ئانقەست بوو، شاندی ئێمە بەبێ پرسی سەدام وەک بارمتە دانرابووین تا ئەو لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە.

رۆژانی دواتر دەست بە کۆبوونەوەکان کرانەوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ

چارەسـەرییـەک، هەسـتـمـان کـرد لایەنی حکوومـەت زۆر ملـهـوڕ و توند بوون، ئەمە وای لێ کردین داوای گەڕانەوە بکەین تا لەگەڵ بارزانی و ئەندامانی تری سـەرکـردایـەتی راوێژ بکـەین، شـاندەکـەمـان گـەڕایەوە کـوردسـتـان، دوای کـۆبوونەوە لەگـەڵ بارزانی و سـەرکـردایەتی سـەرجـەم کـاروبارەکـان بەوردی باسیان لێوە کرا و وتووێژ گەیشـتە ڕێگەیەکی نیمچە داخراو، بڕیاردرا وتووێژ بپچڕێت و کەس سـەفەری بەغدا نەکات، مانگێک بەسـەر ئەمـەدا تێ پەڕی، لە چەند ناوچەیەکی جیاجیادا پێکدادان بوو، هـێزەکانی پێشـمەرگە سـەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا و زیانی گـەورەیان بە هێـزەکـانی حکومـەت و بەکرێگیراوان گەیاند.

لە سەرەتای مـانگی ئاداری ئەو ساڵەدا، فەرماندەی مـەوقیعی رواندز عەقید روکن تاریق (ناوی باوکیم لەبیرنەماوە، لەلای سـەرکردایەتیی شـۆڕشی کورد خـاوەن ناوێکی باش بوو) پێی ڕاگەیاندین کە مـوتەسـەڕیفی هەولێـر خـالیـد عـەبدولحـەلیم دەیەوێت چاوی بە بارزانی و سـەرکردایەتیی شـۆڕش بکەوێت، سـەرکـردایـەتی ئامـادەگـیـان بۆ بەخـێـرهاتنی پیـشـان دا، رۆژی دوایی مـوتەسـەڕیف کـە ئەندامـێکی دیاری حـزبی بەعس بوو بەڕێوەبەری پۆلیـسی هەولێـر و خـوالێـخـۆشـبـوو مـحـەمـەد حـەسـەن دزەیی، عـەقـید روکن تاریق فەرماندەی مەوقیعی رواندز، بەڕێوەبەری ئەمنی هـەولێر هاوەڵی موتـەسەڕیف بوون، (ئەو بەڕێوەبەری ئەمنە هـاتبـووە شـوێنی عـەبدولجـەبار دلێـمـیی بەڕێوەبەری پێشوو، دلێمی پیاوێکی لاشەڕ و برادەری ئێمە بوو، بۆ لیوایەکی باشوور گواسترابووەوە و پاشان هاتە ریزی شۆڕشەوە).

دوای بەخێـرهێنان، شـاندەکە لەگـەڵ بارزانی و سـەرکـردایەتی لە بارەگـای مـەکـتـەبی سـیـاسی لە گـوندی ناوپردان (ناوچەی باڵەک- قـەزای چۆمـان) کـۆبوونەوە، شـانـدەکـە ئارەزووی رێـژیمیـان بۆ بـەردەوامـبـوونی وتـووێژ و چارەسـەرکـردنی کێشـەی کورد پیشـان دا و وتیان (بەڕێز جێگری سـەرۆک کـۆمـار سـەدام حـوسێن) حـەزدەکـات بە سـەرۆکـایەتیی شـاندێک سـەردانی کـوردسـتان بکات ئەگەر لایەنی کوردیش حـەزبکات، بارزانی و سـەرکـردایەتی

بەشێوەیەکی گشتی ئامادەییان پیشان دا وتیان ئەگەر نەگەینە هیچ ئەنجامێکیش هەر بەخێربێن.

دوای فراقین، موستەریفی هەولێر و شاندە هاوەڵەکەی گەڕانەوە تا ئەو نامە زارەکییە بگەیەنن بە سەدام حوسێن و سەرکردایەتی، رۆژی ١٩٧٠/٣/٨ برووسکەیەکمان لە فەرماندەی مەوقیعی رواندزی بەدەست گەیشت کە تێیدا هاتبوو (بەڕێز جێگری سەرۆک کۆمار سەدام حوسێن) بە سەرۆکایەتیی شاندێک رۆژی ٩ی ئاداری دێتە لاتان، لە رۆژی دیاریکراودا سەدام و شاندەکە گەیشتن، هەریەک لە فەریق روکن ساڵح مەهدی عەماش (وەزیری ناوەخۆو پاشان بوو بە جێگری سەرۆک کۆمار) و مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی (وەزیری ئابووری و پاشان بوو بە وەزیری دەرەوە) هەندێکی تر کە ناوەکانیانم لە بیرنەماوە هاوەڵی سەدام بوون، شوێنی حەوانەوەیان لە قوتابخانەی ناوپردان بۆ دابین کرا کە ئەو کاتە گونجاوترین شوێن بوو و چوار پێنج ژووری تێدابوو، فوئاد عارف و ئەو دوو کەسایەتییە ناسراوە جێگەی رێز و قەدر گران بوون لەلای بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزب و شۆڕش.

ماوەی دوو رۆژو بەشەویشەوە گفتوگۆ و وتووێژ و بەردەوام بوو، لەو کۆبوونەوانەدا لایەنی حکومی بڕیاری دا کە کورد مافی خۆیانە ئۆتۆنۆمی وەربگرن، بۆ ئەو کاتە ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بوو، خاڵی جیاوازی بە پلەی سەرەکی کەرکووک و هەندێک ناوچەی کوردی بوو کە حکومەت رازی نەبوو بخرێنە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی دواجار لەسەر ئەوە رێک کەوتن ئەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەرە لە مێژووی دەرچوونی رێککەوتننامەکە لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێری دانیشتووانیان تیادا بکرێت، ئەمە هەڵەیەکی لایەنی کوردی بوو، دەکرا لەسەر ئەو داواکارییە مکوڕ بوایە و هەر ئەو کات یەکلایی بکرابا نەک بۆ پاشەڕۆژ دواخرابا.

لایەنی کورد بە تەنیا و بۆ راوێژکردن لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی و برایان ئیدریس و

مەسعود بەشداربوون و تیایدا بارودۆخەکە و وتووێژەکان هەڵسەنگێندران، زۆربەی ئامادەبووان رایان دابوو کە رێککەوتننامەکە ئیمزا بکرێت، بارزانی هەندێک خۆپارێزی (تحفظ)ی پیشان دا و باوەڕی بە حیزبی بەعس نەبوو، بەڵام رێزی لە ڕای زۆرینە گرت بەتایبەتی پرسی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بە هەند وەرگرت.

لایەنی کوردی دووبارە لەگەڵ شاندی حکومەت کۆبوونەوە، کات گەیشتبووە نیوەشەوی ١٠ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، دوای تەواوبوونی پاکنووسی کۆتایی بەیاننامەکە نیوەشەوی ١٠-١٩٧٠/٣/١١ بەدەم چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان و هوتاف کێشانی شەهید فرەنسۆ هەریری کە لەبەر دەرگا راوەستا بوو و دەیوت بژی برایەتی کورد و عەرەب ئیمزای لەسەر کرا، بارزانی و سەدام دوو دانە لە رێککەوتننامەکەیان ئیمزا کرد و هەریەکە دانەیەکی لای خۆی پاراست و پاشان دەستیان لەملی یەکتر کرد و یەکتریان ماچ کرد.

ئەو عەسکەرییانەی کە هاوەڵی شاندەکەی حکومەت بوون بە لایەنە پێوەندیدارەکانیان راگەیاند کە بۆ رۆژی دوایی چوار باڵەفڕەی هێلی کۆپتەر لە چیای سپیلک کە سەربازگەیەکی سوپای تێدابوو ئامادە بکەن، سپیلک ئەگەر لە رواندزەوە بچیتە هەولێر کەوتووەتە کۆتاییی گەلیی عەلی بگ.

سپێدەی رۆژی ١٩٧٠/٣/١١ دوای چێشت خواردن هەریەک لە بەڕێزان حەبیب محەمەد سکرتێری حزب و برایان ئیدریس و مەسعود کوڕانی بارزانی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هاتنە پاڵ شاندەکەمان و لەگەڵ ژمارەیەک پاسەوان بە ئۆتۆمۆبیل لە ناوپردانەوە چووینە شوێنی دیاریکراو، کەشوهەوا باراناوی و زەویش قوڕ و لیتە بوو، کە گەیشتینە شوێنی باڵەفڕەکان سەربازەکان بە شادی و خۆشیەکی زۆرەوە پێشوازییان کردین بەتایبەتی کاتێک فەریق عەماش پێی وتن رێککەوتنەکە تەواو بوو و هیچ گیروگرفتێک نەما، سەربازەکان عەماشیان خستە سەر شان و بە هەلهەلەوە هوتافیان بۆ ژیانی بارزانی و بەکر کێشا، لەناو ئەو ئاپۆڕەیەدا برادەرێکی کۆن و هاوڕێی سەردەمی خوێندنی ناوەندیم خالید لەفتەم دۆزییەوە کە لام وایە موقەدەم یان

عەقید یاخۆ فەرماندەی ئەو یەکە سەربازییە بوو، دەستمان لە ملی یەکتر کرد و زۆری بەخێرهێنام و خۆشحاڵیی بەرامبەر رێککەوتنەکە پیشان دا.

هەردوو شاند گەیشتینە کەرکووک، فراڤینمان لەوێ خوارد و پاشان بە باڵەفڕەیەکی تایبەت گەیشتینە بەغدا، دوای سڵاوکردن لە سەرۆک کۆمار رووممان لە هوتێلی بەغدا کرد کە بۆ حەوانەوەمان تەرخان کرابوو، ئێمە ژمارەمان زۆر بوو و شوێنەکەش فراوان بوو، برایان ئیدریس و مەسعوود و دکتۆر مەحموود تۆزێک دواکەوتن، بە بڕوای من خەریکی داڕشتنەوەی بەیاننامەی تایبەت بەرێککەوتننامەکە بوون، لایەنی حکوومەت داوایان کرد کە سەرۆک بەکر دەقی رێککەوتننامەکە بەپێشەکییەکی تایبەت رادەگەیەنێت کە تیایدا باس لە هەوڵ و دەسکەوتەکانی بەعس دەکات، پاشان بەیاننامەیەکی پاڵپشتی لە بارزانییەوە لەلایەن دوکتۆر مەحموود دەخوێندرێتەوە تیایدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە رێککەوتننامەکە کراوە، ئەمانە هەموو لە سەعات ٨ی ئێوارەی ١١/٣/١٩٧٠ بڵاو دەکرێنەوە، رادیۆ چەند جارێک خەڵکی ئاگادار کردەوە بەم زووانە بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە کە بەرژەوەندیی گەلی عێراقی تێدایە.

دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکە و راگەیاندنی رێککەوتننامەکە، جەماوەر کە زۆربەیان کورد بوون رژانە سەر شەقامەکان و بەو بۆنەیەوە شادیی خۆیان دەربڕی، ئەو ئاهەنگانە تا بەرەبەیان بەردەوام بوون، لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان شایی دەگەڕا.

بۆ رۆژی دوایی، واتە لە ١٢/٣/١٩٧٠ لە شەقامەکانی بەغدا رێرۆیشتنێکی گەورە سازدرا، لە هەموو لیوایەکان و بە تایبەتی لە کوردستان دوای راگەیاندنی رێککەوتننامەکە شاندەکان گەیشتنە بەغدا تا بەشداری لەو رووداوە خۆشەدا بکەن، سەرکردەکانی بەعس و لە سەروویانەوە بەکر و سەدام لە (الباب الشرقی) کە برایان ئیدریس و مەسعود بارزانیش شانبەشانیان راوەستابوون و پێشوازییان لە جەماوەر دەکرد کە بە بەردەمیاندا تێ دەپەڕین و دەستیان بۆ بەرز دەکردنەوە، جەماوەر شاییيان

دەکرد و گۆرانییان دەوت و شیرنەمەنییان دەبەخشییەوە، بەکر و دوکتۆر مەحموود بەم بۆنەیەوە سەر و وتاریان خوێندەوە.

شاندی کوردی، رۆژانە پێشوازیی لە هەزاران کەس دەکرد بە تایبەتی کوردەکان کە بۆ پیرۆزبایی دەهاتن، داوەت لە کۆشکی کۆماری ساز دەدرا، شاندی کوردی رۆژانە لەلایەن ماڵی لێپرسراوێکەوە داوەت دەکرا، چەندان گەشت بۆ هەندێک لە ئەندامانی شاندی ئێمە بە یاوەری گەورە لێپرسراوانی حیزبی و حکومی بۆ لیوایەکان سازدرا.

عەسرێک سەردانی ماڵی عەبدولخالیق سامەراییمان کرد، عەبدولخالیق ئەندامی سەرکردایەتیی نەتەوایەتی و هەرێمایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوو، لە هەموو حزبییەکان جەماوەری زیاتر بوو، بەپێچەوانەی خانووی گەورە لێپرسراوان خانووەکەی ئەو زۆر سادە بوو، کەلوپەلەکانی کۆن و سادە بوون، قەنەفەکانی بریتی بوون لە کەروێتی درێژ و بە خامی سپی داپۆشرابوون وەک ئەوانەی لە ماڵە کۆنەکان یاخود لە چایخانەکان بەکاردەهێنرێن، سامەراییی خۆی چای دەگێڕا و هیچ بەردەست و خزمەتکارێکم بەرچاو نەکەوت، ژمارەی پیاڵەکان کەم بوون، ناچار بەدوو وەجبە چایەمان خوردەوە، عەبدولخالیق کەسێکی خاوێن و حزبییەکی راستگۆ بوو، بایەخی بە پارە و پوول و پلە و پایە نەدەدا بۆیە جەماوەرێکی زۆری هەبوو و بە زۆرینەی دەنگ دەردەچوو، بەڵام بۆ بەکر لە مافی خۆی دادەبەزی، لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردیشدا راستگۆ بوو و باوەڕی بە مافەکانی ئەو گەلە هەبوو، لە کاتێکدا کە سەرۆکایەتیی ئەو لیژنانەی دەکرد کە لێکۆڵینەوەیان لە پیلان دەرهەق بە ژیانی بارزانیدا دەکرد زۆر بوێرانە دانی بە لێپرسراویەتیی حزبەکەی دەنا و بێزاری خۆی بەرامبەر ئەم جۆرە کارانە دەردەبڕی.

لەبەر ئەو هۆیانە چەندان پیلان بۆ لەناوبردنی دارێژرا، لە پیلانەکەی نازم گەزار لە ساڵی ۱۹۷۳ تۆمەتبار کرا و حوکمی بەندی هەتاهەتایەی بۆ بڕایەوە، ساڵی ۱۹۷۹ کە سەدام حوسێن دوای بەکر فەرمانڕەوایی گرتە دەست بە

تۆمەتی بەشداریکردن لەو پیلانەی کە ناویان نابوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی بەعس و کادیرە پێشکەوتووەکان لە سێدارە درا. خوالێی خۆش بێت.

دوای کۆتاییهاتنی ئاهەنگەکان کە دوو هەفتەی خایاند، گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی وەزارەتێکی تازە کرا، لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە پێنج وەزیری کورد لە وەزارەتی ناوەندیدا بەشداری بکەن، پێش ئەوەی شاندی ئێمە بچێتە بەغدا بۆ راگەیاندنی رێککەوتننامەکە لەسەر ناوی بەشداربووان راوێژ لەگەڵ بارزانیدا کرا، بارزانی بە خەتی خۆی و بەو ریزبەندییە ئەو پێنج ناوەی دا بە شاندەکە:

١- موحسین دزەیی.

٢- ئیحسان شێرزاد.

٣- حەبیب محەمەد کەریم.

٤- ساڵح یوسفی.

٥- عەلی عەبدوڵڵا.

بەر لە پێشکەشکردنی ناوەکان، دیداری لابەلا و نیمچە نهێنی لە نێوان هەندێک ئەندامانی شاندەکەدا دەکرا، دوایی زانیمەوە لیستەکە دەسکاری کراوە و گۆڕانکاریش لە ناوەکان کراوە بێ ئەوەی رەزامەندی بارزانی وەربگرن یان پرسی پێ بکەن، نازانم ئاخۆ برایان ئیدریس و مەسعودیش لەمە ئاگاداربوون یان نا. لیستی ناوەکان دران بە سەرۆک بەکر، ناوی موحسین دزەیی و حەبیب محەمەد کەریم و عەلی عەبدوڵڵا لابردرابوون و لە شوێنی ئەوان محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان (سامی)، نوری شاوەیس، نافیز جەلال دانرابوون.

لە راستیدا من زۆر حەزم لە بەشداربوون لە وەزارەتدا نەدەکرد، ئەگەر بارزانی مکوڕ نەبووایە ساڵی ١٩٦٨یش هەر بەشداریم نەدەکرد، لە سەرەتاوە کە هاتمە ریزی شۆڕشەوە بۆ پلەوپایە نەبوو، ئەگەر ئەمەم بویستبا بە رێگەی

تر دەستم دەکەوت، بەڵکو هەستی نەتەوایەتی بووە پاڵنەرم تا بچمە ریزی شۆڕشەوە، بۆیە ئەو لە پشتەوە سووڕانەوەیەم زۆر پێ ناخۆش بوو، ئەگەر پێشتر پێیان وتبام بێ هیچ دوودڵییەک تەنازولم دەکرد بە تایبەتی ئەگەر بەرژەوەندیی گشتی وای ویستبا یاخود ئەگەر هی دیکە حەزیان لەو پلە و پایە بووایە.

لام وایە ٢٧ی مانگ بوو کاک ئیدریس بڕیاری دا بگەڕێتەوە کوردستان و منیش بڕیارم دا لەگەڵ ئەودا بگەڕێمەوە، هەندێک لە برادەرانم لە ئەندامانی شاندەکە وایان زەن کرد من دەچمە لای بارزانی و کار بۆ گۆڕینی لیستەکە دەکەم و لە پلەوپایە چاوەڕوانکراوەکەیان دەترسان بەڵام من مکوڕ بووم کە بۆ ناوچەی سەرکردایەتی بگەڕێمەوە، لەسەر داوای بارزانی کاک مەسعود پێشتر گەڕابووەوە، لەگەڵ کاک ئیدریس و حەبیب محەمەد کەریم و دکتۆر مەحموود عوسمان گەڕاینەوە، کە لە کەرکووک دابەزین عەلی ژەنگاری لێپرسراوی لقی ٣ی پارتی بوو لەوێ، داوای لێ کردین بەشداری لەو ئاهەنگە جەماوەرییەدا بکەین کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز سازدرا بوو، ئامادەی بەشێکی ئاهەنگەکە بووین و پاشان بە باڵەفڕەیەکی هێلی کۆپتەر عەسر گەیشتینەوە ناوپردان.

چوومە خزمەت بارزانی و بەخێری هێنام، باسی کاروبارەکانم بۆ کرد و مەسەلەی گۆڕینی ناوەکانم پێ وت، ویستی برووسکەیەک بۆ لێپرسراوان بکات، بەڵام تکام لێ کرد کە وا نەکات، چونکە دەبینە مایەی گاڵتەجاڕی لەلای لێپرسراوانی حکوومەت، بۆ بارزانیم روون کردەوە کە پلەوپایە گرینگ نییە گرنگ ئەوەیە هەر کەسە و لە شوێنی خۆیدا کاربکات، بارزانی بەمە زۆر دڵگران بوو و وتی ئەمە جاری یەکەم نییە کە سەرپێچی لە ڕێنوێنییەکان دەکەن و کەسانێک جۆرە کارێک دەکەن بەبێ ئارەزووی من، سوپاسم کرد کە سەرەتا منی هەڵبژاردووە و گەڕامەوە بارەگاکەم، ئێوارەی هەمان رۆژ لە شوێنی حەوانەوەی عەقیدی پۆلیس شێخ رەزا گولانی (دوایی بوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر) لەگەڵ حەبیب محەمەد کەریم و دوکتۆر مەحموود

عوسمان یەکترمان بینییەوە و شیڤی ئێوارەمان لای شێخ ڕەزا خوارد.

چەند ڕۆژێکم لە بارەگـا بەسـەربرد، هـیچ کـارێک نەبوو بیکەین تەنیـا تەماشـای ئەو داواکارییانەمـان دەکرد کە بۆ دامـەزراندن لە فـەرمانگەکانی حکوومـەت دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامـەکە گەیشـتبوون، دوای هەفتـەیەک گەڕامەوە هەولێر تا پشـوو بدەم، جارجـار چاوم بەو لێپرسـراوانە دەکەوت کە سـەردانی هـەولێـریان دەکـرد، لە هـەفـتـەی یەکـەمـی مـانگی نیسـان هەواڵی دامـەزراندنم بە باڵوێز لـە وەزارەتی دەرەوەدا بـەدەست گـەیشت، زۆر پێی سـەرسام نەبووم چونکە ئەوانەی لە وەزارەتدا شوێنی منیـان گرتبـووەوە وایان زەن بردبوو کە من لەو هەڵسوکەوتەیان پەست بووم بۆیە ویستوویانە قەرەبووم بکەنەوە.

چوومە ناوچـەی سـەرکردایەتیی حـیزب لە ناوپردان، چاوم بـە بارزانـی کەوت و هـەواڵەکـەم پێی ڕاگـەیاند و وتم حـەزم لە وەرگـرتنی هـیچ پایەیەکی حکومی نییـە، بەڵام بارزانی هانی دام کە قبووڵی بکەم و وتی لە دەرەوەی کوردسـتان پێویسـتیـمـان بەتۆیە و مـاوەیەک لەو شـوێنـەدا بمێنەوە و ئەگـەر بـەدڵت نەبوو دەست لە کار بکێشەوە، ئەمـەم بەبیرکـردنەوەیەکی باش لە قەڵەم دا بەتـایبەتی ئەو کاتە دەمویست بۆ ماوەیەک سەفەری دەرەوەی عێراق بکەم.

چوومە بەغدا و وەک باڵوێز لە وەزارەتی دەرەوەدا دەسـتبەکار بووم، هەندێک لە ڕۆژانی هـەفـتـە لە هۆڵی تـەرخـانکراو بۆ باڵوێزەکـان کـاتم بەسـەر دەبرد بێ ئەوەی هـیچ کارێک بکەم.

فـرمـانی دامـەزراندنی هـەریەک لـە لیـوای خـانەنشـین عـەبدوڕەحـمـان قـازی و لیـوای خـانەنشـین مـەعرووف شـێخ محـەمەد غـەریب حەفید[١٥] وەک دوو باڵوێز لە وەزارەتـی دەرەوەدا دەرچوو، دوای چەند هـەفـتـەیەک شـێخ حـەمـەغـەریب دەسـتی لـە کـار کێـشـایەوە چونکـە مـووچەی خـانـەنشـینیـیـەکەی لـە مـووچەی باڵوێزییەکەی زیاتر بوو.

## دامەزراندنم بە باڵوێزی عێراق لە پراگ

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر دامەزراندنم وەک باڵوێز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە، لە ئاهەنگی یەک لە باڵوێزخانەکاندا چاوم بە فەریق سەعدوون غێدان وەزیری ناوخۆ کەوت (شوێنی سالح مەهدی عەماشی گرتەوە کە کرا بە جێگری سەرۆک کۆمار)، غێدان خۆشحاڵی خۆی بەوە دەربڕی کە کراوم بە باڵوێزو وتی بە نیازم وەک باڵوێزی عێراق بتنێرمە چیکۆسلۆڤاکیا، ستایشی ئەو وڵاتە و شاری پراگی کرد، دیار بوو پێشتر بینیبووی، من ئەوێم نەبینیبوو، بە غێدانم وت کە ئیسماعیل عارف لەوێ باڵوێزی عێراقە، وتی بەم زووانە خانەنشین دەبێت، ماوەیەک چاوەنوارِ بووم و قسەکەم بەجدی وەرنەگرت تا چاوم بە عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوە کەوت و لێی پرسیم ئاخۆ رام چییە بەوەی وەک باڵوێزی عێراق لە پراگ دامەزراوم، بیرۆکەکەم پێ باش بوو، دوای هەفتەیەک سەردانی بەڕێوەبەری خۆیەتیم لە وەزارەتی دەرەوەدا کرد و پێی وتم بڕیاری گواستنەوەی ئیسماعیل عارف بۆ دیوانی وەزارەت دەرچووە و ناوی منیش وەک باڵوێزی تازە دراوە بە حکومەتی چیکۆسلۆڤاکیا تا بە گوێرەی یاسا دیبلۆماسییەکان رەزامەندی پیشان بدات.

دوای مانگێک، لە بۆنەیەکدا چاوم بە باڵوێزی چیکۆسلۆڤاکیا لە عێراق دوکتۆر (هروزا) کەوت و پێی وتم کە رەزامەندی ئسووڵی لە وەزارەتی دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیا گەڕاوەتەوە و پرسی کەی سەفەر دەکەم تا باڵوێزخانەکە وەربگرم، هەروەها داوای کرد رۆژێک دابنێم بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی پێشوازیم بۆ ساز بکەن، ئەو ئاهەنگە وەک نەریتێک بۆ ئەو باڵوێزە تازانە ساز دەدرا، سوپاسم کرد و وتم پەلەم نییە، چونکە بەم زووانە هەشتەم کۆنگرەی حیزب

ساز دەدرێت و هەروەها حەز دەکەم بواریش بە باڵوێزی پێشوو ئیسماعیل عارف بدرێت تا کارەکانی تەواو بکات، وا رێک کەوتین دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی هەشتەم و لە مانگی تەمووزدا ئاهەنگی پێشوازیکردنەکە ساز بدرێت.

هروزا، دوایی کرا بە وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیا و برادەرایەتیمان پتەوتر بوو و تەنانەت دوای گواستنەوەشم لە چیکۆسلۆڤاکیا بەردەوام بوو.

***

# هەشتەم کۆنگرەی حزب

چوار ساڵ بەسەر حەوتەم کۆنگرەی حزبدا تێ پەڕی، بیر لە سازدانی کۆنگرەی هەشتەم کرایەوە چونکە ماوەیەکی زۆر تێ پەڕیبوو و هەروەها دوای رێککەوتننامەی ئادار بارودۆخی تازە هاتبووە کایەوە، بڕیاردرا لە ۱۹۷۰/۷/۱ کۆنگرە سازبدرێت واتە کەمتر لە چوار مانگ دوای رێککەوتننامەی ئادار.

بەهۆی بارودۆخی ئاشتی کە دوای رێککەوتنەکە هەموو کوردستانی داگرتبووەوە و نزیکبوونەوەی نێوان پارتی لەلایەک و دەسەڵاتی ناوەندی و حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لەلایەکی ترەوە بۆیە کۆنگرەکە ناونرا (کۆنگرەی ئاشتی و یەکێتیی نیشتیمانی) و لە ژێر ئەو دروشمەدا لە گوندی ناوپردان سازدرا و نزیکەی ٥٠٠ نوێنەری حیزب کە نوێنەری سەرجەم رێکخستنەکانیان دەکرد تێیدا ئامادەبوون.

سەرۆکی حزب مستەفا بارزانی وتارێکی درێژی خوێندەوە و تیایدا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و ئاماژەی بەرێککەوتنە تازەکە کرد و داوای کرد کە بۆ جێبەجێکردنی پێویستیمان بە کار و هەرەوەزییە و پێویستە ئەرێنییەکانی رابوردوو لەبیر بکەین.

لەو کۆنگرەیەدا، شاندی ناو عێراق و دەرەوە و حزبە کوردستانییە هاوپەیمانەکان ئامادەبوون، جگە لە شاندێکی باڵای حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست کە ئەندامێکی سەرکردایەتیی نەتەوایەتی بەرەگەز سوودانی بە ناوی محەمەد سلێمان سەرکردایەتی دەکرد و سەمیر عەبدولعەزیز نەجم و چەند بەعسییەکی دیار هاوەڵی بوون، حیزبی شیوعیی عێراقیش بە شاندێکی

گەورەوە ئامادەبوون کە لە وتارەکەیاندا بەتووندی رەخنەیان لە هەڵسوکەوتی بەعس دەرهەق بەشیوعییەکان گرت، هەروەها نوێنەرانی پارتی نیشتیمانی دیموکراسی و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی و کوردە دانیشتووەکانی لبنان و رێکخراوەکانی حیزب و کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و ئەمەریکا و کەسایەتیی ناسراوی کورد (دکتۆر کامیران بەدرخان و هاوسەرەکەی) و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی پێشمەرگە و کەسایەتیی تر ئامادەبوون، کۆنگرە چەند رۆژێکی خایاند و راپۆرتە حزبیەکان لەبارەی کاری پێشوو و پرۆگرامی داهاتوو خوێندرانەوە، بە گوێرەی دوا پەرەسەندنەکان پەیڕەو و پرۆگرامی حزب دەسکاری کرا، لە کۆنگرەدا کۆمیتەیەکی ناوەندی تازە هەڵبژێردرا کە لە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێشوو پێک هاتبوو و برایان ئیدریس و مەسعوود و هەندێک لە سەرکردەکانی پێشمەرگە و کەسایەتی تر هاتنە ریزی کۆمیتەی ناوەندی، بڕوا بە مەکتەبی سیاسی پێشوو درایەوە و کۆنگرە کۆتایی هات.

پێش سازدانی کۆنگرە بە چەند رۆژێک قسە لەسەر هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندی دەکرا و دەیانوت ئەوەی کە پلە و پایەیەکی گەورە وەربگرێت پێویستە لە ریزی رێکخستنەکانی حیزبدا بێت، چوومە لای بارزانی تا بزانم ئەوە ڕا و بۆچوونی جەنابیەتی، وتی جیاوازی لەنێوان کەسێکدا ناکەم کە بە دڵسۆزی خزمەتی گەلەکەی بکات جا لە ریزەکانی حیزبدا بێت یان لە دەرەوە، پێوەری راستەقینە خزمەتکردنی میللەتە و هاتنە نێو ریزەکانی حزبیش هۆکارێکە بۆ گەیاندنی ئەو خزمەتە.

بڕیارم دا بەشێوەیەکی فەرمی نەچمە ریزی ئەو رێکخستنانەوە، تا ئەمڕۆش ئەو پرسیارە دەکرێت کە ئاخۆ حیزبیم یان نا؟ بە راشکاوی دەڵێم: ئەگەر حزبیبوون بریتی بێت لە چوونە ریزی شانەیەک یان رێکخراوێک یاخود لێژنەی ناوچەیەک- واتە بەشێوازە کلاسیکییە کۆنەکە- ئەوا دەمێکە ئەو قۆناغەم تێ پەڕاندووە و پێویستیم پێی نییە، بەڵام منیش پرسیارێک لە خوێنەری ئازیز دەکەم: بەشداربوونم لە شۆڕشی میللەتێکدا بۆ ماوەی چل

ساڵ و ئەو شۆڕشەش پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک مستەفا بارزانی سەرکردایەتیی دەکرد و دوای ئەویش سەرۆک مەسعوود بارزانی، ئینجا ئەو هەموو ساڵانە کارم لە ریزەکانی و لە سەرکردایەتیدا کە سەرکردایەتیی حزبە کرد، ئەگەر ئەمانە قبووڵکردنی حزب نەبێت ئەدی حزبیبوون چییە؟ باوەڕێکی تەواوم بە حزب هەیە و لە ژێر سەرکردایەتیی سەرۆکەکەیدا ئەو هەموو ساڵانە کارم کردووە بێگومان ئەمە لە باوەڕبوونێکی تەواوەوە هاتووە.

## سەفەرم بۆ پراگ وەک باڵوێزی تازەی عێراق

دوای کۆتاییـهاتنی کۆنگرە بە چەند رۆژێک، باڵوێزی چیکۆسلۆڤاکیا لە بەغدا ئاهەنگێکی پێشوازیی لە بارەگای باڵوێزخانە کە کەوتبووە گەڕەکی- العلویە- سـازدا، لەو ئاهەنگەدا ژمـارەیەکی زۆر لە کـوردان لە سـەرووییانەوە ئیـدریس بارزانی (کە ئەو کاتە لە بەغدا بوو) و هەموو وەزیرە کوردەکان و لێپرسراوانی حیزبی و کەسایەتییەکان و سەرجەم باڵوێز و دیپلۆماتکارە دانیشتووەکانی بەغدا ئامـادەبوون، ئەو ئاهـەنگە لە نیـوەی دووەمی مـانگی تەمـووزی سـاڵی ١٩٧٠ سازدرا، کاک ئیدریس ناسیاوی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دیپلۆماتکار و نوێنەرانی باڵوێزخـانەکـان پەیدا کـرد و لەلای هەمـووان مـایەی رێز و بەخێرهێنان بوو.

دوای ئەو ئاهەنگە خۆم بۆ سەفەر ئامادەکرد و بڕیارم دا لە نیوەی دووەمی مانگی ئابی ئەو ساڵەدا بەڕێ بکەوم، لە کۆتایی تەمموزدا چوومە لای بارزانی تا دەرفەتی لێ وەربگرم بۆ ئەو سەفەرە، کاک ئیدریسیش لە بەغدا گەڕاوە، لە یەکێک لەو خانووانەی کە لە ماوەی ئاگربەستی ساڵی ١٩٦٧دا دروست کران لەگەڵ بارزانی کۆبوومەوە، هەرچەندە خانوویەکی ئاسایی بوو، بەڵام لە چاو ئەو خانووانەی کە لە رۆژگاری شەڕدا تیایدا جێنشین بووین زۆر گونجاو بوو.

کلاشینکۆفێکم هەبوو کە خاوێنترین و جوانترین کلاشینکۆفی ناو شۆڕش بوو (پێشتر باسم کرد) پێشکەش بە بارزانیم کرد، ئۆتۆمۆبیلێکی جۆری (لاندرۆڤەر ستێشن)م لابوو کە موڵکی شۆڕش بوو تەسلیم بە سەرکردایەتیم کردەوە، لە کاتێکدا لەو خانووەدا و لەسەر کورسیەک لە تەنیشت بارزانی دانیشتبووم هەڵوێستێکی زۆر بەخشندانە و بێ فیزیم لە بارزانی بینی کە تەعبیر بوو لە بەخشندەیی و لێبووردەیی لە کاتی هێز و دەسەڵاتدا.

کات بەرەبەری ڕۆئاوا بوو، ئێمە بەرامبەر دەرگەی حەوشە دانیشتبووین، پیاوێکی بەساڵاچوو کە جلوبەرگی عەرەبیی پۆشیبوو لەگەڵ پیرەژنێک کە جلوبەرگی لادێیی عەرەبی لەبەردابوو لەدەرەوەی خانووەکە راوەستابوون، بارزانی فەرمانی دا پیاوەکە بێننە لای و ئافرەتەکەش ببەنە لای ژنان، پیاوەکە هات و بەزەحمەت دەیتوانی بڕوات، شوێنی خۆم بۆ چۆل کرد و لە تەنیشت بارزانی دانیشت، کابرا دەستی دەلەرزی، نازانم لەبەر نەخۆشی بوو یان پیری یاخود شڵەژابوو، بارزانی بەخێرهاتنی کرد و جگەرەیەکی بۆ داگیرساند و چایەی بۆ بانگ کرد، کابرا رووی دەمی لە بارزانی کرد و وتی: من باوکی عەبدولعەزیز عوقەیلیم و کوڕی تاقانەمە، ئێستا لە گرتیگەیە و بە لە سێدارەدان حوکم دراوە، هاتووم تا یارمەتیم بدەیت و ژیانی رزگار بکەیت، بارزانی کابرای هێور کردەوە و داوای کرد چایەکەی بخواتەوە، ئینجا وتی: عوقەیلی سەرسەختترین دوژمنی شۆڕش و گەلی کورد بووە و هەردەم هەڵوێستی توندی هەبووە، ئەو کاتەی کە لە حوکمدا بوو ئەگەر توانامان هەبووایە دەمانکوشت بەڵام خوا سەری نەخستین، مادامەکێ تۆ لەو میحنەتەدایت و ئەویش لە تەنگژەدایە ئەوا من دڵنیات دەکەمەوە کە هەموو توانای خۆم بۆ رزگارکردنی ژیانی وەگەڕ دەخەم، سبەینێ ئیدریسی کوڕم دەنێرمە بەغدا و بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەک بۆ سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر دەنێرم، کابرا سوپاسی بارزانی کرد و داوای تەمەن درێژیی بۆ کرد.

بارزانی لەسەر بەڵێنی خۆی بوو، ئیدریسی نارده بەغدا و چاوی بە بەکر کەوت، بەکر بەڵێنی دا سزایەکەی عوقەیلی سووک بکات، دوای چەند رۆژێک بڕیارێک دەرچوو و سزایەکە لە ئیعدامەوە بوو بە دە ساڵ بەندی، دوایی زانیمانەوە کە عوقەیلی لە بەندیخانە مردووە، جا نازانم مردنێکی ئاسایی بوو یان کوشتیان (خوالێی خۆش بێت و لێی ببوورێت).

ئیزنم لە بارزانی وەرگرت و رای سپاردم کە لە کارەکەمدا جدی بم و داوای سەرکەوتنی بۆ کردم و وتی: تکا دەکەم میللەتە زوڵم لێکراوەکەت لەبیرمەکە.

ئەو شەوە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی مامەوە و بۆ بەیانی چوومە هەولێر

و دوو سێ ڕۆژ مامەوە و پاشان چوومە بەغدا، لەوێ چاوم بە سەرۆک بەکر و سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کەوت، بەڵگەنامەی متمانەپێکردنم وەرگرت کە بریتی بوو لە نامەیەکی تایبەتیی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ سەرۆکی چیکی و دەستەواژەی دەسەڵات پێدان و ڕێ پێدانی تێدابوو وەک باڵوێزێکی متمانەپێکراوی عێراق لە پراگ، لە ١٩٧٠/٨/١٠ چوومە لای وەزیری دەرەوە، ئینجا بە باڵەفڕە گەیشتمە بەیروت، هەردوو کوڕەکانم شێروان کە تەمەنی پازدە ساڵ بوو و بارزانیش کە تەمەنی دوازدە ساڵ بوو لەگەڵمدا بوون.

ڕۆژێک بەر لە سەفەرەکەم، ژمارەیەکی زۆر لە برادەران و ناسیاوان و هەڤاڵانی ڕێگەی خەباتم لە شۆڕشی کورددا بە تایبەتی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر و سەرکردە پاڵەوانەکەیان فارس باوە و فەرماندەی فەوجەکانی ئەو هێزانە وەک سەید کاکە و عوسمان یوسف و سمکۆ عەلی و محەمەد بەربەیار هی تر جگە لە برادەرانی هەولێر و دەوروبەری کە ژمارەیان لە ١٠٠ کەس زیاتر بوو گەیشتنە بەغدا، ئێوارە ئاهەنگێکی میللییانە بۆ بەڕێکردنم لەلایەن ئەو خزم و برادەرانەوە لە باخچەی هوتێلی- العراق الحديث- لە شەقامی سەعدوون بۆ سازدرا، ئەو هوتێلە هی برادەری خوالێخۆشبوومان عەبد مەتی بوو، ئاهەنگەکە سەرەڕای سادەییەکەی بەڵام زۆر پڕ چێژبوو و خۆشەویستی و برادەرایەتی ڕاستەقینە دەردەبڕی.

بۆ ڕۆژی دوایی، ئەو حەشاماتە بۆ بەڕێکردنم هاتنە باڵەفڕگەی بەغدا و ئەوانەی کە لە وەزارەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی باڵوێزخانەی چیکۆسلۆڤاکیا بەشێوەیەکی فەرمی بۆ بەڕێکردنم هاتبوون کە ئەو قەرەباڵغییەیان بینی سەریان سوڕما، ئەو یادەوەرییە لام زۆر ئازیزە.

## وەک باڵوێزێک لە پراگ

گـەیشـتـمـە بـەیروت و سێ چوار ڕۆژم تیـادا بەسـەربرد، لەوێ چاوم بە کـەسایـەتیی ناسـراوی کورد بـابە عـەلی شـێخ مـەحـمـوود کـەوت و مـاوەیەک بەیەکەوە بووین، هـەروەها چەند برادەرێکی ترم بینی و سـەردانی باڵوێزخانەی عـێـراقم کـرد و چاوم بـە باڵوێز عـەبدولفـەتـاح یاسین کـەوت، هـەر لە بـەیروتدا مـحـەمەد حـوسـێن مـەلا دزەییی ئامـۆزام بینی، مـحـەمـەد ئەو کاتە لە وەزارەتی کشتوکاڵ فەرمانبەر بوو، جا نازانم بەسەردانێکی فـەرمی یان تایبەت هاتبووە لبنان، لە هاوینەهەواری ــعالیە-ش حـاجی هادی راویی برادەرم بینی کـە لە وەزارەتی ناوەخۆدا پشکنەر بوو و پیاوێکی قسە خۆش بوو، کاتێکی خۆشمان بەیەکەوە بەسەربرد.

لە ١٥ی مـانگی ئاب چوومـە ڤیـەننا، لەوێ دکـتـۆر حـەمـەد دەلی کـەربوولی باڵوێزی عێراق و هـاوسـەرەکـەی دکتۆرە سـوعاد مـەجید سـوهـەیل کـە هـاوڕێی ڕۆژانی خـوێندنم بوو لە کۆلیژی مـاف و هـەروەهـا برادەری لە مێژینەم مـالیک عـەبدولحـەمید ئەلیاسـری کـە لە باڵوێزخـانەی عێراق لە ڤیـەننا کـاری دەکرد پێشوازییان کردم.

بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ باڵوێزخانەی پراگ کرد، بڕیاردرا ١٨ی مانگ بچمە لایان، هـەر لە ڤـیـەننا بـە تەلەفـۆن قـسـەم لەگـەڵ تـاریق عـانی بەڕێوەبەری ژمـێـریاری لە بـاڵوێزخـانە و سـامـیـر ئـەعـزەمی سکرتێـری سـێـیـەم و هەڵسووڕێنەری کار لە باڵوێزخانەدا کرد.

کە لە بەغدا بووم چوومـە لای وەزیری ناوەخـۆ داوام لـێ کـرد هانی تۆفـیق نائیب کـە سکرتێـری یەکـەم بوو بـۆ پراگ بگواسـتـرێتـەوە چونکە برادەری

ڕۆژانی خوێندنم بوو لە پراگ و هاوسەرەکەشی خاتوو سەراب بابان کچی دوا سەرۆک وەزیرانی سەردەمی مەلەکی ئەحمەد موختار بابان و برازای مەحموود بابانی برادەرم بوو، وەزیر رازی نەبوو بەڵام بەڵێنی دا یەکێکی تر بنێرێت کە من پێی رازی دەبم، دوای چەند هەفتەیەک عەبدولقادر قەلەمچی لە مەغریبەوە گواسترایەوە بۆ پراگ کە پێشتر دەمناسی و تا ئەو ماوەیەی لەوێ بووم هەر لەگەڵمدا مایەوە.

ڕۆژی ١٨ی ئاب چوومە پراگ، وا ڕێک کەوت ئەو ڕۆژە دووەم ساڵوەگەڕی چوونە ناوەوەی سوپای سۆڤیەت و داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا بوو دوای جووڵانەوەکەی دوپشتیک لە ساڵی ١٩٦٨ کە قوتابیەک بەناوی یان پلاخ بۆ نارەزایی دەربڕین خۆی کوشت، هەڵبژاردنی ئەو ڕۆژە بە مەبەست نەبوو بگرە وا ڕێک کەوت، ئەو ڕۆژە شارەکە هێمن بوو، پیاوانی ئەمن بە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە، لە باڵەفڕگەدا بەڕێوەبەری تەشریفات لە وەزارەتی دەرەوە دکتۆر ڕۆشکوت کە دوایی بوو بە برادەرێکی نزیکم و هەندێک لە باڵوێزە عەرەبەکان و سەرجەم ئەندامانی باڵوێزخانەی عێراق و پاشکۆکانیان کە لەپێشەوەیان پاشکۆی سەربازی عەقید روکن عەبدوڕەحمان ناسر بوو پێشوازییان کردم، پێشتر ئەو عەبدوڕەحمان ناسرەم دەناسی کاتێک لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا لە ساڵی ١٩٦٤ دادوەری گشتیی سەربازی بوو.

برادەری لەمێژینەم عەبدولسەتار دووری کە پاشکۆی ڕۆشنبیریی باڵوێزخانە بوو ئەو دەمە بۆ پشوودان چووبووە دەرەوەی پراگ، عەبدولسەتار پاشان کرایە باڵوێز لە کوبا و ئێستا لە ئەوروپایە، دوای مەراسیمی پێشوازی، بەڕێوەبەری تەشریفات و ئەندامانی باڵوێزخانە بردمیانە شوێنی حەوانەوەم و ئەو خانووەی کە بۆ باڵوێز تەرخان کرابوو، لەوێش کارمەندە خۆییەکان بە ژن و پیاوەوە پێشوازییان کردم و دوای پشوودانێکی کورت ڕۆیشتن.

ڕۆژی ٢٦ی مانگی ئاب بۆ پێشکێشکردنی بەڵگەنامەی متمانەم بە سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا دیاری کرا، بەڕێوەبەری تەشریفات لە وەزارەتی

دەرەوە بە ئوتۆمۆبیلێکی تایبەت بردمییە شوێنی حەوانەوەی سەرۆک کۆمار لە کۆشکی هاراچانی کە لە کۆشکە کۆنەکانی مەلەکییە و پڕە لە تابلۆ و شتی دانسقە و گەشتیاران سەردانی دەکەن و یەکێکە لە شوێنەوارە دیارەکانی پراگ.

بەر لەمن، هەندێک فەرمانبەری باڵوێزخانە و هەردوو پاشکۆی سەربازی و رۆشنبیری گەیشتبوونە ئەوێ و لە هۆڵێکی تایبەتدا چاوەڕوان بوون، پاسەوانی شەرەف لە گۆڕەپانی کۆشکەکەدا ریزیان بەستبوو، دوای بەجێگەیاندنی هەندێک کاری ئسوولی و سلاو لە یەکتر کردن چوومە ناو کۆشکەکەوە و سەرۆکی تەشریفات لەبەر دەرگا چاوەڕێ بوو و چووینە ناو هۆڵی تایبەت بە پێشوازیی باڵوێزان و فەرمانبەرانی باڵوێزخانەش بەدوامەوە بوون، لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا جەنەراڵ سفۆبۆدای سەرۆک کۆمار راوەستابوو، دوای سلاو بەڵگەنامەی متمانەم پێشکێش کرد و بەم بۆنەیەوە وتارێکم خوێندەوە و باسم لە پێوەندی باشی نێوان هەردوو ولات کرد و سەرۆکیش وتارێکی خوێندەوە، ئینجا یەکەیەکە ئەندامانی باڵوێزخانەم پێ ناساند، پاشان سەرۆک کۆمار و من و سەرۆکی تەشریفات چووینە ژوورێکی تر.

سەرۆک کۆمار، پیاوێکی بەسالاچوو و لە جەنەراڵە سەربازییەکان و یەکێک لە پاڵەوانانی بەرگری بوو، هیچ پایەیەکی حزبیی نەبوو، لەو باوەڕەدام بڕوای بە شیوعیەت نەبوو، بەڵام لەبەر تەمەن و رۆڵی پێشووی و رێزی لای هەمووان بۆ ئەو پایە رواڵەتی و پرۆتۆکۆڵییە هەڵبژێردرابوو، هەندێک قسەمان کرد و دەیزانی من کوردم و ناوی بارزانیی بیستبوو و لە دوورەوە دەیناسی هەرچەندە یەکتریان نەبینیبوو، دەیزانی کە ساڵی ١٩٥٨ کە بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە بە چیکۆسلۆڤاکیادا تێ پەڕیوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێ پەڕیبوو.

دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی پێشکێشکردنی بەڵگەنامەی متمانە بەهاوەڵی سەرۆکی تەشریفات لە وەزارەتی دەرەوە بە ئۆتۆمۆبیلی خۆم

گەڕامەوە شوێنی حەوانەوەم، دوای ئەو ڕێوڕەسمە سیفەتی فەرمیم وەرگرت و ئالآی عێراق بەسەر ماڵی باڵوێز و ئوتۆمۆبیلەکەمدا شەکایەوە، دوای پشوودانێک و خواردنی کێک و ساردەمەنی بەم بۆنەیەوە ئەوان ڕۆیشتن و منیش چوومە باڵوێزخانە و بەشێوەیەکی فەرمی دەستم بەکارکرد، یەکەم کارم ئاراستەکردنی نامەی ڕۆتینی بوو بۆ سەرجەم سەرۆکەکانی دەستەی دیبلۆماسیی باوەڕپێکراو لە پراگ و پێم ڕاگەیاندن کە بەشێوەیەکی فەرمی بەڵگەنامەی متمانەم پێشکێش کردووە.

تێبینیی ئەوە دەکرێت کە ماوەی نێوان گەیشتنم بۆ پراگ و پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی متمانەم تەنیا هەفتەیەکی خایاند، ئەمەش بەڵگەی پێوەندیی پتەوی نێوان عێراق و چیکۆسلۆڤاکیا بوو، ئەو پرۆسەیە بە گوێرەی پێوەندیی نێوان هەردوو وڵاتە، جاری وا هەیە چەندان ڕۆژ و هەفتە دەخایەنێت، دوای ئاراستەکردنی نامەکان دەستم بەسەردانی ئاسایی بۆ لای سەرۆکایەتی دەستەی دیپلۆماسی بەگوێرەی ئسوولْ کرد، ئەمەش بەگوێرەی پێوەندیی ئەو وڵاتانە لەگەڵ عێراق و یان بەگوێرەی کۆنییان ئەنجام دەدرا و ڕۆژانە دوو سەردانم دەکرد، ئینجا ئەوان سەردانی منیان کردەوە و ئەمەش چەند مانگێکی خایاند.

راگری سلکی دیبلۆماسی، باڵوێزی سۆڤیەتی بوو بە ناوی چرنینکۆ بوو، لە خانووێکی تەنیشت خانووەکەی مندا جێنشین بوو، نێوانمان زۆر زۆر باش بوو، عەمیدی سلکی دیپلۆماسی عەرەبیش باڵوێزی میسر مەجدی حەسەنەین بوو کە لە ئەفسەرانی میسر و دۆستی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر بوو، نزیکەی هەشت ساڵ وەک باڵوێز لە پراگ کاری کردبوو، پیاوێکی پڕ چالاکی و کۆمەڵایەتی بوو، زۆر جاران لە باڵوێزخانە داوەتی ساز دەکرد، هەروەها باڵوێزی لبنان حاج تۆما دراوسێم بوو کە پاشان جان ئەسکەندەر ڕەیاش هاتە شوێنی و باڵوێزی ئێرانیش هۆشەنگ سەفی نیا، هەرسێکیان برادەرم بوون.

کە گەیشتمە پراگ، باڵوێزە عەرەبەکان زوو زوو دەگواسترانەوە پاش مردنی

جـەمـاڵ عـەبدولنـاسـر بەمـاوەیەکی کـەم باڵوێزی مـیـسـر گـواسـتـرایەوە و سـەعدەدین مـتوەلی هاتە شـوێنی کە ئەمـیش کەسێکی سەربازی بوو، راگری سلکی دیپلۆمـاسـیی عـەرەبی درا بە دوکـتـۆر ئـەدیب باڵوێزی سـوریا، دوای ئەوەی حـافـز ئەسـەد بوو بە سـەرۆکی سـوریا، وەزیری دەرەوەی ئـەو کـاتەی سـوریا عەبدولحەلیم خـەدام سـەردانی چیکۆسلۆڤـاکیای کـرد، پاش مـاوەیەکی کەم باڵوێزی سـوریا گـواسـترایەوە و سـەید عـەلوش هاتە جێگەی و سـاڵێکی نەبرد من بووم بە راگری سلکی دیپلۆماسی عەرەبی.

پێوەندیم لـەگەڵ هەمووانـدا زۆر باش بوو، تـوانیم برادەرایەتی لەگەڵ کـەسـان و دەسـتـەی دیپلۆمـاتی و لێپرسراوانی چیکۆسـلۆڤـاکیدا پەیدا بکەم، تەنانەت برادەرایەتیـم لەگـەڵ نێوەندە نـافـەرمـیـیـەکـانی وەک ئەندازیاران و پـزیشکان و مـامـۆسـتـایانی زانکـۆشـدا پەیدا کـرد، عـەبدولکەریم شـێـخلی وەزیری دەرەوە و مـورتەزا حەدیسی کە کـارم لەگـەڵیـانـدا کردووە ئەمـەیان پشت راست کردەوە، حـــەدیسی پـیـاوێکی بەڕەوشـت و برادەرێکی دڵسـۆز بوو، پێـوەندیم لەگـــەڵ بریکاری وەزارەتەکانیش هـەر زۆر زۆر باش بوو بە تایبەتی لەگەڵ شـازیل تاقە کە دوایی بوو بە وەزیری دەرەوە (خوا لە هـەموویان خۆش بێت).

ژیان لە پراگدا بەشـێـوەیەکی گشـتـی خـۆش بوو، بەڵام پڕ مـاندوو بوون بوو، وڵاتێکی جوان و سروشتێکی رەنگین و هـەموو شت هـەرزان بوو بەڵام ئێمە زۆر ماندوو بووین، پێوەندیی نێـوان هـەردوو وڵات زۆر باش بوو ئەمەش داواکاری و ئیشـی زیاتر کـرد، سـەردانی فـەرمـیـی وەزیرەکـان و شـانـدەکـان زۆر زۆر بوو، تەنانـەت سـەردانی وڵاتە سـۆشـیـالیـسـتـەکـانی تـریش یان وڵاتـانـی ئەوپەڕی رۆژهـەڵات بە پراگ دا تێ دەپەڕی بۆیە باڵوێزخـانە ئەرکی زۆری کەوتبووەسـەر، لەگەڵ هـەندێش تیمێکی کـارکردنی باش لە باڵوێزخـانە بوون، هـەردەم هـاریکار و گـونجـاو بـوون، لاوە دیپلۆمـاتەکـان سـەرەڕای ئـەوەی کـە تازە بـوون بەڵام لە هـەڵسوکەوتیاندا جدی و بەڕەوشت بوون.

دوای گـەیشـتـنم بۆ پراگ بە چەند هەفـتـەیەک، سکرتێری یەکەم عـەبدولقـادر قەلەمچی لە باڵوێزخانەی عێراق لە (الرباط)ەوە گواسترایەوە بۆ پراگ، پاشان

تەها داود[١٦] وەک پاشکۆی بازرگـانـی و عـامـر رەشـیـد سـامـەرائی وەک پاشکۆی رۆژنامـەوانی دەسـتـبـەکـار بوون جگە لە پاشکۆی رۆشنبـیـری عەبدولسـەتار دووری کۆنە برادەرم وەک پێشـتـر ئاماژەم بۆ کرد، هـەموو بە گونجاوی کاریان دەکرد.

دوای چەند مـانگێک لە دەست بەکـاربوونم، وەزارەتی دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیا پێوەندییان بە باڵوێزخانەی عێراقەوە کرد و وتیان ئەفسەرێکی گەورە بە پلەی ژەنەراڵ لە باڵەفڕگەی پراگ دەڵێت من وەک پاشکۆی سەربازی دامـەزراوم بەڵام پاسـپـۆرتی لا نییـە، قـەلەمـچـیم ناردە باڵەفڕگـە تا بزانێت پرسەکە چییە، پاشکۆی سـەربازیی یەکەم عەقید روکن عەبدوڕەحمان ناسر گـواسـتـرابووەوە و کـەسـیـان لە شـوێن دانەنابوو، بە گـوێرەی نەریتی دیپلۆمـاسـیش دانانی هەر پاشکۆیەکی سـەربازیش لە هەر شـوێنێک رەزامەندیی ئە و وڵاتەی دەوێت پێش ئەوەی پاشکۆکە دەست بەکار بێت وەکو دانانی باڵوێز.

دوای ماوەیەک، لە فڕگە سکرتێری یەکەمی باڵوێزخانە بە تەلەفۆن قسەی لەگـەڵدا کـردم و وتی ئەفـسـەری ناوبراو عـەمـید روکن حـەمـید سـەراج بەڕێوەبەری جـوولانەوە سـەربازییـەکـانی وەزارەتی بەرگـرییـە و هیچ بەڵگەنامـەیەکی سـەفـەری هەڵنەگرتووە، توانیـمان رەزامـەندی بۆ وەربگرین بەشێوەیەکی کاتی بێتە ناو چیکۆسلۆڤاکیاوە تا کارەکەی مەیسەر دەبێت، سـەراج لەگەڵ سکرتێری یەکەم هاتنە باڵوێزخانە، پێشـتر لە ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر ئەو ئەفسەرەم بینیبوو کاتێک لەژێر فـەرماندەری عەمید روکن کەمال مستەفا لە لیوای سێدا کاری دەکرد، زۆر بێ هێز و ماندوو دیار بوو، دوای بەخێرهێنان و پشوودانێکی کورت وتی هیچ لەبارەی گواستنەوەکەی نازانێت هەر ئەوەندە نەبێت بەزۆری خستوویانەتە ناو باڵەفڕەوە و پێیان وتووە کە بە پاشکۆی سـەربازی لە پراگ دامـەزراوە، بواری ئەوەیان نەداوە کـەلوپەل و هەگبەی سەفەریش ئامادە بکات، بەدیارکەوت کە سەڕاج گەورە ئەفسەری وەزارەتی بەرگری لە فـەریق حـەردان تکریتـیـیـەوە زۆر نزیک بووە (حـەردان

سـەرەتا وەزیری بەرگـری بوو پاشـان کـرا بەجـێگری سـەرۆک کـۆمـارۆ بە ئەرکێکی فەرمی نێردرایە دەرەوە و لێ نەگەڕان بگەڕێتەوە بۆ عێراق، دوای چەند مـانگێک لە کـوێت کـوشـتـیـان)، سـەراج بە لایەنگری تکریتی حـسـێب کرابوو لە ترسی ئەوەی هیچ شتێک دژ بەڕێژیم نەکات، دوای پێوەندیکردن بە هەردوو وەزارەتی دەرەوەی عێـراق و چیکۆسلۆڤـاکیا رەزامەندی وەرگـیرا بە دانانی وەک پاشکۆی سـەربازی لە باڵوێزخـانەی عـێـراق و پاسـپـۆرتی دیپلۆماسیی وەرگرت.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا، لە کوردستان و بەغداوە خەبەرم بۆ هات کـە لە بەغـدا پـیـلانێک بۆ کـوشـتـنی ئیـدریس بارزانی داڕێژراوە و ئوتۆمـۆبیلەکـەیان داوەتە بەر ڕێژنەی گـوللە، خـۆشـبـەخـتـانە لە ناو ئوتۆمـۆبیلەکـەدا نەبووە، هەر ئەو رۆژە بارزانی داوای کـردووە و گـەڕاوەتەوە کوردستان.

لە کاتی دەستدرێژییەکەدا، هەریەک لە محەمەد عەزیز قادر بەڕێوەبەری کارگێڕی بارەگای مەکتەبی سیاسی و حەمید بەرواری فەرماندەی هێز و حوسێن کاوانی شوفێر لەناو ئوتۆمۆبیلەکەدا بوون، تەنیا حەمید چەکێکی سـووکی لەلا بووە و توانیـویەتی بەرگـری بکات، پیـلانگێـڕان لە شـوێنی رووداوەکـە کـلاشـینکۆفـێک بەجێ دەهێـڵن، دوای ئەوەی کـە لە ژمـارەی کـلاشـینکۆفـەکـە ورد دەبنەوە بەدیار دەکـەوێت کـە ئەو چەکـە لە کـۆگـاکـانی حکومـەتەوە دراوە بە یەکـێک لـە بەکـرێگیـراوانی رێژیم و برادەری گـەورە لێپرسراوان بووە.

لە ئەنجـامی دەسـرێژەکـەدا، حـەمـیـد بـەرواری زۆر خـراپ پێکراو تووشی نیمچە شەلەل بوو و تا ئێستاش بەدەستییەوە دەناڵێنێت، دوای ئەوەی چەند هەفتـەیەک لە نەخـۆشـخـانەدا مـایەوە پاشـان ناردیانە نەخـۆشـخـانەیەکی بەریتـانیا بەمـەبەسـتی چارەسـەریی و چەنـد مـانگێک لـەوێ مـایەوە، لەکـاتـی گـەڕانەوەیدا بـاڵەفـڕەکـە لە پراگ نیـشـتـەوە، لە لەندەن نوێنەری پارتی هاوار کاکەزیاد تەلەفۆنی بۆ کردم، بەپەلە چوومە باڵەفڕگە و پێشوازیم لە بەرواری

کرد، بەدەست برینەکەیەوە دەینالاند و لەسەر کورسیەکی بزۆک دانیشتبوو، داوام لێ کرد بچینەوە پراگ تا لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەم جۆرە حاڵەتانە بخەوێت.

دوای چەند مانگێک، حەمید بەرواری بۆ تەواوکردنی چارەسەری گەڕایەوە و لەگەڵ عەزیز شێخ رەزای برادەرم هەموو توانای خۆمان خستەگەڕ و ئەو کاتەی کە لە نەخۆشخانەیەکی پراکدا بوو هەموو رۆژێک سەردانمان دەکرد و بردمانە نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی پراگ کە کەوتبووە نزیک سنووری پۆلۆنیا و ناوی کوناپشتا بوو، لە هەموو پشووەکانی هەفتەدا سەردانم دەکرد، وردە وردە بەرەو باشی دەچوو چونکە شێوازی چارەسەرییەکەی زۆر سوودبەخش بوو.

حەمید بەرواری شایەنی هەموو جۆرە یارمەتی و بایەخ پێدانێک بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا رۆڵێکی پاڵەوانانەی بینیبوو، لە سەرجەم شۆڕشەکاندا هەر لە ریزی پێشەوە بووە و سەرکەوتن هاوەڵی بووە، لە کاتی شۆڕشدا، یەکێک بوو لەو پاڵەوانانەی کە ئاماژەی بۆ دەکرا، لەلای بارزانی پایەیەکی تایبەتی هەبوو، جێگەی شانازیی هەمووان بوو، پیاوێکی بەڕەوشت و ئاکار جوان بوو.

لە کاتی کارکردنم لە پراگ، پێوەندیم لەگەڵ کەسانی ئۆپۆزیسیۆن زۆر باش بوو بەتایبەتی لەگەڵ شیوعییە عێراقییەکان و هەر بەڕێگەی منەوە پێوەندییان لەگەڵ باڵوێزخانەدا باش بوو، هەموو ئەوانەی کە پاسپۆرتیان لێ سەندرابووەوە پاسپۆرتەکانم بۆ گەڕاندنەوە و ئەوانەش کە پاسپۆرتەکانیان بۆ نوێ نەدەکرایەوە دووبارە بۆم نوێ کردنەوە تەنیا هی دەسکار نەبێت، هەندێک قوتابیی کوردی سوریا لەلایەن حکوومەتی سوریاوە پاسپۆرتەکانیان لێ سەندرابووەوە، کۆتایی ساڵی ١٩٧٠ عەبدولحەلیم خەدام وەزیری دەرەوەی سوریا سەردانی پراگی کرد، تکام لێ کرد کە پاسپۆرتەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، بۆی گەڕاندنەوە، هەندێک لە نەیارانی رێژیم کە لە عێراق دانەدەنیشتن ئەوانیش پاسپۆرتەکانیان بۆ نوێ کرایەوە، سەرجەم لایەن و

بیرورا جیاجیاکان بۆ ئاهەنگەکانی باڵویزخانە بانگ دەکران، منیش لە هەندێک بۆنەدا بەشداریی هەندێک لە ئاهەنگەکانم دەکرد.

لێرەدا رووداوێکی سەیرم وەبیرهاتەوە، سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ وەک رۆژان چوومە باڵوێزخانە، بینیم کۆمەڵە لاوێک وا لە حەوشەکەن، کە قسەم لەگەڵدا کردن وتیان ئێمە قوتابیانی شیوعین و باڵوێزخانەمان داگیرکردووە، بیرخەرەوەیەکی نارەزاییمان بۆ سەرۆک بەکر نووسیوە سەبارەت بەخراپی هەڵسوکەوتی رێژیمی عێراق دەرهەق بەشیوعییەکان و دەستگیرکردنی- ثابت العانی-ی هاورێمان لە بەغدا.

پێم وتن تا بەهێمنی باڵەخانەکە جێ نەهێڵن بیرخەرەوەکەتان لێ وەرناگرم، شاندێکیان ویستیان بێنە لام، دیسان وتم تا بە هێمنی نەرۆنە دەرەوە پێشوازی لە شاندەکە ناکەم، لەبەرئەوەی پێوەندیم لەگەڵیاندا باش بوو و پیاو بۆ خواش بڵێت ئەوانیش زۆر رێزیان دەگرتم، هەموویان چوونە دەرەوە جگە لە سێ کەسیان نەبێت کە هاتنە لام و رازی نەبووم کە بیرخەرەوەکەیان لێ وەربگرم و وتم بەزارەکی ئەو قسانەی نێوانمان دەگەیەنمە دەسەڵاتدارانی بەغدا، بە سوپاسەوە باڵوێزخانەیان جێ هێشت، دوای سێ مانگ، کاتێک ئەلکسی کۆسیگنی سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢ سەردانی بەغدای کرد و پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان عێراق و سۆڤیەت مۆرکرا، هەمان ئەو کۆمەڵە قوتابییە هاتنەوە باڵوێزخانە بەڵام ئەمجارە برووسکەی پیرۆزباییان بۆ سەرۆک بەکر نووسیبوو، بەو هەڵوێستە دژ بەیەکانە زۆر پێکەنینم هات، برووسکەکەم لێ وەرگرتن و رەوانەی بەغدام کرد (سبحان مغیر الاحوال).

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ گەرامەوە بەغدا، چەند دەمانچەیەکی بچووکی ژمارە ٥م هێنایەوە و دام بە برادەرەکانم جگە لە چەند تفەنگێکی راو کە یەکێکی بچکۆلانەم پێشکەش بە بارزانی کرد، ئەو جۆرە چەکانە بۆ دیپلۆماتکاران بە نرخێکی هەرزان دەست دەکەوتن، پێش ئەوەش سەردانی بەریتانیام کرد و پاڵتۆیەکی گونجاوم بۆ بارزانی کڕی کە لە رووی

ڕەنگ و قـــەبارەوە زۆر ڕای لێ بوو، لەکــاتـی گــەڕانەوەشـم بۆ پـراگ کــاکــە عـەبدولقـادری ئامـۆزام و هـاوەڵی بەوەفـام عـومـەر قـادر لەگەڵم بوون و چەند هەفـــتــەیەک لەلام مـــانەوە، هەروەهـا بارزانـی رای ســپـــاردم فــارس بـاوە بە مەبەستی چارەسەری دێتە پراگ و ئاگەداری بم.

بەڕێگای لبنانەوە گەڕامەوە پراگ، کاکە و عومەریشم لەگەڵدا بوو، وا بڕیار بوو فارس باوەش دوایی بگات، چەند رۆژێکمان لە بەیروت بەسەربرد و پاشان چووینە پـراگ، کاکـە و عـومـەر لای من مـانەوە، خـانووەکـەم سێ نهـۆم بوو و جـێگەمـــان فـراوان بـوو، دوای چەند رۆژێک فــارس باوە گــەیشـت و کــاتێکی خۆشـمـان بەسـەربرد، چووینە ئەڵمـانیـای رۆژهـەڵات و رۆژئاوا و ڤـیـەننا، لەوێ فارس باوەم پیشانی دوکتۆر دا، دوای مانگێک مێوانەکانم گەڕانەوە بەغدا.

ئەو دەمەی کە مێوانەکانم لا بوو لە کۆتاییی ئاداری ساڵی ١٩٧١، کۆمەڵەی خـوێندکـارانی کـورد لە ئـەوروپا کـە تاریق ئـاکـرەیی سـەرکـردایەتـیی دەکـرد بـەبۆنـەی جـــەژنی نـەورۆز ئاهـەنگێکیـــان ســـازدا کـــە ژمـــارەیەکی زۆر لـە خـوێندکارانی کورد و نوێنەرانی نەتەوەکانی تر و لایەنەکان و خوالێخۆشبوو عـەلی ســەعـدی ســەرکـردەی پێـشــووی بەعس (جـێگری ســەرۆک وەزیران و وەزیری ناوەخۆ دوای کودێتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣) تیایدا ئامادەبوون، سەعدی بە ئەسڵ کوردە و خەڵکی دزەییاتییە، ئێستا خزمەکانی لە هەولێر دەژین.

سـەعدی، لە نێوان ئێمـە دانیشـتبوو، لەسـەر هەڵەکانی پێشـووی گلەی لە خۆی دەکرد کە چۆن نکوولێی لە نەتەوەی خۆی کردووە، ئێمـەش سوحبـەتمان لەگـەڵ دەکـرد، لەپڕ هـەندێک شـیـوعی هاتنـە سـەر مـێـزەکـەمـان و قـسـەی ناشیرینیان پێ وت و هـەوڵیان دا دەستدرێژی بکەنە سەر، لەمە تووڕە بووم و داوام لە ســەرۆکی کـۆمـەڵە کـرد دووریان بخـاتەوە و ئەگـەر وازیش نەهـێنن لە هۆڵەکە دووریان بخاتەوە، باش بوو ئەوان تا کۆتاییی ئاهەنگەکە هێور بوون.

دوای چەند رۆژێک، لە ســەرۆکـایەتیی کـۆمـارییـەوە ڕێنوێنیم بۆ هـات کـە

پاسپۆرت بۆ عەبدولڕەحمان قاسملو و هاوسەرە چیکۆسلۆڤاکیاکەی ئیلین کە لەناو کوردان بە نەسرین ناسرابوو دەربکەم، هەروەها تیکتی باڵەفڕەیان بۆ ببڕین و ڕەوانەی بەغدایان بکەین، قاسملو کوردی ئێران بوو، پێشتر دەمناسی و ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتنە کوردستانی عێراق و سەردانی بارزانییان کرد، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو و یەکێک بوو لە نەیارانی ڕێژیمی ئێستای ئێران، ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا کاتێک لەگەڵ هەندێک لێپرسراوانی ئێرانی خەریکی وتووێژبوو تیرۆر کرا.

نیازی حکوومەتی عێراق لەمەدا راکێشانی قاسملوو بوو بەلای خۆیدا بەو سیفەتەی کە نەیاری ڕێژیمی شا بوو، پاسپۆرت و تیکتیان بۆ دەستەبەر کرد و گەڕایەوە بەغدا، تا بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران هەر لە عێراقدا مایەوە، پاشان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی زویر بوو و بە پاڵپشتی عێراق لە ناوچە سنوورییەکاندا دەژیا و پاشان لە ڤیەننا تیرۆریان کرد.

عەزیز شێخ ڕەزا کە ئەندازیارێکی کارەبایی بوو و دەرچووی چیکۆسلۆڤا بوو، بۆ وەدەستهێنانی پسپۆڕی دووبارە هاتەوە پراگ، زۆر دەهاتە لام و بوو بە برادەر و هاوکار و هاودەمم، هەستم بە تەنیایی نەدەکرد، لە چەندان سەردانی فەرمیدا بەتایبەتی ئەو سەردانانەی کە تەوەری قسەکانمان لەبارەی کێشەی کوردەوە بوو عەزیزم لەگەڵ خۆمدا دەبرد تا کاری وەرگێڕانم لە زمانی چیکۆسلۆڤاکییەوە بۆ زمانی کوردی بۆ بکات، هەروەها لەگەڵ تاریق ئاکرەیی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد زۆر برادەر بووم.

لەگەڵ عەزیز شێخ رەزا زەمالەیەکی مەشقکاریمان بۆ ماوەی دوو ساڵ وەرگرت، توانیمان شەهید عەبدولخالیق مەعروف کە بەڕێوەبەری هونەریی دەنگی کوردستانی عێراق بوو بێنینە لای خۆمان و ئەو ماوەیە لەسەر جۆران ئامێری پێوەست بە ئێزگە مەشقی کرد و بوو بە لێپرسراوی حیزب لە ئەوروپا کە بارەگاکەی لە پراگ بوو، لە بۆنەی جیاجیادا لەگەڵ ئەوان و قوتابیانی تر یەکترمان دەبینی.

رۆژێک، ئەو سێ برادەرە وتیان پێویستیمان بە ئامێرێکی رونیۆ و چاپ هەیە تا بڵاوکراوە حزبییەکانیان پێ چاپ بکەن، لە پراگ فرۆشتنی ئەو جۆرە ئامێرانە بە لایەنی ناحکومی و حیزبی قەدەغە بوو، بە ئوتۆمۆبیلی خۆم لە رۆژێکی پشوودا چوومە ئەڵمانیای رۆژئاوا و بە پارەی خۆم ئامێرەکانم کڕی و هەر بە ئوتۆمۆبیلە دیپلۆماسییەکەم هێنامەوە، نەدەکرا ئەوان لای خۆیان کار بەو ئامێرانە بکەن بۆیە لە ژوورێکی چۆڵی ماڵەکەمدا دامنان تا لەکاتی پێویستیدا بەکاری بێنن.

پێش کۆتاییی ساڵی ١٩٧٢ کە لە باڵوێزخانەی پراگ گواسترامەوە ئەو برادەرانەش پەرت و بڵاو بوونەوە، عەزیز و عەبدولخالیق گەڕانەوە کوردستان، عەزیز کرا بە نوێنەری بارزانی و شۆڕش لە بەیروت و وڵاتە عەرەبییە دراوسێکانی، عەبدولخالیقیش گەڕایەوە سەر کاری بەڕێوەبەری ئێزگە کە ئەو دەمە کاری نەدەکرد، بەڵام تاریق چووە ئەڵمانیای رۆژئاوا بۆ ئەنجامدانی کاری حیزبی، دووبارە ئامێری چاپەکانم بۆ گواستەوە.

جێگەی باسە، ئەو کاتە مۆزیکژەن و هونەرمەندی کورد قادر دیلان برای هونەرمەند و شاعیر محەمەد ساڵح دیلان گەلێک جار دەهاتە لام، دیلان لە پراگ جێنشین بوو، هاوسەرەکەی چیکی بوو و کوڕێکیان هەبوو ناوی ئارام بوو کە بەو بچووکییە راهێنانی لەسەر موزیکژەنین دەکرد، یەک دوو جار لە ماڵەوە سەردانم کردن و لە گوندێکی نزیکی پراگ خواردنی کوردەوارییان بۆ لێ نابن، دیلان نزیکەی ساڵێک دەبێت کۆچی دوایی کردووە (خوالێی خۆش بێت).

***

## پیلان بۆ سەر ژیانی بارزانی

لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧١ مۆڵەتی ئاساییم وەرگرت، بە ئوتۆمۆبیلی خۆم کە بە گوێرەی مواسەفات لە کۆمپانیای مرسیدس بنز لە ئەڵمانیا کڕیبووم و مانگی ئاداری ئەو ساڵە وەرم گرت گەڕامەوە عێراق، شێروانی کوڕم کە تەمەنی نەگەیشتبووە شازدە ساڵ لەگەڵمدا بوو، بەڕێگەی ڤیەننا و پاشان یۆگسلاڤیا ئینجا بولگاریا و تورکیادا هاتم و دوای چوار پێنج ڕۆژ گەیشتمە خاڵی سنووریی زاخۆ، ڕێگای نێوان ئورفە و زاخۆ قیر نەکرابوو تەنیا چەوڕێژ کرابوو بۆیە ئەوەی بەو ڕێگایەدا بڕۆیشتبا دەبووایە زۆر وریا بووایە چونکە مەترسیی زۆر بوو.

دوای تەواوکردنی کاری پێویست، دوای ڕۆژئاوابوون گەیشتینە مووسڵ، چوومە بەڕێوەبەرایەتیی گومرگی مووسڵ و کاری پێویست بە (هاتنە ناوەوەی کاتی)یان بەخێرایی بۆ ئەنجام دام.

تەلەفۆنم بۆ هەولێر کرد و داوام کرد هاوەڵەکەم بەپەلە بگاتە بەغدا، شەوی ١٩٧١/٩/٢٧ درەنگ گەیشتمە بەغدا، بۆ ڕۆژی دوایی چوومە کۆشکی کۆماری و ناوی خۆم لە تۆماری تەشریفاتدا تۆمار کرد وەک نەریتێکی پەیڕەوکراو، تەلەفۆنم بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کرد کە نووسینگەی جێگری سەرۆک کۆمار سەدام حوسێن لەوێ بوو، داوای چاوپێکەوتنیم کرد، سەعات ٤ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی کە ڕێکەوتی ٢٩ی ئەیلوول بوو کاتی چاوپێکەتنەکە دانرا.

عومەری هاوەڵم گەیشت، بڕیارم دا هەر ئەو ڕۆژە بگەڕێمەوە هەولێر و شێروانی کوڕیشم بگەیەنمەوە و ڕۆژی دواییش بەر لەوادەی چاوپێکەوتنەکە

بگەڕێمـەوە بەغدا، بەر لە ڕۆژئاوا بوون بـەنیـو سـەعات گـەیشـتمـە هـەولێر بە تەلەفـۆن قـسـەم لـەگـەڵ جـێگری پارێـزگار کـانەبی عـەزیز دزەیی کـرد کـە لە هەمان کات بریکاری پارێزگار بوو چونکە پارێزگار مۆڵەتی وەرگرتبوو، دوای پشـوودانێکی کورت و پاش ڕۆژئاوابوون کاک ئەحـمـەد و مـحـەمـەد مـەولود کە یەکـێک بوو لـە باوەڕپێکراوە کـۆنەکـانمان هـاتنە لام، زەنگی تـەلەفـۆن لێی دا، کـانەبی دزەیـی بریکاری پارێـزگـار وتی برووسـکـەیەکی لە قـایمقـامی چۆمـان فرەنسۆ هـەریری بەدەست گەیشتووە و تیایدا هاتووە کە بارزانی بەڕێکەوت لە پیـلانێکی گـەورە بۆ لەناوبردنی رزگـاری بووە، برووسکـەیـەکم بۆ نووسـینگەی جـێگری سـەرۆک کـۆمـار سـەدام حـوسـێن نووسی و داوای دواخـسـتنی چاوپێکەوتنەکـەم کرد بۆ کاتێکی تر، برووسکەم دا بە کاک ئەحـمـەدی برام تا بینێـرێت و لـەگـەڵ عـومـەری هـاوەڵم بەرەو چۆمـان بەڕێ کـەوتـین، لام وایە پێشمەرگەیەکی تریش کە ناوی خەسرەو بوو هاوەڵمان بوو.

ڕێکەوت خراپی هێنا و لە ڕێگە ئوتۆمۆبیلەکەمان ئەگەرچی تازەش بوو بەڵام پەکی کـەوت، ئەمـە زۆر دوای خـسـتین، ڕێگەکـە چۆل بـوو، نیـوەشـەو ئوتۆمۆبیلێکی کرێ کە لە هەولێرەوە دەهات و هەندێک بارزانی و ژمارەیەک لە پاسەوانانی سـەرۆک مسـتـەفـا بارزانی کـە سـاڵی ١٩٤٧ لە سـۆڤیـەت هـاوەڵی بوون لەناو ئوتۆمۆبیلەکاندا بوون، دیاربوو بە هاواری بارزانییەوە دەچوون، کە منیـان ناسـی لای خـۆیان جـێـگەیان بۆ کـردمـەوە، عـومـەر و خـەسـرەوم لای ئوتۆمۆبیلەکە بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی چاکی بکەنەوە و بێنە لام.

بەرەبەری بەیانی گـەیشـتینە بارەگـای مەکتەبی سیـاسی لە ناوپردان، زانیم بارزانـی لە قـەسـر سـەلامـە کـە دوو سێ کـیـلـۆمـەتر لە ناوپردانەوە دوورە، قەسرەکە خانووێکی ئاسایی بوو کە چوار ژووری نووستن و هۆڵێکی دانیشتن و چەند پاشکۆیەکی هەبوو، دوای ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئادار لە سـاڵی ١٩٧١دا دروست کراو ناویان نا قەسرسەلام.

چوومـە شـوێنی دیاریکراو، بینیم خـوالێـخـۆشـبـوو حـاجک مـحـەمـەد کـە پاسـەوانی دەسـتـپـاکی بارزانی و سـەرۆکی پاسـەوانەکـانی بوو بـە تەنیـشت

ژوورێکەوە دێت و دەچێت، زانیم کە بارزانی لەوێیە، سڵاوم لە حاچک کرد، کە زانی نیگەران و شڵەژاوم و بردمیە لای ژوورەکە و لە پەنجەرەوە بارزانیی پیشان دام، بینیم نووستووە، حاجک وتی بارزانی تا نیوەشەو خەریکی بەڕێکردنی میوان و ئەو خەڵکە بوو کە بۆ پیرۆزباییکردن بەبۆنەی رزگاربوونی لەو پیلانە سەردانیان کرد، دوای ئەوەی دڵنیا بووم و سوپاسی خوام کرد، حاچک بردمیە ژوورێک کە پێخەفی تێدابوو، ڕاکشام و تا بەیانی شتی بێزارکەرم بەمێشکدا دەهات.

سبەینێ زوو، دوای چێشت چاوەنواڕی ئەوە بووم کە بارزانی ببینم، کە چوومە لای بەبۆنەی رزگاربوونی پیرۆزباییم لێ کرد و قسە لە گەروومدا نەدەهاتە دەرەوە، دڵەڕاوکە و شڵەژانەکەی کەم کردمەوە کاتێک کە وتی تەمەن بەدەست خودایە و چەند ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوە کە تەعبیری لەو حاڵەتە دەکرد، هەروەها وتی بە موعجیزەی خوای گەورە لەو پیلانە رزگاری بووە و ئەمە جاری یەکەم نییە کە لە پیلانی وەها رزگاری دەبێت و چەندان جار نێوانی ئەم و مەرگ تاڵە موویێک بووە، ئینجا داوای کرد بچم شوێنی رووداوەکە ببینم تا بزانم چەند مەترسیدار بووە، لەو دەمەیدا هەڤاڵ عەلی ژەنگاری لە دهۆکەوە گەیشت و ئەمیش وەک من نیگەران و شڵەژاو بوو.

چوومە حاجی ئۆمەران تا ئەو خانووە ببینم کە رووداوەکەی تێدا قەوماوە، هەمان ئەو خانووە بوو کە بەر لە ساڵێک تیایدا چاوم بە بارزانی کەوت و تا مۆڵەتی لێ وەربگرم بۆ ئەوەی سەفەری پراگ بکەم و هەر لەوێشدا بارزانی پێشوازیی لە باوکی لیوا روکن عەبدولعەزیز عوقەیلی کرد، کە خانووەکە و ژوورەکەم بینی وەک بڵێی گۆڕەپانی شەڕێک ببینم، لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا لایەکی سووتابوو، کەلوپەلەکان بووبوونە خەڵووز، بنمیچی خانووەکە خوێن و پەڵە گۆشتی پێوە نووسابوو، هەر یەکێک ئەو ژوورە و پاشماوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی دەبینی قەت بڕوای نەدەکرد هیچ کەسێک لەو پیلانە رزگاری بووبێت.

## پوختەی پیلانەکە

بارزانی، کەسێکی دڵئاوا و بێ فیز و خاوەن مێوان بوو، ڕێزی مێوان و ئەوانەی دەگرت کە سەردانیان دەکرد، پیاوانی ئاینی سەر بە هەر ئاینزایەک بان لەلای ئەو بایەخ و ڕێزیان هەبوو، لە بارەگاکەی خۆیدا پێشوازیی لە شاندێکی پیاوانی ئاینیی شیعە و سوننە کرد، بارزانی زۆری بەخێرهێنان و بە جوانترین و باشترین شێوە مێوانداریی کردن، شاندەکە باسی پێوەندی لەگەڵ حکومەت و گیروگرفتە هەڵپەسێردراوەکان و ئەو بەربەستانەی کە لە بەردەم جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا بوون لەگەڵ بارزانیدا کرد، بارزانیش سووربوونی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە و بەرژەوەندیی وڵات و پاراستنی ئاشتی دووپات کردەوە، دوای یەک دوو ڕۆژ شاندەکە گەڕایەوە بەغدا وتیان ماوەیەکی تر دێینەوە ناوچەکە.

شاندەکە بە سەرۆکایەتیی عەبدولحوسێن دەخیلی بوو، لەو بڕوایەدام کە ئەمن بوو و جلوبەرگی پیاوانی ئاینیی پۆشیبوو، یان لە ڕاستیدا پیاوێکی ئاینی بوو، بەڵام سەر بە دەزگاکانی ئەمن بوو، ئەو شاندە لە ١٠-١١ کەس پێک هاتبوو و هەر هەموویان جلوبەرگی پیاوانی ئاینییان پۆشیبوو، لەو بڕوایەدام کە هەندێکیان هەر بەڕاستی پیاوی ئاینی بوون، بەڵام هیچیان لەبارەی کارە ڕاستەقینەکەیان نەدەزانی.

ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوول شاندەکە بە ئوتۆمۆبیلێکی شوفرلێت و جێب ستێشنێکی گەورە گەڕانەوە کە دوو کەسی سڤیل دەیان ئاژۆت، عەسری ئەو ڕۆژە گەیشتن و بردرانە خانووی تایبەت بە چاوپێکەوتن، ئەو کاتە بارزانی لەوێ نەبوو، دوای ماوەیەک بارزانی لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمانی

ئەندامی مەکتەبی سیاسی و پزیشکی تایبەتی و کەسی هەرە نزیکی هاتن، سڵاوی لە مێوانەکان کردو یەکەیەکە بەخێرهاتنی کردن و بەرامبەر سەرۆکی شاندەکە دانیشت، دکتۆر مەحموودیش لە تەنیشت بارزانی دانیشت.

یەکێک لە ئوتۆمۆبیلەکان کە لە جۆری شۆفرلیت بوو ماوەی ٢٠-٣٠ مەتر لە شوێنی کۆبوونەوەکە دوور بوو، بەڵام ئوتۆمۆبیلەکەی تر بە تەنیشت ئەو ژوورەوە راوەستابوو کە میوانەکان تیایدا دانیشتبوون، کە بارزانی گەیشت شوفێری ئوتۆمۆبیلەکەیان بینیبوو بۆنیتی مەکینەکەی کردبووەوە و دەستی لەناو دەگێڕا و رۆنی بەسەر بەشەکان دادەکرد، دوای تۆزێک لاوێک کە هێشتا هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو سینییەک چایی بۆ مێوانەکان هێنا، ئەو کاتەی گەیشتە لای سەرۆکی شاندەکە و ویستی چایەکەی لەپێش دابنێت و کەوتبووە نێوان ئەو و بارزانی دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە لە ژوورەکە هات، سەرۆک شاندەکە کە مینڕێژ کرابوو و پشدێنی تەقینەوەی بەستبوو خۆی تەقاندەوە، لاوەکە یەکسەر گیانی لەدەست دا و سەرۆک شاندەکەش پارچە پارچە بوو، پێشمەرگەیەکیش کە ناوی سەلیم زوبێر بارزانی بوو و لەبەر دەرگا راوەستابوو شەهید بوو، هەندێکیش بریندار بوون، ئەندامانی پیلانەکە رایان دەکرد و پاسەوانانیش سەریان لەدوو نابوون، بارزانی سەلامەت بوو، ساچمەیەک چووبووە ناو پێستی کە پاشان دکتۆر عەبدورەزاق دەباغی برادەرمان بۆی دەرهێنا، دوکتۆر مەحموودیش سەلامەت بوو.

دوای تەقینەوەکە و پڕبوونی ژوورەکە بە دووکەڵ و باڕووت بارزانی هاتە دەرەوە، شوفێری ئوتۆمۆبیلەکە نارنجۆکێکی هاویشتە بارزانی، بەڵام بەری نەکەوت، بەداخەوە سەلیم زوبێر بەری کەوت و شەهید بوو وەک پێشتر باسم کرد و چەند پاسەوانێکیش بریندار بوون لەوانە شەهید عومەراغا محەمەد (ساڵی ١٩٩٥ شەهید بوو) و زەکی کامیل ئاکرەیی و ئادەم ئاسووری کە پاسەوانی تایبەتی مەسعوود بارزانی بوو.

ئەو ئوتۆمۆبێلەی کە لەتەنیشت خانووەکەوە راوەستابوو دوای تەقینەوەی ژوورەکە ئەویش تەقییەوە بەڵام کاری لە بینایەکە نەکرد چونکە دیوارەکانی

پتەو بوون و لە ئاستی زەوییەوەش نزم بوو، نازانم ئاخۆ تەقینەوەی یەکەم بەدەستی ئەو کەسە بوو کە تەقەمەنییەکانی هەڵگرتبوو و دەڵێن بریتی بوو لە ریکۆردەرێک و دەبوایە پل بنێت بە دوگمەیەکی دیاریکراو تا دەنگی بارزانی تۆمار بکات یاخۆ لەلایەن شوفێرەکەوە لە دوورەوە بە کۆنترۆڵ ئەنجام درا؟ ئەمەی دووەم زیاتری رێی تێ دەچێت.

هەردوو شوفێرەکە و ئەوانی تر لەلایەن پاسەوانان و هاووڵاتیانەوە کوژران، دوای رووداوەکە و هێوربوونەوەی دەوروبەرەکە ئینجا گەڕان بەدوای ئۆتۆمۆبیلەکەی تر دەستی پێ کرد کە بە ئاراستەی رواندز راوەستابوو و بۆ راکردن ئامادە کرابوو، بینییان مینڕێژ کراوە و پڕە لە فتیلەی دینامێت و نارنجۆکی دەستی و لەبن کوشنەکان شاردراونەتەوە، هەروەها دوو مووشەک بەجووت لایتی پشتەوە چەسپ کرابوون بەهۆی کۆنترۆڵەوە لەلایەن شوفێرەوە دەردەپەڕین، ئەمەشیان بۆ ئەوە دانابوو لەکاتی راکردندا بیهاوێنە ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی کە بەدوایان دەکەون وەک چۆن لە فیلمی سینەمایی و جێمیس بۆندا دەیبینین.

ئەو پیلانە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی ئەمن نازم گزارەوە نەخشەی بۆ داڕێژرابوو کە دوایی بەهۆی بەشداریکردنی لە گۆڕینی رێژیمدا گوللەباران کرا، نازانم ئاخۆ لێپرسراوانی پایەبەرزتر لە نازم دەستیان لەم پیلانەدا هەبوو یان هەر خۆی بوو؟ سەدام حوسێنی جیگری سەرۆک کۆمار بێئاگاییی خۆی پیشان دا.

پێوەندیی نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەتی ناوەندی دوای ئەو رووداوە زۆر گرژ بوو، ئەوانەی کە لە دەوروبەری بارزانی بوون تووشی شۆک هاتن و داوای پچڕانی پێوەندی لەگەڵ حکومەت و کشانەوەی وەزیر و فەرمانبەرەکانیان کرد، بیروڕای جیاجیا لەم بارەیەوە خرایەڕوو، هەبوو داوای دابڕانی دەکرد، هەبوو داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیران و فەرمانبەرەکانی دەکرد و تەنانەت هەندێک سەرەڕۆش داوای دەست پێکردنەوەی شەڕیان دەکرد، درەنگی رۆژێ وەزیرە حزبییەکان لە بەغدا

گەڕانەوە، بۆ ڕۆژی دوایی بڕیار لەسەر ئەوەدرا بارودۆخەکە هێور ببێتەوە و لێکۆڵینەوە لە پرسەکە بکرێت، بەڵام بارزانی رای لە هەمووان جیاوازتر بوو و یەک قسە وتی (نامەوێت لە پێناوی مندا پێوەندی بپچڕێت و شەڕ دەست پێ بکاتەوە و بڵێن بارزانی بەرژەوەندی گەلی کوردی خستە مەترسییەوە)، هەروەها بارزانی وتی (خەڵک دەڵێن باشتر بوو ئەو چوار ساڵەی کە لە بەندەکانی رێککەوتننامەکەدا هاتووە چاوەڕێی کردبا و کورد دەستی بەشەڕ نەکردبایەوە، من ژیانم بۆ خزمەتی گەلەکەم بەسەربردووە و نامەوێت لە پێناوی مندا بەرژەوەندی بکەوێتە مەترسییەوە).

ڕۆژی دوایی، وەزیری پەروەردە دکتۆر ئەحمەد عەبدولسەتار ئەلجیواری گەیشتە ناوپردان کە لەلای بارزانی پایە و رێزی هەبوو، پیاوێکی چاک و لاشەڕ و دۆستی کورد بوو، ئەو بە نوێنەرایەتیی سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر هاتبوو پیرۆزبایی لە بارزانی بکات بەبۆنەی رزگاربوونی لەو پیلانە و هەروەها هاتبوو کە بێئاگاییی بەکر و سەدام لەم ڕووەوە پیشان بدات و بگرە ئەمە بە تەگبیری دوژمنان و ناحەزانی ئاشتییە.

لیژنەیەکی هاوبەشی تایبەت بەلێکۆڵینەوە لە هەردوولا پێک هات بە سەرۆکایەتیی عەمیدی پۆلیس حامید ئەلعانی کە ئەو دەمە بریکاری وەزارەتی ناوەخۆ بوو، هەروەها دوکتۆر ئەحمەد عیزەت قەیسی بۆ پشکنینی لاشەکان و وەرگرتنی پەنجە مۆریان ئامادەبوو، ئەمە لەکاتی ڕوودانی هەر تاوانێکدا دەکرێت، لێکۆڵینەوەکە هیچ ئەنجامێکی نەبوو ئەگەرچی بکەران و ئەنجامدەران و ئەوانەی لە پشتیان راوەستابوون لەلای سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد ناسرابوون.

# چاوپێکەوتنی سەدام حوسێن

دوای تێپەڕبوونی سێ چوار ڕۆژ بەسەر ڕووداوەکە، مۆڵەتم لە بارزانی وەرگرت و لەناوپردانەوە هاتمەوە هەولێر، هاتنی شاندەکان بۆ لای بارزانی بەبۆنەی رزگاربوونی لە ڕووداوەکە لە سەرانسەری کوردستان و بەغدا هەر بەردەوام بوو.

شەوێک لە هەولێر مامەوە و پاشان چوومە بەغدا، تەلەفۆنم بۆ نووسینگەی جێگر کرد و هەر ئەو ڕۆژە کاتی چاوپێکەوتنەکەیان بۆ دیاری کردم، کە سەدامم بینی پێم وت لەبەر ڕووداوەکە نەمتوانی لە ژوانەکەی پێشوودا ئامادەبم، سەدام وتی (دەڵێن سەدام حوسێن لەپشت ئەو پیلانەوەیە)، وتم زۆربەی هاووڵاتیان لەو بڕوایەدان بەڵام گوێم لێ نەبوو بارزانی وا بڵێت، سەدام بەتووڕەبوونێکەوە وتی (بەخوا سوێند دەخۆم کە من وام نەکردووە، ئەگەر وام کردبا لەخواش نەدەترسام)، وتم پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەو ڕووداوە بکرێت و ئەو کەسەی کە وای کردووە دوژمنی ئاشتی و ڕێککەوتننامەی ئادارە و پێویستە سزا بدرێت و جدییەتی حکوومەتیش دیاربێت، سەدام دەربارەی بایەخی ڕێکەوتننامەکە و ئارەزووی خۆی بۆ جێبەجێکردنی پیشان دا و وتی ئەمە لەسەر دەستی من کراوە بۆیە زۆر لەسەری مکوڕم.

هاتینە سەر هۆی هاتنەوەم بۆ بەغدا و کارکردنم لە باڵوێزخانەی عێراق لە پراگ، چاوپێکەوتنەکە کۆتایی هات و بەپێچەوانەی چاوپێکەوتنەکانی پێشوو ئەمجارە ساردییەکی پێوە دیاربوو، پیاو بۆ خوا بڵێت ئەو هەموو دەم بە گەرمی پێشوازیی دەکردم و داخوازییەکان کە پێوەیست بوون بە کارەکەم بۆی جێبەجێ دەکردم، زۆربەی چاوپێکەوتنەکان بەقسەی خۆش و پێوەندییەکی

باش کـۆتاییـیـان دەهات، جارێکیان لە چێشـتـخـانـەیەکی ناوداری گـەڕەکی مـەنسوور کە لام وایە چێشتخانەی فاروق بوو (ناوی خاوەنەکەیم بیر نەماوە هەرچەندە ناسیاویشم بوو) خەریکی فراڤین بووم، سەدام بۆ نانخواردن هاتە ئەو چێشـتخانەیە، کە بینیمی سڵاوی کرد و چووە سەر مێزێکی تر و منیشی بانگ کردە لای خۆی، ئەو کاتە زۆر بە لوتف و بێ فیز بوو، تا کۆتاییی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ پێوەندیمان باش بوو، دوای ئەوەی کە پۆستی وەزارەتی (ئیشـغـال و نیشـتـەجێکردن)م وەرگرت و لەکەنەدا وەک باڵوێزی جێنشین بۆ ماوەیەکی کورت گەڕامەوە پێوەندیمان ساردیی تێ کەوت، دوایی باسی تێکچوونی ئەو پێوەندییە دەکەم.

بەم جۆرە و لە کەشوهەوای پیلان لەسەر ژیانی بارزانی چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ سەدام حوسێن کۆتاییی هات، ناتوانم بڵێم کە سەدام ئاگای لە پیلانەکە بووە یان لە پشـتـیـیـەوە بووە بەڵام هەندێک بەڵگە ئاماژە بەوە دەکەن، ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوول کـــە داوای چاوپێکەوتینم کـــرد بۆ ڕۆژی دوایی دیدارەکـــەی دواخست، تۆ بڵێی چاوەڕێی ئەنجامی پیلانەکەی نەکردبێت یاخۆ خەریکی ئامادەکردنی هەنگاوەکانی دوای سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پیلانەکە نەبووبێت؟

ڕۆژی ڕووداوەکە، لە ڕوزاندز و هەموو کوردستان هێزە سەربازییەکانی حکومـەت کـــەوتنە ئەوپەڕی ئامـــادەســـازییـــەوە، چونکە پێـشـــبـــینیی هەر کاردانەوەیەکیان دەکرد لە کاتی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پیلانەکە، نازانم ئاخۆ ئەو ئامادەسازییە بۆ ئەوەبوو لە کاتی سەرکەوتنی پیلانەکەدا حکومەت هێرشێکی بەربڵاو دەست پێ بکات یاخۆ چاوەڕوانی هێرشی کوردی دەکرد بۆ تۆڵەسەندنەوە؟ هەروەها ئەوەش نازانم کە بەرپرسانی باڵای وەک بەکر و سەدام زانیارییان دەربارەی ئەو ئامادەسازییانە هەبوو؟ ئەوانە چەند پرسیارێکن کە ناتواندرێت بەشێوەیەکی تەواو و بەلایەنی کەمیش لەکاتی خۆیدا وەرام بدرێنەوە.

ئەو ڕووداوە ناخۆشە زۆر بەنەرێنی کاری کردە سەر دۆخی سیاسی وڵات و

متمانەی لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەلایەک و ڕژێمی عێراق لەلایەکی ترەوە نەهێشت، دوای ئەو ڕووداوە گیروگرفت زۆر بوون و بەزەحمەت چارەسەر دەکران بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی پیلانی دووەم کە دەبوایە ئیبراهیم گاباری جێبەجێی بکات بەڵام پێش ئەنجامدانی دانی بەڕاستییەکەدا نا، دوای ئەوەی پێوەندییەکان گەیشتنە ئاستێکی زۆر نزم ڕژێم هەموو ڕێگایەکی پیلانگێڕانی دژی سەرکردایەتی و شۆڕشی کورد گرتەبەر، جارێک دنەی عەشیرەتەکانی دەدا و جارێک خۆی هەڵدەقورتاندە کاروباری ناوخۆی بنەماڵەی بارزان و هەوڵی دەدا لێکیان بکات و بە پارە هەندێک خەڵکانی سەر بە شۆڕش بکڕێت.

دوای ئەوەی بارودۆخەکە و ڕادەی پێوەندییەکان گەیشتنە ئاستی بێزاری، پاش چەند هەفتەیەک عێراقم بەجێ هێشت و گەڕامەوە شوێنی کارەکەم لە پراگ، هەناوم پڕ بوو لە حەسرەت و خەمم لەوە خوارد ئەنجامی ڕێکەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کە هەموومان ئومێدێکی گەورەمان پێی بوو چیی بەسەرهات.

پێش ئەوە و بە ماوەیەکی کەم ساڵح مەهدی عەماشی جێگری سەرۆک کۆمار و عەبدولکەریم شێخلی وەزیری دەرەوە لە پایە فەرمی و حزبییەکانیان لابردران، عەماش کرا بە باڵوێزی عێراق لە مۆسکۆ، شێخلی کرا بە نوێنەری هەمیشەییی عێراق لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی لە شوێنی شێخلی بوو بە وەزیری دەرەوە.

***

# کارکردنم لە پراگ

وەک جاران دەستم بەکار کردەوە، پێوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست نەک هەر لە ناوەوەی عێراق بگرە لە دەرەوەش گرژ بوو، بە زمانێکی توند بەیاننامە حزبییەکان بڵاو دەکرانەوە، لەلای خۆمەوە ویستم زمانی ئەو بەیاننامانە هێور بکەمەوە تا ئێمە دەست پێشخەر نەبین لە دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەم جۆرە و چاوەڕێی سەرکردایەتی بکەین ئاخۆ لەناو عێراقدا لەم رووەوە چ هەنگاوێک دەنێت، سەرەڕای هەندێیش تەنگژەکە لەبەر چاوان دیار بوو و بەزەحمەت دەشاردرایەوە، لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆم وەک باڵوێزی کۆماری عێراق بەڕێوەدەبرد.

وەک پێشتر باسم کرد، ئەو پیلانە پیسە بە نرێ کاری کردە سەر پێوەندیی نێوان هەردوو حزب، ئەوانەی کە لە پشت ئەو پیلانەوە بوون وایان دەزانی بە لەناوبردنی بارزانیی سەرکردە و رابەر، دەتوانن دەست بەسەر شۆڕشی کورددا بگرن بەڵام خەیاڵپڵاو بوون، بارزانی سەرەڕای ئەوەی کە هەم سەرکردەی شۆڕش و هەم سەرۆکی حیزبیش بوو لە هەمان کاتیشدا تۆوی نەتەوایەتی و خۆشەویستیی نیشتیمان و بەرگریکردن لە ئامانجەکانی گەلی لە دڵی هەموو کوردێکدا چاندبوو، ئەگەر خوانەکردە ئەو پیلانە سەربکەوتایە ئەوا شۆڕشی کورد تووشی جۆران گیروگرفت دەهات، بەڵام هەرگیز کپ نەدەبوو، لەم رووەوە نموونەیەکی روونمان هەیە، دوای رێکەوتننامەی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، شۆڕشی کورد تووشی نسکۆیەکی گەورە هات، دوژمنان وایان دەزانی ئیتر شۆڕش کپ بوو بەڵام دوای ساڵێک ئاگرەکەی هەڵگیرسایەوە.

دوای ئەوەی بارزانی بەدەست نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد، سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیە و ئەو بۆشاییە مەزنەی کە لە جووڵانەوەی کوردایەتیدا دروست بوو و بە زەحمەت پڕ دەکرایەوە، لەگەڵ هەندێشدا شۆڕش بەردەوام بوو و زیاتریش پەرەی سەند، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە کەلەپووری خەبات و ڕێبازە مەزنەکەی ئەو بوو، ئەمڕۆ بەشێکی گەورە لەو ئامانجانە هاتوونەتە دی کە بارزانی بەدرێژایی ژیانیی خەباتی بۆ کرد.

ڕێژیمی بەعس، دوای سەرنەکەوتنی ئەو پیلانانە، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کورد بڕوای پێ نەماوە، بۆیە خۆی بۆ گەڕی دووەمی شەڕ ئامادە دەکرد و خەریکی ئامادەکاری تەواو بوو.

بەعس، هەوڵی دەدا ناونراو بە (بەرەی نیشتیمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) پێک بهێنێت بەڵام خۆی کوێخابێت، لەم رووەوە لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان قسەی کرد، شتێکی ئاسان نەبوو کە وا پارتی بە سانایی بچێتە ناو ئەو بەرەیە و بە مەرجەکانی بەعس رازی بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نیازی راستەقینەی رێژیم بەدیارکەوت.

بەعس زیاتر رووی لە حیزبی شیوعی کرد، هەنگاوی یەکەم لە جاران زیاتر لە یەکێتی سۆڤیەت نزیک بووەوە، پێوەندییەکانیان زۆر باش بوو و هەردوولا بایەخێکی گەورەیان بەلایەنی ئابووری دا کە بەلای یەکێتیی سۆڤیەتەوە ئەمە زۆر گرنگ بوو، لەنێوان هەردوو وڵاتدا گرێبەستی بازرگانیی گەورە مۆرکران، سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکان بەڵێنیان دا چەکی پێویست بدەن بەعێراق، جگە لە چەندان گرێبەستی نەوت و ئیمیتیازاتی دەرهێنانی، ئەو پێوەندییانە پەیماننامەی برادەرایەتیی لە نێوان هەردوو لادادا لێ کەوتەوە و لە نیسانی ساڵی ١٩٧٢ کاتێک ئەلکسی کۆسیجین سەرۆک وەزیرانی یەکێتیی سۆڤیەت سەردانی بەغدای کرد پەیمان نامەکە مۆر کرا.

***

# کۆنگرەی خوێندکارانی کورد

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، هاوینی هەموو ساڵێک لە وڵاتێکی ئەورووپادا کۆنگرەی ساڵانەی ساز دەدا، لەو ساڵانەی دواییدا لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و ئەڵمانیای رۆژئاوا و چیکۆسلۆڤاکیا کۆنگرەی ساز دا، ئەو وڵاتەی کە کۆنگرەکەی تێدا سازدەدرا، شوێنی حەوانەوەی لە یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکاران و هەروەها هۆڵی کۆنگرە و خەرجیی چێشتخانەی تایبەت بۆ خوێندکارانی دابین دەکرد.

وا بڕیاربوو دوا کۆنگرە لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ لە پراگ ساز بدرێت بەڵام دەسەڵاتداران بە هێنانەوەی چەند بیانوویێک داوای لێبووردنیان کرد، لەو بڕوایەدام هۆکاری سەرەکیی رازینەبوونیان، پێوەندیی پتەوی نێوان چیکۆسلۆڤاکیا و عێراق بوو، ئەو داوای لێبووردنە پێش هاتنی وەرزی هاوین بە ماوەیەکی کەم کرا، بەرپرسانی کۆمەڵە باسی ئەو پرسەیان بۆ کردم، ئەو کاتە تاریق ئاکرەیی سکرتێری کۆمەڵە بوو، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیار لەسەر ئەوە درا قسە لەگەڵ باڵوێزی رۆمانیادا بکرێت.

پێوەندیی نێوان رۆمانیا و یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکانی تر بەو رادەیە باش نەبوو وەک یەکێتیی سۆڤیەت دەیویست، رۆمانیا لە سەردەمی سەرۆک چاوچیسکۆدا سیاسەتێکی نیمچە سەربەخۆی گرتبووە بەر و لە خولگەی سۆڤیەت دەرچووبوو، وردە وردە لە وڵاتانی رۆژئاوا نزیک دەبووەوە، ئەگەرچی رێژیمی چاوچیسکۆ رێژیمێکی دیکتاتۆری بوو بەڵام ئەو سیاسەتەی لەلایەن وڵاتە دیموکراسییەکانەوە لە سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی باشتر بوو.

لەگەڵ باڵوێزی رۆمانیا باسی بابەتەکەمان کرد و بیرۆکەکەی پەسند کرد و بڕیاری دا بە لێپرسراوانی بۆخارستی رابگەیەنێت، چەند هەفتەیەک تێ پەڕی بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکمان دەس کەوێت و خەریک بوو لەبیر بچێتەوە، کۆمەڵە بڕیاری دا شوێنێکی تر بدۆزێتەوە یان کۆنگرە بۆ ساڵێکی تر دوابخات.

لەو بیرکردنەوانەدا بووم کە سکرتێری باڵوێزخانەی رۆمانیا وتی باڵوێزی رۆمانیا لەسەر هێڵی تەلەفۆنە، باڵوێز داوای کرد کە یەکتر ببینین، بۆ رۆژی دوایی لە باڵوێزخانە پێشوازیم لێ کرد و دوای بەخێرهێنان وتی حکومەتی رۆمانیا و سەرۆک چاوچیسکۆ خۆی خۆشحاڵن کە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کۆنگرەیان لە وڵاتی رۆمانیادا سازبدەن و ئامادەشن بەشێکی گەورەی خەرجییەکە بە ئەستۆوە بگرن و شوێنی پێویستیش دابین دەکەن، سوپاسی باڵوێزی رۆمانیام کرد و هەروەها سوپاسی حکومەتی رۆمانیاشم کرد بەرامبەر بەم هەڵوێستە، ئینجا سوپاس و پێزانینی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردم ئاراستەی سەرۆک چاوچیسکۆ کرد و بە سوپاسەوە باڵوێزی رۆمانیام بەڕێ کرد.

بەڕێگەی تاریق ئاکرەییەوە ئەو هەواڵەم گەیاندە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و هاوینی ساڵی ١٩٧١ کۆنگرەکە لە بوخارست ساز درا، ژمارەی نوێنەرەکان زۆر بوون و دەسەڵاتدارانی رۆمانیا بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکە کە هەفتەیەکی خایاند هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ کردن، کۆنگرە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، پێوەندیی نێوان رۆمانیا و لایەنی کوردی پتەوتر بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ کاتێک سەرۆکی رۆمانیا چاوچیسکۆ سەردانی عێراقی کرد لە بەغدا بینیم و چەند قسەیەکی تایبەتیمان کرد، لەنێونی قسەکاندا بۆی روون کردمەوە کە رژێمی عێراق بە نیازە شەڕ دژ بە گەلی کورد دەست پێ بکاتەوە.

***

# خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی نەوت

عـێراق، خـاوەنی سـامـانێکی گـەورەی نەوت و پیـتـرۆڵی یەدەگـە و لەم رووەوە دووەمین وڵاتـە لە دنیـادا، برێکی زۆر لـەو بەرهـەم و سـامـانە لە کـوردسـتـان دەردەهێنرێت و کێڵگە نەوتییەکانی لە کۆنترین کێڵگەکانی ناوچەکەن، وەک پێـشـتـر باسم کرد سێ لە هەرە چاڵە نەوتییـەکان لەرووی زۆری بەرهـەمـەوە کەوتوونەتە کوردستان، گەورەترین چاڵە نەوت لە دنیادا کە بەرهەمی رۆژانەی ١٠٠٠٠٠ بەرمیلە کەوتووەتە گوندی دەربەند سارەلوو لە لێواری زێی گچکە لە ناوچەی کەندێناوەی سەر بە هەولێر کە بە کەرکووکەوە لکێندراو بەم دوایییانە بەعەرەب کرا.

چاڵـە نەوتی دووەم و سـێـیـەمـیش لە رووی زۆری بـەرهـەمــەوە کـەوتوونـەتە پارێزگـای کـەرکـووک لە هـەردوو کـێڵـگەی بابەگـوڕ گـوڕ و جـەمـبـوور، ئەوەی جـێگەی داخــە ئەو بـەرهـەمــە زۆرە بە خــراپی بەکــارهێنراوە و ســوودی لێ وەرنەگـیـراوە، لە سـاڵی ١٩٦٠ و لە سـەردەمی جـەنەراڵ عـەبدولکەریم قـاسم کێشە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت دەستی پێ کرد.

ئەگــەر داهـاتی نـەوت لە دەســتــێکی ئەمین بـووایەو بـۆ خــزمــەتی وڵات و ئاوەدانکردنەوەی بەتایبـەتی لە ناوەندی سـاڵانی حەفتـاکانی سـەدەی رابوردوو خـەرج بکرایە ئەوا عـێـراق شـانی لە شـانـی وڵاتانی ئەوروپا دەدا و لە هـەمـوو وڵاتانی ناوچەکە زیاتر پێش دەکەوت، بەڵام ئەو داهاتە بۆ خاپوورکـردنی وڵات و سـەرکوتکردنی هەسـتی خـەڵک و راکێـشانی گەلی عێراق بۆ چەند شـەڕێکی دۆڕاو خـەرج کراوە، تەڕ و وشـکی بەیەکـەوە سـووتـاندووە و عێـراقی کـردووە بەوڵاتێکی هەژاری دنیای سێیەم و گەڕاندوویەتییەوە چەرخەکانی ناوەند.

کاتێک ڕێژیمی عەبدولکەریم قاسم لە ڕووی داراییەوە ئیفلاسی کرد، بۆ وەدەست خستنی پارە رووی لە کۆمپانیاکانی نەوت کرد و بەشی عێراقی لە داهاتی نەوت زیاد کرد بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت هەوڵیان دا ئەم هەلە بقۆزنەوە، پاڵەپستۆی سیاسییان خستە سەر رێژیم و وەرامی داواکارییەکانیان نەدایەوە بگرە هەڵوێستی ملهوڕانەیان نوواند، حکومەتی عێراق ناچار بوو یاسای ژمارە ٨٠ی ساڵی ١٩٦٠ دابڕێژێت، بە گوێرەی ئەو یاسایە شوێنەکانی دەرهێنانی نەوتی دیاری کرد و سەرجەم ئەو زەوییانەی دەستیان لێ نەدرابوو خستە دەرەوەی هەڵسوکەوتی کۆمپانیاکان، کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی دامەزراند و ئەو زەوییانەی خستە ژێر دەستی خۆیەوە.

ئەم هەنگاوە گورزێکی گەورە بوو بە کۆمپانیاکان کەوت و یەکێک بوو لە هۆیەکانی روودانی کودێتای ٨ی شوبات لە ساڵی ١٩٦٣، دوای هاتنەسەر حوکمی بەعس و فەرمانڕەواییی هەردوو عارفی برا پێوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت تۆزێک باش بوو و کۆمپانیاکان ئاسایی کاروباری خۆیان دەکرد، دوای دووبارە گەڕانەوەی بەعس بۆ سەر حوکم لە هەردوو کودێتای ١٧-٣٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨، دوای ئەوەی بارودۆخەکە هێور بووەوە و رێژیم خۆی چەسپاند.

ڕێژیمی تازە، زیاتر بیری لە پیلان و کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکان دەکردەوە، بۆ دەستهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بە پارەیەکی زۆر بوو، شێوازی تاکڕەوی و دیکتاتۆری و خەرجکردن بەبێ هیچ پلانێک و پابەند نەبوون بەهیچ سیستمێکی ئابووری و دارایی خەزێنەی وڵاتیان تووشی گێرەشێوێنی کرد، رێژیم زیاتر پێویستی بە پارە بوو، لەبەر ئەوەی نەوت تاکە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی دەوڵەت بوو بۆیە دووبارە رێژیم بیری لە کۆمپانیاکان کردەوە.

بەعس، نەیدەتوانی بە ئاسانی ئامانجەکانی بێنێتە دی، زیاتر لە سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانی نزیک دەبووەوە، گەمەیەکی سیاسیی لێزانانەی کرد و پێوەندییەکانی ئەوەندە پتەو بوون کە پەیماننامەی برادەرایەتیی لەگەڵ

سۆڤیەتدا لێ کەوتەوە، وەک پێشتر باسم کرد، ڕێژیم توانی ئەو لایەنە دابین بکات و توانای ئەوەشی هەبێت بەرەنگاری هەر مەترسییەک ببێتەوە ئەگەر بێتو توخنی کۆمپانیاکانی نەوت بکەوێت.

ناکۆکیی حکوومەت لەگەڵ کورد دەستی پێ کردبووەوە، ڕێژیم بڕیاری دابوو زوو یان درەنگ گەڕێکی تری شەڕ دژ بە کورد دەست پێ بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش هاوپەیمانێکی بەهێزی زامن کردبوو، ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ سۆڤیەت و پتەوبوونی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی وەک بەرەنجامێکی سروشتیی پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە و بەهێزبوونی بەرەی ناوەخۆ و هاوپەیمانێتیی لەگەڵ حیزبی شیوعی (ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتیش بوو) وای کرد کە ڕێژیم زۆر لەخۆی بایی بێت و متمانەی بەخۆی بێت و چەند هەنگاوێک بەرەو داهاتوو بهاوێت.

دوای چەند وتووێژێکی سادە لەگەڵ کۆمپانیاکان و نەگەیشتن بەهیچ ڕێککەوتننامەیەک، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ ڕێژیم خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراقی ڕاگەیاند، ئەو کۆمپانیایە پسپۆڕ بوو لە کێڵگەکانی کوردستان و پشکی هەرە گەورەشی بۆ بەریتانیا بوو، کۆمپانیاکانی نەوت هاواریان لێ هەستا و بڕیاریان دا نەوتی عێراق نەکڕن، عێراق نەیدەتوانی بەگوێرەی پێویست نەوتەکەی بخاتە بازاڕەوە لەبەر ئەوە تەنگژەیەکی ئابووری بۆ ماوەی چەند مانگێک دروست بوو، حکوومەت باری سک هەڵگوشین (حالة تقشف)ی ڕاگەیاند و ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی وڵات بڕی، ساڵێکی نەبرد ئەو تەنگژەیە بەکۆتایی هات و کۆمپانیاکان نەیانتوانی خۆیان بگرن و تەنیا هیوایان ئەوە بوو نەوتیان بۆ بچێت هەرچەندە خۆماڵیش کرابوو، وڵاتانی بەکارهێنی نەوت کەوتبوونە ژێر پاڵەپستۆیەکی زۆرەوە چونکە نەک هەر عێراق بگرە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە وەک شای ئێران و فەیسەڵ عەبدولعەزیز ئال سعودی مەلیکی سعودیش نرخی نەوتیان بەرز کردبووەوە.

لە پراگ بووم بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت دەرچوو، بڕیارەکە سەدایەکی فراوانی دایەوە، بەپێچەوانەی بۆچوونی ڕێژیمیش کۆمپانیاکان و

خاوەندارەکانیان هیچ هێرش و پیلانێکیان ئەنجام نەدا، باڵوێزخانەی عێراق وەک سەرجەم باڵوێزخانەکانی تر بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی فەرمیی سازدا و عێراقییە دانیشتووەکانی ئەوێ بەشدارییان تێدا کرد بە سەرجەم لایەنەکانەوە، چەند سائێک بەر لە دەست پێکردنی ئاهەنگەکە بیرمان لەوە کردەوە شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهیری داوەت بکەین، جەواهیری شیعرێکی نایابی خوێندەوە کە بووە مایەی چەپڵەڕێزان و هوتاف کێشانی ئامادەبووان، پاشکۆی رۆشنبیریی باڵوێزخانە عامر رەشید سامەرایی کە جەواهیریی بۆ باڵوێزخانە داوەت کرد شیعرەکەی بۆ وەزارەتی راگەیاندن نارد و بۆ بەیانی لە رۆژنامەکانی بەغدادا بلاوکرایەوە.

رۆژانی دواتر، لە عێراقییە دانیشتووەکانی پراگ و چەندان باڵوێزخانە و حکوومەتی چیکۆسلۆڤاکیاوە چەندان پیرۆزباییمان بەدەست گەیشت و خەریکی بەخێرهاتنی پێشوازیکەران و وەرگرتنی ئەو برووسکانە بووین کە بەم بۆنەیەوە بۆ سەرۆکی عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر دەهاتن.

دوای خۆماڵیکردنی نەوت، لە یەکەم پۆستەی دیپلۆماسیدا ڕێنوێنیمان بۆ هات کە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی چیکۆسلۆڤاکیادا قسە بکەین تا پاڵپشتیی حکوومەتەکەیان بۆ ئەو هەنگاوە بەدەست بێنین، هەروەها یارمەتیی داراییان لێ وەربگرین و بازاڕیش بۆ هەناردنی نەوت بدۆزینەوە چونکە دوای خۆماڵیکردن کۆمپانیاکان نەوتی عێراقیان نەدەکڕی.

بە زووترین کات قسەمان لەگەڵدا کردن، چاومان بە وەزیرانی دەرەوە و بازرگانیی دەرەکی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی چیکۆسلۆڤاکی (بیلاک) کە خاوەن دەسەلات و هێزێکی زۆر بوو کەوت، هەندێک قەرزمان دەس کەوت و بەڵێنی ئەوەشیان دا نەوت بکڕن و دواییش جێبەجێیان کرد، لەو چاوپێکەوتنانەدا، راوێژکاری باڵوێزخانە عەبدولقادر قەلەمچی کە برادەریشم بوو هاوەڵم بوو، دوای باڵوێز ئەو دووەم کەسی باڵوێزخانە بوو.

# سەفەر بەرەو بەغدا

ئەو ماوەیەی لە پراگ بووم، توانیم پێوەندیی فەرمی و کەسێتی لەسەر ئاستی دیپلۆماسی لەگەڵ لێپرسراوانی چیکۆسلۆڤاکیا پەرە پێ بدەم، هەروەها پێوەندیی برادەرایەتی لەگەڵ نوێنەری ئەو وڵاتانەدا پەیدا بکەم کە پێوەندییان لەگەڵ بەغدادا باش نەبوو یان هەر بڕابوو و بۆ فراڤین و شیو بانگهێشتنیان دەکردم، وەک باسم کرد من بووم بە راگری دیپلۆماسیی عەرەبی، لە ریزبەندی دیپلۆماسیشدا ناوی من گەیشتبووە نزیکی سەرەوەی لیستەکە بە تایبەتی دوای گواستنەوە و گۆڕانکارییەکان، جگە لەمەش پێوەندییەکی باشم لەسەر ئاستی میللی و لەگەڵ عێراقییە جێنشینەکانی چیکۆسلۆڤاکیادا هەبوو.

لە بۆنەیەکی فەرمیدا، چاوم بە جەنەراڵ (تزور)ی وەزیری بەرگریی چیکۆسلۆڤاکیا کەوت، دوای چاک و چۆنی ئاماژەی بە پێوەندیی فەرمی و پێوەندییە کەسییەکانی من دا و وتی: (بەداخەوە تۆ شیوعی نیت، چەند حەزم دەکرد کەسانی وەک تۆ شیوعی بان)، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەیدا بەپێکەنینەوە وەرامم دایەوە (وا باشترە برادەری ناشیوعیتان هەبێت)، هەردووکمان پێ کەنین.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٧٢ داوای مۆڵەتی فەرمیم کرد تا سەردانی بەغدا بکەم بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێکی پێویستی باڵوێزخانە، هەندێک واتە واتم سەبارەت بە گواستنەوەم لە پراگ بەرگوێ کەوتبوو، لە مانگی تەمووزدا، دوو رووداوی دڵتەزێن قەومان، لە ١٠ی مانگدا بەڕووداوی ئۆتۆمۆبیل (نافیز جەلال) وەزیری کشتوکاڵ گیانی لە دەست دا، نافیز لە برادەرە هەرە نزیکەکانم بوو، لە رۆژانی شۆڕش و لیژنەی ئاشتی بەیەکەوە بووین، جگە لە پێوەندیی لەمێژینەی نێوان بنەماڵەکەمان، بەمە زۆر خەفەتم خوارد، نافیز

پیاوێکی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆز و خاوەن بیروڕای بوێرانە و زیرەک و قسە لەڕوو بوو، برادەران و ناسیاوانم بەبۆنەی ئەو کارەساتەوە سەردانیان کردم و سەرەخۆشییان لێ کردم.

١٠ رۆژ دوای ئەو رووداوە، هەواڵی کۆچی دوایی (حوسێن عەلی خورشید)ی ئامۆزام پێ گەیشت، سەرەڕای جیاوازیی تەمەنمان بەڵام حوسێن برادەری تەمەنم بوو، نەک هەر خزم بگرە هەڤاڵ و برادەر بووین، پیاوێکی بە لوتف و قسەخۆش و مرۆڤ لێی تێر نەدەبوو، سەفەرم بۆ بەغدا جگە لە سیفەتە فەرمییەکەی، مەبەستی سەرەکیم سەردانی کەسوکاری هەردوو خوالێخۆشبوو و بەشداریکردن بوو لە خەم و پەژارەیان، دەبووایە بەشداری لە چلەی ماتەمینی نافیزدا بکەم و سەردانی کەسوکاری حوسێنیش بکەم.

دوای ئەوەی گەیشتمە بەغدا و چەند چاوپێکەوتنێکی فەرمیم ئەنجام دا، چوومە کۆیێ و لە چلەی ماتەمینی خوالێخۆشبوو نافیز جەلالدا ئامادەبووم، پاشان گەڕامەوە هەولێر و سەردانی بنەماڵەی حوسێنی ئامۆزام کرد، بۆ هەردووکیان زۆر خەفەتم خوارد.

گەڕامەوە بەغداو چاوم بە مورتەزا سەعید عەبدولباقی حەدیسی وەزیری دەرەوە کەوت، مورتەزا هەواڵی گواستنەوەکەی دووپات کردەوە بەڵام وتی هیچ بڕیارێکی فەرمی لەوبارەیەوە دەرنەچووە و پرسەکە لە ئاستی باڵاوە باسی لێوە کراوە، تێبینیی ئەوەم کرد مورتەزا بەو بڕیارە رازی نییە چونکە ماوەیەکی زۆر نەبوو دەستبەکار بووبووم و لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بووم و پێوەندییەکانم گەیاندبووە ئاستێکی زۆر باش، مورتەزا پیاوێکی بەڕەوشت و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتکردنی ژیرانە بوو.

چاوم بە سەرۆک بەکر کەوت، هەندێک داواکاریی وەک دامەزراندن و گواستنەوە کە هی خەڵک بوون بۆی جێبەجێ کردم، پاشان چوومە لای سەدام حوسێن جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، دیداری هەردووکیان زۆر ئاسایی بوو و باسی گواستنەوەکەم نەکرا، بەکر سەبارەت بە گیان

لەدەستدانی نافیز پەژارەی خۆی دەربڕی چونکە پێشتر یەکتریان دەناسی بەتایبەتی ئەو کاتەی کە نافیز قوتابیی کۆلێجی سەربازی بوو و بەکریش مامۆستای ئەو کۆلێجە بوو، کاتێکیش چوومە لای بارزانی باسی ئەوەم بۆ کرد کە حکوومەت نیازی گواستنەوەی هەیە، بارزانی وتی ئەگەر حەزت لێ نییە مەچوو، پاشان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین کە بۆ چەند مانگێک بچم و پاشان دەست لەکار بکێشمەوە.

گەڕامەوە شوێنی کارەکەم لە پراگ، فرمانی هەندێک لەو فەرمانبەرانەی کە لە باڵوێزخانەدا هاریکارم بوون دەرچوو، ئێمە تیمێکی زۆر بەیەکەوە گونجاو بووین، هیچ کامیان کارێکی وایان نەکرد دڵم بڕەنجێت، هەڵسوکەوتمان وەک سەرۆک و بەندە نەبوو بگرە برادەر بووین، بڕیاری دەرچوونی تاریق عانی بەڕێوەبەری ژمێریاریی باڵوێزخانە دەرچوو، پاشان فەرمانی گواستنەوەی عەبدولسەتار دووری پاشکۆی رۆشنبیریی باڵوێزخانە و تەها ئەحمەد داود پاشکۆی بازرگانی و عەبدولقادر قەلەمچی ڕاوێژکاری باڵوێزخانە و هی تر دەرچوون.

لە کۆتاییی ئەیلوول و سەرەتای تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ بڕیاری گواستنەوەم بۆ ئۆتاوای پایەتەختی کەنەدا وەک یەکەم باڵوێزی عێراقی جێنشین لەوێ دەرچوو، هەروەها بارەگای باڵوێزخانە تازە دادەمەزرا، عێراق کونسوڵخانەیەکی گشتیی لە شاری مۆنتریالی هەرێمی کیوبیکی فەرەنسا لە کەنەدا هەبوو، برادەرە کوردەکانیشم عەزیز شێخ رەزا، عەبدولخالیق مەعروف، تاریق ئاکرەیی، پراگیان بەجێ هێشت.

بەر لەوەی بەغدا بەجێ بهێڵم و بگەڕێمەوە پراگ چاوم بە برایان سامی عەبدوڕەحمان وەزیری کاروباری باکور و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ساڵح یوسفی وەزیری دەوڵەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانییەکان کەوت، نووری شاوەیس ئەوکاتە بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیی دڵ لە دەرەوەی عێراق بوو، هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە لە بری خوالێخۆشبوو نافیز جەلال پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ

وەربگرم بەڵام من بەتوندی ئەوەم ڕەت کردەوە چونکە هەفتەیەک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێ پەڕیبوو، خزم و کەسوکاری نافیزیش داوایان کرد پۆستی ناوبراو وەربگرم، لەوە تەواو دڵنیابووم دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بەسەر ڕێککەوتننامەی ئادار بەعس پاشگەز دەبێتەوە و بەڵێنەکانی ناباتە سەر.

پاش ئەوەی بڕیاری گواستنەوەم لە پراگ وەرگرت خۆم بۆ سەفەر ئامادە کرد، ئەو کارە لە مێژووی دەرچوونییەوە دوو مانگی دەبرد تا تەواو دەبوو، دەبوایە سەردانی هەموو لێپرسراوانی حزب و دەوڵەت بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و باشیان لەگەڵ باڵوێزخانەدا هەبوو بکەم، هەروەها بۆ ماڵاواییکردن دەبوایە سەردانی سەرجەم باڵوێزە باوەڕپێکراوەکان بکەم، ئەمانەم هەموو تەواو کرد و لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەم خەریکی سازدانی ئاهەنگی ماڵاوایی بووم بەڵام بۆ ماوەی دوو هەفتە دوام خست، ئەو دواخستنەش لەبەر چەند هۆیەک بوو کە لە مەودوا باسیان دەکەم.

***

# عێراق چەک و تەقەمەنی لە یۆگسلاڤیا دەکڕێت

لە هەفتەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٢ دەمتوانی دەست لەکار بەربدەم و ئەرکەکانم بەکۆتا بینم و چیکۆسلۆڤاکیا بەجێ بهێڵم، بەڵام زانیم شاندێکی گەورەی سەربازیی عێراقی بە سەرۆکایەتیی وەزیری بەرگری فەریق حەماد شەهاب دەگاتە پراگ تا رێککەوتن لەسەر کڕینی بڕێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی لەگەڵ یۆگسلاڤیادا مۆر بکات.

لە هاتنی شاندەکە و مەرامیان منیان ئاگادار نەکردبووەوە، لە برادەرە یۆگسلاڤییەکانم ئەو هەواڵەم بیست و پاشان لە پاشکۆی سەربازی زانیاریی زیاترم دەس کەوت، هەرچەندە دەستەی دیپلۆماتی عەرەبی ئاهەنگی ماڵاواییان بۆ سازدام و لەلایەن جێگری راگری سلکی عەرەبی باڵوێز محەمەد عەلی ئیبراهیمی باڵوێزی یەمەنەوە خەڵاتێکی رەمزیشم پێشکێش کرا، بەڵام رۆیشتنەکەم دواخست، دوای من محەمەد عەلی ئیبراهیم بوو بە راگری سلکی دیپلۆماتی عەرەبی.

گەیشتمە ئەو بەرەنجامەی کە حکوومەت دەیویست من ئاگاداری کڕینی ئەو چەکانە نەبم چونکە ئەو چەکانە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی گەڕێکی تری شەڕ دژ بە کورد بەکاردەهات، بۆیە بڕیاریان دا لە پراگ نەمێنم، حکوومەتی عێراق وا مەزەندەی دەکرد پێش ئەوەی شاندەکەیان بگات من پراگ بەجێ بهێڵم.

شاندەکە، لە هەفتەی دووەمی مانگی کانوونی یەکەمدا گەیشتن، ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی سەربازی و هونەرکارانی ئەو بوارە بەسەرۆکایەتیی فەریق حەماد شەهاب بە باڵەفڕەیەکی سەربازی تایبەت گەیشتنە باڵەفڕگە، لەگەڵ کارمەندانی باڵوێزخانە و وەزیری بەرگریی چیکۆسلۆڤاکیا و گەورە نوێنەرانی

وەزارەتە پێوەندیدارەکان پێشوازیمان کردن، ئەوەم بۆ شاندەکە روون کردەوە کە لەبەرچی ماوەمەتەوە و نەمویستووە باڵوێزخانە چۆڵ بێت، هەمان رۆژ بۆ رێزلێنان لە شاندەکە شەو داوەتێکی گەورەم سازدا کە وەزیری بەرگریی چیکۆسلۆڤاکیا و وەزیری بازرگانیی دەرەکی و بریکاری وەزارەتی دەرەوە هروزای برادەرمان کە لە بەغدا باڵوێز بوو، هەروەها سەرجەم باڵوێزە عەرەبەکان و هەندێک لە عێراقییە جێنشینەکان تێیدا ئامادە بوون.

رۆژانی دواتر گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لا دەستی پێ کرد، شاندی عێراقی سەردانی دامەزراوە سەربازییەکانیان کرد و چەندان ئاهەنگیان بۆ سازدرا، هەندێک زانیاری تایبەتم سەبارەت بە وتوێژەکانیان دەس کەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی وەزیری بەرگریی عێراق شەو داوەتێکی بۆ هاوپایە یۆگسلاڤییەکەی سازدا و سەرجەم پێداویستییەکانیان لە ماڵی باڵوێز لەلایەن کارمەندانی باڵوێزخانەوە بۆ دابین کرا و ئاهەنگەکەش لە شوێنی حەوانەوەی وەزیر بوو، رۆژی پاشتر ئیمزا لەسەر رێککەوتنەکە کراو منیش تێیدا ئامادە بووم.

شاندی عێراقی گەڕایەوە بەغدا بەڵام وەزیری بەرگری بۆ پشوودان چووە هاوینە هەوارێک، لە ١٦ی مانگی کانوونی یەکەم ئاهەنگی ماڵاواییم سازدا کە تیایدا ژمارەیەک لێپرسراو و سەرۆکایەتیی دەستەی دیپلۆماتی بیانی و عەرەبی و ژمارەیەک لە عێراقییە جێنشینەکان و برادەرە چیکۆسلۆڤاکییەکانم تیایدا ئامادەبوون، لەو ئاهەنگەدا چەندان خەڵاتی یادگاریم لەلایەن وەزارەتی دەرەوە و سلکی دیپلۆماتی و کارمەندانی باڵوێزخانە و برادەرانەوە پێشکێش کرا، رۆژی ١٩٧٢/١٢/٢٠ دوکتۆر ڕوشکوتی برادەرم هاتە ماڵەوە و بە فەرمی لە ماڵەکەمدا بەڕێی کردم، بە ئوتۆمۆبیلی باڵوێزخانە لەگەڵ کاکە عەبدولقادر دزەیی ئامۆزام چووینە ڤیەننا، لەوێش بە ئوتۆمۆبیلی خۆم بەڕێگەی وشکایی گەڕاینەوە بەغدا.

***

## پێش ئەوەی بچمە کەنەدا لە بەغدا بووم

وەک باسم کرد لە ١٩٧٢/١٢/٢٠ پراگم بەجێ هێشت دوای ئەوەی کە دوو ساڵ و نیوم تیادا بەسەربرد، چیکۆسلۆڤاکیا وڵاتێکی جوان و خەڵکەکەی باش و بەڕێز بوون، وەک هەموو وڵاتە سۆشیالیستەکانی تر بەدەست هەژارییەوە دەیناڵاند، سەفەری هاووڵاتیان بۆ وڵاتە رۆژئاواییەکان قەدەغە بوو، هێنانی کەلوپەل و وردەواڵەی ئەو وڵاتانە لە بازاڕە خۆجێیەکاندا قەدەغە بوو تەنیا لە بازاڕی تایبەت بە دیپلۆماتکاران یان بازاڕە ئازادەکان کە بە دۆلار ئاڵوویریان دەکرد، دەست دەکەوتن.

پێشکێشکردنی هەر خەڵاتێک کە لە وڵاتانی رۆژئاوا دروست کرابوو دەبووە مایەی شادی و سەرسڕمانی هاووڵاتیان، هەندێک لە دیپلۆماتکاران بەنرخێکی هەرزان توحفەی کۆنیان دەست دەکەوت و دەیانبردە وڵاتانی رۆژئاوا، دیپلۆماتکار دوای پێدانی خەڵاتێکی سادە بە لێپرسراوێک دەیتوانی باشترین جۆری کریستاڵی دەست بکەوێت، هەروەها هەر بەم رێگەیە دەیتوانی لە هەر ئوتێلێکی پلە یەکدا چەند ژووری بوێت دەستی دەکەوت، بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەگەر مرۆڤ خەڵاتێکی سادە یان با بڵێین سووکە بەرتیلێکی نەدابا هیچی دەست نەدەکەوت.

خەڵک لە رێژیمەکەیان بێزار بوون و لە بەرامبەر بیانییەکان ئەو بێزارییەیان دەردەبڕی، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆری رۆڵەکانی گەل نەیاری رێژیمی کۆمۆنیستی بوون، نکوڵی لەوەش ناکەم کە رێژیمەکە سەرەڕای سلبیات ئیجابیاتیشی هەبوو، چارەسەرکردنی بێکاری، دابینکردنی تەندروستی و خانوو بۆ هاووڵاتیان، دەستەبەرکردنی ژیانێکی خۆش (سەرەڕای سادەیی ئاستەکەی) لە کارە چاکەکانی رێژیم بوو، بەڵام هەستنەکردن بە ئازادی و

سەرکوتینەوە و هەژموونی سۆڤیەت بەسەر وڵاتەکەدا وای لە خەڵک کردبوو نەیاری ڕێژیم بن، جارێکیان لە لێپرسراوێکم پرسی ئاخۆ بۆ سەفەری هاووڵاتیان قەدەغە کراوە؟

وەرامێکی وای نەدامەوە باوەڕم پێ بێت، سەیر نەبوو کە سیستەمی سۆشیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکان وا بە ئاسانی و خێرایی ڕما. هەر چۆنێک بێت ئەو ماوەیەی لە چیکۆسلۆڤاکیا بووم زۆر چێژم بینی و بۆ من ئەزموونێکی دیپلۆماتیی سەرکەوتوو بوو ئەگەرچی یەکەمین ئەزموونیش بوو، لە پراگەوە گەیشتمە ڤیەننا، ڕۆژێکم لەوێ بەسەربرد، دوای ئەوەی شوفێرەکەم کە ناوی کولا بوو بۆ ئامادەکردنی ئوتۆمۆبیلەکەم زۆر هاوکاریی کردم، ڕووم لە سنووری یۆگسلاڤیا کرد، کولا بە ئوتۆمۆبیلی باڵوێزخانە گەڕایەوە، ئەو شوفێرە زۆر لێزان و خزمەتگوزار بوو، زۆر بەباشی بەزمانی ئینگلیزی قسەی دەکرد، لە دووەم شەڕی دنیادا مولازمی باڵەفڕەوان بوو لە سوپای چیکۆسلۆڤاکیادا، لەگەڵ سوپادا بەرگرییان لە هێرشی داگیرکەری نازی کردبوو، پاشان چووبووە پاڵ سوپاکانی ڕۆژئاوا و هاوپەیمانان، ماوەیەک لە بەریتانیا مابووەوە، دوای هاتنە سەر حوکمی ڕێژیمی شیوعی لە سوپا دەرکرا.

لەگەڵ کاکە عەبدولقادری ئامۆزام شەوێکمان لە شاری زغرب بەسەربرد، دوایی ڕوومان لە بولگاریا ئینجا تورکیا و سوریا و لبنان و دووبارە سوریا کرد، لە ٢٥ی ئەو مانگەدا گەیشتینە بەغدا و زۆر ماندوو بووین، بەری بەیانی بوو و ڕێکەوتێکی سەیریش بوو کە پوورم دایکی کاکەمان بینی، خۆی بۆ سەفەری حەج ئامادە دەکرد، پوورم زۆر دڵخۆش بوو، چونکە بەر لە سەفەرەکەی کوڕە تاقانەکەی بینی.

لە بەغدا، بە سەردانی فەرمی چوومە لای سەرۆک بەکر و سەدامی جێگری و مورتەزا سەعید عەبدولباقی وەزیری دەرەوە و شازل تاقە بریکاری وەزارەتی دەرەوە، هەروەها چاوم بە هەندێک لە برادەرە کوردەکانم کەوت و پاشان هاتمە هەولێر، پەلەی ئەوەم نەبوو بچمە سەر کارە تازەکەم لە کەنەدا،

بەپێچـەوانەی ئەوانەی کـە لە پلەو پایـەیەکی وا دادەنرێن خـواخـوایانە دەست بەکاربن، نزیکەی سێ مانگ لە عێراقدا مامەوە.

ئەو کاتەی لە بەغدا بووم، وا رێک کەوت شـاندێکی گەورەی چیکۆسلۆڤاکی هاتە عێراق (رۆژ و مێژووەکەم لەبیر نییە)، شاندەکە بە سەرۆکایەتیی وەزیری دەرەوە بوو، مـورتەزا سەعید عەبدولبـاقی وەزیری دەرەوەی عێـراق حەزی کـرد من بچـمـە پاڵ شـاندی عێـراق بۆ وتووێژکـردن لەگـەڵ شـاندی میـوان، دوای مــورتەزا من بـووم بە ئەنـدامـی شــاندی عــێــراق، وەزیر و زۆربەی ئـەنـدامــانـی شـاندی چیکۆسـلۆڤـاکـیـام دەنـاسی، چەند رۆژێـک لە بەغـدا مـانەوە و چـەند رێککەوتنێکیان لەگەڵ عێراق سەبارەت بە بازرگانی و کونسوڵگەری مۆرکرد.

بەهار وردە وردە نـزیک دەبووەوە، بڕیارم دا جـەژنـی نەورۆز لە کـوردسـتـان بەســەرببـەم، چەنـد رۆژێک لەگـەڵاڵە مـامـەوە و چـەند جـارێک چـاوم بە بارزانی کەوت، بەر لەوەی بچـمە چیکۆسلۆڤاکیا بارزانی خـەڵاتێکی پێشکێش کـردم برێتی بوو لـە کـەوڵـی پڵـینگێک کە لە چیایەکانی کوردسـتـان راو کـرابوو، ئەو کــەوڵە لەلایـەن کــارمــەندانی مــۆزەخــانـەی مــێــژووی ســروشــتـی لـە پراگ بەشـێـوەیەکی زۆر هونەری مـۆمـیـا کـرا و ئەوەی بینیبـای وای دەزانی پڵنگی راسـتـیـیـە، بـارزانی پرسـیـاری ئەو کـەوڵـەی کـرد و منیش سـەربـردەکـەم بۆ گێڕایەوە و پێم وت لەگەڵ کەلوپەلەکانی ترم رەوانەی کەنەدام کردووە.

دوای ئاهـەنگەکــانی نـەورۆز گـەڕامـەوە هـەولێـر، چەند رۆژێکم لە نـاوچـەی خـۆمـان و ئـەو گـوندانـەی سـەر بەخـۆمـان بوون و لەناو خـزمـاندا بەسـەربرد، ژیانی سـروشـتـیی گـونـد و جـوانیـیـەکـەی دووربوو لە ژاوەژاوی شـار، بۆ من چێژێکی زۆری تێدا بوو، ئەو رۆژانەم وەبیـرهـاتەوە کـە بە سـادە و سـاکاری لە گونددا بەسەرم برد، حەزم دەکرد ئەو رۆژانە و بەهار کۆتاییيان نەیەت، پرسی ســـەفــەر و بـاڵوێزخــانـەم بیــرچووەوە، ئـەو رۆژانە وەک خــەونێکی جــوان بەسەرچوون.

دوای ئەوەی لەو خـەونە جـوانە بەخـەبەر هـاتم گـەیشـتـمـە ئەو باوەڕەی کـە

دەبێت ئەو کەشوهەوایە جوانە بەجێ بهێڵم و بچمە سەر کارە تازەکەم، هاتمە هەولێر، پاشان چوومە گەلاڵە و سەردانی بارزانیم کرد و مۆڵەتی سەفەرکردنم لێ وەرگرت، بارزانی چەند راسپاردەیەکی پێ وتم، ئینجا سەردانی هەڤالانم لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزب کرد و گەڕامەوە هەولێر و پاشان چوومە بەغدا.

وادەی سەفەرەکەم هەفتەی یەکەمی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ بوو، پێش سەفەرەکەم چوومە لای سەرۆک بەکر و بەڵگەی متمانە پێکردنم لێ وەرگرت کە ئاڕاستەی شاژنە ئەلیزابیسی شاژنی بەریتانیا کرابوو بەو سیفەتەی کە شاژنی کەنەداش بوو، بەکر پرسیی ئاخۆ هاوسەر و منداڵەکانم دەبەم؟ وتم لەگەڵ دەست پێکردنی پشووی هاوین دێنە لام، بەکر وتی پێش ئەوەی بێن ئاگادارم بکەنەوە، منداڵەکانم نەیانتوانی بگەنە لای سەرۆک بەکر چونکە وارێک کەوت ئەو کاتەی ئەوان خەریکی سەفەر بوون لێپرسراوانی عێراقی سەرقاڵی پیلانەکەی بەڕێوەبەری گشتی ئەمن (نازم گەزار) بوون لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا، دوای ئەوە سەردانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش (سەدام حوسێن) و مورتەزا سەعید عەبدولباقی وەزیری دەرەوە و کەسانی تری وەزارەتم کرد، چەند کارێکی کارگێڕیشم تەواو کرد و دوای یەک دوو رۆژ بەڕێگەی لبنانەوە سەفەرم کرد.

یەک رۆژ بەرلەوەی سەفەر بکەم، زانیم سەرکردەی ئاشوورییەکان (مەلیک یاقۆ) کە لە کەنەدا دادەنیشت وا لە نەخۆشخانەی (مدینة الطب) چارەسەری بۆ دەکەن، لێرەدا دەمەوێت شتێک لەبارەی رۆڵی برا ئاشوورییەکان لە بزاڤی رزگاریخوازیی کورد و بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا باس بکەم، پێوەندی نێوان کورد و ئاشوورییەکان پێوەندییەکی جیاواز بوو کە متمانە و هاریکاریی پێوە دیار بوو بەتایبەتی لەگەڵ بارزانییەکان، تخووبی گوندەکانیان لەگەڵ گوندی کوردان هاوبەش بووە و هەندێکیشیان لە ناو گوندی کورداندا ژیاون، لە هەموو بارودۆخێکدا جیاوازی و ناکۆکی لە نێوانیاندا نەبووە و بە تەبایی و برایەتی ژیاون، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا کە بارزانی نەمر

سەرکردایەتی کرد ئاشوورییەکان شانبەشانی برا کوردەکانیان بەشدارییەکی کاریگەرییان کرد و چەندان قوربانی و شەهیدیان دا، شەهیدی پاڵەوان هورمز مەلەک چەکۆ سەرقافڵەیان بوو، ئاشوورییەکان ئەوەندە جێگەی متمانە بوون کە هەندێکیان پاسەوانی تایبەتی پاراستنی بارزانی و کاک مەسعوودی کوڕی بوون.

لە ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە، یەکێک لە داواکارییەکانی شاندی کوردی لە وتووێژەکاندا پرسی پێدانی مافی ڕۆشنبیری بوو بە تورکمان و ئاشووری، لایەنی حکوومەت ئەو داواکارییەی ڕەت کردەوە و دوای ئەوە یەکلایەنە بڕیاری مافی ڕۆشنبیریی بۆ ڕاگەیاندن و بڕیاری لێبووردنی بۆ مار شەمعون[١٧] کە لە کەنەدا دادەنیشت دەرکرد، داوای لێ کرد بۆ عێراق بگەڕێتەوە، حکومەت دەیویست بەڕێگەی مارشەمعون ئاشوورییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت بەڵام ناوبراو ئەمەی ڕەت کردەوە و دوایی لە کەنەدا کوژرا، کە ئەمەشیان بۆ نەچووە سەر ئینجا هەوڵیان دا خوالێخۆشبوو مەلیک یاقۆ[١٨] و لایەنگرانی داوەت بکەن و پاشان دژ بە شۆڕشی کورد بەکاریان بهێنن بەڵام لەمەشدا سەرنەکەوتن.

جاری دووەم بوو مەلیک یاقۆ سەردانی بەغدا بکات، کە زانیم لە نەخۆشخانەیە بەپێویستم زانی سەردانی بکەم چونکە پێوەندیی کورد و ئاشووری زۆر پتەو بوو و لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەڵوێستی شەرەفمەندانەیان هەبوو، مەلیک یاقۆ لە کەنەدا دادەنیشت و منیش وەک باڵوێز دەچوومە ئەو وڵاتە، چوومە نەخۆشخانەکە و چەپکە گوڵێکیشم لەگەڵ خۆمدا برد، دوو پاسەوانی سەر بە ئەمن لە دەرەوەی ژوورەکە ڕاوەستابوون، سەرەتا لێ نەگەڕان بچمە ژوورەوە بەڵام پێم وتن من باڵوێزی عێراقم لە کەنەدا ئینجا بواریان دام و لە ناو و ناسنامەیان نەپرسیم و وایان زانی لە گەورە بەعسییەکانم، چوومە لای یاقۆ و سڵاوم لێ کرد و خۆم پێ ناساند، ئەمیش وای زانی لە گەورە بەعسییەکانم، پیرێکی ماندوو لەسەر جێگا کەوتبوو، بە

عەرەبییەکی سەقەت و هەندێک رستەی ئینگلیزی وتی (هەموو ناوچەی باکور هەر لە زاخۆ تا سنووری ئێران بە پێ گەڕاوە و دەتوانێت بەربەرەکانیی شۆڕشی کورد و بارزانی بکات، داوای کرد ئەو قسەیە بگەیەنمە لێپرسراوان)، بەو قسانە پێ کەنینم هات و داوای شیفام بۆ کرد و هاتمە دەرەوە.

گەڕامەوە ئەو ئوتێلەی لە شەقامی سەعدوون تیایدا دابەزیبووم تا خۆم بۆ سەفەر ئامادە بکەم، دانی عەسر زیای کوڕی مەلیک چەکۆ هاتەلام، سووکە ناسیاوییەکم هەبوو و پێشتر لە هەندێک بۆنەدا یەک دوو جار بینیبووم، دوای سڵاو و بەخێرهێنان سەبارەت بە قسەکانی باوکی داوای لێبووردنی کردو وتی پیر بووە و نەخۆشە و قسەکانی بەهەند وەرناگیرێن، هەروەها ئاماژەی بە پێوەندیی برایەتی نێوان کورد و ئاشووری دا و دووپاتی کردەوە ئەو پێوەندییە قەت خراپ نابێت، منیش پێ کەنیم و پاڵپشتی قسەکانیم کرد، وتم ئەوەم هەر لەبیر نەماوە و باوکی چونکە نەخۆش و پیرە و نەیناسیوم بۆیە ئەو قسانەی کرد، لەبارەی ئەم بابەتە نامەیەکم بۆ بارزانی نووسی و تیایدا باسی هەڵوێستی زەیام کرد، پاشان زانیمەوە کە مەلیک یاقۆ و کوڕەکەی داواکارییەکانی رێژیمیان رەت کردووەتەوە و هاوکارییان نەکردوون و بەغدایان بەجێ هێشت.

وەک باسم کرد، لەو سەفەرەدا پەلەم نەبوو، چەند رۆژێکم لە لبنان بەسەربرد و پاشان چوومە پراگ شوێنی کاری پێشووم، هیچ باڵوێزێکیان نەهێنابووە شوێنی من، وادیار بوو بەعسییەک بۆ ئەو شوێنە دانرابوو هەرچەندە بیستم مامۆستای کۆن و برادەرم دکتۆر عەبدوڵڵا ئیسماعیل بوستانی بۆ ئەو شوێنە دیاری کراوە، بوستانی تازە وەک باڵوێز لە وەزارەتی دەرەوە دامەزرابوو، پیرۆزباییم لێ کرد و هەندێک زانیاریم پێ دا، لەو بڕوایەدابووم ئەو پیاوەیان لەو باڵوێزخانەیە دانەدەنا. یەکێک لە هۆیەکانی گواستنەوەم هەستیاریی ئەو شوێنە بوو بە تایبەتی دوای پەرەسەندنی پێوەندییەکانی عێراق بوو لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی،

چیکۆسلۆڤاکیا لە هەڵقە گرینگەکانی ریزبەندی ئەو پێوەندییانە بوو و دەتوانم بڵێم دوای یەکێتیی سۆڤیەت لە هەمووان گرنگتر بوو، لەهەندێک کاروباردا یەکێتیی سۆڤیەت راستەوخۆ پێوەست نەدەبوو بگرە چیکۆسلۆڤاکیا وەک ئەلتەرناتیڤێک ئەو کارەی دەکرد.

وەک کەسێکی ئاسایی، چەند رۆژێکم لە پراگ بەسەربرد، وێنەی گەشتیار یان میوانێک یەکەم جار بوو هەست بەجۆرە ئازادییەک بکەم، لە ئوتێلێک دابەزیم و ئوتۆمۆبیلی باڵوێزخانە بە کولای شوفێرەوە وەک جاران لە خزمەتمدا بوون، سەردانی هەندێک برادەرم لە وەزارەتی دەرەوە و شوێنی تردا کردو هەروەها چاوم بە چەند باڵوێزێکی برادەر کەوت.

دوای هەفتەیەک چوومە ڤیەننا، دوو رۆژم لەگەڵ مالیک یاسری برادەرم و عومەری برام بەسەربرد، پاشان چوومە ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژێکم لە فرانکفۆرت لەگەڵ براکەی ترم ئەنوەر بەسەربرد، لەوێ چاوم بە پزیشکی ددان خاتوو دادا دوسکا کەوت، ئەو ئافرەتە چیکۆسلۆڤاکی بوو، مێردەکەشی ئەندازیار پیتەر دوبرسکی لە برادەرە نزیکەکانم بوو، لە پراگ ئەو ژن و مێردە زۆر برادەرم بوون، دوسکا دوای ئەوەی لە مێردەکەی جیابووەوە هاتە ئەڵمانیای رۆژئاوا و مێردی بە پیاوێکی سویسرایی کرد و توانی چیکۆسلۆڤاکیا بەجێ بهێڵێت.

دوای ئەڵمانیا چوومە بەریتانیا و هەفتەیەک مامەوە، لەوێ چاوم بە بابە عەلی شێخ مەحموود کەوت کە لە لەندەن دادەنیشت، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ زەید ئەحمەد عوسمانی پوورزا و برادەرم کرد کە لە پاریس جێنشین بوو، هەروەها چاوم بەو برادەرانە کەوت کە لە بەریتانیا دادەنیشتن، دوایی چەند پێداویستییەک و هەندێک جلوبەرگی فەرمیم کڕی لە رێکەوتی ١٩٧٣/٤/٢٤ چوومە شوێنی کارەکەم لە ئۆتاوای کەنەدا.

# چوونم بۆ کەنەدا

ئێوارە لەندەنم بەجێ هێشت و بەرەو ئەو کیشوەرە ئەمەریکاییە چووم کە پێشتر نەمبینیبوو، جیاوازیی کات لەنێوان بەریتانیا و لێواری ڕۆژئاوای کەنەدا پێنج سەعاتە، سەعات ۹ی ئێوارە بەکاتی ناوەخۆ گەیشتمە شاری مۆنتریال لە لێواری ڕۆژئاوای ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا، مۆنتریال گەورەترین و جوانترین شاری کەنەدایە، کەوتووەتە هەرێمی کیوبیکی فەڕەنسی، دانیشتووانی بەزمانی فەڕەنسی قسە دەکەن و زمانی فەرمییە.

دوای پشوودانێکی کورت، سواری باڵەفڕەیەکی تر بووم و سەعات ۱۰ی ئێوارە گەیشتمە ئۆتاوای پایەتەختی کەنەدا، لە باڵەفڕگەدا سکرتێری یەکەم و هەڵسووڕێنی کاروباری باڵوێزخانە محەمەد رەزا جابری و کارمەندان پێشوازییان کردم، دوای بەخێرهێنان چوومە شوێنی حەوانەوەم کە شوێنێکی تایبەت بوو لە ئوتێلی هۆلیدای ئان و باشترین ئوتێل بوو لە ئۆتاوا، بەڕێوەبەر و کارمەندەکانی خزمەتگوزار و قسەخۆش بوون.

کە گەیشتینە ئوتێلەکە، پێشوازیکەرانم بۆ شیڤ خواردن بانگێشتنیان کردم، بەڵام داوای لێبووردنم کرد چونکە لەناو باڵەفڕ شیڤم خواردبوو و کاتەکەشی سەعات چواری بەیانی بوو بەکاتی بەریتانیا، پێویستیم بە حەسانەوە و خەوتن بوو. بۆ رۆژی دوایی، پاش چێشتخواردن هەستم بە حەسانەوە و چالاکی کرد، جابری هات بەدوامدا و چووینە باڵوێزخانە، لە کارە تازەکەم وەک یەکەم باڵوێزی عێراقی جێنشین لە کەنەدا دەستبەکار بووم، دوای پشوودانێکی کورت، باڵەخانەی باڵوێزخانەکەم بەسەر کردەوە کە بریتی بوو لە خانوویەکی گەورە و کەوتبووە گەڕەکی باڵوێزخانەکان، لە سێ نهۆم پێک هاتبوو، ئەوەندەی ژوور تێدابوو کە لە ژمارەی کارمەندەکان زیاتر

بوو جگە لە پاشکۆیەکی تایبەت بۆ شوفێران، عێراق کونسوڵخانەیەکی لە مۆنتریال هەبوو، دوای دامەزراندنی باڵوێزخانە لە ئۆتاوا کونسوڵخانەکە داخرا و سەرجەم کەلوپەل و فایلەکانیان هێنایە باڵوێزخانە و هەندێک لە کارمەندەکانیش هاتنە ئەوێ، کونسوڵی گشتیش بۆ کونسوڵییەی دیترۆیت لە وڵاتە یەکگرتووەکان گواسترایەوە.

کەنەدا، وڵاتێکی فراوان و جوانە لە ئەمەریکای باکور، دوای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ڕووی ڕووبەرەوە فراوانترین وڵاتە لە دنیادا، ساڵی ١٩٧٣ ژمارەی دانیشتووانی ٢٢ ملیۆن کەس بوو، تا ئێستاش لە ژێر تاجی بەریتانیایە و شاژنی بەریتانیا شاژنی کەنەداشە، کەشوهەوای لە هاویندا فێنکە و لە زستاندا ساردە، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی ٣٠ ملیۆن کەس دەبێت، لە کۆتاییی نیسان واتە لە وەرزی بەهار چوومە کەنەدا و پێش هاتنی زستانیش بەجێم هێشت.

کەنەدا، بەسەر چەند هەرێمێکدا دابەش بووە کە گرنگترینیان کیوبیک و ئونتاریۆ و کۆڵۆمبیای بەریتانییە، دانیشتوانی هەرێمی یەکەم بەزمانی فەرەنسی قسە دەکەن و نەتەوەپەرستی دەمارگیرن و پێنج یەکی دانیشتووان پێک دەهێنن، خاوەنی حزب و پەرلەمان و حکوومەتی تایبەت بە خۆیانن وەک هەر هەرێمێکی تر.

لە هەرێمی کیوبیک حزبێک هەیە ناوی حزبی سەربەخۆیی کیوبیکە، لە دەستووردا هاتووە کە گەلی کیوبیک هەر کاتێک بیەوێت جیا ببێتەوە ئازادە، بەڵام زۆربەی دانیشتووانی هەرێمەکە حەز دەکەن لە چوارچێوەی ئەو فیدراڵییەتەدا بمێننەوە، حزبی سەربەخۆیی کیوبیک تا ئێستا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە تا بێتە سەر حوکم و بڕیاری جیابوونەوە بدات.

هەرێمەکانی تر، بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن و زمانی فەرمییە، جگە لە چەند هەزار کەسێکی هۆزەکانی ئەسکیمۆ کە لەناوچەی جەمسەری باشوورن بە زمانێکی تایبەتی قسە دەکەن.

دوای چەند رۆژێک، وادەی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی متمانەپێکردنیان بۆ دانام، ڕێورەسمی پێشکێشکردنی بەڵگەنامەی متمانەپێکردن وەک وڵاتانی تر نییە، لەرۆژی دیاریکراودا، بەهاوەڵی سەرۆکی تەشریفات بە پەیتوونێکی مەلەکی کە ئەسپ ڕایان دەکێشا چووینە کۆشکی حاکمی گشتی Governer General کە لە جیاتی شاژنی بەریتانیا بوو، ئەو کاتە رولاند میچنەر roland mtchner حاکمی گشتی بوو، دوای ڕێورەسمی پشکنینی پاسەوانانی مەلەکی چوومە هۆڵێکی تایبەت کە حاکمی گشتی و سەرۆکی تەشریفات و نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا لەوێ بوون، دوای پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی متمانەپێکردن هەندێک قسەمان لەبارەی پتەوکردنی پێوەندیی نێوان هەردوو وڵات کرد، پاشان ئەندامانی باڵوێزخانەم بە حاکمی گشتی ناساند و دوایی لەگەڵ حاکمی گشتی و سەرۆکی تەشریفات چووینە ژوورێکی تر هەندێک قسەی دۆستانەمان کرد، ڕێورەسمەکە بەکۆتایی هات و بەهەمان رێگای پێشوو گەڕامەوە، پایەی حاکمی گشتی زیاتر شکڵی بوو، ئەرکەکانی بریتی بوون لەو جۆرە ڕێورەسمانە و پێکهێنانی وەزارەتەکان و کردنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران، هیچ رۆڵێکی سیاسیی نەبوو.

دوای کۆتاییهاتنی ڕێورەسمی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی متمانەپێکردن، دەستم کرد بەنامە ناردن بۆ باڵوێزخانەکان و لە دەستبەکاربوونم ئاگادارم کردنەوە، دوای گەڕانەوەم وا رێک کەوت نزیکەی دووسەد جوولەکە لە بەردەمی باڵوێزخانەدا خۆپیشاندانێکیان ساز دابوو، جوولەکەکان هەواڵی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی متمانە پێکردنمیان لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا خوێندبووەوە، ئەمەیان بەهەل زانیبوو و وەک نارەزایی دەربڕینێک بەرامبەر هەڵسوکەوتی خراپی حکوومەتی عێراق (وەک خۆیان دەیانوت) بەرامبەر بەجوولەکەکان ئەو خۆپیشاندانەیان سازدابوو، چووینە ناو باڵوێزخانە و دەرگاکانمان داخست، یەکێکیان لە دەرگەی دا و ویستی بیرخەرەوەی نارەزایی پێشکەش بکات، بەڵام دەرگامان نەکردەوەو ئەویش لەبەر دەرگە بەجێی هێشت، لە راستیدا خۆپیشاندانەکە زۆر ئاشتییانە بوو و

خۆپیشاندەران ٤٠-٥٠ مەتر لە دووری باڵوێزخانە راوەستابوون، دروشمی نارەزاییان بەرز کردبووەوە و جارجار هوتافیان دەکێشا.

دەستم بەسەردانە فەرمییەکان کرد، یەکەم جار چوومە لای وەزیری دەرەوە و دوایی چوومە لای سەرۆکی وەزیران "بییر ترودو" ئەو پیاوە بە قۆزی و چالاکی ناسرابوو و لای خەڵک خۆشەویست بوو، ژنێکی هێنابوو کە ٢٥ ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، سەر بە هەرێمی کیۆبیکی فەرەنسی زمان بوو، ترودو باوەری بە یەکێتیی کەنەدا هەبوو، ماوەیەکی زۆر لە حوکمدا مایەوە، رۆشنبیرێکی سەردەمییانە بوو و ئامادەیی تەواوی بۆ پەرەپێدانی پێوەندیی لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەربری. باڵوێزخانەکان کە ژمارەیان لە سەد باڵوێزخانە زیاتر بوو، نەمتوانی سەردانی هەموویان بکەم، لەبەرئەوەی کەنەدا دەوڵەتێک بوو لەژێر تاجی بەریتانیا و وڵاتانی کۆمنۆیلیسدا بوو بۆیە باڵوێزخانەی سەرجەم ئەو وڵاتانەی تێدا بوو کە سەر بەو کۆربەندییە بوون و پێیان دەوترا "مەندوبە سامییەکان"، نەمتوانی سەردانەکان تەواو بکەم چونکە لە سەر کارەکەم لابرام و دوای چوار مانگ بەباڵوێزبوونم بەبێ ویستی خۆم پۆستی وەزیری (ئیشغال و ئیسکان)م پێ درا.

پێش بەوەزیر بوونم، بەدوای خانووێکی گونجاودا دەگەرام بۆ ماڵی باڵوێز، چەندان خانووم بینی کە هەندێکیان بۆ کرێ بوون و هەندێکیشیان بۆ فرۆشتن، دواجار خانووێکی فراوانم دۆزییەوە لە شوێنێکی زۆر باش، چەندان هۆڵی تێدابوو کە بۆ ئاهەنگی پێشوازی دەستیان دەدا و جێگەی چەند سەد کەسێکی تێدا دەبووەوە، لەسەر رووبەرێکی فراوانی زەوی دروست کرابوو کە بەشێکی کرابوو بە باخچە و بەشە گەورەکەشی بووبووە دارستان و دەورەی خانووەکەی دابوو و بەراستی جوانی کردبوو، نرخی خانووەکەی ١٨٠٠٠٠ دۆلاری کەنەدی بوو، دەیکردە نزیکەی ٦٠٠٠٠ دیناری عێراقیی ئەوسا، من ئەو برە پارەیەم نەبوو ئەگینا بۆ خۆم دەمکری، داوای رەزامەندیی وەزارەتی دەرەوەم کرد بەڵام رازی نەبوون چونکە عێراق ئەوسا بەماوەی سک هەڵگوشین (فترة تقشف)دا تێ دەپەری، نامەیەکی تایبەتیم بۆ سەرۆک بەکر

نووسی و بە پۆستی دیپلۆماسیدا بۆم نارد، تیایدا ئەوەم روون کردەوە کە نرخی خانوو لە بەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدایە و ئەو نرخەش لەچاو ئەو خانووە هەرزانە، بەکر رازی بوو، پارەکەی بۆ حیسابی باڵوێزخانە نارد، کاتێک ویستم ئیشوکاری کڕینەکە بکەم هەواڵی بەوەزیربوونم بیست، کارەکەم دواخست و وتم با ئەو باڵوێزەی کە لەدوای من دێت تەواوی بکات، خانووێکی ترم بۆ ماوەی ساڵێک لە گەڕەکی دیپلۆماسی بەنرخێکی گونجاو بەکرێ گرت، دوای ئاهەنگەکانی تەمووز گواستمەوە ئەوێ.

سروود ڕەشید نەجیب، وەک سکرتێری سێیەم پێوەندیی بە باڵوێزخانەوە کرد، بەر لەدەستبەکاربوونم داوام لە وەزارەتی دەرەوە کرد کە سروود بۆ باڵوێزخانەی عێراق لە کەنەدا بگواسترێتەوە، کوڕێکی زیرەک و چالاک بوو، ڕەشید نەجیبی باوکی (خوالێی خۆش بێت) برادەرم بوو و لە سەرەتای پەنجاکان موتەسەریفی هەولێر بوو، سروود ئێستا لەگەڵ ئومێد و نویدی برای لە ئەمەریکا دەژی، بۆ من سروود باشترین یارمەتیدەر بوو، زۆر متمانەم پێی دەکرد و وەک برا و یەکێک لە کوڕەکانم تەماشام دەکرد (چەند رۆژێک بەر لە چاپدانی ئەم کتێبە، ئومێد کۆچی دوایی کرد، بە تەلەفۆن سەرەخۆشیم لە کەسوکاری کرد).

بەر لە ئاهەنگەکانی تەمووز، منداڵەکانم لە عێراقەوە هاتنە لام، لەگەڵ خۆیاندا ژوان کچی کاکە عەبدولقادری ئامۆزامیان هێنابوو کە ئەو کاتە تەمەنی دە ساڵ بوو، لە ڤیەنناوەش عومەری برام و هاوسەرەکەی بە منداڵە ساوایەکەیانەوە هاتن، ماڵ پڕ بوو لە خاوخێزان و کاتێکی خۆشمان بەسەربرد، لە پشووی هەفتەدا دەچووینە لێواری دەریا نزیکەکانی ئۆتاوا کە پڕبوون لە سەیرانکەر، جارێکیان چووینە شاری تۆرنتوو پاشان شاری نیاگارا کە تاڤگەی بەناوبانگی نیاگارای لێیە، تەنیا پردێک ئەو شارە لە ئەمەریکا جیا دەکاتەوە، لە پردەکە پەڕینەوە و چووینە نیویۆرک کە چەند سەعاتێک دووربوو، دوو رۆژ لەوێ ماینەوە، چەند هەفتەیەک پێشتر سەردانی نیویۆرکم کردبوو، لەو سەردانەدا عەلائەدین تەیار سکرتێری دووەم کە

فـەرمـانبـەر بوو لـە ئۆتاوا هـاریكاریـی كـردین، عـەلائەدین دوایی بـۆ نیـویۆرک گواسترایەوە لەگەڵ نوێنەری هەمیشەییی عێراق لە نەتەوە یەكگرتووەكان.

منداڵەكـانم شـەش هـەفـتـە لە كـەنەدا لام مـانەوە و دوایی چوونـە ئەوروپا و پاشـان گـەڕانەوە عـێـراق، رۆژێكیـان كـە لام وایە ١٥ی مـانگی ئاب بـوو لە كـاتێكدا كـە ئاهەنگێكی مـوزیكمان بۆ هونەرمـەند مـونیـر بەشـیـر سـازدابوو، ژمارەیەكی زۆر لە باڵوێزان و لێپرسراوان تێیدا ئامادەبوون، مونیر بە ئامێری عـود ئاوازی خـۆشی دەژەنی كە بووە مـایەی سـەرسـامیی ئـامـادەبووان، لە پڕ زەنگی تەلـەفـۆن لێی دا، بـاڵوێز گـابـۆ لەسـەر خـەت بوو، لـەبەر ئـەوەی بە فـەرەنسی قـسـەی دەكـرد شـتـێكی وای لێ تێ نـەگـەیشـتـم ئەوەندە نەبێت دەسـتـەواژەی پیرۆزبایی و بـەوەزیر بوون نـەبێت، تەلەفـۆنەكـەم دا بە عـومـەری برام كـە فـەرەنسیی دەزانی، عـومـەر وتی گـابۆ دەڵێت لـە رادیۆیەكی فـەرەنسی گوێم لە دەنگوباس بووە، لە وەزارەتەی كە ئەحمەد حەسەن بەكر سەرۆكایەتیی دەكـات كـراوم بە وەزیری ئیشـغـال و ئیسـكان، رۆژی پاشـتـر برووسـكەیەكی پیـرۆزباییم لە وەزیری دەرەوە مـورتەزا حـەدیسـی بەدەست گـەیشت و زانـیم هەواڵەكە راستە.

دوو نـامـەم بۆ بەكـر و حـەدیسی نـارد، دوای دەربـڕینی سـوپاس و پێزانین بۆ وەرگرتنی ئەو پۆسـتە داوای لێبـووردنم كرد ئەمیش لەبەر بارودۆخی خۆم و تا ئێـسـتـا لە كـارە تـازەكـەم جێگیـر نەبووم و ئەو هـەمـوو گـۆزەگـۆزە زیانم پێ دەگـەیەنێت، هـیچ وەرامـێكم لە بەكـر وەرنەگـرتـەوە بەڵام وەرامـێكی جـوانم لە وەزیری دەرەوە بـەدەست گـەیشت، تێـیـدا مكوڕ بـوو كـە دەبێت ئەو پۆسـتـە وەربگـرم، هـەروەها وتبـووی كـە وەزیری ئێـسـتـا نووری سـەدیق شـاوەیس نەخـۆشـە و چارەسـەری بـۆ دەكرێت و ناتوانێت بەردەوام بێت، برایان سـامی عـەبدورەحـمـان و سـاڵح یوسـفیش لەسـەر راسـپاردەی بارزانی بۆ ئەو پۆسـتـە هەڵیـان بژاردووم، بەرژەوەندیی گـشـتی وا دەخـوازێت كـە قـبـووڵی بكەم، لە ئەنجامدا رازی بووم بەڵام حـەزم دەكرد تا كـارە فـەرمی و تایبەتییەكانم تەواو نەكەم شوێنی كارەكەم بەجێ نەهێڵم.

# گەشتێک بۆ جەمسەری باکور

وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا، وەک نەریتێک گەشتی تایبەتی بۆ سەرانی دەستەی دیپلۆماتی لە هەر وەرزێکدا بۆ سەرجەم کەنەدا سازدەدا، یەکێک لەو گەشتانە بۆ ناوچەی جەمسەری باکور و دوورگەکانی جەمسەر بوو، زۆر حەزم دەکرد لەو گەشتە سەیر و دەگمەنەدا بەشداربم، چونکە بۆ من هەلێک بوو دووبارە نەدەبووەوە، ناوی خۆم لەگەڵ رێبوارەکاندا تۆمار کرد.

لە نیوەی مانگی ئەیلوول بە باڵەفڕەیەکی تایبەت هەڵفڕین، ژمارەمان ٢٥ دیپلۆماتکار بوو بە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە و تاخمی باڵەفڕەوانیشەوە، گەشتەکە هەفتەیەکی خایاند، رۆژانە چەند سەعاتێک لەناو باڵەفڕە دەبووین و لەو کۆمەڵگە بچووکانەدا دەنیشتینەوە کە ژمارەی دانیشتووانیان لە چەند سەد کەسێک تێ نەدەپەڕی، پێش ئەوەی بگەینە بازنەی جەمسەر بە چەند دەقیقەیەک باڵەفڕەوان ئاگەداری کردینەوە، کە گەیشتینە ناو بازنەکە هەموومان هەستمان بە راکێشانی جەمسەر کرد و باڵەفڕەکەی بۆ خوارەوە راکێشا، ئەو کۆمەڵگانە چەند سەعاتێکی ئاسمانی لەیەکەوە دوورن، مەبەست لەو گردبوونەوەشیان گەڕان بوو بەدوای نەوتدا.

هەر کۆمەڵگەیەک، ئوتێلێکی باش و یانەیەکی تێدابوو، ئێواران ئاهەنگی رێزلێنانمان بۆ ساز دەدرا، ژمارەیەک لە دانیشتووانی کۆمەڵگەکە و هەندێک لە شارەزایانیش ئامادە دەبوون، بەڕاستی رۆژانێکی پڕ چێژ بوون، من برادەری باڵوێزانی پاکستان و ئێران و لبنان بووم، کاتێکی خۆشمان بەسەربرد و شارەزای هۆکارەکانی گواستنەوەی کۆن و تازە بووین، جارێکیان سەردانی کانگەیەکی زێڕمان کرد، لێپرسراوان سەر و خەڵاتێکی یادگاریان پێ بەخشین کە بریتی بوو لە قردێلەیەکی زێڕی سروشتی بۆ

بەستنی کەرەوات، تا ئێستا ئەو خەڵاتەم پاراستووە و ڕۆژە جوانەکانم وەبیر دێنێتەوە.

دوای سەردانی دوورگەکانی جەمسەر، سەردانی شارێکی باشووری ڕۆژئاوامان کرد، ئەو شارە بەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گامێش و گای کێوی بەناوبانگ بوو، ڕۆژێکیان بۆ فراڤین داوەتیان کردین، لە باڵەخانەیەکی فەرمیدا جەم ئامادە کرا کە بریتی بوو لە گامێشێکی کێوی و کرابوو بە چەند پارچەیەکەوە، هەر پارچەی بە ئاسنی تۆڕدارەوە چەسپ کرابوو و لەژێرەوەش ئاگری داریان کردبووەوە، هەریەکە و حەزی لەکام پارچە بووایە بەدەستی خۆی لێی دەکردەوە.

لەڕێگای گەڕانەوەماندا چووینە ناو سنووری ئالاسکا و دوای ئەوە گەڕاینەوە ئۆتاوا، بەم جۆرە ئەو گەشتە دەگمەنە بەکۆتایی هات کە مرۆڤ تەنیا لە خەون یان فیلمی سینەماییدا دەیبینێت.

## بینینی حەدیسی لە نیویۆرک

کۆتاییی مانگی ئەیلوول بوو کە مورتەزا حەدیسی لە نیویۆرکەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی حەزدەکەم بتبینم، بڕیارم دا لەدوا هەفتەی مانگی ئەیلوولدا سەفەر بکەم، لە ئەورووپاش خوالێخۆشبوو کاک ئەحمەدی براگەورەم تەلەفۆنی بۆ کردم، پێم وت بەپەلە بێتە کەنەدا تا بەیەکەوە بگەڕێینەوە، پێش سەفەری من بەدوو ڕۆژ کاک ئەحمەد گەیشتە لام، سەرەڕای نەبوونی پێوەندی لە نێوان ئەمەریکا و عێراق بەڵام توانیم ڕەزامەندی بۆ هاتنی کاک ئەحمەد بۆ ئەمەریکا وەربگرم، پێکەوە بەڕێ کەوتین و بە تاقگەکانی نیاگارادا تێ پەڕیین، شەوێکمان لەوێ بەسەربرد و پاشان بەرەو نیویۆرک چووین.

لە نیویۆرک چوومە باڵەخانەی نوێنەرایەتیی هەمیشەییی عێراق، لەوێ چاوم بە حەدیسی کەوت کە بۆنان خواردن لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوەتی کردم، حەدیسی بۆ سەرکردایەتیکردنی شاندی عێراق لە خولی تازەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتبووە نیویۆرک، هەرچەندە خۆی وا پیشان دەدا کە دڵشادە بەڵام نیشانەی خەم و بێزاری بەدەموچاویەوە دیاربوو، لە بارودۆخی عێراق ناڕازی بوو، دەیوت نامەوێت لە وەزارەت بەردەوام بم و بگرە حەزدەکەم بچمە یەکێک لە باڵوێزخانەکان بەتایبەتی باڵوێزخانەی عێراق لە مۆسکۆ، کە پرسیارم لەبارەی جوولانەوەکەی نازم گەزار لێ کرد وتی جوولانەوەیەکی گەمژانە بوو، لەبارەی چارەنووسی عەبدولخالیق سامەڕایی پرسیارم لێ کرد، زۆر داخ و پەژارەی دەربڕی چونکە زۆر برادەر بوون، بە حەسرەتەوە وتی کە محەمەد فازیل لە ئیفادەکەیدا دانی بەوەدا ناوە ئەگەر جوولانەوەکە سەربکەوتایە ئەوا سامەڕایی لە جیاتی بەکر بکرێت بە سەرۆک کۆمار چونکە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، دوای دیداری حەدیسی و بەسەربردنی دوو ڕۆژ

لە نیویۆرک گەڕاینەوە ئۆتاوا.

لە یەکەم سەفەرمدا بۆ نیویۆرک چاوم بە خوالێخۆشبوو تالیب شبیب کەوت، شبیب تازە لە وەزارەتی ناوخۆ دەستی لە کار کێشابووەوە، پێش ئەوکاتە نوێنەری هەمیشەیی عێراق بوو، عێراق بڕیارێکی دەرکردبوو کە کارمەندانی سلکی دیپلۆماتی نابێت ئافرەتی بیانی بکەن بە هاوسەر و پاشان ئەو بڕیارە هەموو فەرمانبەرانی گرتەوە، تالیب شبیب هاوسەرەکەی بیانی بوو، زۆر بە هەڵسوکەوتی تالیب سەرسام بووم بەتایبەتی کە چاوی لە پلەوپایە نەبوو، بەهۆی چەند گیروگرفتێکی خێزانییەوە لەگەڵ هاوسەرە بیانییەکەی کێشە کەوتە نێوانیانەوە و ویستی تەڵاقی بدات، بەر لە ئەنجامدانی ئەو کارە عێراق ئەو بڕیارەی دەرکرد، تالیب کاری تەڵاقدانەکەی دواخست تا وا لێک نەدرێتەوە کە لە بەر پلەوپایە وای کردووە، پاش ماوەیەک دەستی لە کار کێشایەوە و هاوسەرەکەی تەڵاق دا، بەپێچەوانەی ئەوانەی چاویان لە پایە بوو و ژیانی خێزانییان تێک دا تالیب مرۆڤێکی راستگۆ بوو.

شبیب لە دیپلۆماتە شارەزایەکان بوو، ماوەیەکی باش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا مایەوە، خاوەنی برادەر و ناسیاوێکی زۆر بوو کە هەندێکیانی پێ ناساندم، جارێکیان بۆ شیڤ داوەتی کردم و برادەرە نزیکەکانیشی بانگ کردبوو، لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا پێوەندیی لەگەڵ چەندان نێوەند و دەستەی دیپلۆماتیدا هەبوو.

لە ئۆتاوا سەردانی راگری سلکی دیپلۆماتی و باڵوێزانی عەرەب و حاکمی گشتی و وەزیری دەرەوە و هەندێک برادەرم کرد، بەر لە سەفەر کردنم بەدوو سێ رۆژ لە ٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ بۆ سەردانی ماڵاوایی چوومە لای بییر ترۆدۆی سەرۆک وەزیران، بارودۆخ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گرژ بوو، دەنگۆی ئەوە لە کایەدا بوو کە شەڕێکی تر لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا لە پێشدایە، هەواڵەکان رایان گەیاند کە سوپای میسر خۆی کۆکردووەتەوە، هەڕوگیڤەکانی میسر لەو سێ ساڵەی رابردوواو رزگارنەکردنی هیچ خاکێکی عەرەب هەموانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە گردبوونەوەی سوپای

میسر یەکێکە لەو هەڕوگیڤانە، ترۆدۆ لێی پرسیم ئاخۆ شەڕ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا دەقەومێت، وەرامم دایەوە بەڵێ لە پاشەڕۆژدا ئەو شەڕە هەر دەقەومێت بەتایبەتی ئەگەر ئیسرائیل بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ نەکات و لە خاکی عەرەبان نەکشێتەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێت یان نا؟ لە راستیدا نەمدەزانی کەی ئەو شەڕە دەبێت تەنانەت حکوومەتەکەشم نەیدەزانی.

رۆژی ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣م بۆ وادەی سەفەرەکەم دانا و چوومە لەندەن، بەم جۆرە بۆ یەکجاری ماڵاواییم لە سەرۆک وەزیران کرد، پێش ئەوە، ئاهەنگێکی پێشوازیم سازدا کە سەرجەم سەرانی دەستەی دیپلۆماتی و یاریدەدەرانیان و پاشکۆی سەربازی و سیاسەتوانان و پەرلەمانتاران بۆ ماڵاوایی لێکردن ئامادەبوون، ئێوارەی هەمان رۆژ لەگەڵ کاک ئەحمەد کەنەدامان بەجێ هێشت و بەرەو لەندەن چووین، لە باڵەفڕگەدا لەلایەن نوێنەری وەزارەتی دەرەوە و کارمەندانی باڵوێزخانەوە بەڕێ کرام، وەک باڵوێزی عێراق ئەمە دواجارم بوو لە کەنەدا.

ئەوکاتەی لە کەنەدا باڵوێز بووم شتێکی سەیر رووی دا وا لێرەدا دەیگێڕمەوە، وا رێکەوت وڵاتانی کۆمنوێلیس لە هاوینی ئەو ساڵەدا کۆنگرەیەکیان لە ئۆتاوا سازدا، شاژنی بەریتانیا شاژنە ئەلیزابیسی دووەم کە سەرۆکی ئەو کۆڕبەندە بوو لە کۆنگرەکەدا ئامادەبوو، لەو ئاهەنگە پێشوازییەی کە حکوومەتی کەنەدا لەسەر شەرەفی میوانەکاندا سازی دا ئامادەبووم، شاژن و زۆربەی سەرانی وڵاتانی کۆمنوێلیس و سەرۆک شاندەکانیش ئامادەبوون، بیستم کە لە پرۆگرامی کۆبوونەوەکەدا دەبێت سەرۆکی هەر شاندێک وتەیەکی کورت بخوێنێتەوە و ئینجا گفتوگۆ لەبارەی بابەتەکانی پرۆگرامەکە دەکرێت، ئۆگەندا ئەندامی کۆمنوێلیس بوو، فیلد ماریشال عیدی ئەمین کە حوکمی ئۆگەندای دەکرد ئامادە نەبوو چونکە داوای کردبوو باڵەفڕەی تایبەتی شاهانە بچێت بەدوایدا ئەگینا ئامادە نابێت، باڵەفڕەیان بۆ نەنارد، ئەمیش لە جیاتی خۆی وەزیری دەرەوەی نارد، وتارێکی

درێژی نووسـیـبـوو تا لەبری ئەو بیـخـوێننەوە، دەسـتـەی سـەرپەرشـتـیـاری کـۆبوونـەوەکـە داوایان لە وەزیـری دەرەوەی ئۆگـەندا کـرد وتارەکـەی کـورت بکاتەوە تا لەگەڵ کاتی دیاریکراودا بگونجێت.

وەزیری دەرەوەی ئۆگـەندا بـە تەلەفـۆن قـسـەی لەگـەڵ عـیـدی ئەمین کـرد و پرسـەکەی تـێ گـەیاند کـە ئاخـۆ رازییـە وتارەکـەی کورت بکاتەوە؟ بێگومـان دەزگای موخـابەراتی کەنەدی گـوێی لە قـسـەی نێـوانیـان گرتبـوو، عیدی ئەمین بەوەزیـری دەرەوەی وت: (زمـانـت دەبڕم ئەگـەر یەک وشـە لە وتارەکـە کـورت بکەیتـەوە)، دەستەی سـەرپەرشـتیـار لە ترسـی ئەوەی نەبادا زمانـی وەزیر ببڕن رازی بوون کـە وتارەکە بخوێندرێتـەوە، دیارە لە ئۆگـەندا پێشـی عێراق زمـانـی خەڵکیان بڕیوە، یان ئەمە لە دەسەڵاتدارانی عێراق فێربوون؟

***

# شەڕی ئۆکتوبەری ١٩٧٣

ئەو شەوەمان لەناو باڵەفڕەدا بەسەربرد، سەرەڕای جیاوازیی کات سپێدەی ڕۆژی دوایی گەیشتینە لەندەن، لە باڵەفڕگەی هیترۆوە چووینە ئەو ئوتێلەی کە لە لەندەن نوێنەری شۆڕشی کورد هاوار محەمەد زیادی برادەرم بۆی گرتبووین، بڕیارم دا چەند ڕۆژێک بۆ پشوودان و دیتنی چەند برادەرێک بمێنمەوە لەوانە بابە عەلی شێخ مەحموود و هی تر، کاک ئەحمەدی براشم چاوی بە چەند خزم و برادەرێک کەوت و چووە ئەو ئوتێلەی ئەوان لێی دابەزیبوون.

دوای حەسانەوە، هەر ئەو ڕۆژە ٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ کە ڕێکەوتی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوو تەلەفۆنم بۆ باڵوێزخانەی عێراق کرد، زانیم هەر ئەو بەیانییە شەڕ لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا قەوماوە و میسر و سوریا لەلایەک و ئیسرائیلیش لەلایەک بەگژیەکدا چوون، هێزەکانی میسر توانیویانە هێڵی بەرگریی ئیسرائیل کە بە هێڵی بارلیف ناسرابوو هەڵبتەکێنن، ئەو هێڵە کەوتبووە لێواری ڕۆژهەڵاتی کەناڵی سویس و لەڕووی سەربازییەوە بەهێزترین و پتەوترین هێڵ بوو.

هێزەکان توانیبوویان لە کەناڵی سویس بپەڕنەوە، ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی یەک لە جەژنەکانی جوولەکە بوو، هەروەها زانیم کە عێراق بڕیاری داوە بچێتە ناو شەڕەکەوە و چەند یەکەیەکی سوپایی بەڕێوەن، ویستم بگەڕێمەوە عێراق، بەڵام نەمتوانی، دوو سێ ڕۆژ چاوەڕێم کرد و پاشان چوومە لای ئەنوەری برام کە لە ئەڵمانیا وەک پزیشک کاری دەکرد، کاک ئەحمەدیش لای برادەرەکانی لە لەندەن دواکەوت.

له کاتی سەفەرەکەمدا، لە باڵەفڕگەکان جوولانەوەی نائاساییم دەبینی، جوولەکە خۆبەخشەکان لە سەرانسەری دنیا بۆ بەرگریکردن روویان لە ئیسرائیل دەکرد، دوای بەسەربردنی چەند رۆژێک لە ئەڵمانیا بڕیارم دا بچمە کوێت و لەوێ بە ئوتۆمۆبیل بچمە بەغدا، لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەم واتە دوای تێپەڕبوونی ١٠ دە رۆژ بەسەر شەڕەکە درەنگی ئێوارە گەیشتمە کوێت، ئەو شەوە لەوێ مامەوە، رۆژی دوایی بە ئوتۆمۆبیلی باڵوێز کە یەکێک بوو لە بنەماڵەی حەدیسی لام وایە محەمەد سەبری حەدیسی بوو گەیشتمە سەر سنووری عێراق، لەوێ ئوتۆمۆبیلی پارێزگاری بەسرە چاوەڕێی دەکردم تا بمگەیەنێتە بەغدا.

شەو درەنگان چوومە ماڵی سەعدیی برام کە کەوتبووە (عرصات الهندیة) لە نزیک (المسبح)، کە لە دەرگام دا سەعدی و چەند کەسێک بەدەمانچەوە لە نێوانیاندا ئیسماعیل کوێخا ئەحمەد (کاکە سمە)م ناسییەوە، دەرگەیان لێ کردمەوە و پێ کەنین، دوایی زانیم کە بۆ چەکیان بەدەستەوە بووە، ئەو کاتە کۆمەڵەی ناسراو بە (أبو طبر) بەشەو دەچوونە سەر ماڵان و بە چەقۆ و بیور خەڵکیان پارچە پارچە دەکرد، دوایی بەدیارکەوت کە ئەوانە سەر بە ئەمن بوون و ئەو کارە دوابەدوای هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی نازم گەزار بۆ کودێتا سەری هەڵدا، گەزار بەڕێوەبەری گشتیی ئەمن بوو، بە ئازاردان و تاوانی دڕندانە ناسرابوو، کەسی سەرەکیی داڕشتنی ئەو پیلانە بوو کە ساڵی ١٩٧١ بۆ کوشتنی بارزانی داڕێژرا.

رۆژی دوایی چوومە کۆشکی کۆماری و چاوم بە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر کەوت کە دیاربوو پەلەی بوو بڕوات، وا دیار بوو لایەنە شەڕکەرەکان ئاگربەستیان راگەیاندبوو، بە ئامادەبوونی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار سوێندی یاساییم خوارد، دەموچاوی بەکر تووڕەیی و ناڕەزاییی پێوەدیار بوو، وتی: (کە دەستیان بەشەڕ کرد راوێژیان بە ئێمە نەکرد، ئێستاش لە رادیۆ گوێمان لێ بوو کە ئاگربەستیان راگەیاندووە)، ئینجا بەیەکەوە چووینە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران لە باڵەخانەی

ئەنجومەنی نیشتیمانی، بەکر سەرکردایەتیی کۆبوونەوەکەی کرد و منیش وەک وەزیری تازەی (ئیشغال و ئیسکان) بەشداریم کرد، لە کۆبوونەوەکەدا دیار بوو کە حکوومەتەکەی بەکر بە ئاگربەست رازی نەبوو و دەیانویست شەڕ بەردەوام بێت، وەک بڵێی بارودۆخی سوپای میسر و داگیرکردنی خاکی سوریا و یارمەتییە بەردەوامەکانی ئەمریکایان لەبیر نەبێت، سەرەڕای رزگارکردنی بەشێک لە خاکی عەرەب و ئەو گورزانەی کە لە سەرەتای شەڕەکەدا بەر سوپای ئیسرائیل کەوت، بەڵام سوپای عەرەب بەدەست کارەساتی شەڕەوە دەیناڵاند و وڵاتە شەڕکەرەکان زیانێکی زۆریان بەرکەوت، میسر و سوریا پێویستییان بە ئاگربەست بوو.

دوای کۆبوونەوەکە چوومە وەزارەت، بەشەکانم بەسەرکردەوە و گەورە فەرمانبەرەکانم ناسی، دەستم بەکاری ئاسایی کرد، دوایی چوومە لای جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش- سەدام حوسێن-، پێشوازیم لە هەندێک لە پیرۆزباییکاران لە برادەرە وەزیرەکانم بەتایبەتی کوردەکان کرد، دوایی هاتمە هەولێر و لە گەڵاڵە چاوم بە بارزانی کەوت و بەخێری هێنام، دوای بەسەربردنی دوو رۆژ و سەردانی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی گەڕامەوە هەولێر و پاشان چوومە بەغدا.

***

## له وەزارەتی "ئیشغال و ئیسكان"دا

كـاره رۆتینییـەكـان ئاسـایی بەردەوام بوون، كـارەكـانی وەزارەت زۆر بوون، سـەرەڕای كـاره ئاسـاییـیـەكـانی وەزارەت لـه دروسـتكردنی ڕێگا و پرد و خـانووبەره، له هەمـان كاتدا وەزارەت بەرپرس بوو له جێبـەجـێكردنی كـاری وەزارەتەكـانی تـر و پڕۆژەكـانیـان و تەنانەت هەندێک لـه كـارەكـانی وەزارەتی بەرگری و كۆشكی كۆماری، یەكێک لەو وەزارەتانه بوو كه ئەركی زۆر بوو.

ئەو وەزیره كـوردانەی نوێنەرایەتیی شـۆڕشی كـوردیان له بەغـدا دەكـرد، هەفـتـەی جـارێک یان زیاتر لـه بارەگای رۆژنامـەی- التآخي- كـۆدەبوونەوه، حەبیب محەمەد كەریم سكرتێری حیزب و ئەو ئەندامانەی سەركردایەتی كه له بەغـدا بوون بەشـداری ئەو كـۆبوونەوانەیان دەكـرد و تیـایدا باسـمـان له ئیشوكاره تازەكانی گۆڕەپانی عێراقی و دەرەوه دەكرد.

ئەو كاته "ئەنجوومـەنی بالای پلاندانان" هـەبوو كه جێگری سـەرۆكی كۆمـار سـەدام حـوسـێن سـەركـردایەتیی دەكـرد، وەزیرانی "پلاندانان، ئـیشـغـال و ئیسكان، خـوێندنی بـالا، پەروەرده، ئاودێری، پیشـەسـازی" لەو ئەنجوومـەنەدا بەشـداربوون، هـەفـتـانـه لە باڵـەخـانـەی ئەنجـوومـەنی نیـشـتـیـمـانی و بە ئامـادەبوونی سەدام حـوسێن ئەنجوومـەن كۆ دەبووەوه، پڕۆژەكـان گفتوگۆیان لەسەر دەكرا، هەر وەزیره و پسپۆڕێكی شارەزا له وەزارەتەكەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا(١٩).

له راسـتـیدا، ئەو ئەنجـوومـەنه دامـەزراوێكی زۆر گـرنگ بوو، سـەرپەرشـتـیی سەرجـەم پڕۆژه گرنگەكانی وەزارەتەكانی دەكرد، له ڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوه پڕۆژەكـان جێبـەجێ دەكران و پلانی بـۆ ئەنجـامـدانیـان دادەڕشت، لەو شـتـه

سـەیرەی کــە لەو ئەنجـوومــەنەدا بینیم کـە ســەدام مـاوەیەک دوای هاتنی ئەندامـەکـان دەهـات، لەو مـاوەیەدا هەندێک لە کـارمـەندانی ئەنجـوومـەنی نیشتیمانی شوێنی دانیشتنی سەرۆک و تەنانەت هەموو قەڵەم و کەلوپەل و تەلەفۆنەکەشیان دەپشکنی، پشکنینەکە گەیشتە ئەوپەڕی کاتێک ئامێری ئەلکترۆنی لە دەروازەی باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی دانرا بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێکی چەکدار یان هەڵگری مادەی تەقەمەنی هاتە ژوورەوە ببینن، مـرۆڤ لە جامی رەشی پەنجەرەکانەوە چەکداری دەبینی کە پاسەوانیی هۆڵەکەیان دەکرد، دەڵێن ئێستا لەکاتی پشکنیندا خەڵک رووت دەکەنەوە و دەستیان بەمادەی تایبەت دەشۆن، جگە لە چەندان کاری تر.

***

# نرخی نەوت زۆر بەرز دەبێتەوە

گومانی تێدا نییە کە بەشی هەرە گەورەی بەکارهێنەرانی نەوت لە دنیا لەگەڵ وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵسوکەوتیان دەکرد، گەورەترین گەنجینەی نەوتیش لە دنیا هەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، شتێکی بەڵگەنەویستە کە هەر گۆڕانکاری یان رووداوێک لە ناوچەکەدا ببێت کار لە بازاڕی دنیا بکات، سەرجەم ئەو وڵاتانە بە جۆران شێواز هەوڵیان دا بەهۆی بەرهەمی نەوتەوە داهاتیان زیاد بکەن بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پەرەسەندنی گەورە و پێویست بەسەر سەرجەم بارودۆخی ئابووری و شێوازی ژیانی گەلانی ئەو ناوچەدا هات، ئەم هەولانە لە ئێران و سعودییە و عێراق دەستیان پێ کرد. بێگومان خوماڵیکردنی نەوت لە عێراق کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بازاڕی دنیاوە هەبوو بەڵام کاریگەری سەرەکی دوای شەڕی تشرینی دژ بە ئیسرائیل پەیدا بوو و بۆ یەکەم جار نەوت وەک چەکێک لە مەیدانی شەڕدا بەکارهات و لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ نرخی نەوت زۆر بەرزبووەوە، داهاتی عێراق لە نەوت ساڵی ١٩٧٤ گەیشتە ملیاران دۆلار کە پێشتر لە چەند سەد ملیۆن دۆلارێک تێپەڕی نەدەکرد، ئەو بەرزبوونەوەی داهاتە و جیاوازیی گەورەی نێوانیان لەگەڵ بودجەی گشتی پێویستی بە چاوخشاندنەوە بە پلان و پرۆژەکان هەبوو تا لەگەڵ بڕی داهاتەکان بگونجێن. لە بەراییدا سیاسەتی سک هەڵگوشین (تقشف) نەما کە لە دوای خۆماڵیکردنی نەوتەوە سەپێندرابوو، ئەو بڕە پارەیەی کە لە فەرمانبەران بڕابوو بۆیان گەڕاندرایەوە و مووچەیان زیاتر کرا، نرخی سووتەمەنی دابەزی، لە ئەنجامی زیادکردنی مووچەدا نرخی کەلوپەل بەرز بووەوە بەرێژەیەک کە لە زیادەی مووچەکە زیاتر بوو.

## پێوەندیم لەگەڵ سەدام حوسێن بەرەو خراپی چوو

لە سەرەتاوە پێوەندیی برادەرایەتیم لەگەڵ سەدام حوسێندا هەبوو، هەردوولا ڕێزی یەکترمان دەگرت، لە ٣١ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار لەگەڵ بەکردا چاوم پێی کەوت، هەر لەو ساڵەدا و جارێک یان دوو جار لەگەڵ بەکردا بینیمەوە بێ ئەوەی هیچ وتووێژێکی ڕاستەوخۆ بکەین، ساڵی ١٩٧٠ کە شاندی ئێمە لەمانگی کانونی دووەم بۆ وتوێژ چووە بەغدا و منیش تیایدا ئەندام بووم دیسان چاوم پێی کەوتەوە، ئەو دیدارەمان وای پیشان دا کە پێشتر یەکترمان دەناسی.

دوای ڕێکەوتننامەی یازدەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە بۆنەکاندا و یان لە سەردانەکانمدا بۆ نووسینگەکەی یەکترمان دەبینی، پیاو هەق بڵێت پێوەندیمان زۆر باش بوو، چەندان داواکاری هاوولاتیانم دەخستە بەردەمی و جێبەجێی دەکرد و زۆر ڕێزی دەگرتم، هەر جارێک کە لە دەرەوەی عێراق بگەڕابامەوە وەک باڵوێزێک یان سەفەری بەغدام بکردایە پیاو بۆ خوا بڵێت بێ هیچ پرۆتۆکۆلێک ئەگەر نیازی سەردانیم هەبووایە پێشوازیی دەکردم.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ وتووێژ سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دەستی پێ کرد، لایەنی کوردی حەبیب محەمەد کەریم، سامی عەبدوڕەحمان، ساڵح یوسفی و من نوێنەرایەتیمان دەکرد، هەندێک جار دارا تۆفیقیش ئامادە دەبوو، کە نووری شاوەیس دوای چارەسەری لە دەرەوە گەڕایەوە بەشداری هەندێک لایەنی کۆبوونەوەکان دەبوو، لایەنی عێراقیش، سەدام حوسێن، غانم عەبدولجەلیل، عەدنان حەمدانی لەگەڵ هەندێک ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی شیوعی عێراق وەک کەریم ئەحمەد، موکەڕەم تاڵەبانی و

هی تر بوون، حزبی شیوعی لەگەڵ بەعس لە بەرەدا بوون، لە وتووێژەکاندا یەکلایەنە بەشدار دەبوون و هەڵوێستیان گونجاو بوو، بەعسییەکان هەوڵیان دەدا شیوعییەکان رووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنەوە، پێوەندیی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە زۆر باش بوو، زۆر برادەر بوون و گەلێک جار لەیەک بەرەدا بەشدار بوون.

دوای کودێتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣، هەزاران ئەندامی حیزبی شیوعی لەگەڵ سەرکردەکانیان پەنایان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد هێنا و لە قەسابخانەی بەعس رزگاریان بوو، ئەوانە بە دڵسۆزی لە شۆڕشی کورددا بەشدارییان کرد بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٦٤، بەداخەوە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٧٣ هەندێک جیاوازی لە نێوان شۆڕشی کورد و ئەو حیزبەدا دروست بوو، هەندێک لە شیوعییەکان چەکیان دژ بە شۆڕش هەڵگرت، من هەڵسوکەوتی هەندێک کەسانی ناو شۆڕش بەبێ تاوان نازانم بەڵام هەر زوو پەردە لەسەر ئەوە هەڵماڵدرا و بەعس کەوتەوە گیانیان و ڕووی راستەقینە بەدیارکەوت، سەرەڕای ئەو ئەزموونە تاڵەی کە لەگەڵ بەعسدا هەیانبوو بەڵام دووبارە چوونەوە پاڵیان، بەم دواییانە دانیان بە هەڵەکانیاندا نا.

کەشوهەوایەکی سارد و بێ متمانەیی باڵی بەسەر وتووێژەکاندا کێشابوو، لە سەرەتای وتووێژ و یەکەم دانیشتندا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی شاندی کورد وتەیەکی خوێندەوە، تێیدا ئاماژەی بەوە دا کە چەندان نەتەوە ژمارەیان لە کورد کەمترە کەچی ئاڵاکەیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەشەکێتەوە و خاوەن قەوارە و دەوڵەتی خۆیانن، ئەوەی کە کورد لە ئۆتۆنۆمیدا داوای دەکات شتێکی زۆر کەمە، ئەو قسانە سەدامیان تووڕە کرد بەتایبەتی کە گوێی لە وشەی سەربەخۆییی گەلان و شەکانەوەی ئاڵا بوو، بەتوندی بەرپەچی قسەکانی حەبیبی دایەوە.

هەفتەیەک جارێک کۆبوونەوە دەکرا بێ ئەوەی بگەنە هیچ جۆرە شێوازێکی گونجاو، جیاوازی لەنێوان بیرکردنەوەی هەردوولادا زۆر بوو، لایەنی کوردی

دەیویست دەستەبەرێک (ئەگەر کەمیش بێت) بۆ مافەکانی گەل و نەتەوەی کورد دابین بکات، بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئادار جێبەجێ بکرێن، ئۆتۆنۆمی شتێکی ماقووڵ و قبووڵکراو بێت، بەڵام لایەنی حکومەت دەیویست ڕێکەوتننامە و ئۆتۆنۆمییەکە لە مانای خۆی دابماڵێت و بەگوێرەی بۆچوونی خۆی دای بڕێژێت، دامەزراوەکان تەنیا شکڵی بن و بە فەرمانی خۆی بجووڵێنەوە، هەروەک دوای ساڵی ١٩٧٥ بینیمان.

ئەو بارودۆخەی کە وتووێژەکانی پێدا تێ دەپەڕی یەک لەو هۆیانە نەبوو کە بووە هۆکاری تێکچوونی پێوەندیم لەگەڵ سەدام حوسێن، وتووێژەکان بەو شێوەیە بەردەوام بوون، لە هەفتەکانی دواییدا بەشداری دانیشتنەکانم نەدەکرد چونکە سەرقاڵ بووم و لە ١٩٧٤/٢/٢٨ چوومە دەرەوەی عێراق، ئێستا ئەو هۆکارانە روون دەکەمەوە کە سەدام حوسێن کردنی بە هەنجەتێک بۆ ئەوەی پێوەندیمان تێک بچێت.

وەک پێشتر باسم کرد، داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوت بەرز بووەوە، لە چوارچێوەی پلانە تازەکاندا لەبارەی باری بودجە و پرۆژەکان حکوومەت چەندان کۆڕ و کۆبوونەوەی سازدا و گوێی لە دید و بۆچوونی خەڵکانی شارەزا و سیاسەتوانان گرت، یەکێک لەوانە کۆبوونەوەیەک بوو لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کە نزیکەی دوو سەد کەس لە وەزیر و نوێنەری هەندێک لە حزبەکان و شارەزایان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی بەعس تێیدا بەشدار بوون، سەدام حوسێن سەرۆکایەتیی ئەو کۆبوونەوەی کرد.

یەکێک لە ئامادەبووان وتی: داهاتی عێراق ٣ سێ ملیار دینار واتە ملیار دۆلار، سەدام بەپێکەنینەوە هەڵەکەی بۆ راست کردەوە و وتی ٤ چوار ملیار دینارە، لەو کۆبوونەوەیەدا چەندان پێشنیاز و لیستی تازەی نرخی سووتەمەنی و هەندێک پرۆژە گفتوگۆیان لەسەر کرا، کۆبوونەوەکە هیچ نهێنیی و تایبەتمەندییەکی تێدا نەبوو، بۆ بەیانی رۆژنامەی- التآخي- وەک رۆژنامەکانی تر وتارێکی بڵاو کردبووەوە، باسی زیادەی داهاتی کردبوو، بە

گــوێرەی بۆچوونـی خــۆی چەند پێــشنیــازێکی ســەبارەت بە پرۆژەکــانی ئاوەدانکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی کوردستـان و رێکخستنی بواری بەرگری و پرچەک کردنی سوپا خستـبووە روو، ئەو بۆچوونانە لە بۆچوونی رێژیم و بەعس تاڕادەیەک نزیک بوون.

وا رێک کەوت کە ئەو رۆژە ئەنجوومەنی بالآی پلاندانان کۆبێتەوە و منیش تیایدا ئامادە بووم، سەدام حوسێن سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی کرد و وتی: بەداخەوە هەواڵی کۆبوونەوەکان بۆ دەرەوە دزەی کردووە، پێویستە هەمووتان نهێنییەکان بپارێزن، ئینجا داوای لە یەکێک لە یارمەتیدەرەکانی کرد کە وتارەکەی رۆژنامەی- التآخي- بخوێنێتەوە، زانیم کە سەدام مەبەستی لە منە، ئامـادەبووانیش هەستــیـان بەمــە کـرد و تەمـاشـایان کـردم، کـە کـابرا لە خـوێندنەوەی وتارەکـەی _التـآخي- بۆوە داوام کـرد قسـە بکەم، سـەدام وتی (استاذ محسن لا تدافع ماكو حاجة للنقاش لأن المقال واضح) واتە مامۆستا موحسین بەرگری مەکە، وتارەکە ئاشکرایە و پێویستی بەگفتوگۆ نییە، تا کۆتاییی کۆبوونەوەکە بێدەنگ بووم.

رۆژی پاشتر، نامەیەکم بۆ سەدام نارد و تیایدا باسی بەدگومانییەکەیم کردو نووسیبووم ئەوەی کە لە وتارەکەدا هاتووە لە کۆبوونەوەی پێشوو باسی کراوە، ئەگەر جێگەی گومانم و لەکاری فەرمیدا متمانەم پێ ناکەن ئەوا دەست لەکار دەکێشمەوە، نامەکەم بەدەستی بەڕێوەبەری تایبەتی نووسینگەکەم بۆ نووسینگەی سەدام نارد.

هیچ وەرامێکم بۆ نەهاتەوە، هەفتـەی پاشـتـر لە کـۆتایی کـۆبوونەوەی ئەنجوومەندا و لەکاتی چوونە دەرەوە لە هۆڵی کۆبوونەوە سەدام حوسێن پێی وتم (استاذ محسن استلمت رسالتك وإنك متوهم)، لە مەبەستی نەگەیشتم، وتم دەمــەوێت بێــمــە لات، وتی دوایی بەدواتدا دەنێـرم، تا ئێـســتــاش هـیچ وەرامــێکم نـەبیــست، دوای ئەوە ئـامــادەی هـەندێک لە کــۆبوونەوەکــانی ئەنجـوومــەنی پلاندانان بووم، لە کــۆتاییی مــانگی شــوبات هـەســتم کـرد بارودۆخــەکـە لە تەنگژەدایە، هـاتمە کـوردســتــان و هەمــوو رووداوەکــانم بۆ

بارزانی گێڕایەوە و وتم بەنیازی وەرگرتنی مۆڵەتم و گەشتی دەرەوەی عێراق دەکەم، بارزانی رازی بوو، کە گەڕامەوە بەغدا چاوم بە بەکر کەوت، بەهەنجەتی نەخۆشی ئەنوەری برام مۆڵەتم وەرگرت، رۆژی ٢٨ی شوبات وادەی سەفەرەکەم بوو.

بەر لە سەفەرکردنم بە رۆژێک چوومە نووسینگەی غانم عەبدولجەلیل کە یەکێک بوو لە یاریدەرانی سەدام و سەرۆکی ناونراو بە نووسینگەی کاروباری باکور بوو، پێم وت ئاخۆ بەڕێز سەدام حوسێن بواری هەیە تا سەردانێکی بکەم، چونکە بە نیازم بچمە دەرەوەی عێراق، چووە ژوورەوە، کە هاتە دەرەوە وتی جێگری بەڕێز کۆبوونەوەی تایبەتی هەیە، هەروەها وتی دەبێت زوو بگەڕێیتەوە چونکە گۆڕانکاری گرنگ بەرێوەیە، بەڵێنم دایێ و رۆیشتم.

لە سەفەرەکەم زۆر بەپەلە بووم، دەمویست لەو کەشوهەوا شڵەژاوەدا کە لەسەر تەقینەوە بوو بەغدا بەجێ بهێڵم، سپێدەی رۆژی دوایی چوومە باڵەفرگە، تەنیا کاک ئەحمەدی برام بۆ بەڕێکردنم هاتبوو، بە چاوی بە فرمێسکەوە ماڵاواییمان کرد و یەکترمان ماچ کرد، ئەمە دوا دیدارمان بوو لەم دنیایەدا، شەڕ دەستی پێ کردەوە و من نەهاتمەوە بەغدا، دوای ساڵێک نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی بەسەرداهات لەدوای رێککەوتنی ئادار لە نێوان شا و سەدام، وەک پەنابەر روومان لە ئێران کرد، دوایی ساڵێک کاک ئەحمەد کۆچی دوایی کرد و ئێمەی لەو دنیای بەجێ هێشت (خوالێی خۆش بێت).

بەر لەسەفەرکردنم بە رۆژێک، کاکەی ئامۆزام و عومەر قادری هاوەڵم لە بەغداوە ناردنە هەولێر، رام سپاردن کە ئەندامانی خێزانەکەم ببەنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، کاکە لەگەڵ دایکی و ئەندامانی خێزانەکەی هەولێریان بەجێ هێشت، لە ٤ی ئادار هەموویان چوونە قەزای چۆمان لە ناوچەی سەرکردایەتیی حزب و شۆڕشی کورد، هەرچی هەمانبوو لە ماڵەوە بەجێمان هێشت، لەژێر رەحمەتی پیاوانی رێژیم و بەکرێگیراواندا دەرگەیان قفڵ دا.

له بەغداوە چوومە ئەڵمانیای رۆژئاوا و نەفەسێکم هاتەوەبەر، دوای چەند رۆژێک چوومە بەریتانیا و ١٠ دە رۆژ مامەوە، چاوم بە بابە عەلی شێخ مەحموود و زەید ئەحمەد عوسمانی پوورزام (کە لە پاریسەوە هاتبوو) و هاوار کاکە زیاد و دارا عەتارو جەمال عەلەمدار و هی تر کەوت، وا رێک کەوت هونەرمەندی ناودار تایەر تۆفیق لەوێ بوو، چەند کاتێکمان بەیەکەوە بەسەربرد.

له ١١ی مانگی ئادار، زانیم کە رێژیمی بەعس یەکلایەنە یاسای ئوتۆنۆمیی بڵاوکردووەتەوە بێ ئەوەی رای لایەنی کوردی وەربگرێت، ئەو یاسایە رادەی هەرە کەمی داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردی تێدا نەبوو، هەروەها زانیم کە وەزیرو پارێزگارە کوردەکان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، برووسکەیەکم بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر نارد و وەک وەزیری ئیشغال و ئیسکان دەستم لە کار کێشایەوە، لە ١٩ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لەندەنم بەجێ هێشت و گەڕامەوە نیشتیمان بەڵام ئەمجارە بەرێگای تاران نەک بەغدا.

***

# گەڕانەوە بۆ کوردستان

دوای فـڕینێکی درێژ بەهێـڵی ئاسـمـانـی بەریتـانی و پاش ئەوەی لە عـەمـانی پایەتـەخــتـی ئەردەن دابـەزین ئینجــا بـەرەو تاران چووین، شـــەو درەنگان گەیشتینە ئەوێ، فـەرمانبـەرێک چاوەڕێی دەکردم و دوایی زانیم کە کارمەندی سـاڤـاک بـوو (دەزگـای مـوخـابـەراتی ئێـران لە سـەردەمی شـا) و بردمـیـیـە خانوویەکی تایبەت.

لە ڕێگە، کـابرا پێی وتم کـە بارزانـی وا لەو خـانووەیە و بەیانـی سـەفـەر دەکات، کە گەیشـتمە ماڵەکە بارزانی نووستبـوو، تەنیا دوو سێ سـەعاتم لە بەردەمـدا بـوو بۆ سـەفـەرەکـە، هێـشـتـا تەواو نـەبۆرژابووم کــە ســەرۆکی پاســەوانـانی بارزانـی (حـاچک مـحـەمـەد) بە خـەبـەری هێنـام و وتی وادەی سـەفـەرە، زۆر هیـلاک بووم، هـەر بـەجلی نووسـتنەوە سـڵاوم لە بارزانی کـرد، وتـی: ئێـمـە سـەفـەر دەکـەین، ئاخـۆ لەگـەڵ ئێـمـە دێیت یان لە تـاران پشـوو دەدەیت؟ وتم: ماندووم و ئەو سـەفەرەش بە ئوتۆمـۆبیل زیاتر لە شازدە سـەعات دەخایەنێت، ئەمڕۆ دەحەسێمەوە و سبەینێ دەگەمە لاتان.

ئەوان ڕۆیشـتن و منیش نـووستم، نیوەڕۆ دوای فراڤین بردمیانـە ئوتێلێک لە تاران، دوای ئەوەی شـەوێک لەوێ مـامـەوە داوام کـرد ئوتێلێکم بۆ دابین بکەن، ڕۆژی ١٩٧٣/٣/٢١ واتە ڕۆژی ئـاهـەنگ گــێــڕان بەبۆنەی جــەژنـی نەورۆز، جـەژنی نەتەوایـەتی گـەلی کـورد و سـەری سـاڵی تازەی کـورد و فـارس بەڕێ کەوتم.

ڕۆژنامـەنووسی ئینگلیـز گوین ڕۆبەرتس لەناو ئوتـۆمۆبیلـەکەدا هاوسـەفـەرم بوو، پێشـتـر چاوم پێی نەکەوتبـوو و یەکـەم جار بوو بێتە کـوردسـتـانی عێراق،

سـەرەڕای مـاندووبـوونم بەگـوێرەی توانـا وەرامـی پرسـیـارەکـانیم دەدایەوە و هـەندێک زانـیـاریم پێ دا، ئێـوارە گـەیشـتـینە تەورێز، شـەو لە ئوتێلێکی نایاب دابەزین، ڕۆژی دوایـی بەڕێ کـەوتین و ئێـوارە گـەیشـتـینە سنـوور، یەکـێک لە کارمـەندانی ڕاگەیاندن بووە هـاوەڵی ڕۆژنامەنووسـە بیانییەکە و بردیە شـوێنی حـەوانـەوە، هیچ شـتـێکم لەبارەی چارەنووسـی خـاوخـێـزانەکـەم نەدەزانی، ئەحمەد حاجی کە لێپرسراوێک بوو لە سنوور پێشوازیی کردم.

لە ناوپردان تووشی خوالێخۆشبوو عەلی حوسێن شەوباش هاتم و بردمییە شوێنی حەوانەوەیان، لە ماوەی وتووێژدا و دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەلایەن دامەزراوی گولبەنکیان سێ چوار خانوو دروست کرابوو، ناوبراو ئەرمەنی بوو، خاوەن ئیمتیازی نەوت بوو لە کەرکووک، ڕێژەی ٥٪ی لە پشکی کۆمپانیای نەوتی عێراق I. P.C دا هەبوو، ئەو کۆمپانیایە ئیمتیازی نەوتی لە کێڵگەکانی کوردستاندا هەبوو، گولبەنکیان بە مستەر لە سەدا پێنج MR %5 ناسرا بوو، دامـەزراوەکەی بەشـێک لە داهـاتی نەوتی لە هەنـدێک پڕۆژەی خـێـرخـوازیدا سـەرف دەکـرد و سـاڵانە هەنـدێک کـورسـی خـوێندنی بۆ قـوتابیـان دابین دەکـرد، ئەو خـانووانە لە دەسکەوتەکـانی ئەو دامەزراوە بوون.

ئەو خـانووانە باش بوون، تایبـەت بۆ حـەوانـەوەی بارزانی دروست کـرابوون بەڵام دیزاینەکانیان بۆ کەشوهەوای ئەوێ و شوێنەکەشیان بۆ بارودۆخی شەڕ گـونجـاو نـەبوون، مـاڵ و منداڵـەکـەم و هـی کـاکـەش لـە یەکـێک لەو خـانووانە دادەنیشتن، شەوم لەوێ بەسەربرد، بەیانی چوومە بارەگای بارزانی و چاوم بە برایان ئیدریس و مەسعود کەوت، بارزانی وتی زۆر هەوڵم لەگەڵ حکومەت دا تا پێـوەندییـەکـان نەپچڕێن بەڵام سـوودی نەبوو، ئەوان یاسـای ئوتۆنۆمـیـان بڵاوکـردەوە بێ ئەوەی ڕای ئێـمـە وەربگرن، هەروەها وتـی: هەمـوو هەوڵێک دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی شەڕ دەست پێ نەکاتەوە و بۆ دواجار ئیدریس دەنێرێتە بەغدا تا بارودۆخـەکە هێور ببێتەوە و ئەگەر توانرا کێشـەکە هەڵپەرسێردرێت یان بۆ مـاوەی ساڵێک دوابخرێت بەڵکو لەو ماوەیەدا چارەسـەرییـەکی ماقـووڵ

بدۆزنەوە، لە مانگی ئادار ئیدریس بۆ دواجار چووە بەغدا، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، ڕێژیم دوابڕیاری خۆی دابوو، هەموو ئامادەسازییەکی بۆ دەست پێکردنەوەی شەڕی کردبوو، لە هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا ڕێژیم ناوی وەزیرە کوردە تازەکانی ئاشکرا کرد کە کۆمەڵێک ناپاک و بەکرێگیراوی سەر بە حکوومەت بوون و شوێنی وەزیرە دەست لەکارکێشراوەکانیان گرتەوە.

دوای چەند ڕۆژێک، ئەو خانووەی کە باسم کرد بینیم بەکەڵکی دانیشتنمان نایەت بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ڕێژیم دەستی بە بۆردمانی ئاسمانی کرد، چەند خانوویەکی گەشتیاری لە نزیک حاجی ئۆمەران لەسەر سنووری عێراق-ئێراندا هەبوون کە برێتی بوون لە دوو ژووری نووستن و هۆڵێک، دوو لەو خانووانەم وەرگرت و گواستمانەوە ئەوێ، خانووەکان بەهۆی کەشوهەوای ساردی ناوچەکە شێدار بوون.

لە ڕۆژی بەرایی گەڕانەوەمدا، هەموو برادەرە کۆنەکانم بینی کە هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە، بەبینینی هەندێکیان سەرسام بووم، دوایی بەدیارکەوت بەشی هەرە زۆری فەرمانبەران، ڕۆشنبیران، پارێزەران، پزیشکان، ئەندازیاران، مامۆستایان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی پارتی و بەشی هەرە زۆری قوتابیانی زانکۆی سلێمانی کە تاکە زانکۆ بوو لە کوردستاندا هاتوونەتە ریزی شۆڕشەوە.

یەک لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ساڵانی بەرایی شۆڕشی کورددا سەردانی کوردستانی دەکرد لەم بارەیەوە وتی: لە سەردانەکانی پێشوودا تەنیا جوتیارانی دەبینی کە دەورەی سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیان داوە، بەڵام ئەمجارە لە جارەکانی تر جیاوازە و بۆ هەر کوێیەک بچیت ڕۆشنبیر و هەڵگری بڕوانامەی باڵا دەبینیت.

دوای دڵنیابوون لەوەی کە هەموو هەوڵەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد لەگەڵ حکومەتی ناوەند بۆ ڕێگاچارەیەکی ئاشتی بێ سوودە، سەرکردایەتی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ڕێژیم مکوڕە لەسەر دەست پێکردنەوەی شەڕ، بۆیە

کەوتە ئامادەکاری و کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ ئەوانە سازدرا کە تازە هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە، هەندێک جار بارزانی سەرۆکایەتیی ئەو کۆبوونەوانەی دەکرد و بارودۆخەکەی بۆ ئامادەبووان شرۆڤە دەکرد.

دوای ئەمە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە شۆڕشی کورد دامەزرا کە لەسەر شێوەی ئەمینداریێتی گشتی و ئەنجوومەنی ئەمینداره گشتییەکان بوو، یەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی سەرۆکایەتی دەکرد، پایەکان دابەش کران، ئەمینداریێتیی کاروباری ناوەخۆ درا بەمن، ئەندازیار سامی عەبدولڕەحمان سەرەتا ئەمینداری فێرکردن بوو بەڵام دوایی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی ئەمینداریێتییەکانی پێ سپێردرا، شەهید دارا تۆفیق ئەمینداری گشتی پەروەردە و فێرکردن، ئەندازیار نووری سەدیق شاوەیس ئەمینداری گشتی ئیشغال و ئیسکان، ئەندازیار عەلی عەبدوڵڵا ئەمینداری گشتی دارایی، شەهید ساڵح یوسفی ئەمینداری گشتی دادوەری و ئەوقاف، دکتۆر مەحموود عوسمان بەشێوەیەکی کاتی ئەمینداری گشتی تەندروستی بوو دوایی پزیشکێک جێگەی گرتەوە، شەمسەدین موفتی کە نوێنەری شۆڕش بوو لە تاران ئەمینداریێتیی کشتوکاڵی وەرگرت و دکتۆر شەفیق قەزاز لەبری ئەو بوو بە نوێنەری شۆڕش.

***

## شاندی کوردی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا

دوای ئەوەی کە ڕێژیم دەستی بەشەڕو هێرشهێنان کرد بۆ سەر بنکە و بارەگاکان و شارۆچکەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش، ساڵی ١٩٧٤ بارزانی چووە تاران تا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا باس لە کاروبارەکانی شۆڕش بکات، برایان ئیدریس و مەسعود بارزانی پێیان وتین لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی من و سامی عەبدوڕەحمان بچینە نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەوروپا تا هەڵوێستی شۆڕش ڕوون بکەینەوە، بارزانی لە تاران چاوەڕوانی دەکردین، ڕۆژی پاشتر کوردستانمان بەجێ هێشت، دەسەڵاتدارانی ئێران هۆکاری گواستنەوەیان بۆ دەستەبەر کردین، ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ گەیشتینە تاران، دوای چەند ڕۆژێک کاروباری سەفەرمان تەواو کرد و هەندێک ڕێنوێنیمان لە بارزانی وەرگرت و چووینە بەریتانیا.

پێش سەفەرەکەمان، شەوی ٢٤ی مانگی نیسان زانیمان کە هێزەکانی ڕێژیم هێرشێکی ئاسمانییان کردووەتە سەر قەڵادزێ، ئەو دەمە قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ تەواوکردنی ساڵی خوێندن لە قەڵادزێ بوون، لە ئەنجامی ئەو بۆردمانەدا ١٣٥ قوتابی و مامۆستا و هاووڵاتی شەهید بوون، ئەمە بەڵگەی دڕندەیی و توندوتیژیی ڕێژیم بوو.

بەریتانیا یەکەم وڵات بوو کە سەردانمان کرد، نوێنەری شۆڕش لەوێ د. شەفیق قەزاز[٢٠] بوو کە چووبووە شوێنی شەمسەدین مفتی چونکە شەمسەدین پۆستی ئەمینداری گشتی کشتوکاڵی وەرگرتبوو، د. شەفیق هاتە پاڵ شاندەکەمان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەریتانیا چاومان بە هەندێک پەرلەمانتار و لێپرسراو کەوت لەوانە جۆلیان ئیمری وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە لە حکومەتەکەی ئیدوارد هیث، ئەو پیاوە چەند ساڵێک

پێشـتر لە کوردسـتـان بارزانیی بینیبوو و زۆر پێی سەرسـام بوو، لێرەدا ئەوەم وەبیــرهـاتەوە کــاتێک بەڕێز مــەسـعــوود بارزانی ســاڵی ١٩٨٩ ســەردانی بەریتــانیــای کــرد و لەکــاتی کــۆبوونــەوەی لەگــەڵ هەندێک لە نوێنەران لە باڵەخانەی پارلەمانی بەریتانیا، ئەو جولیان ئیمرییەش ئامادەبوو، بەشێوازی سـەربازییانـە سـڵاوی لە کـاک مـەسـعـود بارزانی کرد، بـەڕێزەوە بەرامبـەری راوەسـتـا و وتی هـاتووم سڵاو و شکۆی خـۆمت ئاڕاستە بکەم چونکە تۆ کوڕی سـەرکردەی گـەورە بارزانیی خوالێخۆشبـوو، ئێوارەیەک لەماڵەکەی خۆیدا بۆ چاخواردنەوە داوەتی کردین.

لە بەریتـانیـا چەند کـۆڕ و کـۆبوونەوەیەکـمـان لەگـەڵ قـوتابیـانی کـورد و نوێنەری شـۆڕش لە تاران هاوار مـحـەمـەد زیاد و جـەمال عـەلـەمدار و هـی تر سـاز دا، پێش چوونە نیـویۆرک سـەردانی چەند وڵاتێکی ئەوروپامان کـرد، هـەر لە لەندەن چاوم بە برادەری لەمێژینەم مەحموود بابان کەوت کە ئەو دەمە وەک راوێژکار لە وەزارەتی ناوەخـۆی سـعـودییـە و لەگـەڵ مـیـر نایف عـەبدولعـەزیزی جێگری وەزیری نـاوەخۆی سعـودییە کاری دەکرد، میر فـەهدی ئێسـتا ئەو دەم وەزیری ناوەخۆ بوو.

مـەحـمـوود بابان لە کـەسـایەتییـە کوردەکـانی سـەردەمی مـەلەکی بوو، چەند جـارێک کـراوە بە وەزیـر و چەند خـولێک وەک نوێنەری نـاوچـەی کفـری بووە بە پەرلەمـانتـار، لە بەهاری سـاڵی ١٩٦٦ سـەردانی کوردسـتـانی کردووە و لەگەڵ بارزانی کـۆبـووەتەوە، پێـوەندییـان بـاش بووە، لە کـاتی گـەڕانەوەیدا بۆ تاران تووشـی رووداوی ئوتۆمۆبیل هات و چەند جێگەیەکی لەشی شکا.

بابان پێی وتم کـە هـەوڵ دەدات پێـوەندی لە نێـوان سـەرکـردایەتیی شـۆڕش و عەرەبسـتـانی سـعـودییەدا دروست بکات و بە نیازیشە سـەردانێکم بۆ سعـودییە بۆ رێک بخـات، بـیرۆکەکـەم پێ باش بوو، هـەروەهـا وتی کە گـەڕامەوە سـعـودییە پێـوەندیتـان پێـوە دەکـەم، وا رێک کـەوتین دوای سـەفـەری نیـویۆرک و ئەوروپا ســەردانی ســعــودیش بکەین، کــە لـە بەغــدا بووم پێــوەندیم لەگــەڵ باڵوێزی ســعــودییــە ئەحــمــەد شــەبیلی باش بـوو، جــارێک بۆ ســەردانی وڵاتەکــەی

بانگێشتنی کردم.

له بەریتانیاوه چووینه ئەڵمانیای رۆژئاوا، نامەیەکی تایبەتیی ئیدریس بارزانیم گەیانده ئەنوەری برام تا بە گوێرەی توانا یارمەتیمان بدات[٢١]، ئەنوەر پێوەندییەکی بەهێزی بەهەندێک له لێپرسراوانەوه هەبوو، سەردانێکی بۆ وەزارەتی دەرەوه بۆ رێک خستین و لەگەڵ گەوره لێپرسراوان کۆبووینەوه هەروەها سەردانی چەند شوێنێکی ترمان کرد، نامەیەکی بارزانیمان گەیانده فرانک جۆزیف شتراوس پێشەوای حیزبی کۆمەڵایەتیی مەسیحی CSU له هەرێمی باڤاریا، ئەوه له سیاسەتوانه گەورەکانی ئەڵمانیا و دۆستی بەوەفای کورد بوو، کە زانیی ئێمە له ئەڵمانیاین داوەتێکی تایبەتی بۆ ناردین بۆ بەشداربوون له کۆنگرەی حزبەکەی که خەریک بوو له میۆنیخی پایەتەختی ویلایەتی باڤاریا سازبدرێت، وەک مێوانی شەرەف له کردنەوەی کۆنگرەکەدا ئامادە بووین، فرانک له وتارەکەیدا بەخێری هێناین ئێمەی وەک نوێنەری بارزانی و گەلی کورد به ئامادەبووان ناساند، دوای کۆتاییهاتنی دانیشتنەکه لەگەڵماندا کۆبووەوه، نامەکەی بارزانی و خەڵاتێکی یادگاریمان پێشکێش کرد، ئەویش وەرامی نامەکەی نووسیوه و داوای سەرکەوتنی بۆ خواستین.

لەو کۆبوونەوەیەدا، رۆژنامەنووسی ناسراو دوکتۆر دیشنەر که له رۆژنامەی دیر شبیگلی ئەڵمانیدا کاری دەکرد هاوەڵمان بوو، شتراوس بەدیشنەری وت که سەردانی کوردستان بکات، دوای ماوەیەک هاته کوردستان و کتێبێکی سەرنجڕاکێشی لەبارەی بارزانی و شۆڕشی کورد دانا کە پاشان لەلایەن عەبدولسەلام بەرواریيەوه وەرگێڕدرایه سەر زمانی عەرەبی.

دوای سەردانی وڵاتانی ئەوروپا چووینه نیویۆرک، د. شەفیق قەزاز چاوەڕێی دەکردین، بیرخەرەوەیەکی گونجاومان لەبارەی کێشەی کورد رێک خست کە چۆن گەلی کورد له بن دەستی بەعسییەکان خەریکە تەفروتوونا دەبێت، بەڕێگای برادەرێکەوە[٢٢] توانیمان پێوەندی بەسکرتێری نەتەوه یەکگرتووەکان دکتۆر ڤالدهایمەوه بکەین و ئەویش یاریدەرێکی راسپارد تا پێشوازیمان بکات و بیرخەرەوەکەمان لێ وەربگرێت، هەروەها پێوەندیمان

بەهەندێک لە سەرانی نوێنەرایەتیی هەمیشەییەوە کرد و بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ باڵوێزی پاکستان لە ئۆتاوا "کەنەدا" کرد، ئەمیش قسەی لەگەڵ نوێنەری هەمیشەییی پاکستان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کرد و وادەی دانیشتنێکمان بۆ رێک خرا، پێوەندیی نێوان عێراق و پاکستان ساردبوو، باڵوێزیان لای یەکتر کێشابووەوە، چونکە عێراق بەرێگەی باڵوێزخانەوە چەکی دەگەیاندە بلووچە ئێرانییەکان تا لەو وڵاتەدا پشێوی دروست بکەن، ئەمەش وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بوو لە ئێران، چونکە یارمەتیی شۆڕشی کوردی دابوو.

ئەو چەکانە، بەرێگەی پۆستی دیپلۆماتییەوە رەوانە دەکران، لەبەر زۆریی برەکەی پۆلیسی پاکستان گومان دەکەن، هەڵدەکوتنە سەر باڵوێزخانە و دوای پشکنین ژمارەیەکی زۆر چەک دەدۆزنەوە، ئەمە بووە هۆکاری کێشانەوەی باڵوێزەکانیان و پێوەندییان زۆر خراپ بوو، هەر ئەو برادەرە لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی بۆ سازداین کە تێیدا باسی کێشەی کوردمان کرد، پاشان چووینە واشنتۆن و پێوەندیمان بە ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراو و ئەندامانی کۆنگرێسەوە کرد، خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی رۆڵێکی گەورەی گێڕا چونکە پێوەندیی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس و رۆژنامەنووسان و لێپرسراوان باش بوو، لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پیران کە کۆبوونەوەمان لەگەڵدا سازدان هەردوو سیناتۆر جاکسون و ریچاردستون و وولفی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و هەندێکی تر کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، هەروەها چاومان بە ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و یەکێتیی کرێکاران و سەرۆکەکەیان مینی کەوت کە کەسایەتییەکی ناسراو بوو، پاشان چاومان بە ئەندامی دادگای باڵای ئەمریکا قازی ولیەم دۆگلاس کەوت کە دۆستی بارزانی بوو.

دوای تەواوبوونی ئەو دیدار و کۆبوونەوانە گەڕاینەوە ئەورووپا، چووینە فەرەنسا و پێشتر لە بابەتێکدا باسی هەندێک وردەکاری ئەو سەردانەم کرد بەتایبەتی کە لەبارەی مسیۆ دوران دوام.

لە فەرەنسا، کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ نوێنەرانمان لەوڵاتانی ئەورووپا و

شوێنی تر سازدا تیایدا باس لە کاروبار و ئەرکەکانیان کرا، وەک پێشتر باسم کرد کە رۆژنامەنووسی ناسراو ئەریک رۆلو لە ماڵەکەی خۆیدا داوەتێکی شیڤخواردنی بۆ سازداین، لەوێ رولو وتی: چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شای ئێران ساز داوە، کاتێک لەبارەی کێشەی کورد پرسیاری لێ کردووە شا لە وەرامدا وتوویەتی لە ئێستادا یارمەتیدانی کورد لە پێناو بەرژەوەندییەکانمە، ئەو یارمەتییە وەک ئەو ئاوەیە کە بە حەنەفیدا دێتە خوارەوە، هەرکاتێک قوفڵەکەم داخست ئاوەکەش دەبڕێت، واتە هەر کاتێک بەرژەوەندییەکەی وای خواست، رۆلو وتی ئەمە بۆچوونی شایە و دەترسم یارمەتییان لێ ببڕێت، کە گەڕاینەوە ئەو قسانەمان بەسەرکردایەتی راگەیاند، جگە لە بەریتانیا سەردانی ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سوید، فینلەندا، نەمسا، سویسرامان کرد.

لە کاتی چوونمان بۆ هۆڵەندا، لە ئەمستردام لەگەڵ نوێنەری شۆڕش نەوزاد عومەر دزەیی دانیشتبووین، سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان ڤالدهایم لەو هوتێلە دابەزیبوو، کاتێک لەگەڵ هەندێک لە یارمەتیدەرانی ویستی سواری بەرزنیک (مصعد) بێت و بچێتە ژوورەکەی من و سامی بەپەلە خۆمان گەیاندە لای، سامی توانی بچێتە ناو بەرزەنیکەکەوە و پێ یوت کە شاندی کوردی بیرخەرەوەیەکیان داوە بە یاریدەرەکەی و ئەگەر بکرێت چەند دەقیقەیەک بەیەکەوە دابنیشین، ڤالدهایم وتی ئێستە یەکێک لە یارمەتیدەرانم دەنێرمە لاتان، ئەوەندەی نەبرد دوای چەند دەقیقەیەک هات و گوێی لە داواکارییەکانمان گرت و لای خۆی تۆماری کردن و وتی ئەوانە دەگەیەنمە ڤالدهایم.

رێکەوتی سەیر لەو سەردانانەمان هاتنە پێشەوە، نازانم سەردانەکانمان شووم بوون یا بێ بەختی رۆڵی خۆی بینی، یاخۆ هەر رێکەوت بوو، کە گەیشتینی فەرەنسا سەرۆک بۆمپیدۆ کۆچی دوایی کرد، دوایی هەڵبژاردنی تازە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجام درا، کاتێکیش چووینە ئەڵمانیا لەسەر ئابڕووچوونەکەی گۆنتەر گیلیۆنی سیخوڕ هەرا بوو کە لە نووسینگەی

راوێژکاری کاری دەکرد، لە ئاکامی ئەوەدا ویلی براندتی راوێژکار دەستی لە کار کێشایەوە، ئەو دەمەی چووینە فینلەندەش و لەگەڵ سورسەی سەرۆک وەزیران کۆبوونەوە پارلەمانی ئەو وڵاتە کێشەی متمانە پێبوونی ورووژاند و سەرۆک وەزیران خەریک بوو پایەکەی لەدەست بدات و بە تاکە دەنگێک سەرکەوت، جگە لە چەندان رووداوی سەیر کە وەبیرم نایەنەوە.

دوای ئەو سەردانانە بۆ ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا کە دوو مانگی زیاتر خایاند دووبارە هاتینەوە ئێران تا بگەڕێینەوە کوردستان، لە ئێران جەنەراڵ نیعمەتوڵڵا نەسیری سەرۆکی ساڤاک پێشوازیی کردین، پوختەیەکمان لەبارەی سەردانەکان و چالاکییەکانمان بۆ باس کرد، کاتێ باسی ئەو چەکانەمان بۆ کرد کە لێپرسراوانی فەرەنسا بەڵێنیان دابوو بماندەنێ نەسیری ناڕازی بوو و وتی ئێمە دەتاندەینێ، دوای ئەوە یاریدەری نەسیری جەنەراڵ موعتەزیدی پێشوازیی کردین کە زۆر لە سەرۆکەکەی زیرەکتر و دیپلۆماسیتر بوو، سەردانەکانمانی بە ئیجابی هەڵسەنگاند و هانی داین کە لە پێناو کێشەکەماندا سەردانی وڵاتانی تریش بکەین.

کە لە تاران بووین زانیمان منداڵەکانمان لەبەر بەردەوامبوونی بۆردمانی باڵەفڕ بۆ ناو خاکی ئێران گواستراونەتەوە، نە من نە سامی هیچ شتێکمان لەبارەی چارەنووسی منداڵەکانمان نەدەزانی، کە لە شاری رەزائییە (ورمێی ئێستا) دەگەڕاینەوە فەرمانبەرێکی ساڤاک هاوەڵمان بوو و پێی وتین منداڵەکانمان وا لە رەزائییە و نەغەدەن، خێزانی من و کاکەی ئامۆزام بەیەکەوە لە رەزاییە بوون، بەڵام هی سامی لە نەغەدە بوون، سامی چووە نەغەدە و وتی رۆژی دوایی چاوەڕێت دەکەم و بەیەکەوە دەگەڕێینەوە کوردستان، منیش لەگەڵ فەرمانبەرەکە چوومە رەزائییە هەردوو خێزانەکە لە نهۆمی دووەمی شوقەیەکی کۆندا دۆزییەوە، شەوێک لایان مامەوە، پێم وتن هەفتەیەکی تر دێمەوە لاتان، بەڕێگەی نەغەدە گەڕاینەوە کوردستان.

## جارێکی تر گەڕانەوە بۆ کوردستان

لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٤ جارێکی تر گەڕاینەوە کوردستان، بینیمان دەیان هەزار کوردی سڤیل، لە ترسی بۆردمانی باڵەفڕەکانی عێراق بە پەنابەری روویان لە ئێران کردووە، رێژیم بەر لە پێشمەرگە خەڵکی سڤیلی کردبووە ئامانج، مەبەستی حکومەت لەوەدا ئەوەبوو یەکەم: کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی کورد لە شوێنی دانیشتنیان وەدەرنێت، دووەم: لێ نەگەڕێت دانیشتووان خەریکی کار و ئیش بن بەتایبەتی کشتوکاڵ تا سەرچاوەی بژێوی لە خەڵک ببڕێت، هەروەها بە مەبەستی گرانکردنی باری سەر شانی شۆڕش هەوڵی دەدا خەڵکێکی زۆر کۆچ پێ بکات و بیاننێرێتە ناوچەکانی سەرکردایەتی.

ئەو پرۆسەیە، زۆر بە وردی نەخشەی بۆ کێشرابوو، بەوپەڕی دڕندەیی و توندوتیژییەوە جێبەجێ دەکرا، ئەوانەی کە هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە خێزانەکانیان لەو پرۆسەیە بەدوور نەبوو، رێژیم زۆریی لێ دەکردن تا بچنە لایان، مەبەستی لەمەشدا ئەوەبوو کە پێوەندیکاران خەریکی خاووخێزانیان بن و نەپەرژێنە سەر ئەوەی کارێکی بەسوود پێشکەش بە شۆڕشی کورد بکەن، دەسەڵاتدارانی ئێران چادرگەی تایبەتی بۆ ئەو پەنابەرانە دەستەبەر کردبوو کە ژمارەیان لە ٢٥٠٠٠٠ کەس زیاتر بوو، چادرگەکان بەسەر زۆربەی ناوچە سنوورییەکانی رۆژئاوای ئێران دابەش ببوون هەر لە رەزاییەوە تا ئەهواز.

کە گەیشتینەوە کوردستان، یەکسەر پێوەندیمان بە بارەگای سەرۆک بارزانییەوە کرد و ئێوارەی هەمان رۆژ چووینە لایان لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، بارزانی بەخێری هێناینەوە و کۆبوونەوەیەکمان ساز دا کە برایان

ئیدریس و مەسعود بارزانی، حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب، دکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب تیایدا ئامادەبوون، باسی سەردانەکانمان بۆ بارزانی کرد ئەمیش بەرزی نرخاند، ئەو نامانەی کە وەرامی نامەکانی بەڕێزیان بوو یان لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە سەردانەکانماندا چاومان پێیان کەوت ڕەوانە کرابوون دران بە بارزانی، وەک پێشتر باسم کرد ئەو قسانەی کە لە رۆژنامەنووسی فەڕەنسی ئەریک رولۆ بیستمان لەبارەی هەڵوێستی راستەقینەی شا بۆ بارزانی گێڕایەوە، بارزانی هیچی نەوت بەڵام بۆ ئەوانیتر زەحمەت بوو باوەڕ بەو قسانە بهێنن، چونکە شا و لێپرسراوانی ئێران بەڵێنی زۆریان بە شۆڕشی کورد دابوو و ئەمەریکاش هاتبووە ناو کێشەکەوە، لەو بڕوایەدا بووم کە بارزانی راستی بۆ چووبوو چونکە ئەریک رولۆی دەناسی و برادەری بوو، رولۆ هەواڵێک راناگەیەنێت ئەگەر بەرژەوەندی کوردی تێدانەبێت، بارزانی پێشتر شای تاقی کردبووەوە و شێوازی ناپاکی و غەدر و خۆ بەزلزانینی ئەوی دەناسی بەڵام بەڵێنەکانی ئەمریکا وای لێ کردبوو چاو لە هەقیقەتی شا بپۆشێت.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، هەر یەکەمان چووەوە سەر کاری خۆی، ئەو ئەمینداریتییە گشتییانەی کە پێشتر دامەزرابوون نیمچە شەلەل بووبوون، بەتایبەتی ئەمینداریتیی گشتی کاروباری ناوخۆ وەک ئەوانی تر لە ترسی بۆردمانی باڵەفڕ بردرابوونە شوێنی ئەوتۆ کە بەزەحمەت دەدۆزرانەوە، کاورباری پەنابەرەکان خرابووە ئەستۆی ئەمینداریتیی ناوەخۆ، ئەو ئەرکەمان بە کانەبی عەزیز دزەیی سپارد کە یاریدەری ئەمینداری گشتی بوو، کانەبی سەرۆکایەتیی ئەو لیژنەیەی کرد کە سەرپەرشتی کاروباری پەنابەرانی دەکرد و فەرمانگەکان نوێنەریان لە لیژنەکەدا هەبوو.

مۆڵەتی فەرمانبەران، لە سەرجەم ئەمینداریتییەکان و فەرمانگەکان، بۆ ناوەوەی ئێران بە مەبەستی سەردانی خێزانەکانیان یان پشوودان دەبووایە ئیمزای حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حزب یان ئیمزای منی بەسەرەوە

بووایە ئەگـینا لەلایەن لێـپـرسـراوانـی ئێـرانەوە رەت دەکـرایەوە، لێـرەدا رووداوێکی سەیر دەگێڕمەوە، جارێکیان دەچوومە شنۆ، لە دەروازەی شـارەکە خـاڵێکی پشکنین هەبوو، یەکـێک لە کـارمـەندانـی سـاڤـاک کـە ناوی بیـانی بوو لەوێ راوەستابوو، داوای مۆڵەتی لێ کردین، عومەری هـاوەڵم و کاکەی ئامۆزام و خـەسـرۆ عـەدۆی پاسـەوانم لەگـەڵدا بـوو، کـابرای سـاڤـاک وتی دەبێت مـۆڵەتەکان ئیـمزای حـەبیب محـەمـەد کەریم یان مـوحسـین دزەییـیان بەسـەرەوە بێت، پێم وت من مـوحسـین دزەییم، ناسنـامـە و پاسـپـۆرتم پیـشـان دا، بەڵام رازی نەبوو، ناچار رێگەیەکی ترمان گرتەبەر.

لە ژێر بۆردمـانێکی توندداا چەند رۆژێکم لە کـوردسـتـان بـەسـەربرد، ئاسـایی کـاری رۆژانەم دەکرد، هـەواڵی شـەڕی سـەختـم لە سـەرانسـەری کـوردسـتـانـەوە پێ دەگـەیشـت، بیـرم لەوە کـردەوە منداڵەکـانم وەک خـێـزانەکـانی تر ببـەمـە شـوێنێکی باشـتـر، ئێـواران دوای تـەواوبوونی ئیش دەگـەڕامـەوە شـوێنی حـەوانەوەم لەو دوو خـانووەی کـە پێـشـتـر منداڵەکـانمـی تێـدا بوو لە گـوندی ئازادی نزیک حـاجی ئۆمـەران کـە خـانووی گـەشـتـیـاری بوون. چـوومـە شـاری نەغـەدە، بـەهـۆی دکـتـۆر خـالیـد دزەییـی خـزمم پسـپـۆری نەخـۆشـی چاو، خـانووێکی خـاوێن و گـونجـاوم دەس کـەوت[٢٣]، دکـتـۆر خـالیـد وەک پزیشک لە نەخۆشخانەی شێر و خورشیدی ئێرانی مانگی سوور چارەسـەری پەنابەران و خەڵکی تریشـی دەکرد، لە نەغەدە بەڕێز ئیسـمـاعیل ئاغا سدیق سـاوچیلاغـچی کـە برادەری دکـتـۆر و هـی منیش بوو، پیـاوێکی تا بڵـێی دڵئـاوا و مـەرد بوو، مـاوەی زیاتر لە سـاڵێک لەوێ مـاینەوە، ئەو پیـاوە ئاسـانکاری بۆ کردین و زۆر خـزمـەتی کـردین، دوای نسکۆی سـاڵی ١٩٧٥ و تێـپـەڕبوونی چەند مـانگێک چووینە شاری کەرەج لە نزیک تاران.

لە رێکەوتەکـانـی ژیان، سـاڵـی ١٩٩٢ ئیـسـمـاعیل ئاغـا سـاوچیـلاغـچی لە کوردسـتانی عێراق بووە پەنـابەر، من و دکتۆر خالید و وریای برازام و کـاکە و هەموو خزمـان هەوڵمان دا یارمەتیی بدەین و بەگوێرەی توانا لە مـیحنەتەکانی کـەم بکەینەوە، لێـپـرسـراوان لـە حـزب و حکوومـەت لەبەر هەڵوێسـتـەکـانی

پێشووی زۆر بایەخیان پێ دا بەتایبەتی مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی ئێستا، ئیسماعیل ئاغا ئێستا لە وڵاتێکی ئسکندنافی پەنابەرە.

دوای جێگیربوونی منداڵەکانم، خۆم بۆ ئیش و کار تەرخان کرد ئەگەرچی بەهۆی شەڕ و بەزەحمەت هاتوچۆکردن کارەکانم سنووردار بوون، ئەنجوومەنی ئەمینداریتییە گشتییەکان بە سەرۆکایەتیی ئەندازیار سامی عەبدورەحمان سەرۆکی ئەنجوومەنەکە هەفتەی جارێک کۆ دەبوونەوە تا باس لەو کارانە بکەن کە پێوەستن بە ئەمینداریتییەکان، هەفتەی جارێک لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کۆ دەبووەوە، باسیان لە بارودۆخی گشتی و پێشهاتە تازەکان دەکرد، هەروەها هەفتەی جارێک ئێواران لە بارەگای بارزانی کۆ دەبووینەوە تا باس لە سەرجەم بارودۆخەکە و پێشهاتەکان و هەڵوێستی سەربازی بکەین و گوێ لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی بارزانی بگرین.

هەڵوێستی سەربازی زۆر باش بوو، دوای تێپەڕبوونی سێ چوار مانگ بەسەر دەست پێکردنەوەی شەڕ بەرەو باشتر چوو، دەسەڵاتدارانی عێراق هەموو توانا و وزەی خۆیان بۆ ئەوە بەکارهێنا کە لە ماوەیەکی کورتدا شۆڕشی کورد لەبار ببەن بەڵام وردە وردە هێزەکانیان لە پەلوپۆ دەکەوت بەتایبەتی لە کۆتاییی ئەو ساڵەدا زەبری کاریگەریان پێ کەوت.

لە کۆتاییی مانگی ئابی ئەو ساڵەدا، هەندێک لە چادرگە نزیکەکانی پەنابەرانم بەسەرکردەوە تا بزانم باری ژیان و شوێنی دانیشتنیان چۆنە، لەو سەردانانە بەڕێزان محەمەد عەزیز بەڕێوەبەری کارگێڕیی بارەگای بارزانی و کانەبی عەزیز دزەیی یاریدەری ئەمینداری گشتی ناوخۆ- سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەنابەران و پارێزەر ئیسماعیل یەعقووبی و هی ترم لەگەڵدا بوو، چادرگەکانی رەزاییە و شنۆ و سەردەشت و شوێنی تردا سووڕاینەوە، چادرگەکان زۆر قەرەباڵغ بوون، پیاو بۆ خوا بڵێت خزمەتگوزاریی زۆر باش بوو، هەندێک لە پەنابەران بردرابوونە باڵەخانەی تایبەت و بەشێکیشیان لەناو چادردا بوون، ئەو خواردەمەنییەی وەریان دەگرت برەکەی زۆر بوو و هەندێک

جار زیادیش بوو.

پاش ئەو سەردانە گەڕامەوە کوردستان، راپۆرتێکم دا بە بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی ئەمینداریێتییەکان، بڕیارم دا دوای ماوەیەکی تر سەردانی چادرگەکانی تر بکەم.

لە کۆتاییی مانگی ئابدا بارزانی بانگی کردمە بارەگا و پێی وتم کە هەواڵێکی لە رێگەی نوێنەرمان لە لەندەن بەدەست گەیشتووە و مەحموود بابان داوای کردووە بچمە لەندەن و سعودییە، بارزانی ئەو سەفەرەی پێ باش بوو، داوای کرد بەزووترین کات سەفەر بکەم، پێشنیازم کرد کە بەشێوەی شاندێک ئەو سەفەرە بکەین و سامی عەبدوڕەحمانیشم لەگەڵدا بێت، بارزانی دوو نامەشی بۆ مەلیک فەیسەڵ عەبدولعەزیز ئال سعوود مەلیکی عەرەبستانی سعوودی و مەحموود بابان نووسی.

***

## سەفەر بۆ سعودییە

دوای چەند رۆژێک لەگەڵ سامی چووینە تاران لەوێوەش بۆ بەریتانیا، کە گەیشتینە لەندەن زانیمان مەحموود بابان گەڕاوەتەوە سعودییە چاوەڕێی وادەی گەیشتنمانە، بە تەلەفۆن ناوی ئەندامانی شاندەکە و وادەی گەیشتنمان پێ وت، بە باڵەفڕەیەکی هێڵی ئاسمانیی سعودییە چووینە جدە و پاشان چووینە ریاز، لە باڵەفڕگە مەحموود بابان چاوەڕێی دەکردین، سەرەتا نەمناسییەوە چونکە بە جلوبەرگی ئەوروپییەوە بینیبووم، لەپڕ بانگی کردم و بینیم جلوبەرگی عەرەبیی پۆشیوە، دوای بەخێرهێنان بە سامیم ناساند چووینە ئەو ئوتێلەی بۆمان تەرخان کرابوو.

خوالێخۆشبوو مەلیک فەیسەڵ عەبدولعەزیز بەمانای وشە پیاوی دەوڵەت بوو، سیاسەتوانێکی زیرەک و بوێر بوو، هەستی بە مەترسی رێژیمی بەعس بەسەر ناوچەکەدا دەکرد بەتایبەتی دوای مۆرکردنی پەیماننامەی برادەرایەتیی نێوان عێراق و سۆڤیەت، فراوانبوونی هەژموونی سۆڤیەت بەسەر وڵاتە دراوسێکانی سۆڤییەتەوە بەلای مەلیکەوە شتێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو.

مەلیک حەزی دەکرد پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی باش بێت و بەشێوەیەکی ئاشکرا دەست نەخاتە کاروباری ناوەخۆیانەوە، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کێشەی رەوای گەلی کورد هاوسۆز بوو، لە ناخی خۆیدا شۆڕشی کوردی لە رێژیمی بەعس پێ باشتر بوو و بە نەمانی ئەو رێژیمە دڵخۆش دەبوو، بۆیە شتێکی سەیر نەبوو بەرپرسانی سعودییە هەوڵ بدەن پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورددا ببەستن.

ڕۆژی پاشتر، میر نایف عەبدولعەزیز لە وەزارەتی ناوەخۆ بە ئامادەبوونی مەحموود بابان پێشوازیی کردین، زۆری بەخێرهێناین و وتی مەلیک و حکومەتی سعودییە بایەخ بە گەلی کورد و شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی دەدەن، ئینجا قسە هاتە سەر پێوەندیی مێژوویی و ڕۆڵی کورد لە خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام، میر نایف ئاماژەی بە ڕۆڵی سەرکردە سەلاحەدین ئەیووبی لە ڕزگارکردنی قودس کرد و هەروەها باسی ڕۆڵی کوردی لە سعوودیەدا کرد، سەعید کوردی زۆر لە مەلیک عەبدولعەزیز ئال سعوودەوە نزیک بوو و یەکێک بوو لە یارمەتیدەرانی، هەر لەو دیدارەدا باسی هەڵوێستی سەربازی و بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و پێداویستیی یارمەتی و پاڵپشتیی وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئەوانەی حەز لە ئاشتی و هێمنی دەکەن کرا، میر نایف بەڵێنی دا نامەکەی بارزانی بگەیەنێتە مەلیک و دیداری ترمان بۆ ڕێک بخات.

دوای دوو سێ ڕۆژ، بۆ جاری دووەم میر نایف پێشوازیی کردین، وتی نامەکەی بارزانیم گەیاندووەتە مەلیک و بۆی هەیە پێشوازیمان بکات، هەروەها وتی بەمزووانە میر سوڵتان عەبدولعەزیز وەزیری بەرگری و باڵەفڕەوانی پێشوازیمان دەکات، میر نایف وەک زۆربەی میرەکانی سعودییە کە لە ژیانی سیاسیم لەو کاتەدا بینیمن کەسێکی هێمن و بێ فیز بوو.

میر سوڵتان، لە نووسینگەی خۆی لە وەزارەتی بەرگری پێشوازیی کردین، پیاوێکی کراوە و ڕاشکاو بوو، ئارەزووی خۆی و حکومەتەکەی بۆ پتەوکردنی پێوەندی و یارمەتیدانمان پێشان دا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین.

سێ هەفتە بوو لە سعودییە بووین، لەدوا هەفتەدا مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی بەسەردا هات، میر نایف بۆ جاری سێیەم پێشوازیی کردین و داوای لێبووردنی کرد کە لەبەر سەرقاڵیی سەفەر مەلیک نەیتوانی پێشوازیمان بکات، بەڵێنی دا کە پێوەندییەکان بەردەوام دەبن و یەکێک ڕەوانەی ناوچەکە دەکەن تا بارودۆخەکە بەسەر بکاتەوە، وەرامی نامەکەی بارزانی کە بۆ مەلیکی ناردبوو وەرگرت، چەند یارمەتییەکی مرۆییانەی پێشێش کردین و

ماڵاواییمان لێ کرد.

ڕۆژی پاشتر، مەحموود بابان بردنییە باڵەفڕگە، بە باڵەفڕەیەکی هێڵی ئاسمانیی ئێرانی بەرەو تاران هەڵفڕین، بەڕێوەبەری هێڵی ئاسمانیی ئێرانی گومانی لێ کردین، ئێمە ناسنامە و ئەرکی خۆمان پێ نەوت، لە شیراز، وەک یەکەم وێستگە دابەزین، پۆلیس دەورەیان داین و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، کاتی گەشتەکە تێ پەڕی و فریای باڵەفڕگە نەکەوتین، ناوی یەکێک لە لێپرسراوانی ساڤاکمان بە پۆلیسەکان وت، ئەوانیش تەلەفۆنیان بۆ کرد ئینجا رزگارمان بوو، دوای چەند سەعاتێک، بە سواریی باڵەفڕەیەکی تر چووینە تاران، بۆ ڕۆژی پاشتر گەڕاینەوە کوردستان، وەک هەموو جاران چووینە بارەگای بارزانی و وردەکاریی سەفەرەکەمان و ئەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ لێپرسراوانی سعودییە سازمان دا بۆ بارزانی باس کرد.

لە ڕۆژێکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ خەبەرمان بۆ هات فەریق عەبدوڕەحمان داود کە لە سعودییە دادەنیشت لە تارانەوە بە باڵەفڕ دێتە ڕەزاییە و سبەینێ دەگاتە لامان، لەسەر ڕاسپاردەی بارزانی کاک ئیدریس پێی وتم بچمە ڕەزاییە و پێشوازیی ئەو میوانە بکەم، چونکە پێشتر دەمناسی، ئێوارەی ئەو ڕۆژە چوومە ئەوێ و تۆزێک نووستم، سپێدەی ئەو ڕۆژە وادەی یاریی مشتەکۆڵەی نێوان محەمەد عەلی کلایی و یەکێک لە رکابەرانی بوو لە ئەمەریکا، زوو لە خەو هەستام تا سەیری تەلەفزیۆن بکەم، کلای لەو یارییەدا بردییەوە، چوومە باڵەفڕگە و مێوانەکەمان لە وادەی دیاریکراودا گەیشت، دوای پشوودانێک و چێشت خواردن هاتینە کوردستان.

لە بارەگای تایبەتی خۆم شوێنی حەوانەوەمان لە ژوورێک بۆ تەرخان کرد، بارزانی فەرمانی دا کە پاسەوانی و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین بکەن و هەموو ئێوارەیەک سەردانی دەکرد و تا درەنگی شەو کۆدەبوونەوە، لەو سەردانانەدا فوئاد عارف، دوکتۆر مەحموود عوسمان، حەبیب محەمەد کەریم، سامی عەبدوڕەحمان، ئیدریس و مەسعوود هەندێک جار هاوەڵی بارزانی بوون.

داود چوار رۆژ لامــان مــایەوە، بـاسـی چۆنـیــەتیی هـاوکـاری و بـارودۆخی ناوچەکە و شـەڕەکانمان کرد، بەڵێنی دا بەم نزیکانە دەگەڕێتـەوە و پێوەندی بە هەندێک لەلایەنگرانی لە ناو سـوپاوە دەکات، داود گـەڕایەوە سـعودیـیە، لەلایەن بارزانیـیـەوە بەگـەرمی بەڕێ خـرا و منـیش تا باڵەفـڕگـەی رەزاییـیـە لەگـەڵـیدا بووم.

***

## دووەم سەردان بۆ چادرگەی پەنابەران

پێش سەردانەکەی فەریق ئیبراهیم داود بە دوو سێ هەفتە، کۆتاییی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٤، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە هەواڵێکمان پێ گەیشت کە لە یەکێک لە چادرگاکان بەرپرسێکی ئێرانی پەنابەرێکی کوردی کوشتووە، لە ئەنجامدا بووەتە هەڵلا، دەسەڵاتداراتی ئێران داوایان کرد بەرپرسێکی کورد بچێتە ئەوێ و بارودۆخەکە هێور بکاتەوە.

کاک ئیدریس بارزانی پێی وتم کە سەرۆک بارزانی حەزدەکات بەپەلە سەفەر بکەیت تا شوێنەکە بەسەربکەیتەوە و کاری پێویست ئەنجام بدەیت، منیش پێشنیازم کرد کە محەمەد عەزیز و کانەبی دزەیی هاوەڵم بن، هەر ئەو شەوە بەڕێ کەوتین، شەوێکی زۆر سارد و بەفر رێگە و دەروازەکانی داپۆشیبوو، ئەو شوێنەی کە لە سنوور دەپەڕینەوە زستانان هاتوچۆی تێدا زۆر زەحمەتە و بەتایبەتی کە زریانی بەفر هەڵدەکات.

بەشەو لە حاجی ئۆمەران بەدوو ئۆتۆمۆبیلی جۆری لاندرۆڤەر بەڕێ کەوتین، دوای بڕینی خاڵی سنوور و لەو بەرزاییەی کە هەردوو وڵات لێک جیا دەکاتەوە بەتایبەتی ئەو شوێنە شاخاوییەی کە جێگەی خۆقایمکردنی سوپا بووە لە جەنگی دووەمی دنیا تا لێ نەگەڕێن نازییەکان عێراق داگیر بکەن و، لەوێوە بپەڕینەوە بۆ ئێران کە ئەوکاتە لەژێر فەرمانڕەواییی هاوپەیمانان بوو، لەو شوێنەدا زریانێکی بەفر بەتووندی هەڵی کرد و لە ماوەی چەند خولەکێکدا رێگاکانی داخست، مەحاڵ بوو ئۆتۆمۆبیل بڕوات، ناچار دابەزین و بە پێ رۆیشتین، من لە ناو لاندرۆڤەرەکەی خۆم بووم کە عومەر قادری هاوەڵم دەیئاژۆت، زریانەکە بە ڕادەیەک توونەد بوو کە چاو چاوی نەدەدیت و لەبەر بەهێزی تەوژمی هەوا رێگامان بزر کرد، تۆزێک دوورکەوتینەوە و ویستمان

بچین لەناو ئوتۆمۆبیلەکە دابنیشین، بەڵام نەماندۆزییەوە، ئەوانی تریش لە ناو ئوتۆمـۆبیلی ئەحـمـەد حـاجـی لێپـرسـراوی خـاڵی سـنووری حـاجی ئۆمـەراندا بوون.

بەڕاسـتی سـەیر بوو، دوای بڕینی ئەو بەرزاییـیـە، هەر کـە بە بناری ڕۆژهەڵاتی نـاو ئێـراندا شـۆڕبووینەوە زریانەکـە وەسـتـا و چاومـان حـوکمی دەکرد، ئەحمەد حاجی و محەمەد عەزیز و ئەوانی تر ئوتۆمۆبیلەکەیان بەجێ هێشتبوو، لەپێش ئێمەوە بە پێ ڕۆیشتبوون و خۆیان رزگار کردبوو، کاتێک ئەحـمـەد حـاجی ئـاوڕ دەداتەوە و منی لێ دیار نیـیـە نیگەران دەبێت، لەگـەڵ یەکێکی تر بەپەلە دەگـەڕێنەوە، لایتێکیـان بەدەسـتـەوە بوو و بانگی ئێـمـەیان دەکرد، ئێـمـەش وەرامـمـان دانەوە، یەکتـرمـان بینییـەوە و چووینە شـوێنێکی ئەمین.

دوای سـەعاتێک گەیشـتینە شـارۆچکەی خـانە "پیرانشـەهر"ی سـەر سنوور، چووینە ماڵی ناسـیاوێکی ئەحمـەد حاجی، دوای پشـوودان و خـۆ گەرمکردنەوە هۆکـاری گـواسـتنەوەیـان بۆ دابین کـردم و چوومـە لای منداڵەکانم لـە نەغـەدە، ئەحمەد حاجی و محەمەد عەزیز لە خانە مانەوە تا مەکینەیەکی بەفرماڵ پەیدا بکەن بۆ ئەوەی ئـوتۆمـۆبیلەکـان بێنن و بگەنە لای مـن، ڕۆژی پاشـتـر گـەیشـتنە لای من، کـانەبی دزەییش کە بە مـۆڵەت چوبووەوە ڕەزاییـە بۆ لای منداڵەکـانی گەیشـتە لامان.

چووینـە خـێـوەتگای (کـامـیـاران) کـە پەنابـەرەکـەی تێـدا کـوژرابوو، دوای لێکۆڵینەوە بـەدیارکـەوت هـەنـدێک گـەنج پەنـابـەرەکـانیـان دنە داوە تا هـەندێک داواکـاری بخـەنە ڕوو، خۆپێـشـاندانێکیـان رووە و بارەگـای کـارگێڕی چادرگە سـازداوە و هـەوڵیان داوە ئـابڵـووقەی بدەن، یەکێک لە لێپرسـراوان بە مەبەسـتی هـەڕوگیـڤ چەند گـوللەیەکی هـاویشـتـووە و گـوللەیەک بەو پەنـابـەرە کـەوتووە و پاشـان بڵاوەیان کـردووە، دوای ئـەوە ویسـتـوویانە تۆڵە بسـێننەوە و یاخـی بن، جا بۆ ئەوەی کێشـەکە تەشـەنە نەکات داوای منیان کرد.

دوای وەرگرتنی ئەو زانیارییانە، بە هاوەڵی گەورە لێپرسراوێک کە لە تارانەوە هاتبوو و لێپرسراوە خۆجێییەکان چووینە لای خێزانی کوژراوەکە، کەسوکارەکەی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەمە بە ئانقەست نەبووە، ئێمەش بەڵێنمان دا هەندێک قەرەبوویان بدەینەوە، ئینجا لە گۆڕەپانی چادرگەکە پەنابەرەکانمان کۆکردەوە و لەبارەی هۆکاری ئاوارەبوونیان و باری خراپیی ژیانی خەڵکی سڤیل لە کوردستان بەهۆی شەڕەوە قسەمان بۆ کردن، هەروەها باسی ئەو ئاسانکاری و یارمەتیدانانەمان بۆ کردن کە پێشکێشیان دەکەن، لە کۆتاییدا داوامان لێ کردن کە بەهێوری و حەکیمانە بیر بکەینەوە، لە کار و کردەوەی توندوتیژی دووربکەونەوە و بەشێوازی ئاشتییانە داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو، توانیمان بارودۆخەکە هێور بکەینەوە و ئینجا سەردانی چادرگەکانی ناوەند و باشووری ئێرانمان کرد و هەفتەیەک زیاتری خایاند.

لە کۆتاییی مانگی کانوونی یەکەم چووینە تاران و چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، عومەری برام کە لە باڵوێزخانەی عێراق کاری دەکرد بەهۆی دەست پێکردنەوەی شەڕ لە کار دەرکرابوو و بەڕێوەبەری نووسینگەکەمان بوو لە ڤیەننا و مالک یاسریش کە لە هەمان باڵوێزخانە کاری دەکرد و بەهۆی برادەرایەتی لەگەڵ من و عومەر ئەویش دەرکرابوو، هەردووکیان لە تاران بوون، بەهۆی سەردانە لە ناکاوەکەی من عومەر چەند ڕۆژێک لە سەفەر دواکەوت، چاوم بە عومەر کەوت و پاشان بەرەو ڤیەننا چوو، شەوی سەری ساڵمان لە تاران بەسەربرد و سەری ساڵی تازەی ١٩٧٥ هاتینەوە کوردستان.

پێش گەڕانەوەم بەیەک دوو ڕۆژ، لە نەغەدە ئیسماعیل ساوجیلاغچیی برادەرم تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی کە دوکتۆر خالید دزەییی خزمم لە چارەنووسی خێزانەکەی لە کوردستان زۆر نیگەرانە و بەڕادەیەک بێ تاقەتە کە سێ ڕۆژە لە دەوام دابڕاوە، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ یەکێک کرد کە لە عێراقەوە هاتبووە لەندەن وتی هەموو لایەک سەلامەتن، کە دکتۆر خالید

گەیشت دڵنیام کردەوە و ئێوارە لە چێشتخانەیەک داوەتم کرد، نیگەرانییەکەی نەما و گەڕایەوە نەغەدە و دەستی بەکارکردەوە، هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر گەڕانەوەمدا تێ نەپەڕیبوو وا رێک کەوت فەریق داود لە سعودییەوە گەیشت وەک پێشتر باسم کرد.

چەند هەفتەیەک دوای رۆیشتنی داود، بارزانی بە هاوەڵی دوکتۆر مەحموود عوسمان سەردانی تارانی کرد تا چاوی بە شا بکەوێت و لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی ئێراندا قسە بکات، دوای چەند رۆژێکیش بۆ تاران بانگ کرا تا بچێتە میسر و چاوی بەسەرۆک سادات بکەوێت، دەڵێن ئەو قسانەی کە لە نێوانیاندا کراوە سادات هەمووی گەیاندووەتە شا و ئەویش زۆر تووڕە بووە و ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ رێکەوتننامەی جەزائیر، من بەمە بڕواناکەم، نکوڵی لەوە ناکەم کە سەرۆکی میسر ئەنوەر سادات قسەکانی گەیاندبێت بەڵام پێش ئەوە رێگا بۆ رێکەوتننامەکە خۆش کرابوو، بۆتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی جەزائیر و عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران لە ئەوروپا و تورکیا یەکتریان بینیبوو، هەروەها وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێرانیش یەکتریان بینیبوو، لە بەشی تایبەت بەنسکۆ و رێکەوتننامەی جەزائیر باسی ئەو بابەتە دەکەم.

***

## سەفەر بۆ ئوردن

لە کاتێکدا، حکوومەتی ئێران، بەهۆی حکوومەتی جەزائیرەوە، سەرقاڵی پێوەندیکردن بوو تا دیدارێک لەنێوان سەدام حوسێن و شادا لە کۆنگرەی باڵای وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت لە جەزائیردا سازبدرێت، لە هەمان کاتیشدا دەیویست سەرکردایەتیی کورد بە سەردانی میسر و ئوردنەوە خەریک بکات، ئەمەشی بۆ خۆڵکردنە چاوان و کات بەسەربردن بوو تا کاتی گونجاو دابێت و گورزێکی کاری لە شۆڕشی کورد بوەشێنێت، یەکێک لەو هەوڵانەی بەسەربردنی کات رێکخستنی سەردانێک بوو بۆ مەملەکەتی ئوردنی هاشمی.

دەسەڵاتدارانی ئێران دەیانوت باشترین رێگە بۆ ناساندنی کێشەکە ئەوەیە کە لە پاڵ شۆڕشی کورددا شۆڕشی عێراقیش دەست پێ بکات، چاکترین رێگەش بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنانی حکوومەتێکی کاتیی عێراقییە، ئوردن یەکەم وڵاتی عەرەبییە کە رای وەربگیرێت و پاڵپشتیی مسۆگەر بکرێت، بارزانی لە تاران بوو، بەرپرسانی ئەو وڵاتە پێشنیازیان بۆ کردبوو کە شاندێک رەوانەی ئوردن بکات، هەروەها وتبوویان بۆ ئەم مەبەستە هەموو پێداویستییەکیان ئامادە کردووە و باڵوێزی ئێران لە عەمان پێشوازییان دەکات و لەگەڵ مەلیک حوسێن دیداریان بۆ رێک دەخات.

بارزانی کە دوکتۆر مەحموود عوسمانیشی لەگەڵدا بوو بانگی کردمە تاران، ئەو کاتە نیوەی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٥ بوو، دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئەوە رێک کەوتین لەگەڵ هەریەک لە لیوا روکن کەمال مستەفا و عەمید روکن تەها یاسین کە لەساڵی ١٩٧٠ هاتبوونە ریزی شۆڕش و لە تاران دادەنیشتن سەفەر بکەین، دواییش هەریەک لە دوکتۆر حەسەن چەلەبی مامۆستای یاسا لە زانکۆی بەیرووت و برایە لاوەکەی ئەحمەد چەلەبی بگەنە لامان.

هەر سێکمان لە نیوەی شوباتی ساڵی ١٩٧٥ لە تارانەوە چووینە لەندەن، لەوێ بە تەلەفۆن لەگەڵ هەردوو چەلەبیی برا قسەمان کرد و لەسەر ئەوە رێک کەوتین کە لە باڵەفرگەی بەیرووت چاوەڕێمان بکەن، لەکاتی دیاریکراودا گەیشتینە بەیرووت و ئەوانیش هاتنە پاڵ شاندەکەمان، کە گەیشتینە عەمان من و کەمال مستەفا و تەها یاسین پاسپۆرتی ئێرانیمان لابوو و خۆمان وەک بازرگانی مافووری ئێرانی پێشان دا.

فەرمانبەرێکی باڵوێزخانەی ئێران ناوەکەیم بیرنەماوە زۆر بەگەرمی پێشوازیی کردین و وتی ئێستا دەچێتە لای مەلیک حوسێن و لەبارەی مەرامی سەردانەکەی ئێمە قسەی لەگەڵدا دەکات، وتی برۆنە ئەو ئوتێلەی کە بۆمان دیاری کردوون و سبەینێ وەرامتان دەدەمەوە، لەگەڵ باڵوێزەکە چووینە ئوتێلەکە، کاتێک لەگەڵ فەرمانبەری پێشوازی پرسیاری ئەو ژوورانەمان کرد کە بۆمان تەرخان کراوە خاتوو تەمارە غازی داغستانی کە هەردوو برایانی چەلەبیی دەناسی بەڕاکردن چووە لایان و پێی وتن کە پاشکۆی سەربازی عێراقی لەو ئوتێلە دابەزیوە، دەترسم شتێکی وا بکات کە ئەنجامەکەی خراپ بکەوێتەوە، ناچار چووینە ئوتێلێکی تر، رۆژی دوایی باڵوێزی ئێران بانگی کردینە باڵوێزخانە و وتی مەلیک حوسێنی بینیوە و دیدارەکەی پێ باش بووە بەڵام وای بەباش زانیوە کە لەبارەی بابەتەکە قسە لەگەڵ جەنەراڵ نەسیریی سەرۆکی ساڤاکی ئێران بکەین و ئێمە چۆن رێک کەوتین ئەو پێی ڕازی دەبێت، هەروەها وتی مەلیک ئەمڕۆ بە سەردانێکی فەرمی دەچێتە وڵاتێک بۆیە لە پێشوازیکردنمان داوای لێبووردن دەکات، باڵوێزی ئێران دووپاتی کردەوە کە مەلیک حوسێن سەفەری کردووە و خۆی یەکێک بووە لەوانەی کە لەبەرێکردنیدا بەشدار بووە.

بە ناچاری گەڕاینەوە ئوتێل، سەرکۆنەی مەلیک حوسێنمان کرد چونکە پێشوازیی نەکردین، ئەوەی سەیر بوو هیچ رۆژنامە یان رادیۆیەکی ئوردن باسی ئەو سەردانەی مەلیکیان چ ئەو رۆژە یان رۆژی پاشتر بڵاونەکردەوە، بۆ سبەینێ حەسەن و ئەحمەد چەلەبی گەڕانەوە بەیرووت، بەڵام ئێمە باڵەفڕەی

ئێـرانیـمــان دەست نەکـەوت ناچار چووینە رۆمـا تا لەوێوە بچـینـەوە تاران، وردەکاریی سـەردانەکـەمان بۆ بارزانی گێڕایەوە، بارزانـی هەر لە تاران بوو، خـەبەریان بۆ هێنا کـە شـا سـەفـەری کردووە و هەفتـەی داهاتوو پێشـوازیی دەکات.

دوایی بۆمـان بەدیارکەوت، کە هەڵسـوکەوتی باڵوێزی ئێران هەڵقـەیەک بووە لەو زنجـیـرە پیـلان و درۆیانەی کـە بۆ کـات بەسـەربـردن و سـەرقـاڵکردنی سەرکردایەتیی کورد بەو سەردانانە لە ئارادا بوو تا پیلانەکە دەگات، هەروەها بۆمـان روون بووەوە کە باڵوێزی ئێران ئەو رۆژە مـەلیک حوسـێنـی نەبینیـوە و مـەلیکیش سـەفـەری نەکردووە و تەنـانەت قسـەشی لەگـەڵدا نەکـردووە، دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە چەند جارێک مەلیک حوسێنم بینی ئەو راستییەی دووپات کردەوە.

پیـلانەکـە ئەوەندەی نەمـابوو روو بدات، لـە چەندان وڵات یەکـتـریان دەدیت، ئەمــە دوا ســەردانی شــا بوو بـۆ تەواوکـردنـی پیــلانەکــە، مــەبەســتـیش لە هێشـتنەوەی بارزانی لە تاران بۆ ئەوە بوو کـە ڕووبەڕووی ئەو پیلانە ببێـتـەوە لەکاتـی ئیـمـزاکـردنیدا. کۆتاییی شـوبات و سـەرەتای ئادار بوو کـە لە ئوردن گەڕامەوە، لەگەڵ لیوا روکن کەمال مستەفا و عەمید روکن تەها یاسین چووینە شوێنی حـەوانەوەی بارزانـی، سەربردەی سەردانەکەمـان بەوردی بۆ باس کرد، بارزانی وتی دوو سێ رۆژ لە تاران بمێنـەوە، شـا دەگـەڕێتەوە، ئێمـەش دەچینە لای و دوایی بەیەکەوە دەگەڕێینەوە.

من لە ئوتێلێک دابەزیبـووم، هەمـوو نیـوەڕۆیەک دەچوومـە لای بارزانی و تا درەنگی شەو لای دەمامەوە ئینجا دەگەڕامەوە شوێنی حەوانەوەم.

***

## ڕێککەوتننامەی جەزائیر و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥

سەرکردە بارزانی، پیاوێکی دووربین و پێشبینیی هەندێک ڕووداوی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەڵسوکەوتدا سادە بوو، بەڵام خاوەنی هەستێکی شەشەمی زۆر بەهێز بوو، حوکمی بەسەر هەندێک کاروبار دەدا کە بەبیری کەسدا نەدەهات، بەهۆی ئەزموونە دووروودرێژەکەی و ئەو ڕووداوانەی کە بینیبووی شارەزاییەکی زۆری پەیدا کردبوو، بەرەنجامی هەندێک کاروبار و ڕووداوی دەزانی.

لە ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و شەوی ١٠/١١-٣-١٩٧٠ لە کاتی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکە لەگەڵ سەدام حوسێندا لەگەڵ ئێمەدا کۆبووەوە، دوای ئەوەی بۆچوونی خۆی لەمەڕ حیزبی بەعس و بڕوانەبوونی بەو ڕژێمە خستە ڕوو و پاڵپشتیی ڕای زۆرینەی کرد لەگەڵ ئەو ڕێککەوتننامەیەدا بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگەداری کردینەوە کە کوێرانە باوەڕیان پێ نەکەین و هەروەها پێشبینییەکانی خۆی سەبارەت ماوەی دوای ڕێککەوتننامەکە پێ وتین و ئەو قسە ناودارەی لە بیرمدا ماوە کە فەرمووی (بەر لە ڕێککەوتننامەکە، بە باڵەفڕە و تۆپ و بۆمبا شەڕیان دەکردین، شێوازی شەڕی دوژمنمان دەبینی و بەگوێرەی توانا بەرەنگاریان دەبووینەوە، بەڵام دوای ڕێکەوتننامەکە دوژمن بەردەوام شەڕمان دەکات بەڵام شێوازێکی تر، بە باڵەفڕە و تۆپ و بۆمبا بۆردمانمان دەکات بەڵام نایبینین و هەستی پێ ناکەین، ئەمەیان لە هی پێشتر ترسناکترە چونکە بەر لە ڕێکەوتننامەکە دەمانتوانی خۆمان بپارێزین و بەگوێرەی توانا بەرگری بکەین، بەڵام دوای ئەوە هەست بە مەترسییەکە ناکەین، ناتوانین خۆمان بپارێزین و ئەو چەکانە نابینین کە دژی ئێمە بەکاری دەهێنن).

پێشبینییەکەی بارزانی ڕاست دەرچوو، دوای چەند مانگێک پیلانەکان دەستیان پێ کرد، لە بە عەرەبکردنی ناوچەی کەرکووک و شوێنی تر، هەوڵی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی، دواخستنی پرۆسەی سەرژمێری لە کەرکووک، کڕین و هاندانی کەسانی خۆفرۆش کە مرۆڤ بێزی لێیان دەبووەوە، دواجاریش پیلانە گەورەکە بۆ لەناوبردنی مستەفا بارزانی دەستی پێ کرد.

بەر لە ڕێککەوتننامەکەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، حکوومەتی بەعس زۆر ماندوو بوو، توانی هەندێک لە نەیارانی لەناو ببات، باری ئابووریی داتەپی بوو، چەک و ورەی سوپاکەی لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بەعس نەیارانی ناوخۆی پاکتاو نەکردبوو، بێگومان لە بارودۆخێکی ئەوهادا ڕژێم پێویستی بە کاتێکی گونجاو هەبوو بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە تەرخانی بکات، مادامەکێ شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو ئەو کارانەی پێ نەدەکرا، ئەگەر شەڕ بەردەوام با و ئەو هەموو گیرگرفتانەشی هەبووایە ئەوا چارەنووسی ڕێژیم مەترسیدار و لەناوچوون بوو.

هەموو ئەمانە پاڵیان بەڕێژیمەوە نا تا ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت شەڕ رابگرێت و بەهەر نرخێکیش بێت، هیچ یەک لە سەرانی ڕێژیم وەک سەدام حوسێن ئەمەیان بەهەند وەرنەگرتبوو، دوای کۆتاییهاتنی ئاگربەست کە ماوەکەی چوار ساڵ بوو، بەعس سوپایەکەی پڕ چەک کرد و ئینجا بە پەیماننامەی برادەرایەتیی لایەنی سۆڤیەتی دەستەبەر کرد و بەجۆران شێواز دژ بە شۆڕشی کورد دەستی بە پیلانگێڕان کرد، بەدیتی خۆی پرۆژەی ئوتۆنۆمی خستەڕوو کە لایەنی هەرە کەمی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردی تێدا نەبوو، ئەو پرۆژەیە بە هیچ جۆرێک قبووڵ نەدەکرا، دەستی بەشەڕ کردەوە و وای دەزانی لە چەند هەفتە و مانگێکدا شۆڕشی کورد لەناو دەبات، ساڵێک تێ پەڕی و ڕێژیم ئەو ئامانجەی نەهاتە دی و نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، ورەی سوپا رووخابوو، چەک و فیشەک لە جبەخانەکان بەرەو کەمی دەچوون، ڕێژیم بەتایبەتی سەدام حوسێن خۆی لەجیاتی شەڕ شێوازی تری گرتەبەر.

ڕێژیم بیری له ڕێگەی سیاسی کردەوە، یەکەم کەس که لەم ڕووەوە ڕاوێژی پێ کرد سەرۆکی یۆگسلاڤیا جۆزیف بروس تیتۆ بوو، تیتۆ سیاسەتوانێکی خاوەن ئەزموون و نێوانرۆ و له گۆنگەرەدا لێزان بوو، تیتۆ ئامۆژگاریی سەدامی کرد که سەرۆکی جەزائیر هەواری بومدیەن رازی بکەن و بەڕێگەی ئەمەوە بگەنە ئەمەریکا و لەگەڵ شادا ئاشت ببنەوە تا ڕێگا له شۆڕشی کورد بگرن، بومـــدیەن لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا خــاوەن پایەیەکی دیاریکراو و سیاسەتێکی نێوانرۆ بوو.

سەدام حوسێن بەقسەی تیتۆی کرد، چووە لای بومدیەن و ئامادەییی پێشان دا کە سیاسەتی بگۆڕێت و لەگەڵ ئەمەریکادا خۆی بگونجێنێت، هەروەها له جیاتی وڵاتانی سۆشیالیستی روو له وڵاتانی رۆژئاوا بکات و ئینجا لەگەڵ شا ئاشت ببێتەوە و داواکارییەکانی بێنێتە دی، لێرەدا خوێنەری بەڕێز لێزانی سەرۆکی عێراق سەدام حوسێن. کە ئەو دەمە جێگربووی بۆ بەدیارکەوێت که لەو کاروبارانەدا شارەزایە که ئەمڕۆ ڕێکەوتنێکت لەگەڵدا مۆر دەکات و رۆژی پاشتر دەیدڕێنێت یان هەر لەناوی دەبات وەک بڵێی هەر هیچ نەبووبێت.

بومدیەن پێشوازیی له بۆچوونەکانی سەدام کرد و پێی سەرسام بوو، رۆڵی نێوانکاری بینی، عێراقی لە سەربازگەی سۆشیالیستی کردەوە و بەرەو سەربازگەی رۆژئاوا رای کێشا، عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوەی نارده لای عەباس عەلی خەلعەتبەری وەزیری دەرەوەی ئێران و چەند جارێک بەیەکەوە کۆبوونەوە، دواجار توانی وا بکات وەزیری دەرەوەی ئێران و وەزیری دەرەوەی عێراق شازیل تاقە رووبەڕوو یەکتر ببینن، له دیدارێکی تردا تاریق عەزیزیش ئامادە بوو، ئەمانە هەموو ڕێ خۆشکەر بوون بۆ ئەوەی لە دیدارێکی باڵادا ساڵی ١٩٧٥ له کۆنگرەی وڵاتانی ئۆپێک که له جەزائیر سازدرا شا و سەدام یەکتر ببینن و ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیری لێ کەوتەوە کە له ١٩٧٥/٣/٦ بە ئامادەبوونی هەردوو عەرەب بۆمدیەن و بۆتەفلیقە ئیمزا کرا، بەم جۆره دوا هەڵقەی ئەو پیلانانە کۆتایی هات کە دژ بە شۆڕشی کورد

ئامادەیان کردبوو.

چ سەرکردایەتی و چ من نەمانتوانی شتێکی تەواو لەبارەی وردەکاریی ئەو پیلانە بزانین تاکو زانیارییەکە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دزەی کرد و لە گۆڤاری The villageدا بڵاو کرایەوە، ئێمە لە سەر ئەوە مکوڕ بووین کە ئەمەریکا لەو پیلانەدا گلاوە بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا خۆیان لێ نەبان کرد، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە کە بە راپۆرتی پایک ناسرا بۆمان بەدیارکەوت ئەمەریکا و هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوە لایەنێکی ئەو پیلانەن.

ئەو رۆژنامەنووسەی کە ئەو زانیارییەی لە کۆواری ناوبراودا بڵاوکردەوە لەو تەلەفزیۆنەی کە کاری تێدا دەکرد لابرا، راپۆرتەکەش بە راپۆرتی پایک ناوبرا چونکە کۆنگرێسی ئەمەریکا سەبارەت بە هەڵسوکەوتی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و ئەنجامدانی کارێکی نهێنی و ئەو ناپاکییەی کە دەرهەق بە گەلی کورد کرا دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد، سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە سیناتۆر پایک بوو بۆیە راپۆرتەکە بەناوی ئەو ناسرا، لەو راپۆرتەدا بە دیارکەوت کە هاتنە ناوەوەی ئەمەریکا بە مەبەستی ئەوە بووە کە عێراق سیاسەتی خۆی بگۆڕێت نەک پاڵپشتی کورد و کێشە رەوایەکەی بکات.

وەک پێشتر باسم کرد، بارزانی هەرگیز باوەڕی بە شا نەبوو و بەهۆی ئەزموونە دوورو درێژەکەیەوە بەڵێنە درۆیەکانی و لووتبەرزییەکەی باش دەناسی، بۆیە هەردەم دەستی ئاشتی بۆ حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق درێژ دەکرد ئەگەر بەنیازی پاکەوە بیانویستایە کێشەی کورد بە رێگەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکەن، هەروەها بارزانی پێی باش بوو بە گوێرەی توانا کێشەکە لە ناوەخۆدا چارەسەر بکرێت، ئەمەش بەڵگەی نیشتیمانپەروەری و سەربەخۆیی بڕیاردان بوو لای ئەو سەرکردەیە، بەڵێنە دەرەکییەکان نەیاندەتوانی باوەڕی پێ بهێنن یان رێگە لەوە بگرن کە رێککەوتننامەی ئاشتبوونەوە مۆر بکات، بەرژەوەندیی نیشتیمانی و بەرژەوەندیی گەلی کورد لای ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو.

بارزانی کـه لە رێژیمی بـەعس تەواو بێـزار بوو و پێشـبـینیـیەکـانی راست دەرچوون، بەتـایبـەتـی کە بەعس پەیماننامـەی برادەرایەتیـی لەگـەڵ یەکێـتـیی سۆڤیەتدا مۆرکرد ئەو راستییە تەواو بەدیارکەوت کە نیازی وایە گەڕێکی تری شـەڕ دژ بە کـورد دەست پێ بکاتەوە، بۆیە بارزانی بۆ هـەر پێـشـهـاتێک خـۆی ئامـادە کرد و تاکـە دەروازەیەکیش بـەڕووی شـۆڕشـدا ئێـران بوو، تاکـە وڵات و لایەن بوو دەیتـوانی بۆ قـۆناغـەکـانی داهـاتوو پێداویستـییـەکـانی شـۆڕش دابین بکات.

وەک پێـشــتـر باسم کـرد، بارزانی بڕوای بـە بەڵێنـەکـانی شـا نـەبوو، بەڵام کـاتێک ئەمــەریکا هـاتە ناو کێشـەکـەوە و هـەسـتی بە مـەترسـی نزیکبـوونەوەی عێراق لە سـۆڤیەت کرد ئەمە هـاوکێشـەکەی گۆڕی و رۆڵی ئێران لە بەنیـسبـەت کـورد ئەوەنـدە کـاریگـەر نەبـوو بەتایبـەتی کـە ئەمـەریکـا سـەرکـرایەتـیی کـوردی دڵنیـا کردەوە، کـورد شـانبـەشانی ئەو پلانـە تازەیە رۆیشت کە بـە سـەرکـەوتنی سـیـاسـەتی کـوردی لە قـەڵەم دەدرێت، ئەمـەریکا و سـۆڤیـەت دوو جـەمـسـەری بەربەرەکـانـێ بوون لە دنیـا و دنیـایان کـردبوو بەدوو سـەربازگـە، سـۆڤیـەت بە تەواوی پشتی عێـراقی گرتبوو، بادانەوەی عێـراق بەلای سەربازگەی رۆژئـاوا و برادەرایەتیکردنی ئەمەریکا سەرکەوتنێکی گەورە بوو.

بە سـەرکـردنەوەی نامـەکـانی نێـوان بارزانـی و کیسنجـەر تەواو تێـوەگـلانی ئەمەریکا لە پیلانەکە بەدیاردەخات بەتایبەتی ئەو نامەیەی کە چەند رۆژێک بەر لە ئیـمـزاکـردنـی رێککەوتننامــەی جـەزائیـر، کیـسـنجـەر بۆ بـارزانی ناردبووی تیـایدا دەیەوێت کـات بـەسـەر ببـات و بەوتەی شـیـرین بارزانی خـەریک بکات، راسـتی سـیـاسـەتی کیـسـنجـەر لـە راپـۆرتی پایک دیاردەکـەوێت کـە مـەبەسـتی پاڵەپەستۆ خستنە سەر عێراق بووە تا سیاسەتی بگۆڕێت، نامەکان و چەندان بەڵگەنامە لە ئەرشیفێکی تایبەتدا لای بەڕێز مەسعوود بارزانی پارێزراون.

پێش گـەڕانەوەی شـا لە سـەفـەرەکـەی لە رۆژی ٦ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٥ بۆ تاران، دەقی رێککەوتننامـەکە لە رادیۆکانی تاران و بەغدا و هـەندێک بڕگـەشـی لە رادیۆی لەندەن بڵاوکرایەوە، گوێمـان لە ناوەڕۆکەکـەی بوو و من زۆر نیگـەران

بووم، بەڵام هەڤاڵەکانم دڵنیایان کردمەوە کە ئەو ڕێککەوتننامەیە لەوانی پێشتر کە لە نێوان هەردوو وڵاتدا ئیمزا کراون تێپەڕ ناکات بەتایبەتی لەبارەی ئەو کێشەیە.

ئێوارە، ڕێوڕەسمی گەڕانەوەی شامان لە تەلەفزیۆن بینی، کاتێک باڵەفڕەکەی نیشتەوە و دابەزی سەرۆکی ئەرکانی سوپا شانبەشانی دەڕۆیشت و سەری دەهەژاند، ئەمە بەڵگەی ئەوەبوو کە شا فرمانی بەسەردا دەکرد، ئێمە گوێمان لە قسەکانی نێوانیان نەبوو بەڵام وێنەکان وایان پیشان دەدا کە فرمانەکان سەربازی بن، دیسان نیگەرانی دای گرتم و بە ئاشکرا بە هەڤاڵەکانم وت لەو قسانەی نێوانیان مەبەستیان لە ئێمەیە، هەڤاڵەکانم هیچیان نەوت، ئەو شەوەش بەپێچەوانەی شەوانی پێشوو هیچ لێپرسراوێک سەردانی نەکردین.

بەر لە نیوەشەو گەڕامەوە شوێنی حەوانەوەم لە ئوتێلەکە، جۆران بیرۆکە و خەیاڵی نیگەران بە مێشکمدا دەهاتن، ئەوەندە بێ تاقەت بووم کە خەوم لێ نەکەوت، بۆ ڕۆژی دوایی بێ ئەوەی چێشت بخۆم چوومە شوێنی حەوانەوەی بارزانی، بینیم نیشانەی نیگەرانی بەدەموچاوی هەموویانەوە دیارە، چێشتم لەگەڵ خواردن و لەهۆڵی تایبەت بە پێشوازیی میوانان دانیشتین، لەپڕ نوێنەری شۆڕش لە تاران دوکتۆر شەفیق قەزاز وەژوورکەوت و برووسکەیەکی لە برایان ئیدریس و مەسعوود بارزانییەوە بۆ سەرۆک بارزانی هێنابوو، ناوەڕۆکی برووسکەکە ئەوەبوو کە سەرجەم چەکە پاڵپشتەکان و هۆکاری بەرگری زەوی و ئاسمانی حکوومەتی ئێران بەشەو کشاونەتەوە و لە کاتی کشانەوەیاندا تەگبیری خۆپاراستن و بەرگرییان کردووە و ئێمەشیان ئاگەدار نەکردووەتەوە، ئینجا زانیمان کە پیلانەکە ڕاستە.

دوای ماوەیەکی کورت، بارزانی سەردانی جەنەراڵی مەنسوور پووری کرد، مەنسوور کورد بوو، یەکێک لە یاریدرانی ژەنەراڵ نەسیری و پێشتریش پاشکۆی سەربازی باڵوێزخانەی ئێران بوو لە بەغدا، ئەو پیاوە لەو کەسانە نەبوو کە کاروبار یەکلا بکاتەوە و لەناو ساڤاکیشدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی

نەبوو کە جێگەی باس بێت، پیاوێکی چاک و برادەری بارزانی بوو، کە پرسی ڕێکەوتننامەکە و بڕینی یارمەتییەکانمان لە شۆڕشی کورد پێ وت، سەری سوڕما و دووپاتی کردەوە کە شتی وا دوورە لە ڕاستییەوە و یەک قسە وتی: مەحاڵە شا ناپاکی لە شۆڕشی کورد بکات.

دوای چەند دەقیقەیەک، جەنەراڵ مەنسوور پوور لە باڵەخانەکە هاتە دەرەوە تا بەدوای هەواڵەکەدا بچێت، دوای کەمتر لە نیو سەعات گەڕایەوە و دەموچاوی گرژ بوو و وتی: لەو قسانەی کە کردم پەشیمانم، هەواڵەکە ڕاستە، بارزانیی بردە ژوورەکەی و دوای پێنج دەقیقە هاتە دەرەوە، بینیمان فرمێسکی چاوی دەسڕییەوە، نیشانەی داخ و خەفەت بە دەموچاوییەوە دیاربوو و ڕۆیشت، دوای چارەگە سەعاتێک زەنگی تەلەفۆن لێی دا، بەرپرسی باڵەخانەکە تەلەفۆنەکەی بۆ هێنام و وتی جەنەراڵ پوور دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات، مەنسوور پوور وتی بەو برادەرانەی کە لەوێ بوون ڕابگەیەنە تکایان لێ دەکەم لای کەس باسی ئەوە نەکەن کە بارزانیم بە تەنیا بینیوە و لە حەژمەتان گریاوم، بە گاڵتەوە ئەو قسەیەم بە برادەرەکان ڕاگەیاند، ئەمە بەڵگەی ترسی ئەو کەسانە بوو کە نەیاندەتوانی تەنانەت تەعبیر لە سۆز و هەست و نەستی خۆیان بکەن.

دوای ئەمە، جەنەراڵ نەسیری هات و ویستی پاساو بۆ شا بێنێتەوە، لە ڕاستیشدا لە ناخی خۆیدا بەم کارە ڕازی نەبوو، چونکە ئەو شۆڕشی کوردی بەدەسکەلای ئێران دەزانی و دامەزراوی ساڤاکیشی بەوە دادەنا کە پێوەندیی لەمێژینەی لەگەڵ شۆڕشی کورددا هەبووە، نەسیری وتی: لەم چەند ڕۆژەی داهێتدا دیدارێکتان لەگەڵ شا بۆ ڕێک دەخەم.

لەگەڵ بارزانی قسەمان کرد، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین تا بگەڕێمەوە کوردستان و بزانم بارودۆخی تازە چۆنە و هەروەها ڕاستیی ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوای ڕێککەوتننامەکە هاتوونەتە ئاراوە و جدییەتی شا لە جێبەجێکردنیان و دۆخەکە بە بارزانی ڕابگەیەنم.

ئوتۆمـۆبیلێکیـان بۆ دابین کـردم و نیـوەڕۆی ٨ی ئاداری سـاڵی ١٩٧٥ گەیشـتمـە کوردسـتـان، لەگەڵ هـەڤاڵانم لە سـەرکـردایەتیی حـزب و شـۆڕش کۆبوومـەوە، نـیشـانەی نیگەرانـی بەدەمـوچاوی هـەموویانەوە دیاربوو، راسـتی پرسـەکەم پێ وتن کـە شـا لە جێبەجێکردنی رێکەوتننامـەکە مکوڕە و بڕیاری داوە هـەموو جۆرە یارمەتی و باربوویەک لە شۆڕشی کورد ببڕێت.

پاشـان، زانیمـانەوە کە رێکەوتننامـەکە چەند بەنـدێکی نهێنیی تێدایە لەوانە ئێران بوار بە سوپای عێراق دەدات بچێتە ناو خاکەکەی تا لەو دیو هێزەکانی شۆڕشی کورد بسـووڕێنەوە، چەند رۆژێک پاش ئیمزاکردنی رێکەوتـننامەکە لە شاری خانەی سـەر سنوور کۆمەڵێک ئەفسەری عێراقی بە یاوەری ئەفسـەرانی ئێرانی ئەو ناوچەیان بەسـەر دەکردەوە کە دەهـاتە ناو سنووری عێراقەوە.

کە لە کـوردستان بووم، شـەڕ لە نێوان سـوپای عێراق و هێـزی پێشمـەرگەدا گەرم بوو، چەند سـاتێک دوای رێکەوتننامـەکە سـوپا دەسـتی بە هێرش کرد، پێشـمـەرگـەکان پاڵەوانـەتییـەکی ئەوتۆیـان نواند کە مێژووی شـۆڕشی کورد بەخۆیەوەی نەیبینیبوو بەتایبەتی کە هـەواڵی ئەو رێکەوتنە پڕ لە ناپاکییە بڵاو بووەوە، سـوپای عێراق دوای ئەوەی زیانێکـی زۆری پێ کـەوت توانیی کـەمێک پێشڕەوی بکات، پێشمەرگەکان ئامادە بوون تا دوا گوللە بەرگری بکەن.

چەند سـاتێک لە کوردسـتان مامەوە، هەواڵەکانی تارانم بە هەڤالان راگەیاند و گەڕامەوە ئێران.

***

# دیداری شای ئێران

لە ٩ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥، دوای گەڕانەوەم بۆ تاران، تێبینییەکانی خۆم لەبارەی بارودۆخەکە بە بارزانی راگەیاند، بارزانی داوای کرد منیش بچمە شوێنی حەوانەوەی ئەوان تا لە یەکتر نزیک بین و چاودێریی پەرەسەندنی گۆڕانکارییەکان بکەین و لە نێوان خۆماندا گفتوگۆی لەسەر بکەین، هەواڵەکانی کوردستانمان بەهۆی برووسکەوە لە بارەگای گشتییەوە پێ دەگەیشت، هەواڵەکان رایان دەگەیاند کە بەگشتی لە ناوچەکەدا شەڕی سەخت بەردەوامە.

ئێوارەی رۆژی ١٠ی ئادار، جەنەراڵ نەسیری سەردانی بارزانیی کرد و وتی بەیانی واتە ڕۆژی ١١ی ئادار شا پێشوازیی دەکات، لێرەدا دڵڕەشی و رق و کینەی رەشی شا لە شۆڕشی کورد بە گشتی و کەسێتی بارزانی بە تایبەتی بە دیارکەوت، بە ئانقەست رۆژی ١١ی ئاداری بۆ پێشوازیکردنەکە دەستنیشان کردبوو وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لە شۆڕش چونکە ئەو رۆژە یادی مۆرکردنی رێکەوتننامەی ئادار بوو.

شا هەرگیز باوەڕی بە کێشەی کورد نەبوو، مێژووی ئەو تژییە لە ناپاکییە لە ئاست بەگەلی کورد، لەباربردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد و شەهیدکردنی قازی محەمەد و هەڤالانی ئەوەندە لەمێژ نییە، دەیویست بارزانیش بەهەمان چارەنووس بگەیەنێت بەڵام زیرەکیی بارزانی وای کرد لەو پیلانانە رزگاربێت، بنەماڵەی پەهلەوی بە غەدر و ناپاکی هاتبوونە سەر تەخت بۆیە سەیر نییە کە هەمان شێواز بگرنەبەر لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سەرکردەکان و کێشەی میللەتێک، لای کەس شاراوە نییە کە دەست و پێوەندەکانی رەزا شای باوکی شا چۆن ئیسماعیل ئاغای شکاک "سمکۆ"یان

لەناوبرد، شـا چاوەڕوانی کـاتێکی گـونجـاوی دەکرد تا شـۆڕشی کـورد لەناو ببات، ئەو یارمەتییانەشی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بوو.

دەگـەڕێمـەوە سـەر ئەسـڵی بابەتەکـە، رۆژی ١١ی ئادار لە سـەعـات ١٠ی بەیانی جەنەراڵ نەسیری هاتەلای بارزانی و هەڤاڵەکانی، بارزانی و نەسیری لەناو یەک ئوتۆمۆبیلدا بوون، دکتۆر مەحموود عوسمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە لە هەموو سەردانەکاندا یاوەری بارزانی بوو و لە کۆبوونەوەکاندا وەک راوێژکارێک وابوو، لە ئوتۆمۆبیلێکی تردا بوون، من نیازم نەبوو لەگەڵیاندا بچم چونکە پێشتر ئامادەی هیچ دیدارێک نەبووم لەگەڵ شادا، لە باڵەخانەکە هاتمە دەرەوە تا بەرێیان بکەم، جەنەراڵ نەسیری وتی ئەگەر حەزدەکەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربیت دەتوانیت لەگەڵماندابی، من سەیری بارزانیم کرد، ئەمیش ئاماژەی بۆ کردم کە هاوەڵیان بم.

چووینە شوێنی حەوانەوەی شـا لە کۆشکی نیاوەران، لەگەڵ جەنەراڵ نەسیری لە هۆڵێکی تایبەتدا چاوەڕێی هاتنی شامان کرد، دوای ماوەیەکی کەم شـا بەو لمووز بەرزییەی کە پێی ناسـراوە هاتە ژوورەوە و سـڵاوی لە ئامادەبووان کرد، ئینجا دەستی بە قسە کرد و وتی برادەرەکانی گلەیان لێ دەکرد بۆیە ئەو رێکەوتننامەیەی ئیمزا کردووە، ئەگەر چیتر یارمەتیی کورد نەدات ئەوا عێراق سیاسەتی خۆی دەگۆڕێت، هەروەها وتی من لەسەر ئەو رێگایە دەڕۆم و ئێوەش سێ رێگاتان لە پێشە، یەکەم: عێراق لەسەر داواکاری من لێبووردنی گشتی بۆ هەمووان دەرکردووە و دەتوانن بگەڕێنەوە، دووەم: لە ئێران ببنە پەنابەر، سێیەم: دەتوانن شەڕ بکەن بەڵام ئێمە هیچ یارمەتییەکتان نادەین و لە کۆتایی مانگی ئاداردا سنوور دادەخەین.

بارزانی بە شای وت: دوو رۆژ بەر لە ئێستا موحسینم ناردووەتە ناوچەکە، هەموو لەسەر ئەوە مکوڕن کە لە شەڕ بەردەوام بن، دکتۆر مەحموودیش وتی چۆن وەرامی میللەتەکەمان بدەینەوە و ئاخۆ چیمان پێ دەڵێن؟ شا بە تووڕەیی وتی: پێتان دەڵێن کە سەرکردەکانمان بە قسەی گەورە مافەکانیان بزر کردین، منیش پێم وت ئەگەر شەڕ بەردەوام بێت ئێران رێگا دەدات پەنابەران

و خێزانەکانیان لێرە بمێننەوە؟

شا وتی: بەڵێ.

بارزانی رووی قسەی لە شا کردەوە و وتی بە راستگۆیی دەستمان خستە ناو دەستی ئێوە نەک دەستمان ببڕن، لەو کاتەدا شا هەستایەوە سەر پێ وەک ئاماژەیەک بەوەی کە دیدارەکە کۆتاییی هات، پێش ئەوەی بێینە دەرەوە بە شام وت من چاک شارەزای سیاسەتی عێراقم و باڵوێزی ئەو وڵاتە بووم، دەزانم مەرامیان دەرهەق بە خوزستان و ناوچەکانی تر چییە، شا بەلووتبەرزی و غرووڕەوە وەرامی دایەوە و وتی: هەموو ئەو شتانە دەزانم بەڵام ئێمە ناترسین و بەهێزترین، ئێمە عێراق تاقی دەکەینەوە تا بزانین چەند راستگۆیە، دیدارەکە نیو سەعاتی خایاند و هاتینە دەرەوە.

گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان و خۆمان بۆ سەفەر ئامادەکرد، دوای فراقین تارانمان بەجێ هێشت و بەبێ وەستان روومان لە کوردستان کرد، سپێدەی رۆژی پاشتر گەیشتین، لە رێگەدا سواری یەک لەو ئۆتۆمۆبیلانە بووم کە بۆمان ئامادە کرابوو، شوفێرەکەی ناوی رەجەبی بوو، بەکاری فەرمی زۆر هاتبووە کوردستان، دیار بوو لەو رێککەوتننامەیە لەگەڵ رێژیمی عێراق زۆر پەست بوو، وتی شا سیحری لێ کراوە ئەگینا چۆن باوەڕی بەو رێژیمە کردووەو وا بە ئاسانی دەسبەرداری شۆڕشی کورد بووە؟

# دوارۆژەکان لە کوردستاندا

دوای ئەوەی گەیشتینەوە کوردستان، بە ئامادەبوونی بارزانی سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەکی کتوپڕی سازدا، دوای راوێژ و قسەکردن لەبارەی بارودۆخەکە بڕیاردرا شەڕ بەردەوام بێت، دوایی کۆبوونەوەیەکی فراوانتر سازدرا کە سەرکردە سەربازییەکانی ناوچەکە و کەسایەتییە سیاسییەکان و هەندێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی حزب و هەریەک لە ئیبراهیم ئەحمەد و عەلی عەسکەری و هی تر تێیدا ئامادەبوون، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا ناوچەکانی شۆڕش بەسەر چەند کەرتێک دابەش بکرێن و هەر کەرتە و سەرکردەیەکی مەیدانیی تایبەتی بۆ دانرا، هەروەها بڕیاردرا باری سەرشانی شۆڕش سووک بکرێت و ژمارەی پێشمەرگە لە هێزەکان کەم بکرێنەوە، هەر کەسە و ئازاد بێت لەوەی ئەگەر بچێتەوە عێراق و بەر لێبووردنی گشتی بکەوێت یان وەک پەنابەر بچێتە ئێران یاخۆ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بمێنێتەوە و لەشەڕ بەردەوام بێت، بۆ راستی و مێژوو دەڵێم ژمارەیەکی کەم رێگەی یەکەم و دووەمیان هەڵبژارد، زۆربە بڕیاریان دا بمێننەوە و لە بەرگری بەردەوام بن.

ئەو سەرکردایەتییە تازە دروستبووانە دوای ئەوەی پێداویستییەکانیان دابین کرا هەر کەسە و ڕووی لە ناوچەی خۆی کرد، بارزانی سەرەڕای بەناوساڵداکەوتنی و خراپی باری تەندروستی بڕیاری دا لە ناوچەی سەرکردایەتیی گشتیدا بمێنێتەوە و بە گوێرەی پێشهاتە تازەکان هەردەم لە ئامادەسازیدا بوو، ئەو رۆژانە بە نیگەرانی و دڵەڕاوکە بەسەرچوون، بەڵام بەردەوام چالاکی بەدی دەکرا، سەرکردایەتیی ناوچەکان دەستبەکار بوون و بە پەلە پێداویستیی خۆیان دابین کرد، شوێنەکانی ئامادەیی پێشمەرگە و هێڵەکانی بەرگری دیاری کران.

بڕیاری لێبووردنی گشتی بەردەوام بوو و لە کۆتایی مانگی ئاداری ئەو ساڵەدا تەواو دەبوو، ژمارەیەکی کەم سوودیان لەو لێبووردنە بینی، بەساڵاچووان و ماندووەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٤ هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە خۆیان بەدەست هێزەکانی حکومەتەوە دا، لە راستیدا سەرکردایەتی حەزی دەکرد ئەوانە سوود لە لێبووردنەکە وەربگرن تا بارگرانییەکەی سووک ببێت.

دوای کەمتر لە هەفتەیەک بەسەر دەرچوونی ئەو بڕیارانە، لەپڕ هەواڵی ئەوەمان بیست کە نوێنەرێکی شا هاتووەتە ناوچەکە، من نەمبینی، بەڵام دوایی زانیم کە نوێنەرەکە جەنەراڵ مەنسوور پوورە و لەگەڵ بارزانی و هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیدا کۆبووەوە، مەنسوور پوور دوا بڕیاری شای پێ ڕاگەیاندن کە بەیەکگەیشتنی لەگەڵ سەدام حوسێن رێک کەوتوون، سەدام لە سەروەری عێراق بەسەر ئاوی کەنداوی عەرەب دەستی بەرداوە و بەتایبەتی تا لێواری رۆژهەڵات کە پێشتر لەگەڵ ئێراندا لەسەری ناکۆک بوون، لە بەرامبەر ئەمەشدا شا بەڵێنی داوە هەموو جۆرە یارمەتییەک لە شۆڕشی کورد ببڕێت، هەروەها مەنسوور پوور وتی رێککەوتننامەکە چەند بەندێکی نهێنیی تێدایە لەمانە رێگا بەهێزەکانی عێراق دراوە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد بێنە ناو خاکی ئێرانەوە و هێزەکانی ئێرانیش ئەگەر پێویستی کرد بەشدارییان دەکەن.

لێرەدا، بارزانی درکی بە قەبارەی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییە کرد کە بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و ئەو گەلە زوڵم لێکراوە دارێژرابوو، کە نوێنەرەکەی شا رۆیشت بارزانی لەگەڵ گەورە سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان کۆبووەوە و وتوێژێکی زۆریان لەبارەی بارودۆخە تازەکە و ئەو مەترسییە گەورەیەی کە چاوەڕێی گەلی کوردی دەکرد کرد.

بارزانی خوالێی خۆش بێت، پیاوێکی بەهرەدار و سەرکردەیەکی گەورەی سەربازی و بەدرێژایی ژیانی خاوەن ئەزموونێکی زۆر بوو، مرۆڤێکی ئازا و چەندان جار تووشی مەترسیی زۆر گەورە هاتبوو، شەڕی سوپای چەندان

وڵاتی هەرێمی کردبوو، بەژیری و وردبینیی خۆی توانی سەربکەوێت ئەگەرچی لەڕووی ژمارە و تواناوە جیاوازییەکی زۆر هەبوو، چەندان جار سوپای ئەو دەوڵەتە هەرێمییانە بە یارمەتیی هێزی ئاسمانیی مەلەکیی بەریتانیا ڕووبەڕووی بوونەوە بەڵام زیرەکانە خۆی دەرباز کردووە.

ئەو هەموو سیفەتانە و ئەو ڕابردووە پڕ لە داستان و سەرکەوتنانە جگە لە سیفاتە کەسێتییەکەی وەک ژیری و بێ فیزی و دادپەروەری، وایان لە بارزانی کرد ببێتە ناودارترین سەرکردە لە سەردەمەکەیدا، لە ئاستی دنیادا ناسرا و ناوبانگێکی وەهای پەیدا کرد کەس نەدەگەیشتە ئەو پایەیە، لەسەر بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەی سوور بوو، هەموو ئەو سیفاتانەشی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی تەرخان کرد.

بارزانی، دوو ڕێگەی پڕ مەترسیی لەپێشدا بوو، یەکەمیان قوربانی بە شۆڕش و گەلەکەی بدات و چارەنووسیان بخاتە بەردەم وێرانی و تەفروتوونا بوون، ئەمەش بۆ کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ئەو گەلە تەرخان کردبێت کارێکی مەحاڵ بوو، دووەمیان دەبوایە بڕیار بدات گەلەکەی لەو میحنەتە و مەترسییانە ڕزگار بکات، بۆ ڕزگاربوون لەو تەنگژەیەش راوەستانی شەڕ بوو بۆ ماوەیەک و چاوەڕوانی هەلێکی گونجاو بکات تا بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ بێت و لە بارودۆخێکی باشتردا دەست پێ بکاتەوە، هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە سەرەڕای ئەوەی حیکمەت و دووربینی و ڕوونیی پێوەدیار بوو، بەڵام قوربانییەکی کەساتیی گەورەی دەویست، بارزانی بەناو ساڵ کەوتبوو، نیشانەی نەخۆشیی پێوە دیار بوو، بە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایە ناو و ناوبانگ و پایە نێودەوڵەتییەکەی دەخستە مەترسییەوە، سەرەڕای هەموو ئەمانە لەسەر حسێبی ناوبانگی خۆی بڕیاری دا ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت و میللەتەکەی ڕزگار بکات.

لەبەر ئەو هۆیانە، بارزانی رای وابوو بۆ ماوەیەک بەرگریکردن رابگرێت چونکە باشترین ڕێگە بوو بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لە فەوتان، دوای گفتوگۆکردن لەبارەی سەرجەم بارودۆخەکە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان و

کەسایەتییە حزبی و سیاسییەکان هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، ئەو بڕیارە وەک پەرداخە ژەهرێک وابوو کە هەموو بەیەکەوە نۆشی بکەن و وەک هەورە برووسکە بەر ئەوانەش کەوت کە لەڕاستی کاروبارەکانەوە دوور بوون.

ئەمە بڕیارێک بوو زۆر بەزەحمەت دەتوانرا رابگەیەندرێت یان هەرس بکرێت، لەگەڵ هەندێش خەڵک بەداخ و خەمەوە بیستیان و ئەو واقیعە تاڵەیان قبووڵ کرد، داوودەزگاکانمان دەستیان بە پاکتاوکردنی بەڵگەنامەکان کرد و بەشێکی زۆریان فەوتاند، سەرکردایەتی بەشێوەیەکی نهێنی هەندێک چەک و تەقەمەنییان لە چەند ناوچەیەک شاردەوە کە کەس گومانی لێ نەدەکرد، چەند مەفرەزەیەکی حیزبی بچووک پێک هێندراو بەسەر هەموو لایەکی کوردستاندا دابەش بوون، ئێزگەی دەنگی کوردستان تا رۆژی ٢١ی ئادار واتە جەژنی نەورۆز بەردەوام بوو و بۆ دواجار ئەو یادەی کردەوە و پاشان تەقێندرایەوە، دەبوایە ئێزگەکە لە شوێنی خۆی جێ بهێڵین یان تەسلیم بە عێراق یاخۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی بکەین، تەقاندنەوەکەی بە باشتر زانرا، چەکە قورسەکانیش هەندێکیان تەقێندرانەوە.

پێشمەرگە بەلێشاو روویان لە سنوور کرد، چەکەکانیان تەسلیم بە دەسەڵاتدارانی ئێران دەکرد یا پێش ئەوەی بگەنە ناو خاکی ئێران دەیانفەوتاند، پاشان لە پیرانشەهر یان نەغەدەوە بە لۆری سەربازی پێشمەرگەکانیان دەبردنە چادرگەی پەنابەران، کاک مەسعوود رای سپاردم بچمە ئێران و سەرپەرشتیی گواستنەوەیان بکەم، دوای دوو رۆژ گەڕامەوە حاجی ئۆمەران کە بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتیش لەوێ بوون، لەوێ هەواڵی گەیشتنی سەرکردە و پێشمەرگەکانی لقی یەکمان لە ناوچەی بادینانی پارێزگای دهۆک پێ گەیشت کە خوالێخۆشبوو پاڵەوان ئەسعەد خۆشەوی لە ریزی پێشەوەیاندا بوو، هەروەها بنەماڵە بارزانییەکانی ناوچەی عەشایەری بارزان لەسەرووی هەموویانەوە شێخ محەمەد خالید کوڕە گەورەی سەرکردەی روحی شێخ ئەحمەد بارزانی گەیشتن، ئەوان بەڕێگەی سنووری نزیک شاری شنۆوە هاتن، لەگەڵ ئیدریس بارزانی توانیمان دەسەڵاتدارانی

ئێـران رازی بکەین تـا دوو باڵەفـڕەی هێلی کـۆپتـەر لـە سنوور ئاودیو ببن بۆ ئەوەی ئەو خێزان و بە ساڵداچوو و منداڵان بگوازنەوە، کەشـوهـەوا زۆر سارد بوو و بەفر شـاخەکانی داپۆشیبوو و ڕێگەی گرتبوو، گواسـتنەوەی ئەوانە دوو ڕۆژی خایاند، ئەو پەنابەرانە گێڕایانەوە کە حـاجی محـەمەدی شـێخ ڕەشـیدی لۆلان زۆر یـارمــەتیی داون و لـە ناوچەکــەی خــۆی و ناوچەی عــەشــیــرەتی برادۆست زۆر پێـویسـتـیی بۆ دەسـتـەبەر کـردوون، بێگومـان ئەو هەڵوێسـتـە شەریفانەی مایەی سوپاس و پێزانین بوو.

پێش ئەوە بە چەند ڕۆژێک، ســەرکــردایەتی برووسکەیەکی لـە یەکــە سـەربازییـەکانی حکوومـەت لە ڕواندزەوە بەدەست گەیشت و داوایان لە سـاڵح یوسـفی کردبوو بچێتـە ئەوێ، بارزانی ناردمیـیە شـاری نەغـەدە تا بچـمـە لای یوســـفی کــە ئەو کـــاتە بەخـــاووخـــێـــزانەوە لـەوێ بوون تا ئـەو هـەواڵـەی پێ ڕابگەیەنم، بارزانی لـەو پرسـە هـەندێک بەپارێز بـوو، وتی پێش ئەوەی ســاڵح یوسفی بچێتە ئەوێ با ببینم، کە ناوەڕۆکی برووسکەکەم بە یوسفی ڕاگەیاند بەپـەلە خـۆی ئامــادە کـرد تـا بڕوات، لەو بڕوایەدا بوو کــە دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی ببــینێت، کـــاتێک چووە لای بـارزانی ئامـــۆژگـــاریـی کــرد بـاوەڕ بە بەڵێنەکانی ڕێژیم نەکات، بەڵام ئـەو هـەر لەسـەر چوونەکەی مکوڕ بوو، وای زەن دەکرد کە دەبێتە ناوبژیوانێکی خێر لەو ناوەدا، پێشبینییەکەی بارزانی ڕاست دەرچوو، دوای مـاوەیەک دەست و پێـوەندەکـانی دەسـەڵات بە غـەدر شـەهیـدیان کرد.

سـپێدەی ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٥ گـەڕامەوە حـاجی ئۆمـەران، ئیـدریس بـارزانی لە ئێـران مـایـەوە تا جـێگە بۆ پەنـابەران دابین بکـات، بەرەبەری نیــوەڕۆ بوو، ژمارەیەکی کەم لە سەرکردایەتیی حزب لەگەڵ بارزانیدا بوون، کاتی نوێژ هات و بارزانی نوێـژی نیـوەڕۆی کرد، من و کـاک مـەسـعـوود و دوکـتـۆر مـەحـمـوود عوسمان و سـامی عەبدوڕەحمان و دارا تۆفیق لەوێ گوێمـان لە رادیۆ گرتبوو، هەواڵی کوژرانی مـەلیکی سعودییە (فـەیسـەڵ عەبدولعەزیز)مـان لەسـەر دەستی یەکـێک لە ئـەندامـانـی خـێـزانەکـەی بیـست، کـە بـارزانی لـە نوێژەکـەی بووەوە

هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند داخ و پەژارەی خۆی دەربڕی.

دوای ماوەیەکی کورت، داوامان لە سەرۆک بارزانی کرد کە وا باشترە ناوچەکە جێ بهێڵین و بچێتە ناو خاکی ئێرانەوە، دەوروبەری سات دووی پاش نیوەڕۆ ١٩٧٥/٣/٢٥ هەموومان بەدڵێکی تەنگ و خەمێکی قووڵەوە بەڕێ کەوتین.

***

# پەراوێزەکان

١- یەکـەمـیـان ئـەندامی لیـژنەی چاودێری و پشکنـین بوو، دووەمـیـان ئەندامی لقی پێنجی حـیزب بـوو لە بەغدا، لە کۆنگرەی شەشـەمدا حەبیب مـحەمـەد کەریم بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا.

٢- ئەو بەشە دوای کۆنگرەی شەشەم دامـەزرا، کاروبارەکانی شـۆڕش بەسەر چەند بـەش و نووسـینگەیەک دابـەش کـران، هەر بەش یان نووسـینگەیەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان تەنفیزی بەڕێوەی دەبرد.

٣- ئیـسـمـاعـیل دامـرچی، برای هەردوو بـازرگـانـی ناسـراو مـحـەمـەد و عەبدولحەمید دامرچی بوو، یەکێک بوو لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای بەغدا بۆ بازرگانیی ئوتۆمۆبیل کە بریکاری گشتی کۆمپانیای فۆردی ئەمەریکی بوو و رۆژگـارێک لە کـوردسـتـان من بریکاریـان بووم، خـوالێخـۆشـبـوو ئیسماعیل دامرچی برادەرم بوو، لە شـەڕی ناوخۆی لوبنان سـاڵی ١٩٧٥ بەر گـوللەی وێڵ کـەوت و کـوژرا، عـەدنان دەبوونیش برادەری رۆژانی خوێندنم بوو لە کۆلێجی ماف، برادەرایەتیم لەگەڵ خۆی و بنەماڵەکەیدا هەبوو، دایکی کـوردی ناوچەی گـەلاڵە بوو، دەبوونـی لە سلکی دەرەوەدا کـاری دەکـرد، دەسـەڵاتدارانی بـەعس گـرتیـان و لەژێر ئەشکەنجـەدا کوشتیان، خوا لێی خۆش بێت.

٤- هیـران مـەڵبـەندی ناحـیـەی خـۆشناوە، کەوتـووەتە رۆژهەڵاتی شـەقـڵاوە و ٢٠کم لێیەوە دوورە، گوندێکی جوانە و تژییـە لە رەز و داروبار و کانیـاوی سازگار، خێزانی ناسراوی کاکی هیران لەوێ دادەنیشن.

٥- عەقید شێخ رەزا گوڵانی خانەنشینە و لە هەولێر دادەنیشێت.

٦- بە پەنابەری ساڵی ٢٠٠٢ لە کەنەدا کۆچی دوایی کرد، خوالێی خۆش بێت.

٧- پێویست بەناوی ئەرکەکە و کەسەکە ناکات، چونکە ئەرکێکی کەسێتی و تایبەتی بوو.

٨- نەوەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی برا گەورەی مەلا مستەفا بارزانییە، ساڵی ١٩١٤ دەسەلاتدارانی عوسمانی لە سێدارەیان دا، ساڵی ١٩٨٣ بەعس عەبدولباری و برا و خزمەکانی و هەزاران بارزانی رەشبگیر کرد و تا ئێستاش چارەنووسیان بزرە.

٩- کتێبی (تأريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣ لاپەڕە ١٠٨).

١٠- ئەمەم لە کۆوارە مانگانەی کۆمپانیای نەوتی عێراق کە بنکەکەی لە لەندەن بوو ساڵی ١٩٧١ خوێندەوە نەک کۆواری- أهل النفط- کە پێشتر لە بەغدا بە زمانی عەرەبی دەردەچوو.

١١- عەمید رەئووف ئەحمەد قادرو لیوا مەجید عەلی گەورە ئەفسەرانی کورد بوون و لەگەڵ هەندێک ئەفسەری تر لایەنگری شۆڕشی کورد و سەرکردایەتییەکەی بوون و هەروەها برادەری سەرکردە بارزانیی نەمر بوون.

١٢- دوای چەند هەفتەیەک ریزەکانی شۆڕشی بەجێ هێشت، چونکە گیروگرفتی خێزانی و تایبەتی هەبوو، بەڵام مۆڵەتی لە سەرکردایەتیی شۆڕش وەرگرت.

١٣- محەمەد ئەمین فەرەج خەڵکی سلێمانی بوو، لە ریزەکانی سوپادا پلەی نەقیب بوو، زوو هاتە ریزی شۆڕشەوە، ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ جوداخوازەکان چووە ئێران، پاشان لەگەڵ ئەواندا هاتەوە ریزی شۆڕش و ئینجا ساڵی ١٩٦٦ چوونە پاڵ حکومەت.

١٤- لیوا عەبدولڕەحمان قازی ئەفسەرێکی کورد بوو، دوای کودێتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کە دەستگیریان کرد پلەی عەقید بوو، دوای ئازادبوونی ساڵی ١٩٦٤ هاتە ریزی شۆڕشی کوردەوە، دوای رێکەوتننامەی ئادار بە پلەی لیوا گەڕایەوە ناو سوپا و بە باڵوێز لە وەزارەتی دەرەوە دامەزرا، لە

باڵوێزخانەی عێراق لە جاکارتای پایتەختی ئەندۆنیسیا ئینتیداب کرا، ساڵی ١٩٧٣ دووبارە خانشین کرایەوە، ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن بەکرێگیراوانی رێژیمی عێراق لە تاران تیرۆر کرا، خوالێی خۆش بێت.

١٥- یەکێک لە ئەفسەرە کوردە خانەنشین کراوەکان و خزمی سەرکردەی کورد خوالێخۆشبوو شێخ مەحموود حەفید بوو.

١٦- پێش ئەوەی پراگ بەجێ بێلم تەها داود بۆ بەغدا گواسترایەوە، ساڵی ١٩٧٧ کە باڵوێزی عێراق بوو لە لەندەن بینیم، دوای رەزامەندی بارزانی نامەیەکی زارەکیم بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش سەدام حوسێن پێدا نارد کە تێیدا داوای پێداچوونەوەم بەکێشەی کورد و چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ئاشتییانە کردبوو بێ ئەوەی بوار بەدەس تێوەردانی بێگانە بدرێت، بەڵام هیچ وەرامێکم وەرنەگرتەوە.

١٧- مار شەمعون پەتریارکی ئاشوورییەکان و پێشەوای روحییان بوو، دوای هەڵمەتی سەربازیی سوپای عێراق دژ بە ئاشوورییەکان لە ساڵانی ناوەڕاستی سییەکان ناچار بوو عێراق بەجێ بێڵێت و لە کەنەدا گیرسایەوە، بۆ راکێشانی سۆزی ئاشوورییەکان عێراق بڕیاری لێبووردنی بۆ دەرکرد بەڵام بێ سوود بوو.

١٨- یەکێکە لە سەرکردە سیاسییەکانی ئاشوورییەکان.

١٩- ئەو پسپۆڕانە ئەندامی ئەنجوومەنی پلاندانان بوون لە وەزارەتی پلاندانان، هەریەکەیان لە کاروباری یەکێک لەو وەزارەتانەدا پسپۆڕ بوو کە لە ئەنجوومەنی باڵای پلاندانانـدا ئەندام بوون و لە کۆبوونەوەکان ئامادە دەبوون.

٢٠- دوکتۆر شەفیق تۆفیق قەزاز لە بنەماڵەی بەناوبانگی قەزازەکانە لە سلێمانی و ئامۆزای خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز دوا وەزیری ناوەخۆی سەردەمی مەلەکییە، ئێستا وەزیری یارمەتییە مرۆییەکانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢١- دەقی نامەکە لەو کتێبەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

٢٢- ئەو برادەرە خوالێخۆشبوو عیسمەت کەتانی دیپلۆماتکاری ناسراوی کوردە، ساڵی ١٩٢٩ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر و نەتەوەپەروەر لە ئامێدی هاتووەتە دنیاوە، کوڕی خوالێخۆشبوو حاجی تەها کەتانییە کە ساڵی ١٩٤٥ لە شۆڕشی بارزان بەشداریی کرد و پاشان لەگەڵ مستەفا بارزانیی نەمردا بەرگرییان لە کۆماری مەهاباد کرد، عیسمەت کەتانی برازای شەهیدی پاڵەوان عیزەت عەبدولعەزیزە کە ساڵی ١٩٤٥ هاتە ریزی شۆڕشی بارزان و دواییش کۆماری مهاباد و لەگەڵ سێ لە ئەفسەرە هاوڕێیەکانی لە ١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەلەکییەوە لەسێدارەدران، عیسمەت کەتانی لە ناودارترین دیپلۆماتکارانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، هەرچەندە وەک فەرمانبەرێکی حکومەتی عێراق کاری دەکرد، بەڵام خاوەن گیانێکی نەتەوەییانە بوو، هیچ چالاکییەکی نهێنی و ئاشکرای نەبوو، ئەگەر وا شارەزاو بوێر نەبووایە حکومەتی عێراق دەمێک بوو خانەنشینی کردبوو.

٢٣- دوکتۆر خالید دزەیی ساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد، خوا لێی خۆش بێت.

## سەرچاوەکان


لە هەردوو بەشی ئەم کتێبەدا، سوودم لەم سەرچاوانە بینیوە:

١- (سنتان في كوردستان)- دبليو. ا. جي.

٢- رحلة ريدج مقيم من كردستان.

٣- البارزاني والحركة التحررية الكوردية- مسعود البارزاني.

٤- في الشرق الملتهب- گوتفريدج. مويلر.

٥- مذكرات أحمد مختار بابان- تقديم د. كمال أحمد مظهر.

٦- زيارة الى الماضي القريب- جرجيس فتح الله المحامي.

٧- تأريخ الحزب الديمواطي الكردستاني- حبيب محمد كريم.

٨- عبدالرحمن البزاز ودوره الفكري والسياسي في العراق- محمد كريم المشهداني- رسالة دكتوراه.

٩- نامەیەکی دەسخەتی ئیدریس بارزانی بۆ دکتۆر ئەنوەر دزەیی لە (١٧)ی نیسانی ساڵی (١٩٧٤).

(أن هذه الحكومة رغبة منها في وضع حّد للوضع غير الطبيعي في انحاء من شمال الوطن، وسيراً وراء ما جاء في الفقرة الرابعة من كتاب التكليف عن تشكيل الوزارة في الحفاظ على وحدة التراب العراقية وتحقيق الوحدة الوطنية وتأكيداً للروابط الوثيقة القائمة فعلاً بين العرب والاكراد والتي تدعوهما للعمل الحثيث المخلص لخير وطنهما المشترك تعلن المنهاج التالي وتؤكد عزمها القاطع على الألتزام به وتطبيقه نصاً وروحاً بأسرع وقت مستطاع.

أولاً: لقد اعترفت الحكومة بالقومية الكُردية بشكل قاطع في الدستور المؤقت عند تعديله وهي مستعدة لتأكيد هذا المعنى وزيادته جلاءً في الدستور الدائم بحيث يصبح من الواضح اقرار القومية الكُردية وحقوق الاكراد القومية ضمن الوطن العراقي الواحد الذي يضم قوميتين رئيسيتين هما العرب والاكراد وبحيث يتمتع العرب والاكراد بحقوق وواجبات متساوية.

ثانياً: والحكومة على استعداد لأعطاء هذه الحقيقة الكلية وجودها الفعلي في قانون المحافظات -الذي هو في طريقه الى التشريع- على أساس من اللامركزية بأن يكون لكل لواء ولكل قضاء ولكل ناحية شخصية معنوية معترف بها، ولكل من هذه الوحدات الإدارية مجالسها المنتخبة وسلطاتها الواسعة في الشؤون الخاصة بها بما في ذلك أمور التربية والتعليم والصحة وكل ما له صلة بالشؤون المحلية والبلدية حسبما فصّله القانون المذكور.

كما ان القانون المذكور يمكن من اجراء التعديل في حدود الوحدات الادارية كما ويمكن من انشاء وحدات ادارية جديدة عند الضرورة ومقتضيات المصلحة العامة.

ثالثاً: وطبيعي ان الحكومة تعترف باللغة الكُردية لغة رسمية مع اللغة العربية في المناطق التي تكون غالبية سكانها اكراداً، وتكون لغة التعليم -مع

العربية- في الحدود التي يقرّها القانون وتحددها المجالس المحلية.

رابعاً: ان هذه الحكومة عازمة على اجراء الانتخابات النيابية في الحدود الزمنية التي نص عليها الدستور المؤقت وحددها المنهاج الوزاري بشكل صريح. وسيمثل الاكراد في المجلس الوطني القادم بالعدد الذي يتناسب مع مجموع السكان الكلي، وبالطريقة التي يفصلها قانون الانتخابات.

خامساً: وطبيعي ان يشارك الاكراد أخوانهم العرب في كافة الوظائف العامة بنسبة سكانهم بما في ذلك الوزارات والوظائف الادارية العامة والقضائية والدبلوماسية والعسكرية دون الاخلال بمبدأ الكفاءة.

سادساً: وسيكون هناك عدد من طلاب البعثات والزمالات والمنح الدراسية في مختلف الفروع وعلى شتى المستويات من الاكراد يرسلون للتخصص خارج البلاد دون الاخلال الكلي بالكفاءة وحاجة القطر. كما ستزيد جامعة بغداد من اهتمامها بدراسة اللغة الكُردية وآدابها وتراثها الفكري والحضاري وتسعى الجامعة لفتح فرع لها في الشمال عند توافر الامكانات.

سابعاً: وسيصبح من طبيعة الاشياء أن يكون -الموظفون المحليون- في الألوية والاقضية والنواحي الكُردية من الاكراد ما توفر العدد المطلوب ولن يصار الى غيرهم الا بمقدار ما تقتضيه مصلحة تلك المناطق ذاتها.

ثامناً: سيرافق الحياة النيابية انشاء بعض التنظيمات السياسية وتمكين الصحافة من التعبير عن رغبات الشعب وستسمح الحكومة للأكراد بذلك في الحدود التي يرسمها القانون وستكون الصحافة السياسية والادبية في المناطق الكُردية باللغة الكُردية أو باللغة العربية أو بهما معاً حسب طلب ذوي العلاقة.

تاسعاً:

أ- عندما تنتهي اعمال العنف يصدر العفو العام عن كافة الذين ساهموا في أعمال العنف في الشمال أو كانت لهم صلة بها بما فيهم جميع من صدرت بحقهم أحكام بسبب الاعمال المذكورة أو لصلتهم بها أو احتجزت حرياتهم.

ب- يعود جميع الموظفين والمستخدمين من الاكراد الى وظائفهم السابقة كما ويؤمن الملاك اللازم ويلاحظ انصافهم.

ج- تسعى الحكومة لأعادة جميع العمال الاكراد المفصولين الى أعمالهم السابقة بكل طاقاتها.

عاشراً: على منتسبي القوات المسلحة البدء بالعودة الى وحداتهم فور صدور هذا البيان على أن يتم ذلك كله خلال مدة اقصاها -شهران- وسيعامل العائدون بالرفع ويصدر العفو عنهم.

أ- فمن كان منتسباً الى الجيش عليه أن يعود الى الجيش بسلاحه.

ب- من كان منتسباً الى الشرطة عليه أن يعود الى الشرطة بسلاحه.

ج- أما الآخرون ممن حملوا السلاح فيعتبرون هيئة تابعة الى الحكومة التي عليها أن تعمل على عودتهم الى الحياة الطبيعية والى أن يتم ذلك فالحكومة مسؤولة عن اعاشتهم، وعلى كل من يتم تحوله منهم الى الحياة الطبيعية اعطاء كافة معداتهم واسلحتهم وأعتدتهم وتجهيزاتهم الى الحكومة ويجري ذلك كله حسب خطة مدروسة من جميع ذوي العلاقة.

د- وطبيعي أن يعود الفرسان الى أماكنهم بعد احلال الأمن ويجري استعادة الاسلحة منهم حسب خطة مدروسة.

أحد عشر: وغني عن القول، أن الأموال التي تبذل اليوم في مقاومة العنف وكذلك الأموال التي تصرف فيها لاطائل تحته ستصرف في أعمار الشمال وستؤلف هيئة خاصة لأعمال المنطقة الكُردية من العراق تخصص لها المبالغ اللازمة المناسبة من الخطة الاقتصادية للقيام بالتعمير والنهوض بالمشاريع الانمائية في المنطقة وترتبط بوزير مسؤول يناط بوزارته ادارة مصايف الشمال وشؤون الغابات والتبوغ في الشمال. كما يشرف على تنسيق الشؤون الخاصة بالوحدات الادارية التي تكون غالبية سكانها من الاكراد مما هو من صميم القومية الكُردية كالعناية بالثقافة الكُردية ومناهج التعليم باللغة الكُردية. وستحاول الحكومة بكل طاقاتها تعويض كل المتضررين تعويضاً عادلاً يمكنهم من العودة الى حياة منتجة نافعة للأسهام

في النهوض في اقتصاديات البلاد وازدهارها والعيش بأمن وسلام.

كما وأن الحكومة لأعتبارات وطنية وانسانية ستعنى بكل الأرامل واليتامى وذوي العاهات الذين كانوا من ضحايا أعمال العنف في شمال الوطن، وستنشأ بالتعاون مع الهيئات المختصة الملاجيء ومعاهد التأهيل اللازمة بأسرع وقت مستطاع.

ثاني عشر: تسعى الحكومة في توطين كل الافراد والجماعات الذين نزحوا وهجروا من مناطقهم وسيكون الاصل في هذا العودة الى الوضع الطبيعي القديم، مع العلم بأن ما سيكون لازماً للدولة السيطرة عليه فيما بعد للمنفعة العامة يجب أن يقترن حسب احكام القانون بتعويض سريع عادل.

**جاء في اتفاقية ١١ آذار ١٩٧٠ مايلي:**

ان مجلس قيادة الثورة أجرى اتصالات بينه وبين قيادة السيد مصطفى البارزاني رئيس الحزب الديمقراطي الكُردستاني وتم تبادل وجهات النظر وأقتنع الجميع بضرورة قبول محتويات هذا البيان وتنفيذها. وهو يؤكد الاجراءات الفعالة لأستكمال اسباب النهوض الثقافي والاقتصادي والتطور العام في ممارسة حقوقها المشروعة واشراكها عملياً في المساهمة الجادة في بناء الوطن والكفاح من أجل اهدافه القومية الكبرى لذا قرر مجلس قيادة الثورة:

١- تكون اللغة الكُردية لغة رسمية مع اللغة العربية في المناطق التي غالبية سكانه من الاكراد وتكون اللغة الكُردية لغة التعليم في هذه المناطق وتدرس اللغة العربية في كافة المدارس التي تدرس باللغة الكُردية. كما تدرس اللغة الكُردية في بقية أنحاء العراق كلغة ثانية في الحدود التي يرسمها القانون.

٢- ان مشاركة اخواننا الاكراد في الحكم وعدم التمييز بين الكُرد وغيرهم في تقلد الوظائف العامة بما فيها المناصب الحساسة والهامة في الدولة كالوزارات وقيادات الجيش وغيرها.. كانت ومازالت من الأمور الهامة التي تهدف حكومة الثورة الى تحقيقها فهي في الوقت الذي تقر هذا المبدأ تؤكد ضرورة العمل من أجل تحقيقه بنسبة عادلة مع مراعاة مبدأ الكفاءة ونسبة السكان وما أصاب أخواننا الكُرد من حرمان في الماضي.

٣- نظراً للتخلف الذي لحق بالقومية الكُردية في الماضي من الناحيتين الثقافية والتربوية توضع خطة لمعالجة هذا التخلف عن طريق:

أ- الاسراع بتنفيذ قرارات مجلس قيادة الثورة حول اللغة والحقوق الثقافية للشعب الكُردي وربط اعداد وتوجيه المناهج الخاصة بالشؤون القومية الكُردية في الاذاعة والتلفزيون بالمديرية العامة للثقافة والاعلام الكُردية.

ب- اعادة الطلبة الذين فصلوا أو أضطروا الى ترك الدراسة بسبب ظروف العنف في المنطقة الى مدارسهم بغض النظر عن أعمارهم.

ج- الاكثار من فتح المدارس في المنطقة الكُردية ورفع مستويات التربية والتعليم وقبول الطلبة الاكراد في الجامعات والكليات العسكرية والبعثات والزمالات الدراسية بنسبة عادلة.

٤- يكون الموظفون في الوحدات الادارية التي تسكنها كثرة كُردية.. من الاكراد.. أو ممن يحسنون اللغة الكُردية ما توفر العدد المطلوب منهم يوتم تعيين المسؤولين الاساسيين -محافظ- قائممقام- مدير الشرطة- مدير أمن- وما شابه ذلك- ويباشر فوراً بتطوير أجهزة الدولة في المنطقة بالتشاور ضمن اللجنة العليا المشرفة على تنفيذ هذا البيان بما يضمن تنفيذه ويعزز الوحدة الوطنية والاستقرار في المنطقة.

**منظمات للطلبة والشبيبة:**

٥- تقرّ الحكومة حق الشعب الكُردي في اقامة منظمات طلبة وشبيبة ونساء ومعلمين خاصة به وتكون هذه المنظمات أعضاء في المنظمات الوطنية العراقية المتشابهة.

٦- (أ) يمدد العمل بالفقرتين -١- و-٢- من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٥٩ والمؤرخ في ١٩٦٨/٨/٥ حتى تأريخ صدور هذا البيان. ويشمل ذلك كافة الذين ساهموا في أعمال العنف في المنطقة الكُردية.

(ب) يعود العمال والموظفون والمستخدمون من المدنيين والعسكريين الى الخدمة ويتم ذلك دون التقيد بالملاك ويستفاد من المدنيين في المنطقة الكُردية ضمن احتياجاتها.

٧- (أ) تشكيل هيئة من ذوي الاختصاص للنهوض بالمنطقة الكُردية من جميع الوجوه بأقصى سرعة ممكنة وتعويضها عما اصابها في السنوات الأخيرة وتخصيص ميزانية كافية لتنفيذ ذلك وتكون هذه الهيئة تابعة لوزارة شؤون الشمال.

الفقرة (ب) اعداد الخطة الاقتصادية بشكل يؤمن التكافؤ لأنحاء العراق

المختلفة مع مراعاة ظروف التخلف في المنطقة الكُردية.

الفقرة (ج) تخصيص رواتب تقاعدية لعوائل الذين استشهدوا في ظروف الاقتتال المؤسفة من رجال الحركة الكُردية المسلحة وغيرهم وللعجزة والمشوهين بسبب تلك الظروف وفق تشريع خاص على غرار القوانين المرعية.

الفقرة (د) العمل السريع لأغاثة المتضررين والمعوزين عن طريق انجاز مشاريع سكنية وغيرها تؤمن العمل للعاطلين وتقديم معونات عينية ونقدية مناسبة وأعطاء تعويض معقول للمتضررين الذين يحتاجون المساعدة ويناط ذلك باللجنة العليا ويستثنى من ذلك من شملتهم الفقرات السابقة.

٨- اعادة سكان القرى العربية والكُردية الى اماكنهم السابقة اما سكان القرى الواقعة في المناطق التي يتعذر اتخاذها مناطق سكنية وتستملكها الحكومة لأغراض النفع العام وفق القانون فسيجري اسكانهم في مناطق مجاورة ويجري تعويضهم عن ما لحقهم من ضرر بسبب ذلك.

٩- الاسراع بتطبيق قانون الاصلاح الزراعي في المنطقة الكُردية وتعديله بشكل يضمن تصفية العلاقات الاقطاعية وحصول جميع الفلاحين على قطع مناسبة من الارض وأعفاؤهم من الضرائب الزراعية المتراكمة عليهم خلال سنين القتال المؤسفة.

## في الدستور المؤقت:

١٠- جرى الاتفاق على تعديل الدستور المؤقت كما يلي:

أ- يتكون الشعب العراقي من قوميتين رئيسيتين هما القومية العربية والقومية الكُردية ويقرّ هذا الدستور حقوق الشعب الكُردي القومية وحقوق الاقليات كافة ضمن الوحدة العراقية.

ب- اضافة الفقرة التالية الى المادة الرابعة من الدستور تكون اللغة الكُردية لغة رسمية الى جانب اللغة العربية في المنطقة الكُردية.

ج- تثبيت ما تقدم في الدستور الدائم.

١١- اعادة الاذاعة والاسلحة الثقيلة الى الحكومة ويكون ذلك مرتبطاً بتنفيذ المراحل النهائية من الاتفاق.

١٢- يكون أحد نواب رئيس الجمهورية كُردياً.


**تعديل قانون المحافظات:**

١٣- يجري تعديل قانون المحافظات بشكل ينسجم مع مضمون هذا البيان.

١٤- اتخاذ الاجراءات اللازمة بعد اعلان البيان بالتشاور مع اللجنة العليا المشرفة على تنفيذه لتوحيد المحافظات والوحدات الادارية التي تقطنها كثرة كُردية وفقاً للأحصاءات الرسمية التي سوف تجري وسوف تسعى الدولة لتطوير هذه الوحدة الادارية وتعميق وتوسيع ممارسة الشعب الكُردي فيها لجعل حقوقه القومية ضماناً لتمتعه بالحكم الذاتي. والى أن تتحقق هذه الوحدة الادارية يجري تنسيق الشؤون الكُردية عن طريق اجتماعات دورية تعقد بين اللجنة العليا ومحافظي المنطقة الشمالية.

وحيث أن الحكم الذاتي سيتم في اطار الجمهورية العراقية فان استغلال الثروات الطبيعية في هذه المنطقة من اختصاص سلطات هذه الجمهورية بطبيعة الحال.

١٥- يساهم الشعب الكُردي في السلطة التشريعية بنسبة سكانه الى سكان العراق.


برای بەرێز و خۆشەویستم کاکە ئەنوەر

سلاو و ئیحترام

داواکارم لە خوای گەورە هەمیشە لەش ساغ و سەرکەوتوو بن.

کاکە دوکتور وا برایان کاک سامی و کاک محسن
هاتنە ئەوروپا - تکایە بە هەمو توانا یارمەتیان بدەن
کە بتوانن برادران ببینن و پێکەوە هەوڵ بدەن
قەناعەتیان پێ بکرێت یارمەتی مەسەلەکەی ئێمە بدەن بە
هەر ڕێگەیێ کە ممکنە. زۆر سوپاسی جهودتان
ئەکەین لەم ماوەیەدا وە داوای سەرکەوتنتان بۆ
ئەکەین لە خوای گەورەوە.
برادران کاک محسن و کاک سامی بە درێژی باسی
کوردستانتان بۆ ئەکەن.

ئیتر خۆشتان و بە خواتان
ئەسپێرم

براتان

ئیدریس بارزانی

٧٤/٤/١٧

نامەیەکی دەستخەتی ئیدریس بارزانی بۆ دوکتۆر ئەنوەر دزەیی
لە ١٧ی نیسانی ساڵی ١٩٧٤

## مرسوم تشكيل الوزارة الجديدة

بسم الله الرحمن الرحيم

بيان رقم (١٩)

استنادا الى البيان رقم (٢) الصادر في ١٧ تموز ١٩٦٨ قرر مجلس قيادة الثورة تشكيل الحكومة على النحو التالي :

السيد عبدالرزاق النايف رئيسا للوزراء
الدكتور ناصر الحاني وزيرا للخارجية
السيد ابراهيم عبدالرحمن الداود وزيرا للدفاع
السيد صالح كبه وزيرا للمالية
السيد صالح مهدي عماش وزيرا للداخلية
السيد مصلح النقشبندي وزيرا للعدل
الدكتور أحمد عبدالستار الجواري وزيرا للتربية
السيد انور عبدالقادر الحديثي وزيرا للعمل والشؤون الاجتماعية
الدكتور عزت مصطفى وزيرا للصحة
الدكتور طه الحاج الياس وزيرا للثقافة والاعلام
السيد محمود شيت خطاب وزيرا للمواصلات
السيد محسن القزويني وزيرا للزراعة
السيد عبدالمجيد الجميلي وزيرا للاصلاح الزراعي
السيد احسان شيرزاد وزيرا للاشغال والاسكان
الدكتور محمد يعقوب السعيدي وزيرا للتخطيط
الدكتور عبدالله النقشبندي وزيرا للاقتصاد
السيد خالد مكي الهاشمي وزيرا للصناعة
الدكتور مهدي حنتوش وزيرا للنفط والمعادن
الدكتور غائب مولود مخلص وزيرا للشؤون البلدية والقروية
السيد ذياب العلكاوي وزيرا لرعاية الشباب
السيد محسن ديزەئي وزيرا لاعمار الشمال
الدكتور عبدالكريم زيدان وزير الدولة لشؤون الاوقاف
السيد جاسم كاظم العزاوي وزيرا للوحدة
الدكتور رشيد الرفاعي وزير الدولة لشؤون رئاسة الجمهورية
السيد ناجي عيسى الخلف وزير دولة
السيد كاظم معله وزير دولة

مجلس قيادة الثورة

كتب ببغداد فى اليوم الثاني والعشرين من شهر ربيع الثاني سنة ١٣٨٨ هجرية المصادف لليوم الثامن عشر من شهر تموز ١٩٦٨ ميلادي .

تشريفات القصر الجمهوري
ليوم ٢٠ - ٧ - ١٩٦٨
ادى الدكتور عزت مصطفى وزير الصحة امام السيد رئيس الجمهورية اليمين الدستورية وذلك اثر عودته من خارج العراق

## مراسيم جمهورية

بسم الله الرحمن الرحيم
مرسوم جمهوري
بناء على ماعرضه رئيس الوزراء واقره مجلس قيادة الثوره رسمنا بما هو ات :

يعين عبدالكريم زيدان وزير الدولة لشؤون الاوقاف وزيرا لشؤون الشمال بالوكالة مدة غياب محسن دزەئي وزير شؤون الشمال عن العراق .

احمد حسن البكر
رئيس الجمهورية
عبدالرزاق النايف
رئيس الوزراء

كتب ببغداد فى اليوم الرابع والعشرين من شهر ربيع الثانى ١٣٨٨ والمصادف لليوم العشرين من شهر تموز ١٩٦٨

خبر ...

هەواڵی پێکهێنانی وەزارەتی عەبدو ڕەزاق نایف
لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا، تەمووزی ساڵی ١٩٦٨



التآخي ١٥-٨-١٩٧٣

تعيين محسن دزەئي
وزيرًا للاشغال والاسكان

صدر مرسوم جمهوري بتعيين المهندس السيد نوري شاويس وزيرا للدولة ، وتعيين السيد محسن دزەئي وزير للاشغال والاسكان وتعيين الدكتور عبدالله الخضير وزير الوحدة وزيرا للاشغال والاسكان وكالة لحين التحاق السيد محسن دزەئي بمنصبه .

التآخي ١٨-١٠-١٩٧٣

دزەئي يؤدي اليمين

أدى اليمين الدستورية أمام السيد الرئيس أحمد حسن البكر صباح أمس السيد محسن دزەئي وزير الاشغال والاسكان .

وحضر مراسيم أداء اليمين السيد يحيى ياسين رئيس ديوان رئاسة الجمهورية .

واع

التآخي ٢٥-١٠-١٩٧٣

الاستاذ محسن دزەئي
يتفقد محافظة أربيل

وصل أربيل صباح امس السيد محسن دزئي وزير الاشغال والاسكان في زيارة تفقدية للاطلاع على سير العمل في المشاريع التي تنفذها وزارته في المحافظة والتي تبلغ كلفتها الاجمالية حوالي مليون و (٧٠٠) ألف دينار .

وعقد السيد الوزير لدى وصوله اجتماعا في ديوان المحافظة حضره السيد المحافظ والسيدان مدير اشغال اربيل وكركوك ومدراء مشاريع الاشغال في محافظة اربيل وتدارس معهم الامور المتعلقة بسرعة تنفيذ المشاريع وسبل تلافي العراقيل التي تعترض ذلك .

واع

هەواڵی دامەزراندنی موحسین دزەیی وەک وەزیری ئیشغال و ئیسکان
لە رۆژنامەی التآخي ئابی ساڵی ١٩٧٣



پێشەوای کورد بارزانیی نەمر لەگەڵ موحسین دزەیی
قصر السلام، چۆمان، کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١



موحسین دزەیی لە چیاکانی کوردستان نزیک ماوەت،
دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٣ هاتە ڕیزی شۆڕشی کوردەوە



سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی لە کاتی پێشوازیکردنی سەرۆک
عەبدولڕەحمان عارف لە جندیان، تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٦
لە وێنەکەدا: شێخ نازم عاسی، عەبدوڕەحمان قازی، نافیز جەلال، عەمید
روکن زەکی حوسێن حیلمی سەرکردەی فیرقەی یەک، موحسین دزەیی دیارن.



لەلای ڕاستەوە: ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی،
باڵیۆزی چیکۆسلۆڤاکیا لە عێراق، بەغدا، تەمووزی ساڵی ١٩٧٠



لەلای ڕاستەوە: ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی، سابیر بارزانی
حاجی ئۆمەران، هاوینی ١٩٦٧



لەلای ڕاستەوە: شەمسەدین موفتی (نوێنەری شۆڕشی کورد لە تاران)،
مەسعوود بارزانی، موحسین دزەیی، حاجی ئۆمەران، هاوینی ١٩٦٧



مستەفا بارزانی و سەدام حوسێن، ناوپردان، قەزای چۆمان، ئاداری ١٩٧٠



مستەفا بارزانی لە چاوەڕوانی گەیشتنی تاهیر یەحیای سەرۆک وەزیران لە بەهاری ١٩٦٨، لە ڕیزی پێشەوە: هەر یەک لە موحسین دزەیی، محەمەدەمین محەمەد عەلی، کاکەزیاد ئاغا و یەدوڵڵا کەریم دیارن، لە ڕیزی دووەم: فرەنسۆ هەریری و حاجی شاکر دووری دیارن.



له ڕاستەوە: سەلاح عومەر عەلی، موحسین دزەیی، ئیدریس بارزانی، نافیز جەلال، عەبدولکەریم شێخلی، نەبیل تکریتی، مورتەزا حەدیسی، سامی عەبدوڕەحمان. بەغدا، ساحەت تەحریر، ئاداری ١٩٧٠



موحسین دزەیی (باڵیۆزی عێراق لە پراگ)، عەدنان خەیروڵڵا تلفاح و ئەندامانی باڵیۆزخانەی عێراق، کۆتاییی هاوینی ١٩٧٠



مەسعود بارزانی و موحسین دزەیی لەگەڵ دوو لێپرسراوی عێراقی– بەغدا، قصر الاخضر، ١٩٦٧




لە ڕاستەوە: عەبدولمونعیم مەسرەف (موتەسەڕیفی هەولێر)، عەمیدی روکن کەمال مستەفا عەلەمدار (سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی)، موحسین دزەیی، باڵەک، چۆمان، کۆتاییی ساڵی ١٩٦٦



شاندی کوردی بۆ مفاوەزات کاتی گەیشتنیان بۆ کۆشکی کۆماری لە بەغدا، ١٩٧٠، ڕیزی یەکەم: ئیدریس بارزانی، مەسعوود بارزانی، د. مەحموود عوسمان، ڕیزی دووەم: ساڵح یووسفی، موحسین دزەیی، نووری شاوەیس، نافیز جەلال




لە ڕاستەوە: سەلاح عومەر عەلی، عیزەت ئیبراهیم دووری، ساڵح مەهدی عەماش، موحسین دزەیی، مەسعوود بارزانی، ئاداری ١٩٧٠



جەنەڕاڵ سفوبودا (سەرۆک کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا) بەڵگەنامەی متمانە لە
موحسین دزەیی وەک باڵیۆزی عێراق وەردەگرێت، پراگ ١٩٧٠/٧/٢٦



لە ڕاستەوە: موحسین دزەیی، نافیز جەلال، ئیحسان شێرزاد، فوئاد عارف
هەشتەمین کۆنگرەی پارتی، ناوپردان تەمووزی ١٩٧٠



موحسین دزەیی بەڵگەنامەی متمانە وەک باڵیۆزی عێراق لە کەنەدا پێشکێش
بە حاکمی گشتیی کەنەدا رۆلاند میجنەر دەکات، کەنەدا نیسانی ١٩٧٣



لە ڕاستەوە: لیوا حەمودی مەهدی سەرۆک ئەرکانی سوپا، نافیز جەلال،
موحسین دزەیی، بەغدا ١٩٦٧



موحسین دزەیی لە نووسینگەی فەرمیی خۆی لە باڵیۆزخانەی عێراق
لە کەنەدا ١٩٧٣



موحسین دزەیی وەزیری ئەشغال و ئیسکان، لەگەڵ گەورە فەرمانبەرانی
وەزارەت پرۆژەیەک بەسەر دەکەنەوە، تشرینی دووەمی ١٩٧٣



لە ڕاستەوە: مورتەزا حەدیسی، عەبدولکەریم شێخلی، موحسین دزەیی، لە سەربانی باڵەخانەیەکی هەوربڕ، نیویۆرک، ئەیلوولی ١٩٧٣



موحسین دزەیی لە نێوانی پیاوانی ئەسکیمۆ لە ناوچەی جەمسەری باکور، لەلای ڕاستەوە وێنەی باڵیۆزێکی ئەفریقی دیارە، ئەیلوولی ١٩٧٣